




# بەشێک لە وتووێژەکانی هاوڕێ مستەفا هیجری

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

---------------------------------------


## ساڵی: ٢٠٠٩، ٢٠١٠ و ٢٠١١ ...................... لاپەڕەی ............ ٥

١- ئەمریکا بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیو بە تایبەتیش کورد سیاسەتێکی دیاریکراوی نیە ........................... گۆڤاری لڤین...
٢- ئێمە دەبێ جووڵانەوەی ئازادیخوازی و خوازیاری جودایی دین لە دەوڵەت بەهێز بکەین ...................... تەلەفزیۆنی تیشک...
٣- لە پێوەندی لەگەڵ تێپەڕینی سی ساڵ بەسەر شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا ...................................... گۆڤاری ئارەش...
٤- پرسە هەنووکەییەکانی ناوچەو ئێرانو جیهان ........................................................... تەلەفزیۆنی تیشک...
٥- ئێمە دەبێ جووڵانەوەی ئازادیخوازی خوازیاری جودایی دین لە دەوڵەت بەهێز بکەین ............................. تیشک تیڤی...
٦- دەبێت ئەم حکومەتەی ئێستای ئێران لەبناغەوە بڕوخێندرێت .......................... بەرهەم لەتیف - هەڵۆێست عوسمان...
٧- دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی شکڵپێدانو بنیاتنانی بیرۆکە پێشکەوتووەکاندا ئاڵاهەڵگر بوو ....................... تەلەڤیزیۆنی تیشک...
٨- ئێمە نێو بۆ هیچ لایەنێک دانانێین بەڵکو دەڵێین نێوی ئێمە لەسەر خۆ دامەنێن ........................... ڕۆژنامەی میدیا...
٩- ڕەهەندەکانی ژیانو خەباتی سیاسیی شەهید دوکتور قاسملوو ............................................. تیشک تی ڤی...
١٠- حیزبایەتی و دێموکراسی لە شکڵی مۆدێرنی خۆیدا لازم و مەلزومی یەکترن ................................. تیشک تیڤی...
١١- ڕێژیم تەنیا بەهێزی سەرکوت و زەبروزەنگ خۆی ڕاگرتووە ................................................ گوڵباخ بەهرامی...
١٢- لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان ........................................ هەواڵدەریی کوردپا...
١٣- هۆکارەکانی دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانەکانی ئێران ................................................................ تارا و سالار...

## ساڵی: ٢٠١٢ و ٢٠١٣ ...................... لاپەڕەی ............................. ٨٢

١٤- باس لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەو بارودۆخی ئێران ................................................................ گۆڤاری سڤیل...
١٥- دیکتاتۆری پاشایەتی بە ئیرادەی جەماوەر لە ئێران داڕما ........................................ عەدنان مەلا ساڵح...
١٦- لەمەڕ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و بارودۆخی ناوچەکە ................................. عەلی ئەکبەر مەجیدی...




سەرچاوە Serchawe

١٧- بەشار ئەسەد لە درێژەدانی سەرکوت سووره ............................................ رۆژنامەی رووداو...
١٨- بەهاری عەرەبی کرانەوەی دەروازەیەکی نوێ بە رووی دێموکراسییە ............................ تیشک تیڤی...
١٩- سەبارەت بە دوایین پێشهاتەکانی ناوچە و کوردستان .......................................... رۆژنامەی رووداو...
٢٠- دۆخی ناوخۆی وڵاتی ئێران و ئامادەسازی هێزە کوردییەکان ...................................... زانکۆ ئەحمەد...

## ساڵی: ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ...................... لاپەڕەی .................. ١٨٣

٢١- ئەوەی کورد بەسەریهاتووە تائێستا ئەو نەگبەتی و دواکەوتوویەی کە هەمانە .......................... ئەنوەر حسێن (بازگر)...
٢٢- کورد ئامادەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکات .................................. ئاژانسی هەواڵی ئانادۆڵی...
٢٣- رووداوەکانی لەم دواییانە کە لە ئێران هاتوونەتە ئاراوە .............................................. تیشک تی ڤی...
٢٤- دیکتاتۆری حکوومەتەکان لە ناوەند هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەی کوردانە ............................. دویچەوله...
٢٥- هەرێمی کوردستان ئێستا بووەتە ناوەندێکی سیاسی ناوچەیی و جیهانی .............................. گۆڤاری لڤین...
٢٦- رژیمی ئێران شەڕی داعشی بەرەو کوردستان هێنا .................................... بلاڤۆکی نا بۆ ئیعدام...
٢٧- سەبارەت بە دۆخی هەنووکەیی کوردستان ........................................................ هەفتەنامەی "باس"...
٢٨- ئێران هێزەکانی خۆی دەنێرێت بۆ شەڕی پێشمەرگە لە کەرکوک ....................................... رۆژنامەی دەستوور...
٢٩- یەکڕیزی خەڵکو رێکخراوە سیاسییەکان بەگشتی بەمەبەستی ئیرادەی پێکهێنانی ئەو سەربەخۆیە ......... رۆژنامەی خەبات...

## ساڵی: ٢٠١٥

٣٠- رژیمی ئێران لە هەوڵدایە کۆسپ بخاتە بەردەم یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ........................... حەفتەنامەی رووداو...
٣١- ئێمە لە مێژە بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەوڵمان داوە ...................... تیشک تیڤی...
٣٢- یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و هەروەها بارودۆخی ناوچەکە ............................... ئاژانسی ئانادۆڵۆ...
٣٣- دووکەرتبوونی حیزب لەسەر کورسی و بەرژەوەندیی کەسی بوو ........................................ هێمن عەبدوڵلا...
٣٤- لە بارەی نارەزایەتییەکانی ئەم دوایییانەی مەهاباد و کوردستان ....................................... رۆژنامەی بیلد...
٣٥- لە پێوەندی لەگەڵ کتێبی نسکۆ و دابڕان ............................................................ کوردستان میدیا...
٣٦- لە ئەگەری رێکەوتنی ناوکی، دەستی رژیمی ئێران بۆ نانەوەی کێشە و ئاژاوە ئاوەڵاتر دەبێت ............... رۆژنامەی ئاوێنە...
٣٧- رێفۆرمخوازەکانی ئێران و کورد بەدوای کلاوی بابردوو کەوتوون ............................................ گۆڤاری سڤیل...
٣٨- حیزبی دێموکرات هیچ دەستێوەردانێکی لە نارەزایەتییەکانی مەهابادا نەکردووە ............................ ماڵپەڕی دۆیچەوله...
٣٩- هێرشی پ‌ک‌ک بۆسەر ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات ................................... رۆژنامەی کەیهانی لەندەن...

٤٠- دانوستاندنە ناوەکییەکان و بارودۆخی سیاسیی ئێران ........................................................ رووداو...
٤١- پێشبینییەکەمان وەدیهات و لاوازبوونی ئێران دەرکەوت ............................................. "ئاژانسی ئانادۆڵو"...
٤٢- پاش سەردانە دیپلۆماسییەکەی بۆ وڵاتانی ئورووپایی ............................................. ڕۆژنامەی کوردستان...

## ساڵی: ٢٠١٦ - ٢٠١٧ و ٢٠١٨ ................. لاپەڕی ......................... ٢٧٥

٤٣- سەبارەت بارودۆخی ناوچەکە و دۆخی گەلی کورد ........................................................ ماڵپەڕی خەندان...
٤٤- ئەو هەڵبژاردنە هیچ ئازاد و دێموکراتیک نیە ........................................................ سەلام ئیسماعیلپوور...
٤٥- ئێمە؛ خەباتی چەکداریمان ڕەت نەکردووەتەوە ........................................................ ماڵپەڕی باسنیوز...
٤٦- ئێران دوژمنی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و وڵاتی ئیسرائیلە ........................................................ ئورشەلیم پۆست...
٤٧- باس لە لایەنە جیاوازەکانی خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات ........................................................ ئاسۆ ساڵح...
٤٨- دەوڵەتی ئۆتریش کەیسی تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بخاتەوە گەڕ ........................ دی پرێسەی ئۆتریش...
٤٩- ئێمە پۆتانسییلی بەهاری کوردی لە ئێران دەبینین ........................................................ ئورشەلیم ئانلاین...
٥٠- ئەوەی کە حیزبی دێموکرات دەیکات بڕیاری خۆیەتی ........................................................ ماڵپەڕی ئاوێنە...
٥١- بەگشتی خەباتی چەکداریی ئێمە بەرگری کردنە لە خۆمان تا هێرشکردن ................................. ئاژانسی "ئانادۆڵو"...

## ساڵی: ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠٢٠

٥٢- باسی لە دوایین بارودۆخی حیزب، پرسی ڕاسان، کۆنگرەی شازدەیەم ........................................ ئا: م. ئازاد...
٥٣- ڕێکەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران، دەسەڵاتی ئێران لە نێوخۆ و ناوچەکەدا زیاتر دەکات ........................ ژوونگڵ ڤۆرد...
٥٤- بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و لابردنی هەڵاواردن لەسەر خەڵکی کوردستان ........................ ئوورشەلیم ئانلاین...
٥٥- پرسی هاتنە دەرەوەی ئامریکا لە بەرجامی ........................................................ سابیر فەتاحی...
٥٦- دوکتور قاسملوو یەکێک بوو لە ڕووناکبیرە دەگمەنەکانی کورد ........................................ گۆڤاری دیپلۆماتیک...
٥٧- باس لە پەیوەندیی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ........................................................ سورکێو محەممەد...
٥٨- دیمانەی تایبەتی تەلەفزیۆنی تیشک بەبۆنەی ٧٥مین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ...............................
٥٩- کورتەیەک لە ژیاننامە کاک مستەفا هیجری ........................................................................



سەرچاوە
Serchawe

## ساڵی: ۲۰۰۹، ۲۰۱۰ و ۲۰۱۱

---------------------------------------------

### ئەمریکا بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیو بە تایبەتیش کورد سیاسەتێکی دیاریکراوی نیە.



**وتووێژی گۆڤاری لڤین.**

**لڤین**: چۆن دەڕواننە سیاسەتی ئەمریکا؟ سیاسەتی ئەمریکا بەگشتی بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیو بە تایبەت کوردی ئێران، ئایا لەم رووەوە خاوەنی سیاسەتێکی ئاشکراو روونە؟

**مستەفا هیجری**: لەڕاستیدا تاکوو ئێستا پێم وایە ئەمریکا نەک بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، بەڵکوو بەرامبەر بە ئێرانیش سیاسەتێکی روونو دیاریکراوی نیە، لەو ماوەیەدا کە بووش لە سەر کار بووە، چەندین جار بینیمان کە هەڕەشە لە ئێران کراوەو زۆر سیاسەتیان ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات. تا ئێستا ئەمریکا روونی نەکردۆتەوە کە دەبێت چ بکات بەرامبەر بە ئێران، کەوابوو بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیو بە تایبەتیش کورد سیاسەتێکی دیاریکراوی نیە.

**لڤین**: سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ئێران چۆن دەبینی؟

**مستەفا هیجری**: دوو لایەنەیە، لە لایەکەوە ئیمتیازاتی ئابووری دەدەنێ وەک ئەوەی کە ولاتانی ٥+١ پێشکەشیان کرد، لە لایەکی تریشەوە هەڕەشەی لێدەکەن بەوەی کە گەمارۆی ئابووری بخەنە سەر وەک سزادان لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوەو

تەنانەت وەک دیتمانو ئەمریکا وتی کە مەسەلەی هێرشیش لەسەر مێز ماوەو لامان نەبردوە. هەموو هەوڵێک دەدەن کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ئەو فشارانەوە مل بۆ داواکارییەکانیان رابکێشێ. بەڵام دوای ئەمەش دەبێ چاوەڕێ بکەین کە ئەمریکاو ئوورووپا ئەو سیاسەتە ملهۆڕانە قبووڵ دەکەن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یان بە چۆکیدا دێنن؟

**لڤین**: ئێران ئێستا بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانییەوە لە قەیرانێکی گەورەدایە، سیاسەتی ئێوە لەم بارەیەوە چۆنە؟ پێت وایە ئەحمەدینەژاد بەرەو قەیرانێکیتری دەبات؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە نابێت قەیرانەکانی ئێران لە رابردووو ئێستادا لە ئەحمەدینەژاد یان کەسێکیتردا ببینینەوە. چوونکە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەرکۆمارو پارلمانو هەیئەتی دەوڵەتو ...، ئەمانە هەموو وەکوو مۆرەهایەکی بێدەسەڵاتن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتو ئەمری وەلیی موتڵەقی فەقیهن. بۆیە لەڕاستیدا سەرکۆمار هەر کەسێک بێت هیچ دەورێکی نابێت. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە تا ئێستا لە بواری دێموکراسیو ئازادییەوە دوا کەوتووەو زەبروزەنگ زیاتر بووە، لە بواری ئابوورییەوە سەرەڕای ئەوەی کە داهاتێکی زۆری هەیە لە فرۆشتنی نەوت، بەڵام زۆر زۆر خراپە. نزیکەی 20 لە سەدی خەڵک لە ژێر خەتی هەژاریدا دەژین. نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بوون، بۆیە سروشتییە کە حکومەتەکە وڵاتەکە بەرەو هەڵدێر دەبات.

### ئەنتێرناسیۆناڵ

**لڤین**: ئێوە یەکەم حیزبی کوردین کە بوونەتە ئەندامی ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیست. رۆڵی ئێوە لەو رێکخراوەدا چیە؟

**مستەفا هیجری**: لەو رێکخراوەدا گرووپی کاری کوردان هەیە کە بەر لە هەر دانیشتنێکی ئەنتێرناسیۆناڵ دانیشتنی خۆیان هەیە کە لە سەر بەرنامەی خۆیان رێک دەکەون. لە نێو ئەو بەرنامەدا وەزعی کورد بەگشتیو هەروەها لە کوردستانی ئێرانو بە نیسبەت بە کۆماری ئیسلامیو سەرکوتکارییە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامیو ئەو رێژیمە کاریان لە سەر دەکرێتو وەک پێشنیار دەخرێتە بەردەم ئەنتێرناسیۆناڵ بۆ ئەوەی دەنگی لە سەر بدرێتو بخرێتە بواری کارکردنەوە. ئێمە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو گروپەین.

**لڤین**: ئەی مەسەلەی کێشەکانتان لە گەڵ هاوڕێیانی پێشووتان کە ئەنتێرناسیۆناڵ داوای لێکردن چارەسەری بکەن بە کوێ گەیشت؟ لە کاتێکدا ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە ئەنتێرناسیۆناڵ بە ناوی ئێوەوەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەنتێرناسیۆناڵ داوای لە ئێمە کردو ئێمەش جودابوونەوەی ئەو هاوڕێیانەمان بۆ شەرح کردوون، هەروەها لە گەڵ بەرێز پاپاندریۆ سەرۆکی ئەنتەرناسیۆناڵ کۆ بوومەوەو بە وردی بۆم باس کردووە پێم وایە مەسەلەکان ئێستا بۆ ئەنتێرناسیۆناڵ روونەو هیچ شتێکی تازە لەو بارەوە نیە.



سەرچاوە
Serchawe

**لڤین**: ئێوە کێشەتان نیە کە ئەوان ببنە ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵ؟

**مستەفا هیجری**: ئەنتێرناسیۆناڵ بە پێی بەرنامەو پرنسیپێک کە خۆی هەیەتی ئەندامی تازە وەردەگرێت، سروشتییە ئەوانیش دەتوانن داوا بکەنو لە ڕێگەی خۆیانەوە داوا بکەن ببنە ئەندام.

## کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ

**لڤین**: سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ کە ئێوەو کۆمەڵەو پارتی ئازادی ئەندامن تێیدا، ئایا بۆ هەوڵتان نەداوە کە زۆرترین لایەنەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە دەوری خۆتان کۆ بکەنەوە؟

**مستەفا هیجری**: دوای کۆنگرەی چواردەهەم، سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە داوا لە لایەنەکانی نێو کۆنگرە بکەین کە هەوڵی پەیوەندی لە گەڵ لایەنەکانی‌تری ئۆپۆزسیۆن بدەن بۆ هاتن بۆ ئەم کۆنگرەیە، بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەندامانی زیاتر بۆ ئەم کۆنگرەیە رابکێشین. ئەو سیاسەتەی کە ئێمە پێشنیارمان کردوە پەسەند کراوەو ئێستا لایەنەکانی نێو کۆنگرە لە هەوڵی ئەوەدان. هەروەها هەوڵی ئەوە دەدەین کە کۆنگرە زیاتر بە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانو ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ئووروپاو ئەمریکادا بناسێنین. ئەمەش لەبەر ئەوەی تا ئێستا وا نیشان دراوە کە ئێران تەنها نەتەوەیەکە، ئێمە دەمانەوێ لەم ڕێگایەوە بڵێین کە نەتەوەکانی‌تر لە ئێراندا، ئێرانێکی فێدراڵییان لە سەر ئەساسی نەتەوەیی ـ جوگرافی دەوێت.

**لڤین**: یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ئەم کۆنگرەیە ئەوەیە ئێوە نەتانتوانیوە لایەنە فارسەکان بهێننە ناو ئەم کۆنگرەیەوە، لە کاتێکدا ئۆپۆزسیۆنی جۆراوجۆریان هەیە؟

**مستەفا هیجری**: پرسیارێکی بەجێیە. ئێمە خۆشمان ئەوە بە خاڵێکی لاوازی کۆنگرە دەبینین، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە لەو بوارەدا هەوڵمان نەدابێت. ئێمە هەوڵمان داوە لەگەڵ فارسەکان، بەڵام بەداخەوە فارسەکان لە ڕێکخراوە چەپەکانیانەوە بگرە تا ڕاستەکانیان، زۆر کەم وایە کە خۆیان لە باسی مەسەلەی فێدراڵیزم بدەن، ئەوان لە خەیاڵی خۆیاندا ئێرانێکی ناوەندگەرایی یەکدەستو یەک میللەت لەبەرچاو دەگرن، چونکە خۆیان بە بەدیلی دەسەڵات دەزانن، پێیان خۆش نیە دەسەڵات لە ئێراندا دابەش ببێت لە نێو نەتەوەکاندا، هەروەها تەنانەت لە نێو هەندێ ڕێکخراوە چەپەکانیشیاندا هەیە، کە دژ بە مەسەلەی فێدراڵینو ئەو بیروبۆچوونە کۆنەی کە کوردو نەتەوەکانی‌تری پێ سەرکوت دەکەن، بەوەی کە جوداخوازو سەر بە بێگانەن، زۆرتر لەو چوارچێوەدان. بۆیە ئەوەندەی نەتەوە بندەستەکان پێشوازی لەو کۆنگرە دەکەن فارسەکان پێشوازیی لێ ناکەن.

## جیابوونەوەکانی ناو حیزبی دێموکرات

**لڤین**: سەبارەت بە جیابووەنەوەکان کە لەم قۆناغەدا زەربەیەکی زۆری دا لە بزووتنەوەی کوردی ئێران. ئایا هیچ هەوڵێک هەیە بۆ ئاشتبوونەوە یان یەکگرتنەوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی بۆ ئێمە ئەولەویەتە ئەوەیە کە بتوانین وەزعیەتێکی وا بخوڵقێنین لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان کە جودا بوونەوە، دیالۆگ بکەین، بەڵام گرفتێک کە لە سەر ڕێگاماندا هەیە یەک نێو بوونی حیزبی دێموکراتە، ئێمە داوامان کردوە ئەوان نێوێکی دیکە بۆ خۆیان دابنێن کە خەڵک جیاوازی دابنێت لە نێوانمان، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین باشتر پێکەوە دیالۆگ بکەین، ڕەنگە ئەو کاتەش ئەوە بێتە پێشەوە کە باسی یەکگرتنەوە بکەین، بەڵام تا ئێستا ئەو هەلە پێک نەهاتووە.

**لڤین**: پێت وانیە ئەم جیابوونەوانە خەڵک بەرەو دڵساردبوونەوە لە حیزبەکان دەبات؟

**مستەفا هیجری**: دیارە پێکەوە کارکردنو یەکگرتن باشەو هێزی زیاتر دەبەخشێتە حیزبەکان، بەڵام کاتێک کە وای لێ دێت کە دوو لایەن نەتوانن پێکەوە کار بکەنو بکەونە هەندێک کردەوەوە، کە بە زەرەر تەواو ببێتو ئیمکانی پێکەوە کارکردن نەمێنێ، ڕەنگە جیابوونەوەکە قازانجی زیاتر بێت. جودابوونەوەی حیزبێک بە کێشە نابینمو لە ڕابردوودا هەبووەو لە داهاتووشدا دەبێت. بەڵام ئەوەی کێشەیە ئەوەیە کە ئەوانەی جیا دەبنەوە، لە هەوڵی ئەوەدا نین کە ڕێگایەکیتر بگرنە بەر، وەک ئەوەی کە هاوڕێیانی ئێمە کردوویانە، ناوی ئەسڵیی حیزبەکە بۆخۆیان هەڵدەبژێرن، لە کاتێکدا خۆیان حیزبە سەرەکییەکە نین. ئەوەی لە نێو ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێراندا باو بووە ئەوەیەو تا ئێستاش کۆسپی دروست کردوە.

**لڤین**: بەڵام ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە دێموکراسی زۆر بەهێز بێت لە نێو حیزبدا، ئایا نەبوونی ئەم دێموکراسییە بەهێزە نابێتە هۆی ڕوودانی کێشەی نەخوازراو؟

**مستەفا هیجری**: بوونی کێشە پەیوەست بە ئیرادەو بیروباوەڕی حیزبەکانە، لەو پێوەندییەدا، مەسەلەی پاوانخوازی دێتە پێشێو حیزبێک بیهەوێت ببێتە میحوەرو ئیجازە نەدات حیزبێکیتر سەر هەڵ بدات، بەڵام من لە نێو حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا شتێکی وا نابینمو بۆیە بە مەترسییەکی ئەوتۆی نازانم.

**لڤین**: سەبارەت بە لابردنی دوو دەورە سکرتێری، بۆچی لە حیزبی دێموکراتدا لە پەیڕەوی نێوخۆدا ئەم برگە لابراوە؟

**مستەفا هیجری**: کۆنگرە بڕیاری دا کە ئەوە نەمێنێ. هۆیەکەی ئەوە بوو کە سکرتێری گشتی، کومیتەی ناوەندی هەڵیدەبژێرێ، وەکوو هێندێ حیزب نیە کە کۆنگرە هەڵیدەبژێرێو کۆمیتەی ناوەندی مافی نیە لای بەرێ. مادام کۆمیتەی ناوەندی هەڵیدەبژێرێ، لە هەموو کۆبوونەوەکانیدا دەتوانێ سکرتێر بگۆڕێتو ئەوەش هیچ کێشەیەک نیە، بەم پێیە کۆنگرە بڕیاری دوو دەورەیی بوونی سکرتێری پێ باش نەبوو، بۆیە لامان برد.



سەرچاوە
Serchawe

**ڤین**: ئایا ئەم کێشانە تا چەند مەسەلەی دروستبوونی بەرەیەکی کوردستانی ئەستەم دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: لە ئێستادا زەمینەی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بە شتێکی زۆر زەحمەت دەزانم، بەو هۆیانەی کە ئیشارەمان پێ کردن. هیوادارم هەموومان هەوڵ بدەین کە ئەوانەمان لە یەکەوە نزیکینو ئیمانمان بە کاری هاوبەش هەیە، لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەین. کێشە لە سەر ڕێگامان هەیە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە قابیلی چارەسەر نین.

## دروستبوونی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی

**ڤین**: وەکوو حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران بۆچی تا ئێستا هەوڵی دروستبوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەشتان نەداوە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە دوو هاوپەیمانیی جیاواز، یان پلاتفۆرم پێک بێت، ئێمە دەمانەوێت کێشەکان لە سەرەتادا بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن، بەڵکوو بتوانین پێکەوە لە بەرەیەکدا بین. مەسەلەی هاوکاریش بە یەک لایەن نابێت. هەندێک لە حیزبەکان دروشمی بەرە دەدەن، بەڵام کە دێتە سەر بواری کردەوە، زۆرتر کۆسپ دروست دەکەنو دەیانەوێ لەو کارە زیاتر بۆ مەبەستی ڕاگەیاندن سوود وەرگرن. بۆیە دەبینی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە هەموومان باس لە زەرووڕەتو پێویستیی یەکبوون دەکەین، نەمانتوانیوە لە خاڵە هاوبەشەکانماندا یەک بگرینو پلاتفۆرمێکی هاوبەشمان هەبێت بۆ ئێستاو بۆ داهاتوومان.

**ڤین**: ئایا ئەمە وا ناکات خەڵک لێتان دوور کەوێتەوە؟ لە کاتێکدا ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە شێوەیەکی چڕو پڕ کار دەکەن، ئایا پێت وانیە ئەم ڕێکخراوانە بۆ سەردەمێکیش بێت دەتوانن پاشەکشە بە حیزبەکان بکەن؟

**مستەفا هیجری**: کاری حیزبەکانو ڕێکخراوەکان فەرقیان هەیە، هیچ کامیان ناتوانن جێگای ئەوی‌تریان بگرنەوە، هەر یەکەیان کاری تایبەتیی خۆیان هەیە، خەڵکەکە ڕاستە پێی ناخۆشەو حەقی خۆیانە، خەڵک یەکگرتنی دەوێت، بەڵام بە مانای ئەوە نیە کە سارد ببنەوە، بە پێی ئەو زانیاریانەی کە من هەمە، لە سەرەتای جودابوونەوەدا خەڵک سەرگەردانو نارەحەت بوو، بەڵام کە ڕوونکردنەوە درا، خەڵک ڕێگەی خۆی گرتە بەر. ئەوە زۆر گرنگ نیە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە خەڵک لە خەباتدا بەشدار بن. مەرجیش نیە کە هەمووی لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا بێت، گرنگ ئەوەیە لە هەر حیزبێکدا بێت، ئەو حیزبە خەبات لە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورددا درێژە بدات. پێم وابێ ئەو مەسەلەیە کارگەرییەکی ئەوتۆی دانەناوە، چوونکە ئەو شتانە لە ئەحزابی دێموکراتیکدا شتێکی ئاساییە، هەر وەکوو پێکهاتنی حیزبی تازەش سروشتییە. گەر سەبەینێ لە ئێراندا فەزایەکی ئازاد بڕەخسێ، لەوانەیە زۆر حیزبی تازە سەر هەڵبدەن کە لە هیچ جێگایەکی‌تر دیار نەبوون، ئەم جودابوونەوانەش بۆ یەکەم جار نیە، لە کاتی دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا، لە حیزبی دێموکراتدا ٣ جیابوونەوە ڕوویان داوە، خەڵکەکە لە سەرەتاوە پێیان ناخۆشە، بەڵام دواتر بڕیاری خۆیان دەدەن. دەبێ خەڵکیش عادەت بکات بەو مەسەلانە، ناکرێت گەر لە حیزبێکدا جودابوونەوە ڕووی دا، خەڵکەکە ماتەم بگێڕێو دەستەو ئەژنۆ دابنیشێ.

## درووستکردنی یەکیەتیی زانایانی ئایینی

**لڤین**: بەم دواییانە ئێوە ڕێکخراوی یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانتان راگەیاند. زەروورەتی درووستکردنی وەها ڕێکخراوێک لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە چی بوو؟

**مستەفا هیجری**: دەتوانیٚ لەو چوارچێوەیەدا خۆی ببینێتەوە، لە واقیعدا ئێستا لە ئێران ئیسلامێکمان بە ناوی کۆماری ئیسلامی هەیە، بەو ناوەشەوە گەورەترین زوڵم دەکات، بەداخەوەش لایەنێکی دیکەش کە لە کوردستانی ئێرانو بەشەکانیتریش پەرە دەستێنێ، ئیسلامی رادیکاڵە کە لە ژێر سیاسەتی ئەلقاعیدەو ڕێکخراوەکانی نزیک بەوان خەریکی کوشتنی خەڵکو وێرانیی وڵاتن. بەڵام هێندێک لە کەسایەتییە ئایینییەکان کە هەم کۆماری ئیسلامی رەد دەکەنەوەو هەم دژی ئیسلامی رادیکاڵنو لەڕاستیدا بڕوایان بە ئیسلامێکی دیکە هەیە کە لەودا پێوەندی مرۆڤ بە خوداوە وەک پێوەندییەکی تاک سەیر دەکەن. ئەوانە لەو دوو لایەنەیترەوە کەوتوونەتە ژێر فشار بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو توێژە لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوەو خەبات بکەنو خەڵک تێبگەیەنن کە بە دوای ئەو دوو لایەنەدا نەڕۆن، ئەو یەکیەتیی زانایانە هەنگاوێکی باشەو ئەوەندەی من ئاگادارم دەیانەوێ لەو چوارچێوەیەدا کار بکەن.

**لڤین**: بەڵام بە درێژایی مێژوو حیزبی دێموکرات سێکۆلار بووە، ئەمە سەرەتایەک نیە بۆ تێکەڵکردنی دینو سیاسەت لە لایەن ئێوەوە؟

**مستەفا هیجری**: حیزبی دێموکرات ئێستاش هەر حیزبێکی سیکۆلارەو ئەوەی کە یارمەتی بە توێژێکی ئایینی بدات لە چوارچێوەی سێکۆلاربوون نایهێنێتە دەرێ، چوونکە حیزبی دێموکرات ناتوانێ بۆ ڕێزگرتن لە بیرو باوەڕی خەڵک خۆی لە خەڵک دوور بخاتەوە. ئیسلام لە کوردستاندا بیروباوەڕی زۆربەی خەڵکی کوردەو ناتوانین بە نیسبەت ئەوەوە بێدەنگ بین. هەروەک ناتوانین بەرامبەر بە ئایینەکانیتر بێدەنگ بین وەک یارسانو مەسیحیو جوولەکەو... . ئەمەش بە هیچ جۆرێک ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە باوەڕمان وایە کە دین لە سیاسەت جودا نیە، نەخێر، ئێمە پێمان وایە دین دەبێ لە سیاسەت جودا بێ. وەک دەبینین لە وڵاتانی ئووروپایی کلیسا هەیەو خزمەت دەکرێو ئیحترامی بۆ دادەنرێ. بەڵام بە تەواوەتی لە سیاسەت جودا بۆتەوە.

**لڤین**: ئایا ئەم کارەی ئێوە لە بەرامبەر ئەوەدا نیە کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی ئێران بەهێز بووە؟

**مستەفا هیجری**: بە نەزەری من لە کوردستانی ئێراندا ئێستا بەهێز نین، بەڵام ئەگەر هەروا بچنە پێشێو کەسایەتییە ئایینییەکان لە ژێر فشاری کۆماری ئیسلامیو ئەواندا نەتوانن بیرو بۆچوونی خۆیان باس بکەن، ڕەنگە لە داهاتوودا بەهێز بن، چوونکە کۆماری ئیسلامی ئیمکاناتێکی ماددیو فیزیکیی زۆری هەیە لە پێناو بەهێزکردنی لایەنگرانی بۆچوونی خۆیدا، ئیسلامی رادیکاڵیش



سەرچاوە
Serchawe

ئیمکاناتێکی زۆریان هەیە، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم بەهێز نین و بە خۆشییەوەش خەڵکەکەش ئاگادارە. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی جەماوەریین، ناتوانین بەرامبەر بەم مەسەلەیە بێدەنگ بین، نەکا لە داهاتوودا وەزعێکی وا بێتە پێشێ کە ببنە مەترسییەک بۆ سەر خەڵکی کوردستان.

**لڤین**: کەوابوو ئێوە هەستتان بە زەرووڕەتی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە کردوە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، چوونکە سیاسەتی ئێمە سیاسەتی ڕۆژ نیەو بیر لە داهاتوو دەکەینەوە کە چۆن داهاتوویەکی شایستە بۆ خەڵک دەستەبەر بکەین.

**لڤین**: سەبارەت بە پەیوەندیتان لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ هیچ پەیوەندیەکتان نیە؟

**مستەفا هیجری**: هۆکارەکەی ڕوونە، تورکیە، وەک دەبینین دژی هەموو جووڵانەوەیەکی کوردن گەر لە ئەفریقاش بێت، بۆیە ئامادە نابن کە هاوکاریی کورد بکەن، چوونکە کێشەی کوردیان هەیە. سەبارەت بە سووریاش، دۆستێکی نزیکی ئێرانەو یارمەتیی ئابووریی باشی لێ وەردەگرێ، ئەویش هەر کێشەی کوردی هەیە. وڵاتانی کەنداویش بچوکن و لە ئێران دەترسن، سەبارەت بە سیاسەتی ئێرانیش بەرامبەریان نیگەرانن. بۆیە ئەو جورئەتە بە خۆیان نادەن کە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی پێوەندی بگرن.

**لڤین**: سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی ئەمنیی عێراق ـ ئەمریکا، ئەوەی کە باس دەکرێت حکوومەتی عێراق دەتوانێ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ڕێککەوتننامەی ئەمنی ئیمزا بکات، پێت وانیە کە لە زەرەری ئێوەیە؟ بەتایبەت کە ئێستا باس لە دەرکردنی موجاهدینی خەلق دەکرێت لە عێراقدا؟

**مستەفا هیجری**: من ئەم ڕێکەوتنە بە زەرەر نابینم و حکومەتی عێراقیش ئاگادارە کە ئێمە لێرەین لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەر لە سەرەتای ڕووخانی عێراقەوە باس لە دەرکردنیان دەکرێت، بەڵام جێبەجێ نەکراوەو پێم وانیە جێبەجێ بکرێت.

**لڤین**: پەیوەندیتان لە گەڵ پارتی کۆمەڵگەی دێموکرات لە تورکیە چۆنە؟

**مستەفا هیجری**: بەداخەوە پەیوەندیمان نیە لە گەڵیان، چوونکە ئیمکانی هاتووچۆمان بۆ تورکیە نیە. پێمانخۆشە کە لە گەڵیان پەیوەندیمان هەبێت.

**لڤین**: ئەی لە گەڵ پەکەکە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر پەیوەندییەکی ئەوتۆمان نیە.



سەرچاوە Serchawe

سەرچاوە: کوردستان وێبلاگ - رێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠٠٩

## ئێمە دەبێ جووڵانەوەی ئازادیخوازی و خوازیاری جودایی دین لە دەوڵەت بەهێز بکەین



**وتووێژ کاناڵی ئاسمانیی تیشک تیڤی**

**لەگەڵ رێزدار مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات**

**بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی رابردوودا لە دوو وتووێژی جیاجیا لەگەڵ هەردوو بەشی کوردیو فارسیی تێلیویزیۆنی "تیشک"دا، لەمەڕ پرسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو خەباتی خەڵکی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە، بەتایبەت لە یەکساڵی رابردوودا، کۆمەڵێک روونکردنەوەو شیکردنەوەی تایبەتی هێناوەتە گۆڕێ. رۆژنامەی "کوردستان" لەبەر گرنگیی بابەتە باسکراوەکان بە پێویستی زانی لە راپۆرتێکی تێروتەسەلدا تیشک بخاتە سەر بیروبۆچوونو رێنوێنییەکانی بەڕێز کاک مستەفا لەو پێوەندیەدا.**

بەڕێوەبەرانی وتووێژەکان لە هەر دوو بەشی کوردیو فارسیدا بەو پرسیارە لە بەڕێز هیجری دەست پێ دەکەن کە پێوەندیی بە رووداوەکانی پاش بەناو هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری لە ئێراندا هەیەو بۆچوونی بەڕێزیان لەسەر دروستیی هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەوە دەپرسن؛

**بەڕێز هیجری لە وەڵامدا؛** وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە "ئەوەی لە ئێران رووی دا بە نێوی هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرۆک کۆماریی ئێران، بە حەق درێژەی ئەو شانۆگەرییانە بوو کە لە ٩ دەورەی پێشووی سەرکۆماریدا ئێمە لەگەڵی بەرەوڕوو بووین." باسی ئەو خاڵانەی کرد کە بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆمارییان لە نێوەرۆکدا بەتاڵو بێمانا کردووەو وتی: "لە واقیعدا پێموابێ ئێمە وەک خەڵکی

ئێران، وەکوو گرووپو سازمانە سیاسییەکان، وەکوو کەسایەتییەکانو وەکوو تاکی ئێرانی بەتایبەتی تاکی کورد دەبێ بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە لەگەڵ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەزیفەی خۆی بە نیسبەتی توندوتیژیو دواکەوتوویی خۆی لە هەموو بەرنامەکاندا بەڕێوە دەبا، بەڵام ئایا ئێمەش وەکوو ئێرانییەک لە بەرانبەر ئەو ڕووداوانەدا کە هاتوونەتە پێشێ دروستمان عەمەل کردووە یان دروستمان عەمەل نەکردووە".

بەڕێز هیجری لە وەڵامی ئەو بەشە لە پرسیاری بەشی فارسیی "تیشک"دا کە "بەڕێزیان بە پێی چ بەڵگەیەک پێشبینییان کردبوو کە دیسان ئەحمەدینەژاد دەکرێتەوە بە سەرکۆماری ڕێژیم"، وێڕای تیشک خستنەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردن لە ڕێژیمدا بە تەواوی کۆنترۆڵکراوەو خەڵک هیچ دەسەڵاتێکیان تێدا نیە، وتی: "هۆی سەرەکی بۆ ئەم مەسەلە بۆ دوو لێدوانو پشتیوانیی خامنەیی لەو (ئەحمەدینەژاد) دەگەڕێتەوە، یەکەمین لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی ساڵی ڕابردوو بوو، لەو کاتەی لە مەشهەد قسەی کرد بە ڕوونی لە ئاغای ئەحمەدینەژاد پشتیوانی کردو هێرشێکی توندی کردە سەر دژبەرانی ئەحمەدینەژادو دووهەمین ئەو کاتە بوو کە پێش لە هەڵبژاردن، ئاغای خامنەیی بۆ کوردستان سەفەری کردو لە دیدار لەگەڵ توێژە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستاندا سەرلەنوێ پشتیوانیی ئاشکرای خۆی لە ئەحمەدینەژاد ڕاگەیاندەوە".

لە بەشێکی دیکەی وتووێژ لە بەشی فارسیدا ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی کاک مستەفا دەکرێتەوە کە "بە بڕوای ئێوە ئەگەر لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمو لە چوارچێوەی ئەم هەڵبژاردنانەدا ناکرێ وەدووی چاکسازیو گۆڕانکاریی دێموکراتیک لە ئێراندا بکەوین، کەوابوو چارە چییەو خەڵک دەبێ چ بکەن؟"؛

بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە وەڵامدا بە ئاماژەدان بەوەی کە "خەباتی ٣٠ ساڵەی خەڵکی ئێرانو خەباتی ١٠ ساڵەی ئیسلاحتەڵەبان نیشانی داوە کە لەم ڕێژیمەدا مەسەلەی چاکسازی، ڕیفۆرمو هەروەها کرانەوە بەرووی ئازادیو دێموکراسی ئیدی ماناو نێوەرۆکێکی نیە"، پێی وایە "ڕیفۆرمو چاکسازی لە سیستمێکدا دێتە گۆڕێ کە ئەو سیستمە بڕوای بەوە هەبێ لە کارەکانیدا کەموکوڕیو لاوازی هەیەو دەبێ چاکسازییان تێدا بکا. بەڵام لە ئیدئۆلۆژییەکدا کە پێوەندیی بە فانتازیاو خواوەندەوە هەیەو گرووپێک وەک بەڕێوەبەرانی بڕیارە ئاسمانییەکان ئەم ڕێژیمە بەڕێوە دەبەنو بڕوایان بە کەموکوڕیو لاوازی نیە، نابێ".

کاک مستەفا لە بەشێکی دیکەدا دەڵێ: "بە بڕوای من دەبێ لە جیاتی بەفیڕۆدانی هێزی خەڵکو لە جیاتی بەفیڕۆدانی ئەو تێچووانەی لە ڕێگەی چاکسازیخوازیدا لە نێو دەبرێن، دەبێ لە دەوری ڕووخاندنی ڕێژیمو دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک کۆ ببنەوەو جگە لەمەش ڕێگەیەکی دیکە نیە".

لە پرسیارێکی دیکەدا داوا لە بەڕێز هیجری کرا کە لێکدانەوەی خۆی لەسەر هۆکارەکانی پەرەنەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی یەک ساڵی ڕابردوو لە ئێراندا دەرببڕێ کە بەڕێزیان بە چەند خاڵی بنەمایی ئاماژەیان کرد.

کاک مستەفا هۆکارێکی بنەڕەتیی ئەو رەوتەی بۆ سەرکوتی رێژیم‌و هۆکارێکی دیکەشی بۆ نەبوونی "رێبەرییەکی قاتیع‌و لێبڕاو" گەڕاندەوە. بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا کە "سەرانی ئیسلاحتەڵەب وەکوو کەڕووبی‌و خاتەمی‌و زیاتر لەوانەش مووسەوی، کەسانێک بوون کە هیچ دژایەتی‌یەکیان لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەبوو.... ئەگەر دووبارە هەڵبژێردرابانەوە هەر کامێکیان ئیدی ئێعترازیان نەدەکرد، کەوابوو لێرەدا رێبەرییەک نەبوو کە ئەو خەڵکە بە ئامانجی رێنوێنی‌کردن بۆ رووخانی رێژیم‌و بۆ بەدەستهێنانی ئازادی‌و دێموکراسی کە مافی خەڵکە، پێشڕەوی بکا".

بەڕێز کاک مستەفا هیجری وتی: "لەڕاستی‌دا پایە سەرەکی‌یەکانی رێژیم لە دروشمەکانی چەند مانگی رابردوودا وەبەر هێرش کەوتن وەک ویلایەتی فەقیە، یاسای بنەڕەتی‌و جیایی دین لە دەوڵەت‌و تەنانەت هێندێکی دیکە لە دروشمەکانی رۆژ وەکوو هێرشکردنە سەر رووسیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی یەکێک لە پشتیوانانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە".

بەڕێز هیجری لە بەشێکی دیکەدا باسی ئەو چین‌و توێژو نەتەوە زوڵملێکراوانە دەکا کە لەگەڵ نارەزایەتی‌یەکانی یەک ساڵی رابردوو نەکەوتن‌و وتی: "دەبینین لە هەموو ماوەی ئەم خەباتە چەند مانگەدا زیاتر توێژی نێونجیی کۆمەڵگا کە زۆربەیان لە خوێندکاران پێک هاتبوو، لەگەڵ ئەم حەرەکەتە کەوتن‌و خەڵکی دیکە لەگەڵی نەکەوتن یان خەڵکی نەتەوەکانی شوێنە پەراوێزەکانی ئێران لەگەڵی نەکەوتن چوونکە هیچکام لە سەرانی بزووتنەوەکە بەرنامەیان نەبووو نەیاندەگووت گەر بزووتنەوەکە سەر کەوێ، ئایا بارودۆخی نەتەوە ئێرانی‌یەکان کە لە ٣٠ ساڵی رابردوودا لە ژێر توندترین زوڵم‌و هەڵاواردن‌دا بوون، گۆڕانی بە سەردا دێ یا وەک خۆی دەمێنێتەوە".

هەر لەم پێوەندی‌یەدا بەڕێز هیجری لە بەشێکی دیکەدا بە وتەیەکی هەڵەی سەرانی ئیسلاحتەڵەب ئاماژە دەکاو دەڵێ: "کاتێک دەیانگوت بزووتنەوەکە رێبەری نیەو رێبەری پێویست نیەو هەر سەربازێک فەرماندەیەکەو هەر فەرماندەیەک سەربازێکە، نەیاندەزانی لە کوێی دونیادا وەها بزووتنەوەیەک کە هەر سەربازێک فەرماندەیەکو هەر فەرماندەیەک سەربازێک بێ، بە ئاکام دەگا".

بەڕێز کاک مستەفا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە "ئێستا دوای یەک ساڵ پێتان وایە وەزعەکە چۆنە؟"، وتی: "بە بۆچوونی من لەگەڵ ئەوەی کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر بە شێوەیەکی لووت بەرزانە پێی وایە کە ئەو جووڵانەوەی سەرکوت کردووەو بێدەنگی کردووەو رەنگە لە دڵی خۆی‌دا خۆشی بگێڕێ بەڵام واقیعییەتەکە وا نیە. ئەو بەشەی لە واقیع‌دا پێیان دەڵێن ئیسلاحتەڵەبو لە جەهەتی ئیسلاحی حکومەت‌و جومهوری ئیسلامی ئێران‌دا بەربەرەکانێیان دەکردو هاتبوونە شەقامەکان، بە بۆچوونی من ئەو بەشە لە جووڵانەوەی سەوز کۆتایی هاتووە، مەبەستم ئەوە نیە کە ئیدی خەڵکی ئیسلاحتەڵەب وجوودی نیە، بەڵکوو ئەوانە ژمارەیان کەمتر بۆتەوەو تەئسیراتیان لە جووڵانەوەکانی داهاتوو کە بە بۆچوونی من سەرهەڵدەدەنەوە، زۆر کەمتر دەبێ، بەڵام ئەو بەشە لە خەڵک کە خوازیاری ئازادی‌و مافە پێشێلکراوەکانی خۆیان بە دوای رووخانی کۆماری ئیسلامی‌داو هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دێموکراتیک لە سەر ویستو داخوازی خەڵک بوون، بەهێز بووە". لە درێژەدا دەڵێ: "لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە ئێتلاعاتیشمان هەیە لە نێوخۆی وڵات لە کەسانێک کە پێشتر زۆر بە توندوتیژی دیفاعیان لە مەسەلەی ئیسلاحتەڵەبی کردووەو پێیان وابووە کە دەبێ خەبات لە

چوارچێوەی ئیسلاحاتی کۆماری ئیسلامی دەرنەچێ، ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئیدی چیدیکە ناکرێ لەو ڕێگایەدا هەزینە بدەن، چوونکە ئەو ڕێگایە بە بۆنبەست گەیشتووە".

لە پرسیارێکدا کە لە نێوان هەر دوو بەشی فارسیو کوردی "تیشک"دا هاوبەش بوو، لێکدانەوەو بۆچوونی کاک مستەفا لە سەر بارودۆخی هەنووکەی ڕێژیمی تاران داوا کرا کە بەڕێزیان بە وردی قامکی لە سەر قەیرانە نێوخۆییو دەرەکییەکانی ڕێژیم دانا.

بەڕێز هیجری وتی: "(ڕێژیم) لە باری نێوخۆییو لە باری دەرەوە، یان لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا، لە خراپترین حاڵەتی خۆیدا گرفتار بووە... بەشێکی زۆر لەو کۆمپانیایانەی کە سەرمایەگوزارییان لە بەشی نەوت لە مەیدانە نەوتییەکانی ئێراندا کردبوو، بە هۆی ئەو مەحاسرانەی کە ئامریکاو ئورووپا دایاننا، خۆیان کشاندۆتەوە". لە درێژەدا وتی: "قەیرانەکان کەڵەکە بوونەتە سەریەک، بە جۆرێک کە بۆی چارەسەر ناکرێ، لە باری ئیعتیاد، لە باری بێکاری، ئێمە لە ساڵی رابردوودا شاهیدی ئامارو ئەرقامێکی بەرچاو لە هەڵکشانی بێکاریو بێداهاتیو نائومێدی خەڵکی ئێران بووین". بەڕێز هیجری لە بەشێکی دیکەی وەڵامەکەی وێڕای جەختکردنەوە لە سەر ئەوەی کە "دەبینین کە نزیکترین دۆستەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو رووسیە، وەکوو چین کە تا ئێستا قازانجو بەرژەوەندییەکی یەکجار زۆریان لە پڕۆژەکانی ئێران بە چنگ هێناوە، لێی دوور کەوتوونەتەوە" ، وتی: "کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا لەگەڵ گیروگرفتو موشکیلاتێکی زۆر گەورەترو بەهێزتر ڕووبەڕوو دەبێتەوە".

لە بەشی کوردیدا پرسیارێک روو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتە گۆڕێ کە "لەو حاڵەتەی کە جەنابت ئاماژەتان پێ فەرموو، ئەو قەیرانانە کە جومهوری ئیسلامی لە سیاسەتی خاریجی لە گەڵی دەستوپا لێ دەدا، لە ئاستی نێوخۆییشدا فەرمووتان کە وردە وردە حەرەکەتێکی ئێعترازی عەمیقتر شکڵ دەگرێ، ڕەوتێکی دێموکراتخوازتر، سێکۆلارخواز دێتە گۆڕێ، لەو حاڵەتەدا پلاتفۆرمی ئێوە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چی دەبێ؟"؛

**بەڕێز کاک مستەفا لە وەڵامدا؛** بە وردی ئاماژەی بە شێوەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە مێژووی تەمەنی خۆیدا کردو لە سەر هەوڵەکانی داهاتوو بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی هەنووکەی خەڵکی ئێران رایگەیاند: "لەو پێوەندییەدا ئەوەی کە دەکەوێتە سەر شانی ئێمەو ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، بریتی دەبێ لەوەی کە ئێمە جووڵانەوەی ئازادیخوازیو جووڵانەوەی خوازیاری جودایی دین لە دەوڵەت بەهێز بکەینو لەو پێوەندییەدا ئەوەی لە باری سیاسی، لە باری راگەیاندنو لە باری تەشکیلاتییەوە چ لە نێوخۆی وڵاتو چ لە دەرەوەی وڵات دەکەوێتە سەر شانی ئێمە، دەمانهەوێ زیاتر لە رابردوو بیبەینە پێش، زیاتر بتوانین پێوەندییەکانمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوە مافخوراوەکانی ئێران بەهێز بکەین".

تەوەرێکی دیکەی پرسیارەکان لە هەر دوو بەشی کوردیو فارسی تەلەویزیۆنی "تیشک"دا، مانگرتنی رۆژی ٢٣ی بانەمەڕی ئەمساڵ زۆربەی شارەکانی کوردستان بە بۆنەی ئێعدامی چالاکانی سیاسی کوردەوە بوو.

بەڕێز هیجری لەم پێوەندییەدا جەختی کردەوە کە "ئەم مانگرتنە درێژەی خەباتی ٣٠ ساڵەی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی ئێران بووو لە لایەکی دیکەشەوە دەکرێ بڵێین درێژەی خەباتی ٣٠ ساڵەی هەموو ئازادیخوازانی ئێران بوو". بەڕێزیان ئەو شێوە خەباتەی خەڵکی کوردستانی بە ئۆلگوویەکی باش بۆ خەباتی سەراسەری لە ئێران زانیو وتی: "بە بۆچوونی من ئەمە شێوازێکی زۆر پێشکەوتووی خەبات بە تێچووی کەمەوەیە کە هەڵبەت گەر دەرەتان هەبێو لە سەرانسەری ئێراندا درێژەی پێ بدرێ دەتوانێ ئاکامێکی زۆر بە نرخی هەبێ... یەکێک لەو شێوازانەیە کە لە بەرابەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەتوانێ سەرکەوتووترینو کەمتێچووترین بێ".

بەڕێز هیجری لە مەڕ ئەو پرسیارەی کە "ئەو مانگرتنە چ پەیامێکی لەگەڵ خۆی هێنا؟"؛ قامکی لە سەر چەند پەیامی سەرەکی دانا وەک نیشاندانی درێژەدانی خەباتو زاڵبوون بە سەر هەوڵەکانی رێژیم بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکو نواندنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران لە بەر چاو جیهانیانو لە درێژەدا وتی: "پێم وابێ سەرکەوتووترین یان بڵێم زیندووترین پەیام کە لەو پێوەندییەدا دەتوانم باسی بکەم کە لە رابردووی خەباتی گەلی کوردو گەلانی ئێران بە گشتی تاکوو ئێستا بێسابقە بووە، هەمگەرایی، ئیتیحادو هاودڵیو یەکدەنگی بوو کە خەڵکی ئێران بە هەموو بیروباوەڕەکانیانەوە لەو مانگرتنە پشتیوانییان کردو خەباتو بەربەرەکانێی خۆیان بە شێوەی هاودەنگ لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران نیشان دا".

لە پرسیارێکی جیاوازدا کە لە بەشی کوردیدا کرا، لە سەر بەیاننامەکانی مووسەویو کەڕووبی لە پێوەندی لەگەڵ ئێعدامی ئەم دواییانەی ٤ چالاکی سیاسیی کورد پرسیار کرا؛

کە بەڕێز کاک مستەفا وەڵامی دایەوە: "دیارە ئەوەی کە ئاغای کەڕووبی باسی کرد لە پێوەندی لەگەڵ ئێعدامی ئەو تێکۆشەرانە، شتێکی قابیلی تەوەجوە نەبوو، بەڵام ئەوەی ئاغای مووسەوی باسی کرد، دەتوانم بڵێم هەنگاوێکی موسبەت بوو، دیارە من لەو باوەڕەدا نیمو هاودەنگ نیم لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ویستیان ئەو مەسەلە گەورە کەنەوەو بیکەن بەوە کە ئەو ئێعدامانەی مەحکووم کردووە، هیچ مەسەلەی مەحکومکردنی تێدا نیەو لەوێدا باس لەوە دەکا کە ئیتلاعرسانی کافی لە سەر ئیتیهامی ئەو کەسانەی کە ئێعدام کراون، نەکراوە".

لە کۆتاییدا چ لە بەشی کوردیو چ لە بەشی فارسی "تیشک"دا داوا لە بەڕێز کاک مستەفا کرا کە پەیامی خۆی بە کورتی بە کۆمەڵانی خەڵک بدا؛

کە بەڕێزیان لە بەشی فارسیدا گوتی: "خەڵکی ئێران لە داهاتوو بە یەکیەتیو یەکپارچەییو بەو لاوازیو دەستەوەستانییەی کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵی بەرەوڕوویە، دەتوانن بە ئاواتە دێرینەکانیان کە ئازادیو دێموکراسییە بگەن، بەڵام مەرجی سەرەکی بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، یەکیەتیو داهاتووبینیو هەبوونی بەرنامەی روونە، بەرنامەیەک کە خواستەکانی هەموو چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی لە خۆ گرتبێو پێویستی بە رێکخستنی رێبەرییەکی لێبڕاوو بڕیاردەر دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - ڕێکەوتی: فێبریوێری ٢٠٠٩

## لە پێوەندی لەگەڵ تێپەڕینی سی ساڵ بەسەر شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دا



### وتوویژی گۆڤاری "ئارەش"

وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەسەن سەلیمی

**ئارەش**: هۆکارەکانی ڕاپەڕینی بەربڵاوی خەڵکی ئێرانو شۆڕشی ١٣٥٧ بۆچی دەگەڕێتەوە؟ هەلومەرجی نێوخۆییو دەرەکیی ئەو سەردەمە چۆن بوو؟

**مستەفا هیجری**: گەندەڵیی دەزگای بەڕێوەبەری، نەبوونی ئازادی، دەسبەسەرداگرتنی سەروەتو سامانی وڵات لە لایەن گرووپێکی چووکەی گرێدراوی دەزگای پاشایەتیو بێبەشیی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی، لەو هۆکارە سەرەکییانە دەژمێردرێن کە بواریان خۆش کرد بۆ دروستکردنی کەلێن لە نێوان گرێدراوانی ڕێژیمی پەهلەوی لە لایەکو خەڵکی دیکە لەلایەکیترەوە. ئەم کەلێنەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قووڵترو بەربڵاوتر بۆوە. ئیسڵاحاتی ئەرزی کە سەرەتاکانی دەیەی چل بەڕێوە چوو، هەرچەند ماوەی چەند ساڵ هیوای بە وەرزێران بەخشیو لە زوڵمو زۆری دەرەبەگەکان ڕزگاریان هات، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەرنامەڕێژیی دروستی وەرزێری لە وڵاتو لە ئاکامدا داهاتی کەم، گوندنشینان بەرەبەرە زەویو زارەکانیان بەجێ هێشتو بە هیوای دیتنەوەی کار ڕوویان لە شارەکان کردو لە شاریشدا بە جێگەی دیتنەوەی کارو داهات، پەیوەست بوون بە خێڵی بێکارانی شارەکانەوە. لەم نیوانەدا دوو لایەنی فیکری زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، بەستێنێکی لەباریان بۆ ڕاکێشانی خەڵکو بوون بە باسکەکانی شۆڕشی ئیسلامی خۆش کرد. یەکەم، بیری ئیسلامیی شیعە کە چەند دەیە لەوەپێش وێڕای سەرکوتکرانی لە لایەن ڕێژیمەوە، نەک هەر نەفەوتابوو، بەڵکوو وەک ئاگری بن خۆڵەمێش چاوەڕێی کزەبایەکی دەکرد تا بڵێسە بستێنێ. لەم بڕگەیەدا تەنیا ئۆرگانیزاسیۆنێک بوو کە بە کەڵکوەرگرتن لە

مزگەوتەکانو ڕێکخستنی باش لە لایەن ئاخوندەکانەوە، دەیتوانی لە رووخاندنی شادا خەڵک ڕێنوێنی بکا. لەم نێوانەدا ڕۆڵی خومەینیو لەوانەیە ئەو کەسانەش کە بە ناوی ئەووە ئەرکەکانیان لە ورووژاندنو بەسیجکردنی خەڵکدا بە باشی راپەڕاند، نابێ لەبیر بکرێ. گواستنەوەی خومەینی لە نەجەفەوە بۆ فەرانسەو رەخسانی کەشوهەوایەکی لەبار بۆیو لە ئەنجامدا گوێزانەوەی خێرای هەواڵو وانەکانی ناوبراو لە لایەن لایەنگرانیەوە بۆ نێوخۆو بڵاوکردنەوەیان لە لایەن راگەیەنەکانی دەرەوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە توندوتۆڵکردنو خێراکردنی ڕێکخستنەکاندا هەبووو رۆژ بەڕۆژ دەسەڵاتی پتر دەبوو. لەم برگە زەمەنییەدا ترسو دڵەڕاوکێی خەڵک لە گیرانو ئەشکەنجەی حکوومەتیش شکابوو، کەم نەبوون ئەوانەی ئاواتەخواز بوون کە بەهۆی بەشداری لە ڕێپێوانەکانو بێزاری دەربڕین لە ڕێژیم بگیرێن تا لەم ڕێگەیەوە بتوانن دەنگو ناوێک بۆخۆیان وەدەست بێنن. بەم چەشنە بوو کە خێڵی پێڕەوانو خۆبەخشانی مەزهەبی لە ژێر ئاڵای خومەینیدا کۆ بوونەوەو بە مەبەستی زیندووکردنەوەی حکوومەتی ئیسلامیی لە هیچ هەوڵێک درێغیان نەکرد.

**ئارەش**: کام چینی کۆمەڵایەتی لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیدا تەوەر بووو ڕۆڵی خومەینی تا چ رادەیەک کاریگەر بووو ئایا دەکرا شۆڕش "غەیرە ئیسلامی" بێت؟

**مستەفا هیجری**: بۆچوونی چەپی مارکسیستی. ئەم بەریانە کە هەوێنی هزریی روونـاکبیران، زانکۆییەکانو لایەنگرانی سوسیالیزمی پێک دەهێناو زۆرتر لە ژێر هێژمونیی بیروبۆچوونی حیزبی توودەدا بوو، گوێڕایەڵی شۆڕشی ئیسلامی بوو، بەم چەشنە ئەو هێزەی کە دەبوایە لە بەرانبەر دواکەوتوویی‌و نەزانیدا رابوەستێو لە پێناو روونکردنەوەی بیروڕای گشتیدا بە ئامانجی رزگارکردنی شۆڕش لە زاڵبوونی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبی بەسەریدا، لانیکەم پێڕەوانی خۆی کۆ بکاتەوە، کەوتە پێداهەڵگوتنی ئەو بارودۆخەو بەم شێوەیە، هیچ جۆرە بەربەرستێک لە ڕێگەی مەزهەبییەکاندا نەما. بەڵگەی حیزبی توودە بۆ پاساودانی بۆچوونو کردەوەکانی خۆی لە داکۆکیکردن لە ئیسلام لەسەر ئەم لێکدانەوە ساویلکانەیە راوەستابوو کە: لەسەر بنەمای دروشمەکانی "مەرگ بۆ ئەمریکا"و "نە شەرقی نە غەربی، جمهووریی ئیسلامی" کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانەیەو دەبێ پشتگیریی لێ بکرێو لەگەڵی بن. لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە، ئەو حیزبە گەورەترین زەبری لە بزووتنەوەی چەپو بەگشتی لە شۆڕشی ئێران دا. لەبەر ئەوەیکە ئەم شێوە بیروبۆچوونە هەرچەشنە خۆڕاگرییەک بە دژایەتیکردنی شۆڕش لە قەڵەم دەداو دژی رادەوەستا. لە ئاکامدا بینیمان کە ئەو حیزبە چەپانەی جیاواز لەو بۆچوونە بیریان دەکردەوە، رۆژ بەڕۆژ لێکدابڕانو لاواز بوون، تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە زیانەکانی ئەم بیرۆکەیە بێبەش نەبووو جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی چوارەمی بە خۆیەوە بینی. هەروەها ئەوەیکە دوای بەدەسەڵاتگەیشتن، ئاخووندەکان، توانای بەڕێوەبردنی وڵاتو دەوڵەتدارییان نیەو دەچنەوە مزگەوتەکانو بەڕێوەبردنی وڵات دەدەنە توودەیی‌یەکانو بەم جۆرە یۆتۆپیاکەی ئەوان کە حکوومەتێکی گوێڕایەڵی سۆڤیەت دەبێ، وەدی دێ. بەم چەشنە بوو کە خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمی شا راپەڕین، ڕێژیمێک کە ماوەی چەند دەیە دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیانەی بەڕێوە دەبرد، رووخێندرا بەو هیوایە ئەوەی بنیات دەنرێ خواستەکانیان وەدی بێنێ، بەم شێوە بوو کە نەدەبایە ببێ. لە بەستێنی ئەم جۆرە بۆچوونانەو ئەم دۆخە کۆمەڵایەتیانەداو هێژمۆنیی دوو روانگەی ئیدئۆلۆژیی ئایینیو چەپی . بەو پێناسەیەی لێیان کرا . لانیکەم لەو برگە مێژووییەدا، شۆڕشی غەیرەئیسلامی ئیمکانی نەبوو.

**ئارەش**: رووناکبیرانو هێزە سیاسییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی چۆن بوو، هەڵەکانی ئەوان چی بووو بۆچی کۆماری ئیسلامی توانی لە ماوەیەکی کەمی دوای شۆڕشدا، ئەو هێزانە سەرکوت بکا؟

**مستەفا هیجری**: رووناکبیرانو زۆربەی هێزەکانی دیکە بە کۆماری ئیسلامی سەرسام ببوونو هەرکام بە شێوەیەک پاساویان بۆ شۆڕش دەهێنایەوە. چونکە هەرکامیان بۆخۆیان لە رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا خەیاڵاتێکیان لەسەردا بووو ئەم خەیاڵانە کاتێک ئاڵۆز بوون کە رێژیم یەک یەک دەستی کرد بە سەرکوتکردنیان. سەیر ئەوەیە کە ئەگەر رێژیم لە رۆژەکانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنەوە ئاڵای سەرکوتی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانی هەڵدابووو لە پێش چاوی ئەواندا، دەرهەق بە خەڵکی کوردستان لە هیچ جینایەتێک دریغی نەکرد، ئەوان بێدەنگو چاولێکەر بوون. پاشان کە نۆرە گەیشتە موجاهیدین، گوتیان ناکرێ لەوە زیاتر لەگەڵ رێژیم هەڵبکەن، هەر بەم چەشنە بوو رەفتاری رێژیم لەگەڵ توودەیییەکانو....

ئەگەر لە سەرەتادا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بە پێڕەوی لە حیزب، خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمی دیاریکردنی رێژیمدا بەشدارییان نەکردو ئەوەیان بە پێچەوانەی بنەماکانی ریفراندۆمێکی ئازادو دێموکراتیکیان دەزانی. ئەگەر حیزبی دێموکرات داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکای بە پێچەوانەی یاساو رێسا نێونەتەوەیییەکان دەزانیو ئەم کردەوەیەی مەحکووم دەکردو چەندین نموونەی دیکە، بەشێک لەوانەی ئیدیعای ئازدیو دێموکراسییان دەکردو لە پێداهەڵگوتنی حکوومەتی بەناو شۆڕشگێڕو دژی ئیمپریالیستیدا پێکەوە لە ململانێدا بوون، حیزبی دێموکراتو هێزەکانی دیکە کە سیاسەتەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییان لەقاو دەدا، بە پاشماوەی رێژیمی پاشایەتی، دژی شۆڕشو گرێدراوی ئیمپریالیزمو جیاییخواز لە قەڵەم دەدا. بەڵام کاتێک چنگی زوڵمو سەرەڕۆیی ئەوکیگرتن هاواریان بەرز بۆوە کە ئەم رێژیمە دژی ئازادییە. بەم شێوە رێژیم توانی لە ماوەیەکی کورتدا هێزە نەیارەکان سەرکوت بکاو رێگە بۆ ملهۆڕییەکانی خۆی خۆش بکا. بێجگە لە کوردستان کە بە هاوکاریی خەڵکی وشیارو ئاگای کوردو بە رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەبات بەردەوام بووو ئێستاش دوای ٣٠ ساڵ سەرکوتو زەبروزەنگ، رێژیم نەیتوانیوە خەڵک بە چۆکدا بێنێو لەو رێگەیەی کە لە رۆژەکانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی رێژیمی دواکەوتووی خومەینییەوە گرتوویانەتە بەر، پاشگەز بکاتەوە.

دەتوانین چۆنیەتیی رێژیمی پاشایەتیو هاتنەسەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە تراژیدیاکانی ئەم سەدەیە لەقەڵەم بدەین. لە رووداوو پێگرتنی ئەم تراژیدیەدا هەڵەی زۆربەی رووناکبیران، بەرچاوو قەرەبوو نەکراوەیە، چوونکە ئەگەر شیعەکانی باوەڕمەند بە ویلایەت، جادووکراوی قسەی ئاخووندەکانو بەڵێنیی چوونە بەهەشتو دیتنی ئیمام لە مانگدا بوون، بەشێک لەم رووناکبیرانە ئەگەرچی بڕوایان بە هیچکام لەوان نەبوو، یا لە راستیدا لە دەرەنجامەکانی نەدەگەیشتن یان بە شێوەیەک لەو رووداوانەدا تواببوونەوە کە نەیاندەوێرا دژایەتییان بکەنو بێئەوەی خۆیان بزانن تێکەڵ بە لەشکری ئەوکات بوون کە لە ژێر ئاڵای خومەینیو ئیسلامەکەیدا سینەیان لێ دەداو پێیاندا هەڵدەگوت.

**ئارەش**: رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە نوقمی نارەزایەتیی گشتیو قەیرانە نێوخۆییو دەرەکییەکانە، چۆنە خۆی راگرتووەو تا بە ئەمڕۆ حکوومەتەکەی درێژەی کێشاوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەیکە لەگەڵ نارەزایەتیو بێزاریی کۆمەڵانی خەڵک بەرەوڕوویە، بە تەواوی دروستە، بەڵام خەڵکێکی لێکدابڕاوو ڕێک نەخراو. نارەزایەتی دەربڕینی ئەوتۆ لە لایەک کورتخایەنەو لە لایەکی دیکەوە خێرا سەرکوت دەکرێ. ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی شۆڕشە گەورەو چارەنووس سازەکانی سەدەی ڕابردووی ئێرانو وڵاتانی دەوروبەر بدەینەوە، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە شۆڕشەکان تەنیا کاتێک سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، کە لە لایەن کەسێکی کاریزما یان حیزبە گشتگیرەکانەوە ڕێک خراون. شۆڕشی مەشرووتەو شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دوو نموونەی بەرچاون. ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە هەموو حیزبو ڕێکخراوە سەربەخۆکان تەنانەت ئیسلامیەکانیشی قەدەغە کردو بە توندوتیژییەکی تەواوەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردن، نەک شتێکی بەهەڵکەوتو بێخوێندنەوە، بەڵکوو لە رووی زانینو ڕوانین بۆ داهاتوو بە قازانجی خۆی بوو. ئاکامی ئەو کارە ئەوە بووە کە ئەگەر کرێکارانی شیرکەتی ئوتووبووسرانی، کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە، مامۆستایانو ... بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی وەرێ دەخەن، جیاجیاو بە شێوەیەکی دڕندانە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە سەرکوت دەکرێنو خەڵکی نارازیی دیکە بێ ئەوەی بە کردەوە پشتیوانیان لێبکەن، تەنیا پەژارەو بەزەیی خۆیان دەردەبڕن. بۆیە دەبینین سەرکوت بۆ ڕێژیم دژوار نیە. لە ڕۆژەکانی شۆڕشدا شاهید بووین ئەگەر لە شارێک خەڵک نارەزایەتییان دەردەبڕی لە شارەکانی دیکەشەوە بە پشتیوانیی لەوان نارەزایەتی دەستی پێ دەکرد. بەمجۆرە بوو کە ڕێژیمی شا لەم یەکیەتیو یەکگرتوویی‌ەی خەڵک دەستەوەستان ببوو و خومەینی ئەم یەکیەتیو یەکگرتووییەی قۆستەوەو بە جوانی لە مەترسییەکانی بۆ ڕێژیمەکەی خۆیشی گەیشتبوو. ئەوەش کە پێی دەگوترێ قەیرانە دەرەکییەکان، کاریگەریی لەسەر ڕێژیم زۆر کەم بووە، چونکە کۆماری ئیسلامی پێبەندی یاساو ڕێسا نێونەتەوەیی‌یەکان نیە تا ئەم کاریگەرییانە، کارتێکەرییان لەسەری هەبێ. ئەگەر لە ئاستی نێونەتەوەییدا باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکرێ، ڕێژیم مافی مرۆڤی ئیسلامی دێنێتە بەرباس، ئەو کاتەی قسە لە دێموکراسی دەکرێ خۆی بە دێموکراتترین سیستمی جیهان دەزانێ. بە کورتی لەم بوارانەدا هەموو جیهان ئامۆژگاری دەکاو بۆ ڕزگاریی وڵاتان لە کێشەو قەیران ڕێنوێنیان دەکا. قەیرانی ئابووریی کە بەشێکی بە هۆی گەمارۆکانەوە ڕێژیم تووشی بووەو دوکەڵەکەی لە چاوی خەڵک ڕۆدەچێ، بۆ ڕێژیم گرینگ نیە، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە داهاتە گەورەو زۆرەکانی نەفت، بەشی بە جووڵەدەرهاتنی ماشێنی سەرکوت لە ناوخۆ، دابینکردنی یارمەتیی گرووپە تێرۆریستەکانی دەرەوەو بە تایبەت خەرجیی تاقمی دەسەڵاتدار دەکا. هەڕەشەو گەمارۆ نێونەتەوەیی‌یەکان دژی ڕێژیم تا ئێستا جیددی نەبوون، هەر بۆیە تا ئێستا لە بەرانبەریاندا خۆی ڕاگرتووە. ڕێژیمێکی ئەو تۆ کە لە بەرانبەر نارەزایەتییەکانی خەڵکی خۆیو یاسا نێونەتەوەیی‌یەکاندا بەرپرسو وەڵامدەر نەبێو لە نێوخۆو دەرەوە لەگەڵ مەترسییەکی جیددی ڕووبەڕوو نەبێتەوەو هەموو ئامرازو پێویستییەکانی وڵات تەنیا بە مەبەستی مانەوەی خۆی تەرخان بکا، دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە دەسەڵاتدا بمێنێ. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە کە ڕێژیم دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەم مێتۆدە لە ئاستی نێوخۆییو نێونەتەوەییدا درێژە بە ژیانی خۆی بدا، چونکە گوشارە نێوخۆییو دەرەکییەکان کاریگەریی خۆیان لە داهاتوودا دادەنێنو ڕێژیم بەرەو لێک هەڵوەشان دەبەنو خێرایی گەیشتن بەو ڕۆژانە بەستراوەتەوە بە ڕێکخستنی خەڵکی نارازیی نێوخۆو گوشارە جیددییەکان لە دەرەوڕا.

**ئارەش**: ڕزگاریی خەڵکی ئێران لەم ڕێژیمەو ئەوەیکە جارێکی‌تر وەک شۆڕشی ٥٧ ئەم ئەزموونە دووپات نەبێتەوە، پێویستی بە چی هەیە؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: هۆکارە لەبارە دەرەکییەکان لە کاتی خۆیدا دەتوانن پشتیوانیی جووڵانەوە نێوخۆییەکان بۆ رووخانی رێژیم بن. بەڵام بە هیوای پێکهاتنی ئەم هۆکارانە دانیشتنو چاوەڕێی موعجیزە بوون، خەسارێکی قەرەبوونەکراو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵک دەدا، چونکە ئەوە لە دەسەڵاتی خەڵکی ئێراندا نیە، بەڵکوو گرێدراوی دابینبوونی بەرژەوەندیی دەرەوەیە، ئەوەیکە ئایا دابینبوونی ئەم بەرژەوەندییانە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی یەک دەگرێتەوە یان نا، بۆ خۆی باسێکی دیکەیە. هەروەها ئەگەر لە نێوخۆ ئامادەیی نەبێ‌و ئازادیخوازان یەکگرتوو نەبن‌و بەرنامەی پێشکەوتنخوازانەیان نەبێت، لە هەلومەرجی پێکهاتنی هۆکاری لە باری دەرەکیشدا، کەڵکوەرگرتن لەو هۆکارانە بە قازانجی ئازادی‌و دێموکراسی ئیمکانی نابێت‌و، هیچ دوور نیە دوای رووخانی رێژیم، گرووپێکی دیکە لە ژێر ناوێکی دیکەدا بە بیرۆکەی سەرەڕۆیانەوە، سواری شەپۆلی گۆڕانکارییەکان بێت‌و هەتا هەست پێ بکەین، ئەهریمەنێکی دیکە بە دەسەڵات بگاو ئەو رەوتە دووپات ببێتەوە، وەک ئەوەی دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی بەسەرمان هات. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم هۆکارانەو زۆر هۆکاری تر دەبێ ئێمە کاری خۆمان دەست پێ بکەین، ئەوەش ناکرێ مەگەر ئەوەی خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەمان لەو ٣٠ ساڵەی رابردوومان هەبێت. لە ماوەی ئەم چەندین ساڵەدا، رەنگە سەدان کۆبوونەوەمان لە سەرانسەری دنیادا پێک هێنابێ، لەم کۆبوونەوانەدا بەرنامەی جۆراوجۆرو هێندێک جار بەرنامەی باشییش هاتۆتە بەرباس. کەسانی شارەزا لە زۆر بواردا قسەیان کردووە. دروشمی جۆراوجۆر باسی لێکراوە. باس لە ئازادی، دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ لە زۆر ساڵۆن کراوە، هێرشمان کردۆتە سەر یەکترو بە جێگای تەحەمولکردنی یەکتر، تکۆڵیمان لە یەکتر کردووە، لە ئاکامدا ئەوەین کە ئێستا هەین. مەسەلەکە زۆر سادەیە، دەتوانین چەندین ساڵی دیکە ئەم میتۆدە درێژە بدەین‌و هەر ئەم ئەنجامە بەدەست بێنین. بەڵام ئەگەر تێگەیشتووین کە دەبێ ئەنجامێکی‌تر جیا لەوەی تا ئێستا بووە، وەدەست بێنین، دەبێ بە شێوەیەکی دیکە بیر بکەینەوەو کاری بۆ بکەین.

بۆچوونو کردەوەی ئێمە دەبێ کار بۆ یەکیەتی‌و یەکگرتوویی بێ، نەک رێگەیەک کە تا ئێستا رۆیشتووین. ئەم رێگەیە تا ئێستا هاتووین ئەوەیە کە ئێران یەک نەتەوەیە، کورد، تورک، بەلووچ، عەرەبو تورکمەنەکان قەومن. لەسەر ئەم بنەما پووچە، بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئەم نەتەوە دەبێ سەرکوت بکرێ، چونکە ئەم بزووتنەوانە لە لایەن دوژمنانی ئێرانەوە رێنوێنی دەکرێن، ئامانجی ئەم بزووتنەوانە دابەشکردنی ئێرانە. ئەم بزووتنەوانە گرێدراوی ئیسرائیلو ئامریکان. ئاکامی ئەو وێناکردنانە هیچ نیە جگە لەوەی کۆماری ئیسلامی ئێستا بەسەر خەباتگێڕانو چالاکانی مافی نەتەوەیی لە ئێران هێناوە. خەڵکی دیکەش کە بە رواڵەت ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمن لەم بیرۆکەیەدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاوتەریبن. جیاوازییەکە تەنیا لەوەدایە کە کۆماری ئیسلامی توانایی کوشتو بڕی ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێرانی هەیە، بەڵام ئەوان هێشتا ئەو تواناییەیان نیەو لە دەرفەتی لەباردا . ئەگەر بۆیان بلوێ . ئەوانیش لەگەڵ دوژمنانی یەکیەتی‌و یەکپارچەیی ئیران! واتە نەتەوەکانی ئێران ئەو هەڵسوکەوتە دەکەن کە رێژیم دەیکا. ئەم هەموو خراپ لێکگەیشتنو خراپ بیرکردنەوەیە لە حاڵێکدایە کە لە بنەڕەتدا لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا، حیزبێکی جیدی‌و ناسراو کە خوازیاری جیابوونەوە لە ئێران بێت، نابیندرێ، یان لانیکەم دەتوانم بڵێم لە نێو گەلی کورد دا شتێکی لەم چەشنە نیە. لە حاڵێکدا ئەو نەتەوانە لە ئێراندا هەن‌و بە پێی پێناسە باوەڕپێکراوەکان، نەتەوەن. پرسیار ئەوەیە کە ئایا تورکەکانی

ئازەربایجان، تورکمەنەکانی ئەوبەری سنوور، کوردەکان لە تورکیەو عێراق . کە لە عێراق کوردەکان حکوومەتی فێدراڵیان پێک هێناوە . عەرەبەکانی دراوسێی سنووری ئەهواز نەتەوە هەن یان نین؟

ئەگەر نەتەوەن، بۆچی بەشی جوغرافیاییو حەشیمەتی ئەوان لە نێوخۆی ئێران نەتەوە ناژمێردرێن؟ ئەگەر نەتەوە نین، چین؟ ناکا لە بەر نکۆڵی کردن لە نەتەوکانی ئێران، بوونی نەتەوەکانی دراوسێی ئێران رەد بکەنەوە! بەشێک لە دۆستانی چەپ بە پێی پرەنسیپە کۆمۆنیستییەکان . مافی نەتەوەکان تا ئەندازەی جیاییخوازی - دان بە فرەنەتەوەبوونی ئێراندا دەنێنو باوەڕیان بە دامەزرانی فێدراڵی لە ئێران هەیە. فێدراڵیزمێک کە لەسەر بنەمای حکوومەتە خودموختارەکان بۆ نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران بێت، بەڵام پێیان وایە دەربڕینی ئەم پرسە لە لایەن ئەوانەوە ببێتە هۆی دڵگرانیی بەشێکی دیکە لە هاووڵاتیانیان کە پێچەوانەوەی ئەوان بیر دەکەنەوە!

ئەم روانینانە کە هەموویان لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوەکان، سەرکوت کردنی هەرچی زیاترمان، سەرنج نەدان بە کەموکوڕییە جۆراوجۆرەکان لەم ناوچانەو لەیەک قسەدا هەڵاواردنی راشکاوانەو قەبووڵ نەکردنیان، چلۆن دەتوانێ یەکیەتیو هاوپێوەندی بباتە سەرێ. بە بوونی ئەم رەتکردنەوە راشکاوانەیە چۆن چاوەڕوان بکرێ کە دروشمە نێو هلۆڵەکانی دێموکراسی، یەکسانیو مافی مرۆڤ باوەڕیان پێ بکرێ؟ ئەگەر بەڕاستی پەندمان لە لێکدابڕاوی، شکستەکانی رابردوو و بێئەنجامی وەرگرتبێ، دەبێ پێش هەموو شتێک "گۆڕان" بەسەر بیرۆکەکانماندا بێنین، ئەوکات کردەوەکەشمان گۆڕانی بەسەردا دێ. بەو مانایە کە بوونی نەتەوەکانی ئێرانو مافەکانیان بە فەرمی بناسینو بیر لە پلاتفۆرمێک بکەینەوە کە لە ئێرانی داهاتوودا، ئەم مافانە دابینو گارانتی بکاو لە بەرانبەر خەباتێکی دژوار کە دژی کۆماری ئیسلامی لە پێشمان دایە، داهاتوویەکی روونو گەش بەدی بێنین. ئیدی با نەتەوەکانی ئێران وەک هاووڵاتیی پلەدوو، مۆرەی بێگانە، خائین، جیاییخوازیو ... حیسابیان بۆ نەکرێ، خۆمان دڵسۆزتر بۆ ئێران لەوان نەزانین، لەتەشقی ئاسمانەوە لێیان نەڕوانینو بۆ هەمیشە لە چووک بینینیان خۆمان ببوێرین. یەکیەتی راستەقینە لەم حاڵەتەدایە، کە دەتوانێ هێزی لەشکان نەهاتووی خەڵک لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا پێک بێنێ.

ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە بەم چەشنە دەتوانینو لەم رێگەیەوە دەکرێ جارێکیتر ئەو ئەزموونە دووپات نەبێتەوە، بە لابردنی دەسەڵاتداریی رەها لە جۆری مەزهەبیو سیاسی لە ناوەندو دابەشکردنی لە نێو خەڵکدا لە شکڵی دیاریکراوی سیستمی فیدراڵیدا. ئێمە لەم رێگەیەدا هەنگاو هەڵدەگرینو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بەرهەمی ئەم هەنگاوانەیە، کۆنگرەیەک کە دوای ٣٠ ساڵ، ئێستا تەنیا یەکیەتیی نێوان بەشێک لە حیزبو رێکخراوەکانی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێرانە. ئەو نەتەوانەی کە رۆژانە بە هەستو پێستەوە شاهیدی سەرەڕۆیی لە دەزگای دەسەڵاتداریی ئێرانن. ئەو نەتەوانەی کە دەردی هاوبەشو ئامانجی هاوبەشیان هەیەو بڕیاریان داوە کە جارێکی دیکە فریوی دروشمو بەڵێنی هیچ کەسو گرووپێک نەخۆن. ئەو نەتەوانە پێکهاتەی ئێرانیان پێکهێناوەو هیچ کەس لەوان ئێرانیتر نیە. بانگەوازی ئێمە لە هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی بۆ ئەم چەشنە بۆچوونەیەو لەم رێگەیەدا ئەوەی لە توانامانداە بێ هەوڵی بۆ دەدەین.

سەرچاوە: کوردستان، ژمارە ٥٠٦

ڕێکەوتی: فێبریوێری ٢٠٠٩

## پرسە هەنووکەییەکانی ناوچەو ئێرانو جیهان



**وتووێژی تەلەفزیۆنی "تیشک".**

**بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی PDKI**

هاوڕێی بەڕێز، کاک مستەفاهیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە گەڵ تەلەفزیۆنی "تیشک"، لە سەر پرسە هەنووکەییەکانی ناوچەو ئێرانو جیهان وتووێژی هەبوو. بە هۆی گرنگیی بابەتە باسکراوەکان لەم وتووێژەداو هەروەها پێویستیی ئاگاداری لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ئەم پرسە دەرهەستانەی ناوچەو ئێرانو جیهان لە زمانی سکرتێری گشتیی ئەم حیزبەوە، ڕۆژنامەی "کوردستان" بە پێویستی زانی تا لەم ڕاپۆرتەی خوارەوەدا، ئەم وتووێژە بخاتە بەرچاوو نەزەری خوێنەرانی بەڕێز.

بەڕێز مستەفا هیجری، لە پێوەندی لەگەڵ ڕێپێوانی ١٣ی خەزەڵوەرو جیاوازییەکانی لەگەڵ ڕێپێوانەکانی پێشوو، بەم شێوەیە دوا:

"لە پێوەندی لە گەڵداگیر کردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە ٣٠ ساڵ لەمەوپێش، هەر وەک ئاماژەتان بۆ کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کەش و هەوای سیاسیی ئەو کاتدا، ئەم کردەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیدانە کردو ڕایگەیاند کە ئەم کردەوە

بە دژی ئۆسوولو پرنسیپە نێونەتەوەییەکانە. ڕەنگە لەو کاتەدا کەم بووبن ئەو گرووپو کەسانەی کە سەرنجیان دابێتە ئەم پرسە، بەڵام ئێستاکە پاش سی ساڵ، زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکادا دەستیان هەبووو لەوێ ئامادە بوون، بەم ئاکامە گەیشتوون کە ئەم کردەوە، کردەوەیەک بوو بە دژی قازانجو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێرانو بە پێچەوانەی پێکهێنانی پێوەندی یان پتەوکردنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانەو پاش ئەو ڕووداوە پێوەندییەکانی ئامریکا لەگەڵ ئێران پچڕا".

کاک مستەفا لە درێژەی وەڵامی ئەم پرسیارەدا، دێتە سەر مەسەلەی خۆپیشاندانو ڕێپێوانەکانی پاش ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری لە ئێرانداو بە ئاماژە بەوەی کە دروشمەکانی خۆپیشاندەران لە ڕۆژەکانی سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەدا زۆر سادەو ڕووکەشی بوون، وتی:

"ئەو کاتە ئێمە ڕامانگەیاند کە ئەم دروشمانە لە قازانجی خەڵکی ئێران بۆ دەربازبوون لە چنگی کۆماری ئیسلامی نیە. بۆ ئەوەی چەواشەکاریو تەقەلۆب لە هەڵبژاردنەکاندا لە سەرەتای دامەزراندی کۆماری ئیسلامییەوە بەشێک لە سیاسەتەکانی ڕێژیم بووەو لە درێژەی نۆ خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، ئەم دەستێوەردانو چەواشەکارییانە بەردەوام پەیڕەو کراوە. ئەگەریش وای دابنێین کە مووسەوی لە جێگەی ئەحمەدینەژاد دەنگی بهێنابایەتەوە، دیسان هیچ لە پرسەکە نەدەگۆڕدراو خەڵکی ئێران هیچیان وەدەست نەدەهێنا.

بەخۆشیەوە دەیبینین کە لە درێژەی ئەم ڕێپێوانانەدا، لە ڕۆژانێکدا کە کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندبوو خەڵک بە قازانجی خۆی دەکێشێتە نێو شەقامەکان، لە "ڕۆژی قودس"دا، (ڕۆژی کۆتایی مانگی ڕەمەزان)، درووشمو داخوازییەکان گۆڕدران، تا ڕادەیەک توندتر بوون، دروشمگەلێ وەک "نەمان بۆ وەلی فەقیە"، "ویستی ئازادیو دیموکراسی" لە نێو خەڵکدا زیاتر دەبیستراو پرسی داکۆکی کردن لە مووسەویو کەڕۆبی لە چاو خۆپیشاندانەکانی پێشوو تا ڕادەیەکی بەرچاو دابەزیبوو، هێما سەوزەکان لە نێو خەڵکدا کەمتر بینرانەوە و کەمتر دەبینران. دوای ئەوە کاتێ دەگەینە خۆپیشاندانی ١٣ی خەزەڵوەر، بە جوانی دەیبینین بە گشتی ڕێوشوێنی خۆپیشاندانو دروشمەکانی خۆپیشاندانەکە بە تەواوی گۆڕدراون. ئەگەر پێشتر دروشمەکان لە چوارچێوەی پاڵپشتی کردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانو تەنیا لە پێوەندی لە گەڵ پرسگەلێکی سادەو سەرەتایی بوون کە پێشتر هیمام پێ کردوون، لەو خۆپیشاندانانەدا ئۆسوولەن دروشمگەلێکی پێکهاتەشکێنانەو دروشمگەلێک لە چوارچێوەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیو دامەزراندنی سیاسەتی نوێ لە پێوەندی لەگەڵ پرسە نێونەتەوەییەکان، لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە هاتە ئاراوە".

بەڕێزیان لە درێژەی وەڵامەکەیدا، لێکدانەوەی خۆی لە سەر ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی هەنووکەی ئێرانی بەم شێوەیە باس کرد:

"بەشدارانی خۆپیشاندانەکان بە تەواوی بەم ئاکامە گەیشتوون کە دەربازبوون لە چنگی ئەم ڕێژیمەو ئەم هەموو زوڵمو ستەمە کە بەسەر خەڵکدا سەپاوە، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو دامەزراندنی حکوومەتێکە کە لەودا دین لە حکوومەت جودا بێت. ئەسڵێک بە ناوی ولایەتی فەقیە، بوونی نەبێتو بەشێوەیەکی گشتی لە نێوبردنی کوماری ئیسلامی ئێرانە".



سەرچاوە
Serchawe

بەڕێز هیجری لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە: "بەڕێزتان خاڵە لاوازەکانی ئەم حەرەکەتەی کە لە ١٣ی خەزەڵوەردا بینیمان لە چیدا دەبینن؟"، بە ئاماژەدان بە دوو خاڵی لاواز، دروشمدان ـ گەرچی کەمتر لە جاران ـ بە پشتیوانی لە کەرووبی‌و مووسەوی‌و هەروەها پرش‌وبڵاوی خۆپیشاندەران لە بەراورد لە گەڵ خۆپیشاندانەکانی پێشووتردا، ئاماژەی بە بەرچاوبوونی گرنگیی خۆپیشاندانی ١٣ی خەزەڵوەر کردو وتی:

"خۆپیشاندانەکان‌و دروشمەکانی خۆپیشاندەرانی ئۆپۆزیسیۆن هەموو هەواڵەکانی خۆپیشاندانەکانی خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوەو کەمتر باسێک لە خۆپیشاندانی لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەهاتە ئاراوە." کاک مستەفا لە وەڵامی پرسیارێکدا لە مەڕ پەرەگرتنی جوغرافیایی خۆپیشاندانەکان لە ١٣ی خەزەڵوەردا لە بەراورد لە گەڵ خۆپیشاندانەکانی پێشوودا، وێڕای باسکردنی ئەزموونەکانی خۆپیشاندان لە سەردەمی رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێرانداو هەروەها خۆپیشاندانگەلێکی هاوچەشن لە وڵاتانی دراوسێ‌داو روونکردنەوەی ئەم مەسەلە کە "ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە وڵاتانی دراوسێدا لەم ماوەدا بینەری بووین، لە بنەڕەتدا لە گەورەشارەکانەوە دەست پێدەکاو شکڵ دەگرێ‌و بەرەبەرە پەرە دەستێنێ‌و ئەگەر درووشم‌و داخوازییەکانی هاوتەریبی دابین کردنی قازانج‌و داخوازییەکانی توێژە جۆرواجۆرەکانی کۆمەڵگا بێت، ئەوان بە خۆپیشاندان‌و رێپێوانەکان گرێ دەداتو بەرەبەرە کە ئەم شتە روو دەدا، پانتاییەکەی گەورەتر دەبێتەوەو دەگاتە شارە پچووکەکان، یانی بە هەر رادەیەک شارەکان گەورەترو حەشیمەتیان زیاتر بێت، ئەگەری بەڕێوە چوونی ئەم خۆپیشاندانانەو پیشان دانی دژکردەوەی خەڵک لە بەرامبەر رێژیمە سەرکوتگەرەکاندا زیاترەو لە قۆناخی کۆتاییدا ئەم خۆپیشاندانانە بۆ شارە چووکەکانیش دەگوازرێتەوەو رواڵەتێکی سەرانسەری بە خۆیەوە دەگرێ"، درێژەی دا: "چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتووشدا خەڵکی شارە گەورەکانی دیکەی ئێرانیش دەست بکەن بە خۆپیشاندان‌و دژکردەوە بنوێنن لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و هەنگاو بە هەنگاو ئەم خۆپیشاندان‌و دژکردەوانە بە شارە چووکەکانیش بگا".

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە دوارۆژی حەرەکەت‌و خۆپیشاندانەکانی هەنووکە لە ئێراندا، بەڕێز هیجری وێڕای هێنانە بەرباسی ئەم ئەگەرە کە حەرەکەتێک کە دەستی پێکردووە؛ "ئەگەری ئەوەی هەیە بە هۆی سەرکوتە توندەکان‌و توندتر لەوەی کە تا ئێستا دیتوومانە، بە شێوەیەکی کاتی بێدەنگ بێت، بەڵام گەڕانەوەی نیە"، ئاماژەی بە تێپەڕینی خەڵک لە رێفۆرمخوازی‌و شکڵگرتنی هەرچی زیاتری خواستی رووخانی رێژیم لە نێو خەڵکدا کردو وتی: "پێموایە کە لە خۆپیشاندانەکانی داهاتوودا هەنگاوی زیاتر بەرەو پێش هەڵدەگیردرێ‌و خەڵک ئەم رێگەیە دەبڕن تا کاتێ کە کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن‌و حکومەتێک دابمەزرێنن کە هەڵێنجاوی ویستی خۆیانە".

بەڕێز کاک مستەفا لە ولامی ئەم پرسیارەدا کە: "کۆبەندیی یان هەڵگرتی گشتی ئێوە سەبارەت بەم رەوتەی کە هەنووکە لە ئێراندا لە ئارادایە چیە"، وتی: "خەڵک ئۆمێدێکیان بە چاکسازیی نەماوەو ئەمە یەکێ لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم حەرەکەتەیە، دووڕدڵی‌یەکان بەسەر چووەو خەڵک رێگەی خۆیان بە دروستی دەستنیشان کردووەو دەڕۆنە پێشەوە. رێبەریی حەرەکەتەکە ئەگەر لە سەرەتادا لە دەستی مۆرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بووو ئەوان پلانداناو رێنوێنی خۆپیشاندانەکانیان لە ئەستۆ بوو، دەبینین کە لە خۆپیشاندانی ١٣ی خەزەڵوەر ئەم رێبەرییە زیاتر لە دەستی خودی خۆپیشاندەران‌و ئازادیخوازاندایەو هەر بەم هۆیەیە کە دەبینین دروشمەکان رادیکاڵترو لە رەوتی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی‌و گۆڕانی گشتیی دێتە ئاراوە. خاڵی کۆتایی کە دەتوانین هێمای پێبکەین

ئەمەیە کە، بەرەبەرە کە دروشمەکان رادیکالیزەتر دەبن و هاوتەریبی رووخانی کۆماری ئیسلامی دەبن، خەڵکێکی زیاتر دەچنە نێو ریزی خۆپیشاندەرانەوەو ئەمەش بە دڵنیاییەوە هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێش دەڕوات".

بەڕێوەبەری بەرنامەکەی "تیشک" بە ئاماژەدان بە بەشداری نەکردنی خەڵکی ناوچەکانی نەتەوە ژێردەستەکان لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەداو توندتربوونی سەرکوت - بۆ نموونە ئێعدامی ئێحسان فەتاحیان . وچەکدارکردنی عەشیرەتەکان لە پارێزگاکانی نەتەوە ژێردەستەکان، ئەم پرسیارە ئاراستەی بەڕێز کاک مستەفا دەکات کە بۆچی سەرەڕای ئەم بەشداری نەکردنە، سەرکوت لەو ناوچانەدا توندترو بەربڵاوترە؟؛

بەڕێز هیجری لە وەڵامدا، بە هێنانە بەرباسی دوو هۆکاری سەرەکی، ترسی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە پەیوەستبوونی نەتەوە ژێردەستەکان بە خۆپیشاندانەکان لەو کاتەدا کە خواستەکانیان لە خۆبگریّ و هەروەها روانگەی ئەمنیەتیی هەمیشەیی رێژیم بە نیسبەت ئەو ناوچانەوە، بە تایبەت کوردستان، وتی:

"هەموو کاتێ رێژیم لە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان و باقیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەترسێ کە نەبا خۆپیشاندانەکان و دژکردەوەکانی ئەوان بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامیّ بتوانی یارمەتیدەر بێت بۆ ئەو نارەزایەتیانەی کە لە تاران دەستی پێکردوە، لەم پێناوەشدا دەبینین کە چووکەترین جموجۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێران لە خاڵە سنوورییەکاندا، وەک بەلووچستان، ئەهواز، کوردستان و لە تورکەمەنستاندا، تەنانەت بە تۆمەتگەلێکی زۆر قورستر لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکان یان لە دەربڕینی نارەزایەتییەکان بە سەریاندا دەسەپێنێ و ئەوانی بە زیندانی درێژخایەن و ئیعدام مەحکووم کردووەو ئەم شێوازە لە سەرەتاوە لە کۆماری ئیسلامیدا بووە و هەنگاو بە هەنگاو کە دژکردەوەکانی خەڵک لە تاراندا زیاتر دەبێت، مەترسیەکی زیاتر جەستەی کۆماری ئیسلامی دادەپێچێ و بە مەبەستی پێشگرتن لە خەڵکی شارە سنوورییەکان و نەتەوەکانی ئێران کە زامدارترن لە خەڵکی تارانیش بە هۆی ئەو ستەمە نەتەوایەتیانەی کە داسەپاوە بە سەریاندا، ئەم کەش و هەوای ترس و تۆقاندنەی دروست کردوە".

لە درێژەی وەڵامەکەیدا بەڕێز هیجری وتی: "هەر بەم هۆیەشەوە دەبێ چاوەڕوانی ئەمە بین هاوکات لە گەڵ ئەوەیکە خۆپیشاندانەکان لە تاران و شارە گەورەکان بە لووتکە دەگات، توندیی سەرکوتەکان و کپ کردنی کەش و هەوای شارە سنوورییەکان و لە ناوچە نەتەوەییەکاندا زیاتر ببێت. هەرچەند جێگەی گومان نیە کە ئەم سەرکوتانەش ناتوانێ پێش بە نارەزایەتی دەربڕینی خەڵک بە دژی کۆماری ئیسلامی بگرێ، بە هەمان شێوەی کە تا ئێستا دیتوومانە، چ لە تاران و چ لە شارە گەورەکاندا، بە تایبەت لە کوردستاندا سەرکوتەکان هیچ کات نەیانتوانیوە یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامی بن".

لە پرسیاری دواتردا؛ دوو بابەتی قووڵبوونەوەی بۆشایی و جیاوازی لە نیوان هێزە سەرکوتکەرە جیاجیاکانی رێژیمداو هەروەها لە نێو رووحانیەتی شیعە لە ئێراندا لە گەڵ کاک مستەفا باس دەکرێ کە بەڕێزیان بە روونکردنەوەی هۆکاری بێ متمانەیی رێژیم بە هێزە ئەرتەشییەکان و جیاوازی دانانی رێژیم بە قازانجی سپای پاسداران و بە زیانی ئەرتەشی رێژیم، بەم شێوەیە دەدوێ:

"سروشتیە کە لە نێوان ئەرتەشییەکاندا ناڕەزایەتیی زۆر توند بوونی هەبێت لە هەمبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵاواردنە روونە کە لە نێوان سوپاو ئەرتەشدا بەڕێوەی دەبەن. بەڵام ئەگەر تەنیا باس لە سوپای پاسداران بکەین، کە هێزی سەرەکی سەرکوتو پشتیوانی کۆماری ئیسلامییە، زۆر سروشتیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە لە نێو ئەم هێزەدا بە تایبەت لە ئاستی خوارەوەو بەدەنەی ئەم هێزەدا، دژایەتیو ناڕەزایەتییەکان لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە هەمبەر سەرکوتێکدا کە بەم هێزە سپێردراوە، بوونی بێت. چونکە ئەم هێزە لە بەرامبەر خەڵکدایە، خەڵکێک کە داوای سەرەتاییترین داخوازییەکانیان دەکەن وئەم خەڵکانەش کەسانێک نین جگە لە تاکەکانی بنەماڵەکەیان، جگە لە خوشکو براکانیان، هەر بۆیە زۆر سروشتیە ئەم هێزە لانیکەم ناڕازی بێت". لە درێژەی وتەکانیاندا دەڵێن: "ئەم شیمانە وا دادەنێم کە ئەگەر سەرکوت هەروا بەردەوام بێت، سەرەنجام لە نێو ئەم هێزانەشداو لە ئاستی فەرماندەرکان - ئەگەر لە ئاستی سەرەوەشدا نەبن - لە ئاستی فەرماندەرانی پلە خوارەوەدا ناڕەزایەتیو نافەرمانی سەر هەڵئەدا، چونکە هەروەک گوتم ئەوانە مەئمووری سەرکوتی خەڵکن".

لە مەڕ زانایانی ئایینی شیعە، بەڕێز هیجری بە جیاواز ناوبردنی ئەم مەسەلەو باسکردنی ئەوەیکە: "ئەمە بابەتێکی سیاسیی - ئایینییە"، ئاماژە بە ناڕەزایەتی دەربڕینی زۆربەی زانایانی ئایینی شیعە، بە تایبەت زانایانی قوم بە دژی هەڵسوکەوتی وەلی فەقیهە لە راگەیاندنی پشتیوانی یەکلایەنە لە ئەحمەدی نەژادو سەرکوتی خەڵک بە شێوەی دڕندانە دەکاو دەڵێ:

"ناڕەزایەتیی کەسایەتییە ئایینییە شیعەکان دوو لایەنەیە، یەکیان لە روانگەی ئایینیەوە کە ئەوانە بیر دەکەنەوە کە ئەم چەشنە سەرکوتو رەفتارەی کە کۆماری ئیسلامی گرتوویەتە بەر، زیاتر لە جاران کۆماری ئیسلامی لە روانگەی بیروڕای گشتیدا بێ بایەخ دەکاتو دەبێتە هۆی بێزاریو نەفرەتی خەڵک لە سیستمەکەو لە ئاکامدا، ئەمانە بە هۆی پاراستنی ئیسلام، ئیسلامێ کە خۆیان باوڕیان پێیەتی، دژبەری ئەم بارودۆخەن، لە روانگەی سیاسیشەوە بیر دەکەنەوە کە درێژەدار بوونی ئەم دۆخە دەبێتە هۆکارێک بۆ دژکردوەی توندتری خەڵکو دەبێتە هۆی رووخانی کۆماری ئیسلامی، چون ئێمە دەزانین کە هەموو ئەم پیاوە ئایینیانە چ ئەوانەی رازینو چ ئەوانەی ناڕازین، لە پاراستنی کۆماری ئیسلامیدا یەکڕانو تەنانەت کەسایەتیەکیش وەک ئایەتوڵلا مونتەزێری کە لە سەردەمی خومەینییەوە دژایەتی خۆی دەست پێکردووەو لە مانگەکانی پێشووشدا چەندین کەڕەت دژایەتی خۆی لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو شێوازی کارکردیان دەربڕیوە، بەڵام دیسان پرسی کۆماری ئیسلامیو پاراستنەکەی بۆ ئەو گرینگە".

قەیران خولقێنیی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچەدا، لەوانە پشتیوانی لە شەڕکەرەکانی شیعە لە یەمەنو رووبەڕووبوونەوەی ڕێژیم لەگەڵ عەرەبستانی سعوودیو هەروەها لەقاودانی کردەوەکانی باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمان بە دژی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەو وڵاتە لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمانەوە، نێوەرۆکی سەرەکی پرسیاری دواتری "تیشک" لەگەڵ کاک مستەفایان پێک دەهێنا؛

**بەڕێز هیجری لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا**، بە ئاماژەدان بە رابردووی کۆماری ئیسلامیی لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەداو بە تایبەت وڵاتانی ناوچە بە درێژایی تەمەنی ئەم ڕێژیمەو هەروەها کردەوەی باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو ناوەندی

ڕێنوێنیو چەکدارکردنو زانیاری پێدان بە تێرۆریستەکانو تیرۆری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کە دادگای میکۆنووس نموونەی بەرچاوو سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە، وتی: "سەیر کەن ئەگەر ئێمە بڵێین بۆچی ئەم کارە دەکات لە کاتێکدا کە لە نێوخۆدا لە گەڵ بارودۆخێکی خراپو نارەزایەتی خەڵکو قەیرانە جۆرواجۆرە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکاندا بەرەوڕووە، ڕەنگە یەکێ لە هۆکارەکانی ئەمە بێت کە لە بنەڕەتدا هەناردەی شۆڕش بەشێکە لە چییەتی ئەم ڕێژیمە، ئەمە بە ئەرکی خۆی دەزانێ، ئەگەر لە نێوخۆی ئێراندا خەڵک لە کۆماری ئیسلامی بێزارن، بۆ کۆماری ئیسلامی ئێجگار گرینگە کە بە ناوی داکۆکی کردن لە مافە پێشێلکراوەکانی خەڵکی فلستین، خەڵکی فلستین بەسیج بکات کە بۆ کۆماری ئیسلامی دروشم بدەن یان لە خەڵکانی بەرهەڵستکاری دیتر وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس کە لە حکوومەتەکانی خۆیان نارازین پاڵپشتی بکات بۆ ئەوەیکە ددانی پێدا بنێن. ئەم شێوازەش بە بڕوای من هاوکاتە لە گەڵ تەنگەژە خولقێنی لە ئاستی نێونەتەوەییداو لە ناوچەکەش درێژەی دەبێت. کەوایە دیسان دووبارەی دەکەمەوە ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بەشێکە لە بنەماکانی کۆماری ئیسلامیو شتێک نیە کە نوێ بێتو تازە دەستی پێکردبێت".

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە: "بە بڕوای ئێوە مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەو تێکدانی ئاشتیو سەقامگیریی ئەم ناوچە قەیراناوییانە چیە؟"؛

کاک مستەفا بە ئاماژەدان بە جیاوازی پێناسەکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە ڕوانگەی خەڵکی ئێرانەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لە سەر ئەم بڕوایە بوو کە: "بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران قازانجی نەتەوەییو هەموو ئەو دروشمانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی پاراستنی ئیسلام، پەتەوتر کردنی ئیسلام، داکۆکی لە هەژاران، دژایەتی کردنی موستەکبرین بە گوێرەی خۆیان، هەموو لە پێوەندی لە گەڵ پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دایە. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە تا بە ئێستا هیچکات کەڵکەڵەی پشتیوانی کردنی لە موسلمانانی دونیا نەبووە، کۆماری ئیسلامی هیچکات خەمخۆریان نەبووەو ناشبێت. یان لە پێوەندی لە گەڵ پرسی ئیسلامدا، لە هەر شوێنی کە قازانجەکانیان ویستوویەتی، لەو ستەمەی کە بە سەر موسڵمانەکاندا سەپاوە چاوپۆشی کردووە، بۆ وێنە هیچکات لە موسڵمانەکانی کێشمیر داکۆکی نەکردوە، هیچکات لە موسڵمانەکانی چیچێن داکۆکی نەکردوە، هیچکات لە موسڵمانەکانی چین داکۆکی نەکردوە". هەروەها بەڕێزیان باسی دروشمی بنەرەتی ڕێژیم واتە "ناردنە دەرەوەی شۆڕش بە مەبەستی پێکهێنانی ئیمپراتۆری ئیسلامی" کردو درێژەی دا: "کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو باوەڕەیە وڵاتانی سونیی ناوچەکە، لە ڕێگەی ئیسلام لایان داوە، هەمە جۆر تۆمەت وەک ئیسلامی ئامریکایی، ئیسلامی موستەکبرینو لەم شتانە دەخاتە پاڵیان، ئیسلامی ئەوان بە پووچەڵو ئیسلامی خۆی بە ڕەوا دەزانێ، لە ئاکامدا زۆر سروشتیە کە لە ڕێگەی لاواز کردنیانو لە ئاکامدا ڕووخاندنی ئەم جۆرە حکوومەتانەو تەشەنەو دەستێوەردانی تەواو لەم وڵاتانەدا هەنگاو هەڵ بگرێت. جا ئێستا کەی کۆماری ئیسلامی خۆی بەو ئاکامە دەگا کە ڕێگەیەکی هەڵەی گرتۆتە بەر، من لەو بڕوایەدا نیم کە هیچکات وەها بیرۆکەیەکی بۆ دروست بێت کە هەڵەکانی خۆی ببینێ. چونکە لە بنەڕەتڕا ئەم کۆمارە ئیدئۆلۆژیکە، ئیدئۆلۆژیی خستۆتە خزمەتی پاراستنی دەسەڵاتەکەیو هەرکات بە پێویستی بزانێ، دەستێوەردان دەکات".

پرسی ناوکی ئێران، نەرمی نواندنی بەڕێوەبەرایەتی باراک ئۆباما بە نیسبەت ئەم پرسەو درێژەکێشانی رووساردی ڕێژیمی ئێران بە بڕیارنامەکانی شوورای نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەڕ ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم، تەوەری ئەو بابەتانە بوون کە لە پرسیارێکی دیکەی "تیشک" دا هاتبوون. بەڕێز هیجری بە ئاماژەدان بە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ئەم پرسە، وتی:

"ئێمە ساڵانێکی زۆرە، لەو سەردەمەوە کە کێشەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە کۆماری ئیسلامیدا کێشەخولقێن بوو بۆ بیروڕای نێونەتەوەییمان، روون کردەوەو رامانگەیاند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا بیر لە پاراستنی رێژیم دەکاتەوە. لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم کێشەدا کۆماری ئیسلامی ئێران لە راستیدا وا بیر دەکاتەوە کە ئۆرووپاو هەمووی ناوچەکە دوژمنی کۆماری ئیسلامین، کەوایە لە بەرامبەری ئەم دوژمنانەدا کە بەشێکیان تەیارن بە چەکی ناوکی، دەبێ هێزێکی هەبێ کە بتوانێ خۆی بپارێزێو بەدەستێهنانی چەکی ناوکی بە چارەسەریەک بۆ ئەم کێشە دەزانێ. کەوایە زۆر سروشتیە کۆماری ئیسلامی ئێران لە رێگای گەیشتن بەم ئامانجە بجووڵێتو ئەم کارەشی کردووە. بۆچی کۆماری ئیسلامی دەست لە پرۆگرامەکەی هەڵناگرێتو بە هەمانشێوە کە ئاماژەتان پێدا تەنانەت پابەندی ئەو وادانە نیە کە لە پێش چاو جیهانیان دەیداو وەلای دەنێ. هۆکەی ئەمەیە کە لە بنەڕەتدا باوەڕی بەوە نیە کە پیتاندنی ئۆرانیۆم رابگیردرێت تا کاتێ کە بە بۆمبی ناوکی دەست پەیدا دەکا. مەگەر کاتێ تێبگا کە هەڕەشەکان ئەوەندە توندن کە دەتوانێ ئەو رێژیمەی کە ئەوان بۆ پاراستنی تێدەکۆشن لە نێو بچێت. بەڵام تا ئێستا ئەو هەڕەشانەی کە لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆرووپاو ئامریکا لە ئێران کراوە ئەوەندە توند نەبووەو نەیتوانیوە شوێندارو کاریگەر بێت تا ئەو شوێنەی کە کۆماری ئیسلامی بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە لەوانەیە برووخێ، هەر بەم هۆیە کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لە گەڵ ئەم کێشەیەدا بەردەوام خەریکی دەستی کردنو مانۆڕدانە".

بەڕێزیان لە درێژەدا، هاتە سەرباسی نەرمی نواندنی ئێستای ئامریکاو وتی:

"بە تایبەت ئەو نەرمییەی کە ئۆباما لە خۆی نواندیو رایگەیاند لە پێوەندی لەگەڵ دانووستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیو لە پێوەندی لەگەڵ ئەو غرمانەی کە بە کۆماری ئیسلامی دەدات بە هۆی ئەوەیکە کە رێژیم بکێشێتە پشت مێزی دانووستان، کۆماری ئیسلامی ئەمە وەک غرمێک بۆ خۆی دەزانیو وەک شکستێکو وەک خاڵی لاوازی ئۆرووپاو ئامریکا پێناسەی دەکات، هەر بەم هۆیە کاتکوژی دەکاتو بەرنامەکانی لەمەڕ پیتاندنی ئۆرانیۆم درێژە دەداتو دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە ئەم بەرنامەی کۆماری ئیسلامی تا جێگەیەک درێژە پەیدا دەکات کە هەڕەشەکان ئەوەندە توند بن کە کۆماری ئیسلامی هەست بەوە بکات کە لە حاڵی رووخان دایە. ئەو کاتەیە کە هەمدیس بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامی ملکەچ دەکات بۆ هەموو ئەو رێکەوتنانەی کە لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە بە سەریدا دادەسپێ".

بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە کۆتایی‌دا باسی پرۆسەی رووخاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامیو ئەرکی چینوتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کردو وتی:

"پێموایە کاری کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەی، لەگەڵ هەموو ئەو قەیران خولقێنیانەو دوژمن تراشیانەی لە نێوخوو دەرەوە بە جێگەیەک گەیشتووە کە بە کەناری زەریا ناگات. یانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە بڕوای من خەریکە پرۆسەی رووخانی خۆی دەبڕێ، هەر بۆیە وا بیر دەکەمەوە خەڵکی ئێران، ئۆپۆزیسیۆن، ئازادیخوازانی ئێران، بە تایبەت نەتەوەکانی



سەرچاوە
Serchawe

ئێران دەبێ هەنگاو هەڵبێننە نێو مەیدانو بۆ لاوازکردنی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامیو رووخاندنی خێراتری لە هەوڵدا بن تا تێچووەکەی زیاتر لەمە قورس نەبێت".

رۆژنامەی کوردستان . ژمارە ٥٢٢ - ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

## دەبێت ئەم حکومەتەی ئێستای ئێران لەبناغەوە بڕوخێندرێت



دیداری: بەرهەم لەتیف ، هەڵوێست عوسمان

حزبی دێموکرات پەیوەندی کۆنی لەگەڵ ئەمریکادا هەبووە، بەڵام ئۆباما ئەو پەیوەندییەی پەکخست

**ڕێگا مەگەزین**: چۆن دەڕواننە ئەو سیاسەتەی کەدوور لەخاکی خۆتان ئەنجامی دەدەن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە سیاسەت لەدووری خاکی خۆمان ناکەین، ئێمە قاعیدەی حزبەکەمان لەنێو وڵاتی خۆماندایەو کاری ڕێکخستنو ڕاگەیاندن بەتەواوی دەچێتە پێشەوە، تەنها بەشی ئاشکرای حزبیمان لەدەرەوەی خاکی خۆمانە کەناتوانین لەئێران بمێنینەوە، چونکە ناسراوینو دەکەوینە ژێر زەبر وزەنگی دەزگا هەواڵ گریەکانەوە.

**ڕێگا مەگەزین**: کەواتە ئێوە لەناو لایەنگرانی خۆتانن؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئێمە لەناو خەڵکی خۆماندایןو پەیوەندی رۆژانەمان هەیە لەگەڵیاندا.

**ڕێگا مەگەزین**: ئەو پەیوەندییانە بەهۆی چیەوەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو پەیوەندییانە زیاتر لەڕێگای تەکنەلۆجیاوەیە.

**ڕێگا مەگەزین**: بەڵام کۆمەڵێک لەلایەنگرانی ئێوە پێیانوایە لەبڕیارەکاندا سەربەخۆ نین؟

**مستەفا هیجری**: باشە ئەو کەسانەی کەئەوقسانە دەکەن دەبێت ئاماژە بەو بڕیارانە بکەن کەکەسانیتر بۆمان دیاری دەکەن.

**ڕێگا مەگەزین**: ئەمە بەو واتایە دێت کەئێوە لەبڕیارەکانتانا سەربەخۆن؟

**مستەفا هیجری**: بەهۆی ئەوەی کەئێمە هیچ کێشەیەکمان بۆ حکومەتی هەرێم دروستنەکردووە، هەندێک کەس وادەزانن بەوهۆیەوە ئێمە لەکاروبارەکانماندا سەربەخۆ نین، بەڵام بەپێی چەوانەوە ئێمە تەواو سەربەخۆین‌و کارمان بەکوردستانی باشوورو حکومەتی هەرێم‌و سیاسەتی ئێرەوە نییە، بەڵکو مەیدانی تێکۆشانی ئێمە کوردستانی خۆرهەڵاتە.

**ڕێگا مەگەزین**: ئەم قسەیەی بەڕێزتان ئەوە دەگەیەنێت کەئێوە نەبوونەتە هۆی کێشە لەنێوان حکومەتی هەرێم‌و کۆماری ئیسلامی ئێراندا؟

**مستەفا هیجری**: ئەم پرسیارە دەبێت حکومەتی هەرێم وەڵامی بداتەوە ئایا بوونی ئێمە گرفتی بۆ ئەوان دروستکردووە یاخود نا؟ چونکە من ئاگاداریی وردەکاری پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم‌و کۆماری ئیسلامی ئێران نیم.

**ڕێگا مەگەزین**: ئێوە وەک حزبی دیموکرات پێتانوایە قۆناغی خەباتی چەکداری کۆتایی هاتووە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر ئێمە هیچ لایەنێکی خەباتمان ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵام لەهەرماوەیەکی دیاریکراو چ جۆرەخەباتێک بەقازانجی هێزو میللەتەکەمان بێت، ئەوجۆرە خەباتە بەرجەستە دەکرێت.
لەسەردەمێک خەباتی چەکداریمان دەکرد، بەڵام ئێستا زیاتر خەباتی ڕێکخستن‌و دبلۆماسی بەرجەستە دەکرێت.

**ڕێگا مەگەزین**: ئەی بۆچی خەباتی چەکداریتان لەم قۆناغەدا پەراوێزخستوە؟

**مستەفا هیجری**: چونکە پێمانوایە لەکاتی ئێستادا خەباتی چەکداری بەقەدەر خەباتی مەدەنی دەوری نییەو خەباتی مەدەنی زیاتر کاریگەری دادەنێت بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد.

**ڕێگا مەگەزین**: بەڵام پەژاک لەئێستادا خەباتی چەکداری دەکات‌و کاریگەریشی داناوە؟

**مستەفا هیجری**: هەرلایەنێک بەپێی لێکدانەوەی بارودۆخی خۆیو وڵات بڕیاری سیاسی خۆی دەدات، لەوە دەچێت ئەوان ئەوەیان پێ باشبێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نین.

**رێگا مەگەزین**: پەیوەندیتان لەگەڵ پژاکدا لەچی ئاستێکدایە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەگەڵ پژاکدا پەیوەندیەکی ئەوتۆمان نییە.

**رێگا مەگەزین**: بۆچی؟

**مستەفا هیجری**: چونکە ئێمە پژاک وەکو حزبێکی سەربەخۆ نابینین، بەڵکو لقێکە لەپەکەکەو بڕیاریان بەدەست خۆیان نییە، ئەگەر رۆژێک پێویستبێت لەگەڵ پەکەکە پەیوەندی دەگرین.

**رێگا مەگەزین**: کەواتە پەکەکە بەمەرجەع دادەنێن؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ پەکەکە وەک حزبێکی سیاسی سەیر دەکەینو پژاک لقێکە لەئەوان، هەروەک چۆن لەبەشەکانی تری کوردستاندا رێکخراوی تریان دروستکردووە بەناوی جیاوازەوە تێکۆشان دەکەن.

**رێگا مەگەزین**: هۆکاری تەبلیغاتتان بۆ یەکێتی زانایانی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: یەکێتی زانایانی ئایینی لەوەو پێش خۆی هەبووە، بەڵام ئێمە هەندێک پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵیانداو داوایان لێکردین لەڕێگای راگەیاندنمانەوە بەخەڵکیان بناسێنین، ئێمەش بەپێی ئەوزانیارییانەی کەهەمانبوو لەسەر هەندێک کەسی ناو ئەو رێکخراوە کەنیشتمانپەروەرنو نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری ئیسلامی رادیکاڵەوە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە زۆرینەیان خەڵکی مسوڵمانن‌و ئێمە ئەگەر پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵیاندا وەکو حزبێکی دیموکرات رێز لەهەموو بیروبۆچوونێک دەگرین، بەتایبەتی ئەو ئیسلامەتییەی کەدووربێت لەکاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

**رێگا مەگەزین**: پەرەسەندنی ئیسلامی رادیکاڵ لەکوردستانی خۆرهەڵات لەچی ئاستێکدایە؟

**مستەفا هیجری**: ئیسلامی رادیکاڵ لەخۆرهەڵاتی کوردستان هەیە، هەروەک بەشەکانی ترو خەڵکی زۆر پێشوازی لێناکەن.

**رێگا مەگەزین**: پەیوەندیەکانتان لەگەڵ ئەمریکادا لەچی ئاستێکدایە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەکۆنەوە لەگەڵ ئەمریکادا پەیوەندیمان هەیە، بەڵام دوای هاتنە سەرکاری ئۆباما بەهۆی ئەو سیاسەتەی کەڕایگەیاندووە دەیەوێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا گفتوگۆبکات، ئەو پەیوەندیانە هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەخۆیەوە نەدیوە.

**ڕێگا مەگەزین**: بەرەنجامی ئەو چەندساڵەی لەگەڵ ئەمریکادا پەیوەندیتان هەبووە، بۆچوونی ئەمریکا بەرامبەر بەئێران چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەندەی کەئێمە ئاگادارین، باسی گۆڕینی سیستم نەکراوە، بەڵکو زیاتر گوشار خستنە سەر ئێران بووە لەسەردەمی بۆش-دا، زیاتر ئەو سیاسەتە بەرەوپێشدەچوو نەک پێکهێنانی حکومەتێکی نوێو کۆتایی هێنان بەم سیستمە.

**ڕێگا مەگەزین**: باشە ئەمریکا ئەگەر دیدێکی روونی سەبارەت بەئێران نییە، پەیوەندییەکانتان لەسەر چ بنەمایەکە؟

**مستەفا هیجری**: شتێکی ئاساییە وەختێک ئێمە دژی ئێرانینو ئەمریکا دەیەوێت گوشار بخاتە سەر ئێران ئەو پەیوەندییانە دێتە ئاراوە.

**ڕێگا مەگەزین**: لەسیاسەتدا هیچ شتێک مەحاڵ نییە ئەگەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو ئێران بەیەکەوە گونجان، چی زەمانەتێک هەیە بۆئەوەی ئەمریکا نەتانکاتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە تێکۆشانی خۆمان نەبەستۆتەوە بەوەی کەئەمریکا یارمەتیمان دەدات یاخود نا، ئێمە خەباتی خۆمان بەدرێژایی(٦٠) ساڵی رابردوو دژی سیستمی پاشایەتیو ولایەتی فەقیھ بۆ بەدەستهێنانی مافی دیموکراتیو نەتەوایەتی بووە، درێژە بەوخەباتە دەدەین ئەگەر هەلێک دروستبێتو ئەوروپا یان ئەمریکا دژی ئێران بن، ئێمە سوود لەو دەرفەتە دەبینین.

**ڕێگا مەگەزین**: کەواتە هەموو کارێکی خۆتان نەبەستۆتەوە بەئەمریکاوە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ لەهیچ کاتێکدا وامان نەکردووە، نەئەمریکا نەهیچ لایەنێکیتریش.

**ڕێگا مەگەزین**: ئەو رەوشەی کە لەئێراندا دروستبووە لەدوای هەڵبژاردنەکان، چۆنی لێکدەدەنەوە؟

**مستەفا هیجری**: پێمخۆشە سەرەتا باسی پێش هەڵبژاردنەکان بکەم، ئەو بۆچوونەی کەئێمە هەمانبوو وەکو حزبی دیموکرات لەگەڵ هەندێک لایەنی تری ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، بەلێکدانەوەیەکی ورد گەشتبوینە ئەو ئەنجامەی کەهیچ شتێکی نوێ نییە لەکۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئێران لەسەر بیروبۆچوونەکانی خۆیەتیو سیاسەتەکانی هەروەکو رابردووە، بەڵام لەناوخۆی ئێرانو دەریشەوە هەندێک

پێیانوابوو کەئەم هەڵبژاردنە دەبێتە شتێکی نوێ لەئێرانو خەڵکی لەڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە دەتوانن نوێنەری خۆیان هەڵببژێرن.

ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی زەحمەتکێشانی ئێران بەیاننامەیەکی هاوبەشمان دەرکردو داوامان لەخەڵک کرد بەشداریی هەڵبژاردنەکان نەکەن، چونکە دەنگی ئەوان هیچ کاریگەریی دانانێتو حکومەت کاندیدی خۆی دیاری کردووە، هەڵبژاردنیشکرا هیچ شتێکی نوێ نەهاتە ئاراوە، تەنها ئەوە نەبێت خەڵکی بەناڕەزایی ڕژانە سەرشەقامەکان کەزۆرتر لایەنگرانی موسەویی بوون، بەداخەوە ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراو بریندارابووەو کۆمەڵێکی زۆر خەڵک کەوتە زیندانەوە بەشێوەیەکی زۆر وەحشیانە ئەشکەنجە دەدرێن، ئەم واقیعەی لەئێراندا هاتە پێشەوە، بووە هۆی ئەوەی کەلێنی نێوان باڵەکانی حکومەت زیاتربێتو عەلی خامەنەئی ئەو ڕێزەی پێشووی نەمێنێت، سەرەڕای دڕندەیی هێزەکانی ئێران، بەڵام خەڵکی ترسیان شکاوە لەماوەی(٣٠) ساڵی ڕابردوودا بۆ یەکەمجارە خەڵکی بەم شێوە بڕژێنە سەرشەقامەکان.

**ڕێگا مەگەزین**: لەئێراندا ویستێک نییە بۆ ریفۆرم؟

**مستەفا هیجری**: ویست هەیە بۆ ریفۆرم، بەڵام کەسانێک دەیانەوێت خەڵکی لەڕێگای ڕاستەقینەی خۆیان کەڕووخاندنی ڕژێمە، لابدەنو ساڵەهاشە لەو بوارەدا ئیش دەکەن، ریفۆرم لەحکومەتی ئێراندا روونادات، چونکە ریفۆرم تایبەتە بەو سیستمانەی کەدیموکراتینو خەڵکی بەبێ ترس بیرو بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن لەو بۆچوونانەش کەدەربدەبڕن، ئاڵوگۆڕ دێتە پێشەوە، بەڵام لەئێراندا هەموو شتێک بەپێی ئەو ئایین ئیسلامیە کەخۆیان باوەڕیان پێی هەیە، هەمووشتێک دیاریکراوە وەک خوێندنەوەی تایبەتی خۆیان بۆمافی مرۆڤو دیموکراسیو بوارەکانی تر، ئەو کاسەنەی کەقسەدەکەن لەسەر ریفۆرم، زیاتر زیان دەدەن لەو جوڵانەوەی کەئێستا لەئێراندا هەیە، دەیانەوێت قەناعەت بەخەڵکی بهێنن کەئەم حکومەتەش دەتواندرێت ئاڵوگۆڕی دیموکراسی بەسەردا بهێنرێت.
موسەویی کەخۆی بەریفۆرمخواز ناودەبات، باس لەوەدەکات کەدەبێت ئێران بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی خومەینیو بەوەش ڕازی نابێت کەئێستا هەیە.

**ڕێگا مەگەزین**: کەواتە دەبێت کەسانی ریفۆرمخوازی ئێستا ناوبنێین چی؟

**مستەفا هیجری**: من ئەوان بەکەسانێک دەبینم کەبەشی هەرەزۆریان لەناو حکومەت بوون لەوەوپێش، بەڵام وردە وردە پەراوێزخراون.

**ڕێگا مەگەزین**: کەواتە کارکردنە لەپێناو گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆیان؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: بەڵێ کێشەکەیان کێشەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاترە بۆخۆیان نەک بۆئازادیو دیموکراسی، چونکە ئەوان بۆخۆیان بەشێکبوون لەدەسەڵات، مەهدی کەڕوبی لەدەوری شەشەمی پەلەماندا بۆخۆی سەرۆکی پەرلەمان بووە، میر حوسێنی موسەوی سەردەمانێک سەرۆکی حکومەت بووە، بەڵام ئێستا بەناوی ریفۆرمەوە خەڵک هەڵدەخەڵەتێنن.

**ڕێگا مەگەزین**: بەڵام ئەگەر سەیری بەرنامەی کاندیدای ریفۆرمخوازەکان بکەین، زۆرجیاوازی هەبوو لەگەڵ محافزکارەکان، بۆ نموونە مەهدی کەڕوبی باسی نەتەوەکانی ئێرانی دەکرد؟

**مستەفا هیجری**: یەک شت هەیە حەز دەکەم ئاماژەی پێبکەم، لەهەموو هەڵبژاردنەکانی ئێراندا بۆ سەرۆکایەتی سەرکۆماریو پەرلەمانیش چونکە دەزانن خەڵک بەشداریی ناکات، دەیانەوێت بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بەجۆرێک بێت کەسەرنجی خەڵکی رابکێشێتو خەڵکی بچنە سەرسندوقەکانی دەنگدان، هاتنی خەڵک بۆسەر سندوقی دەنگدان لەوەدا بۆ ئێران گرنگە کەدەیەوێت پیشانی خەڵکی بدات کەحکومەت لایەنگری زۆرە، ئەم پرۆژەیەی مەهدی کەڕوبی یەکێک بوو لەوانە، ئێمە لەڕابردوودا زۆر جار بینیومانە کەکاندیدێک دژی حکومەت قسەی کردوە یان باسی مافی نەتەوەکانی کردوە بۆ ئەوەی خەڵکی وابیربکەنەوە کەئەم هەڵبژاردنە جیاواز دەبێت، بەداخەوە ئەم پرۆژەیەی کەڕوبی هەندێک کەسی خستە ژێر کاریگەرییەوە.

**ڕێگا مەگەزین**: کەواتە ریفۆرمی راستەقینە پێویستی بەگۆڕینی سیستمەکەیە نەک کەسەکە؟

**مستەفا هیجری**: بەبۆچوونی ئێمە دەبێت لەبناغەوە حکومەتی ئێستا بڕوخێندرێتو حکومەتێکی دێموکراتی لەسەر داخوازی خەڵکی بێتە ئاراوە، چونکە هەتا ئەم حکومەتە لەسەرکاربێت، نابێت چاوەڕێی ریفۆرم بکەین.
ئەم حکومەتە هی ئەو کەسانەیە کەملکەچ بن، جا فارس بێت یان کورد بێت یا عەرەب یا تورک، جیاوازی نییە.

**ڕێگا مەگەزین**: کەواتە هیچ ئومێدێک نییە بەموسەویو حزبە نوێیەکەی؟

**مستەفا هیجری**: موسەوی جارێ حزبەکەی دانەمەزراندووە ئاشکراش نییە حکومەت ڕێگای پێدەدات، ئەگەر ڕێگاشی پێبدات لەهەمان چوارچێوەدا دەبێت، موسەویی بەیاننامەیەکی لەڕێگای سایتەکەیەوە بڵاوکردۆتەوە کەئاڕاستەی لایەنگرانی خۆی کردووە بەتایبەتی لایەنگرانی لەدەرەوەی وڵات، باسی ئەوە دەکاتو دەڵێت: دژی کۆماری ئیسلامی ئیرانو ولایەتی فەقیەو هەروەها قانوونی بنچینەیی دروشم نەدەن، هەرچییەکتان دەوێت دەبێت لەچوارچێوەی ئەم سیستمەدا بێت! موسەویی جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەحمەدی نەژادو ئێستا ئەگەر ناوبراو لەجێگەی ئەحمەدی نەژاد بوایە، هیچ کێشەیەک نەدەبوو، کێشەکە لەوەدا دروستبووە کەپێی وایە بەشێک لەدەنگەکانی بەقازانجی نەژاد شکاوەتەوە.

**ڕێگا مەگەزین**: باشە ئەگەر کەسەکان هیچ جیاوازییەکیان نییە، بۆ عەلی خامنەیی پشتگیری نەژاد زیاتر دەکات؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: عەلی خامنەئی رایگەیاندوە کە ئەحمەدی نەژاد لەکەسەکانیتر زیاتر بڕیارەکانی دەباتە پێشەوە، ئەگەر سەیربکەین لەنزیکەی هەزارو چوار سەد کەس تەنها ئەو چوار کەسەیان هێشتۆتەوەو لەناو ئەو چوارکەسەشدا ئەحمەدی نەژاد لەهەموویان زیاترە لەخامنەیی نزیکە.

**ڕێگا مەگەزین**: ئەی بۆچی بەسەدان هەزار کەس دەڕژێنە سەرشەقامەکان؟

**مستەفا هیجری**: ئەمە پرسیارێکی جوانە، مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەخەڵکی بەتەواوەتی لەکۆماری ئیسلامی بێزارن، بەتایبەتی توێژی گەنجان، ئەوان لەدەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی خۆیان دەرببڕن، لەم ڕووداوەشدا ئەو دەرفەتە بۆ خەڵکی هاتە پێش، ئێمە ئەگەر حسابی ئەوە بکەین ئەو کەسانەی ڕژانە سەر شەقامەکان هەموومان لایەنگرانی موسەویی‌و کەڕوبین، تووشی هەڵە دەبین، واتە مەسەلەکە کەسەکان نین، بەڵکو ناڕەزایی خەڵکییە.

**ڕێگا مەگەزین**: دەتوانین بڵێین شۆڕشێکی سپی لەئێران بەڕێوەیە؟

**مستەفا هیجری**: ڕاستە ڕژێم ئێستا هێزی سەرکوتو ئیمکاناتی ماددی زۆری لەبەردەستدایە، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ خەڵکی لێ دەبێتەوەو توانای خۆی لەدەست دەداو لەئاکامدا دەگاتە خاڵێک کەناتوانێت درێژە بەکارەکانی خۆی بدات، ئێستا قسەکە لەسەر ئەوەیە کەی ئەمە ڕوودەدات؟ بەداخەوە ئێستا خەڵکی ناڕازین، بەڵام یەکگرتوو نین، بۆیە حکومەت دەتوانێت پەرتەوازەیان بکات، بەڵام ئەمەش هەروانابێت، ئەگەر سەیر بکەین زۆربەی حکومەتە دیکتاتۆرەکان بەهۆی کرداری نادروستی خۆیانەوە لەناو چوون.

**ڕێگا مەگەزین**: کەواتە خەڵکی ناڕەزا کێشەکەیان ئەوەیە کە ڕێکخراو نین؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئەمە گرنگترین کێشەیە ئەگەر لەئێرانی ئێستادا خەڵکی یەکگرتوو بونایە، حکومەت نەیدەتوانی بەردەوامبێت.

**ڕێگا مەگەزین**: باشە ئێوە توانیوتانە خەڵکی ناڕەزایی شارەکانی کوردستان ڕێکبخەن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە بەم پێیە گەورەترین کارمانکردوە، خەڵکی کورد لەئێراندا ڕێکخراوە، ئەگەر سەیربکەین لەیادی بیست ساڵەی شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو-دا ڕاگەیاندن‌و ڕێکخستنەکانی ئێمە کارێکی وایانکرد کەبەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان مانبگرن‌و دوکان‌و بازاڕ دابخەن، ئەوداخوازییەی حزب لەخەڵکی هەبوو جێبەجێیان کردو لەهەڵبژاردنەکانیشدا لەکوردستان کەمترین خەڵک بەشداریی کردو ئەو ڕێژەیەی حکومەتیش بڵاوی دەکاتەوە، ڕاستییە.

**ڕێگا مەگەزین**: کەواتە ئایندەی ولایەتی فەقیهـ ئەوەندە درێژ نییە؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان وایە.

سەرچاوە: گۆڤاری ڕێگا - فێبریوێری ٢٠٠٩

## دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی شکڵپێدانو بنیاتنانی بیرۆکە پێشکەوتووەکاندا ئاڵاهەڵگر بوو



**دیمانە: تەلەڤیزیۆنی "تیشک"**

بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەر، بیست و یەکەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بەدەستی دیپلۆمات . تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ لە ڤییەن، پێتەختی ئوتریشدا، لە یەکێکی دیکە لە بەرنامە دیمانەییەکانی تەلەڤیزیۆنی "تیشک"دا لەمەڕ کەسایەتی، ڕەهەندەکانی ژیانو خەباتی سیاسیی دوکتور قاسملوو بەشدار بوو.

**تەلەڤیزیۆنی"تیشک"**: بەڕێز کاک مستەفا ئەگەر ئیزنتان لەسەر بێ بەرنامەکە لە تاوتوێی ڕەهەندی فیکری یان بنەمای ئەندێشەکانی دوکتور قاسملووەوە دەست پێبکەین. بفەرموون بنەما فیکرییەکانی دوکتور قاسملووو ئەو کۆمەڵگایەی کە دەیویست لە کوردستان دایمەزرێنێت، لەسەر چ بنەماو بنچینەیەکی فیکری بوون؟

**مستەفا هیجری**: یەکێک لە سەرکیترین بنەما فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا، دامەزراندنی حکوومەتێکی سوسیالیست دێموکراتیک بۆ کۆمەڵگای ئێرانو کۆمەڵگای کوردستان وەکوو ستراتژییەک بوو. سوسیالیزم بە واتای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەواتای دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتی سەرانەی وڵات، دابەشکردنی کارو یەکسانیو بەرابەری بۆ هەمووان، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕوانگە جیاوازە مەزهەبییەکانو زمانیو ئیتنیکی جیاوازو ئەو جیاوازیدانانەی دیکە کە لە

کۆمەڵگای ئێراندا هەن. ئەمجۆرە لە سوسیالیزم لە راستیدا بە مانای رەتکردنەوەی ئیمپریالیزمو سەرمایەداری هەوسارپچڕاوە کە لەودا هەموو هەوڵو تێکۆشانەکان بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایەو چەوساندنەوەی چینی کرێکارو زەحمەتکێشو پاوانکردنی سوود بە قازانجی گرووپێکی تایبەتە. لەلایەکی دیکەشەوە پرسی دێموکراسی لە ئارادایە. باسی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە لایەن دوکتور قاسملووە خرایە بەرباسو بۆ یەکەمین جار لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر کراو دواتریش لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتدا پەسەند کرا. نموونەی بەرچاوی سوسیالیزم لەو سەردەمەدا، لەراستیدا یەکیەتیی سۆڤیەتیو بلوکی سوسیالیستی بوو. لەو سەردەمەدا حیزبە کرێکارییەکانو وەک سوسیالیستەکانی ئەو دەورانە دەیانگوت، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەو وڵاتانە دەسەڵاتدار بوونو کۆمەڵێک کەس لە حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەداو دواتر دەفتەری سیاسییانو لەسەری سەرەوەشدا سکرتێرەکانیان لەژێر ناوی دێموکراسی کرێکاریدا، لەجیاتی دێموکراسی، دیکتاتۆرییان بەسەر خەڵکدا دەسەپاندو لە ئاکامیشدا لە جیاتی ئەوەی حکوومەت لە خزمەت خەڵکدا بێ، هەموو خەڵک لە خزمەت ئەم گرووپە ئاپاراتە حیزبییانەدا بوون. کاتێک تاوتوێی ئەو بارودۆخە دەکەین، کەمپی کرێکارە دوورخراوەکانو سزاو بێبەشیو چەوساندنەوەی کرێکاران لەو وڵاتانەدا دەبینین کە حکوومەتگەلێک لە ژێر ناوی سوسیالیزم بەسەریاندا زاڵ بوون. دوکتور قاسملوو ئەو سیستمە لە سوسیالیزمی رەت دەکردەوەو بەهێنانەئارای تێزی سوسیالیزمی دێموکراتیک، لەراستیدا دەیویست سنوورێک لە نێوان ئەو جۆرە لە سوسیالیزم کە لەو سەردەمەدا حیزبی توودەی ئێران ئاڵاهەڵگری بووو بەداخەوە گوتاری زاڵی رۆشنبیرە ئێرانییەکانو کۆمەڵگای رۆشنبیری بەخۆوە خەریک کردبوو، لەگەڵ ئەو سوسیالیزمەی کە خۆی باوەڕی پێبوو، دابنێ. یەکێکی دیکە لەو جیاوازییانەی کە ئەو جۆرە لە سوسیالیزم کە دوکتور قاسملوو خوازیاری بووو هەوڵی بۆ دەداو لە کۆنگرەی 6ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەکوو ستراتیژی ئەم حیزبە پەسند کرا، باسی دێموکراسی بوو، بەو واتا کە ئەوەی زیاتر ئامانج بوو، رەتکردنەوەی دیکتاتۆری لەهەر شکڵێکو لەژێر هەر ناوێکدا بوو، چ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، چ دیکتاتۆری مەزهەبیو یان هەر شکڵو رەنگێکی دیکە. دوکتور قاسملوو دەیهەویست ئەم تێزەو بنەما فیکرییانەی کە لەسەر بنچینەی دادپەروەریخوازیو دێموکراسی رۆ نرابوون، وەکوو سیستمێک لە داهاتووی کۆمەڵگای ئێرانو کۆمەڵگای کوردستانی ئێراندا دابمەزرێنێ، سیستمێک کە لە راستیدا جیاوازیگەلێکی زۆری لەگەڵ سوسیالیزمی کلاسیکو هەروەها لەگەڵ سەرمایەداری هەوسارپچڕاودا هەبوو. چون وەک دەزانین گەر سەرمایەداری تا ئەمڕۆش هەر سیستمی زاڵ بەسەر جیهانو بەتایبەت رۆژئاوادایەو دەستکەوتگەلێکی زۆری لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراسیو پێشکەوتنی تێکنیکو پیشەسازی لێکەوتۆتەوە، بەڵام دیسانیش هێندێ نادادپەروەری تێدا دەبینرێ کە ئیمڕۆکەش لە وڵاتانی پێشکەوتووی کۆمەڵگا شارستانییەکاندا، خەڵک بەنیسبەت ئەو نادادپەروەرییانەی لە سیستمی سەرمایەداریدا هەیە، هەر خەریکی خۆپیشاندانو چالاکیی جۆراوجۆرن تا بتوانن خاڵە لاوازەکانی سەرمایەداری سەردەمی ئێستا چارەسەر بکەن. ئەم تێزە لەو سەردەمەدا لەلایەن دوکتور قاسملووەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خرایە بەرباسو زیاتر بە هۆی پێداگری ئەوو ئەو شیکاریو کارە زۆرەی لە پێناویدا کردی، لە ماوەی ٢ یان ٣ ساڵدا بە پەسند گەیەندرا. بە بۆچوونی من، ئەمە یەکێک لە روانگە بەرزەکانی بیرۆکەو ئیدەکانی دوکتور قاسملووە کە لە کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هێنایە ئاراوە، لەکاتێکدا بۆچوونێکی هەڵە بەنیسبەت سوسیالیزمو دێموکراسی لەو کاتەدا باو بووو زۆربەی ریکخراوە سوسیالیستییە چەپەکان خۆیان دەبەستەوە بە بیرۆکە سوسیالیستییەکانی ئەوکاتی یەکیەتیی سۆڤیەتیو بەشەکانی دیکەی بلوکە سوسیالیستییەکانو پێیان وابوو لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکانەدایە کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو خۆشبژێوی بۆ خەڵک دابین دەکرێن. بەڵام دوکتور قاسملوو بەو ئەزموونەی لە کارو ژیان لە هێندێ لە وڵاتانی سوسیالیستیو لەوانە

چێکوسلۆڤاکی هەیبووو بینینی ئەو زوڵمو زۆرانەی لەژێر ناوی حکوومەتی کرێکاران لە کرێکارانو چینە خەسارهەڵگرەکانی کۆمەڵگا دەکران، سەرنجی دابووە ئەو کەموکوڕییانە. لەو کاتەدا تەنانەت کەسێک نەیدەوێرا ئەمجۆرە باسانە بێنێتە ئاراوە، وەک وتم بە هۆی ئەو کەشوهەوای لەو سەردەمەدا بەسەر کۆمەڵگاکەمان زاڵ بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو لەپێشدا دوکتور قاسملوو ئەو بوێرییەیان نواندو ئەو باسەیان هێنایە ئاراوە کە هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک تۆمەت لەلایەن گرووپە چەپەکانی ئەوکاتو گرووپە راستەکانو لە راستیدا لەلایەن چەندین جۆر بیرۆکەو ئیدەوە کە لە راستییەکانی بیرۆکەی دوکتور قاسملووو ئەزموونەکانی تێنەگەیشتبوون، دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو دوکتور قاسملوو وەڕێخران، بەڵام ئەوانە ئیدەگەلێکی پێشکەوتووبوونو بەشێک لەو ئیدەو بەرنامە پێشکەوتووانە بوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی پێیان بووو دوکتور قاسملوو لە رەوتی شکڵپێدانو بنیاتنانی ئەم بیرۆکە پێشکەوتووانەدا ئالاهەڵگر بوو. ئەم بیرۆکانەی حیزبی دێموکرات ئێستاش بەشێکن لە ئیدە زۆر پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگای هەنووکەو پاش تێپەڕینی نزیک بە ٣٠ ساڵ، هێشتا بە نوێ لەقەڵەم دەدرێنو جیهان لە هەوڵی هێنانەدییاندایە. ئیدەیەک کە لەودا رەچاوکردنی خاڵە بەهێزەکانی سەرمایەداریو پێداچوونەوە بەسەر ئەو خاڵە نێگەتیڤانەی سوسیالیزمی ئەو سەردەمە هەیبوو، دەتوانێ لەلایەک ئاوێتەیەک بێ لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگایەکی بێبەشو چینە زوڵملێکراوو خەسارهەڵگرەکانی کۆمەڵگاو لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو خاڵە پۆزەتیڤو پێشکەوتووانەی سەرمایەداری هەیبوو، لەخۆ بگرێ.

دوکتور قاسملوو بەم شێوە بۆ سوسیالیزمی دێموکراتیک وەکوو بنەمایەکی فیکری پێشکەوتوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێی خۆش کرد. بەڵام ئەمە بەو مانا نیە کە دوکتور قاسملوو خۆی داهێنەری ئەو تێزە بوو، پێش لە بەرێزیان، ئەم تێزە لەلایەن بیرمەندە رۆژئاواییەکانەوە باس کرابوو، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو کە ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵگای کوردستاندا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دەهاتە ئاراوە.

**تەلەڤیزیۆنی"تیشک"**: بەرێزتان ئاماژەتان بەوەدا کە دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ لە نێوان سوسیالیزمی رۆژهەڵاتو دێموکراسی رۆژئاوادا جۆرە ئاوێتەبوونێک بکرێ کە کەموکوڕییەکانی هەر دوو سیستەمەکە چارەسەر بکرێو بەم هۆیەشەوە بکرێ لە کۆمەڵگای ئێران سیستمێکی دڵخوازو دادپەروەر دابمەزرێ. بەڵام ئەو کەشوهەوا فیکرییەی کە لەو سەردەمەدا بەسەر هەموو رۆژهەڵاتی ناڤین زاڵ بوو، کەشوهەوایەک بوو کە لە راستیدا حیزبە چەپەکانو بەجۆرێک دەکرێ بڵێین کە کۆمەڵگای کوردستان بەهۆی ئەو هەلومەرجە تایبەتییەی کە پاش شۆڕش هەیبوو، ئەو حیزبە چەپانەی کە لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە پاڵەپەستۆ دەخران، روویان تێدەکردو لە کوردستاندا پێگەو بنکەو بارەگایان دادەمەزراندو نووسینگەگەلێکیان لە شارەکانی کوردستاندا دەکردەوەو هەوڵیان دەدا دزە بکەنە نێو خەڵکەوەو تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شایەتی مێژوو بە جۆرێک یارمەتیی ئەو حیزبانەشی کردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەو یان تەنانەت سەرەڕای هەبوونی حیزبێک وەک توودە لە نێوانیاندا کە رابردووی خەباتی لە حیزبی دێموکراتیش زیاتر بوو، دیسان دەبینین کە ئەو خۆشەویستییەو ئەو برەوەی کە حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا هەیبووە، ئەوەندەیە کە حیزبەکانی دیکە کەمتر دەتوانن بەو ئاستە لە خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردستاندا نزیکیش ببنەوە. ئێوە هۆکارەکانی ئەم راستییە بۆچی دەگەڕێننەوە؟ لە خودی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو یان هۆکارگەلێکی دیکەی هەیە؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: چاو لێ بکەن، یەکێک لە گرنگترینی ئەو مەسەلانەی کە حیزبێکی سیاسی یان کەسایەتییەکی سیاسی دەتوانێ بەو پێیە لە کۆمەڵگادا متمانە بەدەست بێنێ، بە بڕوای من پتر دووربینییە، بە بێ ئەوەی کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کەشوهەوا ناڕاستانەی لە ئاراداں کە زۆرجار لە کۆمەڵگا هەستەکییەکانی ڕۆژهەڵاتدا زۆر بە ئاسانی پێک دێن. ئەو مەسەلانەی کە دێنە بەرباس دەبێ بە شێوەیەکی ڕاستبینانەو وردو زیاتر لە ڕوانگەی داهاتووەوە بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا ژیان دەکەین، تاوتوێ بکرێن. ئەمە یەکێک لەو تایبەتمەندییانە بوو کە لەو سەردەمەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو خاوەنی بوو. لەم بارەوە دەتوانم چەند نموونە بێنمەوە کە زۆر زیندوون. لەو کاتەدا کە ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخاو کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار، هەر لە یەکەمین هەنگاوەکاندا بینیمان کە باڵوێزخانەی ئامریکا بە دەستی گرووپێک کە بە خوێندکارانی موسوڵمان ناویان دەرکردبوو، داگیر کرا. لەو کاتەدا بینیمان کە شەپۆلێکی بەرین لە هاندانو دەربڕینی خۆشحاڵی لە لایەن خەڵکەوە لە گرووپە جیاوازەکانو تەنانەت زۆرێک لە ڕۆشنبیرانیش، بەداخەوە لە پەسەندی ئەم کردەوە وەڕێخرا کە دژی پرنسیپە باوە نێونەتەوەییەکان بوو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو ئەم کارەی بە پێچەوانەی پرنسیپە باوە نێونەتەوەییەکان لە قەڵەم داو ڕایگەیاند کە دووکەڵی ئەو کارە لە داهاتوودا دەچێتە چاوی خەڵکی ئێرانەوەو بە پێچەوانەی هەموو پرنسیپو یاسا نێونەتەوەییەکانە. یان لەو کاتەدا حیزبی دێموکرات لەو ڕیفراندۆمەدا کە بۆ دیاریکردنی جۆری حکوومەت بەڕێوە چوو، بەشداری نەکردو بایکۆتی کرد، چوونکە لە ڕاستیدا ئەوە ڕیفراندۆم نەبووو پەسەندکردنی سیستمێک بوو کە دەیانگووت کۆماری ئیسلامییەو دەبێ هەڵبژێردرێ. لەبەروەی سەرانی ڕێژیم زۆر زیرەکانە ٢ سیستمیان خستبووە دەنگدانەوە، یەکێکیان سیستمی پاشایەتی بوو کە ڕوون بوو خەڵک ڕاپەڕیبوونو ڕووخاندبوویانو لێی ناڕازی بوون، کەواتە دیار بوو دەنگی پێ نادەن، ئەوەی دیکەیان کۆماری ئیسلامی بوو کە هێشتا لە سەرەتاکانی ژیانیدا بووو کەس نەیدەزانی ئەم کۆمارە چی پێیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لێکدانەوەی ئەو ڕاستییانە ڕایگەیاند کە ئەوە ڕیفراندۆم نیەو لە جیاتی ئەوە، ئیزن بدەن کۆماری دێموکراتیکیش لە ڕیفراندۆمەکەدا بگونجێندرێ. بەڵام سەرانی ڕێژیم نەیانهێشت.

ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕیفراندۆمەکەدا بەشداری نەکردو لەو ڕۆژانەدا بە هۆی هەڵوێستی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ باڵوێزخانەی ئامریکاو ڕیفراندۆمدا، شەپۆلی بەرچەسپە ناحەزەکان بەرەو حیزبی دێموکرات وەڕێخراو لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەدا وەپەراوێز خرابوو. بەڵام ئێستا پاش ٣٠ ساڵ، پاش ئەو ناسینەی کە هەمووان لە کۆماری ئیسلامییان هەیەو پاش ئەو هەموو خەسارو زیانانەی بە هۆی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکاوە تووشی خەڵکی ئێران بوو، مەسەلەکان بۆ هەمووان ڕوون بۆتەوە. بەڵام جیاوازی نێوان مرۆڤێکی سیاسی یان ڕێکخراوێکی سیاسی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی لەوەدایە کە حیزبێکی سیاسی بتوانێ داهاتوو بە شێوەی ڕێژەیی پێشبینی بکات، لانیکەم بتوانێ خەسارو زیانەکانی کارەکانی ئیمڕۆ لە پێوەندی لەگەڵ داهاتوو هەڵسەنگێنێ. ئەمە مەسەلەگەلێک بوون کە لەو سەردەمەدا بە داخەوە کەمتر سەرنجیان پێ دەدرا.

بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری دوکتور قاسملوو بەو ئەزموونەی کە پاشکەوتی کردبوو، گرینگی بەم مەسەلانە دەداو ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدایە، لە کاتێکدا



سەرچاوە
Serchawe

هەر وەک ئاماژەتان بەوەدا کە لەو کاتەدا حیزبی توودە رابردووو مێژووەکەی زیاتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵێ لەوانەیە بە گشتی ژمارەی ئەو کەسە خوێندەوارانەی لە حیزبی توودە بوون، زۆر زیاتر لەو کەسانە بوو کە لە ڕێبەری حیزبی دێموکرات یان لە بەدەنەی ئەو حیزبەدا چالاک بوون. بەڵام ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو ئیدەو بیرۆکانەی ئەوکاتە باو بوونو مەسەلەگەلێکیان باس دەکرد کە راست بە پێچەوانەی قازانجی خەڵک بوون. بۆ نموونە ئەوان جەختییان دەکردەوە لە بەرەوەی کۆماری ئیسلامی دژی ئیمپریالیزمی ئامریکا دروشم دەدا، کەوابوو حکوومەتێکی پێشکەوتووەو دەبێ بەرگری لێ بکرێ. بەڵام تێپەڕینی زەمان، هەڵەبوونی ئیدەکانی ئەوانو دروستو وردبوونی ئیدەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەلماند. چەند مەسەلەی دیکە کە بە بڕوای من ببوونە هۆی خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتو بە تایبەت دوکتور قاسملوو کە ڕێبەری ئەم حیزبە بوو، بریتی بوون لەوەی حیزبی دێموکرات لە پێناو داواکارییە راستەقینەکانی خەڵک لێبڕاوو ڕەنگدەرەوەو زایەڵەی دەنگی خەڵک بووە. داخوازیی خەڵکی کوردستانی ئێران لەو کاتەدا داخوازییەکی نەتەوەیی بوو، هەڵبەت دێموکراسی کە داخوازیی نەتەوەیی بەشێکییەتی، داخوازیی حیزبی دێموکراتو هەمووان بوو. بەڵام بۆ خەڵکی کورد لە چوارچێوەی دێموکراسیدا، داخوازیی نەتەوەیی لە پێش هەموو پرسەکانەوە بوو کە نەدەکرا پشت گوێ بخرێو حیزبێکیش کە خۆی بە نوێنەری خەڵک دەزانێ، دەبێ لەسەر ئەم داخوازییە سەرەکییەی خەڵک پێداگری بکاو هیچ ساتوسەودایەکی لە سەر نەکرێ. حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا ئەم پرسانەی هێنایە ئاراوە، دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان، بەڵام لەو کاتەدا هەموو ڕێکخراوەکان بەو جۆرە بیریان نەدەکردەوەو بەشێکیان هێنانە بەرباسی داخوازییە نەتەوەییەکانیان بە نیشانەی دواکەوتوویی حیزبی دێموکرات دەژماردو وابیریان دەکردەوە کە هێنانە بەرباسی داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد یان نەتەوە ئێرانییەکانی دیکە بە واتای دووبەرەکی‌نانەوەو لێکترازاندنی پرۆلیتاریایەو لە روانگەی مەزهەبیشەوە پێیان وابوو درز خستنە نێو ئوممەتی ئیسلامییە، چوونکە هەموو، کوردو فارسو تورکو خەڵکی دیکە موسوڵمانو کەوابوو هێنانە بەرباسی داخوازیی نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەی موسوڵمان درز خستنە نێویانەو بە قازانجی ئیمپریالیزم تەواو دەبێ. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەکەوتە ژێر کاریگەریی ئەو کەشوهەواو بوو بە دەنگی راستەقینەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران، داخوازییەک کە ئیمڕۆ، پاش ٣٠ ساڵ، بەشێکە لە داخوازییە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگاکەمانو داخوازییەک کە هێندێ لەوانەی لەو سەردەمەدا هێنانە بەرباسیان بە خاڵێکی لاوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قەڵەم دەدا، ئێستا راست هەڵگەڕاونەتەوە بۆ سەر ئەو داخوازییانە، داخوازیگەلێک کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناویاندا تێدەکۆشا. ئەو داخوازییانە لە سەری سەرەوەی داخوازیو داواکارییەکانی خەڵکی کورددا بووو حیزبی دێموکراتیش دەنگی زووڵاڵی خەڵکی کورد بوو. لەم بارەوە دەکرێ زۆر مەسەلەی دیکە باس بکەین کە یەکێک لەوانە ئەوەیە کە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکدا، مافەکانی مرۆڤ ڕێزی لێ دەگیرا، جا لە هەر ڕەنگو زمانو نەتەوەیەک. هەر ئەم ئیدە بوو کە بووە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تەنانەت لەو کردەوە چەکدارییانەی کە لەو کاتەدا لە پێشی دەگرت، مافەکانی مرۆڤو مافەکانی دیلەکانی شەڕ ڕەچاو بکات. لە هەمان ڕۆژەکانی دەسپێکی خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێموکرات دژی کۆماری ئیسلامی، گرووپەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ لە نێو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستاندا بوون. ئەو گرووپانەی لایەنگری مافی مرۆڤ کە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە هاتبوون، هەم یارمەتیی مرۆییان بە پێشمەرگەکانو خەڵکی ئاسایی لە کوردستان کە بریندار بوون، دەگەیاندو هەم وەکوو چاودێرو شایەتێکی بێلایەن بوون بە سەر ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤەوە تەنانەت لە مەیدانەکانی شەڕ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. ئەم مەسەلانە بوونە هۆی ئەوەی پێگەو



سەرچاوە Serchawe

بڕواپێکراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەتەنیا لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا، بەڵکوو لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیشدا بە شێوەیەکی تایبەتی قایم بێ. بە ڕێکەوت نیە کە ئێمڕۆ دەبینین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زۆرێک لە ئۆرگانو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانو لایەنگرانی مافی مرۆڤدا بە ئەندام وەردەگیرێو لە ڕەوتی کۆبوونەوەو بڕیاردانو راگۆڕینەوەیاندا راوێژی لەگەڵ دەکرێ. ئەم ئاکارانە سەرمایەدانانێکی گرنگیی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو سەردەمەدا بوونو ئاکامو بەهرەکەی ئێمڕۆکە خەڵکی کوردستانی ئێران دەیبینێنو ئەمەش یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی پشتیوانیی خەڵکی کوردو کۆمەڵگای کوردستان لە هەموو بەشەکانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لەو پێوەندییەدا تەنانەت ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێرانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەنو جێگەو پێگەی لە نێو حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بە قورسو قایم دەزانن. ئەمانە نموونەگەلێک لە ئیدەو بەرنامەکانی حیزب بوون کە جێگەیەکی تایبەتی بە حیزبی دێموکرات لە نێو دڵی خەڵکی کورددا داو هەر ئەمەشە کە دەبینین حیزبی دێموکرات سەرەڕای هەموو ئەو پیلانانەی کۆماری ئیسلامیو ئەو لایەنانەی دیکە کە بوونی حیزبی دێموکراتیان بە یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئامانجەکانیان زانیوە، هەروا قورسو قایم راوەستاوەو سەرەڕای ئەو جیابوونەوانەی لەو ماوە زەمانییەدا بە هۆگەلی جیاوازەوە لە حیزبدا پێکیان هێناو سەرەڕای ئەو تیرۆرانەی کە لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتو چالاکانی ئەو حیزبە کراونو سەرەڕای سەدانو هەزاران زیندانی سیاسی کە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا زیندانی کرانو ئەشکەنجە درانو لە زێدی خۆیان دوور خرانەوەو شەهید کران، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە ڕێزی لێگیراوەو پێشوازی لێکراوەو لە هەر قۆناغێکدا لە خەباتی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێ کراوە، چ ئەو کاتەی خەباتی چەکداری لە کوردستاندا دەکردو چ ئەو کاتەی رووی کردە خەباتی مەدەنی.

ئەمانە دەرسگەلێکن کە پێویستە بۆ نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگای کوردستان بگوازرێنەوەو لەو سەرمایە مەزنەی لە دەست حیزبی دێموکراتدایە، بە باشی کەڵک وەرگرین. لەو پێوەندییەدا دەبێ بڵێم دوکتور قاسملوو لە راستیدا مامۆستایەکی بیرمەندو دێموکراتو دادپەروەرێخواز بوو کە لە پێکهێنانی ئەم دەرسانەو ئەم بڕواپێکراویو کەسایەتییە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵی یەکەمی گێڕاوە.

### بە فەرمیی ناسینی خودموختاریی خەڵکی کورد دەسکەوتێکی گەورەی شوورای میللی موقاوەمەت بوو

**تەلەڤیزیۆنی"تیشک"**: دەگەڕێینەوە بۆ بەشێک لە وتەکانی بەڕێزت لە پەیوەندی لەگەڵ دروشمی حیزبی دیمۆکراتدا. لە ساڵەکانی ڕێبەریی دوکتور قاسملوودا دروشمی دیمۆکراسی بۆ ئێرانو خودمۆختاری بۆ کوردستان درا، بەڕێزت یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستیی حزبی دیمۆکرات دەگەڕێنیتەوە بۆ پێبەندیی پراکتیکیی ئەم حیزبەو بەردەوامبوونی لە خەبات بۆ، دیمۆکراسی بۆ ئێرانو خودمۆختاری بۆ کوردستان. واتە خەباتی دیمۆکراتیک لە ئێراندا هەڵگری بزووتنەوەیەکی گشتییەو دابین بوونی مافی نەتەوەکانی ئێرانو دیارە خەباتی نەتەوەی کوردیش بەشێک لە خەباتی نەتەوەکانی ئێرانە. جەنابتان پێگەی ئەم خەباتانە واتە خەباتی گشتییو خەباتی نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی دەستەبەر بوونی داخوازەکانیان لە بیروڕای گشتییو کارکردی دوکتور قاسملوودا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری**: ئێستا پاش ٣٠ ساڵ زۆرێک لەو راستییانەی کە ئەوسا بۆ خەڵک روون نەبوو، بۆیان روون بۆتەوە. دوکتور قاسملو هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بیری لە پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین دەکردەوە لە رێکخراوە دێموکراتیکەکانی ئێران بە مەبەستی یەکگرتوویی کردەیی لە رووبەڕووبوونەوەی هاوبەش دژی کۆماری ئیسلامیو یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەو کاتەدا زۆرێک کردەوەی بەپەلەی ئەنجامدا کە سەرلەنوێ شاری مەهاباد بگرێتەوە دەستی خۆی، بڕیاری کۆبوونەوەیەک بوو لەسەر بانگهێشتی حیزب لە رێبەرانی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان لە مەهاباد بۆ یەکگرتوویی بە مەبەستی گەیشتن بە بەرنامەو پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی. واتە لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خودی دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خەڵکی کوردو یان هیچکام لە نەتەوەکانی ئێرانو یان گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە تەنیایی ناتوانن رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بڕووخێننو ببنە ئاڵتەرناتیڤیو ئەو ئەگەرەشی بە پێویست نەدەزانی، چونکە ئاڵتەرناتیڤ بوونی یەک حیزب، دەرئەنجامەکەی دەبووە کۆماری ئیسلامیو یان هەر شکڵێکی دیکە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریو سیستمی ناوەندگەرا کە بۆ هەموو خەڵکو نەتەوەکانی ئێران بڕیاردەر بێت. ئەمە یەکێک لە باوەڕەکانی حیزبی دێموکرات بوو و دوکتور قاسملووش بەدوای ئەوەوە بوو کە ئەو یەکگرتووییە پێک بهێنێتو تا ئەو کاتەی شەهید بوو لە رێگەی ئەو ئارمانجەدا کارو تێکۆشانی هەبوو. پاش دوکتور قاسملووش، بیرۆکەکەی بووە بەشێک لە بەرنامەی کاریو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. وەک دەبینین دوکتور سادقی شەرەفکەندیش پاش ئەو، لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبەکانو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە بێرلین شەهید کراو ئەم باوەڕو هەوڵە هەتا ئێستاش بەشێکی دانەبڕاو بووە لە بەرنامەی کاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. هۆکارێکی دیکەش کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو دوکتور قاسملوو لە رێگەی هێنانەدی ئەم مەبەستەدا کاریان بۆ دەکرد، بەشداریکردن بوو لە یەکیەتیەکدا کە لەگەڵ رێکخراوی موجاهیدینو گرووپێکی دیکە لە رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ناوی "شورای میللی موقاومەت"، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکو کاراکانی ئەو شورایە کە بەداخەوە بە هۆی هۆکارگەلێک ئەو شورایە لێک هەڵوەشایەوەو نەیتوانی لە کارەکانی بەردەوام بێت. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە حیزب بە رێبەرایەتی دوکتور قاسملوو بەردەوام لە کارو چالاکیدا بوو بۆ کۆکردنەوەو لێک نزیک کردنەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە دێموکراتەکان کە لە بوونی کۆماری ئیسلامیو دەسەڵاتەکەی بێزار بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پەیوەندییەدا هەوڵی زۆری داوەو ئێستاش لەو بوارەدا چالاکە.

**تەلەفیزیۆنی "تیشک"**: ئاماژەتان دایە شورای میللی موقاومەت کە حیزبی دێموکراتو چەندین رێکخراوی دیکەش بۆ ماوەی چەند ساڵ لەو شورایەدا خەباتی هاوبەشیان هەبووە، حیزبی دێموکرات پاش ماوەیەک دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەبێ لەو شورایە بچێتە دەرەوە. لە بنەڕەتدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئامادەبوون لەو یەکیەتییو شورایەدا چ دەسکەوتێکی هەبوو؟

**مستەفا هیجری**: بە بڕوای من یەکێک لە دەسکەوتەکانی، ئامادەبوونی نوێنەری حیزب بوو لە کۆبوونەوەکانی ئەو شورایەدا، وەک باسم کرد نوێنەرانی بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە بۆچوونی ئیسلامی، چەپ، دێموکراتو میللی مەزهەبی لەو شورایەدا هەبوونو ئەو باسو گفتوگۆیانەی حیزب لە گەڵ ئەو گرووپانە هەیبوو لە کۆبوونەوەکانی شورادا، بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان پتر لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe

بیروبۆچوونە مرۆڤ تەوەرو پێشکەوتووەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بنو زیاتر پشتگیریی لە بیروبۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن، بە شێوەیەک کە ساڵەکانی کۆتایی بەشداریی حیزب لەو شورایەدا، باسو لێکدانەوەکانی حیزب زیاتر سەرنجو پشتگیریی زۆرینەی ئەو ڕێکخراوانەی بەدواوە بوو. لە لایەکی دیکەشەوە دەرئەنجامی ئەو باسو گفتوگۆیانە لە پەیوەندی لەگەڵ ناسینی مافی نەتەوەیی ئەوە بوو کە لەوێ پلاتفۆرمێک چەسپا کە لەودا خودموختاری خەڵکی کوردستان بە فەرمیی ناسراو بە رای من ئەوە دەستکەوتێکی سیاسی گەورەی شورای میللی موقاوەمەت بوو بۆ خەڵکی کورد. نەک هەر بۆ خەڵکی کورد بەڵکوو هەموو ئەو گرووپانەی لەوێ بەشدار بوونو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەی یەکەمم کە گوتم ئەو ڕێکخراوو گرووپانە پاش شرۆڤەو باسگەلی زۆر، کاتێک زانیاریی تەواویان سەبارەت بە ئارمانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیوەندیی لەگەڵ خواستی بابەتی خودموختاری بۆ خەڵکی کورد پەیدا کردو تێگەییین کە ئەو خواستە نەک لە ڕەوتی دژایەتی مافە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێراندا نییەو نەک بە پێی پڕوپاگەندەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو گرووپێک لەو کەسانەی کە هێشتا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان نەناسیبوو و پرسی خواستی نەتەوەییان بە جودایی خوازی دەزانی، ئەو خواستەیان پەسەند کرد. قبووڵ کردنو پەسەند کردنی ئەو خواستە یەکێک لە دەستکەوتە سیاسییو جێی بایەخەکانی شورای میللی موقاوەمەت بوو بۆ خەڵکی کوردو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بۆ هەموو شوراو لەوانەش ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق.

**تەلەڤیزیۆنی"تیشک"**: دەگەڕێینەوە سەر بابەتێکی جێی ناکۆکی. یەکێک لە ناکۆکییەکان لە شورای میللی موقاوەمەت، دانووستانی حیزب لەسەر بابەتە جیاوازەکان لە گەڵ ڕێژیمی دەسەڵاتدار بوو، حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە لەگەڵ هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە لە چەندین قۆناغدا دانووستانی هەبووە لەگەڵی کە دەکرێ ئاماژە بکەین بە دانووستانەکانی سەرەتای شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٨دا لە چوارچێوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردو پاشان دانووستانەکانی ساڵی ١٣٦٨ کە شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە. ئەگەر ئەو دوو نموونە لەبەرچاوبگرین، بەڕێزتان بارودۆخی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێران لەو دوو قۆناغەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری**: لە دانووستانەکانی دەوری یەکەمدا لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، کە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد دەچێتە دانووستانەوە، تەنیا حیزبی دێموکرات نەبوو، ئەوە خاڵێکی جیاوازیی ئەو دوو دەورەیە، بەڵکوو کۆمەڵێک لە نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکان کە لە کوردستاندا هەبوون، هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردیان پێکهێنا بۆ ئەوەی لە گەڵ نوێنەرانی حکوومەت دانووستان بکەن بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ئاشتی خوازانە بۆ پرسی کورد. کە لەو هەیئەتی نوێنەرایەتییەدا، دوکتور قاسملوو وتەبێژ بووەو بەڕێز شێخ عێزەالدین حسێنی، سەرۆکایەتیی هەیئەتەکەی لە ئەستۆ بووە. لە لایەن حکوومەتەوە گرووپێک رادەسپێردرێن کە لە گەڵ ئەم هەیئەتی نوێنەرایەتییە دانووستان بکەن کە لە ناویاندا کەسانی خێرخوازو خاوەن بیری جوانیش هەبوون وەک، خوالێخۆشبوو داریووش فرووهەرو ڕەنگە زۆربەیان بیریان لە دۆزینەوەی ڕێگە چارە دەکردەوە. بەڵام بەداخەوە لەوکاتەدا ئەوەی لە پشتی پەردە دەگوزەراو ئەو سیناریۆیەی کە کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کوردستان ڕەچاویان کردبوو، لە ڕاستیدا دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ئاشتی خوازانەو گوێ گرتن لە خواستی خەڵکی کورد نەبوو، بەڵکوو دەرکەوت کە ئەوانە تەنیا لە بیری وەدەست خستنی کاتدا بوونو دەیانویست لە کاتی گونجاودا هێزە شپرزەولەبەریەک هەڵوەشاوەکەی ئەرتەش ڕێکبخەنەوەو ئیمکاناتو کەرەستەی جبەخانەکانی جەنگییان تەیار بکەنەوەو پاشان هێرش بکەنە سەر کوردستان، ئەوەش بوو کە

دانیشتنەکانی هەیئەتی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم لە راستیدا لە یەک دوو جەلەسە تێنەپەڕی، چونکە ئەوانەی لە پشت پەردەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە سیناریۆی کوردستانیان دادەڕشت، بیریان لە کات دەکردەوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ئاوڕێک لە دۆخی ئەوسای حیزبی دێموکراتو هێزە کوردییەکان لە کوردستانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بدەینەوە دەبینین کە، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەدەست پێشمەرگەکانی حیزبە کوردستانییەکانەوە بوون، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆماری ئیسلامی پاش ئەو هێرشەی کە رووبەڕووی بەرگریی سێ مانگەی ئەو هێزانەو بە گشتیی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە، شکست دەهێنێت، هەربۆیەش تێدەگات کە بەو حاڵەوە ناتوانێ لە هێرشەکانی خۆی بۆ سەر کوردستان بەردەوام بێتو پێویستی بە دەستەبەرکردنی کاتە، ئەوەش بوو کە بابەتی دانووستان دەهێنێتە ئاراوەو پاش یەک دوو جار دانیشتن کە هەیئەتی نوێنەرانی خەڵکی کورد لە چاوەڕوانیدا دەهێڵنەوە، لەو مەودایەدا هێزەکانیان نوێژەن دەکەنەوەو دواتر بینیمان کە هێرشیان کردە سەر کوردستانو هەنگاو بە هەنگاو شارەکانی کوردستانیان گرتەوە دەست. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دۆخی ساڵی ٦٨، لەدەوری دووهەمدا تەنیا حیزبی دێموکرات بوو کە لەگەڵ ڕێژیم دانووستانی کرد، ئەوکاتە دۆخی ناوچەو دۆخی ئێران ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتبوو، لەوکاتەدا کۆماری ئیسلامی لە شەڕ لە گەڵ عێراقدا تووشی شکست هاتبوو. خومەینی ڕێبەری ئێران جامی ژەهرەکەی خواردبوووەو هێزەکانی ڕێژیم تووشی زەربەی قورس ببوونو ئێران تووشی خەسارەتی ماڵیو گیانیی زۆر ببوو کە هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە. لەو دۆخەدا کۆماری ئیسلامی ئێران، خاوەنی سەرۆک کۆمارێک بوو بە ناوی هاشمیی رەفسەنجانی، کە بە ناو وەکوو سەرۆک کۆمارێکی پراگماتیکو واقعبین ناسرابوو، دوکتور وا بیری دەکردەوە . لە روانگەی لۆژیکیو سیاسیی خۆیەوە . حکومەتێک کە لە شەڕ لەگەڵ بێگانەدا شکستی خواردبوو، هێزەکانی لەبەریەک هەڵوەشابوونەوە، ئەم حکوومەتە پێویستی بە نوێژەن کردنەوەی خەسارەتەکانی شەڕو نوێژەن کردنەوەی وڵات هەیەو هەربۆیەش هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کە حکوومەتێک کە ئاگربەس لەگەڵ ڕێژیمی سەدام حسێن رادەگەیەنێت، نەتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات، کێشەگەلێک کە دەتوانێ وزەبەخشی حکومەت بێت لە پەیوەندی لەگەڵ نوێژەن کردنەوەی وڵاتدا لە پەیوەندی لەگەڵ سارێژ کردنی ئەو برینانەی وەبەر جەستەی کۆمەڵگای کوردستانو هەموو خەڵکی ئێران کەوتووە. بەم لێکدانەوەو لۆژیکەوە دوکتور قاسملوو دەچێتە دانووستانەوە، بەڵام بەداخەوە دەبینین کە ئەم دانووستانەش هیچ نەبوو جگە لە پیلانێک بە مەبەستی لەناوبردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانیو دەستکەوتێکی بۆ خەڵک نەبوو. لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بدەم بە خاڵێکو ئەوەش ئەوەیە کە هەرچەند ئەم دانووستانانەو بەتایبەت دانووستانەکانی دەوری دووهەم کە بەداخەوە شەهید بوونی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە، ئێمە نرخی زۆرمان داوەو لە بریی ئەو نرخە بۆ هەموو خەڵکی ئێرانو هەموو دنیا دەرکەوت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی خوازیاری شەڕو خوێنڕشتن نییەو لە بیری ئەوەدایە کە گرفتو پرسەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ڕێی دانووستانەوە چارەسەر بکات، هەربۆیەش سەبارەت بە دانووستان بە پیریی پێشنیارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەچێت. ئەوەش هەرچەند هەزینەی قورسی بۆ حیزبی دێموکرات بەدواوە بوو، بەڵام لە لایەکیشەوە بۆ چەندەمین جار تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامییو ئاشتیی خوازیی حیزبی دێموکراتی بۆ هەموو دنیا دەرخست.

**تەلەڤیزیۆنی"تیشک"**: کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ساڵەکانی دەسەڵاتداریی خۆی، یەکێک لە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە هێزە نەیارو ئۆپۆزیسیۆنەکانی، سڕینەوەی فیزیکیی ڕێبەرانو بەدەنەی ئەو ڕێکخراوە سیاسیانە بووە کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، شاپوور

**بەختیار، دوکتور شەرەفکەندیو بە پێوانەیەکی دیکەش لەمدواییانەدا عەبدولمالێک ریگی یەکێک لە دوایین ڕێبەرانی بزووتنەوەکانی دژی ڕێژیم بوو کە بەدەستی ڕێژیم لەناوچوو، بەڕێزت ئەو سیاسەتە چۆن لێکدەدەیتەوەو بەڕای ئێوە ئەو سیاسەتە چ کاریگەرییەک لە سەر ڕەوتی خەباتەکان دادەنێت؟**

**مستەفا هیجری**: بڕوانن، ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە سڕینەوەی فیزیکی ڕێبەرانی دژبەری خۆی تا ئێستا کردوویەتی سەلمێنەری یەک خاڵە، ئەویش ئەوەیە کە وا بیردەکەنەوە کە خواستو داخوازییە رەواکانی خەڵک لە پەیوەندیی لە گەڵ پرسە نەتەوەییەکان یان ئازادیگەلێک وەک ئازادیی رادەربڕین، مافی ژنانو داخوازییەکانی دیکەی خەڵک، لە لایەن کەسانێکەوە ڕێبەریی دەکرێنو ئەگەر ئەو ڕێبەرانە لە گۆڕەپانی سیاسەت بسڕدرێنەوە کێشەکان چارەسەر دەبنو خەڵک چیدی خوازیاری مافەکانیان نابن. لە سەر بنەمای ئەم بۆچوونو ڕوانینە دواکەوتووانەیان، کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە تا ئێستا ئەو سیاسەتەی ڕەچاو کردووەو لەسەری پێداگریی دەکات، بەڵام غافڵە لەوەی ئەو کردەوانە تەنیا سڕینەوەی رووکاری کێشەکەیەو ناکرێ بە سڕینەوەی رووکار، کێشەیەک چارەسەر بکرێت. داخوازە نەتەوەییو دێموکراتیکەکانی خەڵک، داخوازگەلێکی ڕەوان کە خەڵک لێیان بێبەشنو خەڵک مافی ئەوەیەیان هەیە کە ئەو مافانەیان هەبێتو ئەو مافانە تایبەت بە تاک، ڕێکخراو یان گرووپێک نییە، بەڵکوو داخوازیگەلێکی گشتینو ڕاستییەکان سەلمێنەری ئەوە بوون کە بە سڕینەوەی فیزیکیی ڕێبەرانی سیاسیی ئێران کە لە ڕاستیدا ژمارەیان کەم نییە، نەک ئەو داخوازییانە کۆتاییان پێنەهاتووە، بەڵکوو ئەمڕۆکە لە ڕەهەندگەلی بەرینتردا خەڵک خوازیاری مافەکانیانن. پێویستە روونی بکەمەوە کە کاتێک باس لە سڕینەوەی فیزیکیی دەکەین، تەنیا مەبەستمان ئەوە نییە کە تاکێک ئێعدام دەکەن، بەڵکوو سڕینەوەی فیزیکی بریتییە لە بەتاڵکردنەوەی هەموو ئەو چەمکە مرۆییانەی کە لە مرۆڤێکی زیندوودا بوونی هەیە. مرۆڤی زیندوو ئەو کەسە نییە کە تەنیا جەستەو ئەندامانی لەشی هەیەو لێیدەستێننەوە. کاتێک زیندانییەکی سیاسی بە هۆی ئەشکەنجەوە تووشی پەریشانیی زەینیی دەبێ، کاتێک زیندانییەکی سیاسیی بە هۆی ئەشکەنجەوە غرووری پێشێل دەکرێت، کاتێک لە زیندانە بەدناوەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە گەڵ هەموو چەشنە ئەشکەنجەیەکی ڕۆحیو جەستەیی بەرەوڕوو دەبێتو تەنانەت پاش هاتنەدەرەوەی لە زیندانیش تووشی نەخۆشینی سەیروسەمەرە دەبێتو لە بنەماڵەکەی خۆیشی دەبێت بە بارو زۆر جاران خۆی بە شەرمەزاری بنەماڵەکەی دەزانێت، ئەمانە هەموو دەچنە خانەی سڕینەوەی فیزیکی، واتە بەتاڵکردنەوەی مرۆڤ لە مانا ئینسانییەکانی. لەو پەیوەندییەدا کۆماری ئیسلامی بە دەیان هەزار جار سڕینەوەی فیزیکی ئەنجامداوە بەرامبەر بە ئازادیخوازانی ئێرانی لە ڕێبەرانیی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە بگرە هەتا ڕۆژنامەوانان، چالاکانی میللی مەزهەبی، چالاکانی سیاسی، مافی ژنانو... ئەمانە ئاریشەگەلێکن کە لە بنەڕەتدا ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی حیسابگەر بووایە، دەرکەوتەی زیندووترو روونتر لە ئەمڕۆ بوونی نابێت بۆ ئەوەی سەرەڕای ٣٠ ساڵ سڕینەوەی فیزیکی ڕێبەرانو چالاکانی سیاسی، ئەمڕۆکە داخوازییەکانی خەڵکی ئێران نەک هەر لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا نەماوەتەوە، بەڵکوو گەیشتووەتە سەرانسەری دونیا. ئەو داخوازییانەی کە بەتایبەت لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بە گوێی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو دونیا گەیشتووە. هەربۆیەش ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی مەحکوومە. سیاسەتێکی شکست خواردووە کە ناگاتە هیچ کوێو ئێمە ئەزموونی ئەم چەشنە سیاسەتانەمان لە ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی پێشووشدا دیوەو پاشەڕۆژی هەموو ئەو ڕێژیمانە دەگاتەوە بە رووخانیانو لە کۆتاییدا خەڵک بە مافەکانیان گەیشتوونو ئەم چارەنووسە چاوەڕێی کۆماری ئیسلامیش دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٥٣٨

ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٠

## ئێمە نێو بۆ هیچ لایەنێک دانانێین بەڵکو دەڵێین نێوی ئێمە لەسەر خۆ دامەنێن...



**وتووێژی ڕۆژنامەی میدیا**

**میدیا**: کۆمیتەی یەکبوونو کەمپینی یەکگرتنەوەو تەلەفزیۆنی بەیانو کۆمیتەی یەکخستنەوەی حزبی دیموکراتی کورستانی ئێران چەند گروپی لە هەموو ئەوانەی کە بەنێوی حزبی دیموکراتی کوردستان کاردەکەن بۆ یەکگرتنەوە، بۆ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاستی سەرکردایەتی هیچی ڕانەگەیاندووە؟ بۆچی ، ئایا یەکبوونەوەتان پێ چاک نییە؟

**مستەفا هیجری**: لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەمپینەو هەموو ئەو چالاکییانە کە لە دەوروبەری ئەو مەسەلەیە دا لەسەر سایتەکان، لەسەر تەلەفزیۆنەکان، لە کۆڕو کۆمەڵو ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێتەوە ئاگادارین، بەڵام من لە ڕاستیدا ئەو حەرەکەتانە زۆرتر لە چوارچێوەی تەبلیغاتو پروپاگەندەدا دەبینم تا لە چوارچێوەی سیاسەتێکی موشەخەسو مەعلومدا، من پێم وایە بەشێک لەوانەی ئەو کارانە دەکەن لانی کەم دڵسۆزنو پێیان خۆشە کە کورد لێک نزیک بنو تەفرەقەیان لەنێودا نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوانەی پلانرێژیی ئەو پرۆژەیان بەدەستەوەیە ئەوە دەزانن کە یەکگرتنو نزیک بونەوەو بەرەو هەرچی کە لەو پەیوەندییەدا باس بکەی، نە لە دەزگای ڕاگەیاندنەکانداجێبەجێ دەکرێنو نە لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنیدا، بۆیە من زۆرتر ئەو کارەی وەک تەبلیغات دەبینم، وەک خۆ مەترەح کردنو بازارگەرمی تا لایەنگری لە یەکگرتنەوە. بەڵام جالب ئەوەیە ئەوەی زیاتر لە هەموان خۆ بەو مەسەلەیەوە ماندو دەکاتو بانگی یەکگرتنو لێک نزیکبوونەوە دەکات، هێزێکە کەزۆرتر لە هەمووان هێزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بە قەولی خۆی لەت کرد، بە تەفسیری ئێمە ئینشعابی کرد لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبێ هیچ هۆیەکی سیاسیو تەنیا

لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گروپی یان فەردی، ئەگینا ئەوە پاش ٣ساڵیش بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی سەرەتای جیابوونەوەکەیان خەڵکی کورد بۆی دەرکەوتووە کە تاکو ئێستا هیچ شتێکی دیکە لە گۆڕێدا نەبووە بێجگە لە دابینکردنی بەرژەوەندی گرووپی، بەڵام هەڵوێستی ئێمە لەسەرەتاوە تا ئێستا لەسەر ئەو مەوزوعە ئەوە بووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو ئینشعابەی پێ ناخۆش بووو زۆریش هەوڵیدا، نەرمی نواندو ڕێبەرایەتی حەزی لەوە نەدەکرد کە ئەو هاوڕێیانە ئەوە هەڵوێستەیان بێت، بەڵام دوایی لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی جگە لە باس لەسەر کردن دەربارەی زیانی ئەو حەرەکەتە چ بۆ حیزبو چ بۆ کورد، وتوومانە کە هەرکەس لەوانە ڕۆیشتوە وەکو فەرد ئەگەر بگەڕێتەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان جێگاو کاری دیارە وەکو هێندێک لەوانە هاتوونەتەوە بەرێزەوە کاریان پێسپێردراوە، بۆ مەسەلەی گەڕانەوەی جەمع بەیەکەوە پێویستی بەراوێژو دیالۆگی دوولایەنە هەیە، بۆ ئەوەی دیالۆگیش بکرێت گرفتەکە لەوە دایە کە ئەوان نێوی حیزبی دیموکراتیان لەسەر خۆ داناوەو ئەوەش بەپێی بنەماکانی حیزبو هەموو ئەو ڕێنمایی‌و یاساو ڕێسایانە کە خۆیان بڕیاریان لەسەر داوە ئەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان نین. ئێمە داوامان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین بەیەکەوە قسە بکەین‌و لێک نزیک بینەوەو لەسەر هەموو بابەتێکی پێویست قسە بکەین، ناوێک بۆ خۆیان دیاری بکەن تا مەیدان بۆ ئەم کارە ئاواڵە بێت، بێجگە لەوە ئەوان بە دوژمنی خۆمان نازانین‌و ئێستاش پێمان وایە کە دەتوانین هاوکاری‌و پێوەندی دۆستانەمان هەبێت بەڵام تا ئێستا خودی قسەکردنەکە کۆسپی لەبەرەو، سەیر ئەوەیە ئەو لایەنەی باس لە یەکبوونەوە دەکات بۆخۆی گەورەترین کۆسپی پێک هێنا، ئەوان وایان کرد کە نەتوانین بەیەکەوە دانیشین‌و عەمدەن هەموو ئەوانەیان کرد. کەچی ئێستا بوونە نەمادی یەکگرتنەوە، ئەو تەبلیغاتەی کە وەڕێیان خستووە لە ناخەوە نییە ئەگەر وانەبوویا دەیانتوانی ناوێک دیاری بکەن‌و لەسەر هەموو ئەو مەسەلانە قسە بکەین‌و راوێژ بکەین، ئێمەش درکی ئەوە دەکەین کە یەکبوونەوەو پێکەوە کارکردن زۆر زەرووره لە پلاتفۆرمی هاوبەش‌و بەرەیەکدا. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە ئەو هاوڕێیانەی پێشووی ئێمە پێشتریش جارێکی دیکە جیابوونەتەوە، دوای کۆنگرەی ٨ لە حیزبی دیموکرات جودابوونەوەو پاش ماوەیەک دووبارە وای لێهات کە قبووڵ بکرێ بگەڕێنەوە ناو حیزبی دێموکرات، بەڵام کە گەڕانەوە، دووبارە هەڵسوکەوتی پێشوویان دەست پێکردو ئەو جارە کەسانێکی‌تریشیان لەگەڵ خۆ برد، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چ گەرەنتی‌یەک هەیە ئەو هاوڕێیانە ئەمجارەش واناکەن، بۆیە ئێمە لەو پێوەندییەدا بە ئیحتیاتەوە هەنگاو دەنێین، موافقی هەموو لێک نزیکبوونەوەو یەکگرتنەوەیەکین بەڵام بەو مەرجەی کەلەسەر بنەماو ئەساسێک بێت کە لە دانیشتنی هاوبەش دا ساغ بینەوە، ئەگەر ئەوەش نەکرا لانیکەم دەتوانین وەک دوو حیزبو دوو لایەن بەیەکەوە کار بکەین، ئێمە قەدیم هاوسەنگەری یەکتری‌و رەفیقی یەکتری بووین‌و رەنگە لەبارەی بیروبۆچوونی سیاسیەوە ئێستا لەگەڵ ئەوان لە بەشێکی زۆر لە حیزبەکانی دیکەی کوردی ئێران لێک نزیکتر بین، کەوابوو ئێمە پێمان باشە پێکەوە دانیشین، بەڵام ئەوان کۆسپیان دروست کردوە بۆ ئەو دانیشتنە. کۆمیتەی دەرەوەی حیزب بەیانێکی داوەو رای گەیاندووە کە ئەگەر بێتو ئەو کۆسپەی ئەوان دروستیان کردووە لایبەرن ڕێگای وتووێژو دیالۆگ دەکرێتەوە، ئێمە داوا دەکەین کە خەڵکو دۆستان روو لەوان بکەن تا ڕێگەیەکی ئوسوڵی بگرنەبەرو ناوێکی دیکە بۆخۆیان دیاری بکەن. ئەوەی کە دوو جار لە حیزبی دێموکرات ئینشعاب دەکاتو هەردووک جار لەسەر مەسایلی شەخسی‌و گرووپی جودادەبێتەوەو خۆشی بە حیزبی دێموکرات دادەنێ ئەوجا خەڵک رومان تێبکات کە بەیەکەوە دانیشین، باشتر ئەوەیە روو لەوان بکەن با ناویان بگۆڕن.

**میدیا**: باس لەوە دەکرێ کە ئێوە جۆرێک بایکۆتتان دروستکردوە لەناو قەوارەی حیزبیداو ڕێگە نادەن کەس هاتو چۆو سڵاو دۆستایەتیان بکات، لەلایەکی دیکە ئەو مەسەلەیە جێگەی پرسە چۆن خۆشیان پێ دیموکراتەو دەیانەوێ رای خۆیان بەسەر هێزێکی تردا بسەپێنی کە (ناو) با ئەمە بێ یان ئەوە.

**مستەفا هیجری**: مەسەلەی بایکۆت لە گۆڕێدا نیە، چ لە دەرەوەی کوردستانو چ لە باشوور لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا لەگەڵ ئەوان حوزوورمان هەبووە هیچ وەخت نەبووە کە ئێمە لەبەر بوونی ئەوان جێگەیەکمان تەرک کردبێت، تێکەڵاویو تەنانەت خزمایەتی هەیە، لە مابەینی پێشمەرگەکاندا، بۆیە مەسەلەکە وا نیە کە ئەوان باسیان کردووە، بە نیسبەت ناویشەوە ئێمە بۆ خەڵک دیاری ناکەین کە چ ناوێک بۆخۆی دابنێ بەڵام داوا دەکەین کە نێوی ئێمە لەسەرخۆتان دامەنێن، بە پێی هەموو یاسایەک ناتوانرێت لایەنێک بێ ئیزنی لایەنی دیکە ناوی ئەو لەسەر خۆی دابنێ.

**میدیا**: دەگوترێ کە باڵی جیابووە لە حیزب زۆرینەن و سەرکرایەتیەکەشی خاوەنی بەرپرسیارێتیو مێژوویەک تێکۆشانن لە حیزبدا چۆن دەتوانن ناوی خۆیان بگۆڕن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوە بیانوویەکی لاوازە، حیزب چوارچێوەیەکی دیارە، سنووری ئەو چوارچێوەیە بۆ هەموان جێگەی ڕێزە، ئەگەر گروپێک یان کەسانێک بەمە رازی نین بەڵام چونکە زۆرینە نین، سنوور ناشکێننو لە چوارچێوەدا دەمێننەوەو بەراگرتنی پرنسیپە گشتییەکان چالاکی خۆیان دەکەن، ئەگەر بە پێچەوانە سنوورەکانیان شکاندو لەو چوارچێوە چوونە دەر ئیتر ئەوە لەو قەوارەیەدا نینو لە پرنسیبە گشتییەکان لایان داوەو دەبنە شتی تر جیاواز لەو چوارچێوەی پێشوو، ئێمە هەموو شێوەیەکمان لەم بابەتانە هەبووە ئاخر نمونە ئەو کەسانە بوون کە پێشتر لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتیمانی داو لەسەرکردایەتی ئەو حزبەدا کاریان دەکرد، لە زۆر حیزبیتردا ئەو نمونانە هەبوون، تەنانەت کەسی کاریزماو دەستەیەک لە ڕێبەرایەتی لە حیزبەکەی خۆیان جودا دەبنەوەو چونکە کەمینەنو دەڕۆن حیزبێکی دیکە دادەنێن، بەپێی ئەساسنامەیەک کەبەیەکەوە بڕیارمان لەسەر داوەو ئەوکات ئەوان خۆیان لە زۆرینەدا بوون، هەر بەپێی ئەو یاسایانە کە خۆیان پەسندیان کردووە، ئەوان حزبی دێموکراتی کوردستان نین، کەوابوو ئێمە نێویان بۆ دانانێین بەڵکو دەڵێین نێوی ئێمە لەسەر خۆتان دامەنێن.

**میدیا**: کەوابوو یەکەم هەنگاو بۆ ئاسایی کردنەوە پێوەندی هەردوولا دەبێ چی بێت؟

**مستەفا هیجری**: من پێم وابێ سەرەتای ئەو کارە دەتوانێ بە گۆڕینی نێوو دانانی نێوێکی نوێ بۆخۆیان بێت، ئەوان نیشانیشیان داوە کە نێو بۆ ئەوان گرینگ نییە چونکە هەر لەماوەی چەند مانگی رابردوودا لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم رایانگەیاند کە نێو بۆ ئەوان گرینگ نیە، باشە ئەدی بۆچی بۆ نزیکبوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان (بە پێی پڕوپاگەندەی خۆیان) ئەوەندە بە گرنگی دادەنێن؟ لە حاڵێکدا دەڵێن دەمانەوێ لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نزیک ببنەوە. ئەگەر بەراستی باوەڕیان بەو شتانە هەیە کە دەیڵێن لەبارەی دیالۆگو نزیکبوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو ئەوە کە کاریگەریی هەیە لەسەر

بزووتنەوە کوردو لایەنەکانی دیکە، بۆ ناوی خۆیان ناگۆڕن؟ ئایا ئەو ناوگۆڕینە ئەوە ناهێنێ؟ ناویان بگۆڕن تا بیسەلمێنن کە لە ئیدیعاکەی خۆیان دا سادقن‌و ئەوەی دەیڵێن هەر تەبلیغاتو پروپاگەندە نیە. بە رای من هەر ئەو پڕوپاگەندەو تەبلیغاتە بەم شێوەیە جێگای گومانە، بۆیە ئێستاش پێم وایە کە ڕێگاچارە تەنیا ئەوەیە نێوێکی دیکە بۆخۆیان دیاری بکەن، ئەگەر ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵیان دانەنیشێت با هەم ئەوان‌و هەم جەماوەر گلەیی بکەن کە بۆ لەگەڵ حیزبێکی دۆستو هاوڕێ دانانیشن‌و هاوکاری ناکەن؟

**میدیا**: ئەگەر ئەوە نەکرا؟

**مستەفا هیجری**: با چی دیکە خۆیان بە لایەنگری لێک نزیکبوونەوەو یەکگرتن دانەنێن.

**میدیا**: داوات لە خەڵک کرد کە روو لەوان بکەن بۆ یەکگرتنەوە، ئەولاش دەڵێن کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە داوامان ئەوەبوو بەڵام ئەوان گوێ خۆیان ئاخنیوەو داوادەکەن کە جەماوەرو دۆستان روو لە ئێوە بکەن، لەو نێوەندەدا کامەتان کەمتەرخەمن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە بە کورتی باسم کرد پرۆسەیەکی سیاسی (ئەگەر بتوانین ئەو ناوەی لە سەر دابنێین) گرووپێکە لە دووجار جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵدا، بزووتنەوەی کورد مشکی ئازمایشگاهی نیە هەموو رۆژێک لە ژێر تاقیکردنەوەدا بێ، جارێکی دیکەش تاقی بکریتەوەو بێنەوە تا دووبارە بڕۆنەوە، ئەو خەڵکە دەبێ چەند جار لە لایەن گرووپێکەوە دووچاری نائومێدی بێتو تووشی شۆک بێ‌و باجی دەسەڵاتخوازی کەسانێک بدات لە جیاتی بیر لە یەکگرتن‌و هاوخەباتی بۆ گەیشتن بە ئامانج، بیر لە بەرژەوەندی خۆیان بکەنەوەو هەرکات بەرژەوەندییەکەیان بەرتەسک بووەوە جیا ببنەوە؟

**میدیا**: لە پەیامێکدا لێبوردن بۆ جاش‌و چەکدارە کوردەکان ڕاگەیەندرا، ئایا دەکرێ هێزێک کە لە دەسەڵات دانییە بە تەنیاو بێ راوێژ لەگەڵ حزبەکانی دیکە بڕیاری وا گشتی بدات؟

**مستەفا هیجری**: لەبەر ئەوەی کە لەنێو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردی دا پلاتفۆرمێکی هاوبەش نییە راوێژو هاودەنگی لەسەر مەسەلەی وەها تۆزێک زەحمەتەو ئەوەمان نەکردووە، ئەوەی کە ئێمەش رامانگەیاند، هەڵوێستێکی سیاسییە بۆ بوژانەوەی کۆمەڵگای کوردەواری لە داهاتوویەکی نزیکداو لە نەبوونی کۆماری ئیسلامی دا، مەبەست ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی پاش ماوەیەکی دیاری کراو لەناو بچێت بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕەم کە کۆماری ئیسلامی زۆربەی تەمەنی گوزەراندووەو لە لێژی تەمەندایە، کاتێک ئەو رژێمە نەمێنێ کۆمەڵێک کێشەمان هەیە کە پێویستە هەر لە ئێستاوە بەرەو چارسەری کردنی بچین، لەنێو خودی کورد لە ئێران دا بۆچوون‌و هەڵسوکەوتی جیاواز هەیەو کۆمەڵێک خەڵک کە بە زۆر هۆ کەوتونە داوی خەیانەتی رژێم‌و لە بەرژەوەندی گەلەکەیان دوورکەوتوونەوە، ئێمە وەک حزبێکی بەرپرسو نەک بۆ ئێستا بەڵکو دەبێ لە فکری داهاتووشدا بین کە لە کۆمەڵگاکەمان چی روودەدات، بیر لە تەندروستی کۆمەڵگا بکەینەوە، بۆ ئەمە دەبێ لە ئێستاوە خەریک بین‌و هێندێک تابۆ بشکێنین یەکێک لەو

مەسەلانەی داهاتوو ئەو کۆمەڵە خەڵکەن کە لە داوی ڕێژیم کەوتوون، چی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە بکرێتو چۆن بیانگێڕینەوەو سەنگەری گەلو نیشتیمان؟ هەڵوێستی ئێمە لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە من ڕامگەیاند، دەبێ بە سینگ فراوانی بۆ ئەم مەسەلەیە بچینو لێبوردنێکی گشتی بەناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕابگەیەنین، ئێمە نە وەک نوێنەری خەڵکی کوردو نە وەکیلی حیزبە سیاسییەکانی دیکە، بەڵکو وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەمبارەوە بڕیارمان داوە، ئاساییە کە حەقی خۆمانە لە بارەی داهاتووی کوردستانو بەرژەوەندی خەڵکو وڵاتمان هەر هەنگاوێک بنێین، ئێمە ئەوە بە حەقی خۆمان نازانین کە دەسکەوتی نەتەوەیی کوردو چارەنووسی بخەینە ساتو سەودای سیاسەتی هەڵە. من پێم وایە ڕاگەیاندنی ئەو لێبوردنە گشتییە لە جێگەی خۆیدا بووە، مەسەلەکەش تەنیا هەڵوێستێک نەبوو بەڵکو لەگەڵ زۆر لەو کەسانەو بەرپرسی وان کە چەکیان هەڵگرتووە پێوەندی گیراوەو دڵنەوایی ئەو کەسانە کراوە کە لە کارو کردەوەی خۆیان دەرحەق بە گەلەکەیان پەشیمان بوونەوەو دەیانەوێ ڕێبازی خزمەت بگرنە پێش، دەبێ ئەو ڕێگایە بهێڵینەوەو ئەم متمانە بدەین بەو کەسانەی کە هەڵەیەکیان کردووەو نایانەوێ دوبارەی بکنەوە، حزبی دیموکراتی کوردستان باوەشی بۆ ئەم کەسانە ئاواڵەیە.

**میدیا**: زۆر کەس باوەڕی وایە کە ناکۆکی دیموکراتەکانو کۆمەڵەکان کۆسپی سەرەکی پێک هێنانی بەرەی کوردستانییە، ئێوە ڕاتان چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوە بەشێکە لە کۆسپەکە، بەڵام هەمووی نییە، هەردوو کۆمەڵە دەزانن کە ئێمە پێش ئینشعابی هەردوو لامان بە ماوەی دووساڵ کەوتینە وتووێژ بۆ ئەم مەبەستەو هەوڵ درا بەڵام سەرکەوتوو نەبوین، ئێمە لە دوای کۆنگرەی ١٤ بڕیارمان وەرگرت کە بە جیددی کار بکەین بۆ نزیک بوونەوەی حزبەکانو لەمبارەوە چەندین دانیشتنمان لەگەڵ لایەنەکان کرد، بەڵام دەبێ بڵێم کە خاڵی ناکۆک زۆرنو ئەگەر وا نیە با لایەنەکانی تر بەیەکەوە ڕێکبکەون با حیزبی دێموکرات پەراوێز بخرێت. ئێمە لە دانیشتنەکانی دوایی لەگەڵ لایەنەکان ڕامانگەیاند کە ئامادەین بەیەکەوە کار بکەینو سەرکردایەتییەکەی بەرە با دەورەیی بێتو وتەبێژەکەش هەر دەورەیی بێت، بەڵام کۆسپ هاتە پێش کە پێویست ناکات ناوی کەسو لایەنێک بینم بەڵام ئەوەی کە دەیڵێن زۆر لەو حیزبانە تەبلیغات بە دروست کردنی بەرەوە دەکەن سادق نین، چونکە کاتێک دێتە قۆناغی جێبەجێکردن مەسەلەیەکی تر دێننە گۆڕێو کارەکان گرێی تێدەخەن. ئەو جودابونەوانەش بوونە باری سەربار، ئەگەر هاوڕێیانی پێشوومان نێوی خۆیان بگۆڕنو بتوانین لەگەڵ ئەوان بەیەکەوە دانیشین، بێگومان هەنگاوی سەرەکیش دەبێ بۆ هێنانە بەرباسی دووبارەی هاوکاری گشتی هێزەکانی کوردی، ئەگەر ئەوە نەبێ پێمان وایە کە ئێستا زەمینەی لەبار بۆ ئەم مەسەلەیە نییە، هەر چەند پێمان وایە بەیەکەوە کارکردن لەسەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە خەباتی نەتەوەکەمان بۆ ئێمەی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پێویستەو دەبێ ڕۆژێک پێی بگەین.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٠

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەهەندەکانی ژیانو خەباتی سیاسیی شەهید دوکتور قاسملوو



### وتووێژی تیشک تی ڤی

**لە گەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری دا لەسەر شەهید دوکتور قاسملوو**

**بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ، بیست و یەکەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بەدەستی دیپلۆمات . تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ لە ڤییەن، پێتەختی ئوتریشدا، لە یەکێکی دیکە لە بەرنامە دیمانەییەکانی تەلەڤیزیۆنی "تیشک"دا لەمەڕ کەسایەتی، ڕەهەندەکانی ژیانو خەباتی سیاسیی دوکتور قاسملوو بەشدار بوو.**

**تیشک تی ڤی: بەڕێز کاک مستەفا ئەگەر ئیزنتان لەسەر بێ بەرنامەکە لە تاوتوێی ڕەهەندی فیکری یان بنەمای ئەندێشەکانی دوکتور قاسملووەوە دەست پێبکەین. بفەرموون بنەما فیکرییەکانی دوکتور قاسملووو ئەو کۆمەڵگایەی کە دەیویست لە کوردستان دایمەزرێنێت، لەسەر چ بنەماو بنچینەیەکی فیکری بوون؟**

**مستەفا هیجری**: یەکێک لە سەرکیترین بنەما فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا، دامەزراندنی حکوومەتێکی سوسیالیست دێموکراتیک بۆ کۆمەڵگای ئێران و کۆمەڵگای کوردستان وەکوو ستراتژییەک بوو. سوسیالیزم بە واتای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەواتای دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتی سەرانەی وڵات، دابەشکردنی کارو یەکسانیو بەرابەری بۆ هەمووان، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕوانگە جیاوازە مەزهەبییەکان و زمانی و ئێتنیکی جیاوازو ئەو جیاوازیدانانەی دیکە کە لە کۆمەڵگای ئێراندا هەن. ئەمجۆرە لە سوسیالیزم لە ڕاستیدا بە مانای ڕەتکردنەوەی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری هەوسارپچڕاوە کە لەودا هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکان بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایەو چەوساندنەوەی چینی کرێکارو زەحمەتکێش و پاوانکردنی سوود بە قازانجی گرووپێکی تایبەتە. لەلایەکی دیکەشەوە پرسی دێموکراسی لە ئارادایە. باسی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە لایەن دوکتور قاسملووە خرایە بەرباسو بۆ یەکەمین جار لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر کراو دواتریش لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتدا پەسەند کرا. نموونەی بەرچاوی سوسیالیزم لەو سەردەمەدا، لەڕاستیدا یەکیەتیی سۆڤیەتیو بلوکی سوسیالیستی بوو. لەو سەردەمەدا حیزبە کرێکارییەکان و وەک سوسیالیستەکانی ئەو دەورانە دەیانگوت، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەو وڵاتانە دەسەڵاتدار بوونو کۆمەڵێک کەس لە حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەداو دواتر دەفتەری سیاسییان و لەسەری سەرەوەشدا سکرتێرەکانیان لەژێر ناوی دێموکراسی کرێکاریدا، لەجیاتی دێموکراسی، دیکتاتۆرییان بەسەر خەڵکدا دەسەپاندو لە ئاکامیشدا لە جیاتی ئەوەی حکوومەت لە خزمەت خەڵکدا بێ، هەموو خەڵک لە خزمەت ئەم گرووپە ئاپاراتە حیزبییانەدا بوون. کاتێک تاوتوێی ئەو بارودۆخە دەکەین، کەمپی کرێکارە دوورخراوەکان و سزاو بێبەشی و چەوساندنەوەی کرێکاران لەو وڵاتانەدا دەبینین کە حکوومەتگەلێک لە ژێر ناوی سوسیالیزم بەسەریاندا زاڵ بوون. دوکتور قاسملوو ئەو سیستمە لە سوسیالیزمی ڕەت دەکردەوەو بەهێنانەئارای تێزی سوسیالیزمی دێموکراتیک، لەڕاستیدا دەیویست سنوورێک لە نێوان ئەو جۆرە لە سوسیالیزم کە لەو سەردەمەدا حیزبی توودەی ئێران ئاڵاهەڵگری بووو بەداخەوە گوتاری زاڵی ڕۆشنبیرە ئێرانییەکان و کۆمەڵگای ڕۆشنبیری بەخۆوە خەریک کردبوو، لەگەڵ ئەو سوسیالیزمەی کە خۆی باوەڕی پێبوو، دابنێ. یەکێکی دیکە لەو جیاوازییانەی کە ئەو جۆرە لە سوسیالیزم کە دوکتور قاسملوو خوازیاری بووو هەوڵی بۆ دەداو لە کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەکوو ستراتیژی ئەم حیزبە پەسند کرا، باسی دێموکراسی بوو، بەو واتا کە ئەوەی زیاتر ئامانج بوو، ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆری لەهەر شکڵێکو لەژێر هەر ناوێکدا بوو، چ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، چ دیکتاتۆری مەزهەبی و یان هەر شکڵو ڕەنگێکی دیکە. دوکتور قاسملوو دەیهەویست ئەم تێزەو بنەما فیکرییانەی کە لەسەر بنچینەی دادپەروەریخوازی و دێموکراسی ڕۆ نرابوون، وەکوو سیستمێک لە داهاتووی کۆمەڵگای ئێران و کۆمەڵگای کوردستانی ئێراندا دابمەزرێنێ، سیستمێک کە لە ڕاستیدا جیاوازیگەلێکی زۆری لەگەڵ سوسیالیزمی کلاسیک و هەروەها لەگەڵ سەرمایەداری هەوسارپچڕاودا هەبوو. چون وەک دەزانین گەر سەرمایەداری تا ئەمڕۆش هەر سیستمی زاڵ بەسەر جیهانو بەتایبەت ڕۆژئاوادایەو دەستکەوتگەلێکی زۆری لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراسیو پێشکەوتنی تێکنیکو پیشەسازی لێکەوتۆتەوە، بەڵام دیسانیش هێندێ نادادپەروەری تێدا دەبینرێ کە ئیمڕۆکەش لە وڵاتانی پێشکەوتووی کۆمەڵگا شارستانییەکاندا، خەڵک بەنیسبەت ئەو نادادپەروەرییانەی لە سیستمی سەرمایەداریدا هەیە، هەر خەریکی خۆپیشاندان و چالاکیی جۆراوجۆرن تا بتوانن خاڵە لاوازەکانی سەرمایەداری سەردەمی ئێستا چارەسەر بکەن. ئەم تێزە لەو سەردەمەدا لەلایەن دوکتور قاسملووەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خرایە بەرباس و زیاتر بە هۆی پێداگری ئەوو ئەو شیکاری و کارە زۆرەی لە پێناویدا کردی، لە ماوەی ٢ یان ٣ ساڵدا بە پەسند گەیەندرا. بە بۆچوونی من، ئەمە یەکێک لە ڕوانگە بەرزەکانی بیرۆکە و ئیدەکانی دوکتور قاسملووە کە لە کۆمەڵگای

ئەوکاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هێنایە ئاراوە، لەکاتێکدا بۆچوونێکی هەڵە بەنیسبەت سوسیالیزم و دێموکراسی لەو کاتەدا باو بووو زۆربەی ڕێکخراوە سوسیالیستییە چەپەکان خۆیان دەبەستەوە بە بیرۆکە سوسیالیستییەکانی ئەوکاتی یەکیەتیی سۆڤیەتی و بەشەکانی دیکەی بلوکە سوسیالیستییەکان و پێیان وابوو لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکانەدایە کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خۆشبژێوی بۆ خەڵک دابین دەکرێن. بەڵام دوکتور قاسملوو بەو ئەزموونەی لە کارو ژیان لە هێندێ لە وڵاتانی سوسیالیستی و لەوانە چێکوسلۆڤاکی هەیبووو بینینی ئەو زوڵم و زۆرانەی لەژێر ناوی حکوومەتی کرێکاری لە کرێکاران و چینە خەسارهەڵگرەکانی کۆمەڵگا دەکران، سەرنجی دابووە ئەو کەموکوڕییانە. لەو کاتەدا تەنانەت کەسێک نەیدەوێرا ئەمجۆرە باسانە بێنێتە ئاراوە، وەک وتم بە هۆی ئەو کەشوهەوای لەو سەردەمەدا بەسەر کۆمەڵگاکەمان زاڵ بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە پێشدا دوکتور قاسملوو ئەو بوێرییەیان نواندو ئەو باسەیان هێنایە ئاراوە کە هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک تۆمەت لەلایەن گرووپە چەپەکانی ئەوکات و گرووپە ڕاستەکان و لە ڕاستیدا لەلایەن چەندین جۆر بیرۆکەو ئیدەوە کە لە ڕاستییەکانی بیرۆکەی دوکتور قاسملووو ئەزموونەکانی تێنەگەیشتبوون، دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دوکتور قاسملوو وەڕێخران، بەڵام ئەوانە ئیدەگەلێکی پێشکەوتووبوون و بەشێک لەو ئیدەو بەرنامە پێشکەوتووانە بوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی پێیان بووو دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی شکڵپێدان و بنیاتنانی ئەم بیرۆکە پێشکەوتووانەدا ئاڵاهەڵگر بوو. ئەم بیرۆکانەی حیزبی دێموکرات ئێستاش بەشێکن لە ئیدە زۆر پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگای هەنووکەو پاش تێپەڕینی نزیک بە ٣٠ ساڵ، هێشتا بە نوێ لەقەڵەم دەدرێن و جیهان لە هەوڵی هێنانەدییاندایە. ئیدەیەک کە لەودا ڕەچاوکردنی خاڵە بەهێزەکانی سەرمایەداری و پێداچوونەوە بەسەر ئەو خاڵە نێگەتیڤانەی سوسیالیزمی ئەو سەردەمە هەیبوو، دەتوانێ لەلایەک ئاوێتەیەک بێ لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگایەکی بێبەش و چینە زوڵملێکراو و خەسارهەڵگرەکانی کۆمەڵگاو لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو خاڵە پۆزەتیڤ و پێشکەوتووانەی سەرمایەداری هەیبوو، لەخۆ بگرێ.

دوکتور قاسملوو بەم شێوە بۆ سوسیالیزمی دێموکراتیک وەکوو بنەمایەکی فیکری پێشکەوتوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێی خۆش کرد. بەڵام ئەمە بەو مانا نیە کە دوکتور قاسملوو خۆی داهێنەری ئەو تێزە بوو، پێش لە بەڕێزیان، ئەم تێزە لەلایەن بیرمەندە ڕۆژئاواییەکانەوە باس کرابوو، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو کە ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵگای کوردستاندا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دەهاتە ئاراوە.

**تیشک تی ڤی:** بەڕێزتان ئاماژەتان بەوەدا کە دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ لە نێوان سوسیالیزمی ڕۆژهەڵات و دێموکراسی ڕۆژئاوادا جۆرە ئاوێتەبوونێک بکرێ کە کەموکوڕییەکانی هەر دوو سیستەمەکە چارەسەر بکرێ‌و بەم هۆیەشەوە بکرێ لە کۆمەڵگای ئێران سیستمێکی دڵخوازو دادپەروەر دابمەزرێ. بەڵام ئەو کەشوهەوا فیکرییەی کە لەو سەردەمەدا بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین زاڵ بوو، کەشوهەوایەک بوو کە لە ڕاستیدا حیزبە چەپەکان و بەجۆرێک دەکرێ بڵێین کە کۆمەڵگای کوردستان بەهۆی ئەو هەلومەرجە تایبەتییەی کە پاش شۆڕش هەیبوو، ئەو حیزبە چەپانەی کە لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە پاڵەپەستۆ دەخران، ڕوویان تێدەکردو لە کوردستاندا پێگەو بنکەو بارەگایان دادەمەزراندو نووسینگەگەلێکیان لە شارەکانی کوردستاندا دەکردەوەو هەوڵیان دەدا درزە بکەنە نێو خەڵکەوە و تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شایەتی مێژوو بە جۆرێک یارمەتیی ئەو حیزبانەشی


سەرچاوە Serchawe

**کردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەو یان تەنانەت سەرەڕای هەبوونی حیزبێک وەک توودە لە نێوانیاندا کە رابردووی خەباتی لە حیزبی دێموکراتیش زیاتر بوو، دیسان دەبینین کە ئەو خۆشەویستییەو ئەو بڕەوەی کە حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا هەیبووە، ئەوەندەیە کە حیزبەکانی دیکە کەمتر دەتوانن بەو ئاستە لە خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردستاندا نزیکیش ببنەوە. ئێوە هۆکارەکانی ئەم راستییە بۆچی دەگەڕێننەوە؟ لە خودی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو یان هۆکارگەلێکی دیکەی هەیە؟**

**مستەفا هیجری**: چاو لێ بکەن، یەکێک لە گرنگترینی ئەو مەسەلانەی کە حیزبێکی سیاسی یان کەسایەتییەکی سیاسی دەتوانێ بەو پێیە لە کۆمەڵگادا متمانە بەدەست بێنێ، بە بڕوای من پتر دووربینییە، بە بێ ئەوەی کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کەشوهەوا ناڕاستانەی لە ئارادان کە زۆرجار لە کۆمەڵگا هەستەکییەکانی رۆژهەڵاتدا زۆر بە ئاسانی پێک دێن. ئەو مەسەلانەی کە دێنە بەرباس دەبێ بە شێوەیەکی راستبینانەو وردو زیاتر لە روانگەی داهاتووەوەو بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا ژیان دەکەین، تاوتوێ بکرێن. ئەمە یەکێک لەو تایبەتمەندییانە بوو کە لەو سەردەمەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو خاوەنی بوو. لەم بارەوە دەتوانم چەند نموونە بێنمەوە کە زۆر زیندوون. لەو کاتەدا کە رێژیمی پاشایەتی رووخاو کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار، هەر لە یەکەمین هەنگاوەکاندا بینیمان کە باڵوێزخانەی ئامریکا بە دەستی گرووپێک کە بە خوێندکارانی موسوڵمان ناویان دەرکردبوو، داگیر کرا. لەو کاتەدا بینیمان کە شەپۆلێکی بەرین لە هاندانو دەربڕینی خۆشحاڵی لە لایەن خەڵکەوە لە گرووپە جیاوازەکان و تەنانەت زۆرێک لە رۆشنبیرانیش، بەداخەوە لە پەسەندی ئەم کردەوە وەڕێخرا کە دژی پرنسیپە باوە نێونەتەوەییەکان بوو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەریی دوکتور قاسملوو ئەم کارەی بە پێچەوانەی پرنسیپە باوە نێونەتەوەییەکان لە قەڵەم داو رایگەیاند کە دووکەڵی ئەو کارە لە داهاتوودا دەچێتە چاوی خەڵکی ئێرانەوەو بەپێچەوانەی هەموو پرنسیپو یاسا نێونەتەوەییەکانە. یان لەو کاتەدا حیزبی دێموکرات لەو رێفراندۆمەدا کە بۆ دیاریکردنی جۆری حکوومەت بەڕێوە چوو، بەشداری نەکردو بایکۆتی کرد، چوونکە لە راستیدا ئەوە رێفراندۆم نەبووو پەسەندکردنی سیستمێک بوو کە دەیانگووت کۆماری ئیسلامییەو دەبێ هەڵبژێردرێ. لەبەرەوەی سەرانی رێژیم زۆر زیرەکانە 2 سیستمیان خستبووە دەنگدانەوە، یەکێکیان سیستمی پاشایەتی بوو کە روون بوو خەڵک راپەڕیبوون و رووخاندبوویان و لێی ناڕازی بوون، کەواتە دیار بوو دەنگی پێ نادەن، ئەوەی دیکەیان کۆماری ئیسلامی بوو کە هێشتا لە سەرەتاکانی ژیانیدا بووو کەس نەیدەزانی ئەم کۆمارە چی پێیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لێکدانەوەی ئەو راستییانە رایگەیاند کە ئەوە رێفراندۆم نیەو لە جیاتی ئەوە، ئیزن بدەن کۆماری دێموکراتیکیش لە رێفراندۆمەکەدا بگونجێندرێ. بەڵام سەرانی رێژیم نەیانهێشت.

ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رێفراندۆمەکەدا بەشداری نەکردو لەو رۆژانەدا بە هۆی هەڵوێستی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ باڵوێزخانەی ئامریکاو رێفراندۆمدا، شەپۆلی بەرچەسپە ناحەزەکان بەرەو حیزبی دێموکرات وەڕێخراو لە راستیدا حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەدا وەپەراوێز خرابوو. بەڵام ئێستا پاش ٣٠ ساڵ، پاش ئەو ئاسینەی کە هەمووان لە کۆماری ئیسلامییان هەیەو پاش ئەو هەموو خەسارو زیانانەی بە هۆی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکاوە تووشی خەڵکی ئێران بوو، مەسەلەکان بۆ هەمووان روون بۆتەوە. بەڵام جیاوازی نێوان مرۆڤێکی سیاسی یان رێکخراوێکی سیاسی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی لەوەدایە

کە حیزبێکی سیاسی بتوانێ داهاتوو بە شێوەی ڕێژەیی پێشبینی بکات، لانیکەم بتوانێ خەسارو زیانەکانی کارەکانی ئیمڕۆ لە پێوەندی لەگەڵ داهاتوو هەڵسەنگێنێ. ئەمە مەسەلەگەلێک بوون کە لەو سەردەمەدا بە داخەوە کەمتر سەرنجیان پێ دەدرا.

بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری دوکتور قاسملوو بەو ئەزموونەی کە پاشکەوتی کردبوو، گرینگی بەم مەسەلانە دەداو ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدایە، لە کاتێکدا هەر وەک ئاماژەتان بەوەدا کە لەو کاتەدا حیزبی توودە رابردووو مێژووەکەی زیاتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵێ لەوانەیە بە گشتی ژمارەی ئەو کەسە خوێندەوارانەی لە حیزبی توودە بوون، زۆر زیاتر لەو کەسانە بوو کە لە ڕێبەری حیزبی دێموکرات یان لە بەدەنەی ئەو حیزبەدا چالاک بوون. بەڵام ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو ئیدەو بیرۆکانەی ئەوکاتە باو بوون و مەسەلەگەلێکیان باس دەکرد کە راست بە پێچەوانەی قازانجی خەڵک بوون. بۆ نموونە ئەوان جەختییان دەکردەوە لە بەرەوەی کۆماری ئیسلامی دژی ئیمپریالیزمی ئامریکا دروشم دەدا، کەوابوو حکوومەتێکی پێشکەوتووەو دەبێ بەرگری لێ بکرێ. بەڵام تێپەڕینی زەمان، هەڵەبوونی ئیدەکانی ئەوانو دروست و وردبوونی ئیدەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەلماند. چەند مەسەلەی دیکە کە بە بڕوای من ببوونە هۆی خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات و بە تایبەت دوکتور قاسملوو کە ڕێبەری ئەم حیزبە بوو، بریتی بوون لەوەی حیزبی دێموکرات لە پێناو داواکارییە راستەقینەکانی خەڵک لێبڕاوو ڕەنگدەرەوەو زایەڵەی دەنگی خەڵک بووە. داخوازیی خەڵکی کوردستانی ئێران لەو کاتەدا داخوازییەکی نەتەوەیی بوو، هەڵبەت دێموکراسی کە داخوازیی نەتەوەیی بەشێکییەتی، داخوازیی حیزبی دێموکراتو هەمووان بوو. بەڵام بۆ خەڵکی کورد لە چوارچێوەی دێموکراسیدا، داخوازیی نەتەوەیی لە پێش هەموو پرسەکانەوە بوو کە نەدەکرا پشت گوێ بخرێ و حیزبێکیش کە خۆی بە نوێنەری خەڵک دەزانێ، دەبێ لەسەر ئەم داخوازییە سەرەکییەی خەڵک پێداگری بکاو هیچ ساتوسەودایەکی لە سەر نەکرێ. حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا ئەم پرسانەی هێنایە ئاراوە، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، بەڵام لەو کاتەدا هەموو ڕێکخراوەکان بەو جۆرە بیریان نەدەکردەوەو بەشێکیان هێنانە بەرباسی داخوازییە نەتەوەییەکانیان بە نیشانەی دواکەوتوویی حیزبی دێموکرات دەژماردو وابیریان دەکردەوە کە هێنانە بەرباسی داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد یان نەتەوە ئێرانییەکانی دیکە بە واتای دووبەرەکینانەوەو لێکترازاندنی پرۆلیتاریایەو لە روانگەی مەزهەبیشەوە پێیان وابوو درز خستنە نێو ئوممەتی ئیسلامییە، چوونکە هەموو، کوردو فارس و تورک و خەڵکی دیکە موسوڵمانن و کەوابوو هێنانە بەرباسی داخوازیی نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەی موسوڵمان درز خستنە نێویانەو بە قازانجی ئیمپریالیزم تەواو دەبێ. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەکەوتە ژێر کاریگەریی ئەو کەشوهەواو بوو بە دەنگی راستەقینەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران، داخوازییەک کە ئیمڕۆ، پاش ٣٠ ساڵ، بەشێکە لە داخوازییە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگاکەمان و داخوازییەک کە هێندێ لەوانەی لەو سەردەمەدا هێنانە بەرباسیان بە خاڵێکی لاوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قەڵەم دەدا، ئێستا راست هەڵگەڕاونەتەوە بۆ سەر ئەو داخوازییانە، داخوازیگەلێک کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناویاندا تێدەکۆشا. ئەو داخوازییانە لە سەری سەرەوەی داخوازی و داواکارییەکانی خەڵکی کورددا بووو حیزبی دێموکراتیش دەنگی زووڵاڵی خەڵکی کورد بوو. لەم بارەوە دەکرێ زۆر مەسەلەی دیکە باس بکەین کە یەکێک لەوانە ئەوەیە کە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکدا، مافەکانی مرۆڤ ڕێزی لێ دەگیرا، جا لە هەر ڕەنگ و زمان و نەتەوەیەک. هەر ئەم ئیدە بوو کە بووە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تەنانەت لەو کردەوە

چەکدارییانەی کە لەو کاتەدا لە پێشی دەگرت، مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی دیلەکانی شەڕ ڕەچاو بکات. لە هەمان ڕۆژەکانی دەسپێکی خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێموکرات دژی کۆماری ئیسلامی، گرووپەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ لە نێو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستاندا بوون. ئەو گرووپانەی لایەنگری مافی مرۆڤ کە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە هاتبوون، هەم یارمەتیی مرۆییان بە پێشمەرگەکان و خەڵکی ئاسایی لە کوردستان کە بریندار بوون، دەگەیاندو هەم وەکوو چاودێرو شایەتێکی بێلایەن بوون بە سەر ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤەوە تەنانەت لە مەیدانەکانی شەڕ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. ئەم مەسەلانە بوونە هۆی ئەوەی پێگەو بڕواپێکراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەتەنیا لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا، بەڵکوو لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیشدا بە شێوەیەکی تایبەتی قایم بێ. بە ڕێکەوت نیە کە ئیمڕۆ دەبینین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زۆرێک لە ئۆرگانو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤدا بە ئەندام وەردەگیرێو لە ڕەوتی کۆبوونەوەو بڕیاردان و ڕاگۆڕینەوەیاندا ڕاوێژی لەگەڵ دەکرێ. ئەم ئاکارانە سەرمایەدانانێکی گرنگیی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو سەردەمەدا بوونو ئاکام و بەهرەکەی ئیمڕۆکە خەڵکی کوردستانی ئێران دەیبینن و ئەمەش یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی پشتیوانیی خەڵکی کورد و کۆمەڵگای کوردستان لە هەموو بەشەکانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لەو پێوەندییەدا تەنانەت ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێرانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن و جێگەو پێگەی لە نێو حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بە قورس و قایم دەزانن. ئەمانە نموونەگەلێک لە ئیدەو بەرنامەکانی حیزب بوون کە جێگەیەکی تایبەتی بە حیزبی دێموکرات لە نێو دڵی خەڵکی کورددا داو هەر ئەمەشە کە دەبینین حیزبی دێموکرات سەرەڕای هەموو ئەو پیلانانەی کۆماری ئیسلامی و ئەو لایەنانەی دیکە کە بوونی حیزبی دێموکراتیان بە یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئامانجەکانیان زانیوە، هەروا قورس و قایم ڕاوەستاوەو سەرەڕای ئەو جیابوونەوانەی لەو ماوە زەمانییەدا بە هۆگەلی جیاوازەوە لە حیزبدا پێکیان هێناو سەرەڕای ئەو تیرۆرانەی کە لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتو چالاکانی ئەو حیزبە کراون و سەرەڕای سەدان و هەزاران زیندانی سیاسی کە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا زیندانی کران و ئەشکەنجە دران و لە زێدی خۆیان دوور خرانەوە و شەهید کران، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە ڕێزی لێگیراوەو پێشوازی لێکراوەو لە هەر قۆناغێکدا لە خەباتی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی لە لایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێ کراوە، چ ئەو کاتەی خەباتی چەکداری لە کوردستاندا دەکردو چ ئەو کاتەی رووی کردە خەباتی مەدەنی.

ئەمانە دەرسگەلێکن کە پێویستە بۆ نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگای کوردستان بگوازرێنەوە و لەو سەرمایە مەزنەی لە دەست حیزبی دێموکراتدایە، بە باشی کەڵک وەرگرین. لەو پێوەندییەدا دەبێ بڵێم دوکتور قاسملوو لە ڕاستیدا مامۆستایەکی بیرمەندو دێموکرات و دادپەروەریخواز بوو کە لە پێکهێنانی ئەم دەرسانەو ئەم بڕواپێکراوی و کەسایەتییە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵی یەکەمی گێڕاوە.

**تیشک تی ڤی:** دەگەڕێینەوە بۆ بەشێک لە وتەکانی بەڕێزت لە پەیوەندی لەگەڵ درووشمی حیزبی دیمۆکراتدا. لە ساڵەکانی ڕێبەریی دوکتور قاسملوودا درووشمی دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودمۆختاری بۆ کوردستان درا، بەڕێزت یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستیی حزبی دیمۆکرات دەگەڕێنیتەوە بۆ پێبەندیی پراکتیکیی ئەم حیزبەو بەردەوامبوونی لە خەبات بۆ، دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودمۆختاری بۆ

**کوردستان. واتە خەباتی دیمۆکراتیک لە ئێراندا هەڵگری بزووتنەوەیەکی گشتییەو دابین بوونی مافی نەتەوەکانی ئێران و دیارە خەباتی نەتەوەی کوردیش بەشێک لە خەباتی نەتەوەکانی ئێرانە. جەنابتان پێگەی ئەم خەباتانە واتە خەباتی گشتیی و خەباتی نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی دەستەبەر بوونی داخوازەکانیان لە بیروڕای گشتیی و کارکردی دوکتور قاسملوودا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**مستەفا هیجری**: ئێستا پاش ٣٠ ساڵ زۆرێک لەو راستییانەی کە ئەوسا بۆ خەڵک روون نەبوو، بۆیان روون بۆتەوە. دوکتور قاسملو هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بیری لە پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین دەکردەوە لە رێکخراوە دێموکراتیکەکانی ئێران بە مەبەستی یەکگرتوویی کردەیی لە رووبەڕووبوونەوەی هاوبەش دژی کۆماری ئیسلامی و یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەو کاتەدا زۆرێک کردەوەی بەپەلەی ئەنجامدا کە سەرلەنوێ شاری مەهاباد بگرێتەوە دەستی خۆی، بڕیاری کۆبوونەوەیەک بوو لەسەر بانگهێشتی حیزب لە رێبەرانی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان لە مەهاباد بۆ یەکگرتوویی بە مەبەستی گەیشتن بە بەرنامەو پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی. واتە لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خودی دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی کوردو یان هیچکام لە نەتەوەکانی ئێران و یان گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە تەنیایی ناتوانن رژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو برووخێنن و ببنە ئاڵتەرناتیڤو ئەو ئەگەرەشی بە پێویست نەدەزانی، چونکە ئاڵتەرناتیڤ بوونی یەک حیزب، دەرئەنجامەکەی دەبووە کۆماری ئیسلامی و یان هەر شکڵێکی دیکە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی و سیستمی ناوەندگەرا کە بۆ هەموو خەڵک و نەتەوەکانی ئێران بڕیاردەر بێت. ئەمە یەکێک لە باوەڕەکانی حیزبی دێموکرات بوو و دوکتور قاسملووش بەدوای ئەوەوە بوو کە ئەو یەکگرتووییە پێک بهێنێت و تا ئەو کاتەی شەهید بوو لە رێگەی ئەو ئارمانجەدا کارو تێکۆشانی هەبوو. پاش دوکتور قاسملووش، بیرۆکەکەی بووە بەشێک لە بەرنامەی کاریی و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. وەک دەبینین دوکتور سادقی شەرەفکەندیش پاش ئەو، لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە بێرلین شەهید کراو ئەم باوەڕو هەوڵە هەتا ئێستاش بەشێکی دانەبڕاو بووە لە بەرنامەی کاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. هۆکارێکی دیکەش کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دوکتور قاسملوو لە رێگەی هێنانەدی ئەم مەبەستەدا کاریان بۆ دەکرد، بەشداریکردن بوو لە یەکیەتیەکدا کە لەگەڵ رێکخراوی موجاهیدین و گرووپێکی دیکە لە رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە نێوی "شورای میللی موقاوەمەت"، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک بوو لە ئەندامە چالاک و کاراکانی ئەو شورایە کە بەداخەوە بە هۆی هۆکارگەلێک ئەو شورایە لێک هەڵوەشایەوە و نەیتوانی لە کارەکانی بەردەوام بێت. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە حیزب بە رێبەرایەتی دوکتور قاسملوو بەردەوام لە کارو چالاکیدا بوو بۆ کۆکردنەوەو لێک نزیک کردنەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە دێموکراتەکان کە لە بوونی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتەکەی بێزار بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پەیوەندییەدا هەوڵی زۆری داوەو ئێستاش لەو بوارەدا چالاکە.

**تیشک تی ڤی: ئاماژەتان دایە شورای میللی موقاوەمەت کە حیزبی دێموکرات و چەندین رێکخراوی دیکەش بۆ ماوەی چەند ساڵ لەو شورایەدا خەباتی هاوبەشیان هەبووە، حیزبی دێموکرات پاش ماوەیەک دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەبێ لەو شورایە بچێتە دەرەوە. لە بنەڕەتدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئامادەبوون لەو یەکیەتیی و شورایەدا چ دەسکەوتێکی هەبوو؟**



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: بە بڕوای من یەکێک لە دەسکەوتەکانی، ئامادەبوونی نوێنەری حیزب بوو لە کۆبوونەوەکانی ئەو شورایەدا، وەک باسم کرد نوێنەرانی بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە بۆچوونی ئیسلامی، چەپ، دێموکرات و میللی مەزهەبی لەو شورایەدا هەبوون و ئەو باس و گفتوگۆیانەی حیزب لە گەڵ ئەو گرووپانە هەیبوو لە کۆبوونەوەکانی شورادا، بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان پتر لەگەڵ بیروبۆچوونە مرۆڤ تەوەرو پێشکەوتووەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بن و زیاتر پشتگیریی لە بیروبۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن، بە شێوەیەک کە ساڵەکانی کۆتایی بەشداریی حیزب لەو شورایەدا، باس و لێکدانەوەکانی حیزب زیاتر سەرنج و پشتگیریی زۆرینەی ئەو ڕێکخراوانەی بەدواوە بوو. لە لایەکی دیکەشەوە دەرئەنجامی ئەو باس و گفتوگۆیانە لە پەیوەندی لەگەڵ ناسینی مافی نەتەوەیی ئەوە بوو کە لەوێ پلاتفۆرمێک چەسپا کە لەودا خودموختاری خەڵکی کوردستان بە فەرمیی ناسراو بە رای من ئەوە دەستکەوتێکی سیاسی گەورەی شورای میللی موقاوەمەت بوو بۆ خەڵکی کورد. نەک هەر بۆ خەڵکی کورد بەڵکوو هەموو ئەو گرووپانەی لەوێ بەشدار بوون و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەی یەکەمم کە گوتم ئەو ڕێکخراوو گرووپانە پاش شرۆڤەو باسگەلی زۆر، کاتێک زانیاریی تەواویان سەبارەت بە ئارمانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیوەندیی لەگەڵ خواستی بابەتی خودموختاری بۆ خەڵکی کورد پەیدا کردو تێگەیین کە ئەو خواستە نەک لە ڕەوتی دژایەتی مافە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێراندا نییەو نەک بە پێی پڕوپاگەندەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و گرووپێک لەو کەسانەی کە هێشتا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان نەناسیبوو و پرسی خواستی نەتەوەییان بە جودایی خوازی دەزانی، ئەو خواستەیان پەسەند کرد. قبووڵ کردن و پەسەند کردنی ئەو خواستە یەکێک لە دەستکەوتە سیاسیی و جێی بایەخەکانی شورای میللی موقاوەمەت بوو بۆ خەڵکی کورد و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بۆ هەموو شوراو لەوانەش ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق.

**تیشک تی ڤی**: دەگەڕێینەوە سەر بابەتێکی جێی ناکۆکی. یەکێک لە ناکۆکییەکان لە شورای میللی موقاوەمەت، دانووستانی حیزب لەسەر بابەتە جیاوازەکان لە گەڵ ڕێژیمی دەسەڵاتدار بوو، حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە لەگەڵ هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە لە چەندین قۆناغدا دانووستانی هەبووە لەگەڵی کە دەکرێ ئاماژە بکەین بە دانووستانەکانی سەرەتای شۆڕش لە ساڵی ٥٨ دا لە چوارچێوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردو پاشان دانووستانەکانی ساڵی ٦٨ کە شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە. ئەگەر ئەو دوو نموونە لەبەرچاوبگرین، بەڕێزتان بارودۆخی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێران لەو دوو قۆناغەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری**: لە دانووستانەکانی دەوری یەکەمدا لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، کە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد دەچێتە دانووستانەوە، تەنیا حیزبی دێموکرات نەبوو، ئەوە خاڵێکی جیاوازیی ئەو دوو دەورەیە، بەڵکوو کۆمەڵێک لە نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکان کە لە کوردستاندا هەبوون، هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردیان پێکهێنا بۆ ئەوەی لە گەڵ نوێنەرانی حکوومەت دانووستان بکەن بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ئاشتی خوازانە بۆ پرسی کورد. کە لەو هەیئەتی نوێنەرایەتییەدا، دوکتور قاسملوو وتەبێژ بووەو بەڕێز شێخ عیزەالدین حسێنی، سەرۆکایەتیی هەیئەتەکەی لە ئەستۆ بووە. لە لایەن حکوومەتەوە گرووپێک رادەسپێردرێن کە لە گەڵ ئەم هەیئەتی نوێنەرایەتییە دانووستان بکەن کە لە ناویاندا کەسانی خێرخوازو خاوەن بیری جوانیش هەبوون وەک، خوالێخۆشبوو داریووش فرووهەرو ڕەنگە زۆربەیان بیریان لە دۆزینەوەی ڕێگە چارە دەکردەوە. بەڵام بەداخەوە لەوکاتەدا ئەوەی لە پشتی پەردە دەگوزەراو ئەو سیناریۆیەی کە کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کوردستان ڕەچاویان



سەرچاوە
Serchawe

کردبوو، لە راستیدا دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی ئاشتی خوازانەو گوێ گرتن لە خواستی خەڵکی کورد نەبوو، بەڵکوو دەرکەوت کە ئەوانە تەنیا لە بیری وەدەست خستنی کاتدا بوون و دەیانویست لە کاتی گونجاودا هێزە شپرزەو لەبەریەک هەڵوەشاوەکەی ئەرتەش رێکبخەنەوەو ئیمکاناتو کەرەستەی جبەخانەکانی جەنگییان تەیار بکەنەوەو پاشان هێرش بکەنە سەر کوردستان، ئەوەش بوو کە دانیشتنەکانی هەیئەتی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی رێژیم لە راستیدا لە یەک دوو جەلسە تێنەپەڕی، چونکە ئەوانەی لە پشت پەردەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە سیناریۆی کوردستانیان دادەڕشت، بیریان لە کات دەکردەوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ئاوڕێک لە دۆخی ئەوسای حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکان لە کوردستانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بدەینەوە دەبینین کە، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەدەست پێشمەرگەکانی حیزبە کوردستانییەکانەوە بوون، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆماری ئیسلامی پاش ئەو هێرشەی کە رووبەڕووی بەرگریی سێ مانگەی ئەو هێزانەو بە گشتیی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە، شکست دەهێنێت، هەربۆیەش تێدەگات کە بەو حاڵەوە ناتوانێ لە هێرشەکانی خۆی بۆ سەر کوردستان بەردەوام بێت و پێویستی بە دەستەبەرکردنی کاتە، ئەوەش بوو کە بابەتی دانووستان دەهێنێتە ئاراوەو پاش یەک دوو جار دانیشتن کە هەیئەتی نوێنەرانی خەڵکی کورد لە چاوەڕوانیدا دەهێڵنەوە، لەو مەودایەدا هێزەکانیان نۆژەن دەکەنەوەو دواتر بینیمان کە هێرشیان کردە سەر کوردستانو هەنگاو بە هەنگاو شارەکانی کوردستانیان گرتەوە دەست. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دۆخی ساڵی ٦٨، لەدەوری دووهەمدا تەنیا حیزبی دێموکرات بوو کە لەگەڵ رێژیم دانووستانی کرد، ئەوکاتە دۆخی ناوچە و دۆخی ئێران ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتبوو، لەوکاتەدا کۆماری ئیسلامی لە شەڕ لە گەڵ عێراقدا تووشی شکست هاتبوو. خومەینی رێبەری ئێران جامی ژەهرەکەی خواردبووەوە و هێزەکانی رێژیم تووشی زەربەی قورس ببوون و ئێران تووشی خەسارەتی ماڵی و گیانیی زۆر ببوو کە هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە. لەو دۆخەدا کۆماری ئیسلامی ئێران، خاوەنی سەرۆک کۆمارێک بوو بە ناوی هاشمیی رەفسەنجانی، کە بە ناو وەکوو سەرۆک کۆمارێکی پراگماتیک و واقعبین ناسرابوو، دوکتور وا بیری دەکردەوە . لە روانگەی لۆژیکی و سیاسیی خۆیەوە . حکومەتێک کە لە شەڕ لەگەڵ بێگانەدا شکستی خواردبوو، هێزەکانی لەبەریەک هەڵوەشابوونەوە، ئەم حکوومەتە پێویستی بە نۆژەن کردنەوەی خەسارەتەکانی شەڕو نۆژەن کردنەوەی وڵات هەیەو هەربۆیەش هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کە حکوومەتێک کە ئاگربەس لەگەڵ رێژیمی سەدام حسێن رادەگەیەنێت، نەتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات، کێشەگەلێک کە دەتوانێ وزەبەخشی حکومەت بێت لە پەیوەندی لەگەڵ نۆژەن کردنەوەی وڵاتدا لە پەیوەندی لەگەڵ سارێژ کردنی ئەو برینانەی وەبەر جەستەی کۆمەڵگای کوردستانو هەموو خەڵکی ئێران کەوتووە. بەم لێکدانەوەو لۆژیکەوە دوکتور قاسملوو دەچێتە دانووستانەوە، بەڵام بەداخەوە دەبینین کە ئەم دانووستانەش هیچ نەبوو جگە لە پیلانێک بە مەبەستی لەناوبردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی و دەستکەوتێکی بۆ خەڵک نەبوو. لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بدەم بە خاڵێکو ئەوەش ئەوەیە کە هەرچەند ئەم دانووستانانە و بەتایبەت دانووستانەکانی دەوری دووهەم کە بەداخەوە شەهید بوونی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە، ئێمە نرخی زۆرمان داوەو لە بریی ئەو نرخە بۆ هەموو خەڵکی ئێران و هەموو دنیا دەرکەوت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی خوازیاری شەڕو خوێنڕشتن نییەو لە بیری ئەوەدایە کە گرفت و پرسەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە رێی دانووستانەوە چارەسەر بکات، هەربۆیەش سەبارەت بە دانووستان بە پیریی پێشنیارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەچێت. ئەوەش هەرچەند هەزینەی قورسی بۆ حیزبی دێموکرات بەدواوە بوو، بەڵام لە لایەکیشەوە بۆ چەندەمین جار تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامیی و ئاشتیی خوازیی حیزبی دێموکراتی بۆ هەموو دنیا دەرخست.

**تیشک تی ڤی:** کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ساڵەکانی دەسەڵاتداریی خۆی، یەکێک لە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە هێزە نەیارو ئۆپۆزیسیۆنەکانی، سڕینەوەی فیزیکیی رێبەران و بەدەنەی ئەو رێکخراوە سیاسیانە بووە کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، شاپوور بەختیار، دوکتور شەرەفکەندی و بە پێوانەیەکی دیکەش لەمدواییانەدا عەبدولمالێک ریگی یەکێک لە دوایین رێبەرانی بزووتنەوەکانی دژی رێژیم بوو کە بەدەستی رێژیم لەناوچوو، بەڕێزت ئەو سیاسەتە چۆن لێکدەدەیتەوەو بەڕای ئێوە ئەو سیاسەتە چ کاریگەرییەک لە سەر رەوتی خەباتەکان دادەنێت؟

**مستەفا هیجری**: بڕوانن، ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە سڕینەوەی فیزیکی رێبەرانی دژبەری خۆی تا ئێستا کردوویەتی سەلمێنەری یەک خاڵە، ئەویش ئەوەیە کە وا بیردەکەنەوە کە خواست و داخوازییە رەواکانی خەڵک لە پەیوەندیی لە گەڵ پرسە نەتەوەییەکان یان ئازادیگەلێک وەک ئازادیی رادەربڕین، مافی ژنان و داخوازییەکانی دیکەی خەڵک، لە لایەن کەسانێکەوە رێبەریی دەکرێن و ئەگەر ئەو رێبەرانە لە گۆڕەپانی سیاسەت بسڕدرێنەوە کێشەکان چارەسەر دەبن و خەڵک چیدی خوازیاری مافەکانیان نابن. لە سەر بنەمای ئەم بۆچوون و روانینە دواکەوتووانەیان، کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە تا ئێستا ئەو سیاسەتەی رەچاو کردووەو لەسەری پێداگریی دەکات، بەڵام غافڵە لەوەی ئەو کردەوانە تەنیا سڕینەوەی رووکاری کێشەکەیەو ناکرێ بە سڕینەوەی رووکار، کێشەیەک چارەسەر بکرێت. داخوازە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی خەڵک، داخوازیگەلێکی رەوان کە خەڵک لێیان بێبەشن و خەڵک مافی ئەوەیان هەیە کە ئەو مافانەیان هەبێت و ئەو مافانە تایبەت بە تاک، رێکخراو یان گرووپێک نییە، بەڵکوو داخوازیگەلێکی گشتین و راستییەکان سەلمێنەری ئەوە بوون کە بە سڕینەوەی فیزیکیی رێبەرانی سیاسیی ئێران کە لە راستیدا ژمارەیان کەم نییە، نەک ئەو داخوازییانە کۆتاییان پێنەهاتووە، بەڵکوو ئەمڕۆکە لە رەهەندگەلی بەرینتردا خەڵک خوازیاری مافەکانیانن. پێویستە روونی بکەمەوە کە کاتێک باس لە سڕینەوەی فیزیکیی دەکەین، تەنیا مەبەستمان ئەوە نییە کە تاکێک ئێعدام دەکەن، بەڵکوو سڕینەوەی فیزیکی بریتییە لە بەتاڵکردنەوەی هەموو ئەو چەمکە مرۆییانەی کە لە مرۆڤێکی زیندوودا بوونی هەیە. مرۆڤی زیندوو ئەو کەسە نییە کە تەنیا جەستەو ئەندامانی لەشی هەیەو لێیدەستێننەوە. کاتێک زیندانییەکی سیاسی بە هۆی ئەشکەنجەوە تووشی پەریشانیی زەینیی دەبێ، کاتێک زیندانییەکی سیاسیی بە هۆی ئەشکەنجەوە غروری پێشێل دەکرێت، کاتێک لە زیندانە بەدناوەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە گەڵ هەموو چەشنە ئەشکەنجەیەکی رۆحیو جەستەیی بەرەورووی دەبێتو تەنانەت پاش هاتنەدەرەوەی لە زیندانیش تووشی نەخۆشینی سەیروسەمەرە دەبێت و لە بنەماڵەکەی خۆیشی دەبێت بە بارو زۆر جاران خۆی بە شەرمەزاری بنەماڵەکەی دەزانێت، ئەمانە هەموو دەچنە خانەی سڕینەوەی فیزیکی، واتە بەتاڵکردنەوەی مرۆڤ لە مانا ئینسانییەکانی. لەو پەیوەندییەدا کۆماری ئیسلامی بە دەیان هەزار جار سڕینەوەی فیزیکی ئەنجامداوە بەرامبەر بە ئازادیخوازانی ئێرانی لە رێبەرانیی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە بگرە هەتا رۆژنامەوانان، چالاکانی میللی مەزهەبی، چالاکانی سیاسی، مافی ژنان و... ئەمانە ئاریشەگەلێکن کە لە بنەڕەتدا ئەگەر کۆماری ئیسلامی رێژیمێکی حیسابگەر بووایە، دەرکەوتەی زیندووترو روونتر لە ئەمڕۆ بوونی نابێت بۆ ئەوەی سەرەڕای ٣٠ ساڵ سڕینەوەی فیزیکی رێبەران و چالاکانی سیاسی، ئەمڕۆکە داخوازییەکانی خەڵکی ئێران نەک هەر لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا نەماوەتەوە، بەڵکوو گەیشتووەتە سەرانسەری دونیا. ئەو داخوازییانەی کە بەتایبەت لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بە گوێی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و دونیا گەیشتووە. هەربۆیەش ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی مەحکوومە. سیاسەتێکی شکست خواردووە کە ناگاتە هیچ کوێ و ئێمە ئەزموونی ئەم چەشنە سیاسەتانەمان لە رێژیمە دیکتاتۆرییەکانی



سەرچاوە
Serchawe

پێشووشدا دیوەو پاشەرۆژی هەموو ئەو ڕێژیمانە دەگاتەوە بە رووخانیان و لە کۆتاییدا خەڵک بە مافەکانیان گەیشتوون و ئەم چارەنووسە چاوەڕێی کۆماری ئیسلامیش دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەری مستەفا هیجری - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوولای ٢٠١٠

-----------------------------------------------

## حیزبایەتی و دێموکراسی لە شکڵی مۆدێرنی خۆیدا لازم و مەلزومی یەکترن...



**دیمانەیەک لەگەڵ تیشک تیڤیدا:**

ڕێزدار کاک مستەفای هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەیەک لەگەڵ تیشک تیڤیدا:

**پرسیار**: خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تا قۆناغی پێش لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رووی بەرنامە، ڕێکخستن و ڕێبەرییەوە بۆشاییەکی پێوە دیارە بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی نەتەوەیی پێ دەنێتە قۆناغی ڕێکخستن و حیزبایەتی بە واتا گشتییەکەی، گرینگی و بایەخی دەستپێکی ئەم قۆناغە و هاتنە ئارای دیاردەی حیزبایەتی لەچی دایە؟

**وەڵام**: ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماناو ناوەرۆکی حیزب و حیزبایەتی لە سەردەمی ئەورۆدا بەپێی ئەو تەعریفانەی کە تا رادەیەک دەتوانین بڵێین بۆچوونی هاوبەشی لەسەرە، حیزب بریتییە لە کۆمەڵە مرۆڤێک کەهێندێک بۆچوونی گشتییان هەیەو ئامانجێکی یەکگرتوو لەیەکتر کۆیان دەکاتەوەو پێکەوە کاری هاوبەش دەکەن بۆ ئەوەی کەبگەن بەئەو ئامانجە، کەواتوو لێرەدا دەبینین کەمەسەلەی حیزب دێتە پێشێ، مەسەلەی تاک یا مەسەلەی ڕێبەرایەتی ئێلیت وەکوو ڕێبەر تا رادەیەک رۆڵ و دەوری کەم دەبێتەوەو ئەو رۆڵ و دەورە دابەش دەبێ بەسەر ئەفرادی حیزبدا لەبەدەنەوە هەتاکوو سەرەوە پێکەوە هاوکاری دەکەن، نوێنەرایەتی دیاری دەکەن و کار بۆ ئامانجە هاوبەشەکان دەکەن. لەراستیشدا لەسەردەمی ئەورۆ دا

کەنوێنەرایەتی کردنی دێموکراسی بەبێ حیزب ئیمکانپەزیر نیە، حیزبەکانن کەهەر کامیان نوێنەری گرووپێک لەئەفرادن کە بیروبۆچوونی خۆیان هەیە. ئەو حیزبانە بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە هاوبەشەکانیان لەوڵاتێکدا، لەکۆمەڵگایەکدا، پێکەوە تێدەکۆشن و لەخاڵە هاوبەشەکاندا پێکەوە کار دەکەن. ئەو حیزبانە لە جەریانی موبارزە دا لەمونافسەو کێبەرکێ دان بۆ ئەوەیکە هەر کامەیان بەرنامەیەکی باشتر لەخزمەتی کۆمەڵگاکەیدا بێنێتە پێشێ. ئەوەی کە بەرنامەی باشتری هەیە، کردەوەی باشتری هەیە، خەڵک جارێکی دیکە دەنگی پێدەداتە وەدەنا خەڵک بەدەنگی خۆی رەدی دەکاتەوە. کەوابوو دەبینین دەورانی تەحەزۆب و حیزبایەتی بەو واتا بەرفراوانەی خۆیەوە، نوێ بوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، لەقەدیمدا شۆڕش و خەبات لەژێر رێبەرایەتی ئێلیتێک یان رێبەرێکدا دا بوو، بەو پێیەش زۆر جار دەبینرا کە بەلەناوچوون یان هەڵەکردنی رێبەرێکەوە خەباتەکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وەدوا دەکەوت یان شکستی دەهێنا و بەدواداچوون و بەردەوامی لە درێژەدانی بەرنامە دارێژراوەکان وجودی نەدەما، بەڵام کەدێتە مەرحەلەی حیزبایەتی بەو واتا نوێیەی کەباسی دەکەین، بەردەوامی دێتەئارا، چوونکە کارەکە کارێکی جەمعییە. بەبۆچوون و باوەڕی هێندێک لە کۆمەڵناسان تەحەزۆب یا حیزبایەتی وەکوو چەرخدەندەی دێموکراسییە، چون چەرخدەندەیەک ماشینێک وەحەرەکەت دەخا، ئەگەر دێموکراسی بەماشینێک بەراورد بکەین حیزبایەتی چەرخدەندەکەیەتیو دەیخاتە حەرەکەت و دەیباتە پێشێ، کاریێ دەکا، بۆیە لەسەردەمی نوێدا، لەسیستمیحکوومەتی نوێنەرایەتیدا، تەحەزۆب یا حیزبایەتی بەشێکی جیانەکراوەیە لەپرۆسەو حەرەکەتی دێموکراسیو هەمان پرۆسەشە کە دێموکراسیش دەباتە پێشێ. حیزبایەتی لەلایەکەوە دێموکراسیدەباتە پێشێ لەلایەکی دیکەشەوە دێموکراسی بۆ خۆیرۆژ بەرۆژ مەیدان و فەزایەکی باشتر ئامادەدەکا بۆ ئەوەی کەحیزبەکان بتوانن لەفەزایەکی سالمدا کێبەرکێ بکەن. کەوابوو مەسەلەی حیزبابەتیو دێموکراسی لە شکڵی مۆدێرنی خۆیدا لازم و مەلزومی یەکترن. ئەگەر لەو روانگەیەوە ئاورێک لەخەباتی گەلی کورد لەماوەی سەد تا سەدوپەنجا ساڵی رابردوو بدەینەوەدە بینین لەبرگەیەکی زەمەنیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەشکڵی مۆدێرنیخۆیدا و لەسەر بنەمای ئەو شرۆڤەی کە کردوومانە پێک دێ، لەواقیعدا هێڵێکی جیاکەرەوەیە لە بەینی خەباتی گەلی کورد لەسیستمی نوێو سەردەمیانە کەحیزبایەتییە لەگەڵ سەردەمی پێشووتر کەسەردەمی ئێلیتییە، بۆیەش دەبینین کە دوای شەهیدبوونی رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو پێشەوا قازی محەممەد و ژمارەیەکیدیکە لەسەرانی کۆمار کەشەهید دەکرێن حیزبی دێموکرات لەسەر بەرنامەی خۆیهەر بەردەوامەو بەدوایویشدا رێبەرانی دیکە شەهید دەکرێن، حیزب لەزۆر قۆناخدا تووشی پاشەکشە دەبێ بەڵام بەرنامەکەی هەر بەرەوپێش دەچێو تاکوو ئێستا ئەو حەرەکەتە بەردەوامە. بۆیە بەپێچەوانەی ئەوەکە جاری وایە هێندێک کەس لەرووی نائاگاهییەوە، بەپێی هەدەفێکی سیاسی دەیانەوێ مەسەلەی تەحەزۆب یا حیزبایەتی بێبایەخ و بێ ئەهەممییەت بکەن، حیزب لەکۆمەڵگای دێموکراسیدا ئەهەممییەتێکی یەکجار زۆری هەیە بۆیە لەراستیدا ئەوڕۆ هەر کەسێک بیهەوێ بەتایبەتی بۆ ئێمەی گەلی کورد خەباتی نەتەوایەتییەکەی بەرێتە پێشێ، بەئامانجە نەتەوایەتییەکانی بگا، تەنها لەرێگای حیزبایەتییەوە دەتوانێ پێیبگا. لێرەدا مەبەستم ئەوەنیە کەحیزب لەخەتا و هەڵەو ئەوانە بێبەرییە، نا پێدەچێت حیزبێکیش لەقۆناخێکدا تووشی هەڵەبێ، بڕیارێکی هەڵەبدا، بەڵام چوونکە کارەکە جەمعییە ئیسلاحی دەکا، بۆیە بەش بەحاڵیخۆم پێموایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەراستای سەردەمیبوونی کار و تێکۆشانەکەی و مۆدێرنکردنی خەباتی نەتەوایەتی توانیویەتی خزمەتێکی زۆر گەورە بۆ بەرەو پێشچوونی خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ تەئسیراتی خۆی دادەنێ لەبەشەکانی دیکەشدا.

**پرسیار**: ئەو هۆکارانەی کەبەردەوامی ڕەوایی دەبەخشن بەحیزبێکی سیاسی شۆڕشگێڕ بۆ درێژەدان بەکار و چالاکی چین؟

**وەڵام**: بەبۆچوونی من یەکەم شت ئەوەیەکە حیزبێک کەپێک دێ لەزەرووڕەتێکی مێژوویییەوە پێک دێیانی لەکۆمەڵگادا بۆشایییەک هەیە، حیزبێکی سیاسی دەیەوێ ئەو بۆشاییە لەباری بەرنامەوە لەباری ئیدەوە پڕ بکاتەوە، ئەوە بەمانای ئەوەیەکە لاسایی‌کردنەوەو کێبەرکێ کردن لەحاڵەتێکدا کەهیچ بۆشایییەک نیەناتوانێ ببێتە هۆی دامەزرانی حیزبێکی ریشەدار کەدوایی بتوانێ یارمەتی بدا بەبەرەو پێشبردنی خەبات، مەبەستم لێرەدا ئەوەنیەکە مەسەلەن ئەگەر حیزبێکی نەتەوەیی هەیە حیزبێکی نەتەوەیی دیکە دانەمەزرێ بەڵکوو مەبەستەکەم ئەوەیەئەگەر حیزبێکی نەتەوەیی لەمەیدان دایە، بەڵام لەکۆمەڵگادا هەست بەوەدەکرێ کەئەو حیزبە لەباری بەرنامەوە لەباری حەرەکەت و شێوازی خەباتەوە هێندێک بەتاڵایی پێک هێناوە دەتوانێ حیزبێکی دیکە پێک بێ، بەڵام بتوانێ ئەو بەتاڵایییە پڕ بکاتەوە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرینگە دووەم حیزب لەسەر بنەمای تاکتیک و ستراتیژییەکی واقعبینانە دامەزرا، واقعبینانە بەو مانایەکە لە بۆچوونی مندا کە مەسەلە کەهەر ویست و دڵخوازی ئارەزوومەندانە و ئاڕمانگەرایانە نیە، ویست و داخوازەکان دەبێ لەسەر بنەمای واقێعییەت دامەزرا بێ، ئەگەر لەسەر بنەمای واقعییەت دا نەمەزرابێ لەواقعدا نەخەباتە کە دەچێتە پێشێ نەئەو بەهایەی‌کە لەڕێگای بەرەوپێشبردنیدا دەدرێ دەتوانێ نەتیجەبدا. ئەو جورە حیزبانەکە مەعمولەن لەسەر ئاڕمانگەرایی لەسەر سیاسەتی پوپولیزم یانی سیاسەتی ڕۆژانە بۆ وەی خەڵک بە دەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورت بتوانێ جەمعێک خەڵک بەدەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵام بێ‌گومان بەپێی تەجروبەی تاریخیش ئەو جووره حیزبانە زۆر کەم توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بێنن بەتایبەت لەنێو کۆمەڵگایەکدا کەتاکەکانی وشیارن. مەسەلەیەکی دیکە کەهەر لەو پێوەندییەدا یارمەتی دەدا بۆ ئەوەی‌کە حیزبێک بەرەوپێش بچێ مەسەلەی دووربینیو ئایەندەنگەرییە، یانی‌حیزبێک هەر بەو ئەندازەی‌کە لەچوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژدا ئیش دەکا وەکوو تاکتیکێک دەبێ دوورنمایەکی هەبێ بۆ کۆمەڵگا کەئێمە زۆر جار پێی دەڵێین ئیستراتیژی‌یانی ئێمە دەمانهەوێ بزانین بۆ کۆمەڵگای داهاتووی کوردی خۆمان لەکوردستانی ئێراندا چ نەو عەکۆمەڵگایەکمان هەبێ، ئەوە پێی دەڵێن ستراتیژی. تاکتیکەکانمان دەبێ هەماهەنگ لەگەڵ ئەو ستراتیژییە بچێتە پێشێ. مەسەلەیەکی دیکەش کەبەنەزەری من زۆر گرینگە ڕەنگەئەو بۆچوونە گشتگیر نەبێ بەڵام بەبۆچوونی من زۆر گرینگەلەو سەردەمەدا، ئەویش شەفافییەت و ڕاستگۆییە لەگەڵ خەڵک، حیزبێک کەخەبات دەکا بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک دەبێ لەگەڵ ئەو نەتەوەیە ڕاستگۆ بێ، چی لەدەستی دێ چی بۆ دەکرێ ئەوە باس بکا، خەڵکەکە نەباتە مەرحەلەیەک کە چاوەڕوانیگەلی یەکجار زۆر و ئارەزوومەندانەیان بۆ بخولقێنێ، بەڵام دوایی بەدەستییەوە دابمێنێ. ئەوە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرینگەکە زۆر جاری وا هەیە هێندێک لەحیزبەکان ئەوە زۆر بەگرینگ نازانن، زۆرتر هەوڵ دەدەن کە لەنێو درووشمی قەبەو بریقەدار دا داهاتوویەکی خیاڵاوی بۆ کۆمەڵگاکەیان درووست بکەن، بەڵام چوونکە لەکردەوە دا ناتوانن هەنگاوی پێویست و شوێندانەر بۆ ئەو مەسەلەیە هەڵگرن دەبینی دوای ماوەیەکی کورت تێک دەشکێن یا ئیعتماد و باوەڕی خەڵک لەدەست دەدەن و ئەوەش بۆ حیزبێک گەورەترین کۆسبە کە ئیعتمادی خەڵکەکەی لەدەست بدا ئەو خاڵانە بەبۆچوونی من خاڵی زۆر گرینگن کەدەبێ بۆ بەرەوپێشچوونی حیزبێک دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

**پرسیار**: بۆچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزب و ڕێکخەری بزووتنەوەی میللی دێموکراتیک لەکوردستانی ئێراندا پێناسە دەکرێ؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: تەعریفی حیزبی میللی ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر سادە بتوانین باسی بکەین بریتییە لەوەی کەبۆ نموونە نەتەوەیەک وەکوو کورد کە ئێمە کاری بۆ دەکەین، مافەکانی پێشێل کراوە، حەقی‌خوراوە، ستەمی لێدەکرێ، بۆیەش ستەمی لێدەکرێ چوونکە کوردە چوونکە شوناسی نەتەوەیی هەیە، ڕەنگەئەگەر ئەو شوناسەی نەبوایەئەو ستەمەی لێنەکرابا کەوابوو حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی نەتەوەییە، خەبات دەکا بۆ ئەوەی کەئەو مافانەی کە وەکوو نەتەوەی کورد لێی پێشێلکراوە بۆی بگەڕێنێتەوە. ئەو لێکدانەوەیە حیزبی دێموکرات جیاواز دەکاتەوە لەو حیزبانەی کەبۆ نموونە ئایینین‌و بەس بۆ ئایینێکی تایبەت خەبات دەکەن، یان حیزبێکن بۆ چین‌و توێژێکی تایبەت خەبات دەکەن، بۆ نموونە چینی کرێکار یان بۆ چینی ناوەندیی کۆمەڵگا. بەڵام کەدەڵێن حیزبی دێموکرات، حیزبێکی نەتەوەییە بەو مانایەکە حیزبێکەکە خەبات دەکات بۆ نەتەوەی کورد، بەهەموو چین‌و بیرو بڕواکانی ئەو نەتەوەیەوەکە هەموویان وەکوو یەک لەژێر ستەمدان.

کاتێ دەڵێن دێموکراتیک، بەو مانایەیە کەئەو ویستو داخوازیانەو ئەو ڕزگارییە لەسیستمێکی دێموکراتیکدا ڕێگەپێدراوە، لەسیستمێک کەخەڵک خۆیان بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن، واتە لەسیستمێکی ئایینیدا، لەسیستمێکی تۆتالیتاریدا، لەسیستمێکی چینایەتیدا ئەو ویستو داخوازییە دابین ناکرێت. کەوابوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجەو بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی دەبێ هەوڵ بدەین فەزایەکی دێموکراتیک پێک بێت. کاتێ باس لەمەسەلەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دەکەین لەخەباتێکی نەتەوایەتی دێموکراتیکدا، بەو مانایەیەکە حیزبی دێموکرات لەسەرەتاوە بۆ ئەو مەبەستە خەباتی کردووە، واتە بەمەبەستی چارەسەر کردنی مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوەی کورد لەکوردستانی ئێراندا لەفەزایەکی دێموکراتیکدا خەباتی کردووە. بۆیە پێی‌دەڵێن ڕێبەری ئەو جووڵانەوەیە، چوونکە حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا کەئەو بەرنامەی هێنایە پێش‌و دەستی کرد بەکارکردن بۆ ئەو مەبەستە، مەسەلەی دێموکراسی‌و هەروەها مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەی مودێرن‌و سەردەمیانەی خۆی مەترەح نەبوو. حیزبی دێموکرات دامەزرێنەری ئەو سیستمە خەباتە بوو لەشێوەی دێموکراتیکی خۆیدا، دیارەپێشتر بەشێوەی کلاسیک خەباتی نەتەوایەتی کردووە، بەڵام هەروەها کەپێشتر باسمان کرد لەچوارچێوەی حیزبێکی مودێرن‌و دێموکراتیکدا ئەو خەباتەی درێژەپێداوەو لەسەر هەمان شێوە بەردەوامە، بۆیەدەڵێن کەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەری خەباتی جووڵانەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکە.

دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کەئێستا بێجگە لەحیزبی دێموکرات، هیچ حیزبێکی دیکەلەو ڕاستایەدا خەبات ناکات، بەڵام ئەوەی کەدامەزرێنەری ئەو بیرۆکەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

**پرسیار**: دێموکراسی چ وەک شێوازێک لەسیاسەت، چ وەک شێوازێک لەبەڕێوەبەریو حکوومەت تا چ ڕادەیەک لەکارو کردەوەو بەرنامەو وتاری سیاسیی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە؟

**وەڵام**: ئێمەستەمێک کەلەسەر نەتەوەکەمان هەیەو بەگشتیئەو هەموو زۆرو ستەمە لەدەیەکانی رابردووەوە هەتا ئێستا بەردەوامە، لەنەبوونی دێموکراسیدا دەبینین. بۆیەشتێکی زۆر ئاساییەکە ئێمە هەوڵ بدەین کەفەزایەکی دێموکراتیک هەم لەنێو کۆمەڵگاداو هەم لەنێوخۆی حیزبدا پێک بێنین.

بۆ کۆمەڵگا ئێمەبەرنامەمان هەیە، لەبەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتدا گرینگترینو ئەساسیترین بەرنامەکان باسی لەسەر کراوەو بەکردەوە بۆ ئەو بەشە لەخەبات کارمان کردووە، لەپێوەندی لەگەڵبیرو بۆچوونەسیاسیەکانی دیکەو لەگەڵ کەسایەتییەسیاسییەکان و حیزبە سیاسیەکانی دیکەی ئێرانی، بەدیالۆگ و تاوتوێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا کەبناغەی دێموکراسیە، ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵگاو لەگەڵ کەسایەتی و حیزبەکانی سیاسی ئێرانی و حیزبەکانی دیکەشەئێمەکاری لەسەر دەکەین. لەنێوخۆی حیزبدا، رەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە لەواقعدا چوارچێوەی گشتیی تەشکیلاتی حیزب پێک دێنێت. بەو مانایە کە ئۆرگانەکانی حیزبی، ئیدارەی حیزبی بەدەستی نوێنەرانی هەڵبژێردراوەوەیە کە بەبۆچوونی من یەکێک لەحیزبە هەرە دێموکراتیکەکانە کە لەچوارچێوەی ئیدارەی خۆیدا بەسیستمی دێموکراتیک کار دەکات، بەو مانایە، کۆنگرەکە بالاترین دەزگای بڕیاردانی حیزبە، لەنوێنەرانی بەدەنەی حیزب پێک دێت کەئەو نوێنەرانە لەفەزایەکی دێموکراتیک و یەکساندا دەنگ دەدەنو نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەو نوێنەرانەن کەلەکۆنگرەدا بەشدار دەبنو کۆنگرە پێک دێنن و ئەوانن کەهەر لەفەزای ئازادی کۆنگرەدا، بەرنامەو کارو کردەوەکانی حیزب لەماوەی پێش کۆنگرەدا هەڵدەسەنگێنن بۆ سالانی داهاتوو تاکوو کۆنگرەی دیکە بەرنامەگشتییەکان دیاری دەکەن و هەر ئەوانن کە رێبەرایەتیی حیزب دیاری دەکەن، ئەوە چوارچێوەیەکە بەو شێوەیە دەچێتە پێش.

بێجگە لەوە ئێمە لەکارو کردەوەشدا، لەحیزبەکەمان و لەئۆرگانەکانماندا کارەکان بەشێوەی جەمعی بەڕێوە دەبەین، واتە ئەگەر بەشێکمان هەیە لەبەڕێوەبردنی کارەکانماندا، ئەو بەشەبەشێوەی ئۆرگان بەڕێوە دەچێت. کۆمەڵێک خەڵک بەحقووقی یەکسان لەوێدان بۆ بەرەو پێشبردنی کارەکانیان مەشوەرەت دەکەن، بیروڕا دەگۆڕن، نەزەر دەدەنو باشترین رێگە هەڵدەبژێرن بۆ بەرەو پێشبردنی بەرنامەکانیان کەئەرکی ئەو ئۆرگانەیە. کەوابوو ئێمەهەم لەکۆمەڵگادا هەوڵ دەدەین دێموکراسی نەهادینەبێت، خەڵک فێری دێموکراسی بێتو کۆمەڵگای حیزبییشمان کردۆتە نموونە بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا گەورەکەمان کەکوردستانە، لەحیزبی دێموکراتدا ئەوەمان پیادەکردووەو دەیبەینە پێش.

**پرسیار**: حیزبی رەسەن بەچ جۆرەحیزبێک دەگوترێتو پێوانەکانی چین؟

**وەڵام**: پێم وایەکەکاتێ باس لەحیزبێکی رەسەن دەکرێت، لەکوردەواریدا بەواتای حیزبێکەکە لەبیرگەی گشتیی خەڵکدا جێی کردۆتەوە، ئەوە بەحیزبێکی رەسەن دەناسرێت، یان بڵێین ئەوەیەکێک لەپێناسەکانی حیزبێکی رەسەنەکەکاتێ نێوی دەبەی، لەبیرگەی خەڵکدا حوزووری هەیە، جا چ بەچاک یان بەخراپ، وەکوو مێژوویەک خەڵک دەیناسێت. بەڵام رەسەنایەتی هەر ئەوە نیە کەحیزبێک لەبیرگەی خەڵکدا حوزووری هەبێت. رەسەنایەتی بەبۆچوونی من زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ کارو کردەوەی حیزبێک کەچەند لەگەڵ داخوازییەکانی سەردەم هاوئاهەنگە. چوونکە ئێمە بەئەزموون بۆمان دەرکەوتووە کەجاری وا هەیە حیزبێکی نوێ دێتە ئاراوە کە

بەماوەیەکی کورت دەتوانێ کارو کردەوەی خۆی بەجۆرێک لەبیروڕای گشتیدا جێگیر بکات و لەحیزبە کۆنەکە پێش بکەوێت، چوونکە کارو کردەوەکانی لەگەڵ ویستو داخوازییەکانی سەردەمو ئەو نەسڵەدا کەلەگەڵی بەرەوڕوون، باشتر هاوئاهەنگ دەکات.

**پرسیار**: پێشەنگ بوونو پێشرەو بوون لەروانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چۆن مانا دەگرێتەوە؟

**وەڵام**: پێشەنگ بوونیش لەواقعدا بۆ حیزبی دێموکرات و بۆ هەر حیزبێکی دیکە، دەگەڕێتەبۆ ئەو بەرنامەو بیرو بۆچوونانەی کەلەسەردەمێکدا رەنگەخەڵکی ئاسایی بۆیان زۆر گرینگ نەبێ یان هەر سەرەنجی پێ نەدەن، بەڵام ئەو حیزبەی کەپێشڕەوەو سەرەنجی پێ دەدات، داهاتوو دەبینێت و ئەو کات ئەو حیزبەبەمانای پێشڕەوە. ئەگەر بمەوێت نموونەیەک بێنمەوە لەحیزبی دێموکراتدا، داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لەسەرەتای شۆڕشدا بوو، لەو کاتەدا کۆمەڵێک بەنێو دانشجویان مسلمان باڵوێزخانەی ئەمریکایان داگیر کرد، ئەوانەی کەئەو سەردەمەیان بەبیر دێت، دەبینین کەهەموویان ئەو کارەیان پەسەند دەکرد، ئەو کارەیان بەکارێکی شۆڕشگێڕانەنێو دەبرد، درووشمیان بۆ دەدا، رۆژانەلەدەوری باڵوێزخانەکەدا کۆ دەبوون، خۆپیشاندانیان دەکرد وەکوو سەرکەوتنێکی گەورە، خەڵک ئەوەیان بەکردەوەیەکی دژی ئەمپریالیستی دەزانی.

بەڵام حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا رایگەیاند کەئەو کارەلەگەڵ یاساکانی نێونەتەوەییدا لەدژایەتیدایەو ئەو کارەکارێکی خراپەو زەرەری ئەو کارانە لەدواییدا بۆ خەڵک دەگەرێتەوە. ئەو دەم کەحیزبی دێموکرات ئەو قسانەی دەکرد، ئیتهاماتێکی زۆر بەسەر حیزبی دێموکراتدا دەباری، کەئەوانەسەر بەئەمریکان و سەر بەئەمپریالیستن و ئەو جۆر قسانە کەئەو دەم باو بوو.

بەڵام ئێستا پێم وابێ ئیدی بۆ هەموو کەسو تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کەخۆیان لەداگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکادا بەشدار بوون دەرکەوت کەئەو کردەوەیە چەندە دواکەوتوانەو دوور لەیاساکانی نێونەتەوەیی بوو. ئەوەوەکوو نموونەیەک بوو کەمن بەپێشڕەو بوونی دەبینم، بەکورتی دەتوانم بڵێم کەپێشرەو بوون بەواتای ئەوە کەحیزبێک، لەخەڵکی ئاسایی خۆی لەپێشتر بێت، لەباری بیرکردنەوە، بۆچوونی سیاسیو هەروەها خەمی دامەزراندنی داهاتووی کۆمەڵگاکەی. بەڵام ئەگەر هەر وەکوو خەڵکەکەبوو، خەڵک چی گوت ئەویش بۆ پێ خۆش بوونی خەڵک هەر ئەوەی تەیید کرد، ئیتر ئەوە لە موشەخەساتو پێناسەکانی پێشڕەو بوون نیە.

**پرسیار**: سەربەخۆیی وەک بەشێک لەناسنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چۆن پێناسەو پراکتیزەکراوە؟

**وەڵام**: سەربەخۆیی، رەنگەئەویش بۆ خۆی پێناسەی جۆراوجۆری بێت، بەڵام ئەو سەربەخۆییەی حیزبی دێموکرات کەئێمە باوەڕمان پێیەتی، سەربەخۆیی لەبڕیارداندایە، بەو مانایەکە رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، بەهەڵسەنگاندنی وردو هەمەلایەنەی رووداوەکان بارودۆخی ناوچە و ئێران و بارودۆخی کوردستان و رەوتی رووداوەکان، لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتەگشتییەکان و مەسەلە گرینگەکاندا بڕیار دەدات و بناغەی ئەو بڕیاردانەش دەگەڕێتەسەر قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی. واتە بەرژەوەندی نەتەوەیی چۆن بخوازێت، حیزبی دێموکرات بەو شێوەیە بڕیار دەدات، ئەوەسەربەخۆیی بڕیاردانە. لەو سەربەخۆیی بڕیاردانەدا بەپێچەوانەی ئەوەی کەبۆ

نموونە کۆماری ئیسلامی ئێستا خۆی بەوڵاتێکی سەربەخۆ دەزانێ و تەئسیراتی لاوەکی وەرناگرێ، حیزبی دێموکرات تەئسیراتی لاوەکی بەبەرچاو دەگرێت، چۆنکە ئێمە پێمان وایە کەحیزبی دێموکرات و گەلی کورد لەئاسماندا هەڵنەکەوتون، بەڵکوو لەسەر گۆیزەوین و لەسەر گۆیزەویش هەموو ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم، بیروبۆچوونەکانی خەڵک، هەم خەڵکی کوردستان و هەم خەڵکی دەوروبەری کوردستان، بەشێک بەشێوەی راستەوخۆو بەشێکیش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ تەئسیر دادەنێت، حیزبی دێموکرات ئەوانە لەبەرچاو دەگرێت و بەلەبەرچاو گرتنی هەموو ئەوانە بڕیار دەدات. لەو بڕیاردانەدا رەنگەهێندێک کەس پێی خۆش بێتو هێندێک کەس پێی ناخۆش بێت، مەبەستم ئەوەیەکە حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەبڕیار نادات کەبۆ نموونە فڵانە دەوڵەت و فڵانە هێز ئەو بڕیارەی پێ خۆشەیان پێی ناخۆشە. بڕیار دەدات دوای ئەوەی موتالیعە دەکەن لەسەر ئەوەی کەچ شتێک بەقازانجی حیزبی دێموکرات و بەشێوەیەکی گشتیی‌تر بەقازانجی نەتەوەی کوردە کەحیزبی دێموکرات خەباتەکی لەپێناوی ئەو نەتەوەدایە، ئەوە سەربەخۆیی بڕیاردانە، رەنگە لەبڕگەیەکدا بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کەڕێبەرایەتی حیزب پێی دەگاتو بڕیاری لەسەر دەدات، دوچاری هەڵەبێتو ئیتلاعاتی درووستی بەدەست نەگەیشتبێت و بەئەندازەی کافی وتووێژی لەسەر نەکردبێت، نەزەرو بۆچوونی خەڵکی وەرنەگرتبێت، رەنگە نەتیجەکەی هەڵە دەرچێت.

بەلام ئەگەر حیزبێک، سەربەخۆیی بیروباوەڕی نەبێت، لەسەر ئەوەبڕیار بدات کە وەکوو ئەوە عەرزم کرد کە ئەورۆ خەڵک چی پێ خۆش بێت کەلەسەر ئەوەبڕیار بدات کەفڵان کەس یان فڵان هێز پێی خۆشەیان پێی ناخۆشە، ئەوە هەمیشە دوچاری هەڵە دەبێت. بۆیە بەبۆچوونی من سەربەخۆیی بڕیاردان لەحیزبی دێموکراتدا بەو مانایەیەنەبەو مانایەیە کەسەرفی نەزەر کردن لەکەس‌و کەس بەهیچ نەزانین و بۆ لایەنێک حساب نەکردن، نەبەو شێوەیە نیە.

**پرسیار**: لەگوتاری سیاسی‌و لەجۆری خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دێموکراسی وەک ئۆلگویەکی سیاسی لەرەفتاری سیاسی چ جێگەو پێگەیەکی هەیە؟

**وەڵام**: کاتێ ئێمەلەوتاری خۆماندا باس لەمەسەلەی دێموکراسی دەکەین، مەبەستمان تەنیا دێموکراسی لەکوردستاندا نیە، بەڵکوو دێموکراسی لەسەرتاسەری ئێراندا کەکوردستان بەشێکە لەو سەرتاسەریە و پێمان وایە کەئەگەر هەموو ئێران نەبێتە پانتایەکی دێموکرات، دەسەڵاتێکی دێموکراتو بەڕیوەبەرییەکی دێموکرات، ئێمەبۆ خۆمان وەکوو کوردو وەکوو جەزیرەیەک ناتوانین دێموکراسی پیادەبکەین لەوڵاتێکدا کەدێموکراسی نەبێت، ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە تەنیا باس لەچارەنووسی میللەتی کورد ناکەین، بەڵکوو باس لەچارەنووسی هەموو نەتەوەکانی ئێران دەکەین بۆیە لەبەرنامەی خۆماندا ئێرائەی سیستمێکی ئەوتۆ دەکەین کەلەداهاتوودا هەموو نەتەوەکانی ئێران بگرێتەوەو بتوانن لەمافی وەک یەک کەڵک وەربگرنو ببنەخاوەنی بڕیاری نەتەوەی خۆیان و لەبەڕیوەبردنی گشتیی ولاتدا لەچوارچێوەی قانوونێکی دێموکراتیکدا بەشداربن.

لەو روانگەوە قەت نەماوەتەوە لەچوارچێوەی جوغرافیایی کوردستاندا، لەو روانگەوە بەڵێ وتاری حیزبی دێموکرات و بەرنامەی حیزبی دێموکرات، بەرنامەیەکی سەرتاسەریە.

**پرسیار**: زۆر جار دەگوترێت، شۆڕش هی نەسڵەکانە، ئەو بابەتەوەک پرەنسیپێکی رێکخراوەیی‌و بنەمایەک بۆ چالاکی و خەبات تا چ رادەیەک لەقۆناقە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا جێگیر بوو؟

**وەڵام**: هەر نەسڵێک خەبات دەکا بۆ ویستو داخوازەکانی خۆی، جا ئەو ویستو داخوازەهەر شتێک بێت. بەڵام کەنەسڵ دەگۆڕێت، کاتێ کەئامانجەکان بەدی نەهاتوون، نەسڵی نوێ دووبارەدرێژەدەدات بەو خەباتەی کەلەنەسڵی پێشوودا بووە. ئەگەر ئامانجەکان بەرئاور دەبوو بێت، نەسڵی نوێ هێندێک داخوازی تازەی بۆ دێتە ئاراوەکە رەنگە لەنەسڵی پێشوودا ئەو داخوازیە مەترەح نەبووبێت یان زەرورەتی ئەوەلیەی نەبوو بێت. بۆیەئەو قسەی دروستە کەخەبات هی نەسڵەکانە، هەر نەسڵێ بۆ خۆی پێداویستی‌و مەسائیل‌و مۆشکلاتی هەیە کەخەباتی بۆ دەکا بۆیە کەبتوانێ بەدەستی بێنی. جا بەهەر شکڵێک کەلەخەباتدا بێت زۆر گرینگ نیەو تەفاوت لەمەوزوعدا ناکات، بەڵام خەباتی بۆ دەکات.

هیچ نەسڵێک بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆی کەپێی وایەدەبێ بەدەستی بێنێ لەخەبات ناوستێ، بەڵام بنەمای ئەو خەباتە لەرابردوودا دامەزراوە، واتەرابردوو یان بڵێن نەسڵەکانی پێشوو خەباتیان دامەزراندووە وەکوو ریشەیەک خۆی قایم کردووە لەکۆمەڵگادا، نەسڵەکانی داهاتوو ئەو خەباتەنوێ دەکەنەوە. وەکوو دارێکی بەهێز کەریشەی داکوتاوەو ئەو ریشەیە ئەگەر وەکوو نەسڵەکانی پێشوو چاو لێ بکەین کەریشەی داکۆتاوە، ئەو دارە هەموو ساڵێک لەبەهاردا لقو پۆپی تازە دەردەکا، ئەو پۆپەتازانە نەسڵی نوێن کەدێنەسەر و خەبات دەکەن‌و ئەو خەباتە دەبەنە پێش.

مانای دیکەی ئەوەیەکەهەر نەسڵێک بۆ خۆی زەروورەتەکانی خۆی تەشخیس دەدات، بۆ خۆی دەزانێ کەچی دەوێ، ئەوەبەو مانایەیەکە ئەو نەسڵە نوێیە، ناکرێ خەباتی نەسڵەکانی پێشوو بەدەستی کەم بگرێ، چۆنکەنەسڵی پێشوویش ویستو داخوازی خۆی هەبووەو مەترەحی کردووەو دەبێ حۆرمەت دابنرێت بۆ بیرو باوەڕی ئەو نەسڵەی رابردوو.

هەروەها ئەو نەسڵەی ئێستا مافی ئەوەی نیەکە چارەنووسی نەسڵەکانی داهاتوو دیاری بکات یان رێباز بۆ نەسڵەکانی داهاتوو دیاری بکات، چۆنکەئەوە مافی نەسڵی داهاتووەو دەبێ خۆیان دیاری بکەن. بەڵام گرینگ بەردەوام بوونی خەباتەبۆ بەدەستهێنانی ماف، کەدەبێ وجوودی هەبێت و ئەو نەسڵە، نەسڵی ئەو رۆژەیە کەبتوانێ چۆنیەتی ئەو خەباتە سازماندهی بکات، بەرنامەرێژی بۆ بکات و بەرێوەی ببات.

بەڵام من لەو رۆژانەدا کەبەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، رۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەمەوێ لەم دەرفەتەکەڵک وەربگرمو پیرۆزبایی خۆم بەهەموو خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بڵێم، بەتایبەتی بەبنەماڵەی شەهیدانمان، کەلەواقعدا حیزبی دێموکرات مەدیونی ئەو بنەماڵانەیەو هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کەلەهەر کوێی ئەو دنیایەدا بۆ ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات، بۆ ئامانجەکانی ٢٥ی گەلاوێژ خەبات دەکەن و لەتێکۆشاندان، بەتایبەتی ئەو خۆشەویستانەی کەلەنێوخۆی کوردستانی

ئێراندا و لەژێر زۆر و زوڵم و ستەمی لەڕابەدەری کۆماری ئیسلامیدا خەبات و تێکۆشان دەکەن و راناوەستن و کۆڵ نادەن و هەموو زەبر و زۆرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نەیتوانیویە ئەوان بەچۆکدا بێنێ، پیرۆزباییان پێ دەڵێم و ئاوات دەخوازم هەموویان بەئامانجەکان و مەراقەکانیان بگەن تا گەیشتن بەئێرانێکی دێموکراتیکو فیدراڵ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١١

---------------------------------------------------

## ڕێژیم تەنیا بەهێزی سەرکوت و زەبروزەنگ خۆی ڕاگرتووە...



### وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"

ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی لە ژمارەی ٩٣٣ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢١ی بەفرانباری ١٣٩٠ی هەتاوی کە لە هەرێمی کوردستانی چاپ و بلاو دەکرێتەوە، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە.

**وتووێژ: گوڵباخ بەهرامی**

**ئاڵای ئازادی:** ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بە خێرایی گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، کە بە بەهاری عەرەبی ناسراوە، ڕێژیمەکان دەکەون، بەڕێزتان داهاتووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران چۆن دەخوێننەوە لەناو جەرگەی ئەم هەموو گۆڕانکاریانە؟

**مستەفا هیجری**: هۆکارە نێونەتەوەیی و نێوخۆییەکان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەموو نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو ڕێژیمەش بەرەو تێکڕووخان دەچێ، هەرچەند ناکرێ ڕێکەوتێکی دیاری کراوەی بۆ دابنێین. قەیرانە چارەسەرە نەکراوەکانی ڕێژیم لە نێوخۆدا گەیشتوونەتە ڕادەیەک کە نەک هەر کۆماری ئیسلامی بۆی چارەسەر ناکرێن، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ قەیرانی زیاتر بەرسەریاندا کەڵەکە دەبێ، ئابووری ئەو وڵاتە بە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو لە داتەپین دایە بە جۆرێک کە تەنیا لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا(٢٠١١) نرخی ڕیالی ئێرانی نێزیک بە ٥٠% لە بەرانبەر دولاری ئەمریکی دابەزیوە. گرانی پێداویستییەکانی خەڵکیش هەر بەو ڕادەیە ـ بە تایبەت لە بواری گاز و کارەبادا هەڵکشاوە ـ پلەی بێکاری بەرز بۆتەوە. مەشرووعیەتی ڕێژیم زۆر لاواز بوە، لە ئاکامدا چەند بەرەکی کەوتۆتە نێو دام و دەزگاکانی حکوومەتی.

لە باری نێونەتەوەیی‌یەوە تەنیا لە ساڵی ٢٠١١ دا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بۆنەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و دانانی پلان بۆ تیرۆری باڵوێزی عەرەبستانی سعوودی لە نیۆیۆرک، هەروەها لەلایەن ئاژانسی وزەی ئەتۆمی، بە بۆنەی هاوکاری نەکردنی لەگەڵ ئەو ئاژانسە مەحکووم کرا. گەمارۆی زیاتر لەلایەن ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا بەسەر ڕێژیمدا سەپێنران کە گرنگترینیان، گەمارۆی بانکی ناوەندی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە بووە، و لە چەند ڕۆژی ڕابردووش پلان بۆ گەمارۆی نەوتی ئێران لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بە شێوەی سەرەتایی پەسند کراوە.

ئەوانە و کۆمەڵێکی دیکە لە قەیرانەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرۆکی ئێرانیان گرتووە، هەمووی ئەمانە لە حاڵێکدایە کە ڕێژیم کەمترین لایەنگری لە نێوخۆدا هەیە و تەنیا بە هێزی سەرکوت و زەبر و زەنگ خۆی ڕاگرتووە.

**ئاڵای ئازادی**: چۆن دەڕوانیتە خۆ ئامادەکردنی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هەر گۆڕانێک کە لە ئێراندا روو بدات؟ پێتان وانییە بۆشایی زۆر هەیە و ئێستا کاتی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان؟

**مستەفا هیجری**: لەم هەلومەرجەدا حیزبە کوردییەکان هەتا ئێستا لێک بڵاون و نەیانتوانیوە پلاتفۆرمێک یان بەرەیەکی هاوبەش پێک بێنن. بێگومان ئەوە بۆشاییەکە کە پێویستە پڕ بکرێتەوە، بەڵام کەنگێ پڕ دەبێتەوە دەبێ چاوەڕوان بین.

**ئاڵای ئازادی**: ڕۆڵی حیزبە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەنسبەت مەسئەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی ئەو پارچەیە دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: بە بۆچوونی من کوردەکانی پارچەکانی دیکەش چاوەڕوانی ئەوە دەکەن لە ئێراندا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بێتە کایەوە و لەو ئاڵوگۆڕانەدا کوردەکانی ئەو بەشە بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن. چوونکە گومانی تێدا نییە کورد لە هەر پارچەیەکدا دەسکەوتی سیاسی باشی هەبێ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شوێندانەری ئەرێنی دەبێ بۆ بەشەکانی دیکە، لە ڕاستیدا کوردەکان

سەرەڕای ئەوەی دابەش کراون بەڵام بەو حاڵەش بەهێزترین پاڵپشت و یاریدەدەری یەکترین بەتایبەت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە دەسکەوتە سیاسییەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەشدا لەبار بەرێ.

**ئاڵای ئازادی**: ئێستا کە بەهاری عەرەبی دەستی پێکردووە و شەپۆلی ئەو گۆڕانکارییانە لەوانەیە ئێرانیش بگرێتەوە هەڵوێستی حیزبە سیاسییە سەرانسەرییەکانی ئێران بە نیسبەت مەسئەلەی کوردەوە چۆن دەبینن؟

**مستەفا هیجری**: هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی ئێرانی بە نیسبەت مەسەلەی کورد هێندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سالانی رابردوو. کەم نین ئەو ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییانە کە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە لەمە بە دوا ناکرێ نەتەوەکانی ئێرانی و یەک لەوان گەلی کورد بە سەرکوت و زەبر و زەنگ بێدەنگ بکرێ، بۆیە پێویستە مافی سیاسیی خۆیان لە ئێرانێکی دێموکراتیکی داهاتوودا پێ بدرێ، بەڵام کە دێتە سەر باسی دیاری کردنی ئەو مافە، جیاوازیی بۆچوونی زۆر دەبینرێ، بە گشتی دەبێ ئێمە خۆمان ئامادە بکەین کە دوای رووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بۆ خەباتێکی سیاسی بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانمان.

**ئاڵای ئازادی**: وەک ئاگادارن بەهاری عەرەبی لەزۆربەی وڵاتاندا بەرەو ئیسلامی سیاسی هەنگاوی هەڵگرت و بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی دەسەڵاتداریی ئیسلامی لە ئێران لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا، ئایا پێشبینی دەکرێت کە ئایندەی ئێرانیش لەدوای ئەو گۆڕانکارییانە بە ئاراستەی ئیسلامی سیاسیدا بڕوات؟

**مستەفا هیجری**: خەڵکی ئێران ئێستا زیاتر لە سێ دەیەیە کە دەسەڵاتداریی ڕێژیمێکی ئیسلامی سیاسی تاقی دەکەنەوە و، لەو ماوەیەدا بێجگە لە دیکتاتۆرییەکی ئایینی، سەرکوتی هەر چەشنە بیر و باوەڕێکی ئازاد لە هەر ڕێگایەکەوە بێ، برسێتی، بێکاری و وێرانیی ئەخلاق، چی دیکەیان دەستنەکەوتووە، هەر بۆیە ئێستا خەبات دەکەن بۆ لابردن و بنیاتنانی حکوومەتێکی مەدەنیی دێموکراتیک کە لەوێدا حکوومەت و ئایین بە تەواوی لێک جیاوازن، بەڵام وڵاتانی دیکەی کە لە بەهاری عەرەبیدا دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانیان رووخاند، ئەم ئەزموونەی خەڵکی ئێرانی نەبوو. من پێم وایە خەڵکی ئەو وڵاتانەش پێویستە ماوەیەک حکوومەتە ئیسلامییەکانی خۆیان تاقی بکەنەوە بۆ ئەوەی بە ئەزموونی خەڵکی ئێران بگەن.

**ئاڵای ئازادی**: بەڕێزتان داهاتووی سووریە بەسرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی ناوچە و داکۆکی کردنی ئێران لەسەر مانەوەی ئەم وڵاتە (سووریە) لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە رۆڵی تورکیە لەم نێوانەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری**: راستییەکەی ئەوەیە کە هەم لایەنگرانی حکوومەتی ئێستای سووریە و هەم دژبەرانی لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا بەهێزن، بۆیە دەکرێ بڵێین کە بێجگە لە خەڵکی بەورەی سووریە کە لە دژی حکوومەتەکەیان لە خەبات دان، شەڕێکی داپۆشراوی ئەو دژبەرانەش لە سووریە بەردەوامە و هەر بۆیەش هەتا ئێستا حکوومەتی بەشار توانیویەتی بە کوشتاری زیاتر لە پێنج

هەزار هاوولاتی خۆی لەسەر پێ بمێنێتەوە. دوو لایەنی ئەم هێزە دژبەرانە، تورکیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین و هەردووکیان دەوری گرینگ و شوێندانەر دەبینن، تورکیە لە راستای رووخانی حکوومەت و ئێران لە راستای بەهێز کردنی حکوومەت و مانەوەی لە دەسەڵاتدا.

من لەو باوەڕە دام ئەگەر لایەنەکانی دەرەکی دژی حکوومەتی سووریە جیدی‌تر و لێبڕاوانەتر یارمەتی خەڵکی ڕاپەڕیوی سووریە نەدەن، ئەو ڕێژیمە کە بەرامبەر مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا هیچ باکێکی لە کوشتاری خەڵک و وێران کردنی وڵات نییە، دەتوانێ ماوەیەکی زیاتر درێژە بە حکوومەتەکەی بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١١

## لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداى ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان...



### دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا

دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداى ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان

**کوردپا**: نزیک بە ٣٢ ساڵ بەسەر ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژدا تێدەپەڕێ، لەلایەکەوە هێزە سیاسییەکان و لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی حکوومەتی ئێران لەژێر ناوی "موجاهدینی ئینقلابی، سیاه جامەگان، کەفەن پووشان، خوێندکارانی خەتی ئیمام و سپاهیانی ئیسلام" لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستابوون، ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە هێزە سیاسییەکان داوای ویست و داخوازی خەڵکی کوردیان دەکرد و خومەینیش ئەو هێزانەی بە جوداییخواز لە قەڵەم دەدا و ئەو سیاسەتەی ئەوکاتەیان هەتا ئێستاش درێژەی هەیە، پرسیار لێرە دایە

**بۆچی توانیان ئەو وشەیە بەم شێوە جێ بخەن؟ چۆن هێندێ ڕۆشنبیر لەو باوەڕە دان کە عەمەلکردی ئەوکاتی هێزە سیاسییەکان بووە هۆی جێگرتنی ئەم ڕوانگەیە؟**

**مستەفا هیجری**: لە پێشدا با ئەوە بڵێم کە تەجزیە تەڵەبی بەو مانایەی کە نەتەوەی کورد لە هەر بەشێکدا کە دابەش کراوە بیهەوێ چارەنوسی خۆی دیاری بکا بە هەر شێوەیەک کە خۆی دەیهەوێ ئەوا مافی خۆیەتی، کەوابوو لێرەدا مەسەلەکە وانیە کە بە شێوەی مەنفی تەفسیری بکەین. مەسەلەی تەجزیە تەڵەبیش بەشێکە لەو تۆمەتانەی حکوومەتی خومەینی وەکوو میراتگری بەشێک لە دیکتاتۆریەتەکانی ڕێژیمی پاشایەتی، کە هەموو ئەو خەڵکە ئازادیخواز و مافخوازەی ئێرانی چ کورد و چ غەیرە کوردیان بە تۆمەتی تەجزیە تەڵەب و وابەستە بوون بە دوژمنانی ئێران تاوانبار دەکرد هەتا دەستیان زیاتر بۆ کوشتنی خەڵکی ئاوەڵا بێت، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە ئیمکاناتی ئەوەیان نەبوو کە ئەو تەبلیغاتە چەواشە کارانە و درۆیینە پووچەڵ بکەنەوە.

ئێرانیش بە هۆی زۆریی حەشیمەت و پانایی و بەرینی جوغرافیایی بەشێک لە خەڵکەکە لە بنەڕەتدا ئاگاداری دۆخی یەکتری نەبوون، بەشێکی دیکە بەتایبەت لە سەردەمی خومەینیدا لەژێر تەعەسوباتی وشکی مەزهەبیدا هەرچی سەرانی ئەو حکوومەتە بە تایبەتی خومەینی بیگوتبایە ئەوانیش بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە قبوڵیان بوو، بۆیە ئەو وشەیە وەکوو تۆمەتێک بۆ مافخوازانی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی بەکار دەهات. بە تێپەڕینی زەمان و بەتایبەتی کە پێوەندیی خێرا هەموو دونیای داپۆشیوە، هۆشیاریی خەڵک هەم لە ئێران و هەم دراوسێیەکانی ئێران چۆتە سەرێ، بێجگە لەوانە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە کوردستانی ئێران کەم و زۆر هەرکامەیان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بوون بە خاوەنی ڕاگەیەنی گشتی وەکوو تەلەڤیزیۆن و ئینتێرنێت توانیویانە کاریگەرییەکی زۆر دابنێن لەسەر پوچەڵ کردنەوەی ئەو بیر و بۆچوونانە.

هەروەها ئەو پێوەندییانەی کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران لەگەڵ باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی و لەگەڵ ڕێکخراو و کەسایەتیە سیاسییە ئێرانییەکان گرتوویانە ئەو فکرە ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز بووە و لە داهاتوودا پێم وابێت زیاتریش لاواز دەبێت.

**کوردپا: بەپێی ئەوەی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژ تێدەپەڕێ بزوتنەوەی کورد گۆڕانکارییەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڕای ئێوە هێزە سیاسییەکان دەیانتوانی چ کارێکی تایبەت بۆ ڕاگرتنی هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان بکەن کە نەیانکرد؟**

**مستەفا هیجری**: من پێم وابێ ئەوەی کە هێزەکانی کوردی بەگشتی کردوویانە جیالە هێندێک وردەکاری شتێکی وایان نەکردوە کە خەڵکی کورد موستەحەقی ئەو قەتڵ وعامە بن یا ئەوەی کە ئاماژەتان پێکرد هێندێک کەس هەن کە هەڵوێستی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە نەتیجەی هەڵوێستی سیاسی هێزە کوردییەکان دەزانن چونکە هێزە کوردییەکان ئەوکات و لە ئێستاشدا ئەوەی کە داوای دەکەن مافی ڕەوای گەلی کوردە لە چوارچێوەی ئێراندا، بۆیە ئەوە نەتەنها بۆ ئەوە نابێ کە هێرش بکرێتە سەر گەلی کورد و فتوای

جیهاد لە دژی بدرێ، بەڵکوو دەبێ گوێی لێ بگیرێ و لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە ویست و داخوازییەکانی جێبەجێ بکرێ و ئەوە یارمەتی دەکات بە پێشکەوتنی ئێران.

لە ڕاستی دا ئەو بیانوانە کە هێنایانەوە بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد و باڵاتر لە هەموو فتوای جیهاد بە دژی خەڵکی موسڵمانی کورد، بێجگەلە دەمارگرژیی وشکی مەزهەبی و دواکەوتوویی هیچی دیکەی تێدا نەبوو.

**کوردپا**: بەگشتی هێزە سیاسییەکان لە سەرەتاوە ویستیان بە وتووێژ مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن و لە قۆناخێکی دیکەدا دەستیان بۆ چەک برد و دواتریش پەنایان بردە بەر خەباتی سیاسی و مەدەنی، بەڕای بەڕێزتان ئەو هەموو فەراز و نەشێوە بۆچی؟

**مستەفا هیجری**: شتێکی زۆر سروشتیە کە هێزە سیاسییەکانی کورد لە سەرەتادا ڕێگای وتووێژیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتییەوە لەگەڵ حکوومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو چارەسەر بکەن و لەو ڕێگایەوە بەتایبەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەوڵێکی یەکجار زۆری دا بۆ ئەوەی کە خوێنی لاوانی کورد و باقی خەڵکی ئێران نەڕژێ، بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامی ئێران لە جیاتی ئەوەی کە وەڵامی ئەو داخوازییە ئاشتیخوازانە بداتەوە، هێرشیان کردە سەر کوردستان و فتوای جیهادیان بە دژی کورد دەرکرد و خەڵکی کوردیش بۆ بەرگری لە مان و مەوجودیەتی خۆی و دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرگری دەستی بۆ چەک برد و ئەوە ڕێگایەک بوو کە کۆماری ئیسلامی ئێران خستیە بەردەم خەڵکی کورد، بەڵام دواتر بە هۆیئاڵوگۆڕی ناوچە و وەزعیەتی نێونەتەوەیی بەو ئاکامە گەیشتن کە ویست و داخوازەکانی خۆیان لە ڕێگای چالاکی و تێکۆشانی مەدەنی و تەشکیلاتی و دیپلۆماسییەوە درێژە بدەن. وانیە کە تۆ لە قۆناغێکدا نەوعێک لە بەربەرەکانێ بەدژی دوژمنێک ڕادەگەیەنی، بەڵام ئەو هەڵوێستە بۆ هەمیشە هەر وا بەردەوام بێ، لە حاڵێکدا دەبینین لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا دونیا و هەروەها ناوچە ئاڵوگۆڕێکی ئێجگار زۆریان بەسەردا هاتووە، بۆیە شتێکی زۆر سروشتیە کە هێزێکی سیاسی بەپێی وەزعیەتی ناوچە و هەروەها بە لێکدانەوە لەسەر ئەو ئەسڵەی کە چ جۆرەخەباتێک بۆ بەربەرەکانێ شیاوترە و دەسکەوتی بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی زیاتر هەڵبژێرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا - ڕێکەوتی؛ ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١١

-------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## هۆکارەکانی دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانەکانی ئێران...



دیداری بەڕێز مستەفا هیجری لەگەڵ ڕۆژنامەی میدیا

**دیمانە: تارا و سالار**

**مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی میدیا تیشکدەخاتە سەر هۆکارەکانی دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانەکانی ئێران و راوسەرنجی خۆی لەمەڕ دۆزی سیاسیی کورد و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست و ناوچەکە و جیهان دەخاتەڕوو، ئێمە لێرەدا بەشێک لەو وتووێژە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران:**

**میدیا: دەستدرێژییەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر باشووری کوردستان چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ؟**

**مستەفا هیجری**: پێکهێنانی حکومەتی هەرێم بووەتە مایەی نیگەرانی وڵاتانی ئێران و تورکیا و سوریا. وەک ئاشکرایە سوریا هێشتاکە بارودۆخەکەی لەبار نەبووە تاوەکو دەخالەتی هەرێمی کوردستان بکات، بەلاَم ئەو ولاَتانە لە سەرەتای دروستبوونی هەرێمی کوردستانەوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیانداوە کۆسپ لە بەردەمیدا دروست بکەن، بەشێکی بەرنامەی هێرشەکانی ئێران و تورکیاش بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کە بە بیانووی بوونی پژاک و پەکەکە بەڕێوەی دەبەن، لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا دەبینم. چونکە ئێستا خەڵکی سڤیل و بێدەسەڵات دەکوژرێن کە دانیشتووی ئەو سنوورانەن، ئەگەر پژاک و پەکەکەش نەبووایە، ئەوان بە پیلان و بیانووی دیکە لە دژی حکومەتی هەرێم دەوەستانەوە.

**میدیا**: لە لایەکەوە پەیوەندی بازرگانی و دیپلۆماسی لە نێوان باشووری کوردستان و ئێران و تورکیا لە پەرەسەندندایە و لە لایەکی دیکەوە تورکیا و ئێران هێرش دەکەنە سەر سنوورەکانی باشووری کوردستان و سەروەرییەکانی دەخەنە مەترسییەوە. ئەوە چ پێناسەیەک هەڵدەگرێت؟

**مستەفا هیجری**: بە بۆچوونی من مەسەلەکە دوولایەنەیە، ئەو حکومەتانە هاتوون سەرمایەگوزاری دەکەن لە خاکی هەرێمی کوردستاندا و خودی هەرێمی کوردستانیش پێویستی بەوە هەیە، بۆیە روخسەتی ئەوەی پێداون و قازانجەکەشی بۆ هەر دوو لایەنەکەیە، ئەو پەیوەندییە ئابوورییەی هەرێم لەگەڵ وڵاتان و تەنانەت ئێران و تورکیاش سیاسەتێکی ژیرانە بووە، تاوەکو بێن لە هەرێمەکەدا کار و پرۆژەی پێویست ئەنجام بدەن، نابێ ئەوەشمان لە بیربچێتەوە کە راگرتنی ئەو کارو پرۆژانەی دەستپێکراون، ئەوەندەی زیان لە ئابووری هەرێم دەدات، رەنگە زیان لە ئابووری ئەو وڵاتانە نەدات، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم ئیعتیرازاتێکی زۆری هەیە لەسەر ئەو سنووربەزاندنەی ئێران و تورکیا،بەڵام ئەگەر پیلانێک هەبی بۆ کەم کردنەوەی پ پلەبەپلە یوەندیە بازرگانیەکانی هەرێم لەگەڵ ئەو لایەنانە ئاکامی باشی دەبێ.

**میدیا**: بۆچی ئەمریکا و عێراق لەو دەستدرێژییانەی ئێران و تورکیا بێدەنگن؟

**مستەفا هیجری**: بە تێڕوانینی من عێراق لەم مەسەلەیەدا بە ئەرکی سیاسییانەی خۆی هەڵنەستاوە، چونکە ئەو ناوچە سنوورییانە بەشێکن لە عێراق، بۆیە پاراستن و بەرگریکردن لەو ناوچانە وەزیفەی حکومەتی عێراقە، بەڵام ئەگەر باس لە ئەمریکا بکەین، ئەوە مەسەلەکە جیاوازە، هەم پژاک و هەم پەکەکە لە لای ئەمریکا لە لیستی تیرۆریستین، بێگومان ئەمریکا ئەگەر یارمەتی دژبەرەکانیش نەدات، ئەوا بەرگری ناکات لەو دوو هێزە، ماوەیەک پێش ئێستاش ئەو ئەمریکییانەی لە عێراقن رایانگەیاند بە مەرجێک عێراق داوا بکات، ئامادەن هێزەکانیان بۆ پاراستنی سنوورەکان بنێرن، دیارە عێراقیش تائێستا ئەو داوایەی نەکردووە.

**میدیا**: چ خوێندنەوەیەکتان بۆ گفتوگۆکانی دەسهڵات و ئۆپۆزسیۆن لە باشووری کوردستان هەیە؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: بە بۆچوونی من ئەوە مەسەلەیەکی زۆر سروشتییە و داواکاری خەڵک لەهەر شکڵێکدا بێت مافی خۆیانە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەپێی ئەوەی کە لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی دامەزراوە، ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنیش بەپێی یاسا بە رەسمی ناسراون، هەقیان هەیە بیروبۆچوونی خۆیان مەترەح بکەن، تەوافوقی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر بناغەی قازانج و بەرژەوەندی خەڵک شتێکی ئوسولییە و پێویستە بە دانیشتن و وتووێژ لەسەر ئەو خاڵە ناکۆکانەی نێوانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خەڵک تەوافوق بکەن. بەگشتی دانیشتن و وتوێژ بە لەبەر چاو گرتنی قازانج و بەرژەوەندی گشتی کارێکی دروستە و ئوسووڵەن دەبێ وابێ.

**میدیا**: ئایا لە ئاستی جیهانیدا دەرفەتێک بۆ ئەوە رەخساوە کە کوردیش کیانێکی سەربەخۆی هەبێت، ئایا باشووری کوردستان دەتوانێت دەسپێکی ئەو دەوڵەتە کوردییە بێت؟

**مستەفا هیجری**: بەداخەوە تاوەکو ئێستا مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی سەربەخۆی دوور لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا دابەشبووە، لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا مەترەح نەبووە، ناوەندەکانی بڕیار لە دونیادا نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە مەسەلەی کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ سەیر بکەن، بەرنامەشیان بۆی نییە. سەبارەت بە سەربەخۆ بوونی هەرێمیش پێموایە تا ئێستاش بەشێک لە خەڵکی شۆڤێنی هەیە لەناو عەرەبەکاندا کە زۆر زیاتر لە ئێران و تورکیا موخالفی حکومەتی هەرێمن و لە هەموو فرسەتێک دەیانەوێ کێشە دروست بکەن بۆ هەرێمی کوردستان. بەڵام دەکرێ حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی زۆر ژیرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مەسەلانە بکات و راگەیاندنی سەربەخۆ چارەسەری کێشەکان ناکات و هیچ زەمینەیەکی دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆ نە لە ناوخۆ و نە لە دەرەوە وجوودی نییە.

**میدیا**: ئەو لێکترازان و جیابوونەوانەی نێو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان جگە لەوەی جۆرە نائومێدییەکی لای هاوڵاتی کورد دروستکردووە، ئاماژە بەوەش دەکرێ کە ناڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری پیلانەکانی دەزگا ئەمنییەکانی ئێراندا بووە، ئەوە تا چەند راستە؟

**مستەفا هیجری**: ئاشکرایە کۆماری ئیسلامی ئێران حەزی لە چارەی هیچ رێکخراوێکی ئۆپۆزسیۆنی کوردی یان هەر تاکێکی ئازادیخواز نییە، هەمیشە لە بەرنامەرێژیدابووە لە دژی ئازادیخوازان، هەرکاتێکیش کێشەیەک پەیدا بووبێت لە نێوان رێکخراوە سیاسییەکان، کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەر پێکهێنەریشی نەبووبێت، بەڵام سوودی خۆی لێ وەرگرتووە، ئەوەش حاڵەتێکی سروشتییە لای ئەوان، بەڵام بەگشتی دەکرێ ئەو کەموکورییانە بگەڕێنینەوە سەر کەموکورییەکانی خودی حزبە کوردییەکان، هۆی سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاشنانەبوونی ئەحزابی کوردی بە دیموکراسی و هاوکاری نەکردنی یەکتر و نەبوونی ئەزموونی کاری هاوبەشیان، هەروەها لەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندی شەخسیو گرووپی هۆکارێکی سەرەکی ئینشیعابەکان بووە. لەسەرەتای شۆڕشی جەماوەری خەڵکی ئێران تاوەکو ئێستا، جگە لە چەند جیابوونەوەیەک کە مەسەلەی ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕ بووە، کە لە واقیعدا قابیلی تەوجیهبوون،

ئەوانی دیکە مەسەلەیەکی شەخسی بووە و ئەوانەی کە جودا بوونەتەوە نیشانیانداوە کە هیچ شتێکی نوێیان پێ نییە، تا ئیزافەی بکەن بە سەر بەرنامەکانی ئەو حزبەی کە پێشتر لێی جودا بوونەتەوە، بەداخەوە ئێمەی کورد تەمرینی دیموکراسیمان نییە.

**میدیا**: شەپۆلی سەوز کە خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفراوانی لە ئێران لێکەوتەوە، پێش ئەوبزافە کەوت کە بە بەهاری عەرەبی ناوی دەبردرێ، بەڵام بۆچی وا زوو دامرکایەوە؟

**مستەفا هیجری**: جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ئەو جولانەوەی کە پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی لەگەڵ جولانەوەی سەوز، لەگەڵ شەپۆلی جولانەوەی عەرەبی زیاتر توێژی هەژار و دەست تەنگ لە شەقامەکاندا بەشداربوون بە مەبەستی گۆڕانی حکومەت تاوەکو بە دامەزراندنی حکومەتێکی دیکە ژیان و گوزەرانی باشتر بۆ خۆیان بخولقێنن. بەڵام جولانەوەی سەوز، داوای چاکسازی یان ریفۆرم لە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دەکرد، ئەو رژێمەش ریفۆرم هەڵناگرێ و جیهانبینییەکی تایبەتی هەیە کە ئاڵوگۆڕی تێیدا روونادات. ئەو توێژەش کە هاتنە سەر شەقام زۆر زوو سەرکوت کران. یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ئەو جولانەوەیە بریتی بوو لەوەی کە ئەوان لەسەریەک دروشمی پاراستنی کۆماری ئیسلامی ئێرانان بەرز دەکردەوە، کە ئاغای موسەوی و ئاغای کەروبی رۆڵی کاریگەریان تێدا هەبوو، ئەوان جەختیان لەسەر پاراستنی قانونی ئەساسی و ولایەتی فەقیە و نیزامی مەوجوود دەکرد، خەڵکیش بەگشتی بە ئومێدێکی دیکە هاتبوونە سەر شەقام و زانییان ناکرێ مرۆڤ بۆ ئەو جۆرە داخوازییانە خۆی بە کوشت بدات، بۆیە وردە وردە پاشەکشەیان کرد. ئەوەش بووە بەشێک لە هۆکاری شکستهێنانی ئەو جولانەوەیە، بەڵام گەر سەیری وڵاتی عەرەبی بکەین، دەبینین لەوێ مەبەستیان ئاڵوگۆڕی حکومەتەکان و رووخانی دیکتاتۆرەکان بووە، بۆ ئەو ئامانجە گەورەیەش خەڵکەکە ئامادە بوون خۆیان بە کوشت بدەن.

**میدیا**: ئایا ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی و ئێرانی توانای ئەوەیان هەیە راپەڕینی هاوشێوەی ئەو وڵاتە عەرەبییانە رێکبخەن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران بەپێی توانا و ئیمکاناتمان کارمان بۆ هۆشیاری خەڵک و خەباتی جۆراوجۆر لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە، هەرچەندە خەباتی گەلی کورد بەگشتی کاریگەری هەیە لەسەر خەڵکی ئێران، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە کورد بە تەنیا ناتوانێ ببێتە ئامێرێکی چارەنووسساز لە سیستمی سیاسی ئێران، چونکە بەپێی جوگرافیا و نەتەوە بەشێکی کەمی ئێران پێکدێنێت، بۆ مەبەستێکی ئاوا پێویستە خەڵکی ئێران بەگشتی پێکەوە راپەڕن، ئەوەش پێویستی بە رابەرایەتییەکی شۆڕشگێڕ و لێبڕاو هەیە، رێبەرایەتییەک کە بتوانێ لە بەرنامەی کارەکانی ویست و داخوازی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دابین بکات و بۆ رووخانی حکومەت هەوڵ بدات، نەک بۆ چاکسازی کردن وەک ئەوەی لە جولانەوەی سەوز مەترەح کرا.

**میدیا**: لە رۆژئاوای کوردستان ١٩ حزبی کورد ئەنجومەنێکیان پێکهێناوە، بەڵام بۆچی تائێستا لەناو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنانی بەرەیەک شتێکی مەحاڵ بووە؟

**مستەفا هیجری**: من مەسەلەکە بە مەحاڵ نازانم و هەوڵیش دراوە، بەڵام هەندێک گرفتی تەکنیکی لەم ساڵانەی دوایی هاتووەتە پێش، لەوانە ئەو ئینشیعاب و جیابوونەوانەی کە لە حزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران روویان دا، ئەوە بۆخۆی هەم لە باری رۆحییەوە، هەم لەباری عەمەلییەوە کاریگەری نەرێنی بووە و بۆتە هۆی دروستکردنی چەند کۆسپێک لە بەردەم یەکگرتن، بەڵام هیوادارم بە تێپەڕبوونی کات و دیتنەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ ئەو کێشانەی هاتوونەتە پێش، ئێمەش بتوانین وەکو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی کورد بە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش کۆبینەوە و کاری هاوبەش بکەین.

**میدیا**: ئایا سەقفێکی زەمەنی هەیە بۆ تێپەڕینی ئەو کاتەی باستان کرد؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە کە دێینە سەر مەسەلەی گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، دیاریکردنی زەمان بۆ چارەسەری کارێکی زەحمەتە، بەڵام تێپەڕینی کات بەو مەعنایەیە کە ئەو نیگەرانی و تووڕەییانەی کە بەهۆی ئینشیعابەکانەوە هاتووەتە پێش، بڕێک کەم بێتەوە، نەک بە پڕوپاگەندە و رێکلام کردن، بەڵکو بە واقعی ئیرادە بکەن و بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ بن.

**میدیا**: دەگوترێ ئەمریکا لە رووی داراییەوە یارمەتی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەدات، ئەوە تا چەند راستە و ئایا حزبەکەتان چ یارمەتییەکی وەرگرتووە؟

**مستەفا هیجری**: ئەمریکا بە هەندێک پڕۆژە یارمەتی ئۆپۆزسیۆن دەدات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بریتین لە پێکهێنانی ئیمکانیات بۆ ئاسانکردنی تۆڕی ئینتەرنێت بۆ رێکلام کردن لە راگەیاندنەکانی ئەمریکا لە دژی ئێران، ئەگەر هەر یارمەتییەکیش درابێتە رێکخراوێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەو بارەیەوە هیچ زانیارییەکم نییە.

**میدیا**: پەیوەندیتان لە گەڵ "موجاهدین خلق" چۆنە و لێدانیان لە کەمپی ئەشرەف چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لە مێژساڵە پەیوەندیمان لەگەڵ موجاهدین نەماوە، بەڵام لەو هێرشەی کە کرا سەر کەمپی ئەشرەف، ئێمە وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی سەیری ئەوە دەکەین، چونکە کۆمەڵێک خەڵکی بێچەکی ئاوارە لەو کەمپەدان و ئەوانیش مافی ژیانیان هەیە، بەداخەوە کۆمەڵێکی زۆریان لەو هێرشانەدا کوژران و بریندار بوون، تەنانەت لە بواری خزمەتگوزاری تەندروستیش کێشەیان بۆ دروست بووە، ئێمە ئەوە بە پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافی مرۆڤ دەزانین لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هەر ئەوکاتەی ئەو رووداوە روویدا لەلایەن رێبەرایەتی حزبەوە لە بەیانێکدا ئەو کردەوەیەمان مەحکووم کرد.

**میدیا**: کۆنگرەی نەتەوەیی لە سەر پاڵپشتی سەرۆک بارزانی تا چەند کێشەی کورد لە چارەسەر نزیک دەکاتەوە؟ پێشنیار دەکەی ئەو کۆنگرەیە چۆن بەڕێوە بچێ؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: بەستنی کۆنگرەی کورد لە مێژە قسەی لەسەر دەکرێت، هەرچەندە دڵنیانیم لەوەی کە دەبەسترێت، تائێستاش بە شێوەیەکی فەرمی هیچمان پێ نەگەیشتووە دەربارەی ئەو کۆنگرەیە و پەیڕەو و پرۆگرامەکانی، بۆیە قەزاوەتکردن لەسەر بابەتێک کە هیچ شتێکی تا ئێستا دیار نییە، زۆر سەخت دەبێت.

**میدیا**: دوای لەتبوونی حزبی دیموکرات خەڵکێکی زۆر خەمبار بوون و چەندین کەمپینیش لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەتان رێکخرا، ئەو هەنگاوانە بۆچی نەبوونە هۆی یەکگرتنەوەتان؟

**مستەفا هیجری**: بیروبۆچوونی رێکخەرانی ئەو کەمپینانە و خەڵکی کورد بەگشتی بۆ ئێمە جێگەی رێزە، ئێمەش هەوڵی زۆرمان داوە و ئێستاش لە هەوڵداین بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندییەکی باش هەبێت لە نێوان حزبی دیموکرات و ئەو بەشەی کە لە حزب جودا بوونەتەوە، دەکرێ لە وەزعیەتێکی وادا هەموو باس و پرۆژەیەک بخرێتە بەر دەست و خوێندنەوەی زیاتری بۆ بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت، بەداخەوە کۆسپی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە تائێستا ئەو زەمینەیە فەراهەم نەبووە کە بە فەرمی لەگەڵ یەکتر دابنیشین.

**میدیا**: حزبەکەتان ماوەیەکی زۆرە چالاکی چەکداری نەبووە، ئەوە تاچەند لە جەماوەری خۆتان دایبڕاندوون؟

**مستەفا هیجری**: خەباتی چەکداری خاڵی بەهێز و خاڵی لاوازی هەیە، لە کوردستانی ئێران کۆمەڵێک لاوی بە هەست و شۆڕشگێڕ کە لە زولم و زۆری کۆماری ئیسلامی ئێران بێزارن، پێیان باشە هێزێک هەبێت خەباتی چەکداری بکات و شەڕی چەکداری دەروونیان رازی دەکات و رەنگە هەندێک خەڵکیش پێی ئومێدەوار دەبن، ئەوە بەشێکی مەسەلەکەیە، بەشەکەی دیکەی باری سیاسی و ئەو بارودۆخەیە کە لە ناوچەکە و دونیا خولقاوە. ئەوەی ئەمڕۆ سەرنجی بیروبۆچوونی نێونەتەوەیی و زۆربەی کوردەکان رابکێشێت، خەباتی سیاسی و مەدەنییە، کە دەتوانێ کاریگەری خۆیشی هەبێت.

**میدیا**: واتە خەباتی چەکداری پژاک و پەکەکە خەباتێکی ناڕەوایە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە هەموومان ئاگادارین پەکەکە لەگەڵ ئەوەی خەباتی چەکداری توندوتیژ دەکات و قوربانی زۆری داوە، بەڵام جگە لەوەی ناویان چووەتە نێو لیستی تیرۆر و لە ناوەندەکانی نێونەتەوەییدا وەکو تیرۆریسم سەیریان دەکەن، کاریگەرییەکی ئەوتۆشیان نەبووە لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە رێگەی خەباتی چەکدارییان، بەڵام وەک دەبینین لە وڵاتانی عەرەبیدا ئەو حکومەتە دیکتاتۆر و بەهێزانەی کە کەس بە خەیاڵیدا نەدەهات ئاوا سووک و ئاسان بڕووخێن، بە دەستی خەڵکی سڤیل و بەبێ خەباتی چەکداری خەریکە حکومەتی دیکەی دیموکرات پێکدێت. بۆیە سەردەمی ئێستا سەردەمی خەباتی مەدەنی و سیاسی و راگەیاندنە.

**میدیا**: ئایا دەکرێ ئەزموونەکانی باشووری کوردستان بە هەموو ئەرێنی و نەرێنییەکانیەوە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان سەرمەشقێکی باش بێت؟

**مستەفا هیجری**: بۆ ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستان ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە چاک و خراپییەوە جێگەی لێ فێربوونە، شەڕە ناوخۆییەکانی، کێشەکانی، پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان و هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی کە کراون، ئێمە لە نزیکەوە شاهیدی ئەو مەسەلانە بووین و بە وردی سەرنجمان داون بۆ ئەوەی شتی لێ فێر بین، چونکە ئێمە وەکو حزبێکی سیاسی خۆمان لە بەرامبەر خەڵکدا بە بەرپرس دەزانین و کار دەکەین بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی کورد لە ئاییندەدا دروست بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١١

--------------------------------------------

## ساڵی: ٢٠١٢ و ٢٠١٣

-----------------------------------------

### باس لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەو بارودۆخی ئێران...




**وتووێژی گۆڤاری "سقیل"**

مستەفا هیجری، سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو دیمانەیەدا لەگەڵ (سڤیل)، باس لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دەکات، هاوکات باس لە بەرەکەیتری حیزبی دێمۆکرات دەکات و دەڵێ ئەوان کەمینە بوون مافی ئەوەیان نییە بەناوی حیزبی دێمۆکراتەوە کار بکەن، بۆیە تا ناوەکەیان نەگۆڕن هەماهەنگیان لەگەڵ ناکەین بۆ دروست کردنی بەرە.

**سڤیل**: لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەوە دەست پێ دەکەین، ئێران لە کوێی ئەو گۆڕانکارییانە دەبینی؟

**مستەفا هیجری**: پێم وابێ ئەو گۆڕانکارییانەی لانیکەم لە ماوەی ساڵی رابردوو لە ناوچەکەدا هاتۆتە پێش، کۆماری ئیسلامی ئێرانی خستۆتە پەلەقاژە، نیشانەکانی ئەو پەلەقاژەیەش، ئەو یارمەتییانەن کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەهەموو شێوەیەک پێشکەش بە دەوڵەتی سووریەی دەکات، چونکە سووریە ئێستا تەنیا دەوڵەتە، کە وەک دۆست و هاوپەیمانی ئێران لەناوچەکەدا ماوەتەوە. لە باری سیستمی حوکمڕانی و دەسەڵاتداریشەوە زۆر لە یەکتر نزیکن، بۆیە ئێران هەوڵی زۆر دەدات بۆ مانەوەی رژێمی سووریە. پێم وابێ نەمانی ئەو حکوومەتەی ئێستای سووریە، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر بارودۆخی ئێران و ئێرانیش تاکە دۆستی خۆی لە ناوچەی عەرەبیدا لەدەست دەدات، بۆیە ترسی لێ نیشتووە.

**سڤیل**: بەڵام گەر جموجۆڵ و خرۆشانێک لەناوەوەی ئێراندا نەبێت، گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و هی سووریەش بەتایبەت چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێران دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: ئەوە بەتەواوەتی راستە، دەبێ لەپێشدا جموجۆڵەکە لەناوەوە بێت، بەڵام پێم وابێ ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان دەبێت، بۆ ئەوەی لەئێرانیشدا ئەم جموجۆڵە دەست پێبکات. کێشەی خەڵکی ئێران ئەوەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران جگە لەوەی زەبر و زەنگی زۆری نواندووە بۆ سەرکوت کردنی داخوازییەکانی خەڵک، ئابووری و نانی خەڵکیش بەدەستی ئەو رژێمەیە، ئەمەشی کردۆتە فشارێکی زۆر قورس لەسەر خەڵکەکە، بەهۆی ئەمەشەوە توانیویەتی هەتا ئەندازەیەک بەرگری بکات لەخۆپێشاندان و جووڵانەوەی ناوخۆ، بەڵام ئەمە هەروا نامێنێتەوە، بە رووخانی حکوومەتی سووریە و ئەم فشارەی لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە لەسەر ئێران هەیە، بەتایبەت لەمانگی حوزەیرانەوە، کە بڕیار وایە ناردنی نەوت بۆ وڵاتانی ئورووپایی کۆتایی پێبێت، هەموو ئەمانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر لاواز بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکەکە زیاتر تەشجیع بن و بتوانن داخوازییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرببڕن و جووڵانەوەکەش لە ئێراندا شکڵ بگرێت.

**سڤیل**: لەبابەتی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا و رۆژئاوا بەگشتی بەردەوام هەڕەشە لە ئێران دەکەن و ئێرانیش سوورە لەسەر بەردەوامی پێدانی، لەدۆخێکی وادا ئەگەری جەنگێک لەناوچەکە لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا هەیە؟

**مستەفا هیجری**: پێم وایە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن، لە رێگای فشاری ئابووریی و سیاسی، هەتا کۆماری ئیسلامیی ئێران بەچۆکدا بێنن، بەتایبەت لەبارەی پیتداندنی ئورانیۆمەوە، بەڵام هەتا دواین قۆناغ و هەتا ئەنجامی ئەو

تاقیکارییانە دەرنەکەوێت، پێم وانییە ئەوان لە فکری دەستێوەردانێکی نیزامی بن لە ئێراندا، بەڵام خەریکە ئاکامی ئەم هەوڵ و تەقەلایەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وردە وردە بەرەو کۆتایی دەچێت، واتە لێی نائومێد دەبن و دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە کۆماری ئیسلامی بە کاری دیپلۆماسی و گەمارۆی ئابووری بە چۆکدا نایەت و وڵامی داخوازییەکانیان ناداتەوە، هەر لەو ڕۆژانەدا ئوباما ڕایگەیاند، کە تێکۆشانی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێراندا خەریکە بەرەو بنبەست دەچێت، بۆیە گەر ئەوان بە تەواوەتی بێئومێد ببن، بەتایبەت لە دوای مانگی حوزەیرانەوە، کە هەناردە کردنی نەوتی ئێرانیش دەبەسترێت، هەوڵەکانیش هەروا بێئاکام بن، ئەوا ئەگەری دەستێوەردانێکی نیزامی لەئێراندا دێتە ئاراوە.

**سڤیل**: کەواتە لەگەڵ ئاماژەی زیادبوونی فشارە دەرەکی و ناوخۆییەکان لەسەر ڕێژیمی ئێران، حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو پەرتەوازەییەیانەوە دەتوانن چ شتێک بکەن و بەرنامەیان بۆ ئەم قۆناغە تازەیە چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: منیش پێم وایە ئەمە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی جووڵانەوەی کوردە لە کوردستانی ئێراندا، بەتایبەت لەو هەلومەرجەدا کە چاوەڕوانی گۆڕانکاری لەناوچەکە و لە ئێرانیشدا دەکرێت، لەو نێوەندەشدا هەندێک هەوڵ و تێکۆشان لەئارا دان، واتە ئێمە نائومێد نەبووین لەوەی بتوانین هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردییەکانیتری ئێراندا بکەین، لەشێوەی پلاتفۆرم و بەرنامەیەکی هاوبەشدا، چ بۆ ماوەی فەرمانڕەوایەتی کۆماری ئیسلامی و چ بۆ قۆناغی دوای ڕووخانی ئەم ڕێژیمە. سەبارەت بەم بابەتە ئێمە لەگەڵ هەندێک لە ڕێکخراوە کوردییەکانی ئێران لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا لە دەرەوەی ئێراندا و لەگەڵ ئوپۆزسیۆنی ئێران بەگشتی پێوەندیی و ڕاوێژ و مەشوەرەتمان هەیە، بەڵام ئەمە تەواو نییە و دەبێ زیاتر هەوڵ بدەین یەکگرتووتر بین سەبارەت بە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئێران.

**سڤیل**: ئەم جیابوونەوە و ئینشیقاقە زۆرەی نێو حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هۆکارەکەی چییە؟

**مستەفا هیجری**: من هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە، کە ئێمە خەڵکی شەرقین و هێشتا نەگەیشتووینە ئاستی تێگەیشتن لە مانا و ناوەڕۆکی دێمۆکراسی. هەرکامێکمان قسەمان لەگەڵ بکەن، خۆمان بە دێمۆکرات دەزانین، بەڵام کاتێک دێتە سەر مەسەلەی هەنگاوی عەمەلی، دەردەکەوێت کە باش لێی حاڵی نەبووین. پێم وابێ لە پێوەندی دەگەڵ حاڵی نەبوون لە دێمۆکراسی، مەسەلەی لەبەرچاو گرتنی قازانج و بەرژەوەندی گرووپی و تاکەکەسی و تەحەممولی یەکتر نەکردن، تەحەممول نەکردنی ڕای گشتی، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ئەم ئینشیقاقانە بێنە پێشەوە، دەنا لانیکەم ئەو ئینشیعاباتەی لە پێنج، شەش ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە، هیچ کامێکیان لەسەر مەسەلەی ئایدۆلۆژی و باوەڕی سیاسی و ئەم جۆرە مەسەلانە نەبووە.

**سڤیل**: تەنانەت ئەم جیابوونەوەیەش کە لە نێو حزبەکەی ئێوەدا ڕوویدا، ئەمەشیان هەر لەبەر هۆکاری ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕی سیاسی نەبووە؟

**مستەفا هیجری**: ئەمەش هەر یەکێکە لە هۆکارەکانی حاڵی نەبوون لە دێمۆکراسی، چونکە مەعمولەن وایە، کاتێک لەحزبێکدا گرووپێک دەڕۆن و ئینشیعابێک روو دەدات، ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا وانییە، کە ناو و سیمبول و هەموو نیشانەکانی ئەم حیزبەش لەگەڵ خۆیاندا بەرن، ئەمەش گیر و گرفتێکە و بە هۆی حاڵی نەبوون لە دێمۆکراسی هاتۆتە پێشێ.

**سێفیل**: بەڵام لایەنی بەرامبەریش بە هەمان شێوەی ئێوە، پێیان وایە لە حیزبدا دێمۆکراسی و رێز گرتن لە رای جیاواز نەبووە....

**مستەفا هیجری**: بەڵام ئێمە کۆنگرەمان بەستووە و کاتێکیش ئەم کۆنگرەیە بەستراوە، ئەوانەی جیا بوونەتەوە لە حیزبدا بوونە و زۆرینەش بوونە، کۆنفرانسە حیزبییەکان لە ژێر کونترۆڵی ئەواندا بەڕێوە چووە، ئەو بەرنامە و راپۆرتی کۆنگرانەی ئامادە کراون، هەمووی لەژێر کونترۆڵی ئەواندا بووە،هەتا راپۆرتی کۆنگرەش خوێندراوەتەوە و راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە پێشکەش کراوە و قسەی لەسەر کراوە، هیچ کێشەیەک نەبووە، کێشەکە ئەو دەمە ساز بووە، کە هەڵبژاردن کراوە بۆ رێبەرایەتیی حزب و ئەوانە نەیانتوانیوە لە حزبدا ببنەوە بە زۆرایەتی، ئەگەر بیانتوانیبایە ببنەوە بە زۆرایەتی وەک کۆنگرەکانی پێشوو، ئەوا هیچ کێشەیەک نەدەبوو، بەڵام بە بۆچوونی ئەوان لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە ببنەوە بە زۆرینە، بۆیە دێمۆکراتی نەبووە، بە بۆچوونی ئەو گرووپ و برادەرە قەدیمانەی ئێمە دێمۆکراسی بە مانای ئەوەیە تەنیا قازانج و بەرژەوەندی ئەوان رەهایەتی بکرێت، ئەگەرنا دێمۆکراسی نییە، ئەگەرنا هەر ئەو کۆنگرەیەی پێشتر ئەوانی وەک زۆرینە هەڵبژاردووە و لە رێبەرایەتیی حیزبدا جێگیر بوونە، ئەوانی وەک زۆرینە هەڵنەبژاردۆتەوە، ئەگەرنا هیچ مەسەلەیەکی‌تر لە گۆڕێدا نەبووە. واتە ئێمە هیچ شتێکمان نەکردووە، ئێمە وەک گرووپێکی کەمینە بووین لە رێبەرایەتی حیزبدا و دەسەڵاتێکی ئەوتۆشمان نەبووە ئیعمالی دیکتاتۆری بکەین، پۆستە سەرەکییەکانی وەک سکرتێر و بەشەکانی دیکە بەشێکی زۆری لەدەسەڵاتی ئەواندا بووە.

**سێفیل**: کە ئێوە گرووپێکی کەمینە بوونە، چۆن دوای کۆنگرە زۆرینەی دەنگەکانتان بەدەست هێناوە و بوونەتە زۆرینە؟

**مستەفا هیجری**: بە دەلیلی ئەوەی حیزب لەو ماوەیەدا لە کار و تێکۆشانی ئەوان ناڕازی بووە، بۆیە هاتووە لەکۆنگرەدا ویستوویەتی ئاڵوگۆڕێک پێکبێنێت، هەتا وەکوو حزبەکە کارامەتر و چالاکتر بێت، لە ئەنجامیشدا هەموو ئەوانەی پێشتر لە رێبەرایەتیی حیزبدا بوون، هەموویان هەڵنەبژێردراونەتەوە.

**سێفیل**: ماوەیەک پێش ئێستا راتگەیاندبوو، ئەوانەی لەحزب جیابوونەتەوە، بەئامادەبوونی لایەنی سێیەم دەتوانن بێنەوە ناو حیزب، مەبەستت لەلایەنی سێیەم کێ بوو؟

**مستەفا هیجری**: ئەو کات باسم کرد، تەرەفی سێیەم هەر لایەنێکە ئەوان پێیان باش بێت، دەتوانێت بێت چاودێری بەسەر کاروباری کۆنگرەدا بکات، بۆ ئەوەی جگە لە دوولایەنەکەی ئێمە، چاودێرێکیش هەبێت شاهێدی بدات، کە کۆنگرەکە بەپێی بەرنامەیەکی



سەرچاوە
Serchawe

دیمۆکراتی بەڕێوەچووە، تاوەکو ئەوان ئەگەر جارێکیتر کەوتنەوە کەمایەتی، نەڵێن زوڵممان لێکراوە و بزانن کە بەرنامەکە بە شاهێدی لایەنیتر بە دروستی بەڕێوەچووە، جا ئەم لایەنە هەر کەسێک بێت گرنگ نییە، با هەر کەسێک بێت، کە ئەوان پێیان باش بێت.

**سڤیل**: ئەوان هیچ وڵامێکیان بۆ ئەم دەسپێشخەریەی ئێوە هەبووە؟

**مستەفا هیجری**: بەداخەوە تاکوو ئێستا هیچ وڵامێکمان وەرنەگرتۆتەوە.

**سڤیل**: ساڵانێکە باس لە زەروورەتی دروست کردنی بەرەیەک بۆ حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵات دەکرێت، ئەگەر هێندە پێویستە بۆچی هەنگاوی بۆ هەڵناهێنن؟

**مستەفا هیجری**: جا ئاخر دەبێ هەنگاوی بۆ هەڵێنین، ئێمە لەگەڵ ئەو رەفیقانەی خۆمان کە جیابوونەتەوە باسمان کردووە، تەنیا ئاڵوگۆڕێکی زۆر سەرەتایی لەناوەکەیاندا بکەن، ئێمە ئامادەین پێوەندییەکانمان لەگەڵیان ئاسایی بکەینەوە، گەر نەشتوانین وەک حزبێک پێکەوە کار بکەین، دەتوانین وەک دوو حیزب لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەین، دەتوانین باس لە مەسەلەی پێکهێنانی بەرە و بوونی هاوکاری لە نێوانماندا بکەین، کە ئێستا زۆر پێویستە. ئێمە کە لەگەڵ ئەواندا پێوەندییەکی راستەوخۆ و رەسمیمان نییە، لەبەر ئەوە نییە کە جیابوونەتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەوان دەستیان بەسەر ناو ناونیشان و سیمبولەکانی حزبی دیمۆکراتدا گرتووە، رۆژنامەی کوردستان و ئۆرگانە حزبییەکان و ناونیشانی حیزب و هەموو شتێکیان بۆخۆیان هەڵگرتووە، لەحاڵێکدا بەپێی پێڕەو و پرۆگرامی حیزب، کە ئەو کات بە رەزامەندی ئەوان بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوان لەو پێڕەوە لایان داوە، واتە ئێستا ئەوان ناتوانن حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بن، چونکە بەپێی ئەو پێناسەیەی لە پێڕەوی حیزبدا بە رەزامەندیی هەموو لایەک و لە کۆنگرەیەکدا بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوان کە رۆیشتوون، کەمینەیەکی زۆر کەم بوونە، لە ٢٣ کەسی ئەندامانی رێبەرایەتیی حزب، ئەوان ٧ - ٩ کەس بوونە، بۆیە ئەوان ناتوانن ببنە حیزبی دیمۆکرات، ئیشکالاتەکە لەوەدا بووە، کە ئەوان هەتاکوو ئێستاش ئەمەیان قەبووڵ نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو داوایەمان هەر خستۆتە بەر نەزەری ئەوان و بەر نەزەری خەڵکیش، کە ئێمە جگە لەوە هیچ کێشەیەکیترمان نییە، ئەگەر ئەوان باوەڕیان بە پێویستی ئەم هاوکاری و هەماهەنگی و بەرەیە هەیە، دەبێ بتوانن لەم پێناوەدا ئەم هەنگاوە بنێن، ئێمەش هیچ گیر و گرفتێکیترمان لەگەڵ ئەواندا نییە.

**سڤیل**: واتە سەرەڕای ئەوەش کە ئەوان ناو و سیمبولەکانی حزبیان بردووە، ئێوە هەر ئامادەن هەماهەنگیان لەگەڵدا بکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر ئەوان ناوەکەیان نەگۆڕن، تاکوو ئێستا بڕیارمان ئەوەیە، کە هەماهەنگییان لەگەڵ ناکەین، هەماهەنگی بەو مانایەی بتوانین پێکەوە بەرەیەک پێکبهێنین، ئەگەرنا لە هەندێک کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ حزبە ئوپۆزسیۆنەکانی ئێراندا لەدەرەوەی وڵات، جۆرێک لە هەماهەنگی و راوێژ لەنێوانماندا هەیە.

**سڤیل**: لەدۆخێکی وادا کە ئەگەری گۆڕانکاری لە ئێراندا هەیە، پێوەندی ئێوە لەگەڵ ئەمریکادا چۆنە؟ پێت وایە ئەمریکا هاوکاری ئێوە بکات؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەک حیزبی دێمۆکرات پێوەندیمان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، چ لە کوردستان و چ لە ئەمریکا، بۆ راوێژ و ئاڵوگۆڕی را و بۆچوون سەبارەت بە بارودۆخی ئێران و ناوچەکە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ یارمەتییەکی ئێمەیان نەداوە.

**سڤیل**: بێینە سەر باسی هەڵبژاردنەکانی ئێران، بەپێی راپۆرتەکان هەرچەندە رێژەی بەشداری لەو هەڵبژاردنانە بەگشتی کەم بوو، بەڵام ئەم رێژەیە لە ناوچە کوردییەکاندا زۆرتر بوو وەک لە ناوچەکانیتری ئێران، لە کاتێکدا کۆمەڵێک لە حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵات داوایان لە خەڵک کرد بایکوتی هەڵبژاردن بکەن، بەتایبەت لە شاری مەهاباد رێژەی بەشداری کردن بە بەراورد بە ناوچەکانیتر زۆر بوو، بۆچی داوای حیزبەکان بۆ بایکوت کردنی هەڵبژاردن کاریگەریی لەسەر خەڵک نەبوو؟

**مستەفا هیجری**: گەر بەگشتی تەماشا بکەین، ئەم داواکارییەی حیزبەکان کاریگەری هەبووە، بەڵام لە مەهاباد کاریگەرییەکەی کەمتر بووە، هۆکاری ئەمەش دوو سێ شتی بنەڕەتی بووە، یەکەم هەڵبژاردنەکانی پارلمان وەک هەڵبژاردنی سەرکۆماری نییە، لە هەڵبژاردنی پارلماندا کۆماری ئیسلامی هەمیشە تێکۆشاوە جۆرێک لە کێبڕکێ لە نێوان کاندیدەکاندا پێکبهێنێت، بۆ نموونە کەسێک لەو ناوچەیە هەڵدەبژێرێت، کە کورد و نەتەوەکانیتری تێدایە، لە ئازربایجانی رۆژئاوا کورد و تورکی تێدایە، یەکێک لە کوردەکان و یەکێک لە تورکەکان دادەنێت، ئەمانە دەکەونە بەربەرەکانێی یەکتر، تاوەکو هەر لایەنێک کاندیدی خۆی هەڵبژێرێت، یاخود لەنێوان خەڵکی دێهات و خەڵکی شاردا، یا لە نێوان شیعە و سوننەکاندا، تاوەکو ئەو کێبڕکێیە بسازێنێت، خەڵکەکەش چونکە زیاتر خەڵکێکی ئیحساسین، لەو بابەتەدا هەر لایەنە و هەوڵ دەدات کاندیدی خۆی هەڵبژێرێت. دووهەم هۆکار ئەوەیە، ئێستا کۆماری ئیسلامی نانی خەڵکی بە دەستە، لە کاتی هەڵبژاردندا پەیام دەنێرێت، بۆ نموونە ئەم جارەیان دەیان هەزار (ئێس ئێم ئێس)ی بۆ شارە کوردییەکان ناردووە، بۆ نموونە بە دووکاندارەکان گوتراوە، ئەگەر بەشداری نەکەن و ناسنامەکەتان مۆری بەشداری کردنی هەڵبژاردنی پێوە نەبێت، رێگاتان پێ نادەین دوکانەکانتان بکەنەوە و مۆڵەتەکانتان بۆ تازە ناکەینەوە، ئەوەی خوێندەوارە پێیان دەڵێن رێگاتان پێنادەین بگەڕێنەوە دانیشگا و بخوێنن، یان ئەوانەی خەریکن خوێندن تەواو دەکەن، پێیان دەڵێن گەر ناسنامەتان ئەو مۆرەی پێوە نەبێت، دوایی کارتان پێنادەین، بارودۆخی ئێرانیش بەداخەوە ئێستا وای لێهاتووە، ئەگەر رژێم یارمەتییان نەدات، خەڵک ژیانیان نییە، کار و داهاتیان نییە، ئەمانەش کاریگەرییان هەیە. مەبەستم ئەوەیە ئەو خەڵکانەی دەنگیان داوە، لەبەر ئەوە نەبووە، کە کۆماری ئیسلامیان خۆش دەوێت، بەڵکو لەبەر ئەم هۆکارانەیە. لەلایەکیتریشەوە کۆماری ئیسلامی تەنیا خۆی دەزانێت چەندە خەڵک بەشداریی کردووە، خۆ هیچ چاودێرێکی بیانی لەوێدا نەبوونە، هەتا بزانین چەند کەس بەشداریی کردووە، هەر لەخۆڕا خۆی رایدەگەیەنێت، بۆ نموونە دەڵێ لە مەهاباد زیاتر لە ٥٠%ی خەڵک بەشدارییان کردووە، دیارە لەو راگەیاندنەشدا کۆماری ئیسلامی دەزانێت، کە مەهاباد ناوەندی کوردایەتییە، شاری یەکەم کۆماری کوردییە و خەڵکەکەی سیاسەتکارە و پشتیوانی حیزبی دێمۆکراتن و هەمیشە لە هەڵبژاردنەکاندا وڵامی داخوازی و داواکاری حیزبی دێمۆکراتیان داوەتەوە، رژێمی ئێران دەیەوێت



سەرچاوە
Serchawe

نیشانی بدات، کە نەخێر لەو شارەشدا بەشداریی خەڵک زۆرە، بەو مانایەی خەڵک وڵامی داخوازیی حیزبی دێمۆکرات و حیزبە کوردییەکانیتری نەداوەتەوە، بۆ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان.

**شقیل**: کەواتە ئێوە گومانتان لە راگەیاندنی ئەو ئەنجامانە هەیە، سەبارەت بە بەشداریی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکان؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ سەد دەر سەد گومانمان هەیە، چونکە کۆماری ئیسلامی رێگە نادات چاودێرانی بیانی بەشداربن لەچاودێری کردنی هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی دەنگەکاندا، بۆیە خۆی چی پێخۆش بێت، هەر ئەوە رادەگەیەنێت و هەر ئەوەش لە سندووقەکانی دەنگدان دا دێنێتە دەرێ.

**شقیل**: هیچ تێبینییەکتان لەسەر هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی فارس لە ئێراندا هەیە؟

مستەفا هیجری: بیر و بۆچوونی فارسەکانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و وەک سالانی پێشوو نەماوە، سالانی پێشوو کە داخوازی خودموختاری یا ئوتۆنۆمی بۆ کورد دەکرا، یان ئێستا کە دروشمەکە بۆتە پێکهێنانی سیستمێکی سیکۆلاری دێمۆکراتی فیدڕاڵ لە ئێراندا، لەو پێوەندییانەی ئێمە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دەرەوەدا کە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی فارسی ئێران هەمانە، هەموویان سیستمی سیکۆلاریان قەبووڵە، فیدڕالیزمیشیان قبوڵە، بەڵام ئێستا کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەواندا ئەوەیە، کە ئەوان داوا دەکەن فیدڕالیزمی ئوستانی یان پارێزگاکان بێت، بەڵام داخوازی ئێمە فیدڕالیزمی نەتەوەیی جوگرافییە. ئێستا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەرەیەکی هەیە لەگەڵ ١٦ حیزبی نەتەوەکانیتری ئێران، کە عەرەب و بلوچ و تورک تێیدا بەشدارن، هەموومان داخوازییمان ئێرانێکی دێمۆکراتی فیدڕاڵە، کە فیدڕاڵیزمیەکەی لەسەر بنەمای جوگرافیایی و نەتەوەیی بێت. ئێمە بۆ ئەوە کار دەکەین و لەگەڵ فارسەکانیشدا باسمان کردووە، پێمان گوتن ئەگەر ئێوە لە خەمی پاراستنی سنوورەکانی ئێران و تەواوەتی خاکی ئێران دان وەک خۆیان دەڵێن، دەبێ کارێک بکەن نەتەوەکانیتری ئێران، کە زۆربەی حەشیمەتی ئێران پێکدێنن، رازی بن، رازی بوونیشیان بە مانای ئەوەیە، کە لە نێو خۆیاندا حکوومەتێکی ناوخۆییان هەبێت، کە واتە بۆ پاراستنی چوارچێوەی ئێران دەبێ ئەوان رێوشوێنێکی تازە بگرنەبەر، کە جیا بێت لەوەی رێژێمی شا و رێژێمی ئیسلامی گرتوویەتیانەبەر، ئەمیش ئەو پێشنیارەیە کە پێمان داون. ئێستا ئێمە لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ٣ - ٤ گرووپیان لەدیالۆگ داین، تا بتوانن رازیان بکەین، کە مەسەلەی فیدڕالیزمی جوگرافی و نەتەوەیی قەبووڵ بکەن، دیارە ئەوان بەشی زۆریان لەوە نیگەرانن، کە مەسەلەی فیدراڵیزمی جوگرافیایی نەتەوەیی ببێتە هۆی دابەش بوونی ئێران، باوەڕ و متمانەیان نییە، ئێمەش وەک نەتەوەکانیتری ئێران باوەڕمان بەوان نییە، کە ئەگەر مافە سیاسییەکانمان لەچوارچێوەی ئێرانێکی لەم شێوەیەدا گرەنتی نەکرێت کە دەمانەوێت، سبەینێ گرووپێکیتر بە ناوێکیتر لە تاراندا حاکم بێت و دووبارە زاڵ بێتەوە بەسەرماندا. واتە بێ متمانەییەکە لە هەردوو لایەندا هەیە. ئێمە هەوڵمان بۆ ئەوەیە ئەم دیواری بێ متمانەییە نەهێڵین و وردە وردە حاڵییان بکەین، کە ئێمە هەموومان ئێرانین و هەمووشمان بۆ ئێران دڵسۆزین، بەڵام کاتێک دەتوانین ئێران بپارێزین، کە هەموومان هەوڵی بۆ بدەین و هەمووشمان وەک یەک مافمان هەبێت.. ئەمە رەوتی وتووێژ و دیالۆگێکە، کە ماوەی ٢ - ٣ ساڵە ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی فارسی ئێرانی هەمانە.



سەرچاوە
Serchawe

**سڤیل**: کە دەڵێی ئێمە مەبەستت تەنیا حزبی دێمۆکراتە، یا هەموو حیزبە کوردییەکانی ئێران؟

**مستەفا هیجری**: لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا، تەنیا ئێمە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان هەین، بەڵام لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیتردا حیزبەکانیتریش بەشداری دەکەن.

**سڤیل**: ئەی حیزبە ئوپۆزسیۆنە فارسە ئیسلامییەکان بەشدار دەبن لەم کۆبوونەوە و دیالۆگانە، وەک موجاهدینی خەڵق؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر موجاهدین بەشدار نین، بەداخەوە ئەوان تاکو ئێستاش بەتەنیا ماونەتەوە، تا ئێستاش هیچ گۆڕان و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە بیر و بۆچوونی سیاسییاندا رووی نەداوە، ئێستاش باوەڕیان بە هاوکاری هێزە سیاسییەکان نییە، تەنیا بۆ خۆیان هەڵدەسووڕێن و بەرنامەیان هەیە، لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا حزووریان نییە. ئەوەی راستی بێت لە نێو هێزە ئوپۆزسیۆنەکانی ئێرانیشدا خۆشەویست نین، ئەوانیش زۆر پێیان خۆش نییە لەگەڵیاندا پێوەندییان هەبێت.

**سڤیل**: سەرۆکی هەرێم داوای بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکات بۆ یەکخستنی گوتاری سیاسی کورد لە هەر چوار پارچە، پێت وایە ئەو کۆنگرە نەتەوەییە سەرکەوتوو بێت، یا چ کاریگەرییەکی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: من پێم وابێت بۆ ئەوەی کورد لە هەر چوار پارچە بە شێوەیەکی گشتی یەک خیتابی هەبێت، ئەمە هەنگاوێکی دروست و بە کەڵکە، بەڵام لێرەشدا دەبێ ئەمە لەبەرچاو بگیرێت، کە هەلومەرجی بەشەکانی کوردستان وەکوو یەک نییە، تەنیا دەتوانرێت داخوازیەکی گشتی هەبێت، دەنا کە دێینە سەر هەندێک وردەکاری، بارودۆخەکە فەرق دەکات، بۆ نمونە بارودۆخی کوردستانی تورکیە لەگەڵ کوردستانی عێراق و سووریە و ئێران فەرقیان هەیە، سیستمی حوکمڕانی لەو وڵاتانەدا فەرقیان هەیە، بۆیە کە دێینە سەر وردەکارییەکان جیاوازیی هەیە، بەڵام لە شێوەی گشتیدا دەتوانن هەموویان یەک گوتار و داخوازی گشتییان هەبێت، من ئەوە بەشتێکی موسبەت دەزانم.

**هەفتەنامەی گۆڤاری سڤیل**

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٢

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## دیکتاتۆری پاشایەتی بە ئیرادەی جەماوەر لە ئێران داڕما




**وتووێژی رۆژنامەی ژمارەی ٨٣٤ی هاووڵاتی**

**عەدنان مەلا ساڵح**

**هاوڵاتی**: بەشێک لە سەرکردەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم دواییانە کەوتوونەتە بەر شەپۆلی نارەزایی شەقام و میللەت، کۆماری ئیسلامی دەڵێت ئێمە ئەو دۆخەمان دەمێکە تێپەڕاندووە ئەویش پاش کوودەتای ساڵی ١٩٧٩ و گەڕانەوەی خومەینی، ئێوە دەڵێن چی؟

مستەفا هیجری: بۆچوونی کۆماری ئیسلامی لەو گۆشەنیگایەوە راستە کە سیوسێ ساڵ بەر لە ئێستا دیکتاتۆری پاشایەتی بە ئیرادەی جەماوەر لە ئێران دارما و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵێکە ئەم شەپۆلە دەستی پێکردووە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ چونکە خەڵکی ئێران زووتر سیستمێکی دیکتاتۆریی رووخاندووە کەوا بوو بە ئاواتەکانی خۆی کە ئازادی و دێمۆکراسی بووە گەیشتووە و دەسەڵاتی دوای دیکتاتۆریی شا گەرنتیی هەیە لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە. بەڵکوو لێکدانەوەی دروست بۆ ئەو پرسە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران سێ دەیە لەمەوبەر دیکتاتۆریی رووخاند بۆ ئەوەی سیستمێکی دێمۆکراتیکی لە جێگا دابنێ و لە سێبەری ئەم سیستمەدا بە ئازادی بگا بۆ ئەو مەبەستە هەر چۆنێک بێ سیستمی کۆماری ئیسلامیی هەڵبژارد کە ئێستا لە دەسەڵات دایە، بەڵام بەداخەوە ئەو سیستمە نەک هەر خواستە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی وەدێ نەهێنا، بەڵکوو شەریعەتی ئیسلامیشی وەک ئامرازێک بەکار هێنا بۆ بنیادنانی حکوومەتی دیکتاتۆری . ئایینی، کە زۆر لە دەسەڵاتەکەی پێشوو سەرەڕۆتر و دژی گەلیتر بوو، بۆیە بەربەرەکانێیەک کە 33 ساڵ بەر لە ئێستا لە ئێراندا دژی دیکتاتۆری دەستی پێکرد و هەتا ئێستاش بەردەوامە و هەتا ئەو کاتەی خەڵک بە ئامانجەکانی خۆیان دەگەن درێژەی دەبێ.

جیاوازیی ئەم بەربەرەکانێیە لەگەڵ شەپۆلی ئێستای ناڕەزایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوە دایە کە ئەگەر ۳۳ ساڵ لەوە پێش خەڵکی ئێران لە رووی ناشارەزایی و لە ژێر باندۆری پیلانی ئاخووندەکان دەنگیان بە حکوومەتێکی ئایینی دا، ئێستا بەم راستییە گەیشتوون کە حکوومەتی ئایینی ناتوانێ ویست و داخوازە دێمۆکراتیکەکانی خەڵک دابین بکا، بۆیە خەبات و بەربەرەکانێی ئێستایان بۆ رووخاندنی حکوومەتی دیکتاتۆری ئایینییە و هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی دێمۆکراتێکی سکۆلار، ئەزموونێک کە خەڵکی باقی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێی بێ بەهرەن، بۆیە لانیکەم بەشێک لەوان خەریکن بەو رێچکەیەدا دەروون کە پێشتر خەڵکی ئێران بە هەڵە هەڵیان بژارد و ناکام بوون.

**هاوڵاتی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی لە ناوخۆ و ناوچەکەدا روو دەدەن، ئێستا چ تێڕوانینێکیان بۆ مافی نەتەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات هەیە و بەگشتی سەقفی داواکارییەکانی کوردی رۆژهەلات خۆی لە چیدا دەبینێتەوە بەرامبەر هەر ئەگەر و گۆڕانکارییەک؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە ئێستا مافی نەتەوەیی کورد لە ئێرانێکی دێمۆکراتێکی فیدراڵدا دەبینین کە کورد و باقی ئەو نەتەوانەی لەسەر خاکی خۆیان دەژین حکوومەتی ناوچەیی، یان هەرێمیی خۆیان پێک بێنن و لە چوارچێوەی یاسایەکی بنەڕەتیی دێموکراتیکدا لە بەڕێوەبردنی ئێراندا شەریک بن و بەم چەشنە هەموو نەتەوەکانی پێکهێنەری حەشیمەتی ئێران لە مافی یەکسان بەهرەمەند بن.

ئەمە سەقفی داواکانی نەتەوەی کورد و بگرە نەتەوەکانی دیکەیشە لە ئێراندا، بەڵام ئەو گومانەش نەماوە کە ئەو مافانە لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دابین ناکرێن و هەمووی بەستراوەتەوە بە هەڵومەرجی پاش رێژیم.

**هاوڵاتی**: ماوەی چەند ساڵێک دەبێت پارت و لایەنە کوردییەکانی رۆژهەڵات لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشن، دەکرێت، بەڵام ئەمە پێکنەهێنرا هەندێک هۆکارەکە بۆ پارچە پارچە بوون و لێکدابڕانی کۆمەڵە و دیمۆکرات دەزانن، ئێوە هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵە تا ئێستا لە چیدا دەبیننەوە؟

**مستەفا هیجری**: دابەشبوونی حیزبەکانی رۆژهەڵات گرنگترین کۆسپی سەر رێگای پێکنەهاتنی بەرە، یان هەر چەشنە هاوکارییەک لەگەڵ یەکترن، بەڵام لەم پێوەندییەدا نابێ دەوری ئەو بۆچوونانەش فەرامۆش بکەین کە بەرژەوەندی حیزبی بە هەڵە لە سەرووی بەرژەوەندی نەتەوەیی دادەنێن و لە ئاکامدا زۆرتر هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن کە ویست و بەرنامەکەی ئەوان سەرکەوتوو بێ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ویستی لایەنی بەرامبەر. لەم راستایەدا شوێندانەری پیلانی لاوەکیی نەیارانیش نابێ لە بیر بکەین کە هەم لە دابەش بوونی حیزبەکان شوێندانەر بوونە و هەم هۆکارێک بوون بۆ لێک دوور کەوتنەوە و لە ئاکامدا پێکنەهاتنی بەرە، یان هاوکاری لەسەر خاڵە هاوبەشەکان.

**هاوڵاتی**: لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە هەست بەجۆرێک لە بێئومێدی دەکرێت بەرامبەر ئەمەریکا بۆ پاراستنی مافی کورد و بەدەستهێنانی مافە رەواکان، لەم روانگەیەوە ئێستا هەست بەوە دەکرێت بۆ پرسی مافی چارەی خۆنووسین گەشتن بەمافە رەواکان زیاتر مەیلی سەرکردایەتیی کورد بۆ لای وڵاتانی ئورووپا دەڕوات بەتایبەت فەڕانسە و بریتانیا؟ ئەمە تاچەند بە ئیجابی دەزانی؟

**مستەفا هیجری**: ئێمەی رۆژهەڵاتی و لەو نێوانەشدا بەتایبەت دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردیش بەشێک لەوانە، وەکوو خەڵکانێکی زۆرتر بە هەست و عاتیفی وا بیر دەکەینەوە کە هۆی ناکامییەکانمان دوژمنەکانمانن و بۆ خۆمان بێ کەموکوڕین و لەو پێوەندییەدا بەرپرسایەتییەک وە ئەستۆ ناگرین، ئەو ساکارترین و لە هەمان کاتدا ناسیاسیترین تەوجیهی ناکامییەکانمانە، بۆیە مەحکوومین بەوەی هەڵە و کەموکۆڕییەکانمان دووپات و دووپات بکەینەوە، بە بێ ئەوەی لە رووداوەکان فێر بین و هەڵەکانمان راست بکەینەوە.

بێهیوایی ـ ئەگەر بێهیوایی هەبێ ـ سەرکردەی کوردیش لە پاراستنی مافی کورد لەلایەن ئەمریکاوە شتێکی لەو چەشنەیە. ئەمریکا بە رووخاندنی دیکتاتۆرێکی وەکو سەدام حوسێن یارمەتییەکی گەورەی بە خەڵکی عێراق و کوردەکانی ئەو بەشە دا، بۆ ئەوەی هەلومەرجی پێکهاتووی دوای سەدام حوسێن بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە، بەڵام بێجگە لە عەرەبەکان، کوردیش بە شێوەی پێویست نەیتوانی لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرێ و لە هەرێمی خۆیدا بنەمایەکی تۆکمە بۆ دوارۆژی خۆی بنیات بنێ، لەو پێوەندییەدا کەموکوڕی و هەڵەکان یەکجار زۆرن کە لەم باسەدا جێگایان نییە. من لەو باوەڕە دام ئەگەر ئەم کەموکوڕی و هەڵە نێوخۆییانە نەبوایەتن و کوردستان دوای زیاتر لە یەک دەیە لە دەسەڵاتداریی خۆی، دەیتوانی بە بەرنامەی دروست و گرتنە بەری سیاسەتێکی نەتەوەیی بەرنامەدارێژراو، یارمەتی ئەمریکا و باقی وڵاتانی پێشکەوتوو زیاتر بۆ لای خۆی راکێشێ. بەڵام ئەگەر بێت و وەک لە پرسیارەکەدا هاتووە کورد بیهەوێ ئورووپا لە جیاتی ئەمریکا دابنێ بۆ پشتیوانی لە داخوازەکانی، تووشی هەڵەیەکی گەورە بووە، چونکە

ئەزموونەکان دەریان خستووە لە بڕیارە گرینگە سیاسییەکانی ناوچەدا، ئورووپا بە بێ پشتیوانی ئەمریکا زۆر زەحمەتە سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

**هاوڵاتی**: بە رای ئێوە ئەو بارودۆخەی ئێستا باشووری کوردستان تاچەند تواناى دەوڵەتداریی تێدایە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر مەبەستتان لە دەوڵەتداری تواناى بەڕێوەبردنی دەوڵەتی سەربەخۆیە، وڵامی من ئەوەیە کە بە هۆی هەڵە و کەموکورتییەکان، نە لە ناوخۆ و نە لە ناوچە و نە لە رادەی نێونەتەوەییدا زەمینەی پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردستانی باشوور پێک نەهاتووە تا قسە لە تواناى دەوڵەتدارییەکەی بکەین.

**هاوڵاتی**: دەپرسین بەلای بەڕێزتانەوە بەدەستهێنانی رەزامەندی وڵاتانی دراوسێ لە پێشتر و گرنگترە، یان وڵاتانی زلهێزی دەرەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەداخەوە هەلومەرجی ژێئۆپۆلتیکی کوردستان جۆرێکە کەلە نێو چەند وڵات و حکوومەتی نادێمۆکراتیک کە باوەڕیان بە مافی کورد نییە دابەش کراوە، وڵاتانی دیکەی ناوچەش هەرکام بە شێوەیەک دژی مافە دێمۆکراتیکەکانی گەلانی بندەستن، بۆیە هەردووکی ئەم هێزانە دەتوانن کۆسپی گەورەمان بۆ پێک بێنن، لە لایەکی دیکەوە ئەمڕۆ بە بێ بڕیاری وڵاتانی زلهێزی جیهان، پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سنوورەکاندا نایەتە ئاراوە، بۆیە کورد بەرپرسایەتییەکی قورسی دەکەوێتە سەر شان لە راگرتنی پارالل(تەوازن) لە نێوان ئەو هێز و لایەنانەدا و ناکرێ هیچکامیان فەرامۆش بکا.

**هاوڵاتی**: ئاشکرایە بارودۆخ و هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی کوردانی باشوور لە بەشەکانیتری کوردستان باشترە، ئەگەر لەم بەشەدا کار بۆ جاڕدانی دەوڵەت بکرێت، پێت وایە کوردی بەشەکانیتر چۆن پێشوازیی لێ دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: بە هۆی ئەوە کە کورد لەمێژ ساڵە خەون بە بوونی کوردستانی گەورەوە دەبینێ و مافی خۆشیەتی، بۆیە بانگەواز بۆ گەیشتن بەو خەونە لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خەبەرێکی خۆشە، بەڵام بیرکردنەوە لە سەرکەوتنی ئەم بانگەوازە گرینگتریشە، چونکە راگەیاندنی ئەم بانگەوازە و سەرنەکەوتنی، بێهیواییەکی زۆر لە ناو خەڵکدا پێک دێنێ.

**هاوڵاتی**: ئەگەر ئەم بەشەی کوردستان لە باشوور جاڕی دەوڵەت بدات خوێندنەوەی تۆ سەبارەت هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەم مەسەلەیە چیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن رووبەڕووی ئەم بابەتە دەبێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: کۆماری ئیسلامی دژی سەرەتاییترین مافە دێمۆکراتیکەکانی گەلی کوردە، بۆیە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستانی باشوور، لەگەڵ دژکردەوەی توندی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو دەبێ.

**پرۆفایل**:

ناو: مستەفا هیجری

ساڵی لەدایک بوون: ١٩٤٥

شوێنی لەدایک بوون: نەغەدە

بڕوانامە، پسپۆری: بەکالوریس لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی

شوێنی دانیشتن و پیشەی پێشوو و ئێستا: پێشتر مامۆستای ناوەندی، شاری نەغەدە بووە لە ئێستادا سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە.

سەرچاوە: رۆژنامەی هاووڵاتی - رێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٢

-----------------------------------------

## لەمەڕ بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و بارودۆخی ناوچەکە...



**وتووێژ: عەلی ئەکبەر مەجیدی**

گۆڤاری کەوانە لە ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٢ی خۆیدا، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی و بارودۆخی ناوچەکە پێک هێناوە.

**کەوانە**: بەڕێز کاک مستەفا، داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان لە ژێر تەئسیری ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئەمڕۆ لە مەنتەقەدا هەیە و ئەو هوشیاری و زانیارییەی کە گەلانی بندەستی ناوچەکە بە دەستیان هێناوە لە پەیوەندی لەگەڵ مافەکانیان، وە هەوڵدان و ئیرادەی بەدەستهێنانی مافەکانیان، چاوەڕوان دەکەین کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران وەکوو باقی نەتەوەکانی بندەستی ناوچە، شانبەشانی باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی و ئازادیخوازانی ئێرانی لە خەباتێکی جیدیدا بەشدار بن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان. وە بە پێی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەکوو باقی دیکتاتۆرەکانی دیکەی مەنتەقە لە باری نێونەتەوەییەوە، وە لە باری ناوخۆییەوە بە تەواوی کز و لاواز بووە، وە لە دونیادا پەراوێز کەوتووەتەوە، ئەوڕۆ لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆری نێوخۆیی و دەرەکی ڕووبەڕوویە، وە لە خراپترین وەزعی خۆیدایە لە ماوەی هاتنەسەرکارییەوە تاکوو ئێستا. من وا چاوەڕوان دەکەم کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیش وەکوو باقی گەلانی ئێران لە ژێر باری ئەو زەخت و زۆر و جیاوازیدانانەی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تەحمیل دەکرێ بە سەر خەڵکەکەدا، ڕزگاریان بێ و بتوانن بە مافەکانی خۆیان بگەن.

**کەوانە**: بەرەی فیدراڵی کە پێشنیاری ئێوە بوو، لە داهاتوودا لە ئێران بە شێوەی فیدراڵی جوگرافیایی دەبێ یان فیدراڵی نەتەوەیی؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە داخوازیی حیزبی ئێمەیە ئێستا پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵی سکۆلارە، دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. مەبەستمان لە فیدراڵی لێرە دابینبوونی مافی سیاسی نەتەوەکانی ئێرانی و یەک لەوان گەلی کوردە لە چوارچێوەی جوغرافیایی و نەتەوەیی خۆیاندا، یەعنی ئەو نەتەوانەی کە لە ئێراندا لەسەر خاکی خۆیان نیشتەجێن، بتوانن حکوومەتێکی نێوخۆییان هەبێ، بتوانن کاروباری نێوخۆیی خۆیان بەڕێوە بەرن، وە لە چوارچێوەی قانوونێکی ئەساسی دێموکراتیکدا لە بەڕێوبردنی گشتی وڵاتدا وەکوو باقی خەڵکی ئێران بەشدار بن، یەعنی لە مافی یەکسان بەهرەمەند بن وەکوو هەموو ئێرانییەک، ئەوە داخوازێکە کە ئێمە ئەوڕۆ کاری لەسەر دەکەین و ئامانجی سیاسیمان بۆ ئێستا ئەو ئامانجەیە.

**کەوانە**: هەندێ ئەحزابی فارس یان بڵێین ئەحزابی ئێرانی کە ئۆپۆزیسیۆنن و لە دەرەوەن، نەهاتوونەتە ناو بەرەی فیدراڵییەت، یان ئێرانیستن یان ئێرانچییەتی دەکەن، ئەوان هێشتا بە چاوی هاوڵاتیی پلە دوو سەیری نەتەوەکانی تر دەکەن یان بەو شێوە سەیری کورد دەکەن، چۆن دەکرێ لەگەڵ کەسانی وادا ڕێککەوتن هەبێ کە لە ڕاستیدا مرۆڤی پلە یەک و دوو لە ئارادا نیە؟

**مستەفا هیجری**: کێشەی نەتەوەکانی دواکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەتایبەتی کێشەی دیکتاتۆریەتە کە کەمینەیەک دەسەڵاتی خۆیانیان سەپاندووە بە سەر زۆرینەدا. ئێمە کە چاو لە سیستەم و حکوومەتی دەسەڵاتداری لەو ناوچەدا دەکەین، بە جیاوازیی کەموزۆرەوە هەمووی وەک یەک وایە، بۆ نموونە چاو لێدەکەی لە عێراقدا حیزبی بەعس و کەمینەی سوننە دەسەڵاتی خۆی لە

سەردەمی دیکتاتۆری سەددام حسێندا سەپاندبوو بە سەر زۆرینەکەدا کە کورد و شێعە بوون. لە وڵاتێکی وەکوو سووریادا دەبینین کە لەوێش دوبارە حیزبی بەعس و عەلەوییەکانن کە کەمینەیەکی بچوکن لە سووریادا، بەڵام دەسەڵاتی خۆیانیان چەندین ساڵە بە سەر زۆرینەی خەڵکەکەدا سەپاندووە، لە وڵاتەکانی دیکەی مەنتەقەشدا چاو لێدەکەین سیستمەکان بەو جۆرەن، بۆیە ئەو نەتەوانە یان ئەو بەشانەی کە لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتیان بە چنگەوە بووە، وە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە هەموو ئیمکاناتی ئەو وڵاتانە کەڵکیان وەرگرتووە بە قازانجی خۆیان، هەموو دەنگێکی ئازادیخوازییان سەرکوت کردووە کە نەکا ئەو مافەی لە داگیریان کردووە، خەڵک لێیانی بسێنێتەوە، هەمیشە دیفاعیان کردووە لەو ناحەقییەی بە سەر خەڵکەکەدا دەکەین، ئەوەش بەداخەوە بووەتە کولتوورێک لە مەنتەقەکەدا. هەر وەکوو دەبینین ئێستا لە عێراقدا هەروا دەبینین، لە سووریادا هەر وا دەبینین، لە ئێرانیشدا دەبینین کە ئەو بەشەی دەسەڵاتیان بە دەست بووە، لە ماوەی لانیکەم چل- پەنجا ساڵی رابردوودا لەگەڵ ئەوەی کە ئەوانە کەمینە بوون، دەیانەوێ ئەو سیستمە دەسەڵاتدارییە بە شێوەیەک بپارێزن، جارێک بە ناوی رێژیمی پاشایەتی، جارێک بە ناوی رێژیمی ئیسلامی، وە لە دوای کۆماری ئیسلامیشدا بەشێوەیەکی تر دەیانەوێ ئەو دەسەڵاتە لە دەستی خۆیاندا بپارێزن بۆ ئەوەی کە مافی باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی کە زۆربەی پێکهاتەی حەشیمەتی ئێران پێک دێنن، دابین نەکرێت. بۆیە ئێمە ئەو کێشەیەمان لە ئێراندا هەیە، لە ئێرانیشدا ئێستا بەشێک لە فارسەکان هەن کە لە مەسەلەی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی دیکە لە شێوەی فیدراڵی یان خودموختاریدا، لە هەر شێوەیەکی خۆیدا نیگەرانن، ئەوان لەو باوەڕەدان کە مەسەلەی فیدراڵیزم و هەر جۆرە دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ئێرانی سەرەتای لێکترازانی چوارچێوەی ئێران و بە وتەی خۆیان تەجزییەتەڵەبییە، بۆیە لەوە نیگەرانن. لە بەرامبەردا بە بۆنەی مێژووی ستەم و زۆردارییەکیش کە دەسەڵاتی حاکم بە سەر نەتەوەکانی ئێرانی بوویەتی کە کوردیش یەکێک لەوانەیە، بێمتمانەن بە نیسبەت حکوومەتی تارانەوە. ئێستاش نیگەرانن کە دوای رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دیسانەوە گرووپێک دیکە لە تاران شکڵ بگرێتەوە و دوبارە دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا بسەپێنێ، بەڵام ئێمە هێنانە بەر باسی مەسەلەی فیدراڵیزم بۆ دابینکردنی مافی هەموو لایەک لەبەر چاو دەگرین. بەو مەعنایە کە نەتەوەکانی ئێرانی مافی سیاسییان پارێزراو بێ، چوارچێوەی ئێران وەک خۆی بمێنێتەوە و تەجزییە نەکرێ، ئەم باسانەمان لەگەڵ فارسەکان و ئەوانەی کە ناکۆکن لەگەڵ فیدراڵیزمی جوگرافیایی نەتەوەیی کردووە، پێمان وتوون کە ئێستا ئیدی دەورانی گلوبالیزمە، دەورانی زانیاری خێرایە، خەڵک هوشیار بووەتەوە، نەتەوەکانی ئێرانی بە مافەکانی خۆیان شارەزا بوونە، ئیدی ناکرێ هەروا لە ژێر ستەمدا رابگیرێن. ئەو نەتەوانە ئیتر ئەو سیستمانە قبووڵ ناکەن. ئەگەر دەسەڵاتی حاکم هەر بەو شێوەیە رەفتار لەگەڵ ئەواندا بکات، ئەودەمی قسەی تەجزییە (جودابوونەوە) دێتە ئاراوە، بۆیە باشترین رێگا هەم بۆ دابینکردنی مافی خەڵکانی ستەملێکراوی ئێران وەکوو نەتەوەکان و هەم بۆ مانەوەی چوارچێوەی یەکگرتووی ئێران، فیدراڵیزمە کە شکڵێکی گونجاوە، مەقبووڵە، بەتایبەتی کە ئەو شێوە لە دەسەڵاتدارییە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا تەجروبە کراوە. سیستمێکی باشە بۆ بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە نەتەوەی جیاواز، ئایینی جیاواز، زمانی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی کەس لەوێدا هەست بە ستەم نەکات، یان حکوومەتی ناوەندی ئەوەندە بەهێز نەبێ کە بتوانێ جارێکی دیکە بە شێوەیەکی دیکە مافی نەتەوەکانی دیکە پێشێل بکا، یەعنی بە کورتی دەمەوێ بڵێم کە بێمتمانەیی هەم لە لایەن نەتەوەکانی ئێرانەوە کە یەک لەوان کوردەکانن بە نیسبەتی حکوومەتی ناوەند هەیە، هەم حکوومەتی ناوەندیش یان بەشێک لە خەڵکی ئێران کە زۆر شارەزای سیاسییان نیە بە نیسبەتی مەسەلەی مافی نەتەوایەتی لە شکڵی فیدراڵیزم یان لە شکڵی خودموختاریشدا کە ئێمە پێشتر داوامان دەکرد، ئەو نیگەرانییەیان هەیە. تەبیعەتەن بۆ رەواندنەوەی ئەو ترس و نیگەرانییە، ئێمە

سیاسەتەکەمان ئەوەیە کە لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی فکری لە ئێرانییەکان لە ناو ئۆپۆزیسیۆندا، لە ناو کەسایەتییە سیاسییەکاندا دیالۆگ بکەین، باس و وتووێژ بکەین بۆ ئەوەی کە لە یەکتر باش حاڵی بین، ئێمە لەوان حاڵی بین، ئەوانیش لە ئێمە حاڵی بن. ئێمە ئێستا ماوەی دوو ساڵێکە زۆرتر جەختمان کردووەتە سەر بەڕێوبردنی ئەو سیاسەتە، وە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی فکری لە ناو ئێرانییەکاندا خەریکی دیالۆگین، وە ئەو دیالۆگانە توانیویەتی کاریگەرییەکی باشی هەبێت لەوەی کە ئەو لایەنانە ویست و داخوازییەکانی ئێمە گەلی کورد راستەوخۆ لە خۆمان ببیستن، وە بۆ خۆی توانیویەتی کە ئێمە لێک نزیکتر بکاتەوە، ئەوە بۆ خۆی کاریگەریی زۆری بووە، تەبیعەتەن ئەوە باسێکی دوورودرێژە، دەبێ ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبێ، چونکە لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێش ئەویش رێژیمی پاشایەتی لە بەرامبەر مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران و گەلی کورددا تەبلیغی وایان کردووە کە ئەو مافخوازییە بە مەعنای جودابوونەوەیە، بە مەعنای ئەوەیە کە گەلی کورد بەکرێگیراوی ئیسراییلە، ئەمریکایە و لەو تۆمەتە زۆرانەی کە دەدرایە پاڵ ئازادیخوازانی کورد، ئێستا دەبێ ئێمە کار بکەین بۆ ئەوەی کە ئەو زەینییەتە بگۆڕین، بە دانیشتنی حوزوری، بە کۆڕ و کۆبوونەوە، بە میدیاکان کە لە حیزبدا هەمانە وەک تەلەفزیۆن، وەک رۆژنامەکان، وەک وێبسایتەکانی ئینتەرنێتی، بە هەمووی ئەوانە کار دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین نەوعێک ئیعتیماد لە جیاتی ئەو بێ ئیعتیمادییە دابنینەوە چونکە ئێمە مادام دەمانەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا بژین، دەبێ لەگەڵ خەڵکی ئێران، لەگەڵ باقی بیروبۆچوونە سیاسییەکانی ئێرانی بتوانین تەعامول بکەین، هەڵسوکەوت بکەین بۆ ئەوەی هەم ئەوان ئیعتیماد بە ئێمە بکەن، هەم ئێمەش بتوانین بە گرەنتیبوونی مافەکانمان لە ئایندەدا کە ئێمە شکڵەکەی لە فیدراڵیزمدا دەبینین، بتوانین پێکەوە باشتر کار بکەین و هەوڵ بدەین بۆ ژیانێکی باشتر بۆ هەموو خەڵکی ئێران، یەک لەوان کوردیش. دەبێ لە چوارچێوەی جوگرافیایی نەتەوەیی بێت، مەبەستم کوردەکان لە هەر جێگایەک کە لە سەر خاکی خۆیان و نەتەوەکانی تر کە لە سەر خاکی خۆیانن، ئەوانە حکوومەتی نێوخۆییان هەبێ، حکوومەتی مەحەلییان هەبێ، بەڵام باقی دیکە هەیە، بۆ نموونە کورد هەیە بە سەدان هەزار کورد لە شوێن و شارەکانی تری ئێران بڵاون، ئەوان ئیدی ناتوانن لە مافی فیدراڵیزم بە شکڵی جوگرافیایی ئیستیفادە بکەن، ئەوان دەبێ حەق و حوقوقی دێموکراتیکیان بە رەسمی بناسرێت یان بۆ نموونە لە مەنتەقەی کوردستاندا، لە پارێزگاکانی کوردستاندا، خەڵکی دیکەی غەیرەکوردی تێدا دەژیت، ئەوان ئیدی لەوێدا ناتوانن بەحیساب حکوومەتی ناوخۆییان هەبێت، بەڵام دەبێ لە حوقوقی دێموکراتیکی خۆیان ئیستفادە بکەن، بێجگە لەوانە لەو مەنتەقانەدا ئایینی جیاواز هەیە، خەڵکی ناموسڵمان هەیە، ئەوانە دەبێ هەموویان حەق و حوقووقی دێموکراتیکیان مەحفووز بێت، لە باری ئایینییەوە ئازاد بن، لە باری پەرەپێدانی فەرهەنگ و کولتوور و زمانی خۆیانەوە ئازاد بن، وە حکوومەتی مەحەلی کوردی دەبێ یارمەتیدەریی ئەوان بێ، بەڵام لەو شوێنانەی کە نەتەوەکانی تر نیشتەجێن، بۆ نموونە بڵێین کورد لە چوار پارێزگادا نیشتەجێیە یان بۆ نموونە بەلووچەکان لە شوێنی خۆیان یان عەرەبەکان لە شوێنی خۆیان، ئێمە دەمانەوێ حکوومەتی ناوچەیی خۆیان هەبێ.

**کەوانە**: کاتی خۆی سەددام حسێن تەعریبی کردبوو، ئێستاش کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکی تەفریس کردنە، یان بۆ سەرکوتە و هێزەکانی خۆی دێنێتە کوردستانەوە، ئایا ئەگەر گۆڕانکاری بە سەر ئێراندا بێ، ئەو هێزانە کە بۆ تەفریس کردن هاتوونەتە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە، ئایا دەبێ لە کوردستان بمێننەوە یان نەمێننەوە؟

**مستەفا هیجری**: بە هیچ جۆرێک سیاسەتی ئێمە ئەوە نیە کە باس لەوە بکەین خەڵکی غەیرەکورد کە لە ناوچە کوردنشینەکاندا نیشتەجێن، ئەوانە لەوێ نەمێنن، هەروەها چاوەڕوانیی ئەوەشمان نیە کە خەڵکی کورد کە لە شوێنەکانی دیکەی غەیری کوردنشیندا نیشتەجێن، ئەوان لەوێ نەمێننەوە. ئێمە دەمانەوێ ئەو خەڵکە لە شوێنی خۆیان نیشتەجێ بن، بەڵام لە هەر جێیەک زۆرینەییەکە زیاتر بوو، حکوومەتە نەتەوەییەکە پێک دێنێ، باقی خەڵکەکە لە حکوومەتی دێموکراتیکدا مافی خۆی بەدەست دێنێت. یەعنی ئێمە سیاسەتمان مەسەلەی پاکتاوکردن، یان پاککردنەوەی نەتەوەیەک یان دەرکردنی نەتەوەیەک لە مەنتەقەیەکدا نیە، بەڵکو ئێمە لە شێوەی فیدرالیزمدا زۆرتر ڕێگاچارەی پێکەوەژیان، پێکەوەهەڵکردن، تۆلێرانس و تەحەمولکردنی یەکتر دێنینە ئاراوە، لە چوارچێوەی قانوونێکی دێموکراتیکدا کە حەق و حوقووقی هەموو تاکێکی کە لەو شوێنەدا نیشتەجێن مەحفووز بێ. ئەوە سیاسەتێکە کە ئێمە لەبەر چاوی دەگرین. لە بەشەکەی دیکەی پرسیارەکەتاندا کە ئایا لە کوردستانیشدا مەسەلەی وەکوو تەعریب یان تەفریس یان بە فارس کردن هەبێ، بەو شکڵەی کە عێراقدا دەیبینین، یان لە سووریادا دەیبینین، بەو شکڵە نیە بەڵام لانیکەم لە ماوەی ڕێژیمی پاشایەتی و لە ماوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئەوە نابینین، بەڵام لە ڕێژیمی پاشایەتیدا دەبینین کە مەنتەقە نیشتەجێیەکان تێکەڵ کراون بۆ ئەوەی کە لە یەک مەنتەقەدا یەک نەتەوە نەبێ، بۆ نموونە لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەبینین کە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە سەردەمی پاشایەتیدا بە جۆرێک جێبەجێ کراوە کە خەڵکی کورد و تورک پێکەوە دەژین، لە مەنتەقەی عەرەبنیشنی ئەهوازدا کارێکیان کردووە کە دابەشبوونی خاکی پارێزگاکە تێکەڵ کراوە لەگەڵ فارسەکانی دراوسێیان، هەر بەو شێوە ئەو سیاسەتانە ڕەچاو کراوە لە مەنتەقەی بەلووچەکاندا، ئەوانە کراون بەڵام وا نیە بۆ نموونە وەکوو تەعریب کە لە عێراقێدا کراوە، خەڵکی کوردە کۆچ بدەن و خەڵکی دیکە بێنن لەوێدا نیشتەجێی بکەن، لە ئێراندا بە شێوەی خۆیان ئەو کارەیان کردووە.

**کەوانە**: ئایا باشتر نیە لەگەڵ ئەو بەرەیەی دیکەی دێموکرات یەک بگرنەوە بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زووتر ڕزگاری ببێت؟

**مستەفا هیجری**: تەبیعەتەن ئەو ڕەفیقانەمان کە لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە زۆرمان پێناخۆش بوو، چونکە بۆ حیزبی دێموکرات و بۆ جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە زەرەرمان زانیوە و ئێستاش بە زەرەری دەزانین، لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەدایە کە ئێمە هەمیشە داوامان کردووە کە ئەوان جارێکی دیکە بێنەوە مولحەق ببنەوە بە حیزب، تەنانەت جارێکیان لە دوایین هەڵوێستی سیاسی کە نزیکەی دوو مانگ لەوەو پێش بوو کە من لە باسێک لە تەلەفزیۆنی تیشکدا ڕامگەیاند کە ئێمە خەریکین بەرە بەرە بۆ کۆنگرەی پانزە دەچین، بۆیە داوا دەکەین ئەو ڕەفیقانەمان کە جودا بوونەتەوە پێش کونگرە بێنەوە. بێن لە کۆنگرەدا بەشداری بکەن. تەنانەت ئێمە ئامادەین لایەنی سێهەمیش کە ئەوان پێشنیاری دەکەن، قبووڵ بکرێ لە کۆنگرەدا بۆ ئەوەی نیشان بدەین هەموو کارەکانی کونگرە لە سەرەتاوە تا هەڵبژاردنەکانی بە شێوەیەکی دێموکراتیک و بە شێوەیەکی ئەساسنامەیی بەڕێوە دەچێ، بۆ ئەوەی هەموومان تێیدا بەشدار بین، ئەو کۆنگرەیە هەر بەرنامەیەکی تەسویب کرد، هەر ڕێبەرایەتییەکی هەڵبژارد، هەموومان پەیڕەوی لێبکەین و بتوانین بڕیارەکانی بەڕێوە بەرین، ئێستاش ئەو بانگەوازەی کە من کردوومە لە جێی خۆیەتی، من هیواردارم کە لە نیهایەتدا ئەو ڕەفیقانەمان جوابی پۆزەتیڤ بەو بانگەوازەمان بدەنەوە و جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات بتوانێ یەک بگرێتەوە.

**کەوانە**: ڕەنگە نزیک بێ دوای سووریا هەندێ گۆڕانکاری لە ئێراندا ڕوو بدات، ڕەنگە بۆ نموونە دوو ساڵێک بخایەنێ، هەرچەند ڕووخانی ئێران شتێکی حەتمییە. چ بەرنامە و پرۆگرامێکتان هەیە بۆ ئەو کاتە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین کە بتوانین جۆرێک هەماهەنگی و لێکنزیکبوونەوە، یان پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوەکانی کوردی ئێرانی، لانیکەم لە نێوان حیزبە سەرەکییەکاندا پێک بێنین. هەروەها ئەو دەعوەتەی کردوومانە لەو لایەنەی جودا بوونەتەوە، لە ئاراستەی ئەو پرۆژەدایە. بتوانین یەکدەنگ بین لە ئاڵوگۆڕەکاندا بۆ ئەوەی بتوانین دەسکەوتێکی زیاتر بۆ خەڵکەکەمان دەستەبەر بکەین. من پێموایە خەڵکی کورد بەو هۆیەوە کە ئەزموونێکی زۆری لە خەبات و بەربەرەکانێدا هەیە لە دژی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان کە بەو هۆیەوە کە خەڵکی کوردی بە نیسبەتێکی باشتر لە خەڵکی دیکەی ئێران سازمان دراوە، ڕێکخراوە، بە بۆنەی ئەوەی کە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران چالاکن، هەر کامەیان بە نیسبەت خۆیان خەڵکیان ڕێک خستووە، خەڵکی کورد هەر بە بۆنەی تێکۆشان و چالاکییەکی زۆرتری ئەو حیزبە سیاسییانەن کە باشتر بە مافەکانی خۆیان شارەزان، پێموایە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا هەمووی ئەوانە پێکەوە دەتوانێ ئیمتیازی زیاتر، یان بڵێین دەسکەوتێکی زیاتر بۆ گەلی کورد مسۆگەر بکات، بەڵام تەبیعەتەن پێویستی بە کار و تێکۆشانی زیاتر هەیە لە باری ڕاگەیاندنەوە، لە باری یەکریزی و لێکنزیکبوونەوە و هاودەنگبوون لە ئاڵوگۆڕەکاندا کە بە هەر شێوەیەک بێ لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندی ئێراندا، لە بەرامبەر هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، لە بەرامبەر کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا هەتا یەک دەنگ بین، باشتر دەتوانین دەسکەوتەکانی گەلەکەمان زیاتر بکەین.

**کەوانە**: حکوومەتی ئێران لە میدیاکانیدا پروپاگەندە دەکات کە ئەمریکا ئەگەر هاتۆتە عێراق و ئەفغانستانەوە، وێرانی بەجێ هێشتووە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەمنییەت و تا ڕادەیەک دەوڵەمەندی لە ناو خەڵکدایە، چۆن ئەتوانین لە داهاتوودا بە خەڵکی ڕۆژهەڵات ڕابگەیێنین کە هاتنی ئەمریکا بە سوودە یان بە زیانە؟

**مستەفا هیجری**: من لە پێش هەموو شتێکدا هیوادارم کە خەڵکی ئێران بتوانن بۆ خۆیان ئەوەندە یەکریز و یەکگرتوو بن بە بێ ئەوەی پێویستیان بە لایەنێکی دەرەکی بێ، بتوانن کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن و حکوومەتێکی دڵخوازی خۆیان بێننە ئاراوە. بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، ئەو پروپاگەندەیەی کە دەکرێ بۆ سەر پروپاگەندەیەک کە پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نیسبەت بارودۆخی ناوچەکەیە، پروپاگەندەیەک کە سەرچاوەی گرتووە لە سیاسەتی توتالیتاریزم و ئایینی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا هەیە بە گشتی و لەگەڵ ئەمریکا بەتایبەتی، دەنا ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە کار و بەرنامەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هەنگاوی زۆر بەرز و زۆر پۆزەتیڤ بوون، ئەو هەنگاوە لە یەکەم قۆناخدا بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سەددام حسێن کە بە بێ یارمەتیدانی ئەمریکا بەم زووانە ئەگەری نەبوو. دوای وی ڕاستە ئێستا لە عێراق بە گشتی کێشە هەیە، کێشەی تایفی هەیە، کێشەی ئایینی هەیە، بەڵام ئەوانە مەسەلەیەک نین کە ئەمریکا یان هاوپەیمانەکانی پێکیان هێنابێ، لەبنەمادا پێکهاتەی حەشیمەتیی عێراق کە لە سەرەتاوە پێکهاتووە، پێکهاتەیەکی ناکۆک بووە کە پێکیان هێناوە، ئەوە ئیدی کێشەکە هی ئەمریکا نیە، مەسەلەکە دەگەڕێتەوە دوای ڕووخانی سەددام



سەرچاوە
Serchawe

حسێن، ئەرکەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خەڵکی عێراق کە چەند دەتوانن بە شێوەیەکی سەردەمیانە، بە شێوەیەکی دێموکراتیک بتوانن لەگەڵ یەکتر تەعامول بکەن و گێرە و کێشە و ناکۆکییەکانیان بە شێوەی دیالۆگ چارەسەر بکەن، ئەگەر سەیر بکەین ئەووش بۆ خۆی ئەو پرۆسەیە هاوبەشە هێواش هێواش بەرەو پێش دەچێت، کێشە هەیە بەڵام لە پەرلەمان لە گەڵ یەکتردا دیالۆگ دەکەن، باس دەکەن، جاری وایە هەیە ناکۆکییەکان و دووبەرەکییەکان دوو ئەوەندە دەبێتەوە، بەڵام دوبارە باس دەکەن و هێواش هێواش بەرەو چارەسەرکردن دەچن، ئەگەر خودی خەڵکەکە بتوانن وڵاتەکەیان ئیدارە بکەن، دەتوانن ئەمنییەتی باش ئیدارە بکەن، لە باری ئابورییەوە کە داهاتێکی زۆری هەیە، خەڵکەکەیان ژیانێکی بەختەوەرانەیان بۆ دیاری بکەن. ئەوانە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەمریکاوە نیە. ئەمریکا سەددام حسێنی بۆ ئەوان رووخاند کە بۆیان نەدەڕووخا و بەجێشی هێشتن، ئێستا بۆ خۆیانن کە ماوەتەوە سەر کەفایەت و لێهاتوویی و شایستەیی خۆیان کە چۆن دەتوانن وڵاتەکەی خۆیان ئیدارە بکەن، خۆ ئێستا لە زۆر وڵاتی دیکەی جیهاندا هەیە کە ئەمریکاشی لێ نیە، بەڵام سەروەت و سامانی خەڵکەکەی بەفیڕۆ دەچێ، دیکتاتۆری زاڵە بە سەریدا بۆ نموونە تۆ حیسابی بکە وڵاتێک وەکوو کۆریای باکوور، خۆ ئەمریکا لەوێ نیە، ئەوە مەسەلە فەرهەنگ و کولتووری خەڵکەکەیە، بۆیە ئەو بیروبۆچوونە کە هەموو خراپییەکان، هەموو وێرانی و گەندەڵی و ئەوانە بخرێتە سەر ئەستۆی ئەمریکا، ئەوە تەنیا چەواشەکردنی بیروڕای گشتییە، دەنا ئەوە هیچ کات لەگەڵ واقیعدا یەک ناگرێتەوە چونکە هەر لەو عێراقەدا بەشێکی لە خەڵکەکەی کە کوردستان بێ، خەڵکەکەی تێگەیشتووترە، دێموکراتیکترە، پێشینەی دێموکراسی و تێکۆشانی زیاتری هەیە، توانیویەتی هەر لەو عێراقەدا حکوومەتێک پێک بێنێ کە خەڵکەکەی ئازادی هەیە، لە باری ژیاندا بە شێوەی نیسبی دابین کراون، رۆژ بە رۆژ پرۆسەی دیموکراسی لە بەرەوپێشچوونە، تا ئێستا چەندین هەڵبژاردن کراوە، خەڵک نوێنەرانی خۆیان بۆ پارلەمان، بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، بۆ سەرۆکی حکوومەت هەمووی بە هەڵبژاردن جێبەجێ دەکەن، ئەنجوومەنی شارەکانمان هەیە، ئەنجومەنی پارێزگاکان هەیە، خەڵک بە هەڵبژاردنی خۆی دەیکا و جێبەجێی دەکا. کەوابوو ئەگەر ئەمریکا هاتۆتە عێراق، هاتۆتە کوردستانیش، بەڵام چونکە خەڵکی کورد باشتر توانیویەتی لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێ، رێوشوێنێکی دێموکراتیکی گرتووەتەبەر، توانیویەتی ناوچەیەکی جیاواز لە عێراق بۆ خۆی بخوڵقێنێ، بۆیە من ئەو پروپاگەندانە بە تەواوی رەت دەکەمەوە کە ئەو خەتا و کێشانەی لە عێراقدا هەن بخرێتە سەر ئەمریکا، یان هەر لایەنێکی دیکە. ئەمە زۆرجار خەڵکی شەرقی و بەتایبەتی لە ناو شەرقیشدا خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێمەی ئێرانیش ئەگەر مێژووی ئێران دەخوێنینەوە، دەبینین کە هەموو خەتاکان، کەموکورییەکان، برسیەتی، نەداری، بێکاری، هەموو خاڵێکی نێگەتیڤە دەیخەینە سەر بێگانەکان، وەک ئەوەی کە ئێمە بۆ خۆمان هیچ تاوانێکمان نەبووە و بۆ خۆمان هیچ خەتایەکمان نەبووە، بۆ ئەوەی کە خۆمان ئاسوودە بکەین، خەتا دەخەینە سەر لایەنێکی دیکە. ئەوە سیستەمێک لە بیرکردنەوەیە کە کولتوورێکی ریشەیی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەداخەوە خەڵکەکە لە دواکەوتوویدا دیڵێتەوە. لە بری ئەوەی لە خۆیدا چاکسازی بکات، هەڵەکانی خۆی بدۆزێتەوە و چاکیان بکات، بە ئاسانی دەیخاتە سەر لایەنی دیکە. دەرەنجام هەڵەکان بەردەوام دووپات دەبنەوە.

**کەوانە:** راگەیاندنەکانی جیهان نزیکەی دوو ساڵە سەرقاڵی دەستەواژەی بەهاری عەرەبین، ئەو بەهارە بۆ وڵاتانی عەرەبییە، ئایا شتێکی وا لە ئارادایە بە ناوی بەهاری ئێرانی، بەو واتایە کە خەڵکی ئێران راپەڕینێک بکەن بە شێوازی بەهاری عەرەبی؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: دیارە من هەر ناڵێم بە شێوازی بەهاری عەرەبی، چونکە هەموو راپەڕینەکان، هەموو خەبات و تێکۆشانەکان لە هەر وڵاتێکدا و لە هەر ناوچەیەکدا، لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی خودی خەڵکەکە و جوگرافیای ئەو مەنتەقەدا دەبێ، بەڵام هەر وەکوو پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکدا باسم کرد، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە بەردەم ئاڵۆگۆڕدایە چونکە مەسەلەی دێموکراسی لە هەر ناوچەیەکدا کە سەرهەڵ دەدا باقی ناوچەکەش دەتەنێتەوە، واتە خەڵکەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئاڵۆگۆڕەکان کە بەرەو دێموکراسی دەڕۆن. ئەگەر نموونەیەکی روونتر باس بکەم لەسەر ئەو مەسەلەیە، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ناوچەیەکدا هەڵکەوتووە کە ئێستا لە واقیعدا هاوسنورە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها خەڵکی وڵاتانی تر دێن چاویان بەو ناوچەیە دەکەوێ، هەم لە وڵاتانی رۆژئاوایی و هەم لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی دێن چاویان پێدەکەوێ لەوێ سەرمایەگوزاری دەکەن. هەر وەک دەزانن رێژەیەکی زۆر کونسولخانە کراونەتەوە بە مەبەستی بازرگانی، بۆ گەشتوگوزار خەڵک دێن چاویان پێدەکەوێ. کاتێک چاویان بەو ناوچەیە دەکەوێ هەڵیدەسەنگێنن و پێوانەی دەکەن دۆخی کوردستان لەگەڵ عێراق، دۆخی کوردستان لەگەڵ ئێران، دۆخی کوردستان لەگەڵ سووریا کە تێدەگەن ئەو سیستمە، سیستمێکی باشە، شێوەی دەسەڵاتدارییەکی باشە بە قازانجی خەڵکە، ئەوان هان دەدرێن کە ئەوانیش رۆژێک لە رۆژان بتوانن لە ناوچەی خۆیاندا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان هەبێ. ئەوانە دەتەنێتەوە، خەڵک کە چاوی پێدەکەوێ، بە ئەزموون دەبینێ کە باشترە، ئەوا کاریگەری دادەنێ. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە بە پێچەوانەکەی ئەگەر چاو لێبکەین، کاتێک دەبینین خەڵک باوەڕی بە خۆی پەیا کردووە، لە وڵاتێک وەک میسردا، لە وڵاتێک وەک توونس، وەک لیبیا، ئێستاش لە سووریادا بە دوای خەبات و بەربەرەکانێ خەڵک دەتوانن حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان بڕووخێنن کە رۆژگارێک قەد بیریان نەکردبێتەوە، توانای ئەو خەڵکە ئەوەندە گەورەیە، ئەوەندە زۆرە کە دەتوانێ دیکتاتۆرێک بڕووخێنێ. ئەوە خەڵکی نارازی ئێرانیش هان دەدات کە بەڵێ ئێمەش دەتوانین وەکوو ئەو وڵاتانە حکوومەتەکەمان بڕووخێنین و حکوومەتێکی دڵخوازیی خۆمان پێک بێنین، خۆ ئێمە خەڵکەکەمان زیاترە لە میسر، زیاترە لە سووریا، رابردوویەکی سەردەمیانەی زیاترمان هەیە. یان بۆ نموونە کوردەکان کە لە بەشەکانی دیکەوە دێن بۆ ئێرە بۆ چاوپێکەوتن، بۆ رابواردن، بۆ سەرمایەگوزاری، بارودۆخێک دەبینن کە لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە خۆیان تیایدان پێوانەی دەکەن، بۆیە ئەوانە هەموویان پێکەوە گرێدراون، بۆ نموونە مەسەلە سیاسییەکان لە چوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا قەتیس نامێنێتەوە. بۆ نموونە تۆ حیسابی بکە لە نوختەیەکی ئەو دنیایەدا ئاڵۆگۆڕێک ئەورۆکانە لەو سەردەمەدا دێتە پێشێ، کاریگەری دادەنێت. قسەیەک ئەورۆ دەتوانێ نرخی نەوت زیاد بکات، یان کەمی بکات. کێشەیەک دەتوانێ کاریگەری دابنێت لە سەر سیاسەتی ناوچەیەک، بۆیە کۆماری ئیسلامیش لەو ئاڵۆگۆڕانە بە دوور نیە، بۆیە من لەوەدا هیچ گومانم نیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و باقی شوێنەکانی دیکەش کە حکوومەتی دیکتاتۆری بە سەریاندا زاڵە، ئیدی کاتیان بە سەر چووە، ناتوانن بەو شێوەیە دیسانەوە درێژە بە حکوومەتەکانیان بدەن. بۆیە نە خەڵک ئەو شێوە دەسەڵاتداری و زوڵم و زۆرە قبووڵ دەکات، نە ئەوانیش ئیدی دەتوانن بەو سیستمە درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن. بۆیە ئاڵۆگۆڕەکان ئاڵۆگۆڕی حەتمین. تەنها ئەوە دەمێنێتەوە قسە لەسەر کاتی روودانەکەیەتی. ئەگینا ئەوەی کە ئاڵۆگۆڕەکە دێتە پێشێ من بەش بە حاڵی خۆم گومانێکم نەماوە.

**کەوانە**: **کورد بە گشتی خەریکە لە لایەن وڵاتانی دەرەوە ناسنامەیەکی جیهانی وەک پاڵپشتی پێدەدرێت، ئایا کورد وەک چۆن ئێستا لە ناوەندی عێراق دەسەڵاتی هەیە، ئایا دەتوانێ لە داهاتوودا لە تاران دەسەڵاتی هەبێت؟**

**مستەفا هیجری**: جارێ با لە پێشدا ئەوە بڵێم کە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ماف بە کورد دەدرێت، کورد مافی خۆی هەیە و لێی غەسب کراوە، لێی داگیر کراوە، بە نیسبەت خەبات و بەربەرەکانێکەی، بە نیسبەت ڕەچاوکردنی سیاسەتی درووست، خوێندنەوەی درێژخایەنی درووست لە ناوچەکەدا دەتوانێ مافەکانی خۆی بە دەست بێنێ لە دەستی ئەوانەی کە غەسبیان کردووە بیهێنێتە دەرێ. بۆ سیستمی دێموکراتیکی فیدراڵ کە باسمان کرد هەوڵی بۆ دەدەین. لەو سیستمەدا لە بنەمادا خەڵکی ئێران لە بەڕێوبردنی وڵاتدا شەریک دەبن. واتە جیاوازیی نێوان خەڵکی کورد یان فارس یان عەرەب یان بەلووچ نامێنێت، لە چوارچێوەی قانوونێکی ئەساسی دێموکراتیکدا هەموویان شەریک دەبن لە بەڕێوبردنی وڵاتدا، لە دانانی قانووندا، بۆیە ئەوەی کە وەک نموونە هێناتەوە کە کورد لە عێراقدا بەشدار ئەبێ، بەڵێ ئەوە لە هەر سیستمێک ئەگەر دێموکراتیک بێ، هەروا دەبێ. کورد دەتوانێ لە تارانیشدا بەشدار بێ، هەم لە پەرلەمانەکەیدا بە پێی قانوونێکی دێموکراتیک دەتوانێ نوێنەری خۆی بنێرێ بۆ پارلەمان، بۆ ئەوەی کە لە بڕیارداندا، بۆ ئەوەی لە قانووندانانداندا شەریک بێ، هەم لە بەڕێوبردنی گشتیی وڵاتدا دەتوانێ لە حکوومەتدا بەشدار بێ و شەریک بێ، ئەگەر ئەوە نەبێ لە بنەمادا ناتوانین پێی بڵێین دێموکراتیک.

**کەوانە**: دووەمین کۆنگرەی نەتەوەیی لاوان بەڕێوە چوو. پێموایە بەڕێزت بەشداریت کردبوو، داهاتووی ئەو کۆنگرانە چۆن دەبینیت؟

**مستەفا هیجری**: لە مێژووی ئێمەی کورد و باقی نەتەوەکانی ژێردەست لە ناوچەکەدا حکوومەتە دەسەڵاتدارەکان هەمیشە تێکۆشاون کە کێشە و دووبەرەکی و دوژمنایەتی لە بەینی ئێمەدا ساز بکەن، چونکە ئەگەر ئاوڕێک بە مێژووی خودی خۆمان کوردەکان بدەینەوە، دەبینین کە ئەو خەسارەت و میحنەت و چارەڕەشییەی کە کورد بە دەستی خۆی لە هەندێک برگەی زەمەنیدا پێکی هێناوە کەمتر لەو مەرارەت و بەدبەختییانە نیە کە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بە سەر ئێمەیان هێناوە. زۆرجار ئێمەیان وەکوو کەرەسەیەک بەکار هێناوە و دژی یەکتر شەڕیان پێکردووین، دوژمنایەتیان پێکردووین، شەڕی عەشیرەتییان پێکردووین، شەڕی ئایینییان پێکردووین. ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە نەتەوەی کورد ئەگەر لە لایەن دەسەڵاتداران و دوور لە بڕیاری خۆی و ئیرادەی خۆی لە خاک و نەتەوەکەی دابەش کراوە، بەڵام ئێمە بۆ خۆشمان بە داخەوە لە ژێر کاریگەریی سیستمە دیکتاتۆرەکاندا یارمەتیدەر بووین بۆ ئەو مەسەلەیە. بۆیە کۆبوونەوەی کورد لە هەموو بەشەکاندا لە هەر شێوەیەکی خۆیدا بێ وەک ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێدا، لاوان بێ، ژنان بێ، ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە بەشەکانی دیکە بێ، هەموو ئەوانە لە ئاراستەی بەپێچەوانەی ئەو سیاسەتە داگیرکەرانەیە، واتە لە ڕاستای سڕینەوەی ئەوانەدایە، لە ڕاستای ئەوەدایە کە ئێمەی کورد ئەو هوشیارییەمان جارێکی تر بۆ بسەلمێنرێ کە ئێمە هەموومان یەک نەتەوەین، هەموومان ئەتوانین یەک دەنگمان هەبێ، دەتوانین هێزەکانمان بخەینە سەر یەک بۆ ئەوەی بتوانین پەیامی خۆمان، دەنگی خۆمان بە شێوەیەکی یەکگرتوو بە گوێی نەتەوەی خۆمان کورد و بە گوێی نەتەوە دراوسێکاندا بچرپێنین. پەیامی ئاشتی، پەیامی پێکەوەژیان، پەیامی یەکگرتوویی و یەکریزی بۆ گەلی کورد لە بری پارچەپارچەبوون و دابەشبوون و دوژمنایەتی کردن پێکەوە. بۆیە من ئاکامی ئەو کۆبوونەوەی یەکێتی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە هەنگاوێکی زۆر بەرز دەنرخێنم و هیوادارم کە هەلومەرجێکی وا بە زوویی بێتە پێش کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا کۆنفرانسەکانی دیکەی لاوانی کورد پێک بێت و ئەو یەکریزییە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بچێتە پێشێ.

**کەوانە**: ئایا بیر لەوە کراوەتەوە کە ژنان لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەشدار بن؟

**مستەفا هیجری**: کاتێک ئێمە باس لە سیستمی دیکتاتۆری دەکەین، لە سیستمی دیکتاتۆریدا هەموو شتێک تێک دراوە، هەموو فەرهەنگ و کولتوور و بایەخەکان تێک دراون، تۆ چاو لێبکە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەموو شتێک تێک دراوە، بێجگە لە گرووپێکی بچووک کە بڕوایان بە شیعەی ویلایەتی فەقیهە، لە دەوری وەلیی فەقیهدا کۆ بوونەتەوە باقی خەڵکی ئیتر بێ بایەخە، هەموومان لە بیرمانە کە لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بە خەڵکی ناڕازی دەوت پووش و پەڵاش، پێی دەوتن گوێرەکە، لە سیستمێکی وادا و لە فەرهەنگێکی وادا کە بە داخەوە ساڵەهای ساڵە درێژەی هەیە، نە پیاو مافی خۆی هەیە، نە ژن، نە لاو، نە پیر، نە منداڵ، هیچ کەسێک مافە ئینسانییەکەی ناپارێزرێت، بەتایبەتی ژنان کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی کولتوورەکەی دژی ژنە، لە باری ئایینییەوە و بنەماڵەییەوە دەچەوسێنەوە. نەیانتوانیوە بەو هۆیانەوە ئەو جۆرەی کە پێویستە بەشداری بکەن لە چالاکی و تێکۆشانە سیاسییەکان، مەبەستم ئەوە نیە کە تێیدا بەشدار نین، بەڵام دەڵێم بەو جۆرەی کە پێویستە نەیانتوانیوە، دەنا ئێمە لە ناو ژنانیشدا ژنی زۆر تێکۆشەر و چالاکمان هەبووە لە ریزی حیزبە سیاسییەکانی کوردی ئێران، لە ناو هونەرمەندان، لە ناو حیزبی کوردستانی ئێراندا، لە ئاستی ڕێبەرایەتی و بڕیارداندا ژنان بەشدارن، بەڵام ئەوە بەس نیە، پێ بە پێی ئەوەی دێموکراسی لە ناوچەکەدا دەچێتە پێشەوە، بێگومان ژنانیش زیاتر دەوریان دەردەکەوێ، کاریگەرییان زیاتر دەردەکەوێ، زیاتر دەتوانن لە بڕیارداندا، لە مەرکەزی بڕیارداندا، لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدا بەشداری بکەن، بەڵام هەمووی ئەوانە بەستراوەتەوە بە بەرەوپێشچوونی دێموکراسی، واتە ئەگەری نیە ژن بتوانێ بە مافەکانی خۆی بگات، جیا لەوەی کە دەبێ حکوومەت بگۆڕێ و حکوومەتێکی دێموکراتیک بێتە سەر کار. مەبەستم ئەوە نیە کە دەبێ ژن ڕاوەستێ چالاکی نەکا بۆ مافەکانی خۆی هەتاکوو حکوومەتی دێموکراتیک دادەمەزرێ، بەڵکوو مەبەستەکەم ئەوەیە کە ژنانی ئێستا لە دوو لایەنەوە ئەرکیان لە سەر شانە کە خەبات بکەن، یەک خەباتێکی سیاسی شان بە شانی پیاوان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران و کوردەکان بۆ گۆڕینی حکوومەت و هێنانەکایەی حکوومەتێکی دێموکراتیک و لە لایەکی دیکەوە خەبات بۆ ئەو مافانەی خۆیان کە وەکوو ژن پێشێل کراوە بە زۆر هۆکار، بەڵام ئەوەی کە ڕۆژێک ژنیش لە کۆمەڵگەی کوردەواری خۆماندا دەتوانێ زۆر لەوەی کە ئێستا هەیە لە بڕیارداندا لە هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتدا، لە هەموو گۆشەوکەناری ئەو وڵاتەدا وەکوو پیاو بەشدار بێ، لەوەدا گومانم نیە.

**کەوانە**: چەند ساڵێک لەمەوبەر قەرار وابوو کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد ببەسترێ، بەڵام هەندێ حیزب بە هۆی بیروڕای جیاوازەوە پێشوازییان لەو کۆنگرەیە نەکرد و بەڕێوە نەچووە. نەهاتنیان باش بوو یان خراپ؟

**مستەفا هیجری**: ئێستا ئەوەی کە بەرباسە، قەرار وایە لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کۆنگرەیەکی ئاوا ببەسترێ، بەڵام تاکوو ئێستا ئەو کۆنگرەیە نەبەستراوە، بەو جۆرەی باسیان کردووە قەرار وایە لە داهاتوودا ئەو کۆنگرەیە ببەستن. بەو جۆرەی باس کراوە کۆمەڵەی ئەحزابی سیاسیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانی تێیدا بەشداری دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن خەتابێکیان هەبێ



سەرچاوە
Serchawe

ڕووبەڕووی وڵاتانی دەرەوە، ڕووبەڕووی حکوومەتەکان، ڕووبەڕووی نەتەوەی کورد، بەڵام تا ئێستا ئەوە نەگیراوە. ئێمەش چاوەڕوانین بزانین ئەو کۆنگرەیە دەگیردرێ یان ناگیردرێ.

**کەوانە**: پێموایە ئێستا حیزبە کوردییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستە ڕۆشنبیری سیاسییە کە ئیتر دابنشین لە یەکتر تێبگەن و بەرەیەکی فکری یان بەرەیەکی سیاسی پێک بێنن، ئایا بیرتان لەوە کردووەتە، یان کارێکی واتان کردووە کە بەرەیەکی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک بێنن؟

**مستەفا هیجری**: بەداخەوە ئەو ئینشیعاباتانەی کە لە حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا هاتوونەتە پێشێ، لەو بوارەدا کاریگەری نێگەتیڤی زۆریان داناوە، بەڵام ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هەر لە هەوڵدداین بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە ببینینەوە و بتوانین لێک نزیک بینەوە و بە زمانێکی هاوبەش بتوانین لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەرەوە، لەگەڵ نەتەوەی خۆمان بتوانین وەکوو یەکدەنگ قسە بکەین، لە هەوڵی ئەوەداین، هیوادارم کە بتوانین ئەوە چارەسەر بکەین.

**کەوانە**: خەڵکی کوردستان وەکوو زۆرینە ئاینێکی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، ئیسرائیلیش ئاینێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بە ڕای ئێوە ئایا پەیوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بە گشتی کورد لەگەڵ ئیسرائیلدا باشە یان نا؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەکوو ئەحزابی سیاسی، وەکو گەلی کورد هیچ کێشەیەک نابینین لەوەی کە پەیوەندی بگرین لەگەڵ ئیسرائیل، یان لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکە، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نە وەکوو نەتەوەی کورد نە وەکوو تەنانەت کوردی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل نیە، لە مێژووشدا قەد کێشەمان لەگەڵ ئیسرائیل نەبووە، من بە بۆچوونی خۆم پێموایە بەگشتی خەڵکی ئێرانیش بە گشتی وایە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئیسرائیل نیە، ئەوەی کە پروپاگەندە دژی ئیسرائیل دەکا کۆماری ئیسلامییە کە دەیەوێ وا پیشان بدات کە پارێزگاری لە مافی ئیسلامییەکان بەتایبەت فەلەستینییەکان دەکا، پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو کەس و تەنانەت بۆ فەلەستینیەکانیش ڕوون بووەتەوە، بەڵام ئەو دامەزراندنی پەیوەندییە بەشێکی زۆری ئەبەستریتەوە بە لایەنی دیکە، بۆیە لە باری خودی پێکهێنانی پەیوەندی، من هیچ کێشەیەک نابینم، بەڵام بەستراوەتەوە ئایا لایەنەکەی دیکە ئامادەیە ئەو کارە بکا یان نا، مەسەلەکە ئەوەیە.

**کەوانە**: وڵاتانی هاوپەیمان پێداگرن لە سەر ئەوەی کە سووریا دەبێ بڕووخێ، ئایا دوای ڕووخانی حکوومەتی سووریا، دەسپێکی ڕاپەڕینێک لە ئێراندا دەبێت، لەو بوارەدا داهاتووی حکوومەتی ئێران چۆن دەبینیت؟

**مستەفا هیجری**: مەرج نیە کە دوای ڕووخانی سووریا لە ئێراندا ڕاپەڕین ڕوو بدا، بەڵام وەکو باسم کرد مەسەلەی ڕووخانی دیکتاتۆرەکان لە ناوچەکەدا هەر کامەیان کە دەڕووخێ کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەیان دادەنێ بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و سووریادا مەسەلەکە بڕێک جیاوازی هەیە، لەو بارەوە کە سووریا لە واقیعدا وەکوو پردێکە لە نێوان کۆماری

ئیسلامی و فەلەستین و حزبوڵڵا کە لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی تێدا هەن. بە نەمانی سووریا ئەو پردە دەڕووخێ، یان بڵێم لانیکەم زۆر لاواز دەبێ. ئیدی کۆماری ئیسلامی دەستی ئاوەڵە نابێ وەکوو ئێستا بتوانێ بە کەیفی خۆی تەداخول بکا لە وڵاتانی ناوچەکە وەکوو لوبنان و فەلەستین و هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بکا لە سەر ئیسرائیل، ئەوەی نامێنێ و لە واقیعدا تەنیا وڵاتێکی عەرەبیش کە تاکوو ئێستا لەگەڵ ئێران هاوپەیمانە سووریایە، بە نەمانی وی ئەو تەنیا دۆستەی خۆیشی لەدەست دەدا، زیاتر لە پێشوو لە نێو وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا دەکەوێتە پەراوێزەوە. بێگومان خەڵکی ئێرانیش بە ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد کە لە ژێر حمایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە زۆرتر دڵخۆش دەبن، زۆرتر هان دەدرێن بۆ ئەوەی ئەوانیش خەباتی خۆیان درێژە پێ بدەن و وەکوو خەڵکی سووریا بتوانن دیکتاتۆرەکەیان بڕووخێنن. کاریگەرییەکان کاریگەریی ناڕاستەوخۆن، بەڵام لە چەندین لایەنەوە ئەو کاریگەرییە ناڕاستوخۆیانە دادەنێتە سەر ئێران بە شێوەی نێگەتیڤ، بۆ سەر خەڵکی ئێران بە شێوەی پۆزەتیڤ.

**کەوانە**: جاران جیهان ببووە دوو بلۆکی شەرق و غەربەوە، ئێستاش رووسیا و چین هەر دەیانەوێ ئەو بلۆکە ڕاگرن لە بەرامبەر بلۆکی غەربدا، هۆی چییە کە هێشتا رووسیا و چین رازی نابن بەوەی کە سووریا بڕووخێت؟ داوای چ شتێک لە غەرب دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: لە واقیعدا ئەوەی کە رووسیا و چین دەیکەن نەک لەبەر ئەوەیە کە بیروباوەڕیان بەو سیستمە حکوومەتانە هەیە، بەڵکوو بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکی یەکجار زۆری بازرگانی و سیاسییە کە بە بوونی حکوومەتی بەشار ئەسەد و کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانن لە ناوچەکەدا بیپارێزن. بە نەمانی حکوومەتی بەشار ئەسەد یان کۆماری ئیسلامی ئەو قازانج و بەرژەوەندییانە بۆ ئەوان بەو شێوەیە نامێنێ، بێجگە لەوە لە باری سیاسیشەوە بە نەمانی ئەو دوو حکوومەتە ناوچەکە زیاتر دەکەوێتە ژێر سایەی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا کە چین و رووسیا ئەوەیان ناوێ. بۆیە تا دوایین چرکە ئەوان بەرگری لەو دوو پێگەیەیان دەکەن، بەڵام کاتێک ئەوانیش هەست بەوە بکەن کە ئەوانە لە حاڵی ڕووخاندان، لە حاڵی نەماندان، ئەوانیش پشتیان تێدەکەن چونکە ئەوانە بە دوای ئەوە نین کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی یان حکوومەتی بەعسی سووریا ڕاگرن لە بەر ئەوەی باوەڕیان پێیەتی، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە قازانجەکەیان دەپارێزێ، کاتێک بینییان ئەو حکوومەتانە لە حاڵی ڕووخاندان و ئیتر ناتوانن قازانجی ئەوان بپارێزن، ئەوانیش پشتیان تێدەکەن، ئەوا لە واقیعدا قانوونی هەموو ئەو حکوومەتانەیە کە هاوپەیمانییەکەیان لە ڕووی قازانج و بەرژەوەندییە.

**کەوانە**: حکومەتی ئیسلامی ئێران حکوومەتێکی ئەسناعەشەری یان ناوەندگەرایی شێعەی ئیسلامییە، بەڵام زۆربەی هاوپەیمانەکانی وڵاتانی کۆمۆنیستن، چی وا دەکات کە لەگەڵ وڵاتانی کۆمۆنیستدا کۆ ببێتەوە، چ بەرژەوەندییەکی کۆماری ئیسلامی تێدایە کە پەنا بۆ ئەو وڵاتانە دەبات؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕاستیدا دیکتاتۆرەکان هەموویان لە سیاسەتی گشتیدا وەک یەکن، بۆ نموونە هەم حکوومەتە کۆمۆنیستییەکان وەک کۆریای باکوور، هەم کۆماری ئیسلامی کە دوو جەمسەری نەک هەر جیاواز بەڵکوو دژ بە یەکن لە باری ئایینییەوە، بەڵام لە باری کردەوەییدا لێک نزیک دەبنەوە، بۆ نموونە بۆ سەرکوتی ئازادیخوازان. خەباتی ئازادیخوازی هەم لە کۆریا هەیە، هەم لە

ئێراندا هەیەتی. ئەوانە هەر دووکیان لەوەدا هاوبەشن کە دەبێ ئەوانە سەرکوت بکرێن یان تەنانەت حکوومەتی بەشار ئەسەد کە بەعسییە لە بنەمادا دژی ئایینە، ئایینی نیە، بەڵام لەگەڵ ئێران دەبێتە هاوپەیمان، لەبەر ئەوەی هەر دووکیان لەو نوختەیەدا یەک دەگرنەوە کە هەردووکیان دژی ئازادین، ئازادیخوازان سەرکوت دەکەن، یارمەتی یەکتری دەدەن بۆ سەرکوتی ئازادیخوازەکانی یەکتری، قازانج و بەرژەوەندیی بازرگانییان دەپارێزن لەگەڵ یەکتری بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی ئەو ئامانجەدا بە کاری بێنن، لێک نزیکبوونەوەی ئەوان لە رووی ئەو دژی ئازادیبوونە، دژی دێموکراسیبوونەیە، چوونکە دێموکراسی بۆ هەموویان وەکو یەک خراپە، دێموکراسی و ئازادی بۆ هەموویان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو حکوومەتانە نەمێنن، بۆیە لەوەدا یەک دەگرنەوە و یارمەتی یەکتری دەدەن و ئەو مەسەلەیەش شتێکی سروشتییە. رەنگە لە داهاتوویشدا سیستمە دیکتاتۆرییەکان هەر بەو شێوەیە بجووڵێنەوە.

**کەوانە**: خەڵک دەڵێن وڵاتانی عەرەبی ئازان کە بەرامبەر بە دیکتاتۆرەکان هەستاون، خەڵکی ئێران سەرەڕای ئەو هەموو فشارە سیاسی و ئابووری و نەبوونی ئازادیی رادەربڕین و لەسێدارەدانە کە سێدارەدان بووەتە عادەتێکی رۆژانە لە ئێران، چی وای کردووە خەڵکی ئێران سەرهەڵدان نەکەن، یان چ وزە و هاندانێک بۆ راپەڕین لە ئێران پێویستە؟

**مستەفا هیجری**: هۆکاری زۆر هەیە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، بۆ نموونە یەک لەوانە ئەوەیە کە لە ئێراندا بەداخەوە تاکوو ئێستا هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری کە بتوانێ ئیلهامبەخشی خەباتی ناوخۆی وڵات بێ پێک نەهاتووە، ئێران حەشیمەتێکی زۆری هەیە، پێکهاتەی جۆراوجۆری ئایینی و نەتەوەیی تێدا هەیە کە یەکگرتن و هەماهەنگییان بەتایبەتی کە کۆماری ئیسلامی بە سەریاندا زاڵە، شتێکی زەحمەتە. زۆر خاڵی تر هەیە کە تا ئێستا بوونەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئێران رانەپەڕێ، ئەوانە هەموویان کاریگەرییان هەیە، بەڵام بە مانای ئەوە نیە کە خەڵکی ئێران لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێزار نیە یان ئازادی ناوێ، بەڵام ئەوانیش لە دەرفەتێک دەگەڕێن کە پێموایە لە داهاتوودا ئەوە روو دەدات، واتە بە پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی سەراسەری کە بتوانێ ئومێد بدات بە خەڵکەکەی، خەڵکەکە هان بدات کە بزانن ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لە پشتیاندا پەناگەیانە، یارمەتییان دەدا، حەتمەن ئەوان زیاتر لە خەباتدا بەشداری دەکەن. بۆ نموونە ئەگەر خەڵکی کورد چاو لێبکەیت، خەڵکی کورد ئێستا حیزبەکانی خۆیانیان هەیە، ئەو حیزبانەشیان هەموویان بە ناچار ناوەندەکەیان لە کوردستانی عێراق نیشتەجێیە، خەڵکی کورد و ئازادیخوازانی کورد لە ناو ئێراندا خەبات دەکەن، بەربەرەکانێ دەکەن، هەر کامەیان بە نیسبەتی خۆی گوێ لە حیزبەکانی خۆی دەگرێ، ئەگەر کێشەشی بۆ ساز بوو، دەتوانێ خۆی لەوێ بە جۆرێ رزگار بکا و بێت لە ناو حیزبەکەیدا درێژە بە خەباتەکەی بدات. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ناو کوردستاندا دۆخی خەبات و بەربەرەکانێ بەهێزترە، بەتواناترە، یەکگرتووترە، ئاکامی باشتری دەبێ، بەڵام لە ئێراندا هێزێکی وا نابینی، ئێمە خەریکین بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەحزابی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئێرانی، ئێستا لە چەندین لاوە لە دیالۆگداین بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا بکرێ لە ناو ئێرانیشدا بۆ ئێرانییەکان هێزی ئۆپۆزیسیۆن دروست بێ کە بتوانێ وەکو پشتیوانێک بۆ خەڵکی ئێران بێ، ئەو کاتەیە کە زۆربەی خەڵکەکە دەتوانێ بێتە مەیدان، بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچێتەوە کە بێجگە لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە سەرکوتی خەڵک و ئازادیخوازان هیچ شک و گومانێک نایەنێتە رێگای خۆی، نەک هەر ئۆپۆزیسیۆنێک وەکوو ئێمە کە دەمانەوێ حکوومەت بڕووخێ و حکوومەتی دیکە بێتە سەر کار. ئێمە هەر لە سەرەتاوە دژ بەو حکوومەتە بووین، تەنانەت رەحم بەو کەسانە ناکا کە رۆژێ لە رۆژان لە ریزی خۆیدا بوون، لە دامەزراندنی کۆماری

ئیسلامیدا بەشدار بوون لەو حکوومەتەدا، بەڵام کەمترین دژایەتی و جیاوازیی بیروبۆچوون لەوانیش قبوڵ ناکا، ئەوەش بۆ خۆی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری داناوە لەسەر خەڵکی ئێران.

**کەوانە**: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەک لە حکوومەت تووڕەن، پیانخۆشە هێزێکی چەکدار هەبێ، لە حاڵێکدا ئەگەر هێزی چەکداریش هەبێ بەرامبەر بە حکوومەت، ئەوا حکوومەت زیاتر فشار دەخاتە سەر خەڵکی کوردستان، ئایا هێزێک وەکو پەژاک باشە کاری چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات یان نا، لەو بارەوە ڕات چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە بە گشتی وەکوو حیزبی دێموکرات و بەشێک لە حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵات وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران، ئەزموونی خەباتی چەکداریمان هەیە، ساڵەها درێژەمان بە خەباتی چەکداری داوە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین کە لە ئێستادا خەباتی چەکداری ناتوانێ لە قازانج و بەرژەوەندیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بێ. ئەو جووڵە چەکدارییەی کە ئێستا لە کوردستاندا جاروبار چاومان پێدەکەوێ، زۆرتر بیانوویەکە بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر کوردستان میلیتاریزە بکا، زەخت و زۆری زیاتر بۆ سەر ئازادیخوازانی کورد بێنێ، سزاکانیان قورستر بکا، بێجگە لەوە تاکوو ئێستا دەسکەوتێکی نەبووە، بۆیە ئێمە پێمانوایە کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا پەسیڤ نیە، چالاکە، تێدەکۆشێ، حیزبەکانیش زۆر چالاکن، هەر کامەی لە چوارچێوەی ئیمکان و توانای خۆیدا چالاک و هەڵسوورە، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم بە دروستی نازانم خەڵکی کورد بە تەنیا لە ئێران ڕاپەڕێ، چوونکە خەڵکی کورد بە تەنیا هەرچەند بەهێز بێ، هەرچەند یەکگرتوو بێ دیسان ناتوانێ بە تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕووخێنێ و دوای ڕووخانیشی بە دەسکەوتەکانی خۆی بگات. چوونکە ئێمە دەبێ لە بیرمان بێ کە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین، شەڕ بۆ دەسکەوت دەکەین، بۆیە من پێموابێ خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران ئامادەترە بۆ خەبات، بۆ ڕاپەڕین، بەڵام دەبێ دۆخێکی وا پێک بێ کە لە هەموو ئێراندا دۆخی ڕاپەڕین بێ، ئەودەمی هەموو پێکەوە بیکەن، دەنا کورد بە تاقی تەنیا بیکا، من بە کارێکی سیاسی دروستی نازانم.

سەرچاوە: گۆڤاری کەوانە - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٢

## بەشار ئەسەد لە درێژەدانی سەرکوت سوورە...



وتووێژی ڕۆژنامەی ڕووداو چاپی ئورووپا ژمارە ١٥٧ی

**رووداو**: وادیارە کە ئەگەری ڕووخانی حکوومەتی بەعسی سووریە زۆر بەهێزە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بەتایبەت و ڕووسیە و چینیش لەگەڵیدا هەوڵ دەدەن کە بەشار ئەسەد لەسەر دەسەڵاتەکەی بهێڵنەوە. بە ڕای ئێوە ململانێی نێوان ئەم سێ حکوومەتە و ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی لەلایەکی دیکەوە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟

**مستەفا هیجری**: عامیلێکی سەرەکی نیشانەی بەرەو داڕووخان چوونی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان ئەوەیە کە هێزی سەرکوت درزیان تێبکەوێ و پشت لە حکوومەت بکەن و بێنە ڕیزی خەڵک. لەو دوو ساڵەی دواییدا ئەو نیشانەیە لە هێزی سەرکوتی بەشار ئەسەد دەبینین و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە دەگرێ، تەنانەت لەم یەک دوو مانگەی ئەخیر فەرماندە بەرزی لەشکری کە خاوەن دەسەڵات بوون لەم حکوومەتەدا و لە کەسانی نێزیکی بەشار ئەسەد بوون پشتیان لە حکوومەتەکەیان کردووە.

لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەوەی ڕۆژئاوا فرسەتێکی زۆریان بە ڕووسیە و بەشار ئەسەد دا بۆ ئەوەی کۆتایی بەو کوشتارە بێنن، بەڵام بەشار ئەسەد لە درێژەدانی سەرکوت سوورە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لایەنگرانی بەشار بەتایبەت ڕووسیە و چین زەختی زۆریان بکەوێتە سەر بۆ ئەوەی هاودەنگ لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئامادە بن زەختی زۆرتر بخەنە سەر حکوومەتی بەشار. شکست پێهێنانی گەڵاڵەی ئاشتی کووفی عەنان بە کردەوە لەلایەن بەشار ئەسەد لەو پێوەندییەدا شوێندانەریی زۆری بووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئێستا پرۆسەی دارمانی ئەو حکوومەتە دەستی پێکردووە و ئەگەر وەزعەکە هەروا بچێتە پێش زۆر ناخایەنی شاهیدی ڕووخانی ئەو حکوومەتە دەبین.

**رووداو**: هۆکاری پشتیوانی بەهێزی کۆماری ئیسلامی لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ زۆر باس لە یارمەتی و دەستێوەردانی هێزە سەربازییەکانی ئێران لە سەرکوتی خەڵکی ناڕازی و مەدەنی سووریا دەکرێت، ئایا بەڵگەیەکتان هەیە لەم بوارەدا؟

**مستەفا هیجری**: بە نەمانی حکوومەتی بەشار ئەسەد:

- ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا حکوومەتی دۆستی عەرەبی خۆی لە دەست دەدا.

- ناتوانێ بە هاسانی لە سووریە وەکوو پردێک بۆ گەیاندنی چەک و یارمەتی بۆ حیزبوڵڵا و باقی گرووپەکانی دۆستی کەڵک وەرگرێ.

. نفووزی ئێران لە ناوچە زۆر لاواز دەبێ چونکە هاوکێشەکان لەو ناوچەیەدا بەگشتی بە زەرەری کۆماری ئیسلامی دەگۆڕێن. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک یارمەتیی حکوومەتی سووریە دەدا، ئەو یارمەتییانەش ئەوەندە زۆر و ئاشکران کە کەس گومانی لەوە نەماوە کە پێویست بە بەڵگە هەبێ، خۆ ئێران بۆخۆشی حاشای لە یارمەتی دانی حکوومەتی سووریە نەکردووە. ساڵێک لەوە پێش قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس، رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی لە سوریە قسەی یەکەم دەکا و کەسیش لە بەرپرسانی سووری ئەم قسەیان وە درۆ نەخستۆتەوە، ئەم قسەیە وەک نموونەیەکی بەڵگەکانە.

**رووداو**: پێتان وایە کە دوای رووخانی حکوومەتی سووریە، گۆڕانکارییەکان لە ئێرانیش روو بدەن؟ داهاتووی ئێران چۆن دەبینن؟

**مستەفا هیجری**: وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسمان کرد رووخانی رێژیمی سووریە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچە و تەنانەت لەئاستی نێونەتەوەیی بە زەرەری کۆماری ئیسلامی. بۆیە نەمانی ئەو حکوومەتە دەتوانێ شوێندانەر بێ لە لاواز کردنی نفووزی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و بەهێز کردن و هیوادار کردنی خەڵکی ناڕازیی ئێران بە تواناییان بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی.

**رووداو**: ئەم دواییانە دوو سەردانتان هەبوو بۆ ئەمریکا و بریتانیا. ئێوە بە فەرمی بانگهێشت کرابوون؟ ئەوان چ بەرنامەیەکیان هەیە بۆ سیستمی داهاتووی ئێران؟

**مستەفا هیجری**: هەتا ئێستا حکوومەتەکانی رۆژئاوا بەگشتی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە وتووێژو زەخت خستنە سەر ئێران لە باری ئابووری و سیاسییەوە دەتوانن ئێران ناچار بکەن دەست لە پیتاندنی ئورانیۆم هەڵگرێ و بە کردەوەش لەسەر ئەم بەرنامەیە کار دەکەن، بۆیە تاکو ئێستا بە جیددی باس لە ئاڵوگۆڕی دوای رێژیم ناکەن، یان لانی کەم لەگەڵ ئێمە وەک هێزی ئۆپۆزیسیۆن باسی ناکەن.

**رووداو**: وەکوو حیزبی دێمۆکرات چ پلان و ستراتیژییەکتان هەیە بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران، بەتایبەت بۆ دەستەبەر بوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێرانی داهاتوودا؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە بە دوای کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبماندا دروشمی سیاسیمان بۆ داهاتووی ئێران بریتی بووە لە پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ کە لەوێدا هەموو نەتەوەکان و یەک لەوان کوردەکان حکوومەتی ئۆتۆنۆمی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی خۆیان پێک بێنن و بەپێی یاسایەکی بنچینەیی دێمۆکراتیکیش لە دەسەڵاتی ناوەندی ئێراندا بەشدار بن.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا لەسەر ئەو بەرنامەیە کار دەکەین لەگەڵ دۆستان و هاوپەیمانانمان کە بریتییە لە یەکگرتوویی و هاوپەیمانییەک کە لە نێوان بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی ئێرانی بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ پێکهاتووە.

**ڕووداو**: پێتان وایە ئێران بە هێرش و گورزی نیزامی دەڕووخێت؟ یان بە شۆڕش و سەرهەڵدانی ناوخۆیی وەکوو ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی؟

**مستەفا هیجری**: بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و خەباتی هەمە لایەنە بە دژی ڕێژیم خاڵی سەرەکییە، بەڵام یارمەتی و پاڵپشتیی هێزەکانی دەرەکی بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتە پێویستە و ئەو دوو بەرنامەیە پێویستە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم هاوتەریب بچنە پێش.

**ڕووداو**: قورسایی هێزە کوردییەکان لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆن ئێستا چۆنە؟

**مستەفا هیجری**: قورسایی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ئوپۆزیسیۆنی گشتی بە تەواوی دیار و بەرچاوە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە ئوپۆزیسیۆنی کورد لە هەلومەرجێکی دڵخواز و قابیلی قەبووڵ دایە، چونکە لەو پێوەندییەدا کەموکوڕی زۆر هەیە، ئوپۆزیسیۆنی کورد لەم قۆناغەدا دەکرا لەوەی هەیە یەکگرتووتر و بەهێزتر بێ.

**ڕووداو**: وا هەست دەکرێت کە هێزە میللیخوازەکانی ئێرانی زۆر ڕەزامەندییان نییە بەرامبەر بە ویست و داوا سیاسییەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و مودێلیان بۆ داهاتووی سیاسی ئێران. ئایا لە کۆتاییدا ئەوان بە فیدراڵی و چەسپاندنی مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران ڕازی دەبن؟

**مستەفا هیجری**: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تورک و فارس و عەرەب هیچکامیان ئەوەندە دیمۆکرات نین کە دەسەڵاتی دەیان و سەدان ساڵەی خۆیان بەسەر کورد و باقی نەتەوە نەتەوە ستەم لێکراوەکاندا دابەش بکەن، بۆیە ئەوەی لەو نێوەدا یەکلاییکەرەوە دەبێ یەکگرتوویی و توانای کورد بۆ خۆی لە لایەک و ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەیی و ئیقلیمییەکانیش لە لایەکی دیکەوەیە. بۆیە لەم سەرەدەمەدا یەکگرتوویی و بەهێز بوونی کورد بەگشتی و لە هەر پارچەیەکدا بە تایبەتی زیاتر لە هەموو کاتێک گرنگ و چارەنووس سازە.

**ڕووداو**: بۆ چی ئێوە لە کۆبوونەوەی ئوپۆزیسیۆن کەلە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە برۆکسێل پێکهات بەشداریتان نەکرد، بەڵام دوو لایەنی کوردی بەشدار بوون؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە هەتا ئێستا لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بەشداریمان کردووە و دەوری خۆشمان گێڕاوە، لە کۆبوونەوەکەی برۆکسێلیش بانگهێشت کرابووین، بەڵام ئەجێندای ئەو کۆبوونەوەیە زیاتر لەوەی لەسەر باس کردن لەسەر ئێرانی داهاتوو، شکڵی حکوومەت، دەوری نەتەوەکانی ئێرانی و یەک لەوان کوردەکان بێ، زۆرتر تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر ئەگەری هێرشی نیزامیی دەرەکی بۆ سەر ئێران و هەڵبژاردنی ئازاد، قسەکردن لەسەر ئەو تەوەرانە تەنیا کات کوشتنە و هیچی لێ شین نابێتەوە، لەبەر ئەوەی نە کۆماری ئیسلامی لە هەڵایساندنی شەڕدا ـ کە بەرەو ئەوە دەچێ ـ لە ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و تەنانەت خەڵکی ئێران پرسیار دەکا و نە هێزەکانی دەرەکی ئەگەر ڕۆژێک بەو ئاکامە بگەن کە دەبێ هێرش بکەن لە خەڵک دەپرسن. باس لە هەڵبژاردنی ئازادیش بە لەسەر دەسەڵات بوونی ڕێژیم مەزووعیەتی نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەری پێوەندیی ئێمە رایگەیاندبوو کە ئەگەر باس لەسەر مەسەلەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی و چۆنیەتیی حکوومەتی داهاتووی ئێران بە لەبەرچاو گرتنی فەرەنەتەوەیی بوونی ئێران لە ئەجێندای کۆبوونەوەکەدا بگونجێ ئێمە بەشداری دەکەین بەڵام بە داخەوە وەڵامێکی ئەرێنییان وەرنەگرتبووە بۆیە نوێنەری ئێمە بەشداری لە کۆبوونەوەی بروکسێل نەکرد.

**ڕووداو**: لەگەڵ بزووتنەوەی سەوز پێوەندیتان لە چ ئاستێک دایە؟

**مستەفا هیجری**: بزووتنەوەی سەوز وەک بزووتنەوەیەک کە ڕێبەرەکانیان بە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨ی سەرکۆماری و نارەزایەتی و تووڕەیی خەڵک پێکهات، بنچینەکەی ڕیفۆرمی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ڕێژیم بوو، نەماوە. لە ئێستادا ئەوەی دەتوانین وەک پاشماوەکانی ئەم جووڵانەوەیە ناوی بەرین هەر ئەو ڕیفۆرمیستانەن کە پێشتریش هەبوون و ئێستا زۆر لاوازترن لەبەر ئەوەی هیوایەک بە ریفۆرم لەم سیستمەدا نەماوە.

**ڕووداو**: ماوەی چەند ساڵێکە پارت و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشی کوردستانی دەدەن، بەڵام هیچ ئاکامێکی پۆزێتیڤی لێنەکەوتۆتەوە. کۆسپ و هۆکارەکان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: کۆسپی سەرەکی لەسەر پێکنەهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێو ئوپۆزیسیۆنی کوردی ئێراندا بە بۆچوونی من دەگەڕێتەوە سەر ئەو ئینشعابانەی کە لەماوەی ٥ - ٦ ساڵی ڕابردوودا لە نێو هێزە سەرەکییەکانی ئوپۆزیسیۆن روویان داوە و هەڵگرتنی ناوی حیزبی دایک لە لایەن ئەو لایەنانەی کە جیابوونەتەوە. دروشم دان بۆ پێویستی یەکگرتوویی لە لایەک و پێکهێنانی کۆسپ لەسەر ڕێگای بەرە دوو شتی نەگونجاون بۆیەش هەتا ئێستا ئاکامێکی پۆزیتیڤی لێ نەکەوتوەتەوە.

**ڕووداو**: ئێوە ڕاتان گەیاند کە ئامادەن دیالۆگ بکەن لەگەڵ لایەنی بەرامبەرتان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانتان کە ٦ ساڵ لەمەوبەر لە حیزبی دێمۆکرات دابڕان و هەروەها گەڕانەوەیان بۆ ناو حیزبی دێمۆکرات. ئێوە لەسەر ئەو دەستپێشخەرییەتان پێداگرن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە هاوڕێیانی جیا بووەوە لە حیزبمان بانگێشت کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ حیزب یەک بگرنەوە بۆ ئەوەی هەموومان لە کۆنگرەی پازدەهەممان کە بە زوویی پێکدێ بەشدار بین و بڕیاراتی کۆنگرەش قەبووڵ بکەین، بە خۆشییەوە ژمارەیەک لەو هاوڕێیانە بە دوای ئەو بانگەوازەدا پەیوەست بوونەوە بە ریزەکانی حیزب، ئێستاش ئێمە لەسەر ئەو داوایەمان پێداگرین، بێجگە لەوە لە نێو حیزبدا خەریکی ئامادەکردنی گەڵاڵەیەکین کە دوای پەسند کردنی بتوانین لەو هاوڕێیانە نزیک بینەوە و بەشێوەک رێگا بۆ وتوویژ لەگەڵ یەکتری خۆش کەین.

**رووداو**: ئێوە ئەمساڵ کۆنگرەی ١٥ دەبەستن، گرینگترین بابەتەکانی کۆنگرەتان چی دەبن؟

**مستەفا هیجری**: من پێم وایە گرنگترین بابەتی کۆنگرەمان باس لەسەر راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەند دەبێ کە لەوێدا کەموکوڕییەکانی حیزب راشکاوانە دەکەونە بەر باس و لە ئاکامدا پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەی کاری رێبەرایەتی و بەڕێوەبەریی حیزب لە هەموو ئاستێکدا. یەکێکی دیکە لە باسەکان، بەرفراوانتر کردنی فەزای کار و موشاورەت بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی باشتری کارەکان لە چوار ساڵی داهاتوودا، هەر لەو پێوەندییەدا پێداچوونەوە بە بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆ و بە رۆژ کردنەوەی، رێنوێنی گرنگی کاری حیزب دەبێ، لە کۆتاییدا وەک هەمیشە هەڵبژاردنی رێبەرایەتییەکی نوێ بۆ حیزب دەکەوێتە بەر باس و دەنگدان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠١٢

-------------------------------------------

**بەهاری عەرەبی کرانەوەی دەروازەیەکی نوێ بە رووی دێمۆکراسییە...**



## وتووێژ لەگەڵ تیشک تی‌ڤی

بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی "تیشک"، وەڵامی چەندین پرسیاری سەبارەت بە دۆخی هەنووکەیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دۆخی خەباتی کورد و بەتایبەتی پرسی یەکیەتیی ریزەکانی گەلی کورد دایەوە. لێرەدا لەبەر گرینگی ئەو تەوەرانەی کە لەو وتووێژەدا هاتوونەتە بەرباس، بە پێویستمان زانی بەشێک لە وتەکانی بەڕێز هیجری لەو وتووێژەدا بڵاو بکەینەوە.

بەڕێز هیجری لە وەڵامی پرسیارێک لەسەر گەمارۆ نێونەتەوەییەکانی سەر ئێران و کاریگەرییان، وێڕای ئاماژەدان بە پێداگری ڕێژیمی ئیسلامی لەسەر پیتاندنی ئورانیۆم و توندتر بوونی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان بەم هۆیەوە، باسی کەم بوونی فرۆشی نەوتی ئێران و ئەو کێشانەی کە بە هۆی گەمارۆی بانکەکانی ئێران لە بواری مامەڵەی نەوتییەوە لە بەردەم ڕێژیمی ئیسلامی دان، کرد و وتی:

"بۆیە دەبینین کە بارودۆخی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو خراپ بوون دەچێ بەتایبەتی لە باری ئابوورییەوە، هەرچەند ڕێژیمی ئیسلامی هەوڵی داوە کەلە نێو خەڵک و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وا نیشان بدەن کە گەمارۆکان هیچ کاریگەرییان لەسەر ئێران نەبووە، لە قسە سەیر و سەمەرەکانی سەرکۆمارەوە بگرە تاکوو بەرپرسانی دیکەی حکوومەتی ئەو قسەیە دووبارە دەکەنەوە. ڕەنگە لە هەموویان سەیرتر، هەڵوێستێکی عەلی ئەکبەری ویلایەتی، وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشووتری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە ئێستا راوێژکاری سیاسیی وەلی فەقیهە بێ کە باس لەو دەکا کەلە شەڕی ئێران و عێراقدا، ژاپۆن ماشینی تویوتای لێ تەحریم کردین و نەیانهێشت سیمی خارداریش واردی ئێران بکەین بەڵام ئێمە هەر چووینە پێش. جالب ئەوەیە کە جاری یەکەم ئەوان لە شەڕی ئێران و عێراقدا شکستیان خوارد و جامی زەهری ئیمام هەر بەناوبانگە بە بۆنەی ئەو شکستە کە خواردیان و دوای ئەوە چۆن دەبێ تەحریمی سیمی خاردار و تویوتا لەگەڵ ئەم تەحریمانە کە لە سەریەتی موقایسە بکەین. بەڵام بە هەموو ئەوانەش، رادەی کاریگەریی موخەریبی ئەو تەحریمانە لەسەر ئێران گەیشتۆتە حەدێک کە بەشێک لە بەرپرسەکان بەو کاریگەرییە ئیعتراف دەکەن».

بەڕێزیان لە درێژەی وەڵامی پرسیارەکەدا، وێڕای نموونەهێنانەوە لە ددانپێدانانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە کاریگەریی گەمارۆکان، باسی بەشێکی شاراوەی کاریگەرییەکانی کرد و وتی:

«بەڵام بەشێکی دیکەی بۆ ئێمە نادیارە و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە نیە کە ئەو بەشە رابگەیەنێت، ئەو کاریگەرییەیە کە لەسەر ماشێنی شەڕی کۆماری ئیسلامی دایناوە، هەمووی ئەو مەواد و قەتەعاتەی کە بۆ بەهێزکردنی ماشینی شەڕی ئێران و بۆ پێشکەوتنی

دەزگاکانی شەڕ کە دەبوایە لە دەرەوە بێن، ئێستا هەمووی گەمارۆی لەسەرە و ئێران لەو مەوردەدا تووشی قەیرانێکی یەکجار زۆر بووە و ئەو قەیرانە رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێت، چوونکە ئەو قەیرانە تاکوو ئێستا ئێمە دەیبینین بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ گەمارۆکانی پێشوو، ئەم گەمارۆیانە لە سەرەتای ئەو مانگە واتە مانگی ژووەن خراونەتە سەر ئێران و کاریگەرییەکانی لە داهاتوویەکی نێزیکدا دەردەکەوێت و ئەوە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران.»

بەڕێزیان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە »ئەگەر هاتوو ئاستی تەحریمەکان رۆژبەرۆژ زیاتر بکرێت، پێتان وایە کە کۆماری ئیسلامی لە ئاخردا ناچار بێت کە دەست لە بەرنامە ناوکییە بەگومانەکەی هەڵبگرێ و پەنا بباتە بەر نۆشینی جامی ژەهرێکی دیکە؟»، وتی:

«بەڵێ من پێم وابێ کە ئەوە مومکینە، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین، بەڵام ئەوە کەی روو دەدات، کاتێک کە رادەی فشاری ئابووری لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگات بە رادەیەک کە ئیدی کۆماری ئیسلامی مەترسی رووخان و تێکچوونی هەیە، چوونکە بە پێچەوانەی هەموو ئەو ئیدیعا و درووشمانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیدات، هەموو خەڵک دەزانێت کە ئەو بەرنامەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی پێکردووە بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم و ئاکامیشی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمییە، نە ویست و داخوازی خەڵکە و نە لە ئەولەوییەتی ئیحتیاجاتی خەڵکدا قەراری گرتووە، نە لەبەر خزمەتکردن بە ئیسلامە و هیچکام لەوانە نیە، بەڵکوو تەنیا لەبەر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیهەوێ خۆی بەهێز بکات و لە بەرامبەری هێندێک ئیحتمالاتی هێرش بۆ سەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و رووخاندنی ئەو حکوومەتە لە لایەن هێزەکانی دەرەکییەوە خۆی بەهێز بکات و بتوانێ بمێنێتەوە، واتە ئەو هەموو زەبروزەنگەی کە لەسەر خەڵکە و ئەو هەموو بەدبەختی و مەحروومییەتە کە تووشی خەڵک بووە لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، تەنیا لەبەر پاراستنی کۆماری ئیسلامییە. کەوابوو دەتوانین نەتیجە بگرین کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە ژێر ئەو فشارانەدا بگاتە رادەیەک کە هەست بە مەترسی رووخانی حکوومەت بکا، ئیدی دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین مومکینە کە جامی ژەهرێکی دیکە بخواتەوە و دەستی لێ هەڵگرێ. بەڵام کێشەی ئێران تەنیا ئەوە نیە کە ئایا دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵدەگرێ یان نە، بەڵکوو کێشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت ئەگەر ئەوەش قەبووڵ بکات، لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە تەواو نابێت، چوونکە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و تەقوییەتی گرووپگەلی تێرۆریستی تا لەژێرپێنانی مافی مرۆڤەوە بگرە تاکوو ئوسووڵ و پرەنسیپەکانی نێونەتەوەیی هیچکامیان لەگەڵ سیاسەتی نێونەتەوەیی ئەم رێژیمە یەک ناگرێتەوە، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا بەوەی کە دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵبگرێ، نەجاتی نابێت.»

لە پرسیارێکی دیکەدا باسی ئەگەری رووودانی شەڕ لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە دژی کۆماری ئیسلامی بە هۆی دەستهەڵنەگرتنی ئەو رێژیمە لە سیاسەتە ئەتۆمییەکانی هەنووکەی کرا. بەڕێز هیجری لە وەڵامدا وتی:

«بە بۆچوونی من ئەوەی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش و رۆژبەرۆژ زەختەکەی زیاد دەکات بۆ ئەوەیە کە فورسەتێک بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بدات کە بە خۆیدا بێتەوە، بەڵام تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی داوە کە لە بەرامبەر ویست و داخوازی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا مل راناکێشێ و بەچۆکدا نایەت. ئاکامی ئەو کارە دەبێتە ئەوە کە لە ئاخرین مەرحەلەدا کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بگاتە ئەو قناعەتەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیدی موزاکرەکردن لەگەڵی گەیشتووەتە بومبەست و هیچ ئومێدێک بە بەرەو پێشچوونی موزاکرە و دیالۆگ لەگەڵ ئێران نەماوە، بۆ خۆیانیش نەیانشاردۆتەوە کە

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خاوەنی چەکی ئەتۆمی تەحەمول ناکەن، ئەمە بەو واتایە کە تەنانەت هێرشکردن بۆ سەر ئێران لە ئارادایە » و زیادی کرد: «بەڵام ئەوەی کە بۆ ئێمە روونە ئەوەیە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، کۆماری ئیسلامییەکی خاوەن چەکی ئەتۆمی، تەحەمول ناکات.»

**بەڕێزیان لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە هەڕەشەکانی ئێران بۆ داخستنی تەنگەی هورمۆز، وتی:**

«ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی هاتنەسەرکارییەوە تاکوو ئێستا لە باری پێشخستنی ماشێنی شەڕی خۆی هێندێک دەسکەوتی بە دەست هێناوە، جێگەی گومان نیە، بەڵام کاتێک کە دینە سەر موقایسەکردن بەینی ئیمکاناتی شەڕی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ناتۆ و ئامریکا، ئەودەمی باش دەزانین کە هەموو ئەو هەڕەشانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکات زۆرتر مەسرەفی نێوخۆیی هەیە و بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکی خۆیانە و بۆ ئەوەیە کە نیشان بدەن کە ئەوانیش ئیمکانی بەربەرەکانێیان هەیە، بەڵام بێجگە لەوەی کە ئەو قسانە بۆ فریودان و چەواشەکردنی خەڵک دەکەن، خەڵک بۆ خۆیان شارەزاییان هەیە و باش دەزانن کە تێکنیکی شەڕی رۆژئاوا لەگەڵ ئەوان موقایسە ناکرێت.»

**دواتر لەمەڕ کاریگەرییەکانی داخستنی ئەو تەنگەیە لە لایەن ئێرانەوە پرسیار کرا کە بەڕێز هیجری وێڕای ئاماژە بە پروپاگانداکانی رێژیمی تاران لەو بارەوە، وتی:**

«من پێموایە کە لە باشترین حاڵەتدا رەنگە کۆماری ئیسلامیی ئێران بتوانێ بۆ ماوەی چەند ساعەت یان ٢٤ سەعات تەنگەی هۆرمۆز دابخات، بەڵام دوای ئەوە ئیمکانی نیە چوونکە هەم سەرکوت دەکرێ و هەم رێگاکە دەکرێتەوە و رەنگە لەو چوارچێوەدا زەربەی گەورەش لە ئێران بدرێت، چوونکە تەنگەی هۆرمۆز رێگایەکە کە هیچکات رۆژئاوا ئیجازە بەوە نادات کە دابخرێت، لەبەر ئەوەی نەوتی بەشێکی هەرەزۆری دنیا هەر لەو تەنگەیەوە هاتوچۆ دەکات.»

«ئەگەر هاتوو رێژیمی ئەسەد برووخێت و چارەنووسی ئەو وڵاتە یەکلایی بکرێتەوە، کۆمەڵگای جیهانی چەندە دەستیان ئاوەڵاتر دەبێت لە هەمبەر گوشار خستنەسەر ئێران؟»،

**پرسیارێکی دیکە بوو کە لە بەڕێز هیجری کرا و بەڕێزیان وێڕای ئاماژە بەوە کە سەرەڕای سەرقاڵبوونی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە سووریە، گەمارۆ خستنەسەر کۆماری ئیسلامی هەر بەردەوامە، باسی گرینگیی زۆری رێژیمی بەشار ئەسەد بۆ کۆماری ئیسلامی کرد و وتی:**

«بۆیە نەمانی رێژیمی بەشار ئەسەد لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دادەنێت، هەر لە بەر ئەوەیە کە دەبینین کە کۆماری ئیسلامی هەموو توانای خۆی لە باری ئابووری، ئیمکاناتی شەڕ، چەک، لە باری ئامووزشی و تەربییەتی هێزەکانی بەشار ئەسەد تەرخان کردووە بۆ ئەوەی کە یارمەتی بدات تا کە ئەو حکوومەتە چەند کاتێکی دیکەش لە دەسەڵات بمێنێتەوە.«

بەڕێز هیجری لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بە شۆڕشەکانی ناوچە و ئەو بۆچوونە کە پێی وایە بەلاڕێدا چوون و بە ئاراستەی دێموکراتیزاسیۆندا نین، وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە و پێداگری لەسەر ئەوەی کە ڕەوتەکە بەگشتی ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنە، وتی:

«ڕەنگە ئەو حکوومەتانەی کە هاتونەتە سەر کار لەو وڵاتە عەرەبییانەدا، ئەوە نەبێت کە هەمووی بە دڵخوازی خەڵک و ڕۆژئاوا و هەموو ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازان بێت، بەڵام ناکرێت ئێمە ئەو هەنگاوانە نادیدە بگرین. ئێمە دەبێ واقعییەتێک لە بەرچاو بگرین کە لە هەموو دنیادا هەر بەو شێوەیە کە بۆ کۆمەڵگایەک کە بە درێژایی مێژوو لە ژێر زەبروزەنگی دیکتاتۆریدا بووە، لە ژێر کاریگەری هێژمونی مەسائیلی عەشیرەتی و قەبیلەیی و ئاییینیدا بووە و دوژمنایەتی کۆن و نەبڕاوە لە بەینی ئەو خەڵکەدا وجوودی هەیە، بەڵام دیکتاتۆرێک دێ و بە زۆری سەرەنێزە ئەو وەزعە ئارام دەکاتەوە، نەوعێک دەتوانم بڵێم کە بێدەنگی قەبرستان حوکمفەرما دەکات بەسەر ئەو وڵاتانەدا، بەڵام دوای نەمانی دیکتاتۆرەکە تەبیعییە کە وڵات حاڵەتی عادی خۆی لە دەست دەدات و هەموو ئەو گرایشاتە فیرقەیی و ئاییینیانە و دوژمنایەتییە کۆنەکان دووبارە سەرهەڵ دەدەنەوە، مەسەلەی ویست و داخوازیی زۆرینەی خەڵک لەو مەنتەقانەدا کە موسڵمانن دێتە ڕوو، بۆیە خەڵک لەو پێوەندییەدا نائارامی پێک دێنێ و تەقینەوە و ئینفجارات هەیە، زۆرجار مەسایلی مافی مرۆڤ دەخرێتە ژێر پێ، بۆ خەڵکێکی ئاوا ئەوە من بە شتێکی تەبیعی دەزانم چوونکە ئێمە ناکرێ چاوەڕوانیمان بێ لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا تەنیا بە نەمانی دیکتاتۆرێک لە شەووڕۆژێکدا ئەو خەڵکە عەقڵییەتەکەی گۆڕابێ و ببێتە دێموکرات، لە حاڵێکدا قەد دێموکراسی تەجرووبە نەکردووە و قەد کاری هاوبەشیان نەبووە، کەس نەزەری ئەوانی بە گرینگ دانەناوە و لە چارەنووسی وڵاتەکەیاندا بیروبۆچوونی ئەوان کەمترین کاریگەری بووە، کەوابوو شتێکی زۆر تەبیعییە کە ئەو خەڵکە لە نائارامی، لە کوشتار و لە هەمووی ئەوانەوە دەست پێ دەکات و وردەوردە دەچێتە پێش و ئەوانە تەجرووبە دەکات، تەجروبەیە کە بە خەڵک دەڵێ کە ئەگەر ئەوان ئازاد بوون دەتوانن چ جۆرە حکوومەتێک بۆ خۆیان دیاری بکەن و چ بۆ خۆیان هەڵبژێرن، شتێکی زۆر تەبیعییە کە لە سەرەتاوە هەڵە بکەن. من جارێکی دیکە ئاماژەم پێکرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و خەڵکی ئێران بە نموونەیەکی زیندوو و زۆر ئاشکرا دەبینین لەو پێوەندییەدا. خەڵکی ئێران سی و چەند ساڵ لەمەوپێش دژی حکوومەتی پاشایەتی ڕاپەڕین و حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان هێنایە سەرکار، ئەوکات زۆربەی خەڵکی ئێران پێیان وابوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتووەتە سەرکار و بەو وعدە و وەعیدانە کە دەیدات ئێرانیان بۆ دەکات بە بەهەشت، ئاکامەکەی وای لێهات کە خەڵک خومەینییان لە مانگدا دەدی و زۆر شتی دیکە کە مەجال نیە لێرە باسی بکەین، بەڵام دوای ٣٣ ساڵ ئەزموونکردنی ئەو حکوومەتە، ئێستا خەڵکی ئێران گەیشتووە بەو قەناعەتە کە ئەو حکوومەتە ناتوانێ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی ئەوان بەراورده بکات، بۆیە ئێستا لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا من گومانم نیە، لەوەدا کە تەنها کەمینەیەکی زۆر بچووک لە خەڵکی ئێران ڕەنگە خوازیاری درێژەدانی حکوومەتی ئیسلامی بن و حکوومەتی ئیسلامی بە نەزەری من لە ئێراندا بۆ هەمیشە دەبێ خواحافیزی بکات. بۆیە دەبێ ئەو مەجالە بە خەڵک بدرێت کە ئەوە تەجرووبە بکات، بەتایبەتی پێم خۆشە کە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو دیاردانەی کە بەتایبەتی تا ئێستا بینراوە و هەم لە میسر و هەم لە لیبی بە پێچەوانە، زۆر جێگای دڵخۆشی و ئومێدن. ئێمە دەبینین لە میسردا لەگەڵ ئەوەیدا کە ئیخوانولموسلمین لایەنێکی بەهێزی نێو خەڵکە، بەڵام لە هەڵبژاردن ئەحمەد شەفیق کە وەزیر بووە لە سەردەمی حکوومەتی ڕووخاوی ڕابردوودا، بینیمان کە شانبەشانی محەممەد مۆرسی کە کاندیدای ئیخوانولموسلمینە، دێتە پێش و بە ئیختلافێکی زۆر کەم

محەممەد مۆرسی دەبێتە سەرۆک کۆمار، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە خەڵک وانیە کە هەموویان لایەنگری حکوومەتی ئیسلامی بن یان لانیکەم بە محەممەد مۆرسی کە سەرۆک کۆمارە و بە حیزبەکەی ئەو، ئیخوانولموسلمین دەڵێن کە لایەنی دیکە کە لایەنی سێکولارە، ئەوەندە بەهێزە کە ناتوانێ نەیخوێنێتەوە و ئەوە جێگای ئۆمێدە. یان بۆ نموونە لە لیبی دەبینین کە ئێئتلافی سێکولارەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەدا پێشتازە و شتێکە کە خەڵک زۆر کەمتر چاوەڕوانی دەکرد و ئەمانە نوقتەی ئۆمێدن، واتا دەبێ دڵخۆش بین بەوەی کە بەهاری عەرەبی و ئەو شۆڕشەی کە بە بەهاری عەرەبی ناسراوە، کرانەوەی دەروازەیەکی نوێ لە مەنتەقەدا بە رووی دێموکراسییە، بەڵام ئەو لایەنانەی بەتایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو ئاڵوگۆڕەیان پێ ناخۆشە و تەبلیغاتێکی زۆریان وەڕێخستووە کە خەڵک لە دەرەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانە نائۆمێد بکەن، بۆ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خۆیشی لە نێزیکبوونەوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا دەبینی، وا نیشان بدات بە خەڵک ئەگەر ئەو حکومەتە برووخێت ئیتر حکوومەتی دڵخوازی ئێوە نایەتە سەرکار، کەوابوو نابێ ئۆمێدەوار بین. بە پێچەوانەوە جێگای ئۆمێدوارییە و من هیوادارم کە زۆر زووتر لەو مەقتەع زەمانییەدا کە رەنگە زۆر کەس پێش بینی دەکات، ئێمە شاهیدی دێموکراسییەکی قابیلی قەبوول، ناڵێم ئیدەئال بەڵام قابیلی قەبوول لە ناوچەدا بین.»

**لە پرسیارێکی دیکەدا، سەبارەت بە چۆنیەتیی پەیوەستبوونەوەی گرووپی هەڵوێست بە حیزبی دێموکرات لە کاک مستەفا پرسیار کرا. بەڕێزیان لەم بارەوە وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ئەوە کە حیزبی دێموکرات هیچ دەستێوەردانێکی لە کاروباری ئەو لایەنە نەکردووە کە گرووپی هەڵوێستی تێدا درووست بووە و بە بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەم راستییە، وتی:**

«ئێمە لە بەرەبەری کۆتایی کارەکەدا زانیمان کە ئەو گرووپە لەگەڵ رێبەرایەتییەکەیان رێک نەکەوتوون و لە فکری ئەوەن و لە هەوڵدان بۆ ئەوەی حیزبێکی سەربەخۆ پێک بێنن، ئێمە ئەوەمان بە زەرەری جووڵانەوە زانیوە و بە زەرەری حیزبی دێموکراتمان زانیوە و موتەوەجیهی ئەوە بووین کە خەڵکی کوردستان هێندەی دیکە ناراحەت دەبن. لەو کاتەدا بوو کە ئێمە بۆ بەرگریکردن لەو زەرەرە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە تەماسمان گرتووە و لەگەڵیان دانیشتووین، قسەمان لەگەڵ کردوون کە ئەوان یا بگەڕێنەوە لەگەڵ جەماعەتی جیابووەوە لە حیزب، کارەکانیان ئیدامە بدەن یان ئەگەر ئەو کارە ناکەن و بە نەتیجە ناگەن لە جیاتی ئەوەی کە حیزبێکی موستەقل پێک بێنن، بگەڕێنەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، باوەشی حیزبی خۆیان، ئێمە باوەشمان ئاوەڵایە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان یەک بگرینەوە، حورمەتیان دەگرین و بە گوێرەی کار و توانایان وەکوو هەموو ئەندامان و کادر و پێشمەرگەیەکی حیزبی جێگە و پێگەی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە و بە خۆشییەوە بە تێگەیشتنێک کە لەو گرووپەدا هەبوو لە زۆربەیاندا ناڵێم لە هەموویاندا و هێندێک هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانی حیزبیش بەرنامەی پێکهێنانی حیزبێکی موستەقیلی کورد تێک چوو و ئەوانە ئامادە بوون بگەڕێنەوە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. من پێموابێ ئەو هەنگاوەی حیزبی دێموکرات نەک هەر جێگای رەخنە نیە بەڵکوو لە لایەن هەموو خەڵکی کوردستانی ئێران پێشوازی لێکراوە و دەبایە لە لایەن ئەو لایەنەی کە لێی جودا بۆتەوە پێشوازی لێکرابا، هەرچەند بە داخەوە وەزعییەتەکەی ئێستاش من وای دەبینم کە لانیکەم گرووهێک لە جەماعەتی جیابووەوە حەتتا پێیان خۆش بوو ئەوانە حیزبی موستەقیل پێک بێنن یا حەتتا بگەڕێنەوە بۆ نێو کۆماری ئیسلامی، بەڵام پەیوەست نەبن بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەڵام ئێمە ئەو هەنگاوەمان لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵک هەڵێناوەتەوە. ئەگەر لەو



سەرچاوە
Serchawe

راستایەدا گرووهێک یا کەسانێکیش هەن کە بە تەفسیری جۆراوجۆر دەیانهەوێ لە ئەهەمییەتی ئەو کارە نیشتمانییەی کە ئێمە کردمان کەم بکەنەوە، ئەوە هیچ تەئسیر لە نەتیجەی ئەو هەنگاوەی حیزبی دێموکرات ناکا و بۆیە من پێوابێ کە ئەو تەبلیغاتەی کە ئەوان کردیان کە ئێمە دەستمان بردۆتە نێو ئەوان و گرووپمان لێ درووست کردوون و جوادمان کردۆتەوە و زۆر شتی دیکە کە لەو بارەدا باس کرا، ئەمن بە جیددی هەمووی ئەوانە رەد دەکەمەوە و دەڵێم کە حیزبی دێموکرات لە سەرگرتن و ریشەداکوتانی ئەو گرووپە هیچ تەئسیرێکی نەبووە، بەڵکوو ئەو گرووپە بۆ خۆیان باش دەزانن لانیکەم دوو ساڵە لەگەڵ ئەوان تووشی کێشە بوون و زۆریشیان هەوڵ داوە پێک بگەن بەڵام پێک نەگەیشتن.»

**بەڕێز کاک مستەفا سەبارەت بە هێرشی تەبلیغاتی جەماعەتی مەلا حەسەنی رەستگار بۆ سەر حیزب و تۆمەتدانە پاڵ حیزب لە پێوەندی لەگەڵ گرووپی هەڵویست، بە پێداگری لەسەر ئەوە کە:**

«ئەگەر لەو ماوەدا هێندێک تەبلیغات لە لایەن گرووپی هەڵوێستەوە بە دژی لایەنەکەی خۆیان هاتە ئاراوە، قسەی ئەوان بوو، هیچ کادرێک یا پێشمەرگەیەک لە پێشمەرگەیەکی سادەڕا بیگرە هەتاکوو ئەندامێکی رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لەو موزوعەدا دژی ئەوان هیچ قسەیەکی نەکردووە»، جەختی کردەوە کە حیزبی دێموکرات تەنیا بە دەرکردنی بەیاننامەیەک و بەڕێوەبردنی رێوڕەسمێک پێشوازی لە پەیوەستبوونەوەی ئەو گرووپە بە حیزب کردووە و هیوای خواستووە ئەوانەی دیکەیشی کە لە حیزب جیا بوونەتەوە، بگەڕێنەوە نێو حیزب.

**بەڕێزیان لە بارەی شانتاژکردن لەمەڕ بوونی دووبەرەکی لە نێوان رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت پرسی لێکنزیکبوونەوە لەگەڵ ئەو جەماعەتەی لە حیزب جیا بوونەتەوە، وتی:**

«من لە پێش هەموو شتێکدا پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە لەمێژە بەتایبەتی بەدوای کۆنگرەی ١٣دا لە لایەنە نەیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە جومهوری ئیسلامی ڕا بگرە تا هێندێک لایەن و کەسایەتی هەمیشە ئەوەیان زەق کردۆتەوە کە لە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دووبەرەکی هەیە، جاری وابووە سکرتێری حیزب لە لایەک و ئەندامانی دەفتەری سیاسی لە لایەک دانرابوون، جاری وا بووە کە سکرتێری حیزب لەگەڵ چەند ئەندامی دەفتەری سیاسی وەکوو لایەنێک حیساب کراون و بەقیەکەی دیکە لە دژیان بوون و... ئەو مەسەلە هەروا بەردەوام بووە و باسی لەسەر کراوە. ئەمن لێرەدا لە پێش هەموو شتێکدا پێم خۆشە خەڵکی کوردستان ئاگادار بکەمەوە، هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار بکەمەوە کە بە تەعەهودەوە دەڵێم لە دوای کۆنگرەی ٤ کە من بوومەتە ئەندامی رێبەرایەتیی ئەو حیزبە و تاکوو ئێستا لە خزمەتی ئەو حیزبەدا بووم و لە رێبەرایەتیدا بووم هیچ وەخت نەمدیوە کە رێبەرایەتیی حیزب بەو شکڵە لە بەڕێوەبردنی سیاسەت و بەرنامەکانیدا یەکگرتوو بێ، یەکگرتوو نە بە مەعنای ئەوە کە ئەگەر سکرتێری حیزب شتێکی گوت ئەوان بێئەملاوئەولا قبووڵی دەکەن یان ئەگەر چەند کەس شتێکی گوت، باقی دیکە قبووڵی دەکەن، ئەوەیە کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا رەئی جیاواز و بۆچوونی جیاواز لە هەموو مەوردێکدا لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزبیدا بێ سنوور ئازادە، لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی

ناوەندیدا، لە دەفتەری سیاسیدا، لە کۆنگرەدا و لە حەتتا شانەکانی حیزبیدا، لەو کۆبوونەوە ئازادانەدا نەزەر و بۆچوونی کاملەن جیاواز مەترەح دەکرێ بە بێ ئەوەی کە هیچ کەس نیگەرانی ئەوە بێ کە دوای باسکردنی لە نەزەراتەکەی بکەوێتە ژێر فشار، بەڵام چوونکە مەسەلەکە دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییە لەبەر ئەوەی کە مەسەلەکە یەکگرتووڕاگرتنی حیزبە کە هەموومان باوەڕمان پێیەتی، لەو بەحسانەدا بە نەتیجە دەگەین و هەمیشە باشترین حەلەکان دەبینینەوە و دەیکەینە سیاسەتی هەموومان، هەموو وەکوو یەک دەیبەینە پێشێ. بۆیە لەو ماوەیەدا تاکوو ئێستا و تەنانەت لەسەر مەسەلەی بەحسەکانی من لە جەریانی موساحبەیەکی پێشتر لە پەیامەکانی نەورۆز و ١٠ی خاکەلێوەدا کە من باسی سیاسەتی حیزب بەرەو لێکنزیکبوونەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان کە جوودا بوونەتەوە مەترەح کرد، ئەوە قسانە سیاسەتی تەنیا من وەکوو سکرتێری حیزب نەبووە، بەڵکوو سیاسەتی هاوڕێیانی خۆم لە ڕێبەرایەتیدا بووە کە من ئەو مەسەلەیەم مەترەح کردووە و هیچ ئیختلافێک لەو پێوەندییەدا لە ئارادا نیە. بۆیە ئەوەی تکرار دەکەمەوە هەموو ئەو لایەنانەی کە حیسابی خۆیان لەسەر دووبەرەکی یان چەندبەرەکی لە حیزب، لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا داناوە، پێیان دەڵێم کە حیسابەکانیان غەڵەتە و لەو تەقسیمبەندییەدا بە هیچ نەتیجەیەک ناگەن هەر وەکوو تا ئێستاش بە هیچ نەتیجەیەک نەگەیشتوون.»

« زۆر کەس رەخنەی ئەوە دەگرن کە گەڕانەوەی ئەو هاوڕێیانە ئەسڵەن بە واتایەکی دیکە بڵێم پەیوەستبوونیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەی نەدەهێنا کە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بەیاننامەیان لەسەر بدات. وەڵامی ئێوە چیە لەو پێوەندییەدا؟» پرسیارێکی دیکە بوو کە ئاراستەی بەڕێز هیجری کرا. بەڕێزیان لە وەڵامدا وتی: «من ئەو کەسانە یا ئەو هاوڕێیە خۆشەویستانەی کە لە رابیتە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا نەزەرێکی وایان هەیە بە دوو دەستە دابەش دەکەم، یەکێکیان خودی ئەو هاوڕێیانەی کە لە ئێمە جوودا بوونەتەوە، وەکوو عەرزم کردن ئەوان بە هیچ جۆر پێیان خۆش نەبووە کە ئەو گرووپە پەیوەست بێتەوە بە حیزبی دێموکرات و هەموو ئەو هەنگاوانەی کە حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا ناویەتی دەخەنە ژێر پرسیار. ئەوە بۆ من زۆر شتێکی تەبیعییە، تەبیعی نە بە مەعنای ئەوە کە پێم سەحیح بێ، بەڵکوو بەپێی شناختێک کە لەسەر ئەوان هەمە ئەوەم پێ تەبیعییە. بەڵام ژمارەیەک لە هاوڕێیانی دیکە کە دڵسۆزن بەڵام لە ئەسڵی مەسەلەکە حاڵی نەبوون بۆ ئەوان ئەو توزیحە دەدەم کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر گرینگ بوو کە نزیکەی حەفتا هەشتا نەفەر لە ئەندامانی حیزبی کە پێشتر جوودا بوونەتەوە کە تیعدادێک کادر و پێشمەرگەشیان لەگەڵ بووە، ئەوانە دێنەوە مولهەق دەبن بە حیزبی دێموکرات. دەفتەری سیاسی ئەو مەسەلەی لە دوو جەهەتەوە بە گرینگ زانی کە ئەوەڵەن گرووپێک دێن لەگەڵ حیزب پەیوەست دەبنەوە، یەکڕیزی پێک دێنن، لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەو یەکڕیزییە هەدەفی ئێمە و هەدەفی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بۆیە ئێمە ئەو مەسەلە بە گرینگمان زانی و پێمان وابوو کە دەبێ دەفتەری سیاسی بەیانییە بدا، بۆیە پێموابێ ئەو بەیانییە پڕ بە پێستی خۆی بوو، لە کاتی خۆیدا بوو و زۆر بە باشی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی بە نیسبەتی ئەو کەسانەی کە رۆژێک رۆژگارێک بە هەر دەلیلێک لە حیزبی دێموکرات دوور کەوتوونەتەوە بەڵام دەیانەوێ پەیوەست بنەوە بە حیزبی دێموکرات نیشان دەدا». هەروەها زیادی کرد: «لە لایەکی دیکەش پێمان خۆش بوو بەو بەیانییە ئەوە بە ئەو هاوڕێیانەی کە جوودا بوونەتەوە و دەیانەوێ چارەنووسی خۆیان یەکلایی بکەنەوە بەوانیش بڵێین کە باوەشی حیزبی دێموکرات ئاوەڵایە، ئێمە پێمان خۆشە وەکوو لە پێشتر ئەمن رامگەیاندووە لێرە دووبارە ئەوەی رادەگەیەنمەوە کە پێمان خۆشە هەرچی زیاتر لەو رەفیقانە پەیوەست بن بە حیزبی دێموکرات و لەگەڵ ئێمە بەشدار بن لە

کۆنگرەیەکدا کە لەسەر ڕێگامانە بۆ ئەوەی کە ئەوانیش بەپێی شایستگی خۆیان بەپێی کار و تێکۆشانی خۆیان کە ئێمە زۆربەمان یەکتری دەناسین لە داهاتووی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نەقش و دەوری خۆیان بگێڕن.»

بەڕێزیان لەسەر بەکارهێنانی وشەی «یەکگرتنەوە« بۆ پێناسەکردنی پەیوەستبوونەوەی ئەو گرووپە بە جیزب، وتی: «وەختێک تێعدادێک خەڵک دێن لەگەڵ حیزبی دێموکرات یەک دەگرنەوە، ئەوە هەم یەکیان گرتۆتەوە، هەم یەکڕیزییان پێک هێناوە، بەڵام ئێمە لە هیچ کوێ نەمانگوتووە کە ئەو مەسەلەیە تەواو بوو، خۆ مەسەلەکە وەکوو کوردەواری خۆمان دەڵێ چاوبەستن نیە. قسەکانی من ئێستا بە نووسراو لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا هەیە، لەسەر ماڵپەڕی حیزبی حەتمەن دەبێ، لە »تیشک»دا بڵاو بۆتەوە، بەیانییەی دەفتەری سیاسیش هەر لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا هەیە و لە ماڵپەڕی حیزب و لە راگەیەنەکانی حیزبیدا بڵاو بۆتەوە. ئەوەی کە من لە مەراسمەکەدا باسم کردووە ئەوەیە کە دەڵێم لەو بەشەدا کە مەبەستی ئەوانە ژمارەیەک لە هاوڕێیانی تێکۆشەر کە هیوای سەرکەوتن و درێژەدانی خەبات هەروا لە مێشک و ئیرادەیاندا زیندووە بە تەحەمولی تانەوتەشەر، فشار و زەختی زۆر ڕێچکەی بەستەڵەکێکیان خۆش کرد، واتە بۆ لێکنیزیکبوونەوە ڕێچکەی بەستەڵەکیان خۆش کردووە.«

بەڕێز کاک مستەفا لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا، وێڕای باسکردن لە پێشوازی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لایەنە جیاوازەکان لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ پەیوەستبوونەوەی گرووپێکی دابڕاو لە حیزب، لە کۆتاییدا روو لە خەڵکی کوردستان وتی:

«ئێمە دەردی مەسەلەی ئینشقاق و تەفرەقە و دووبەرەکی لە ریزەکانی گەلی کورددا و لە ریزەکانی حیزبە سیاسییەکاندا دەبینین و ئێمە زیاتر لە خەڵکی عادی چوونکە لە جەرەیانی کارەکەدا بووین زەربەی ئەو تەفرەقانەمان خواردووە، بۆیە بە دڵەوە کار دەکەین بۆ ئەوەی کە نەک ئینشعاب و ئینشقاقی زیاتر لەوەبەدوا پێک نەیێت، بەڵکوو ئەوەندەی کە توانامان هەیە، ئەوەندەی کە قسەمان دەڕوا هەنگاو دەنێین لە ڕێگای یەکڕیزیی زیاتر بەتایبەتی بەینی حیزبی دێموکرات و ئەو گرووپەی کە دوای کۆنگرەی ١٣ لە حیزبی دێموکرات جودا بۆتەوە.«

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٢

**سەبارەت بە دوایین پێشهاتەکانی ناوچە و کوردستان...**



## وتووێژی رۆژنامەی رووداو

**مستەفا هیجری: ئێمە لە ٤ ساڵی رابردوودا توانیومانە بوونمان لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام پەرە پێ بدەین**

**مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رووداو، تیشک دەخاتە سەر دوایین پێشهاتەکانی کوردستان و ناوچەکە و دەڵێ: بە رووخانی رێژێمی سووریە بالانسی هێز لە ناوچەکە دەگۆڕدرێت و هاوکاری ئێران بۆ گرووپە رادیکاڵەکانی وەک حیزبوڵڵا و حەماس رووبەڕووی گرفت دەبێتەوە و کۆماری ئیسلامی لە رووخان نزیک دەکاتەوە.**

**رووداو: ماوەیەکە حیزبی دێمۆکرات خۆی بۆ بەستنی کۆنگرەی پانزدەهەمی ئامادە دەکات، ئایا ئەو کۆنگرەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتەکانی حیزب دێنێتەدی؟**

**مستەفا هیجری:** نزیکەی ٨ مانگ لەمەو پێش کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە دیاری کرا و ئەو کۆمیتەیە لەو کاتەوە خەریکی ئامادەکاری پێویستە. راپۆرتی کۆنگرە و بەرنامە و پێڕەوی کۆنگرەی ١٥ ئامادە کراوە. کۆنفڕانسەکانی حیزب لە ئورووپا و ئەمریکا کۆتایی پێهاتووە و نوێنەرانی کۆنگرە دیاری کراون. ئەندامانی حیزب لە هەرێمی کوردستان کۆنفڕانسەکانیان تەواو بووە و ئێستا تەنها کۆنفڕانسی کادر و پێشمەرگەکان ماوەتەوە کە لەو رۆژانەدا بەڕێوە دەچێت.

بەڕێوەچوونی ئەو کۆنگرەیە هاوکاتە لەگەڵ ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان و گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەسەر پرسی کورددا هاتووە بۆیە باس و لێکدانەوەکانی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە لەسەر راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزب کارێکی گرنگە کە دەبێ بەپێی بارودۆخەکە سیاسەتە گشتییەکانی خۆمان لە ماوەی ٤ ساڵی داهاتوودا دیاری بکەین.

**رووداو: دروشمی حیزبی دێمۆکرات لە کۆنگرەی ١٤دا بە جەماوەری کردنی خەبات بوو، هەتا چەند ئەو دروشمە جێ بەجێ کرا؟**

**مستەفا هیجری:** حیزبی دێمۆکرات لە ئێراندا حیزبێکی قەدەغە کراوە و تێکۆشەرانی ئێمە لە ناوخۆ لەژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیدا درێژە بە خەبات دەدەن و کارەکانمان لە ناوخۆ بەشێوەی نهێنی ئەنجام دەدرێت کە ئەوە کۆسپێکە لە بەردەممان. بەشێوەیەکی گشتی و بە لەبەرچاو گرتنی باردۆخی ئێران، ئێمە لە جێ بەجی کردنی ئەو دروشمە باش چووینەتە پێشێ.

هەر حیزبێک کە ڕێبەرایەتییەکەی لە دەرەوەی وڵات بێ و لەلایەن دەسەڵاتەوە بە نافەرمی و یاساغ ڕاگەیەندرابێت و تێکۆشەرانی لەژێر هەڕەشە و ئەشکەنجە و لێپرسینەوەدا بن، ناتوانێ بەو جۆرەی کە پێویستە بەرنامەکانی لەناو خەڵکدا بباتە پێشەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو گیروگرفتانەی کە هەمانە بەهۆی ئەوەی حیزبی دێمۆکرات مێژوویەکی کۆنی لەناو خەڵکدا هەیە و سەرکردەکانی ناسراون و کار و تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات هەمیشە لە چوارچێوەی ویست و داخوازیی خەڵکدا بووە، بۆیە خەڵک بەگشتی باوەڕیان بە حیزبی دێمۆکرات هەیە.

پێوەندی گرتن بە مامۆستایانی نیشتمانپەروەر و میانەڕەوی ئایینی، پێوەندی گرتن بە مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکاران و پسپۆران لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، دامەزراندنەوەی پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی جیابووەوە مۆر کردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و... هتد، ئەوانە هەموویان لەچوارچێوەی بە جەماوەری کردنی خەبات و پێکهێنانی کەشێکی گونجاو بۆ هاوکاری هێزە سیاسییەکان و ئومێد دان بە خەڵک ئەنجام دراون کە بەگشتی دەنگ دانەوەی باشی هەبووە و خەڵک پێشوازی لێکردووە.

**ڕووداو: حیزبی دێمۆکرات بە چ شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی توندڕەو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردووە؟**

**مستەفا هیجری:** لە میانەی بە جەماوەری کردنی خەبات، پشتیوانیمان لە پێکهاتنی یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. خەڵکی ئێمە مسوڵمانن و ئێمە زۆر بە پەرۆشین بۆ ئەوەی ئیسلامێکی نەرم و میانەڕەو لە کوردستاندا هەبێ. ئێمە لەو ڕاستایەدا توانیمان کۆمەڵێک مامۆستای ئایینی میانەڕەو و نیشتمانپەروەر لە دەوری ڕێکخراوێکدا کۆبکەینەوە هەتا بتوانن ئیسلامێکی نارادیکاڵ لەناو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە و ئەوە کاریگەرییەکی باشی دانا بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر لە لایەنە ئیسلامییە توندڕەوەکان دوور بکەونەوە.

بیرۆکەی ڕادیکاڵیزم لە هەر شێوەیەکدا گیرو گرفت بۆ خەڵکی کورد بەتایبەتی و خەڵکی ناوچەکە بەگشتی دروست دەکات و ئێمە دەبینین کە ڕادیکالیزم ئێستا بووەتە بەربەست لەبەردەم بەرەو پێشچوونی دێمۆکراسی لە ناوچەکەدا و بێگومان ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی کێشەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش خولقاندووە، بەڵام خۆشبەختانە ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پەرەی نەسەندووە و من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر بێت و کەشێکی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک بێت و پارتە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان بتوانن ئازادانە چالاکی بکەن، ئەو بەشەی کە کار دەکەن بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئیسلامی ڕادیکاڵ بێهێزتر و لاوازتریش دەبن.

**ڕووداو: چ هەوڵێکتان بۆ ناوچە شیعەنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە؟**



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: ئێمە لە ٤ ساڵی رابردوودا توانیومانە بوونمان لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام پەرە پێ بدەین. یەکەم بەهۆی ئەوەی زیاتر لە جاران کار و چالاکی رێکخراوەیی‌مان لەو ناوچانە ئەنجام داوە و هۆکاری دووهەم بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە کە زۆرینەیان سەر بە ئاییین‌زای شیعەن و ئێستا رووی راستەقینەی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهی ئێرانیان بۆ دەرکەوتووە و پرسی نەتەوایەتی و کوردایەتی زیاتر لەنێویاندا بوژاوەتەوە. حیزبی دێمۆکرات کەڵکی لەو دەرفەتە وەرگرتووە و توانیویەتی خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچانە بۆلای خۆی رابکێشێت.

**رووداو**: رێبەرایەتیی حیزب ساڵانێکە لە دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستانە، ئێوە و خەڵک بە چ شێوەیەک پێوەندی بە یەکەوە دەگرن و ئاڵوگۆڕی بڕیار و بیروڕا دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێمۆکرات لە ناوخۆدا پردی پێوەندیی نێوان خەڵک و رێبەرایەتی حیزبن و بەشێوەیەکی بەربڵاو لە سەرجەم ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە نهێنی خەبات دەکەن.

بە خۆشییەوە بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ئازادە، ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی سەردان، یان کارکردن روو لێرە دەکەن و ئێستا بوونەتە پردێک لەنێوان حیزب و خەڵکی ناوخۆدا. ئەوە جگە لەوەی لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە بیر و بۆچوون و خواستی خەڵک بە حیزب دەگات وحیزب بە خەڵک.

**رووداو**: ئێوە چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ لایەنەکەی دیکەی دێمۆکرات!؟

**مستەفا هیجری**: دامەزراندنەوەی پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی جیابوو لە حیزب هەم لەسەر ویست و خواستی خەڵکە کە هەردەم خوازیاری یەکگرتوویی و هاوکاری هێزە سیاسییەکان بوون و بابەتی دووهەم گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەیە کە پێوسیتە ئێمە بە یەکگرتوویی و هاوخەباتی بەرەو پیری بچین.

ئێمە وەکو حیزب ئامرازێکین بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خەڵک و بۆ وەڵام دانەوەی سەرەکی‌ترین خواستی خەڵک کە یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانە، ئێمە زیاتر لە ساڵێکە پرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان خستووەتە رۆژەڤەوە و کارمان بۆ کردووە.

هەر لەو راستایەدا مانگ و نیوێک لەمەوپێش، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئاخرین پلینیۆمیدا بڕیاری دا کە بەشێوەی راستەوخۆ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە وتووێژ بکەین و هەنگاو بە هەنگاو بچینە پێشێ هەتا کەشێکی دۆستانە بۆ لێک نزیک بوونەوە و لێک تێگەیشتن بخولقێنین و لەجیاتی دووبەرەکی و دوژمنایەتی، بە یەکەوە هاوکاری بکەین بۆ ئەوەی لە ئاڵوگۆڕە چاوەڕوان کراوەکاندا بە باشترین شێوە کەڵک وەربگرین.



سەرچاوە
Serchawe

هەر لەو پێوەندیەشدا بوو کە لە سەرەتای ئەم مانگە بۆ یەکەم جار لەدوای جیا بوونەوەیان، لەگەڵ کاک خالید عەزیزی لە چاوپێکەوتنیکدا چۆنێتی دامەزراندنەوەی پێوەندییەکانمان تاوتوێ کرد.

**ڕووداو**: ئێوە دەتانەوێ ئەوان بێنەوە ناو ئێوە یان وەک ئەوان دەڵێن یەکبگرنەوە؟

**مستەفا هیجری**: یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان ئامانجی سەرەکی و ستراتیژیی ئێمەیە، بەڵام ئەو پرسە پرسێکی دوو لایەنەیە و ئێمە ناتوانین بە تەنیا بڕیار بدەین. ئێمە بە جیدی هەوڵ بۆ یەکگرتنەوە دەدەین، بەڵام بە بڕوای من یەکگرتنەوەمان لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو پێویستی بە کاتێکی زیاتر هەیە. پێوسیتە زیاتر لێک نزیک بینەوە و زیاتر لە ئامانجەکانی هاوڕێیانمان چڕ ببینەوە. ئێمە بەداخەوە ئەزموونێکی شکست خواردوومان هەیە لە جیابوونەوە و یەکگرتنەوەی حیزب لە ڕابردوودا کە بەشێک لەو هاوڕێیانەی ئێستا لە حیزب جیابوونەتەوە لە جیابوونەوەکەی پێشتریشدا بەشدار بوون.

**ڕووداو**: ئایا یەکگرتنەوەی ئەو جارەی دێمۆکراتەکان جیاواز دەبێت لە جارانی پێشوو؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە دەمانەوێ بە شێوەیەک یەک بگرینەوە کە ناچار نەبین جارێکی دی و دابڕان لەناو حیزبدا ببینین کە ئەوە زۆر بە زیانی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەشکێتەوە. هەر بۆیە پێویستە هەنگاو بە هەنگاو درێژە بە بەیەکەوە دانیشتن و لێک تێگەیشتن بدەین تاوەکوو لە یەکگرتنەوە نزیک دەبینەوە.

ئەگەر بێت و بەبێ بەرنامە و لێک تێگەیشتن یەکبگرینەوە بە بڕوای من یەک نەگرتنەوەکە باشترە هەتا ئەوەی دوای ماوەیەک دووبارە جیا بوونەوە ڕووب دات. هەر بۆیە ئێمە بە وریایی و ورد بوونەوەیەکی زیاترەوە دەڕوانینە پرسەکە و دەمانەوێ هەنگاو بە هەنگاو ئەو قۆناخە دەرباز بکەین.

من وەک خۆم گەشبینم و پێم وایە دەتوانین گرفتەکان دەرباز کەین و بەرەو یەکگرتنەوە هەنگاو بنێین. ئێمە پێداگرین لەسەر یەکگرتنەوە و بەرەورووی کۆسپەکانی بەردەم لێک نزیک بوونەوە و یەکگرتنەوە دەبینەوە و هەموو هەوڵێکی خۆمان دەخەینە گەڕ و ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر شانی هاوڕێیانمان دەبێت کە هیوادارم ئەوانیش بەو باوەڕە گەیشتبن کە ئەگەر لێک نزیک بوونەوەمان لەوە بە درەنگتر کەوێ بە زیانی حیزبی دێمۆکرات تەواو دەبێت.

**ڕووداو**: بۆچی هەوڵەکانی مەسعوود بارزانی بۆ یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان ئەنجامی نەبوو؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕۆژەکانی سەرەتای جیابوونەوەی هاوڕێیانمان، بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەخۆ هەوڵی دا کێشەکە چارەسەر بکات و لە دانیشتنێکدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەوڵیان دا کۆتایی بە کێشەکە بێنن. بەڵام بەداخەوە ئەوکات هاوڕێیانی جیا بووەمان ئامادە نەبوون هەنگاو بنێن بۆ لێک نزیک

بوونەوە و تێکەڵ بوونەوەمان و هەوڵ و تێکۆشانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تێکەڵ بوونەوەمان لەبار چوو ئەگەر نا ئەوکات باشترین هەل بوو کۆتایی بە کێشەکە هاتبا.

**ڕووداو: ناوبژیوانییەکەی فرێدریک تیسۆ تەواو بوو، یان بەردەوامە دوای گەڕانەوەی بۆ فەرەنسا؟**

**مستەفا هیجری**: تاکو ئێستا دۆستان و دڵسۆزانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و دەرەوە هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ لێک نزیک بوونەوەی و دوایین هەوڵ لەلایەن فرێدریک تیسۆ، کۆنسولی پێشووی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان درا. تیسۆ یەکێک لە دۆستانی دێرین و دڵسۆزی گەلی کورد و حیزبی دێمۆکراتە کە تەنانەت کاتێک ئێمە لە شاخ بووین لە ڕێگەی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوورەوە راستەوخۆ یارمەتی پێشمەرگەکانی ئێمەی دەدا. هەر لە و پێوەندییەدا فریدریک تیسو هەتا ئێستا چەند جارێک لە دانیشتنەکانی لەگەڵ من داوای کردووە هەوڵ بدەین بۆ لێک نزیک بوونەوە.

**ڕووداو: بۆچی دوای واژۆ کردنی ڕێککەوتننامە لە نێوانتان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێوە و کۆمەڵە بە تاکڕەوی تۆمەتبار دەکەن؟**

**مستەفا هیجری**: بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی ١٣، ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ ماوەی نیزیک بە ٦ مانگ لەگەڵ زۆربەی حیزبەکان کەوتە وتوویژ و دانیشتن بۆ لێک نزیک بوونەوەی لایەنەکان بە مەبەستی پێک هێنانی هاوپەیمانی، یان بەرەیەک و نەرمییەکی زۆریشمان لەخۆمان نیشان دا، بەڵام بەداخەوە نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک. لە سیاسەتەدا ناکرێ تۆ یان سفر بی یان ١٠٠، مادام هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان نەیانتوانی بەیەکەوە بگەنە ڕێککەوتن با دوو سێ حیزب لە دەوری یەک کۆ ببنەوە. دوای زیاتر لە ساڵێک دیالۆگ و دانیشتن لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، خاڵە ناکۆکەکانمان وەلا نا و لەسەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش ڕێککەوتین.

ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ دوژمنایەتی و بەربەرەکانی کردنی هیچ لایەنێک نییە، بەڵکوو لەسەر ئەو هیوایە پێک هاتووە کە ببێتە بەردی بناغەیەک بۆ دانیشتن و هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە و دەرگای بۆسەرجەم ئەو حیزب و لایەنەکان کراوەیە.

ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ قۆناخی پێش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و وەک هەندێک لایەن دەڵێت بەهیچ شێوەیەک بۆ قۆرخ کردنی دەسەڵات و دابەش کردنی بەرپرسیاریەتییەکان نییە.

یەکگرتوویی و یەک دەنگیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناخی ئێستادا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە و ئێمە بە تێگەیشتن لەو پێویستییە دەبێ کار لەسەر خاڵە هاوبەشەکانمان بکەین و لەسەریان ڕێککەوین.

**رووداو**: ڕێککەوتننامەکەتان لەگەڵ کۆمەڵە هەر سیاسییە یان چەکداریشە؟

**مستەفا هیجری**: ڕێککەوتننامەکە، ڕێککەوتننامەیەکی سیاسییە نێوان کۆمەڵە و دێمۆکرات.

**رووداو**: ئایا ئەو ڕێککەوتننامەیە نابێتە هۆی دروست بوونی دوو بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**مستەفا هیجری**: بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە لایەنەکانی دیکەش دەتوانن پەیوەست بن بە هاوپەیمانیەتییەکەمان و هۆکارێک نابینم بیانەوێ وەک پەرچەکردارێک هاوپەیمانەتییەکی دیکە پێک بێنن، بەڵام ئەگەر لە خراپترین حاڵەتدا حیزبەکانی دی لە دەوری هاوپەیمانێتییەکی نوێ کۆببوونەوە ڕێککەوتنی دوو هاوپەیمانی بەیەکەوە ئاسانترە هەتا ١٠ ــ ١٥ حیزب بیانەوێ بەیەکەوە ڕێک بکەون.

ئێمە هەوڵ دەدەین چ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە جۆرێک جیاوازی و رابردوویەکی ناخۆشمان هەبووە چ ئەو لایەنانەی پێوەندییەکی دۆستانەمان هەیە، نزیک ببینەوە و ئەگەر هاوپەیمانەتییە، یان بەرەیەکیش پێک هات ئەوکاتەش هەر هەوڵی وتووێژ و لێک نزیک بوونەوە دەدەین لەگەڵیان. ئەوە باوەڕ و بەرنامەی ئێمەیە بە بڕوای من هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان کار دەکەن لە یەکێک لەو خاڵانەدا خۆیان دەبیننەوە و هەلی پێویست بۆ هاوکاری دەڕەخسێنن.

**رووداو**: ئێوە خەباتی چەکداریتان نەماوە، ئایا پێتان وایە کاتی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە خەباتی چەکداریمان وەلا نەناوە و هەتا ئێستاش خەباتی چەکداری بەشێک لە کار و بەرنامەی ئێمەیە، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە ئێستا تێی داین و ڕێبەرایەتیمان لە هەرێمی کوردستانە، ناکرێ ئێمە لێرە خەباتی چەکداری بکەین و ئەو دەسکەوتانەی هەرێمی کوردستان بخەینە مەترسییەوە، بۆیە زۆرتر پەرە بە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی دەدەین، بەڵام هەرکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویست بکات ئێمە هێزی پێشمەرگە و خەڵکمان ئامادەیە و دووبارە کەڵک لەو بەشە لە خەبات وەردەگرینەوە.

**رووداو**: ئێران لە ڕێگەی پارتی و یەکێتییەوە هیچ گوشارێک دەخاتە سەر ئێوە؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان لەو کاتەوە کە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان جێگیر بوون، ئێران گوشارێکی زۆری خستووەتە سەر پارتی و یەکێتی و ئەو گوشارانە هەتا ئێستاش هەر بەردەوام، بەڵام بەخۆشییەوە پارتی و یەکیەتی ئامادە نەبوون لەو پێوەندییەدا گوشار بخەنە سەر ئێمە و کار و چالاکییە سیاسییەکانمان.

**رووداو**: کەم بوونەوەی گوشارەکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران نیشانەی تەمەن درێژی سیستەمی ئێستای ئێران نییە؟

**مستەفا هیجری**: من لەسەر ئەو بڕوایە نیم گوشار و هەڕەشەکانی ئەمریکا لە دژی ئێران کەمی کردبێ بەڵکو بە پێچەوانەوە گوشارەکان زۆر بەهێزتر و چڕتر بووەتەوە. ئەو گەمارۆیانەی کە بەهۆی ئەمریکاوە خراوەتە سەر نەوت، بانک و کۆمپانیاکانی ئێران، گورزێکی گەورەی لە ئابووریی ئێران داوە و ئێرانی بەرەو لاوازی بردوو، بە جۆرێک کە ئێستا دەبینین کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ تووشی قەیرانی ئابووری بووەتەوە و لە دەرەوش هیچکات بە ئەندازەی ئێستا نەخراوەتە پەراوێزەوە.

**ڕووداو**: تا چەند ئەگەری هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران هەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەمریکا ناتوانێ کۆماری ئیسلامی خاوەن چەکی هەستەیی قەبووڵ بکات و ئەگەر ئێران بەردەوام بێ لە پیتاندنی ئورانیۆم و ئەگەری دەستراگەییشتنی بە چەکی ناوکی نیزیک بێتەوە ئەگەری هێرشی ئەمریکا دێتە ئاراوە.

**ڕووداو**: ڕووخانی سووریە چ کاریگەریەک لەسەر ئێران دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: پرسی سووریە پرسێکی چارەنووس سازە و ئەگەر بێت و ڕێژێمی ئەسەد بڕوخێت بالانسی هێز لە ناوچەکە دەگۆڕدرێت و گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکە روو دەدات. سووریە ئێستا تەنها وڵاتێکی هاوکار و پاڵپشتی ئێرانە لە هێڵی تیرۆریزم و ڕادیکالیزم دایە و بە ڕووخانی ڕێژێمی ئەسەد، کۆماری ئیسلامی زۆر بێهێز دەبێ و تەنها دۆستی خۆی لە نیووڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدەست دەدات. بەتایبەت کە سووریە تاکە پردێکە بۆ گەیاندنی چەک و تەقەمەنیی ئێران بە حیزبوڵڵای لوبنان و حەماسی فەلەستینی، بۆیە بە ڕووخانی ڕێژێمی ئەسەد هاوکاریی ئێران بۆ ئەو گرووپە ڕادیکاڵانە ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە و بە تەواوی پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا لاواز دەبێت و ئەو لاواز بوونەی لە ڕووخانی نزدیک دەکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە بە ڕووخانی ڕێژێمی ئەسەد، کۆماری ئیسلامی کتوپڕ دەڕووخێت. هەر بەو هۆیەوە ئێران بە هەموو هێزێکەوە یارمەتیی ڕێژێمی سووریە دەدات هەتا بەشار ئەسەد لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە و نەڕووخێت.

**ڕووداو**: بۆچی ئێران نێوانی لەگەڵ پارتی ناخۆشە؟

**مستەفا هیجری**: من زۆر شارەزای وردەکارییەکانی پێوەندیی نێوان پارتی و ئێران نیم، بەڵام وا وێدچێ لە رووی سیاسییەوە پارتی دێمۆکراتی کوردستان، ئێستا لە ناوچەدا سیاسەتێک پێڕەو دەکا کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک ناگرێتەوە، بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ پرسی سووریە کە کۆماری ئیسلامی هەموو هەولی خوي بەکار دێنێ بۆ پشتیوانی کردن لە حکوومەتی سووریە، لە حاڵێکدا پارتی پشتیوانی لە داخوازیی ڕەوای خەڵکی سووریە دەکا کە ئەویش ڕزگار بوونیان لە چنگی زوڵم و زۆری حکوومەتی سووریەیە دیارە ئەوەش بە دڵی کۆماری ئیسلامی نییە.

**ڕووداو**: کۆنفڕانسی نەتەوەیی چ کاریگەرییەک لەسەر پرسی کورد دادەنێت؟

**مستەفا هیجری**: ماوەیەکی زۆرە باسی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد نابیستم و هەست بەوە دەکەم پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیە هەڵوەشاوەتەوە، یان بۆ کاتێکی دی دواخراوە. هەتا بەرنامەی کۆنگرەش بەدەستی ئێمە نەگات ناتوانین لەسەر پلان و کاریگەرییەکانی کۆنگرە هیچ قسەیەک بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

-----------------------------------

**دۆخی ناوخۆی وڵاتی ئێران و ئامادەسازی هێزە کوردییەکان...**




سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژی رۆژنامەی هاوڵاتی

## زانكۆ ئەحمەد

مستەفا هیجری سكرتێری گشتیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران لەو چاوپێكەوتنە تایبەتەی هاووڵاتییدا باسی دۆخی ناوخۆی وڵاتی ئێران و ئامادەسازی هێزە كوردییەكانی لەحاڵەتی هاتنە پێشەوەی هەر گۆڕانكارییەك لەو وڵاتەدا كرد.

لەتەوەرێكی تری چاوپێكەوتنەكەدا هیجری سەرنجی خۆی لەبارەی پەیوەندی هێزە فەرمانڕەواكانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دەخاتەروو، هەمانكات تێبینییەكانی خۆی لەسەر ئەو نارەزاییانە دەردەبڕێ كە لەناوخۆی هەرێمی كوردستان سەرهەڵدەدەن.

**هاوڵاتی**: ئەم ماوەیە قسەی زۆر لەسەر ئەوە دەكرێت كە گۆڕانكارییەكی چاوەڕوانكراو لەئێران بەرێوەیە، بەڕێزتان هاوڕان لەگەڵ ئەو بۆچوونە؟ ئەگەر وایە گۆڕانكارییە چۆنە ئاخۆ لەناوەوە روودەدات یان لەدەرەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت؟

**مستەفا هیجری**: لەڕاستیدا ئێران بەرەو گوڕان دەچێت، بەڵگەش بۆ ئەم حاڵەتە زۆرە، لەپێش هەموو شتێكدا خەڵكی ئێران پاش زیاتر لەسی ساڵ لەئەزموونكردنی كۆماری ئیسلامی ئێران بۆیان دەركەوتووە ئەو رژێمە ناتوانێت هیچ لەداخوازییە نەتەوایەتیو دیموكراسیو مافەكانی مرۆڤی خەڵكی ئێرانو تەنانەت پێداویستییە ئابورییەكانیشیان دابین بكات، لەئەنجامدا خەڵكی ئێران بەگشتی نارازین تەنانەت كۆڵەكەی حكومەتی كۆماری ئیسلام مەشروعیەتی ئاینی بوو، ئێستا ئەو مەشروعیەتە كەوتووەتە ژێر پرسیارەوە لەلایەن خودی مەرجەعە تەقلیدییەكانەوە.

زانایانی ئایینی، ئەوانەی لەپێكهێنانی رژێمەكەدا بەشداربوون، تێگەیشتوون ئەمە ئەو حكومەتە نەبووە كە دەنگیان بۆ داوە، كەواتە لەباری ئاینیشەوە مەشروعیەتی لەدەستداوە، ئەوەی ئەو رژێمە بەدەستیەوە ماوە تەنها هێزی سەركوتی خەڵكە كە بەتوندترین شێوە بەكاریدەهێنێت، لەپاڵ ئەم توندتیژیەدا رۆژ بەرۆژ لەباری ئاینیو ئابورییەوە قەیرانەكانی قوڵتر دەبێتەوە، بەهۆی ئەمانەوە ناتوانێت بەو شێوەیە بۆ ماوەیەكی زۆر درێژە بەدەسەڵات بدات، ئەمەش بەو مانایە نایەت روخانی رژێم بەم زوانەیە، بەبڕوای من دەبێت پەلە بكرێت لەپێكهێنانی ئۆپۆزسیۆنێكی یەكگرتوی بەهێز تا خەڵكەكە پشتی پێببەستێتو بتوانن نارەزایی دەرببڕنو راپەڕین ئەنجام بدەن.

ئەوەی ئێستا هێزەکانی دەرەوە لەئەمەریکاوە تا ئەوروپا مەبەستیانە ئەوە نییە رژێمی ئێران بڕوخێنن، بەڵکو ئەوان دەیانەوێت ئێران رازی بکەن دەستبەرداری پیتاندنی چەکی ئەتۆمی ببێت.

هێشتا رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران توانای ئەوەی هەیە لەسەر پێی خۆی بوەستێت، بەڵام ئەو هەموو قەیرانە کاری روخانەکەی ئاسانتر دەکات.

**هاوڵاتی**: هەندێ کەس پێیان وایە ئەو زەبرو زەنگەی ئێوە باسی دەکەن دەبێتە مایەی ئەوەی ئێران بەزوویی بڕوخێت؟ ئەتوانین رێکەوتێک دابنێین بڵێن لەماوەی ئەوەندە ساڵ و مانگدا رژێمی ئێران دەکەوێت؟

**مستەفا هیجری**: بەڕای من دیاریکردنی ماوە بۆ ئێران ئاسان نییە، ئێوە دەزانن ئەمانە بەستراون بەچەندین کاریگەری ناوخۆیی‌و دەرەکییەوە، هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان هەمیشە لەگەڵ قازانجی وڵاتانی زلهێز رێدەکەن، بۆ نمونە خەڵکی میسر لەماوەیەکی کورتدا رژێمێکی دیکتاتۆریان روخاند، لەبەرئەوەی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکە وایدەخواست، بەڵام ئەوەتا دوو ساڵە خەڵکی سوریا لەشەڕدان نزیکەی ٦٠ هەزار کەس کوژراوەو بەملیۆنان کەس ئاوارە بوون، بەڵام رژێمەکەی ئەسەد هەر ماوەتەوە، ئەوەی گۆڕانکاری دروستدەکات هەر خەڵکی ناوچەکە خۆیان نین، هەرچەندە زۆریش فیداکاری بکەن، بەڵکو بەشێکی بەستراوەتەوە بەچۆنێتی هاوکاری وڵاتانی بڕیار بەدەست لەدەرەوە.

**هاوڵاتی**: بەبڕوای ئێوە روخانی رژێمی ئەسەد چ کاریگەرییەک لەسەر ئێران‌و بالانسی هێز لەناوچەکەدا دروست دەکات؟

**مستەفا هیجری**: رووخانی رژێمی سوریا نەک هەر ئاڵوگۆڕ لەناو وڵاتەکەی خۆیدا دروست دەکات، بەڵکو هاوسەنگی هێز لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ناوچەکەش دەگۆڕێت، ئێستا هێزەکانی ناوخۆیی‌و دەرەکی بونەتە دووبەش، بەشێک پشتیوانی رژێمی ئەسەد دەکەن ئەوەی پێی دەوترێت کەمەربەندی شیعە کە لەئێرانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ عێراق‌و لوبنان، بەشێکی تری سیاسەتی نێونەتەوەیی رۆژئاواو وڵاتانی کەنداوو تورکیان کە یارمەتی بەهەڵستکاران دەدەن، بۆیە ئەگەر رژێمی سوریا بڕوخێت سونە بەهێز دەبێت‌و شیعە لاواز دەبێت‌و ئەمەش کاریگەری راستەوخۆ لەسەر ئێران‌و عێراق دادەنێت.

**هاوڵاتی**: بەڵام هەندێک ترسی ئەوەیان هەیە کەوتنی ئەم رژێمانە هێزە ئیسلامییەکان بەهێز بکات؟

**مستەفا هیجری**: بەڕای من ئەمە بیانوویەکە بۆ گومان پێکهێنان لە یارمەتیدانی ئەو شۆڕشانە، هەمیشە رژێمەکانی ئەو وڵاتانە تۆمەتێکی لەو شێوەیە دەبەخشنەوە بۆ ئەوەی بەر بەناڕەزاییەکان بگرن‌و وڵاتانی رۆژئاوا ترسیان لێبنیشێت‌و جدی نەبن لەڕوخاندنی ئەو رژێمانە، لەڕاستیدا لەشوێنێکی وەک سوریا کە پێکهاتەیەکی هەمەچەشنی هەیە، زەحمەتە ئیسلامی رادیکاڵ بتوانێت هەموو شتێک بکات، پێش ئەوەی رژێمی میسریش بڕوخێت هەمان قسە دەکرا، بەڵام ئەوەتا هێزێکی ئیسلامی وەک ئیخوان دەسەڵاتی گرتووەتە دەست‌و لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت چی بوێت ئەوە بکات، لە بەر ئەوەی هێزێکی بەرهەڵستکاری سکۆلار لەبەرامبەریدایە.

**هاوڵاتی**: ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دۆخی ئێران، بەڕای ئێوە سەپاندنی ئابڵوقەی ئابوری بەسەر ئەو وڵاتەدا کاریگەرییە خراپەکەی بۆ خەڵک بووە یان حکومەت؟

**مستەفا هیجری**: لەئێرانو ئەزموونی وڵاتانی تریش دەرکەوتووە کە ئابڵوقەی ئابوری کاریگەری راستەوخۆی بۆ سەر دامو دەزگاکانی حکومەت هەیەو لاوازیان دەکات، ئێستا ئێران لەباری ناوخۆدا موحتاجی هەموو شتێکە کە لەدەرەوە بۆی دێت، ئەوانە کەمەری ئێرانیان شکاندووە، لەدوا ئاماردا ئێران ئێستا مانگانە ٨٠٠ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی دەرەوە دەکات، لەکاتێکدا دوو ساڵ پێشتر مانگانە دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی رەوانەی دەرەوە دەکرد، لەباری سیاسیشەوە ئەو گەمارۆیە درز لەدەسەڵاتدا دروست دەکاتو نائومێدی دەخاتە ناویانەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە لەنێو خەڵکدا برسێتیو هەژاریو گرانی ببینین، ئەوا لەناو حکومەتدا ئاسان دەرناکەوێت، خۆت دەزانیت بەشێکی زۆری کاروباری ئەو جۆرە حکومەتانە داپۆشراوەو بەنهێنی دەمێنێتەوە.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین گەمارۆکان هەرچەندە رژێمەکانیان لاواز کردووە، بەڵام نەبوونەتە مایەی رووخانیان، بەتایبەتی لەوڵاتێکی وەک ئێران کە هەموو شتێک دەکات بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی، عەرزم کردن کە ئێران مانگانە ٨٠٠ هەزار بەرمیل نەوت رەوانە دەکات، ئەمەش بەشی ئەوە دەکات کە پارەی هێزە سەرکوتکەرەکانی پێبدات، ئیتر حکومەتی ئێران چ کاری بەوە نیە خەڵک برسییە یان نا، کەی گوێی بەوە داوە کارخانەکان دادەخرێنو خەڵک بێکار دەبن، هەرچەندە ناتوانێت بەردەوام بێت لەناردنی ئەو نەوتە، چونکە هەم دەزگا نەوتییەکان لاواز دەبنو هەم ئابڵوقەی زیاتری دەکەوێتە سەر.

کەواتە رژێمی ئێران بەئابڵوقەی ئابوری ناڕوخێت، بەڵام کاری روخانەکەی ئاسان دەکات، ئەم ئەزموونەمان لەعێراقیشدا بەدی کرد، گەمارۆکە گەیشتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار، بەڵام رژێمی سەدام حسێن هەر توانی خۆی رابگرێت تا ئەوکاتە هێزە دەرەکییەکان هێرشیان بۆ هێنا.

**هاوڵاتی**: باست لەوە کرد کە گۆڕانی رژێمی ئیسلامی ئێران حەتمیە، ئێوە وەک حیزبی دیموکراتو هێزە کوردییەکانی تر چۆن خۆتان بۆ ئامادە کردووە؟

**مستەفا هیجری**: لەنێو خۆماندا وەک حیزبی دیموکرات بەتەواوی سیاسەتمان گۆڕیوە، ئێوە دەزانن لەگەڵ کۆمەڵە رابردوویەکی ناخۆشمان هەبووە، بەڵام ماوەی چەند مانگێکە گەیشتووینەتە هاوپەیمانێتییەک، لەگەڵ کۆمەڵێک لەو هاوڕێیانەش کە لەحیزبی دیموکرات جیابوونەوە ئێمە سیاسەتی بایکۆتمان لەسەر دانابوو، بەڵام دەستمان لەوە هەڵگرتووەو چەندین کۆبوونەوەمان کردووە بۆ رێکخستنەوەی چۆنێتی پەیوەندی نێوانمان تا کار بگاتە یەکگرتنەوەمان لەئایندەدا، ئێمە بەو قەناعەتە کاردەکەین کە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئاڵوگۆڕ، ئەزمونەکانیش سەلماندویانە هێزی کورد ئەگەر یەکگرتوو نەبێت دەرفەتەکانی لەدەست دەچێت.



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڵاتی**: ئێوە دەزانن بزووتنەوەی سەوز لەئێران پوکایەوە، ئایا هیچ هێزێکی تری ناوخۆی هەیە بتوانێت لەناوەوە جەماوەر بجوڵێنێت؟

**مستەفا هیجری**: ئێستا هێزی نارازی لەئێران لەهەموو وەخت زیاترە، بەڵام بڵاوەو لایەک نییە کۆی بکاتەوە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێران بەزەبرو زەنگ سەرکوتی دەکات، کێشەیەکی تریش ئەوەیە هێزە بەرهەڵستکارەکان ئەزموونیان لەکاری دیموکراسی نییەو کەس ئەوی تری پێ قبوڵ نییە، خەڵکی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەئێرانیشەوە هەموو باس لەدیموکراسی دەکەن، بەڵام ناتوانن لەڕووی پراکتیکەوە کاری لەسەر بکەنو دیموکراسی قبوڵ بکەنو بۆچوونە جیاوازەکان تەحەمول ناکەن، ئەم نموونەیە لەجێیەکی وەک عێراق رەنگیداوەتەوە خۆ سەدام حسێن نەماوە، بەڵام چونکە خەڵکەکە راهێنانی دیموکراسی نییە، ناتوانێت رای بەرامبەر قبوڵ بکات. لەئێراندا بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەو بەڵایە رووبەڕوین.

**هاوڵاتی**: دەوترێت حیزبی دیموکرات خەباتی چەکداری وەلا ناوە، ئەمە تا چەند راستە؟

**مستەفا هیجری**: بەشێوەیەکی کاتی لەم قۆناغەدا خەباتی چەکداری راگیراوە، بەڵام ئەمە بریاری یەکجاری نییە، هۆکاری زۆرە، زۆر زەحمەتە کورد بەتەنیا لە ئێراندا بەخەباتی چەکداری رژێم بروخێنێت، ئێمە لەسەردەمێکدا شەڕێکی سەختی چەکداریمان دژی رژێمی ئێران کرد، بەڵام تۆ چی دەکەیت لەگەڵ وڵاتێک کە ٧٥ ملیۆن دانیشتووی هەیەو پانایییەکەی بەقەد ئەوروپایە، لەکاتێکدا کورد نەتەوەی سێیەمە لەئێراندا.

ئێستا کە حکومەتی هەرێم پێکهاتووە، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی بەکاری خۆمانی دەزانین پارێزگاری لەو دەستکەوتە بکەین، چونکە ئەوە دەستکەوتی هەموو کوردە، بۆیە ئەو حاڵەتەمان لەبەرچاو گرتووەو خەباتی چەکداریمان لەئێستادا راگرتووە، ئەگەر ئێمە بزانین لەقۆناغێکی تردا خەباتی چەکداری لەبەرژەوەندی کوردە، ئەوا دەستی پێدەکەینەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە حیزبێکی سیاسینو پەیامی سیاسیمان هەڵگرتووە، ئەوەش دەزانین دەبێت هەنگاوەکانمان هاوتەریب بێت لەگەڵ سیاسەتی نێونەتەوەیی کە ئێستا زۆر حەزی لە خەباتی چەکداری نییە.

**هاوڵاتی**: لەماوەی رابردوودا ئێوە چەند سەردانێکتان هەبوو بۆ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا، بۆچوونی ئەوان چییە لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئێران، هیچ دەستگیرۆییەکی ئێوەو هێزە کوردییەکانی تر دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوان پشتیوانی دەکەن لەداخوازییەکانی کورد کە پێکهێنانی ئێرانێکی دیموکراسی فیدراڵ، بەڵام یارمەتی کردەیی بەستراوەتەوە بەخودی خەڵکی ناوچەکە، ئەوان بۆ خۆیان زۆر رازی نین لەو کارانەی لەئەفغانستانو عێراق ئەنجامیاندا، پێیان وایە ئەگەر لەئێراندا خۆیان روبەرووی کێشەیەکی لەو جۆرە بکەنەوە، سەرئێشەی زۆری بەدواوەیە، هیچ هەنگاوێک نانێن، مەگەر ئەو کاتەی خەڵک بۆ خۆی بجوڵێت.

ئەوان دەڵێن هەموو داواکارییەکانتان ڕەوایە، بەڵام لەناوخۆدا جوڵەیەک نییە هەتا پشتگیری بکەین، لەو باوەڕەدام لەداهاتوودا ئەگەر خەڵکی ئێران ڕاپەڕینێک بکەن، ئەوا ڕۆژئاوا دێتە پشتی، ئەوەش لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان.

**هاوڵاتی**: دەزانین ئێران چەندین جار لەڕێی یەکێتیو پارتییەوە فشاری خستووەتە سەر ئێوە بۆ ئەوەی چالاکییەکانتان سنوردار بکەن، ئەم فشارانە تا چەند بۆ ئێوە کاریگەر بووە؟

**مستەفا هیجری**: شتێکی حاشا هەڵنەگرە هێزەکانی حکومەتی هەرێمو هێزە دەسەڵاتدارەکانو باقی هێزەکانی تریش خوازیاری ئەوەنین خەباتی چەکداری بکەین، بەتایبەت کە بنکەکانمان لێرە بێت، ئەوان پێیان وتوین لارییان نییە خەباتی چەکداری بکەین، بەو مەرجەی بنکەکانمان لێرە نەبێت، چونکە ئەوە لەباری یاسای نێونەتەوەییەوە ناکرێت دوو وڵاتی دراوسێی یەک بنو گروپێک لەم وڵاتە بنکەی هەبێتو هێرش بکاتە سەر وڵاتەکەی تر، بەدەر لەوە بۆ کاروباری تر هیچ بەربەستێک لەپێشمان نەبووە، وەک چالاکی سیاسیو خەباتی ڕاگەیاندنو خەباتی ڕێکخستن لەناوخۆی وڵاتدا.

**هاوڵاتی**: ئێوە دەزانن هێزە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان (یەکێتیو پارتی) لەرووی پەیوەندییەوە دابەشبوون بەسەر هەردوو جەمسەری ئێرانو تورکیادا، ئاخۆ ئەم دابەشبوونە مەترسی نابێت؟

**مستەفا هیجری**: بەشێوەی گشتی وەک سیاسەتی دبلۆماسی لەناوچەکەدا، من پێم وایە چ وەک حکومەتی هەرێم چاوی لێ بکەیت چ وەک پارتیو یەکێتی مافی خۆیانە پەیوەندیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەبێت، بەڵام بەو مەرجەی لەدژی بەرژەوەندی پارچەکانی تری کوردستان نەبێت، ئێمە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا پەیوەندیمان لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتی عێراق هەبووە، بەڵام تائێستاو دوای ڕوخانیشی کەس نەیدی یەک کردەوەی ئێمە دژی بەرژەوەندی پارچەکانی تر بووبێ، کاتێک ئێمە دژی ئێران پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبوو، هاوکات باشترین پەیوەندیشمان لەگەڵ هێزەکانی ئەم بەشەی کوردستان هەبوو، بۆیە پەیوەندی یەکێتیو پارتی بەوڵاتانی دراوسێوە بەئاسایی دەبینم، بەڵام نە بۆ ئەوانو نە بۆ ئێمەش هیچ کات بەڕەوا نابینم ئەو پەیوەندییە زیان بەهێزە سیاسییەکانی بەشەکانی تری کوردستان بگەیەنێت.

**هاوڵاتی**: بەڕێزتان دەزانن جارێکی تر ناکۆکییەکی قوڵ کەوتووەتە نێوان هێزە سیاسییەکانی عێراقەوە، بەجۆرێک مەترسی سەرهەڵدانەوەی ئەو جەنگە تایفیە بەدی دەکرێت کە ساڵی ٢٠٠٦ روویدا، بەبڕوای ئێوە مامەڵەی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم گرژییەی عێراقدا چۆن بێت؟

**مستەفا هیجری**: پێم وابێت مەسەلەکە زۆر روونە لەپێش هەموو شتدا سەرەکیترین کار کە کورد بیکات ئەوەیە یەکگرتوو بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت یەک دەستو بەیەک سیاسەتەوە بەرەو رووی کێشەکانی عێراق بوەستێت، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کورد لەم ناکۆکیەدا خۆی نەکات بەلایەن، لەبەر ئەوەی ئەوەی لەعێراقدا هەیە پێم وانییە ئەو کێشانە چارەسەر ببن، چونکە وەک پێشتر

عەرزم کردن هێزەکانی عێراق لەسەر دیموکراسی ڕانەهاتوون، جگە لەوەی کێشەو گرفتی زۆری قوڵی مێژوویی‌و نەتەوەیی‌و ئاینی لەنێوان ئەو هێزانەدا هەیە کە بەزەحمەت بەیەک دەگەن، خۆتان دەزانن لەم بارودۆخەدا مەسەلەکە تەنها بەناکۆکی نێو خەڵکەکەوە نەوەستاوە، بەڵکو هێزە دەرەکییەکانی ناوچەکەش دەستیان تێ کێشاوە، گەیشتووە بەڕادەیەک تەوافوقی هێزە عێراقییەکان بەدەست خۆیان نییە، گرنگ ئەوەیە لەم ماوەیەدا کورد سەرنجی لەسەر ئەوە بێت وڵاتەکەی خۆی ئاوەدان بکاتەوەو خەڵکی خۆی ڕازی بکات، بەجۆرێک ئەم کوردستانە بکرێتە نموونەیەک لەدیموکراسی کە هێزە دەرەکییەکان بگەنە ئەو بڕوایەی کورد جیاوازە لەگەلانی تری ناوچەکە، ئەگەر ئەم قەناعەتە چەسپی، ئەوا بەقازانجی پارچەکانی تر کوردستانیشە.

**هاوڵاتی**: هەندێ کەس بڕوایان وایە ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، بەشێکی تریش بە پێچەوانە دەیبینن، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم بارە چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە دەزانین پێکهێنانی دەوڵەت مافێکی ڕەوایە بۆ کورد، بەڵام هەموو شت بەویستو خواست ناچێتە سەر، پێکهێنانی دەوڵەت پێویستی بەهەندێک زەمینەو داموو دەزگا هەیە، لەباری ئابوری‌و پەیوەندی خەڵکو دامودەزگای دیموکراسی، دەوڵەتێک دەبێت بەرهەمی هەبێتو بتوانی لەسەر پێی خۆی بوەستێت، لەباری ناوچەیشەوە پێویستی بەوە هەیە هەندێ وڵاتانی دەوروبەر بەوە ڕازی بن، بەداخەوە ئێستا ئەوە نابینین، کورد ئێستا لەبارێکدایە ناتوانێت دڵنیابێت لەوڵاتانی ناوچەکەو لەبەغدا، ئێمە دەزانین ئێستا هەرێم بەتەواوی پشتی بەبەغدا بەستووە، ئەگەر دوو مانگ بودجە لەبەغداوە نەیەت ڕەنگە قەیرانی گەورە دروست ببێت، پێم وایە ئێستا زووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە حکومەتی هەرێم پشتی لێبکاتەوە، بەڵکو دەبێت خۆی بۆ ئامادە بکاتو زەمینەسازی بۆ دەوڵەتی کوردی بکات.

**هاوڵاتی**: بەرێزت هێمات بۆ ئەوە کرد کە سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان بەقازانجی پارچەکانی تریشە، بەڵام ئێوە دەزانن لەناوخۆدا ناڕەزایی زۆر هەیە لەسەر ئەزموونەکەو کەڵەکەبوونی گەندەڵی، هێزە فەرمانڕەواکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ناڕەزاییانەدا بکەن؟

**مستەفا هیجری**: کێشەیەک کە من دەیبینم ئەوەیە لەکوردستانی عێراقدا سەرەڕای ئەوەی باسی گەندەڵی‌و کەموکوڕی دەکرێت، بەڵام ستراتیژ نییە بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە، ئێستا لەهەموو دنیادا حکومەتە سەقامگیرەکان ستراتیژ بۆ سی ساڵ یان پەنجا ساڵی داهاتوو دادەنێن لەهەموو بارەکانی ئابوری‌و سیاسی‌و پەیوەندی نێودەوڵەتی، بەڵام بەداخەوە ئەوە لێرە نییە، ئەوەی کەمتر لەم وڵاتەدا بیری لێدەکرێتەوە داهاتووی وڵاتە، بۆ نموونە لەهەرێمی کوردستان ڕێگەچارەی هەموو کێشەکانی خەڵک لەوەدا کورت کراوەتە کە دایانبمەزرێنن‌و پارەیان بدەنێ، ئەمەش سیاسەتێکی سەرکەوتوو نییە، چونکە هەر چەند پارە بدەیت خەڵک زیاتر ناڕازییە، ئەنجامەکەی وای لێهاتووە خەڵک لەم وڵاتەدا کارکردنی پێ عەیبە، سەیرە لەهەرێمی کوردستان ئەوەی ئیش دەکات بەشی هەرە زۆری بیانین، یان ئەوەتا لەپارچەکانی ترەوە هاتوون، ئەم سیاسەتە وایکردووە خەڵک خۆی بەموحتاجی کارکردنو خۆ ماندوکردن

نابینێت، بەڕاستی ئەمە مەترسی هەرە گەورەیە لەسەر ئەم هەرێمە، لێرە مەسرەفکردن بووەتە کەلتور کە لەسەرەڕا تا خوارەوەی گرتووەتەوە.

کە باسی گەندەڵیش دەکەین لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەموو خوشکو برایانم لەکوردستانی عێراق هەر بەهێزە فەرمانڕەواکانو هێزەکانی ترو هەتا خەڵکی ئاسایی، گەندەڵی تەنها لەسەرەوە نییە، بەڵکو لەخەڵکی ئاسایشدایە، ئاخۆ دوکاندارێک لەبازاڕ بەو جۆرەی کە پێویستە مامەڵە لەگەڵا خەڵک دەکات؟ ئەوەندەی بتوانێت کەلوپەلی ئێکسپایەرو بێکەڵک دەفرۆشێت، ئەوەی لەفەرمانگەکان کاردەکات خواخوایەتی کاری نەکاتو وەڵامی خەڵک نەداتەوە، کرێکار کاری بە دروستی ناکات، بەڵێندەر تا بتوانێت هەموو فێڵاو تەڵەکەیەک بەکاردەهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی، ئەوەی لێرە لەبیری خەڵکدا نەماوە ئەوەیە ئەم وڵاتە بەکوێ دەگات، بۆیە هیوادارم لەپێشدا حکومەتو دەسەڵات پاشان خەڵک بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوە، بەداخەوە جاروبار دەبیستین ئینتیمای نیشتیمانیش لێرە لاواز بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی فێبریویری ٢٠١٢

---------------------------------------

**ساڵی: ٢٠١٣**

---------------------------------------------------

## ئەوەی کورد بەسەریهاتووە تائێستا ئەو نەگبەتی و دواکەوتووییەی کە هەمانە...




**ووتوێژی لەگەڵ "گۆڤاری والاپریس"**

**مستەفا هیجری: بەشبەحاڵی خۆم لەوباوەڕەدام ئەوەی کورد بەسەریهاتووە تائێستا ئەو نەگبەتی و دواکەوتووییەی کە هەمانە، ئەوانە بەشێکی هەرە زۆری موسەببیبەکەی خۆمان بووین کە نەمانتوانیوە یەکتری تەحەمول بکەین و دیموکرات نەبووین، فەقەت لەقسەدا باسی دیموکراسیمان کردووە، بۆیە پێموابێت چ کورد بەعام چ وەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەگەر بمانەوێت نەتەوەکەمان پێشبکەوێت و بەڕاستی حزب وەکو وەسیلەیەک بێت لە خزمەتی خەڵکەکەی، دەبێت هەموو یاسایەکی دیموکراتی قبوڵبکات، یەکێک لە یاساکانی دیموکراسی ئەوەیە کە تۆ لە هەڵبژاردندا دۆڕاندت، دەبێت دۆڕاندنت قبوڵ بێت.**

**ئەنوەر حسێن (بازگر)**

*** ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامادە بێت، ئەوا دانوستانی لەگەڵدا دەکەین**
*** ئەو گۆڕانانەی لەناوچەکەداو لە بەشەکانی تری کوردستاندا روویانداوە، دەرەنجامی خەباتی چەکداری هێزی کورد نەبووە**
*** کۆماری ئیسلامی ئێران، فرسەتی حەرەکەتی مەدەنی نەک بە کورد بە کەسی دیکەش نادات**
*** کورد لە ئێران لەباری ئابوورییەوە، نەتەوەی سێیەمە، یەکێک لە بێدەرانترین نەتەوەکانی ئێرانیشە**
*** لاپەڕەیەکی نوێمان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەماندا دەستپێکردووە کە پێنچ شەش ساڵ لەمەوپێش لە حزبی دیموکرات جیابوونەوە**
*** خەریکین بەرەو ئەوە بچین کە لە داهاتوودا لەگەڵ حزبی دیموکراتەکەی تردا یەک بگرینەوە**

**وەک گۆڤاری والاپرێس، لە بارەگای سەرەکی سکرتارییەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆبووینەوە بۆ سازدانی ئەم دیدارە. ئەو سکرتێری حزبێکە کە لەڕابردوودا لە خەبات و تێکۆشانێکی سەختدا بووەو خاوەنی چەندین سەرکردەی تێکۆشەری وەکو شەهید قازی، قاسملۆو شەرەفکەندی-یەو لەچەند ساڵی رابردوودا لەبەردەم چەندین مەترسی گەورەو تیرۆرو هەڕەشەو ترس و تۆقاندنێکی زۆردا بووە.**



سەرچاوە
Serchawe

سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە بارەگای سەرەکی خۆی، سەبارەت بە بارودۆخی کۆنگرەی نەتەوەیی و بارودۆخی سیاسی کوردو کێشەو گرفتەکانی حزبی دیموکرات و ئەگەرەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حزب، ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکهاتووە، بیروبۆچوونەکانی دەخاتەڕوو.

**ئەنوەر حسێن**: با لەوەوە دەستپێبکەم حزبێک کە خاوەنی کۆمار بێت، حزبێک خاوەنی قازی و قاسملوو هەزاران پێشمەرگە، هەزاران شەهید بێت، حزبێک لەڕابردوودا خاوەنی دەسەڵات بووە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا دەبینین لە ئۆردوگایەک قەتیس ماوە، ئەو حزبە بە ئۆردوگانشین ناسراوەو گلەیی ئەوەی لێدەکرێت ناتوانێت خەباتی چەکداری دەستپێبکات و ناتوانێت خەباتی مەدەنی بەرەوپێش بەرێت، چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەیتەوە؟

**مستەفا هیجری**: واقیعەکە ئەوەیە، بەگوێرەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە دنیاو ناوچەکەو وڵاتدا دێتە پێشێ، ئاڵوگۆڕەکان کاریگەری خۆیان لەسەر هەموو جوڵەی کەسایەتی و کۆمەڵ و حزب و دەسەڵاتێک دادەنێن، بۆیە ئەو رابردووەی جەنابت باستکرد بۆ حزبی دیموکراتی ئێران تەواو راستە، رابردوویەکی پڕ لە شانازی و پڕ لە خەبات و تێکۆشان و فیداکاری هەبووە. بەڵام ئێستا وەزعییەتی دنیاو ناوچەکە گۆڕاوە، نەک بۆ ئێمە وەکو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە حزبێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانین، بەڵکو لە ناوچەکەداو لە دنیادا هەڵسوڕانی حزبەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهاتووە. ئێستا هەڵسوڕان و تێکۆشانی حزبەکان وەکو (٣٠)ی ساڵ (٤٠) ساڵ، لەمەوپێش نەماوە، کۆمەڵگا گۆڕاوە، بیروبۆچوونەکان گۆڕاون، ئەو گۆڕانانە پێویستی نوێ بەدوای خۆیاندا دەهێنن. لێرەدا مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی ئەو دەورەی کە لەڕابردوودا هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی هێزە سیاسییەکانی کورد روویان لە خەباتی چەکداری و خەباتی پێشمەرگایەتی بوو، ئایا ئێستا ئەو ویست و داخوازییانە لەنێو کۆمەڵگادا بەو شکڵەی خۆی، خەڵک دەیەوێت؟ ئایا شوێن دانەری خۆی هەیە لەسەر دەسەڵات کە بتوانێت دەسەڵات بێنێتە سەر مێزی وتووێژو داخوازییەکانی نەتەوەی بەسەردا بسەپێت؟

ئەوەی کە ئێمە لەڕابردوودا کردومانە بەتایبەتی لەدوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئێستا ماوەی چەند ساڵێکی بەسەردا تێدەپەڕێت، هەموو ئەو شێوە خەباتەمان لەڕابردوودا تاقیکردووەتەوە، وەکو خەباتی چەکداری، خەباتی مەدەنی، خەباتی سیاسی، راگەیاندن و رێکخستن و هەموو ئەوانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هاوسەنگیی هێز ئێمە وردە وردە پاشەکشەمان کردووەو هاتووینەتە سنوورەکان و ئێستا وەک باسمانکرد بەشی ئاشکرای حزبەکەمان لە کەمپەکانی حزبدا لە کوردستانی عێراقدا نیشتەجێیە کە لەو کەمپانەدا کاری حزبی دەکەین بەپێچەوانەی ئەوەی باسدەکرێت کە ئەوە کەمپنشینییەو بێدەسەڵاتییە! بەڵکو ئێمە لەو ماوەیەدا کاری زۆر چڕوپڕمان هەیە لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی میدیایی، لە پێوەندی لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ هێزو رێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە هەموو بەشەکاندا، هەروەها رێکخستن لەناوخۆی وڵاتدا بەشێوەی نهێنی کارو تێکۆشانێکی زۆر بەرچاومان هەیە، ئەوەی ئێستا بەشێکی زۆر لە خەڵکی کورد لە بەرچاویانە راگیرانی خەباتی چەکدارییە لەلایەن حزبی ئێمەوە، بێجگە لەو بەشە هەموو بەشەکانی دیکەی کارو تێکۆشانی حزبی دیموکرات ئەکتیڤ و کارایە، بەڵام بەگوێرەی لێکدانەوەیەک کە حزبی ئێمە

کردوویەتی، لەئێستادا دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێراندا بە قازانج نازانین، پێمانوایە دەبێت ئێستا لەخەباتی دیکە سوود وەربگرین، هەروەک تائێستا کردوومانەو لەکاتێک کە گونجاو بێت خەباتی چەکداری دەستپێبکەین، خەباتی چەکداری بەبۆچوونی ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەباتێک نییە کە بسەپێت بەسەرماندا وەکو خەباتێک کە ئیلزامەن ئێمە ئەگەر خەباتی چەکداری نەبێ دەست رابگرین و کاری دیکە نەکەین، بەڵکو پێمانوایە کە لەهەر سەردەمێکدا رەنگە شکڵێک لەخەبات و تێکۆشان گونجاو بێت لەوڵاتدا، بەپێی لێکدانەوەیەکی سیاسی کە هەمانە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی مەنتیقەدا لە ئێرانداو لەدنیادا واقیعەتەکە ئەوەیە کە خەباتی چەکداری وەکو رابردوو خەباتێک نییە کە خەڵکی و لایەنەکان پێشوازی لێبکەن، بۆیە فیعلەن ئێمە ئەو بەشەمان راگرت، بەڵام بەشی کارەکانی دیکەمان زۆر فەعالە.

**ئەنوەر حسێن**: ببورە خەباتی چەکداریتان راگرتووە یان بە ناچاری راگیراوە، واتە بۆ نموونە وەزعییەتێک کە ئێستا هەرێمی کوردستان بەدەستیهێناوە لە دەرئەنجامی شەڕو خەباتی چەکداری بووە، لە کوردستانی تورکیا سوڵح کە دەکرێت لە دەرئەنجامی هاوسەنگی هێزو خەباتی چەکداریدا بووە، لە کوردستانی سوریا خەباتێک هاتووەتەکایەوە دەرئەنجامی خەباتی چەکدارییە، راستە ئاڵوگۆڕێک پێکهاتووە لەو ناوچەیەدا. تۆ پێتوانییە هێشتا بۆ ئێوە خەباتی چەکداری یەکێک بێت لە پێشەنگی کارەکانی ئێوە، وەکو جەنابیشت باستکرد، بۆ ئێوە هەلومەرجێک نییە بۆ کاری رێکخراوەیی و کاری ئازاد لە ئێران، لەرێگای کاری تەشکیلاتی و نهێنیشەوە لەماوەی پانزە بیست ساڵی رابردوودا نەتانتوانیوە کاریگەری گەورە دابنێن، یەعنی پێتانوانییە کە خەباتی چەکداری بۆ ئێوە گرنگ و پێویستە، دەتوانێت رۆڵی خۆی بگێرێت؟

**مستەفا هیجری**: خەباتی چەکداری کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام هەموو شتێک نییە، من لەوباوەڕەدا نیم ئەو گۆڕانانەی لەم ناوچەیەدا روویانداوە چ لە کوردستانی عێراق بێت یان سوریاو تورکیا، ئەوە خەباتی چەکداری هێزی کورد هێنابێتیە پێشێ! لەگەڵ رێزم بۆ هەموو خەباتێک کە گەلی کورد لەمێژوودا کردوویەتی، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا کە خەباتێکی زۆر دوورو درێژو پڕ لە قوربانیداوە، بەڵام ئەوەی هاتەکایەوە لە کوردستانی عێراقدا بەشی هەرەزۆری بەسترابوو بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ناوچەکەدا هاتۆتە پێشێ. ئەو هێرشەی کرایەسەر عێراق، سەدام حسێن-ی بەرووخاندا، دەزانین هێزەکانی کوردی عێراق لەگەڵ هەموو فیداکارییەک کە کردیان نەیانتوانی کاریگەری دابنێن کە ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد لەو بەشەدا لەگەڵ سەدام حسێن چارەسەربکەن، ئەوەی کە ئێستا لە کوردستانی سوریاشدا دەیبینین کە بەشێک لە کوردستانی سوریا ئازادەو هێزەکانی حکومەتی تێدا نییە، لەبەرئەوە نییە کە بە چالاکی هێزی کورد ئەو ئاڵوگۆڕە هاتووەتە پێش، بەڵکو ئەو وەزعەی لەناوچەکەدا دەگوزەرێ هێناویەتیە پێشێ کە بەشار ئەسەد تووشی شەڕێکی توندوتیژو خوێناوی بووەو لاواز بووە، بۆیە ئەو وەزعییەتە لەوێدا خوڵقاوە.

لە تورکیاشدا کورد فیداکاری بەرچاوی کردووە، بەشێکی بەرچاوی ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئێستا لە تورکیادا هەیە بە خەباتی مەدەنی دەچێتە پێشێ و ویست و داخوازی کوردی تێدا زەق بۆتەوە، ئێستا پرۆسەیەک دەستپێکردووە لەنێوان pkk و حکومەتی تورکیادا، بەشێکی بنچینەیی دەگەڕێتەوە سەر بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتی حزبێک کە ئێستا لەسەر کارە، چونکە ئێمە پێش ئەو حزبەش لەگەڵ ئەوەی خەباتی کورد لە تورکیادا هەر بووە، چ بە شەرتی چەکداری چ بە شەرتی مەدەنی، بەڵام حکومەت جوابی ویست و داخوازی



سەرچاوە Serchawe

کوردی نەداوەتەوەو باوەڕی پێی نەبووە، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی دنیاو ناوچەکە، وەکو عەرزم کردیت وایلێهاتووە ئەو مەسەلانە زەقبوونەتەوە. بەڵام لە ئێراندا بەگشتی حکومەتێکی وا لەئارادا نییە کە ئەو شتانە دەرک پێبکات و تائێستا کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەدنیادا هەیە، بۆیە ئەو حکومەتە ئێستاش بەستراوەیە، فرسەتی حەرەکەتی مەدەنیش نەک بە کورد بە کەسی دیکەش نادا. لە کوردستانی تورکیا، خەبات بەشێوەی مەدەنی ئیمکانی هەیە، فەزاکە کراوەتەوە بۆ خەباتی مەدەنی، دەبێت کەڵکی لێوەربگری، کوردستانی عێراق وەزعییەتەکەی بەتەواوی گۆڕاوەو بووەتە حکومەتێکی خۆجێیی، لە سوریاش وەزعییەتەکە بەوجۆرەیە کە هەموومان ئاگادارین. وەکو باسمکرد دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە بەشێکی زۆری ناوچەکەدا نەماوە، مەبەستمە ئەوە بڵێم لە هەموو مێژووی کورددا کە خەباتی چەکداری تووندوتیژ کراوەو کورد فیداکاری زۆری کردووە، لەڕاستیدا کەس نەبووە کە بەخەباتی چەکدارییەکەی حکومەت ناچار بکات مل رابکێشێت بۆ ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد.

**ئەنوەر حسێن**: بڕواتان بەخەباتی چەکداری نەماوە؟

**مستەفا هیجری**: بڕوامان بەخەباتی چەکداری ماوە، بەڵام نەک خەباتی چەکداری وەک هەموو شتێک ببینین، ئەگەر خەباتی چەکداری نەبوو پێمان وابێت هەموو شتێک تەواو بووە، بەڵکو خەباتی چەکداری وەکو هەموو بەشەکانی دیکەی خەبات دەبێت لەکاتێکدا کە گونجاو بێت ئەو دەمە دەستی پێبکەیت.

**ئەنوەر حسێن**: ئێستا گونجاو نییە بۆ ئێوە؟

**مستەفا هیجری**: نا بۆ ئێمە ئێستا گونجاو نییە.

**ئەنوەر حسێن**: بۆ؟

**مستەفا هیجری**: بە دەلیلی ئەوەی کە خەباتی چەکداری ئەگەر دەستی پێبکەیت پێویستی بەپشتی جەبهەیەکی موتمەئین هەیە کە ئێمە ئەوەمان نییە، لە وڵاتێکی گەورەو فرەنەتەوەی وەکو ئێراندا کە کورد نەتەوەی سێیەمە لەباری ئابوورییەوە یەکێک لە بێدەرەتانترین نەتەوەکانی ئێرانە، ئیمکاناتی ژیانی زۆر بەرتەسکە، ناکرێت کورد لە وڵاتێکی ئاوا گەورەدا بە تەنێ دەستبداتە خەباتی چەکداری و قوربانی بۆ بدات، لە حاڵێکدا کە تائێستا نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی لەگەڵ ئەوەی کە نارەزایەتییەکی زۆریان لە حکومەت هەیە، بەڵام تائێستا ئامادەییان بۆ ئەو مەسەلەیە نییە، کورد بەتەنیا ناتوانێت ئەو کارە بکات، بۆیە دەبێت فرسەتێکی گونجاو هەبێت.

**ئەنوەر حسێن**: چییە ئەو فرسەتە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو فرسەتە ئەوکاتەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران کە دەمێکە پرۆسەی لاوازبوونی دەستپێکردووە چ لەبارەی ناوخۆوە چ لەبارەی نێونەتەوەییەوە، ئەو لاوازی و بێدەرەتانییەی کۆماری ئیسلامی بگاتە نوقتەیەک کە نەک هەر کورد، بەڵکو نەتەوەکانی تریش جورئەتی ئەوەیان هەبێت، ئەگەر خەباتی مەدەنی جوابی نەداوە، خەباتی چەکداری دەستپێبکات، حزبی دیموکرات تەنها حزبێک نەبێت کە لەو وڵاتەدا خەبات بکات، ئەوە پێموابێ فرسەتەکە ئاوا دەبێت، بەڵام بۆ ئەوکاتە حزبی دیموکرات دەبێت ئامادەیی هەبێت، ئێمە ئەو ئامادەییەمان هەیە، ئێستاش پێشمەرگە وەردەگرین، فێرگەی نیزامیمان هەیە، پێشمەرگە پەروەردە دەکەین، ئەو پێشمەرگانە بەشێکی زۆریان لە کەمپەکانی حزبیدا دەمێننەوە بۆ پارێزگاری حزب کاردەکەن و تێدەکۆشن، شتی تازە فێردەبن، بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی مناسبدا بۆ ئەوەی بتوانین لە دەرفەتەکە کەڵک وەربگرین چ وەکو خۆمان چ وەکو راکێشانی نەتەوەکانی تر کە ئامادەگی ئەوەیان هەبێت خەباتێکی هاوبەش لە ئێراندا بەدیبهێنین.

**ئەنوەر حسێن**: ئەو فرسەتەی باستکرد، چاوەڕێی دەکەن کە ئەمریکا بێتە ناوچەکە وەک دەخالەتی کرد لە عێراق، لە سوریا، چاوەڕێی ئەوە دەکەن لە ئێرانیش دەخالەت بکات ئەوجا دەستبەکاربن؟

**مستەفا هیجری**: نا مەسەلەکە تەنها ئەوە نییە کە چاوەڕێ بین ئەمریکا یان هێزێکی دەرەکی دەخالەت بکات، بەڵکو لەپێش هەموو شتێکدا لەسەرەتاوە ئامادەبوونی نەتەوەکانی ئێران ئازادیخوازانی ئێرانە بۆ بەرێوەبردنی خەبات، ئەوە لەسەرەتادا ئەولەوییەتی یەکەمە بۆ ئێمە، بەڵام رەنگە ئەوەی ئێوە ئیشارەتتان پێ کرد کاریگەری هێزەکانی دەرەکی ئەو فەزایە بۆ ئێمە گونجاوتر بکات و بتوانین کەڵکی لێوەربگرین.

**ئەنوەر حسێن**: پشتیوانی لەکام هەلومەرج دەکەن کە وڵاتێکی وەک ئەمریکا دەخالەتی تێدا بکات، بکەوێتە جەنگەوە لەگەڵیدا یان فشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوە پشتیوانی لەکامیان دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە پشتیوانی لە لاوازبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین، پێمانوایە هەرچەند کۆماری ئیسلامی ئێران لاوازتر بێت لە قازانجی ئازادیخوازانی ئێران و بەتایبەتی گەلی کوردە، ئەو تەجروبەیەش هەیە کە تائێستا لانیکەم بەشێک لەو وڵاتانەی کە ئەمریکا دەستی تێوەرداوە حکومەتی روخاندووەو دوایی بەجێیهێشتووە بۆ خۆیان، بەپێی لێهاتوویی خۆیان حکومەت و ئیدارەی خۆیان دەکەن.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر قەراربێت ئەو هەلومەرجە بێتەپێشەوەو دەرفەتی خەباتی چەکداری بۆ ئێوە لەباربێت، ئاڵوگۆڕێک رووبدات، تۆ ئامادەی سەرکردایەتی یەکێک لەو شەڕانە بکەیت یان هەر لە کۆیە، لەدوورەوە سەیردەکەیت؟

**مستەفا هیجری**: راستییەکەی ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو زۆر موقابیلی پێشبینی نییە، بەڵام من باوەڕم بەوە نییە خەباتی چەکداری لە

دەرەوەی وڵات بەڕێوەبچێت، ئەگەر هێزێک بیەوێت خەباتی چەکداری بکات، دەبێت لەنێوخۆی وڵات بێت، دەنا دووراو دوور ئەو خەباتە ناکرێت، بەڵام ئەگەر فرسەت گونجاوبێت ئێمە دەیکەین، ئێمە وەکو حزبی دیموکرات تەجروبەی شەڕی چەکداریمان هەیە، لەنێوخۆی وڵاتدا کردوومانە، لە شاخەکاندا کردوومانە، شەڕی پارتیزانیمان کردووە، تەنانەت شەڕی مونەزەمیشمان کردووە لەگەڵ حکومەت.

**ئەنوەر حسێن**: من باسی جەنابتم کرد، ئامادەی بگەڕێیتەوە؟

**مستەفا هیجری**: من ئامادەم، عەرزم کردیت ئەگەر هەلومەرج گونجاو بێت، ئامادەم لەڕۆژی یەکەمدا بگەڕێمەوە.

**ئەنوەر حسێن**: بە بەراورد بە حزبەکانی باشووری کوردستان، تا ئاستێکی زۆر دوورن لە خەڵکەکەی خۆتان، کەچی کەمترین کێشەتان هەبوو بۆ چوونە ناو کۆنگرەی نەتەوەییەوە کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا چەند دانیشتنێکی سەرەتایی ئەو کۆنگرەیە بەڕێوەچوو، پێتانوایە ئەو تەباییەی نێوانتان دەرئەنجامی چی بوو کە ئاوا بێ کێشە چووبەڕێوە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەکو کوردی ڕۆژهەڵات، وەکو بەشەکانی دیکە بەداخەوە ڕابردوویەکی تاڵ و ناخۆش و پڕ لەگێرەو کێشەمان لەگەڵ خۆمان تەجروبە کردووە، لەشەڕی چەکداری دژی یەکترو بگرە شکاندنی یەکترو فەوتاندنی یەکتر، ئینشیعابات و دژایەتیکردن لەگەڵ یەکتر، هەموو ئەوانەمان تاقیکردووەتەوە، بەبۆچوونی من پێم وابێت هەموومان لە ئەسەری ئەو تەجروبانەدا گەیشتووینەتە ئەوەی کە ئێستا زەمانی ئەوە نەماوە، ئەگەر بمانەوێت کاریگەریمان لە داهاتووی ئێران، لە داهاتووی کوردستانی ئێراندا هەبێت و بەقازانجی نەتەوەکەمان بجوڵێینەوە وەکو لە پرسیاری پێشوودا باستکرد، لە دەرفەتەکان باش سوود وەربگرین، دەبێت ئەو سەردەمە بەتەواوی تێپەڕیووبێت.

لە نەزەری ئێمەوە مەسەلەی شەڕکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان بە چەک و دژایەتیکردنی یەکتر، لانیکەم لەبۆچوونی ئێمەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا تەواو بووە، بۆیە ئێمە بەپێی ئەو سیاسەت و بۆچوونەمان ماوەیەکی زۆرە دانوستان و دانیشتن و حورمەت دانان بۆ لایەنەکانی دیکەمان گرتووەتەبەر، بەوشێوەیە هەڵسوکەوتمان کردووەو توانیومانە فەزایەکی وا پێکبهێنین کە بتوانین لە دەوری یەک دانیشین لە جیاتی تەریقکردنەوەی یەکترو بێبەریکردنی یەکتر، پێکەوە مەشغەڵەت بکەین، تەنانەت ئێمە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەماندا کە پێنج شەش ساڵ لەمەوپێش لەحزبی دیموکرات جیابوونەوە، لەگەڵ ئەوانیش فەسڵێکی نوێمان دەستپێکردووە، ساڵێکە لەگەڵیان لە دانوستاندایین لەو مەوزوعە سیاسییانەی کە لە بابەتی ئێران و کوردستان دێنە پێشەوە، پێکەوە مشاور دەکەین، لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش هەر بەوشێوەیە. ئەوە توانیویەتی فەزایەکی وا پێکبهێنێت کە وەکو خۆتان باستانکرد لە کۆنگرەی نەتەوەییدا کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژاردن کرا، نوێنەرەکان دیاریکران، پێکەوە هاوکاری دەکەین و ئەوەشمان مەبەست نییە هەر کەسە بۆ حزبەکەی خۆمان چیمان دەستدەکەوێت، گرنگ ئەوەیە پێمانوایە کە ئەگەر ئەو کۆنگرەیە سەربکەوێت، دەتوانێت زۆر ئامانجی بەرزی هەبێت و زۆر لە قازانج و بەرژەوەندی کورددا بێت، بۆیە زۆرتر مەسەلەی نەتەوەیی

لەبەرچاو دەگرین، ئەوە نەک هەر لە مەسەلەی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵکو لە مەسەلەکانی دیکەشدا ئەوە هەبووە، مەسەلەن لە پەیوەندی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێراندا، هەموومان مەبەستم لە حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، پێکەوە ڕاگەیاندنمان دەرکردووە، هەمووماں گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە پێکەوە داوا بکەین خەڵک دەنگ نەدەن، لە مەسائیلی دیکەشدا زۆر پێکەوە کاردەکەین.

**ئەنوەر حسێن**: بەڵام نەتانتوانی ڕاگەیاندنێکی هاوبەش بڵاوبکەنەوە؟

**مستەفا هیجری**: ڕاگەیاندنی هاوبەش هەموومان پێکەوە نا، بەڵام هەموومان یەک شتمان باسکرد، هەرلایەنە بەیانی خۆی، بەڵام یەک مەبەست بوو، ئەویش تەحریمی هەڵبژاردن بوو.

**ئەنوەر حسێن**: ئامادەن بەیەکەوە ڕاگەیاندنێکی هاوبەش لەم ڕۆژانەدا بڵاوبکەنەوە، هەر پێنج هێزەکە هەر (سێ کۆمەڵە)و (دوو دیموکرات) سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی؟

**مستەفا هیجری**: ئێستا لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی پێکەوە ئیشدەکەین، پێکەوە هەڵبژاردنمان کرد.

**ئەنوەر حسێن**: مەبەستم لەڕاگەیاندنێکی هاوبەشە لەنێوان حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟

**مستەفا هیجری**: ئەوە ڕاگەیاندنی ناوێت، لەوێ لەگەڵ هەیئەتەکان دادەنیشین، ئێستا ئەو هەیئەتی ئامادەکارە کە دیاریکراوە بیست و یەک کەسە، هەیئەتی ئێمە پێنج کەسە، لەگەڵ ئەوان هەموو مەسەلەکان باسدەکەن، مەسەلەکانیشمان هاوبەشە.

**ئەنوەر حسێن**: پێتوانییە کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئێوەو حزبەکانی ڕۆژهەڵات دەرکەوتنێکی نوێ بوو، میدیاکان گەرموگوڕییەکی زۆری دایەوە بە دەرکەوتنی ئێوە کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا وا نەبوون، لە یەکەم دانیشتنی کۆبوونەوەکەشدا تۆ یەکێک بووی لەوانەی کە قسەی دڵی هەموویانت کردووە، مەبەستم ئەوەیە ئێوە هەست ناکەن کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئێوە دەرفەتێکی تازەی ڕەخساندووە؟

**مستەفا هیجری**: وەڵڵا پێموابێت نەک هەر بۆ ئێمە، بۆ ڕێکخراوەکانی دیکە، بۆ هێزە سیاسییەکانی دیکەش دەرفەتێکی نوێ بوو، ئەوەش بەبۆچوونی من خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە نزیکبوونەوەی هێزەکانی کورد لە هەموو بەشەکاندا بەتایبەتی کە دێتە پێشێ وەکو کۆنگرەی نەتەوەیی، لە داهاتوودا کۆسپەکانی دەبێتەچی و چەند سەردەکەوێت، چەند سەرناکەوێت ئەو بەرژەوەندییە هەیە کە هێزەکانی کورد بەرجەستە دەکات و تواناو لێهاتووییان زۆرتر نیشان دەدات. بۆ ئێمەش وەک هێزەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ئێران ئەو دەرفەتە هاتەپێشێ کە ویست و داخوازییەکانی خۆمان نەزەرات و بۆچوونەکانی خۆمان چ لە میدیاکاندا چ لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا بتوانین باسبکەین.

**ئەنوەر حسێن**: وەکو ئەوەی باس دەکرێ لە یەکەم دانیشتنی کۆنگرەی نەتەوەییدا بە بارزانیت وتووە، قسە لەسەر ئاشتی چی؟ کێ ئاشتی لە ئێمە وەردەگرێ؟ ئێمە پەیامێکمان پێیە، کێ لێمان وەردەگرێ؟ ئەوەشت وتووە دوو سکرتێر کە دوابەدوای یەک سکرتێری حزبەکەت بوون، لەپێناوی ئاشتیدا تیرۆر کراون، ئەم پەیام و قسەکردنەت لەچییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟

**مستەفا هیجری**: حزبی دیموکرات بەو رابردووەی کە هەیەتی، بەو شانازییانەی کە هەمانە، من بەشبەحاڵی خۆم وەک حزبی دیموکرات جێ پێی حزبەکەم لەنێو خەڵکەکەی خۆمدا قایم دەبینم، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی ئێمە دەرفەتی ئەوەی نییە خۆی نیشاندا، بەڵام من لەو پێوەندەدا گومانم نییە کە جێ پێی حزبی دیموکرات لەناو خەڵکەکەی خۆیدا قایمە، ویست و داخوازییەکانی ئێمە ویست و داخوازییەکی سەردەمییە، ئێمە لە سیاسەتەکانماندا لەڕابردووەوە تائێستاش فێربووین واقیعەتەکان زۆر لەبەرچاو بگرین، بۆیە نەک لە کۆنگرەیەکی ئاوا، زۆر کۆڕو کۆبوونەوەم بووە لە ئەمریکا، لە ئەوروپا لەگەڵ کەسایەتی زۆر گەورە لە پەرلەمانتاری پەرلەمانی بەریتانیا، هەر بەو هێزو باوەڕ بە حزب و باوەڕ بەخۆبوونەوە قسەمکردووە، چونکە وەک عەرزم کردیت بیروبۆچوونەکانی ئەو سەردەمە رابردوویەکی پڕ لە شانازیمان هەیە، خاڵی مەنفی ئاوامان نییە کە شەرمی لێبکەین، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە لە فرسەتێکی گونجاودا کە چاوەڕوان دەکەم لەوانەیە زۆر درەنگیش نەبێت کوردی ئێران لە ناوچەکەدا جارێکی تر تواناو لێهاتووی خۆیان پیشانبدەن، بۆیە ئەو قسانەی کردم لە کۆنگرە لە شوێنەکانی دیکە لەو هێزو توانایەوە بوو.

**ئەنوەر حسێن**: بارزانی وەڵامی چی بوو؟

**مستەفا هیجری**: بارزانی وەڵامی نەبوو، لەڕاستیدا من گلەییەکم کرد کە لەو شتانەی باسکران لەوێ، چونکە ئیدارەی جەلەسەکە لەلایەن بارزانییەوە بە کاک عەدنان موفتی سپێردرابوو، ئەو هەندێک وەڵامی دامەوە، وەڵامەکەی ئەوەبوو لەسەر ئەوەی کە من گلەییم کرد، پێشتر دەبوایە پرس و جوو بکرایە لەگەڵ هێزو لایەنەکانی دیکە، بەتایبەت لەگەڵ ئێمە باسکرا کە ئەو کۆنگرەیە بۆیە پێکهاتووە، هەر کەس نەزەری هەیە، قسەی هەیە، نەزەری خۆی دەدات کە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی چەکداریش لە بەیانییەی کۆنگرەدا ئەوە ئیسڵاح کرا کە خەباتی هەر بەشێک بە لەبەرچاوگرتنی وەزعییەتی حکومەتەکانی مەنتیقە بچێتە پێش، مەسەلەکە پەیامی ئاشتی بوو بۆ هەموو دەوڵەتەکان و نەتەوەکان، بەڵام کە من قسەمکرد ئەو ئیسڵاحییەتە پێکهات بە لەبەرچاوگرتنی وەزعییەتی حکومەتەکان.

**ئەنوەر حسێن**: باسی ئەوەت کرد کە شانازی بە حزبەکەم و مێژووی حزبەکەمەوە دەکەم، هەست بەوە ناکەیت عەیبێک هەیە لە حزبەکەی تۆدا، ئەویش ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەو کۆنگرەیەکی ئاوادا دادەنیشن وا ناوتان دەبرێت مستەفا هیجری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، خالیدی عەزیزی سکرتێری حزبی دیموکرات، ئەمە بۆ ئێوە خاڵێکی زەعیف نییە؟

**مستەفا هیجری**: بەرەوەڵڵا دەزانم خاڵێکی زەعیفە، نەک هەر بۆ ئێمە وەک دیموکرات، بەڵکو بۆ هەموو لایەنەکانی کوردی ئێرانی، مەسەلەن بۆ کۆمەڵەکان کە ئەوانیش سەردەمێک هێزێکی بەرچاو بوون لە کوردستانی ئێراندا، بۆ هەموومان خاڵێکی لاوازە، بەڵام وەک عەرزم کردیت ئەوە دەورانێک بوو تەواو بووە، هیوادارم نەیەتەوە، هەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو خاڵە نێگەتیڤەیە کە ئێمە دەستمانکردووە بە دانوستان و پێکهێنانی فەزایەکی نوێ لەگەڵ کاک خالیدی عەزیزی، ئێستا زوو زوو پێکەوە دادەنیشین و هاتوچۆی یەکتر دەکەین و خەریکین بەرەو ئەوە دەچین کە ئێمە بتوانین لە داهاتوودا یەکبگرینەوە.

**ئەنوەر حسێن**: ئێوە بە ئیمانەوە دەڵێن کە هێزێکی جەماوەرین، ئەو دەستەواژەیەم لە هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تریش بیستووە، لە دیموکراتەکەی تر، لە کۆمەڵەکان، پێتوایە ئەگەر هەلومەرجێک بڕەخسێت لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، حزبی دیموکرات لە پێشی پێشەوە دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ من بەشبەحاڵی خۆم وابیردەکەمەوە، لەوەدا هیچ گومانم نییە، ئەوەش تەنها بەگومان و لێکدانەوە نا، بەپێی تێکۆشانێک کە ئێمە لە ناوخۆی وڵاتدا هەمانە، بەپێی ئەندامانێک کە هەمانە، بەپێی ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ کەسایەتی و خەڵکی ناوخۆی کوردستاندا هەمانە، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی، واتە دروشم نییە، من جارێکی دی ئەوە دەڵێمەوە ڕاستە ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی چەکداری درێژە نادەین، بەڵام ئەوە نەیتوانیوە کە لەخۆشەویستی حزبی دیموکرات کەمبکاتەوە، بێجگە لەو خاڵەی لە سەرەتادا عەرزم کردیت ئیشارەی پێدەکەمەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت وەکو سەرەتای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی بیربکەینەوە، ئەوە دروست نییە، چونکە گۆڕان هەیە، گۆڕان لەناوخۆی وڵاتدا، لەگەڵ خەڵکدا، فکرو بۆچوونی خەڵکەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەو پێوەندەدا خۆشەویستی حزبی دیموکرات و جەماوەری بوونی حزبی دیموکرات لەنێو خەڵکدا بەنیسبەتی ئەوکات باشترە.

**ئەنوەر حسێن**: وتت ئەوەی کە من دەیڵێم ئێمە حزبی یەکەمین ئەمە دروشم نییە، بەڵام فاکتێکیش نییە؟

**مستەفا هیجری**: ڕاستە ئەو دەمەش دەبێت دووبارە سندوقی دەنگدان هەبێت.

**ئەنوەر حسێن**: لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو بۆچوونانەی تۆ وادەرنەچوو، ئامادەی لایەنەکانی تر قبوڵبکەیت کە براوەن، مەبەستم لە ئەنجامی هەڵبژاردنە وەک پرۆسەیەکی دیموکراتی؟

**مستەفا هیجری**: بەشبەحاڵی خۆم لەوباوەڕەدام ئەوەی کورد بەسەریهاتووە تائێستا ئەو نەگبەتی و دواکەوتووییەی کە هەمانە، ئەوانە بەشێکی هەرە زۆری موسەبیبەکەی خۆمان بووین کە نەمانتوانیوە یەکتری تەحەمول بکەین و دیموکرات نەبووین، فەقەت لەقسەدا باسی دیموکراسیمان کردووە، بۆیە پێموابێت چ کورد بەعام چ وەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەگەر بمانەوێت نەتەوەکەمان پێشبکەوێت و بەڕاستی حزب وەکو وەسیلەیەک بێت لە خزمەتی خەڵکەکەی، دەبێت هەموو یاسایەکی دیموکراتی

قبوڵبکات، یەکێک لە یاساکانی دیموکراسی ئەوەیە کە تۆ لە هەڵبژاردندا دۆڕاندت، دەبێت دۆڕاندنت قبوڵ بێت، من نەک هەر لە کۆمەڵگای دوارۆژدا، بەڵکو لەحزبەکەشمدا ئەگەر لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیکدا هەست بەوە بکەم دۆڕاندوومە، زۆر بەحورمەتەوە جێگای خۆم دەدەم بە کەسێکی دیکە، هەروەک لەڕابردوودا ئەوەم کردووە، من سەردەمێک سکرتێری حزبی دیموکرات بووم لە کۆنگرەیەکی دیموکراتیکدا کە باوەڕم پێی هەبوو، من دۆڕاندم، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بوو بە یەکەم، بە حورمەتەوە جێگای خۆم پێشکەشی کردووە، لەو ماوەیەشدا هەموو تێکۆشانی خۆم بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە خزمەتی حزبەکەمدا بم، یەعنی ئەوە باوەڕی منە.

**ئەنوەر حسێن**: واتە تۆ وەکو رابەری یەکێک لەو حزبانەی رۆژهەڵاتی کوردستان، قەناعەتت بەوە نەماوە جارێکی کە دەستبدەنەوە شەڕی براکوژی کە پێشتر مێژوویەکی تاڵتان هەبووە لەگەڵیدا؟

**مستەفا هیجری**: من باوەڕم بەوەیە کە کورد هەروەختێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی دەستی بۆ چەک بردووە هەڵەی کردووە، دوژمن قۆستویەتییەوە، بۆیە پێموابێت نابێت ئەوە دووبارەبێتەوە، بەبۆچوونی من کۆنگرەی نەتەوەیی کە هیوادارم بەو شکڵەی کە من دەمەوێت نەک شکڵێکی فۆرمی جێبەجێ بێت، یەکێک لە کارەکانی دەبێت ئەوە بێت کە چاودێر بێت بەسەر هەڵسوکەوتی حزبە سیاسییەکانی کوردەوە، ئەگەر رۆژێک حزبێک، گرووپێک بیەوێت لەڕێگای چەکدارییەوە قسەی خۆی بسەپێنێت، بەرگری لێبکات، حزبی من دەبێت یەکێک لە پشتیوانانی ئەو سیاسەتە بێت.

**ئەنوەر حسێن**: وتت کۆنگرە وەکو ئەوەی من دەمەوێت، تۆ دەتەوێت چی بێت، کۆنگرە چۆن بێت و چی بکات؟

**مستەفا هیجری**: من دەمەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی بە تەنها هەر دروشم نەبێت، وەک حزبی دیموکرات هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی ئەو کۆنگرەیە ببێتە کۆنگرەیەک و لەوێدا ببێتە ناوەندێکی بەهێز بۆ قسەکردن و رێگا نیشاندانی هەموو گێرەو کێشەکانی کورد بەتایبەتی ئەو بەشە لە کوردەکان کە حکومەتییان تێدا نییەو ناتوانن، مەرجەعێک نییە، دادگایەک نییە بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆیان بەرنە ئەوێ، دەمەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی ببێتە ئەو مەرجەعە، ئەگەر سبەینێ گرووپێک بیەوێت بەهێزی چەک خۆی بسەپێنێت بەسەر خەڵکدا یان بەسەر لایەنێکی دیکەدا، ئەگەر حزبێک بیەوێت لەڕێبازی نەتەوەیی لابدا، کۆنگرەی نەتەوەیی بتوانێت لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەبکات و بڕیاربدات و چارەسەری ئەو مەسەلانە بکات، بۆیە من ئاواتێکی زۆر گەورەم هەیە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کە هیوادارم ئەو کۆنگرە نەتەوەییە لەو چوارچێوەیەدا پێکبێت.

**ئەنوەر حسێن**: بێگومان ئاشتی، تەوەری سەرەکی کۆنگرەی نەتەوەییە، دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و دەستبەردار بوون لە خەباتی چەکداری، هیچ سوودێکی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە پێمانوایە هەروەختێکی کۆماری ئیسلامی ئێران یان هەر حکومەتێکی دیکە بەجددی بیەوێت لەسەر ئازادی و

دیموکراسی و مافەکانی نەتەوەی کورد دیالۆگ بکات، ئێمە دەبێت دیالۆگ بکەین، ئاشتی بکەین، لەڕابردووشدا وامانکردووە. لەسەر مەسەلەی ئاشتی و پێکەوە دانیشتن، دوو سکرتێرمان لەدەستداوە. لە هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیشدا لەگەڵ هێزەکانی دیکەی خەبات لە کوردستاندا، هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردمان پێکهێنا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کەوتینە دانوستان، هەموو ئەو ڕێگایانەمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تاقیکردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە بە ئەنجام نەگەیشتووین، بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕێکی وای بەسەربێت کە بیەوێت لەگەڵ گەلی کورد وتووێژ بکات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکانی، ئێمە ئامادە دەبین.

**ئەنوەر حسێن**: پێتوایە ئاڵوگۆڕێک بەسەر بیروبۆچوون و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دێت؟

**مستەفا هیجری**: من زۆر بەدووری دەبینم ئەو ئیدۆلۆژییەی کە کۆماری ئیسلامی باوەڕی پێیەتی کرانەوەی تێدا هەبێت، باس لەمافی نەتەوەو ئازادی و دیموکراسی بکات، چونکە تائێستا پیشانیداوە کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ ئەو نورمو پرەنسیپانە لەدژایەتیدایە.

**ئەنوەر حسێن**: وازهێنان لە خەباتی چەکداریش داوایەکی مەعقول نییە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ تەبیعەتەن وازهێنان لە خەباتی چەکداری بۆ ئێمە مەعقول نیە تا ئەوکاتەی کە ئێمە لەگەڵ ڕژێمێکی ئاوا ڕوبەڕووبین.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر داوایەکی ئاواتان لێبکرێت لەلایەن کۆنگرەوە هەڵوێستان چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە ئامادەنابین بچینەژێر ئیلتیزامێک، نە لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی یان هەر لایەنێکی دیکەوە کە لەئێستاوە هیچ بەرپرسیارێتییەک بکەوێتە سەرشانمان، بەبێ ئەوەی کە لایەنی بەرامبەری ئێمە هیچ هەنگاوێک هەڵبێنێت.

**ئەنوەر حسێن**: تەنانەت ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بێت؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ لەگەڵ ئەوانیش دیارە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەمان نییە.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر داوایەکی وا بکا؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئەگەر داوایەکی ئاوا بکەن کە بچینەژێر باری تەعاهوداتێکی ئاوا، حەتمەن قبوڵی ناکەین.

**ئەنوەر حسێن**: لەیەکەم ڕۆژی کۆبوونەوەکە ئێوە دوو دیموکرات و سێ کۆمەڵە پێشنەوەی هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت لە بارەگاکەی ئێوە، لە بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێر کۆبوونەوەو بەرنامەتان دارشتووە گوایە تاکتیکانە ستراتیجی ئەو

کۆنگرەیەتان داڕشتووە سەبارەت بە ڕۆژهەڵات کە یارمەتی یەکتر بدەن، (پژاک و خەبات و پاک و ئەمیری قازی) لە پرۆسەکە بکەنە دەرەوەو دواجاریش ڕەنگدانەوەی هەبوو ئەوان وتیان فێڵتان لێکردوون سەبارەت بەوەی پێشتر کۆبوونەوەتان کردووە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە پێشتر کۆبوونەوەمان کردووە، وەکو عەرزم کردیت ئێمە مورەتەب لەگەڵ یەکتر لە دانیشتین و وتووێژداین، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە لەبەرئەوە نەبووە کە پێکەوە دەنگبدەین، چونکە ئێمە نەماندەزانی شێوەی بەڕێوەچوونی ئەو کۆنگرەیە چۆن دەبێت و چۆن هەیئەتەکان دیاریدەکەن تا بڕیار بدەین لەوێدا دەنگ بەیەکتری بدەین، بەڵام لەسەر ئامانجە گشتییەکانی کۆنگرە پێکەوە قسەمان کردووەو تەوافوق هەبوو، بۆیە کە لەوێ باسکرا هەر بەشەی کوردستان هەیئەتەکەی خۆی دیاریبکات کە ئێمە ئەوەمان نەدەزانی، ئێمە بەسەر بڕیارێکیدا کەوتین کە ئاگادارنەبووین، یەکەمجار ویستمان بە تەوافق بگەین جێبەجێ نەبوو، کە کەوتینە دەنگدان دەنگدانەکە ئەو ئاکامەی بوو، من پێمواییێت کەس لە کەسمان زوڵمی نەکردووە، هیچ فێڵیش نەکراوە، هەموو نۆ لایەنەکە لەوێ حزوریان هەبووە، دیارە کاک ئەمیری قازی بۆ خۆی کشاوە لە پرۆسەکە، بەڵام وتی دەنگدەدەم، بەڵام باقی هەموومان لەدەنگدانەکەدا بەشداربووین و دەنگمانداوەو دەنگمان وەرگرتووە، نەتیجەکەی بووەتە ئەوە، کەوابێت هیچ فێڵێک هیچ شتێکی تێدا نییە بەپێچەوانەی ئەو تەبلیغاتەی کردیان و بڵاویانکردەوە، پێمواییێت هیچ کام لەبەشەکانی کوردستان بەو شێوە دیموکراتیک هەیئەتی خۆیان دیارینەکردووە.

**ئەنوەر حسێن**: تۆ پێتوابوو وتت نەتیجەکەی ئاوایە واتا پێتوایە ئەو پێنج هێزە هێزی سەرەکین و تەواو لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا؟

**مستەفا هیجری**: دەزانی ئەوەی ڕابردووی خەباتی هەبێت لە کوردستاندا لەنێو خەڵکی کوردستاندا ناسراوە دیموکرات و کۆمەڵەیە، ئێستا تۆ لەوەگەڕێ کە ئەوانە دابەشبوون، بەڵام لەگەڵ دابەشبوونەکەشیاندا ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا باسیدەکرێت هەر ئەوانن.

**ئەنوەر حسێن**: پژاک دەڵێت فێڵیان لێکردووین، لەسەر زاری وتەبێژەکەیانەوە، لەسەر زاری حزبەکەیانەوە، وە پاک دەڵێت مستەفا هیجری و عەبدوڵای موهتەدی ناتوانن خەڵک بانگبکەن و بیخەنەژێر چەتری خۆیانەوە؟

**مستەفا هیجری**: باشە ئێمە ئەوانمان بانگ نەکردووە بیانخەینەژێر چەتری خۆمانەوە، ئێمە کەسمان بانگ نەکردووە بیخەینەژێر چەتری خۆمانەوە، فێڵیشمان نەکردووە، ئەوان بۆ خۆیان لە دانیشتنەکەدا ئامادەبوون بۆ دەنگدان، ئەی دەنگدان نەتیجەی ئەوەیە تۆ نۆ لایەنی، ئەو نۆ لایەنە دەتوانی پێنج کەس دیاریبکەیت، تۆ هەرچی بکەیت چوار کەس دەکەوێتە لاوە، تۆ ئەگەر نەتوانی بەتەوافوق کارەکانی خۆت حەلبکەیت، کار دەچێتەسەر دەنگدان، بێجگە لەدەنگدان چ ڕێگەیەکی دیکە هەیە کە ئەو لایەنانە بەشداربن لە نۆیەکە دەبێت چوار لایەن بکەوێتە لاوە.

**ئەنوەر حسێن**: باشە تۆو حزبەکەت پێتوایە پژاک حزبی ڕۆژهەڵاتە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر.

**ئەنوەر حسێن**: چۆن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە ئەوەڵەن پژاکمان پێ حزب نییە، بەدەلیلی ئەوەی پژاک لە واقیعدا هەموو شتێکی هی پەکەکەیە، هەموو بڕیاراتی بەدەست پەکەکەیە، شەڕکردنەکەی پاشەکشەکەی ئەوەی کە دوو ساڵە ئاگربەستی لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئیمزاکردووە، لەژێر سیاسەت و بۆچوونەکانی پەکەکەدایە، کەوابوو پژاک حزبێکی سەربەخۆ نیە، لقێکە لە پەکەکە.

پەکەکە وەکو سیاسەتی ڕەسمی خۆی باوەڕی بەوە هەیە خۆیان بەتەنیا کوردستان ڕزگاردەکەن، بۆیە لە کوردستانی ئێران، لە کوردستانی عێراق، لە کوردستانی سوریا لقی خۆیان دامەزراندووە بەناوی حزبی ئەو وڵاتە، بۆیە پێموابێت پژاک حزب نییەو هی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە.

**ئەنوەر حسێن**: بەڵام ئەوان دیعایەی ئەوە دەکەن کە ئەوان ئێستا حزبی یەکەمن و خەباتی چەکداری دەکەن و تەشکیلات و نهێنییەکی زۆریان هەیە، تەنانەت ئەو شوێنانەی حزبی دیموکرات پێی نەگەیشتووە لە ئیلام و خوراسانی ئەوان تەشکیلاتیان تیا دامەزراندووە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر تەشکیلاتی نهێنی بێ چوزانن تەشکیلاتی ئەوان لە ئێمە بەقوەتترە، چونکە تەشکیلات نهێنییە، خۆ ئاشکرا نییە، دووەم ئەوانیش ئەوە ماوەی دوو ساڵە ئاگربەستیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ئیمزاکردووە لە واقیعدا ئەوانیش خەباتی چەکداری ناکەن، کەوابوو لەو پێوەندەدا لەگەڵ ئێمە فەرق و جیاوازییەکیان نییە، ئەوەی ئەوان دیعایە دەکەن کە ئەوان حزبی یەکەمن نازانم تائێستا هۆیەک، دەلیلێک، ئیتیفاقێکم لەوان نەبینیوە کە نیشانبدات ئەوان حزبی یەکەمن، ئیدیعا دەکەن دەڵێن حزبی یەکەمین، بە دیعایەکردنیش نابێت، ڕەنگە هێزێکی زۆر زۆر زەعیف ئەو ئیدیعایە بکات، تا ئەوکاتەی سندوقی دەنگدان دێتەوە ئاراوە، دەنگی .

**ئەنوەر حسێن**: قبوڵتانە پژاک کە بەدەنگی خەڵک ڕەئی بێنێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئەگەر خەڵک دەنگی بداتێ حەقی خۆیەتی.

**ئەنوەر حسێن**: تۆ ناڵێی من بە حزب نایانناسم؟

**مستەفا هیجری**: بە حزب نایناسم، بەڵام ئەگەر خەڵک ئەوی بە حزب بناسێت و خەڵک دەنگی بۆ بدات شتێکی زۆر تەبیعییە دەنگی خەڵک زۆر باڵاترە لەدەنگی حزب.



سەرچاوە
Serchawe

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر سیاسەتی یەکەکەش بەڕێوەبەرێت لە ڕۆژهەڵات؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر سیاسەتی یەکەکەش بەڕێوەبەرێت، خەڵکی کوردستان بیەوێت پشتیوانی لێبکات حەقی خۆیەتی.

**ئەنوەر حسێن**: یەعنی ئێوە ترسی ئەوەتان نییە سیناریۆیەک کە لەڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن یەیەدەوە کۆنترۆڵکراوە لەداهاتووا لەلایەن پژاکەوە کوردستانی ئێران بەهەمانشێوە کۆنترۆڵبکرێت ترسێکی واتان نییە؟

**مستەفا هیجری**: کۆنترۆڵکردن فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی خەڵک دەنگی بۆ بدات، من ئێستاش نازانم ئەگەر لە کوردستانی ڕۆژئاواش دەنگ وەربگیرێت ئایا خەڵک دەنگدەدەن بە یەیەدە یان نایدەن، بەڵام کۆنترۆڵکردن چییە، کۆنترۆڵکردن چەک و هێزە، نازانم لەکاتێکی وادا حزبی دیموکرات بۆ لەوان کەمتر دەبێت یان هێزەکانی دیکەی کوردستان بۆ لەوان کەمتر دەبن؟

**ئەنوەر حسێن**: کاک مستەفا ئەم بۆچوونانەی جەنابتم لە ڕابەرانی کۆمەڵەش بیستووە، ئەوانیش تێڕوانیان لەسەر پژاک هەمان شتە، بەڵام دواجار لەژێر فشاری یەکەکەو یەکێتیی و پارتی پژاک هاتەناو کۆنگرەوەو دێتە ناو کۆبوونەوەکانەوە، ئەمانە حسابیان بۆ کراوە؟

**مستەفا هیجری**: حسابەکە بۆ یەکەکەیە، لەژێر زەختی یەکەکەدا قبوڵیان کردووە، دیارە ئێمە نەچووینە ژێربار، ئێمە باسی ئەوەمان کرد ئەو پێنج لایەنە بەشێوەیەکی دیموکراتی بەشداریمان کردووە لەهەڵبژاردندا پژاکییشی تێدا بووە، کەواتە پژاک لەگەڵ ئێمە نییە، بە حسابی حزبی ڕۆژهەڵات ئامادە نابێ، ئێستا بۆ خۆتان لەژێر فشاردان بەهەر ناوێک بێجگە لەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و لەسەر حسابی ئێمە بەهەر ناوێک کەیفی خۆتانە.

**ئەنوەر حسێن**: بەناوی ڕۆژهەڵات نایەتە کۆبوونەوەکانەوە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر.

**ئەنوەر حسێن**: ئەی بەناوی چی دێتە کۆبوونەوە؟

**مستەفا هیجری**: نازانم بە ناوی یەکەکە دێت، بەهەر ناوێکی دیکە.

**ئەنوەر حسێن**: بۆ خۆی شوێن و پێگەی هەیە، بۆ بەناوی یەکەکە دێت، ئەوان دیعایەی ئەوە دەکەن بەناوی پژاک، پارتی ڕۆژهەڵات دێن؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر ئێمە ئەو پێنج لایەنەی لەوێ دیاریکراین لەوێ بەڕێز کاک مەسعود ئیعلانی کرد بیست و یەک ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکار، دەبێت لەو بیست و یەک کەسە پێنج کەس دەبێتە، هی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەو پێنج کەسەش هەڵبژێردراو تەواو، زۆریش هەوڵیاندا وتمان ئێمە ناچینەژێر باری ئەوەی بۆ خۆتان کەیفی خۆتانە.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر قەرار بێت لە بەینی دوو هێزدا سازمانی خەبات و پژاک هەقە خەبات بێت؟

**مستەفا هیجری**: خەبات لە دەنگدانەکەدا دەنگی زیاتر لە پژاک هێناوە .

**ئەنوەر حسێن**: یەعنی ئەوەندە بێکاریگەرە پژاک لە ڕۆژهەڵاتدا؟

**مستەفا هیجری**: پژاک لەنێو ڕۆژهەڵاتدا وەکو حیزبی ئەو بەشە چاوی لێ ناکرێ.

**ئەنوەر حسێن**: بەس لەناو حزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئاوایە؟

**مستەفا هیجری**: لە ناو حیزبە سیاسی‌یەکانو خەڵکیشدا.

**ئەنوەر حسێن**: ئێوە لایەنگری سیاسەتەکانی پارتی ئازادیش ناکەن بێتە ناو کۆنگرەکەوەو گلەیی زۆر لە حزبەکەی تۆو کۆمەڵەکان و دیموکراتەکەی تریش دەکات، پاک کە گوایە ئێوە بەشی ئەوانتان خواردووە نەتانهێشتووەو فشاریان لەسەرەو ناهێڵن؟

**مستەفا هیجری**: نەهێشتن نییە، ئەگەر ئەوانیش دەنگیان هێنا باوە دەهاتنە ناو گروپەکە، ڕەنگە یەکێکی کە نەبووایە.

**ئەنوەر حسێن**: ئێوە بەڕەسمی پاک دەناسن؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ بۆ نایناسین، بەڕەسمی دەیناسین، پاک هێزێکەو ڕەنگە لەگەڵ بۆچوونەکەی جیاوازیمان هەبێ، بەڵام وەکو هێزێک هەیە.

**ئەنوەر حسێن**: کاک مستەفا بۆ حزبەکەی قازی محەمەد کە وێنەکەی لە ژوورەکەتدا هەڵواسراوە، حزبەکەی قازی محەمەد، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کارێکی باش دەکەن، کە ناهێڵن کوڕەکەی قازی، بێتە ناو کۆنگرەی نەتەوەییەوە؟



Serchawe

**مستەفا هیجری**: پێم خۆشە بزانن مەسەلەکە کەسایەتی و ئەوە نییە بڕیارێک کە لەسەرەتاوە دراوەو ئێمە تێیدا بەشدار نەبووین ڕەنگە لە سەرەتاوە بڕیار درابا کەسایەتییەکان بانگدەکەین، بەڵام ئەوان باسی ئەوەیان کردووە کە هێزە سیاسییەکان بانگ دەکرێن، ئێستا لەگەڵ ڕێزم بۆ کوڕی پێشەوا، بەڵام حزبەکەی ئەو دەنگی نەهێناوەتەوە.

**ئەنوەر حسێن**: ئێوە لایەنگری سیاسەتی حزبەکەی ناکەن یان تەیدی خۆی ناکەن یا هیچیان ناکەن؟

**مستەفا هیجری**: پاک هێزێکی سەربەخۆییخوازن، ئێمە بۆ خۆمان حورمەت دادەنێین بۆ ویستی سەربەخۆییخوازی، بۆ هەموو تاکێک، بۆ هەموو گرووپێکی کورد، ئەو لەو حزبەدا سەرۆکە حزبەکەی ئەو دەنگی نەهێناوەتەوە.

**ئەنوەر حسێن**: کاک مستەفا لە من و تۆ کە لەم ژوورە دانیشتووین تا دەگاتە هەر کوردێکی شۆڕشگێڕو بەشەرەف شانازی بە قازی محەمەدەوە دەکرێت بەهەر چوار پارچەی کورستان؟

**مستەفا هیجری**: بەڵام شانازی بە کوڕەکەیەوە ناکەن.

**ئەنوەر حسێن**: ویستم ئەوە بڵێم هەم شانازی بەکوڕەکەیەوە ناکەن هەم کوڕەکەی دەبووایە لەم حزبەیا شوێن بگرێت کە حزبی باوکییەتی نەک لە حزبێکی تر کە بکەوێتە دژایەتی حزبەکەشی؟

**مستەفا هیجری**: یەک جیاوازی هەیە لەبۆچوونی من لە کوردستانی ئێران و باقی شوێنەکانی دیکە، ئەو جیاوازییەش ئەوەیە کە لە کوردستانی ئێران لەسەرەتای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیو دەستپێکردنەوەی خەبات تائێستاش لەوێدا تاک بۆ خۆی حسابی لەسەر دەکرێت، نەک لەبەرئەوەی لە فلان بنەماڵەیە، کوڕی فلان کەسە، برای فلان کەسە، بۆیە کوڕی پێشەوا دەیتوانی لەکاتی خۆیدا خۆی پیشانبدات، خەڵک باوەڕی پێبکات، نەک لەبەرئەوەی کوڕی پێشەوایە، بەڵکو لەبەرئەوەی کەسێکە دەتوانێت لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کورد دا بێت، بۆیە ئەو حسابانەی کە لە برا کوردەکانمان لەبەشەکانی دیکە بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا دەیکەن، کەوا فلان کەس، چونکە کوڕی فلان پێشەوایە، فلان کەس، چونکە کوڕی فلان سەرۆک عەشیرەتە دەبێت بێت لەسەرەوە قەرار بگرێت، ئەو بۆچوونە لە کوردستانی ئێراندا نییە، بۆیە کوڕی پێشەواش حورمەتم هەیە بۆی، بەڵام خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا لەو جێیەیدا نابینن.

**ئەنوەر حسێن**: کاک مستەفا لەم کۆنگرە نەتەوەییەدا قسەیەک هەیە لەسەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە باڵی حزبی دیموکراتی مستەفا هیجری بەلای پارتیدا ڕۆیشتووەو پارتی هاوکاری دەکات و موراعاتی دەکات، یەعنی ئەم بۆچوونە ڕەنگە جەنابت ڕەتیبکەیتەوە پەیوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چۆن مەسافەیەک هەیە لە سلێمانییەوە بۆ کۆیە، لە کۆیەوە بۆ هەولێر،



سەرچاوە Serchawe

مەسافەیەک کەوتۆتە نیوانیانەوە واتە کۆیە چەقی نێوان هەولێرو سلێمانییە یان ئیدارەی سەوزو زەردە یان سەنتەرە، ئایا بەهەمان ئەو مەسافە جوگرافیاییەی کە هەیە سیاسەتیش لەگەڵ یەکێتیی و پارتیش دەکەن، واتە بەهەمان شکڵ لەهەردووکیانەوە دوورن یان بەهەمان شکڵ لەهەردووکیانەوە نزیکن؟

**مستەفا هیجری**: من ئەو جیاوازییە بۆ خۆم وەک سکرتێری حزبی دیموکرات هەست پێناکەم، چونکە من پێمواپە لەگەڵ هەردوو حزب سەردەمانێک بووە زۆر پێکەوە نزیکبووین، سەردەمانێک بووە دڵمان لەیەک هێشاوە، هەموو ئەوانە هەیە، ئێستاش ئێمە ئەوان بە دوو هێزی سەرەکی دەزانین لە کوردستانی عێراقدا، پێمانوایە لەگەڵ ئەوەی کەموکوڕی لەهەموواندا هەیە، لە یەکێتیی و پارتیشدا هەیە، بەڵام ئێستا دەوری سەرەکیان هەیە لەئیدارەکردنی ئەو وڵاتەدا، حورمەتمان بۆیان هەیەو پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە، دانیشتمان هەیە، ئێمە هەردوولا بەحورمەتەوە سەیریان دەکەین و تێکۆشاوین کە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان وەکو یەک بێت، ئەگەر کێشەیەک هەبێت لەو لایەنەدا کێشەکە دەکەوێتەسەر خودی ئەو لایەنە، لەلایەنی ئێمەوە هەنگاوێکی وا، شتێکی وا بەدیناکرێت کە نیشانبدات ئێمە لایەنگری لایەنێک دەکەین، بەڵام ڕەنگە لەهەندێک لەکەسایەتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیدا ئەو بیروبۆچوونە هەبێت، تەنانەت دوایئەوەی کە لە کۆنگرەی سیانزەدا ئاڵوگۆڕێک لە ڕێبەرایەتیدا پێکهاتوو بەڕێز عەبدوڵا حەسەن زادە نەبوو بەسکرتێری حزب، ئەو بۆچوونە لەوێو لەنێو یەکێتیدا زیاتر پەرەی گرت بەبێ هیچ هۆیەک، بەتایبەتی لە دانیشتنێکدا کە ئێمە دوای ئەو کۆنگرەیە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی بوومان کە بەڕێز مام جەلال-یش تەشریفی بوو، لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە کرا، من لەوێ ڕوونمکردەوە بۆ یەکێتیی، من وەکو سکرتێری حزبی دیموکرات ئەوەی بەقازانجی حزبی دیموکرات بێت، ئەوە دەکەم، چاوم لەوە نییە یەکێتیی چی دەوێت، یان پارتی چی دەوێت، نە لەگەڵ یەکێتیی دژایەتی پارتی دەکەم، نە لەگەڵ پارتی دژایەتی یەکێتیی دەکەم، بەڵکو قازانجی حزبەکەم لەوەدا دەبینم کە ئعتیمادو باوەڕی هەردووکیان بەلای حزبەکەمدا ڕابکێشم بە سیاسەتێکی دروست، دوای ئەو باسانە مەسەلەکە زۆرباش کۆتایی هات، دوایئەوە مام جەلال هەر لەو میوانییەدا منی بانگکرد، وتی من زۆرم پێخۆشبوو ئەو قسانەی تۆ، ئەو قسانەی تۆ کردت من باوەڕم پێیەتی، هەموو شتێک بۆ من تەواو بووە، وا دیاربوو لای مام جەلال-یش زۆر ئەو مەسەلانە باسکرابوون بەتایبەتی لەو گێرەو کێشەی کۆنگرەی سیانزەداو ئەو ئینشعابات و شتانە.

**ئەنوەر حسێن**: ئەو بۆچوونەی یەکێتیی لەچییەوە سەرچاوەی گرتبوو بەرامبەر بە تۆ؟

**مستەفا هیجری**: بەڕاستی بۆ خۆشم نازانم، من لەوێدا باسمکرد وتم ئەگەر لەوماوەیەدا بەرپرسیارێتی حزبیم هەبووە، بەرپرسیارێتی سەرەکیشم هەبووە، هەمیشە پێمخۆشە ئەگەر لە کۆبونەوەیەکدا، لە دانیشتنێکدا، لە نووسینێکدا، لە بریارێکدا، شتێکی ئاوا هەیە پێم بڵێن، دەنا ئەوەی ئێوە دەیڵێن دوور لەڕاستییەو هیچ بنەمایەکی نییە، بێجگە لەوەی کە هەندێک کەس بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان یان هەر بابەتێکی سیاسی ئەو مەسەلەیان لەگەڵ ئێوە باسکردووەو هیچ ئەسڵ و ئەساسی نییە.لەوانەشە تەبلیغاتی لایەنی جیابۆوە لە حیزب لە سەروبەندی کۆنگرەی سێزدەدا ئەو بۆچوونەی لای هێندێک لە هاوڕێیانی یەکیەتی درووست کرد بێ.

**ئەنوەر حسێن**: یەعنی بەکورتی، کاک مستەفا یەکێتیی نیشتمانیی پێیوابوو دەرچوونی تۆ بە سکرتێرو دەرنەچوونەوەی مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە نەخشی پارتی تیایە؟

**مستەفا هیجری**: دەکرێ ئەو خوێندنەوەی لێ بکرێ، من ئەوەشم خوێندەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی ویستی نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕێت کە ئێستا من بوومەتە سکرتێری حزب، لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی فاسیلەمان زۆر دەبێت وە بەو ئەندازەیە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی بەهێزتر دەبێت.

**ئەنوەر حسێن**: تا ئێستاش؟

**مستەفا هیجری**: رەنگە تا ئێستاش ئەو بۆچوونە هەڵەیە لە لایەن ژمارەویەکی کەم لە برادەرانی یەکیەتیدا هەبێ، بەڵام دەمهەوێ ئەوە بڵێم کە هیچ لایەنێک ناتوانێت تەئسیر بکات لە کۆنگرەی ئێمەدا، چونکە کۆنگرەی ئێمە نوێنەرەکانی بەشێوەی ئازاد لە بەدەنەی حزبدا هەڵدەبژێرێن بەشێوەی دیموکراتیک دێنە سەرێ وە ئەوان بڕیاردەدەن.

**ئەنوەر حسێن**: بەڵام ڕەنگە یەکێتیی نازی ئەوەی کردبێت کە پێیوایە حزبی دیموکرات، حزبی قاسملۆ مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لەنێوان بەڕێز مام جەلال و شەهید د.قاسملۆ بەتایبەتی کە یەکێتیی نیشتمانیی لە ١٩٨٢ پشتیوانی لە خەباتی چەکداری ئێوە دەکات لە کوردستان، پێیوایە ڕەنگە گلەییەکانی لەوە بووبێت کە دەبێت حزبی دیموکرات لە یەکێتیی نیشتمانییەوە نزیکبێت بەهەر شێوەیەک، بەهەر دەلیلێک؟

**مستەفا هیجری**: لەوکاتەدا یەکێتیی نیشتمانیی یارمەتییەکی زۆر گەورەی بەحزب کرد بەتایبەت ئەوە شتێک بوو کە لەمێژووی جوڵانەوەی گەلی کورد دا شتێکی زۆر دیارە بەشێوەیەکی پۆزەتیف، ئێمەش وەک حزبی دیموکرات ئەوەمان لەبەرچاوەو قەدر زانی لەو هەڵوێستە دەکەین.

**ئەنوەر حسێن**: لەئێستادا کە کۆنگرەی نەتەوەیی حازرە، سەرکردەکانی یەکێتیی دەڵێن فکرەی کۆنگرەی نەتەوەیی هی مام جەلال و شەهید قاسملۆیە لە هەشتاکاندا باسکراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت لە حەفتاکاندا ئیدریس بارزانی ئەوەی باسکردووە، پەکەکەش دەڵێت فکرەی ئێمەیە، تۆ پێتوایە بەتایبەتی ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی دەیڵێت کە فکرەی کۆنگرەی نەتەوەی هی مام جەلال و شەهید قاسملۆیە، ئەمە کە ئاگات لێیە لەنزیکەوە چۆنە؟

**مستەفا هیجری**: من ئاگام لێیە کە لەساڵەکانی دوای حەفتا ئەو فکرە هاتەپێشێ، لەنێوان سەرکردەکانی کورد دا کە کۆنگرەیەکی نەتەوەی پێکبێت کە کورد مەرجەعێکی هەبێت بەگشتی هەموویان وەکو یەک کە کوردستانی تورکییای تێدا بوو، مام جەلالی تێدا بوو، د.قاسملۆی تێدا بوو، باس لەوە دەکرا کە ئەو کۆنگرەیە پێکبێت، بەڵام دوای لێکدانەوەیەکی دوورودرێژە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی

وەزعیەتی دنیاو مەنتیقەو ئامادەی ئەوەی نییە تۆ کۆنگرەیەکی ئاوا پێکبێنیت کە بتوانێت درێژە بە کارەکانی خۆی بدات، چونکە لەهیچ کام لەبەشەکانی کوردستاندا ئەو فرسەتە نەبوو کە ئەو کۆنگرەیە پێکبێت و نەکەوێتەژێر هەڕەشە، تەنانەت باس لەوە کرا زۆرباشم لەبیرە.

**ئەنوەر حسێن**: ساڵی چەند؟

**مستەفا هیجری**: دەقیقەن ساڵەکەیم لە بیر نەماوە، بەڵام دوای هاتنە دەسەڵاتی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی بوو، باسی ئەوە کرا کۆنگرەکە، لە ئەورووپا پێکبێت، بەڵام لە بەرپرسیارێتییەکەی بسپێرێت بە کەسایەتییەکی ناسراوی ئەورووپی، بەڵام حزبەکانی هەموو بەشەکان بەشێوەی نهێنی یارمەتیدەرو پشتوانی بن لە باری ئابوورییەوە، تەنانەت هەندێک لە ئەندامانی حزبەکانیش ئەندام بن لە کۆنگرە، بەڵام نەک ئەندامە ناسراوەکانی و ئەوانەی لەدنیادا ناسراو بن، چونکە ئەو دەمی وەزعیەتەکە بۆ ئەو کارە گونجاو نەبوو لەو پێوەندەدا دوای بەحسێکی زۆر بە نەتیجە نەگەیشتین و مەسەلەکە تائێستا ماوە.

**ئەنوەر حسێن**: بەبۆچوونی تۆ لەنێوان خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی، شەهید قاسملۆ، مام جەلال جاران فکرەی سەرەکی ئەم کۆنگرەیە هی کێیە بەبۆچوونی تۆ؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەندەی بزانم ئەوانە تێیدا بەشدار بوون، بەڵام بەڕوونی ئەوە نازانم کە کامیان دەستپێشخەر بوون.

**ئەنوەر حسێن**: ئێران و تورکیا بانگێشتکراون وەک میوان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵام ئیبراهیمی عەلی زادە سکرتێری کۆمەڵە لە دوایین دیداریدا دەڵێت من ناچمە ئەو کۆنگرەیەوە کە نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانی تێدابێت، من دەمەوێت نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، بۆ نموونە جامیعەی وڵاتانی عەرەبی ڕۆژێک نەبووە ئیسرائیل بانگبکەنە کۆبوونەوەکانی خۆیان، ئەوە چ خێرە لێرە کۆنگرەی نەتەوەیی بڕیارتانداوە کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیاو سوریاو ئێران و عێراق بانگبکەن، کە لەکاتێکدا کۆنگرەکە مەهامەکەی ئەوەیە کە کورد نەجاتی بێت لەمانە. کورد یەکگرتوو بێت و بتوانێت بەئاشتی بژی، ئەگەر قەرار بێت کورد دەوڵەتی خۆی دروستبکات ڕزگاری بێت؟

**مستەفا هیجری**: جیاوازییەک هەیە لەنێوان جامیعەی عەرەبی لەگەڵ ئێمە، لە جامیعەی عەرەبیدا بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی تائێستا ئیسرائیلیان بەڕەسمی نەناسیوە، بۆیە شتێکی تەبیعییە کە نوێنەری ڕەسمی ئەو وڵاتە لەکۆڕو کۆبوونەوەکانی مەنتیقەیدا لەکۆڕو کۆبوونەوەکانی نێونەتەوە بەشداریدەکەن، ئەوان بەشداری نەکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران وەکو حکومەتێک هەیە ئێستا ئێمە قبوڵمان نییە وەک حکومەتێکی دیموکرات، وەکو حکومەتێکی گەلی لەسەر ڕەئی ئازادی خەڵک پێکهاتبێت، ئەوە ڕاستە مەسەلەی تورکیاو سوریاو عێراقیش جیاوازن، بەڵام من لەوباوەڕەدام هەڵومەرجەدا کە ویست و داخوازەکان یان بەرنامەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی ڕادەگەیەنرێت نوێنەری ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا بێبەشکراوە با ئەوانیش لەوێ حزوریان هەبێت، با نوێنەری کۆماری ئیسلامی



سەرچاوە
Serchawe

حزوری هەبێت، لەوێدا هێزی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانیش قسەی خۆی بکات، وتاری خۆی بدات، من لەو پێوەندەدا ئەوەی بە خراپ نابینم بەتایبەتی ئەو واقیعەتەی کە ئەمڕۆ تێیدا هەڵکەوتووین، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، نەک هەر ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات، بەڵکو کوردەکانی دیکە تائێستاش پێمان خۆشبێت، پێمان ناخۆش بێت تەئسیری حکومەتەکانی وڵاتەکانمان بەسەرەوە هەیە، هەروەک بینیمان ئەوکاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات لەسەرەتادا کۆماری ئیسلامی ئێرانو تورکیا کەوتنە دژایەتیکردن و بەهەموو جۆرێک کۆسپیان پێکدەهێنا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخۆشییەوە بەڕوونکردنەوەی مەسەلەکان توانیان کارێکی وا بکەن کە ئەو دوژمنایەتییە تا حەددێک کەمبکەنەوە، ناڵێم ئێستا ئەوان دڵیان خۆشە بەپێکهاتنی حکومەتی هەرێم، بەڵام لەو دوژمنایەتییە ئاشکرایەی خۆیان کەمکردووەتەوە، بۆیە من لەو پێوەندەدا موشکیلەیەکی ئەوتۆ نابینم کە تەنانەت نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە کۆنگرەکەدا حزوری هەبێت.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر ئاڕاستەی کۆنگرەکەو بانگێشتکردنی ئێران بەو شکڵە بڕوات کە تەکلیفی ئەوەتان لێبکرێت لە پەراوێزو کۆبوونەوەکان لەگەڵ وەفدی کۆماری ئیسلامی دابنیشن، ئامادەن؟

**مستەفا هیجری**: من بەوجۆرە دانوستانانە کە کتوپڕ بێت و لەناکاو و بێبەرنامە بێت، زۆر باوەڕم پێی نییە، چونکە ئەگەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی یان هەر حکومەتێک بیەوێت لەگەڵ هێزی ئۆپۆزسیۆنی خۆی قسەبکات، پێویستی بەهەندێک زەمینەسازی و ئامادەکاری هەیە.

**ئەنوەر حسێن**: لەئێستادا هیچ زەمینەیەک نابینیت بۆ دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؟

**مستەفا هیجری**: لەئێستادا هیچ زەمینەیەک نابینم، چونکە من هیچ دەلیلێک بۆ ئەوە نابینم کە کۆماری ئیسلامی گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی نەک لەسەر مافەکانی گەلی کوردو باقی نەتەوەکانی تر قسەبکات، کۆماری ئیسلامی ئێران تائێستا ئامادەنییە مافی وەفادارترین کەسایەتییەکانی کە حکومەتی کۆماری ئیسلامیان دامەزراندووە بەڕەسمی بناسی، مەهدی کەرووبی و میر حسێنی موسەوی لە زینداندان کە ڕێبەرانی جوڵانەوی سەوزن، خۆ ئەوان هیچ مافێکیان داوانەکردووە، ئەوان باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی هەیە، باوەڕیان بە قانوونی ئەساسی هەیە، باوەڕیان بە ویلایەتی فەقیهە هەیە، تەنها داوایان ئەوە بوو کە بتوانن لە حکومەتدا بەشداربن، بەڵام ئەوانەی نەهێشت، هاشمی ڕەفسەنجانی کە لەباری سیاسیەوە بە تواناترە لە خامەنەیی و، زۆر نزیکتر بووە لە خومەینی وە لەدامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، قبوڵی ناکات لە کاندیداتوری سەرۆک کۆماری وەلای دەنێت، چۆن دەبێت ئێمە چاوەڕێی ئەوە بکەین کە کۆماری ئیسلامی بیەوێت لەسەر مافی کوردو ئازادی و دیموکراسی و ئەو شتانە لەگەڵ ئێمە قسە بکات، مەگەر ئەو کاتەی بیهەوێ پیلانێکی دیکەی خۆی دژی ئێمە جێبەجێ بکات.

**ئەنوەر حسێن**: ئێوە لەئێستادا هیچ ڕێگەچارەیەک نابینن لە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دانوستانکردن؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: ئێمە ئێستا هیچ ئومێدێک نابینین کە کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ئەو خەتە.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر ئێران داوایەکی وا بکات تۆ دابنیشی لەگەڵیاندا وەک سکرتێری حزبێک، لەکوێ حەزدەکەیت دابنیشیت ئەو دیالۆگە بەڕێوەبچێت بە ئامادەبوونی کێ، ئەمریکا، ئەوروپا، حکومەتی هەرێم؟

**مستەفا هیجری**: ئێستا بیرم لێنەکردووەتەوە، چونکە لەو باوەڕەدا نەبوومە کە ئێران داوایەکی ئاوا بکا.

**ئەنوەر حسێن**: چواردە ساڵە بۆ یەکەمجارە پێنج سکرتێری حزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەرپێنجتان (موهتەدی، عەلی زادە، هیجری، خالیدی عەزیزی وە ئێلخانیزادە لە بارەگاکەی ئێوە لە کۆیە کۆبوونەوە، ئایا ئەمە سەرەتای هەنگاوێکی باشە بۆ ڕۆژهەڵات و بۆ ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات، هەستکردن بەمەترسییە یەکیخستوون، یان ئەوەی تۆ لەسەرەتاوە وتت هەستکردن بە پەرپرسیاریەتێکی تازەی شۆڕشگێڕانەو ئەخلاقی و نەتەوەییە، واتە کامییانە، لەمبارەیەوە کەواتە کۆنگرەی نەتەوەی بۆ ئێوە هەنگاوێکی تازەیە، لانی کەم پێنج سکرتێری حزب لەماوەی چواردە ساڵی ڕابردووا یەکەمجارە پێکەوە دابنیشن؟

**مستەفا هیجری**: بەبۆچوونی من هەردووکیەتی، هەم مەترسییە هەم هەست بە بەرپرسیارێتییە، مەترسی لەوبارەوە کە ئێمە ڕوبەرووی هەڕەشەی زۆرین لە مەنتیقەدا، تەنانەت لە عێراقیشدا بەبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ناکرێت ئێمە بێخەیاڵ بین پێمانوابێت هیچ مەترسییەک ڕوبەرووی ئێمە نابێتەوە، ئەوە بەشێکێتی، بۆیە پێویستە یەکگرتوو بین و بەرنامەو پرۆژەی هاوبەشمان هەبێت لەزۆر خاڵدا، مەسەلەی دووەم ئەوەی کە باستانکرد مەسەلەی بەرپرسیاریەتییە، بەرپرسیارییەتی بۆ ئەوەی ئێمە ئەگەر یەکگرتوو نەبین و نەتوانین لەسەر خاڵە گشتییەکان کە زۆر مەسەلەی نەتەوایەتی دەگرێتەوە پێکەوە بەرنامەی هاوبەشمان هەبێت لەداهاتوودا لە ئاڵوگۆڕەکانی کە چاوەڕواندەکرێت لەئێراندا بێتەپێشێ نەتوانین بەوجۆرەی کە پێویستە لەخزمەت ئامانجەکانی نەتەوەکەماندا بین و ئەو بڵاوی ودەنگی جیاوازو گێرەو کێشەکان جارێکی دیکە بەخۆمانەوە مەشغوڵمان بکەن و فرسەتەکانمان لەدەستبچێت، بۆیە هەردوو لایەنی تێدا دەبینم.

**ئەنوەر حسێن**: پێتان خۆشبوو و، هەرپێنجتان شتێکی باشبوو؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، من پێشتریش هەوڵمدا کە ئەوکارە بکەین، بەڵام سەرنەکەوت، بەڵام بەخۆشیەوە ئەمجارە جێبەجێ بوو.

**ئەنوەر حسێن**: کێ ڕێگربوو لەوەی کە تۆ سەرنەکەوتی؟

**مستەفا هیجری**: نامەوێ بڵێم کێ ڕێگربوو، بەڵام بۆ مەسەلەی مەشوەرەت کردن لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران و هەڵوێستی هاوبەشمان من هەوڵمدا هەموومان لەجێیەک کۆببینەوە، لەهەر جێگایەک کە پێیان باشبێت، کۆببینەوە ئەوە هەندێک



سەرچاوە
Serchawe

لایەن مخالف بوون، مەبەستم ئەوەیە لەمێژە لەهەوڵی ئەوەدام، بەڵام ئەمجارە بەخۆشییەوە جێبەجێ بوو، زۆر خۆشحاڵم.

**ئەنوەر حسێن**: مێژوویەکی تاڵیشتان هەیە ئەم پێنج سەرکردەیە بەیەکەوە نییە؟

**مستەفا هیجری**: زۆر.

**ئەنوەر حسێن**: نەتاندەتوانی پەیمانێک بنووسن لەنێوان هەرپێنجتاندا کە شەڕی ناوخۆ تەحریم کەن، هەڕەشە نەبن لەسەر یەکتر، یان لە ئایندەدا شتێکی ئاوا بەنیازنین؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە کاک عەبدوڵڵا سەرۆکایەتییەکەی دەکات هاوپەیمانییەکمان هەیە، هەندێک خاڵی هاوبەشمان ئیمزاکردووەو ڕامانگەیاندووە، دەمێنێتەوە سەرئەوەی لەسەر مەسەلەی شەڕی چەکداری لەگەڵ یەکتری یان زۆر خاڵی دیکە، گرنگ ئەوە نییە چ شتێک دەنووسین و ئیمزادەکەین، گرنگ ئەوەیە چەند باوەڕمان پێیەتی، چونکە لە مەنتیقەدا زۆر قەرارات و هاوپەیمانی ئیمزاکراوەو بڵاوکراوەتەوەو ڕاگەیەنراوە، بەڵام دوای تێکچووە، وەکو لەسەرەتادا عەرزم کردیت ئەو تەجروبە تاڵانەی ڕابردوو پێم وایە ئێمەی هێنابێتە سەر ئەو باوەڕەی چوونکە هیچ کامێکمان نە وەک حزبێکی سیاسی نە وەک خەڵکەکەمان قازانجی لێناکەین، ئێمە گەیشتوینەتە ئەو قەناعەتە، بۆیە پێمانوایە کە لەگەڵ هیچ هێزێکی کوردی نامانەوێت تووشی بەربەرەکانییەکی چەکداری بین.

**ئەنوەر حسێن**: تۆ باسی ئەوەت کرد بۆ نموونە ڕێکەوتنێکتان هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی، بەڵام بەشێکی، ڕەخنەتان لەسەرە ئەم دوو هێزە خۆیان جیاکردووەتەوە بۆ نەدەکرا هەموو هێزەکان بەیەکەوە بن؟

**مستەفا هیجری**: زەمینەی نەبوو، موشکیلەکە، موشکیلەی ئێمە نەبوو، موشکیلەی بەشەکانی دیکە بوو، ئەو هێزانەی لەنێو خۆیاندا موشکیلەیان هەبوو، دەنا ئێمە ئێستاش هەوڵدەدەین بۆ فراوانتر کردنی ئەم هاوپەیمانی‌یە.

**ئەنوەر حسێن**: مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێوە تەنها کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بەڕەسمی وەکو کۆمەڵە ئەناسن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوان لەناوخۆی خۆیاندا کێشەیان هەیە، لای ئێمە هەر ڕێکخراوێک بەوناوەی کە هەیە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیەو کێشەمان نیە، زۆر ئاسوودەین لەگەڵیان لە پێوەندی‌یەکاندا.

**ئەنوەر حسێن**: خاڵی هاوبەشتان هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، هەندێ خاڵمان هەیە کە لەپەیماننامەکەدا ئیمزامان کردووەو ڕامانگەیاندووە.

**ئەنوەر حسێن**: بەنیازن ئەوە فراوان بکەن لە داهاتوودا؟

**مستەفا هیجری**: هەوڵدەدەین ئەگەر ئەو کێشەیەی نێوان خۆیان چارەسەربێت ئێمە لەهەوڵی ئەوەداین کە بەرفراوانتری بکەین.

**ئەنوەر حسێن**: کۆمیتەی کوردستانی - حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ڕاگەیاندنێکی داوە دەڵێت ئێمە ئامادەنین بچینەژێر ئەم پلانگێڕییەوەو ئەوە هەوڵێکی ناسیۆنالستانەیە، بۆ سازشە لەگەڵ ئێران، تەنانەت وای ناودەبات ئێوە لەمبارەیەوە قسەیەکتان هەیە لەسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران؟

**مستەفا هیجری**: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانو ئێمە جیهانبینییەکی تەواو لێکجیاوازمان هەیە بە نسبەتی ئێران، بە نسبەتی مەنتیقە، بە نیسبەتی دنیا، بە نیسبەتی مافی نەتەوایەتی ئەو بیروباوەڕەی کە هەمانە وەکو کورد لەگەڵ ئەوان بەتەواوی لەجیاوازیدایە، ئەوان هەر لێکنزیکبوونەوەی هێزەکانی کوردی، هەر ئاڵوگۆڕێک لەو پێوەندیەیەدا هەمووی لەچوارچێوەی بیری کۆمۆنیزمدا دەبینن، پێیانوایە هەموو شتێک ئەمریکایە ڕێکیدەخات و بەخۆشیەوە ئەو بیروبۆچوونانە هەم لە ئێراندا هەم لە مەنتیقەدا زۆر لاوازبووە.

**ئەنوەر حسێن**: کاک مستەفا کەسایەتییەکانی یارسان و پارتێکی یارسانەکان گلەیی دەکات کە دەڵێت کورسییەکانی ڕۆژهەلات لەنێوان دوو حزبدا یان لەنێوان ئەو پێنج لایەنەدا دابەشکراوە، حسابیان بۆ یارسانەکان نەکردووە، کە کوردن و خۆیان پێ کوردەو، باسی ئەوە دەکات کە هیچ کەس لە کوردەکان لە ئیلام و کرماشان و خوراسان دەعوەت نەکراون، ئێوە جوابێکتان هەیە بۆ یارسانەکان؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، یارسانەکان کوردن، کوردی ڕەسەنن و لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد جیاوازییەکیان نییە لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، ژمارەیەکی زۆر یارسانمان هەیە لە مەنتیقەی یارساندا حزبی دیموکرات جێپێی قایمی خۆی هەیە، بەلام ئەگەر هەندێک بۆچوون لێ دروستبووە ئەوانە بەبۆچوونی من بۆ قازانجی یارسان نییە، بەڵکوو بۆ قازانج و بەرژەوەندی هێندێک لەو کەسایەتیانەیە، کۆنگرەی نەتەوەیی هێشتا پێکنەهاتووە چ مەعلوم لە مەنتیقەی کرماشان و ئیسلام خەڵک دەعوەت ناکەن، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەوەش بۆ خۆی دەچێتەژێر پرسیار ئایا ئسوڵەن کەسانێک لەناوخۆی ئێران بەو فەزایە سیاسییەی لە ئێراندا حاکمە ئایا دەوێرن بێنەدەرێ، ئێران ئیجازەیان دەدات بێن لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بەشداربیکەن؟ ئەوە بۆ خۆی جێگای باسە.

**ئەنوەر حسێن**: پێتانوایە حزبی ئێوە نوێنەرایەتی ئەوانیش دەکات لەهەر حاڵێکدا؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەک حزبی دیموکرات خۆمان بەهەڵگری ئاڵای بەرگری لە هەموو ویستو داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەزانین بە هەموو باوەڕە ئایینی‌یەکانیەوە لەنێو حزبی دیموکراتیشدا هەموو ئەوانە ڕەنگیانداوەتەوەو وجودیان هەیە، ناڵێم ئێمە نوێنەری هەموو کوردین لە کوردستانی ئێراندا، بەڵام ئەو بیروبۆچوونە جیاوازە ئایینی و زمانییانە لەنێو حزبی دیموکراتدا ڕەنگیان داوەتەوەو حزبی دیموکرات پێکهاتەیەکە لەهەموو ئەوانە.

**ئەنوەر حسێن**: لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆمەڵەی یەکسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاندنێکی داوەو پێموایە ڕاگەیاندنەکەی تا ڕادەیەکی زۆر مەنتقییە، سەبارەت بەکۆنگرەی نەتەوەیی لە یەکێک لەخاڵەکانیدا دەڵێت پێویستە سەرۆکایەتی کۆنگرە بەدەوری بێت، هیچ کەس بۆی نەبێت لە دوو دەورە زیاتر خۆی کاندید بکات و کەس نەتوانێت قۆرخکاری بکات، ئێوە لەگەڵ ئەم بۆچوونەن یان ئەڵتەرناتیڤێکتان هەیە یا پێویستە سەرۆکایەتی کۆنگرە چۆن بێت کە لەئێستادا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە ڕەنگە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو کۆنگرەیە بێت، واتە ئێوە دەتانەوێت ئەو سەرۆکایەتییە چۆن بێت دەوری بێت بە هەڵبژاردن بێت ئەڵتەرناتیڤتان چییە بۆ ئەو قسانە؟

**مستەفا هیجری**: ڕاستییەکەی تائێستا لەکۆنگرەی نەتەوەییدا کاری ئامادەکاری کە دەکرێت تائێستا هیچ باسێک لەوەی کە سەرۆک کێ بێت یان سەرۆک چۆن دیاریبکرێت تائێستا باسنەکراوە، بێگومان ئەو مەسەلەیەلە کاتی پێکهاتنی کۆنگرە لەکاتی خۆیدا دێتە بەرباس و باسی لەسەر دەکرێت، دەبێت گوێبگرین لەهەموو لایەنەکان بزانین قسەکان چین، ئەوەی بە قازانجی گشتی بێت دەبێت ئەو کارە بکەین. من پێم وایە بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرە لە شێوەی سەرۆکایەتی بێ، مەبەستم ئەوەیە ئەنجوومەنێکی ڕێبەرایەتی هەبێ.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر کۆنگرەیەک، سەرۆکایەتییەکەی دیموکراتی بێت باشتر نییە، دەورەیەک تۆ بی دەورەیەک بارزانی بێت؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر ڕێبەرایەتی‌یەکە جەمعی بێ ڕەنگە زۆر گرفتی سەرۆکایەتی چارەسەر بکا.

**ئەنوەر حسێن**: مەبەستت چییە، پێتوایە کەس مخالفی ئەو بۆچوونە بێت؟

**مستەفا هیجری**: تا باسەکە نەیەتە پێشێ نازانین، ڕەنگە کەسانێک هەبن کە بۆچوونی وایان نەبێت، بەڵام دەبێت گوێ بگرین بزانین دەلیلەکانی ئەوان چییە، واتا ناکرێت لە ئێستاوە بڵێین دەبێت حەتمەن وا بێت.

**ئەنوەر حسێن**: دەکرێت کەسێک بۆ هەمیشە سەرۆکایەتی ئەو کۆنگرەیە بکات؟

**مستەفا هیجری**: بۆ هەمیشە نا، بۆ هەمیشە ئێمە باوەڕمان بەسەرۆکایەتی هیچ کەسێک نییە، لەهیچ کۆمەڵگایەکدا، لەهیچ حزبێکدا، پێمانوایە دەبێت بەشێوەیەک بێت کە گونجاو بێت لەگەڵ ئوسوڵی دیموکراتیدا.

**ئەنوەر حسێن**: ئەو گونجانە دیموکراسیە، ئەو ئسوڵە چییە لای تۆ؟

**مستەفا هیجری**: ئەو گونجانە دیموکراسییە دەتوانێت ڕێگاچارەی تەوافوقی هەبێت، هەموو پێکەوە باسبکەن، قازانج و زەرەرەکانی لێکبدەنەوە، ئەوەی کە کێ سەرۆک بێت یان کێ هەڵبژێرێت دوای ئەوە ئەگەر بە تەوافق نەگەشتن دەبێت دەنگدان بێت.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر هەر شەش مانگ بەدەست یەکێک لەو نوێنەرانی ئەو پارچانەوە بێت کارێکی باشتر نییە؟

**مستەفا هیجری**: بەڕاستی زۆر بەرتەسککردنەوەی ماوەکەی لە شەش مانگدا برێک بە نەگونجاو دەزانم، چونکە هیچ کەس ناتوانێت لە شەش مانگدا بەرنامەیەکی هەبێت بیباتە پێشێ و شتێک بکات، بەڵام ئەوەی کە دەوری بێت پێم خراپ نییە، جا دەورەکە ساڵێک بێت، دوو ساڵ بێت ئەوە جێگای قسە لێکردنە.

**ئەنوەر حسێن**: لەسەروبەندی ئەم کۆنگرەیە هەست بە نزیکبوونەوەیەک دەکرێت تا ڕادەیەک، واتا بەشێک لەوانەی کە چاودێری بارودۆخی هەردوو حزبی دیموکرات دەکەن، پێیانوایە نزیکبوونەوەیەک هەیە هەم لەنێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران حزبی دیموکراتی کوردستان، مستەفا هیجری و هەم خالیدی عەزیزی ئەم دەرئەنجامە ڕەنگدانەوەی تازەی کۆنگرەیە یان ئەو هەوڵانەیە کە تۆ باستکرد یان دیسان باس لەوە دەکرێت کە پارتی لە هەوڵێکی میانگیری تازەیە لەنێوان ئێوە لەنێوان تۆو خالیدی عەزیزی کامیانە؟

**مستەفا هیجری**: من سەرەتا عەرزم کردیت کە ئەو لێکنێزیکبوونەوەی ئێمە لەگەڵ کاک خالیدی عەزیزی هەروەها لەگەڵ کۆمەڵەکان شتێک نییە کە لەو کۆنگرە دەستییپێکردبێت، زەمینەی زۆر پێشتر ئامادەکرابوو، بۆیە بەئاسانی ئێمە دەتوانین پێکەوە دابنیشین ئەگەر ئەو زەمینە ئامادەنەکرابایە پێشتر هەروا بەئاسانی نەدەکرا، بۆیە ئێمە ئەو سیاسەتە درێژەپێدەدەین و تائێستاش لەگەڵ ئەوەی هەم پارتی هەم یەکێتیو زۆر دۆستی دیکەی ئێمەی کورد لەهەموو بەشەکاندا هاوسۆزی خۆیان نیشانداوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین یەکبگرینەوەو ببینەوە یەک هێز، بەڵام ئەو نزیکبوونەوەیە لەژێر تەئسیری هیچ لایەنێکدا نییە، ئێمە بۆ خۆمان هەستمان بەوەکردووە کە کاتی ئەوە هاتووە، دەستمان پێکردووەو بەخۆشییەوە چوینەتە پێشێ و لەداهاتووشدا ئەوە هەر درێژەپێدەدەین.

**ئەنوەر حسێن**: ئەمە دووەمجارە حزبی دیموکرات ئینشیقابی تێدەکەوێت، دەورەی پێشوو؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر سێیەمجارە، لانی کەم دوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی سێیەمجارە، جاری یەکەم لەدوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی جاری دووەم بە ناوی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر جیابوونەوەیک رووبدا، دوایە ئەوان لەگەڵ حیزب یەکیان گرتەوە..

**ئەنوەر حسێن**: کێ بوون ئەوانە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوانەی لە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەحزبی دیموکرات جودابوونەوە ناویان نرا دەستەی حەوت کەسی، چونکە لە ڕێبەرایەتی حزبدا حەوت کەس بوون، دیارە جەمعێکی دیکەش لە گەنجەکانیان دواکەوتن، بەبۆچوونی من ئەو جیابوونەوەیە دەبووایە ببوایە، چونکە ئەو بۆچوونەی ئەوان هەیانبوو لەگەڵ ئێمە نەدەگونجا، بەڵام بەدوای ئەودا دوو جیابوونەوەی دیکەش بوو.

**ئەنوەر حسێن**: جیابوونەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕو حزبی دیموکراتی کوردستان؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ.

**ئەنوەر حسێن**: قسەکە ئەوەیە کە ئێوە مێژوویەکی تاڵتان هەیە واتا پێتانوایە ئەگەر لەحاڵەتێکدا زەمینەی دانوستان و یەکگرتنەوەش بکرێت مەترسییەک نییە جارێکی کە لەسەر ئینشیقاق تر؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئێمە ئەو مەترسییەمان هەیە، نیگەرانین کە ئەگەر یەکبگرینەوە دوای یەکگرتنەوەکە زەمینەی جودابوونەوەیەکی دیکە نایەتە پێشەوە وەکو ئەوەی کە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر کردیان؟ بۆیە لەوبارەوە بڕێک بەحسابی وردترەوە دەچینە پێشێ بۆ ئەوەی دەمانەوێت بگەینە ئەو جێگایەی کە ئەو نیگەرانییەمان لانەمێنێت ئەو دەمی یەکبگرینەوە.

**ئەنوەر حسێن**: باشە ئەگەر قەرار بێت یەکبگرنەوە، ناوی حزبەکەتان چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

**ئەنوەر حسێن**: تەلەفیزیۆنەکەتان بەناوی چی دەمێنێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: تیشک

**ئەنوەر حسێن**: کێ سکرتێری ئەو حزبە دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: دەبێت هەڵبژێرێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

**ئەنوەر حسێن**: جەریدەکەشتان ناگۆڕن؟

**مستەفا هیجری**: نا مومکینە جەریدە بگۆڕین، تەنانەت ئەوەی باستکرد تلوزیونی تیشک-یش ئەوەنیە لەسەرئەوەی کێشەمان هەبێت، ڕەنگە ڕۆژێک ناوی ئەوە بگۆڕین، بەڵام بەبۆچوونی من تائێستا لەو هەلومەرجە سیاسیەدا ئێمە بە قازانج نازانین کە حزبەکەمان حزبی دیموکراتی کوردستان بێ، بەڵام ئەوەش ماوەتەوە بەبڕیاری کۆنگرەکە، کۆنگرەی حزبی دیموکرات دەتوانێ کە بڕیارێکی دیکە بدات من و هەموو خەڵکی دیکە پەیڕەوی لێدەکەین.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر کۆنگرە بڕیاری دا خالید عەزیز سکرتێر بێت تۆ ئیلتیزامی پێوە دەکەیت؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا؟ بەڵێ حەتمەن دەیکەم هیچ ئەولاو لای تیا نییە.

**ئەنوەر حسێن**: یان حاسڵت کردووە کە ئەم دەورەیەش هەر سکرتێر دەبیت، - دەورەی یەکگرتنەوە؟

**مستەفا هیجری**: نازانم، بەستراوەتەوە بە ڕەئی کۆنگرە، بەڵام پێمخۆشە ئەوەی لێرەدا بڵێم کە کێشەی من لەگەڵ ئەوان مەسەلەی سکرتێری نییە و ئەوە هەرگیز نایەتە بەرباس و نابێتە کێشە بۆ من لە هەڵوێستەکانماندا.

**ئەنوەر حسێن**: ئەی کێشەتان چی بوو پێشتر بۆچی جیابوونەوە؟

**مستەفا هیجری**: کێشەی ئێمە نەبوو، کێشەی ئەوان بوو، ئەوان جیابوونەوە ئەوان لە کۆنگرەیەکدا کە بۆ خۆیان تێیدا بەشداربوون ڕەئیانداوە لە حاڵێکدا بۆ خۆیان لە ئەکسەریەتدا بوون و بۆ خۆیان بەرنامەکانی کۆنگرەیان ڕێکخستووە، بەڵام ئاکامەکەی چونکە بە دڵی ئەوان نەبوو جودابوونەوە.

**ئەنوەر حسێن**: باشە فاکتەرێکی وا گرنگ هەبوو جیاببنەوە یان ئێستا فاکتەرایەکی گرنگ هەیە یەکبگرنەوە؟

**مستەفا هیجری**: فاکتەری ئاوا گرنگ کە ئەوان جودابینەوە من نایبینم، بەڵام باشترە لەوان پرسی بزانی ئەوان جوابیان چیە بۆ ئەو مەسەلەیە، بەو حاڵەش ئێستا ئەگەر یەکبگرینەوە بەهێزتر دەبین.

**ئەنوەر حسێن**: ئێوە لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە دانیشتنێکتان کردووە لەوبارەیەوە ئەو هەلومەرجەتان خستووەتە بەرباس دوو بەدوو؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا لەو سەردانەدا کە من کردوومە بۆ لای ئەو برادەرانە لەگەڵیان دانیشتووم، لەگەڵیان قسەمان کردووە، بەڵام بۆ خۆت دەزانی ئێستا مامۆستا بە فەرمی وەکو ئەندامی ڕێبەرایەتی نەماوە، ڕاستە ڕەنگە گوێ لە قسەکانی

بگرن، بەڵام بە شێوە فەرمی بڕیاردەری دیکەیان هەیە کە ڕێبەرایەتی هەڵبژێراویانە.

**ئەنوەر حسێن**: پێت وانییە ئێستا ئەو بڕیاردەرە؟

**مستەفا هیجری**: بێجگە لەوی بڕیاردەری دیکەشیان هەیە.

**ئەنوەر حسێن**: پێت وانییە کەسێکی یەکلاکەرەوە بێت؟

**مستەفا هیجری**: ناتوانم بڵێم یەکلاکەرەوەیە، بەڵام شوێندانەری زۆری هەیە.

**ئەنوەر حسێن**: مانای وایە کە تۆ وا هەستدەکەیت مامۆستا عەبدوڵڵا تەهیدی ئەم یەکگرتنەوەیە ناکات؟

**مستەفا هیجری**: تائێستا لە نووسین وهەڵوێستەکانیدا جددیم نەدیوە بۆ یەکگرتنەوە.

**ئەنوەر حسێن**: ئەمەش مەترسییەکە لەسەر یەکنەگرتنەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ.

**ئەنوەر حسێن**: لەهەرحاڵدا ئەگەر قەرار بێت یەکبگرنەوە چەند کادرێک لە دەرەوە بمێننەوە مانای وایە ئێوە هیچتان نەکرد ئەگەر چەن کەسێکیش بن؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ وایە، ڕاستە ئەگەر یەکگرتنەوە بێت دەبێت یەکگرتنەوەیەک بێت وەکو دوای ئەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە کۆنگرەی نۆدا یەکمانگرتەوە بەهەموویەوە یەکمانگرتەوە، دەنا ئەگەر لەگەڵ جەمعێک یەکبگرینەوە جەمعێکی دیکە بە هەر هۆیەک ناڕازی بمێننەوە کێشەکە چارەسەر نابێت.

**ئەنوەر حسێن**: لای کۆمەڵەکان محاوەلەیەکی وا هەیە ئێوە چاو لەوان دەکەن یان ئەوان چاو لەئێوە دەکەن کە خۆیان کۆبکەنەوە، وە ئەم خۆکۆکردنەوەی ئێوەو ئەوانیش لەلایەنی نەتەوەییەوە هێشتا دوو هێزی سەرسەخت و منافسی یەکترن هەرکامتان دەتانەوێت خۆتان تەقویەو بەهێزبکەن لە داهاتووی ئێراندا دەورو ڕۆڵ و سیاسەتی ڕەنگڕێژتری باشترتان هەبێت؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە ئێمە چاو لەوان بکەین، نا ئێمە چاو لەوان ناکەین، وەکو عەرزم کردی ئێمە بەقەناعەتەوە

بەلێکدانەوەوە گەیشتووینەتە ئەو سیاسەتە کە دەبێت لەیەک نزیکبینەوە چ لەگەڵ لایەنی کە لەحزبی دیموکرات جودابوونەوە چ لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی وەکو کۆمەڵە، بەڵام ئەوەی کە منافەسە دەبێت و هەرکەسە دەیەوێت جێپێی خۆی قایمتر بکات خەڵکێکی زۆر بەدوای خۆیدا کۆبکاتەوە شتێکی زۆر تەبیعییە هەموو حزبێک مافی خۆیەتی لەڕێگەی دیموکراتیک و لەڕێگەی دروستەوە بتوانێت ئەو کارە بکات، ئەوە بە حەقی هەموو کەسێک و هەموو حزبێک دەزانم.

**ئەنوەر حسێن**: ئەمەلێکت هەیە لەم نزیکانە یان مدەتێکی زەمەنیم پێ دەڵێیت کە دوو حزبی دیموکرات یەکبگرنەوە؟

**مستەفا هیجری**: کاتەکەی ناتوانم دیاریبکەم، بەڵام ئێمە پرۆسەکە لەلایەن خۆمانەوە درێژەپێدەدەین تا ئەوکاتەی کە بگەین بەو قەناعەتەی کە یەکگرتنەوەکە نابێتە هۆی جودابونەوەیەکی دیکە، ئەوکات بڕیاردەدەین بۆ یەکگرتنەوە.

**ئەنوەر حسێن**: گلەیەکتان لێدەکرێت لە ئێوە، لە کۆمەڵەکان، کە جیابونەوەکانتان زیاتر لەسەر پۆست و پلەو پارەو بەرژەوەندیە، ئێوە جیاوازییەکی فکری و ئایدۆلۆژیتان نییە؟

**مستەفا هیجری**: نا، بەبۆچوونی من لانی کەم نێوان ئێمەو کاک خالیدو ئەوان هیچ جیاوازییەکی بیروبۆچوونی فکری بەو شکڵەی کە ببێتە هۆی جودابوونەوە نیمانە، نە ئەو دەمی بوومانە، نە ئێستا هەمانە.

**ئەنوەر حسێن**: جیاوازیەکی فکریتان نییە، گلەیی ئەوەتان لەسەرە کە زۆرتر بەرژەوەندی و دەسەڵات بوو؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، ڕاستە بەرژەوەندی و دەسەڵات چونکە ئەو لایەنەی جودادەبێتەوە ئەگەر مەسەلەی جیاوازی مەسەلەیەکی گرنگی سیاسی نەبێت بێجگە لەمەسەلەی پۆست و مەنسەب هیچی تری تێدا بەستە نیە ئەوەی ئێستا من بۆ مێژوو دەڵێم ئەگەر لەکۆنگرەی ١٣ی ئێمەدا ئاڵوگۆڕێک لە ڕێبەرایەتی حزبدا نەهاتبێتە پێشێ، ئەو لایەنە جودانەدەبونەوە، بەڵام هەندێک لەوانە هەڵنەبژێردرانەوە، بۆیە جودا بوونەوە

**ئەنوەر حسێن**: مەبەست عەبدوڵڵا حەسەن زادەیە؟

**مستەفا هیجری**: تەنیا ئەو نەبوو

**ئەنوەر حسێن**: واتا پێتوایە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە ئەوان بیانبردایەوە ئەم ئینشیقاقە ڕوووینەدەدا؟

**مستەفا هیجری**: سەد لە سەدرووی نەدەدا.



سەرچاوە
Serchawe

**ئەنوەر حسێن**: ئەی بۆ نەتکرد بۆ خاتری ئەوەی ئینشیقاق نەبێت؟

**مستەفا هیجری**: باشە ئەوە نەتیجەی کۆنگرە بوو ئەوە سازان نەبوو، ڕەنگە من بۆ خۆشم پێشبینی ئەوەم نەکردبێت، بەڵام کۆنگرە لە نوێنەرانی ئەو حزبە لە بەدەنە هەڵدەبژێرێت پێک دێت، وەک عەرزم کردی ئەوان ئەو دەمی لە ڕێبەرایەتی حزب ئەکسەریەت بوون بەرنامەی کاری کۆنگرەو بەڕێوەبردنی کۆنگرە لەژێر چاودێری ئەوان بەڕێوەدەچوو، بۆیە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە پەسند کرا، ئەوان وەک باقی نوێنەران مەشروعیەتی کۆنگرەیان پەسند کردپێشبینی ئەوە نەدەکرا ئەوان لە ئەکسەریەت نەمێنن بێجگە لەوە لە ڕێبەرایەتی حزبدا شتێک نەبوو کە لە نێوان من و ئەوان بێت تاکوو پێکەوە لەسەری بسازێین.

**ئەنوەر حسێن**: کاک مستەفا ماڵپەڕێکی تورک دەڵێت هەردوو دیموکرات (٦٠٠٠) هەزار پێشمەرگەیان ناردوە بۆ پشتیوانی کوردەکانی سوریا، دەزانم ئەڵێی ئەمە ڕاست نیەو دیعایەی تورکیایە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ دیعایەی ئەو ماڵپەڕەیە.

**ئەنوەر حسێن**: بەڵام ئەگەر کوردەکانی ڕۆژئاوا پێویست بکات ئێوە ئامادەن بۆ هاوکاریەکی وا؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر کوردی ڕۆژئاوا بەعام داوابکەن ئێمە چی لەدەستمان بێت لەخزمەتیانداین.

**ئەنوەر حسێن**: بەڵام ئەگەر پەیەدە داوا بکات نایکەن؟

**مستەفا هیجری**: هیچ حزبێک، نەک پەیەدە، هیچ کامیان بە تەنیا، داوا بکەن نایکەین.

**ئەنوەر حسێن**: کاک مستەفا لەسەر ئەم خەبەرەی بڵاوکراوەتەوە لەسایتەکان چەند کۆمێنتێک هەیە ئەو کۆمێنتانە هیوادارم وەک دەڵێن بە ڕۆحێکی ڕیازی و پیاوێکی دیموکرات جوابی بدەیتەوە، یەکێک لەو کۆمێنتانە دەڵێت تورکەکان دوو نوقتە زیادیان داناوە لەو شەش هەزارە، واتە شەست کەستان ناردووە، وتا ئێوە خاوەنی شەش هەزار کەس نین؟

**مستەفا هیجری**: لە هەلومەرجێکی ئاوادا گرنگ نیە شەست کەس یان شەش هەزار کەس یان شەست کەس بنێرین بۆ یارمەتی لایەنێکی کوردی، موهیم هەڵوێستی سیاسییە لەوکاتەدا، بۆیە من ئەو کۆمێنتە نەک پێی ناڕەحەت نیم، بەڵکو پێموایە ئەگەر شەست کەسیش بنێرین بۆ خۆی هەڵوێستێکی سیاسییە، بەڵام خەبەرەکە لە بنەڕەتدا ناراستە.

**ئەنوەر حسێن**: کۆمێنتێکی تریان دەڵێت دیموکراتییەکان خاوەنی ئەرکێکی وا نیشتیمانی نین تا پێیهەستن؟

**مستەفا هیجری**: قسە ئازادە هەر کەس دەیکات، ئەگەر دیموکرات خاوەنی هەستی نەتەوەیی نەبێت کە ئێستا شەست و چەن ساڵە لەو ڕێگەیەدا خەبات دەکات ئەو هەموو پێشمەرگەو سەرکردەو ئەندامەی شەهیدبووە، نازانم کێی دیکەیە کە دەتوانێ زیاتر لە حیزبی دێموکرات هەڵگری ئەو ئەرکە نیشتمانی‌یە بێت؟.

**ئەنوەر حسێن**: کۆمێنتێکی تر دەڵێت ئەگەر حزبی دیموکرات و مستەفا هیجری ئەمەیان کردووە، ئەی ئەوەی لە چی کە لە تەلەفیزێنی ڕووداو بە پەیدە دەڵێت دیکتاتۆرە تۆ شتێکی وات وتوە بە پەیدە؟

**مستەفا هیجری**: جا ئەوە چی بەسەرچیەوەیە، ئێمە ئەگەر یارمەتییەکمان نارد بۆ لایەنێک هەقمان نیە پێی بڵێین دیکتاتۆرە واتا دەبێت زمانمان ببەستین، دیارە من نەموتووە دیکتاتۆرە، بەڵام من ئەو ڕەخنەیەم هەبووە لەسەر کوردستانی خۆرئاوا کە پێکەوە ناسازێین لەحاڵێکدا کە ئێستا ئەو کوردستانە لەژێر فشاردایە، بەڵام هەموو لایەنەکان ناتوانن پێکەوە هێزەکانیان کۆبکەنەوە لەسەریەک و بچن لەوێدا دیفاع بکەن ڕەخنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیەدە، خۆ پەیەدە خۆشی ئەو ڕاستی‌یەی نەشاردوەتەوە کە ئیزن بە لایەنەکانی دیکە نادا بەشداری شەڕی بەرگری لە خاکو وڵاتەکە خۆیان بکەن.

**ئەنوەر حسێن**: کۆمێنتێکی تر دەڵێت پەکەکەو پژاک دەڵێن دیموکرات ئۆردوگانشینە، ئەگەر ئۆردوگانشینە بۆ داوای هاوکاریت لێدەکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئۆردوگانشینی ئەگەر دانیشتبین پاڵمان لێدابێتەوەو هیچ نەکەین ڕەنگە ئەو قسەیە بڕێک ڕاست بێت، بەڵام کارو تێکۆشانی حزبی ئێمە هەر بەردەوامبووەو نەوەستاوە، پژاکیش وەک عەرزم کردی ئەوە دوو ساڵە ئاگربەستی لەگەڵ کۆماری ئسلامی ئێران ئیمزاکردووە لە قەندیل دانیشتووە، فەرقەکەی ئەوەیە ئەو لە قەندیل دانیشتووە، ئێمە لێرە دانیشتووین، ئەگەر مەسەلە دانیشتن بێت.

**ئەنوەر حسێن**: مەبەستت ئەوەیە ئیمزاکردنی تاکتیکە؟ ئێران لەگەڵ پژاک دەیکات یان ئێران دەیەوێت دەستی پژاک ئاوەڵاتر بکات؟

**مستەفا هیجری**: نازانم چیان دەوێت، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئاگربەستیان ئیمزاکردوەو دوو ساڵە هیچیش ناکەن (بەپێکەنینەوە).

**ئەنوەر حسێن**: بەوەدا پێدەکەنی دیارە شتێک دەزانی کە لەنێوان ئێران و پژاک هەیە؟

**مستەفا هیجری**: من عەرزم کردی مەسەلەی پژاک مەسەلەی پەکەکەیە، پەکەکە پێی وتووە ئاگربەستەکە ئیمزا بکە، ئیمزای کردووە، ئەگەر سبەینێ بڵێ بیشکێنە، دەیشکێنێ.

**ئەنوەر حسێن**: کۆمێنتێکی تر دەڵێت هەردوو دیموکرات شەڕی خۆیان ڕاگەیاندووە لەگەڵ پەیەدەو پژاک و پەکەکە ئیتر هاوکاری چی واتا شەڕێکت هەیە؟

**مستەفا هیجری**: هیچ شەڕێکمان لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردی نیە، بەڵام لەهەمان حاڵدا خۆمان بەملکەچی هیچ لایەک نازانین و هەر لایەنێک ئەگەر ڕەخنەمان هەبێت زۆر بەڕاشکاوانە ڕەخنەی خۆمان دەڵێین و ڕەخنەگرتن بەمانای دوژمنایەتی و بەربەرەکانی نیە، پێموایە هەر هێزێکیش خۆی بە دیموکرات بزانێت دەبێت گوێی لە ڕەخنە بێت.

**ئەنوەر حسێن**: پاش دیدارەکەی تۆ لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ڕووداو لەم ڕۆژانەدا پژاک تۆی بەهاوهەڵوێستی لەگەڵ قاعیدەی تیرۆریست تۆمەتبار کردووە ڕاگەیاندنێکیان داوە کە مستەفا هیجری لەگەڵ قاعیدە هاوهەڵوێستە بەوپێیەی کە تۆ وتوتە پەیەدە دیکتاتۆرە، ئەم بۆچوونە پێتوایە کارێکی نابەجێیە؟

**مستەفا هیجری**: لەمێژە ساڵە گوێمان لەو شێوە دەربڕینانە دەبێ لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا ئێمە کە داوای سەرەتاییترین مافەکانی گەلی کورد دەکەین خەباتی بۆ دەکەین پێمان دەڵێن ئەوە نۆکەری ئیسرائیلە، ئەوە نۆکەری ئەمریکایە، نازانم سەردەمێک دەیانگوت نۆکەری سۆڤیەتەو عادەتمان گرتووە بەو بەرچەسپانە پێی ناڕەحەت نابین، ئەوە لە بۆچوون و فکری بەرتەسکی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تەنیا خۆیان بە ڕاستو حەق دەزانن‌و باقی دیکە بە ناحەق‌و ناڕەوا، بەو پێیە دەبێ هەموو کەس ملکەچیان بێ و تەنیا پێیان هەڵبڵێت ئێمە هەر ئەوکاتەی فتوا دراوە دژی کوردی سوریا دەفتەری سیاسی ئێمە بەیاننامەی داوە وئەوەمان مەحکووم کردووە لەوێشدا داوامانکردووە هێزەکانی کوردی سوریا بەهەماهەنگی و پێکەوە بتوانن لەبەرامبەر ئەو هێزانەدا بەربەرەکانی بکەن.

**ئەنوەر حسێن**: بۆچوونێک هەیە کە هێزەکانی ڕۆژئاوا کوردەکانی ڕۆژئاوا دابەشبوون بەسەر سلێمانی، هەولێر، قەندیل واتە مەبەستم ئەوەیە یەکێتیی و پارتی و پەکەکە دەخالەت لەئیشی ئێوە دەکەن یان هەر یەکێک لەوانە وابەستەیە بەمانەوە، پێتوایە ئەمە ئەگەر ڕاستە تا چەند کاریگەری دەبێت یان زەرەر دەدات لە کوردەکانی ڕۆژئاوا؟

**مستەفا هیجری**: من پێموایە هەریەک لە پارتی و یەکێتیی کاریگەریان هەیە لەسەر هێزەکانی کوردی ڕۆژئاوا، ئەوەش زەرەری داوە لە یەکگرتوویی کورد لەو بەشەدا.

**ئەنوەر حسێن**: لەکوردستانی باشوور تا کەی ئێوە لێرە ئۆردوگانشین دەبن، من هەستدەکەم ناڕەحەتی دەبینم بەدەموچاوی تۆوە، ڕاستە تۆ پێتوایە کوردستان موڵکی هەموو کەسێکە، بەڵام لەوانەیە جاروبارێش وا بیرکەیەوە تا کەی ئێمە ئۆردوگانشین بین و لەوانەیە گلەیت لە یەکێتیی و پارتی هەبێت، لەماوەی ڕابردوودا قوربانی زۆرتان داوە ئێوە زیاتر لە 300 کەستان تیرۆرکراوە لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا یان لەو ناوچە جوگرافییە دوو سکرتێرەت شەهیدبووە ئەرک و کاری ئەو هەموو خێزان و

خانەوادەیە بەسەر شانی تۆو حزبەکەتەوەیە، بەهەمانشێوە حزبەکانی تریش تا کەی وا دەبن، ئێستا باسی یەکگرتنەوەت کرد خەباتی چەکداری ناکەن و ڕێگا نیە بچنەوەو بەرەی جەبهەتان نییە لەپشتەوە ئەمریکا ئێوەو هەموو مەنتیقەی ئێرانی لە چاوەڕوانیدا هێشتووەتەوە، دەمێک سازش دەکات، دەمێک هێرشدەکات بیر لەچی دەکەیەوە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخ و قەیرانانە؟

**مستەفا هیجری**: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە ئێرەمان هەڵنەبژاردووە بۆ ئەوەی کە لێی بمێنینەوە یان هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵبژاردنی خۆمان نەبوو، وەزعیەت و هەلوومەرجەکە وایلێکردووە کە ئێمە لەو مەنتیقەدا جێگیربین، ئەوەش چونکە بۆ خۆمان دیاریمان نەکردووە، بۆ خۆمان هەڵنەبژاردووە، پێمان ناخۆشە مانەوە لێرە، ئێمە هەمیشە چاوەڕوانین و ئیشدەکەین بۆ ئەوەی ڕۆژێک بگەڕێینەوە ناو خەڵکی خۆمان لە کوردستانی ئێراندا، لەنێو ئەواندا ئیشی خۆمان بکەین، ئەرکی ئێمەش ئەوەیە، بەڵام ئەو وەزعیەتە شتێک نییە کە بۆ خۆمان بەتەنیا بتوانین بیگۆڕین،دەبێت هەلومەرجەکە موناسب بێت لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێمان ناخۆشە لێرە بمێنینەوە، لێرە ماندووین، خەڵکەکەش هەر ئەو چاوەڕوانییەی هەیە، بەڵام ئەوە شتێک نییە بەتەنیا بەهێزو توانای ئێمە جێبەجێ بێت، بۆیە عەرزم کردی لەپرسیارەکانی پێشوشدا ئێمە چاوەڕوانین فرسەتێکی مناسب لەو پێوەندەدا بێتەپێشێ تا بتوانین لەنێو خەڵکی خۆماندا حزورمان هەبێت.

**ئەنوەر حسێن**: شتێک لەخەیاڵتدایە کەی دەڕۆیتەوە بۆ کوردستانی ئێران؟

هیجری: وەکو ڕێکەوت ناکرێت ڕێکەوتەکە دیاریبکەین، بەڵام من گەشبینم کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ هەموو زوڵم و زۆرو پارەی زۆرو ئیدۆلۆژییەکی دواکەوتووانە بە سەرکوت و زەبروزەنگ توانیویەتی خەڵکی تائێستا ڕابگرێت، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی مەنتیقە ئاڵوگۆڕەکانی دنیا،نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک لە ئێراندا، هەروەها وەزعیەتێکی ناموناسبی کۆماری ئیسلامی کە لە ئاستی نێونەتەوەیدا هەیەتی، بەبۆچوونی من ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دورو درێژ درێژە بەو دەسەڵاتە بدات و ئەوکاتەش دێت کە ئێمەش لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی ئێران لەناو خەڵکی خۆماندا بین.

**ئەنوەر حسێن**: لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران یەکەم شوێن کە تۆ دەچی کوێیە کە دەگەڕێیتەوە؟

**مستەفا هیجری**: هەر شارێک بۆ کارو تێکۆشان موناسبتر بێت، لە ئێستاوە دیاریکردنی زەحمەتە.

**ئەنوەر حسێن**: لە خەیاڵت نییە؟

**مستەفا هیجری**: وەک خۆم پێموایە لەداهاتوودا کرماشان ببێتە ناوەندی کوردستانی ئێران.

**ئەنوەر حسێن**: ئەچیتە کرماشان یەکەم شار ئەگەر بۆت دەست بدات؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، چونکە پێموایە کرماشان گەورەترین شاری کوردە.

**ئەنوەر حسێن**: پرسیارێک بکەم ببورە ئەگەر جەنابت لە تاراوگە شەهیدبووی، هیوادارم تەمەن درێژبیت، حەز دەکەی لە کوێ بتنێژن؟

**مستەفا هیجری**: پێم خۆش نییە لە تاراوگە شەهید بم.

**ئەنوەر حسێن**: دەڵێم ئەگەر بارودۆخەکە ئاوا ڕۆیشت؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر بارودۆخەکە ئاوا ڕۆیشت و من نەمام، حەتمەن وەسیەت دەکەم بمبەنەوە کوردستانی ئێران.

**ئەنوەر حسێن**: ڕێگا نادات جموری ئیسلامی؟

**مستەفا هیجری**: دوای جمهوری ئیسلامی.

**ئەنوەر حسێن**: مەبەستم ئەوکات جمهوری ئیسلامی بۆ نموونە تۆ تەسەورت نەدەکرد شەهید قاسملو شەهید بێت، بەڵام تەرمەکانیان لە پاریسە تۆ دەتەوێت لە کوێ بتنێژن؟

**مستەفا هیجری**: من دەمەوێت لێرە، لە کوردستان بمنێژن تا ئەو کاتەی دەکرێ تەرمەکەم بگەڕێننەوە کوردستانی خۆرهەڵات.

**ئەنوەر حسێن**: لە کوێ لە چ شارێک هەر لە کۆیە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ هەر لە کۆیە.

**ئەنوەر حسێن**: شوێنێکی ترت پێ باش نییە؟

**مستەفا هیجری**: نا کۆیەم پێ باشترە، چونکە زۆرتر هەر لێرە ماوینەتەوە.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر کوردستانی ئێران ڕزگار بوو حەتمەن دەتەوێت لە شارەکەی خۆت بیت لە تەنیشت قازی و قاسملۆ.

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، بەس من خەڵکی مەهاباد نیم.

**ئەنوەر حسێن**: تۆ ڕۆژانە دەخوێنیتەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئەوەندەی فرسەتم بێت دەخوێنمەوە.

**ئەنوەر حسێن**: چی زۆرتر دەخوێنیتەوە؟

**مستەفا هیجری**: زۆرتر دوو شت دەخوێنمەوە، یەکەم بەیانیان کە دێمەسەر ئیش لە پێشدا ئەو هاوڕێیانەی کە لێرە کارم لەگەڵ دەکەن لە ماڵپەڕەکاندا ئەو خەبەرانەی کە گرنگن بە کوردستان و ئێران بۆم دەهێنن ئەوانە دەخوێنمەوە، بێجگە لەوەی لە ماڵەوە بێت هەرچەن ئیشم زۆرە هەرچەند فرسەتم بێت کتێب دەخوێنمەوە.

**ئەنوەر حسێن**: ئەوەی لە زەینتا بێت کتێبێک کە لە گەنجییەوە خوێندبێتەوە کاریگەری لەسەرت هەبووبێت چییە زۆر تەئسیری هەبووبێت؟

**مستەفا هیجری**: زۆر کتێبی وا هەیە کە تەئسیریان داناوە لە سەرەتاوە تائێستا.

**ئەنوەر حسێن**: ڕۆژنامەکانیش بەردەوام دەخوێنیتەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەردەوام هەموویان نا، بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی کە خەبەرێکیان تێدایە بۆ خوێندنەوە ببێت ئەو برادەرانە بۆم دەهێنن.

**ئەنوەر حسێن**: حەزت لە چ ڕەنگێکە لە ژیانتدا، ڕەنگێکی تایبەت هەیە؟

**مستەفا هیجری**: ڕەنگی سورمەیی زۆرتر دڵم پێوەیەتی.

**ئەنوەر حسێن**: چ شتێک لای تۆ زۆر موقەدەس و پیرۆزە لە ژیانتدا؟

**مستەفا هیجری**: ئامانجەکانم کە ڕزگاری نەتەوەی کوردن، بەگشتی بۆ من زۆر موقەدەسن.



سەرچاوە
Serchawe

**ئەنوەر حسێن**: چەندجار تائێستا هەوڵی تیرۆرکردنت دراوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەندەی بۆ خۆم دەزانم دوو جار، بەڵام بە نهێنیش زۆر بووە.

**ئەنوەر حسێن**: ئێستاش هەوڵی تریش هەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئێستاش هەوڵ هەیە هەوڵی زۆر جدی هەیە.

**ئەنوەر حسێن**: تۆ ئەو هەموو مەسئولیات و دوژمنەکەشت گەورەیە شەوان بەئاسودەیی دەخەوی یان هەمیشە بە ترسەوە دەخەوی و هەمیشە نیگەرانی؟

**مستەفا هیجری**: ترس نا، بەڵام نیگەرانی هەیە عادەتمان گرتووە بەو نیگەرانییە دەیان ساڵە لەوحاڵەدا دەژیم لەژێر بۆمبارانـدا لەژێر مەترسی تیرۆردا.

**ئەنوەر حسێن**: ناترسی؟

**مستەفا هیجری**: نەوەڵڵا.

**ئەنوەر حسێن**: واتا هیوایەتێکت هەیە لە ژیاندا؟

**مستەفا هیجری**: هیواکەم ئەوەیە کوردستانی ئێران ڕزگاری بێت، منیش بگەڕێمەوە واز لە سیاسەت بهێنم و بتوانم ماوەی ژیانم بحەسێمەوە.

**ئەنوەر حسێن**: ئەو قسەیەی تۆ سەرنجم بۆ شتێک ڕادەکێشێت فیدڵ کاسترۆ کاتی خۆی وای وت کە شۆڕشی کرد لە دارستانەکانداو وتی دەگەڕێمەوەو بۆ خۆم دادەنیشم، پێموایە خەڵکانی تریش وایان وت، من هەستدەکەم تۆش هەمان قسە دەکەیتەوە، پێم وانییە وازبهێنیت لە دەسەڵات چ گرەنتییەک دەدەی بە من کە سبەینێ وازدەهێنی لە دەسەڵات؟

**مستەفا هیجری**: هیچ گرەنتیەک نییە، بەس بیروبۆچوونی خۆمە، بەڵام من بەشبەحاڵی خۆم پێموایە درێژەدانی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژە لە سەرکردایەتیدا نە بە قازانجی ئەو کەسەیە نە بە قازانجی جوڵانەوەکەیە، ئەوەش کە تائێستا من ئەو بەرپرسیاریەتیەم



سەرچاوە Serchawe

قبوڵکردووە، ڕاستییەکەی لەبەرئەوە نییە پێمخۆشە، لەبەرئەوەیە زەروریەتەکە هەستپێدەکەم لەگەڵ ئەو ئیعتیمادو باوەڕەی حزبەکەم داویەتی بە من، دەنا شتێک نییە کە من پێم خۆشبێت، ئێستاش پێم خۆشە لە کۆنگرەیەکی دیکەدا یان لە کۆمیتەی ناوەندیدا یەکێکی دیکە هەبێت لە جێگای دابنیشێت. لەو باوەڕەدام ئەوانەی لە تەمەنی سەرکردایەتیدا تەمەنیان دەچێتە سەرێ جێگەی خۆیان بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی جیلی گەنج کار بکەن و پێبگەن، کەسایەتییەکان لەناو کورد دا نەبەستریێنەوە بەوەی چەند کەسێکی دیار هەمیشە لە دەسەڵاتدا بن.

**ئەنوەر حسێن**: من هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا تۆ بەڵێنەکانی خۆت بەریتەسەر لە داهاتوی ڕزگارکردنی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کە ئەوە ئاواتی بەڕێزتانەو لە دەسەڵات بێیتە خوارەوەو جێگا چۆڵبکەیت بۆ خەڵکی تر بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نموونەیەکی جوان بیت و هیوادارم لە داهاتوویاکی نزیکدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دیدارێکی وا ڕۆژنامەوانی سازبکەین و هیوادارم لەوێش دەرگاکەت وا کراوەبێت و وا سادە بژیت لەگەڵ خەڵک، نەک وەک ئەوەی چەند نموونەیەکم هەیە پێشتر کە بارودۆخەکە تەواو گۆڕاوە لای کەسەکان کە دەچنە پۆست و دەسەڵات هیوادارم وا بە سادەیی بمێنیتەوە.

**مستەفا هیجری**: من پێمواییێت هەروا دەمێنمەوە، چونکە پێمخۆشە ئەوەت عەرزبکەم من پێشئەوەی ببمە ئەندامی حزبی دیموکرات چاوەڕوانی ئەوەم نەبوو بێمە ڕێبەرایاتی حزب پێشمەرگەیەک بوم پێشتریش کەسایەتییەک بوم لە شاری خۆم ئیمکاناتم هەبووە، هەموو ئیمکانێتێکم هەبووە لەناو خەڵکەکەی خۆمدا خۆشەویست بووم، مامۆستایەک بووم کە لەگەڵ گەنجەکان تێکەڵاویم هەبووە، ئەو دەمیش هەڵسوکەوتم لەگەڵ گەنجەکان جیاوازی هەبوو لەگەڵ مامۆستاکانی دیکە پێم وابێت هەندێک تایبەتمەندیم هەبووە کە لە داهاتووشدا ئاڵوگۆڕێک بێتە پێشێ ئەو ژیانەی خۆم ناگۆڕمەوە بە ژیانێکی دیکە.

**ئەنوەر حسێن**: ئەگەر ناوی سیانی خۆتم پێ بڵێی؟

**مستەفا هیجری**: ناوم مستەفا محەمەد ئەمین ناسراو بە مستەفا هیجری

**ئەنوەر حسێن**: لە دایکبووی؟

**مستەفا هیجری**: ٣ - ٣ - ١٩٤٥

**ئەنوەر حسێن**: لە شاری؟

**مستەفا هیجری**: نەغەدە.

**ئەنوەر حسێن**: پلەی خوێندن؟

**مستەفا هیجری**: بەکالیۆرسم لە زمان و ئەدەبی فارسیدا لە دانشگای تاران تەواوکردووە

**ئەنوەر حسێن**: خێزانداری؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، چوار منداڵم هەیە، دوو کچ و دوو کوڕ.

**ئەنوەر حسێن**: هیچ کتێبێکت هەیە نووسراو؟

**مستەفا هیجری**: فرسەتم نەبووە

**ئەنوەر حسێن**: جگە لە زمانی کوردی و فارسی چ زمانێکی تر دەزانی؟

**مستەفا هیجری**: بڕیک ئینگلیزیو زمانی تورکی ئازەربایجانی.

**ئەنوەر حسێن**: پاسپۆرتی بیانیت هەیە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ

**ئەنوەر حسێن**: جنسیەی وڵاتێکی ترت وەرگرتووە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ

**ئەنوەر حسێن**: ساڵی چەند پەیوەندیت کردووە بەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە؟

**مستەفا هیجری**: ساڵی ١٩٨٠ دوای ڕوخانی ڕژێمی شا

**ئەنوەر حسێن**: ساڵی چەند یەکەم دەورە بووی بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی؟

**مستەفا هیجری**: ساڵی ١٩٨٠ کاتێک کۆنگرەی حزبی دیموکرات کۆنگرەی چوارەم لە مهاباد پێکهات لەوێ من هەڵبژێردرام وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

**ئەنوەر حسێن**: لەو دەورانەدا هەمووی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بوویت؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ دوای شەهیدبوونی د.سەعید من بووم بە سکرتێری حزب، بەڵام لە کۆنگرەی دوایدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بوو بە سکرتێری حزب من وەک جێگری مامەوەو کارەکانم درێژە پێدا.

**ئەنوەر حسێن**: تۆ لەکەیەوە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە کۆنگرەی چەندەوە، ساڵی چەند؟

**مستەفا هیجری**: لە کۆنگرەی سیانزەوە ئێستا دەبێتە دە ساڵ

**ئەنوەر حسێن**: کاک مستەفا زۆر سوپاس دەبێت بمبەخشی قسەکانمان زۆر بوو بەس هیوادارم دیدارێکی باش بوویێت

**مستەفا هیجری**: زەحمەتتان کێشا زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

سەرچاوە: گۆڤاری "والاپرێس" - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کورد ئامادەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکات...




### وتووێژی ئاژانسی هەواڵی ئانادۆڵی

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران مافەکانی کورد بسەلمێنێ ئامادەن لەگەڵی بکەونە گفتوگۆ بەناوبژیوانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی.

ئێستا تەنیا حیزبەکانی کوردستانی ئێرانن کە ناتوانن راستەوخۆ لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتەکەیان لە نزیکەوە گفتوگۆ بکەن، بۆ ئەوە حیزبەکان کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمەتبار دەکەن بە رەت کردنەوەی وتووێژ.

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری، کە بارەگای سەرەکیان لە شاری کۆیە ٥٥ کم لە باشووری رۆژهەڵاتی شار هەولێر دایە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ AA جەختی کردەوە کورد هەردەم ویستوویەتی لەگەڵ تاران گفتوگۆ بکەن بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان، بەڵام بە قسەی ئەو کاربەدەستانی ئێران خوازیاری وتووێژ نین.

هیجری گوتی: "بۆ نەتەوەکانی دیکە بەتایبەتی کورد، حکوومەت بەچاوی ئەمنی سەیری خەڵک دەکات، کاتێ هاووڵاتییەک داوای ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خۆی بکات، خێرا تۆمەتی نۆکەری بێگانە و دژە نیزامی دەدەنە پاڵ، بەو هۆیەوە سەدان تێکۆشەر لە سێدارە دراون ئێستاش زۆرێکیان لە زینداننن، هەر ئەوەش وای کردووە گەر دەرفەتێک بۆ گەنجانی کوردستانی ئێران هەڵکەوێ، دێنە باشووری کوردستان یان دەچنە وڵاتانی دەرەوە".

جیاوازیی کورد لە وڵاتی ئێراندا لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ئەوەیە ئەوان ساڵانێکی زۆرە خاوەن حیزبی سیاسی و کاری رێکخراوەین لەبەرامبەر حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە. چالاکی و خەباتی سیاسی و چەکدارىی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران لەساڵی ١٩٨١ دەست پێ کرد.

**هیجری لەبارەی ڕۆڵی کورد لە ئێران گوتی:** کوردی ڕۆژهەڵات پێگەیەکی بەهێزیان هەیە لە ئێران، نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش چاویان بڕیوەتە کورد هەر ئەوەش وای کردووە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سڵ لە ماف و داخوازییەکانی کورد بکاتەوە، ئێران ترسی هەیە ئەگەر قایل بوو ماف بداتە کورد نەتەوەکانی دیکە داوای مافی خۆیان بکەن، ئەو کاتە وڵاتەکە دەبێتە سەرچاوەی لێک ترازانی جوگرافی.

ساڵی ٢٠٠٥ نەتەوەکانی کورد، عەرەب، ئازەری، بەلووچ، تورک، هاوپەیمانییەکیان بەست بەناوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و داوای ئێرانێکی فیدراڵیان کرد، لەپێناو ئەوەی هەموو نەتەوەکان لە ناوچەکانی خۆیان دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبردنیان هەبێ.

**سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بارەوە دەڵێ:** کۆماری ئیسلامی بە فیدراڵی قایل نابێ و نایەوێ نەتەوەکان بەمافی خۆیان بگەن، خۆ ئەگەر فیدراڵی بێ هەماهەنگی نێوان نەتەوەکان زیاتر دەبێ وڵاتەکەش لەسەر ئاستی دنیا ئێرانێکی جیاواز دەبێ لەگەڵ ئەوەی ئێستا.

**لە بارەی مافەکانی کورد لە کابینەی نوێی حەسەن ڕۆحانی، مستەفا هیجری گوتی:** ڕۆحانی پرۆژەیەکی گونجاو و لەباری پێ نییە بۆ کورد، هەوڵەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا و لەسەر پیتاندنی ئورانیۆمە و بۆ باش کردنی ژێرخانی ئابووریی وڵاتە، ئەگینا ئێران بەرنامەی نییە ژیانی وڵاتەکەی باش بکات تەنیا لەسێ مانگی ڕابردوودا دەیان کەس لەسێدارە دراون.

کوردەکانی ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠ بەدواوە کەوتنە ناکۆکی قوڵ لەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕش و ئینقلابی تازە سەرکەوتوو لەتاران، بەڵام گفتوگۆکان شکستیان دەهێنا، دوایین دیداری ڕەسمی و ئاشکرا ساڵی ١٩٨٩ بوو لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی ئێران کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرۆکی حیزب بەشداریی تێدا کرد، لەڤیەننای پایتەختی نەمسا بوو. بەڵام لەو دیدارەدا قاسملوو و دوو لە هاوڕێکانی تیرۆر کران، حیزبی دێموکرات کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە ئەنجامدانی ئەو کارە تاوانبار کرد.

**مستەفا هیجری لەبارەی گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند:** بەردەوام هەوڵیان داوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دیدار و وتووێژیان هەبێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو دەستپێشخەرییانەی ڕەت کردووەتەوە.

**هیجری گوتی:** ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشنیاری وتووێژ بکا، ئەوا کورد ڕازی دەبێ بەو شەرتەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی ناوبژیوانی بکات و مافی کورد بسەلمێنێ.

لە ئێران، بەگوێرەی ئامارە نا ڕەسمییەکان ڕێژەی کورد لەوڵاتە دەگەنە ١٠ ملیۆن کەس. ساڵی ٢٠١١ ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا گەیشتوونەتەوە حەوت ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس.

**لەدرێژەی گفتوگۆکەی لەگەڵ AA، مستەفا هیجری باسی داهاتووی ئێران دەکات و گوتی:** "حیزبی دێموکراتی کوردستان نزیکەی ٦٧ ساڵە بۆ ئازادیی نەتەوەی کورد خەبات دەکات، ئێستاش هەر بەردەوامین، پێمان وایە سەردەمی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەسەرچووە و لەگەڵ دۆخی ئێستا گونجاو نییە".



سەرچاوە Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

## ڕووداوەکانی لەم دواییانە کە لە ئێران هاتوونەتە ئاراوە...



### دیمانەی تایبەتی تیشک تی ڤی

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر کۆمەڵگای سیاسی ئێران، ئەو ڕووداوانەی کە لەم دواییانەدا لە ئێران هاتوونەتە ئاراوە، بەتایبەتی کوردستان و بارودۆخی کورد لەم ناوچە جوگرافیاییەدا،

**تیشک**: نیزیک بە ١٠٠ ڕۆژ لە دەس بەکاربوونی حەسەن ڕووحانی تێدەپەڕێ لە ئێراندا. پێش لە هەڵبژاردنەکان ئێوە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەیاننامەیەکتان بڵاوکردەوە و هەڵبژاردنەکانتان تەحریم کرد، پێشبینی ئەوەتان کردبوو کە خەڵک بە هاتنی ڕووحانی دڵخۆشە، بەڵام وەزعییەتی ئێران زۆر خراپتر دەبێ، ئەو پێشبینییەنانەتان لەسەر چ بنەمایەک بوو و ئایا بەڕاستی ئێستا پێتان وایە وەزعییەتی ئێران خراپتر بووە؟

**مستەفا هیجری**: بەیانییەی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ تەحریمی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەجرۆبەی کە ئێمە وەکوو کورد بەتایبەتی و وەکوو ئێرانی بەگشتی لە ماوەی سی و چەند ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەمانبووە، بێجگە لەوە مەسەلەی ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دژی دێموکراسی، ئازادی، ویستی نەتەوەکانی ئێران بەتایبەتی نەتەوەی کوردە و ئەو تەجرۆبەی هەموو جارێ لە هەڵبژاردنەکاندا دووپات بۆتەوە کە هێندێک وادە بە خەڵک دەدەن بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕاکێشن و بیانکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام وەکوو عەرزم کردن ئیدئۆلۆژییەکە و سیاسەتە گشتییەکەی کۆماری ئیسلامی ئیجازە نادا کە بە ڕووی ئێراندا بکرێتەوە و ئەو تەحریمەش لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەدا ڕاگەیەندرا و ئێمە ئێستا کە لە بەرەبەرەی سەدەمین ڕۆژی دەسەڵاتداریی سەرۆک کۆماری تازەداین، دەبینین کە دروشمەکانی ڕووحانی بە نیسبەتی ئەو وادانەی بە خەڵکی ئێرانی دابوو، بەتایبەتی بە کورد و باقی نەتەوەکان، لە پێوەندی لەگەڵ کرانەوەی سیاسی لە

ئێراندا و ئازادکرانی زینداانیانی سیاسی و زۆر وەعدە و وەعیدی دیکە، بەداخەوە دەبینین هەر وەکوو سەرۆک کۆمارەکانی دیکە هەر لە جێگای خۆیەتی و لە هێندێک بواردا توند و تیژتریش بووەتەوە.

**تیشک**: بەم دواییانەش شەپۆلێکی لە سێدارەدان ئێرانی گرتوەتەوە، لەو پێوەندییەدا ئێوە بابەتێکتان نووسی کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەرەو گۆڕان هەنگاو دەنێ یان نا کە لەوێدا پێشبینی ئەوتان کردبوو کە وەزعەکە زۆر خراپتر دەبێ و کۆماری ئیسلامی بە دانی کۆمەڵێک پوان سەرکوتی نێوخۆیی زیاتر دەکا، لە سەر چ بنەمایەک ئێوە ئەو قەزاوەتەتان کرد؟

**مستەفا هیجری**: هەر وەکوو لە بابەتەکشدا ئیشارەم پێکردبوو، لە سەر ئەو بنچینەیە ئەو قەزاوەت و پێشبینیە هاتبووە ئاراوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا، هەموو هەوڵ و تەقەڵلاکانی بۆ ڕاگرتن و پارێزگاری کردن لە ڕێژیمەکەیەتی. ئەگەر باس لە مەسەلەی ئیسلام دەکا، باس لە مەسەلەی دیمۆکراسی، باس لە مەسەلەی حقووقی خەڵکی هەژار دەکا، ئەوانە هەموویان ئەو درۆیانەن کە بۆ پاراستنی حکوومەتەکەی خۆی بەکاری دێنێ و ئێمە ئەوەمان نەک هەر لە ئیدئۆلۆژییەکەیدا ناسیوە، بەڵکوو بە کردەوش بینیومانە، ئەگەر لە بیرمان بێ، کاتێک لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقدا دوای بە کوشت دانی خەڵکێکی زۆر لە ئێران و تەلەفات و خەساراتێکی ماڵیی یەکجار زۆر، کاتێک کە ڕەفسەنجانی و هەروەها کۆمەڵێک لە فەرماندەکانی پایەبەرزی نیزامی چوون بۆلای خۆمەینی و حاڵییان کرد کە ئەگەر ئەو شەڕە ئیدامە بدەن، حکوومەتەکەیان تێک دەچێ و شکست دەخۆن، خومەینی بە قەولی خۆیان جامی ژەهری خواردەوە و قەراردادی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی قبووڵ کرد و ئاگربەسەکەی ڕاگەیاند و ئەو هەموو درۆ و شوعارانەش کە دابووی لە ڕێگای کەربەلاوە قودس فەتح دەکا، هەمووی بوو بە هیچ، ئەوە بۆخۆی تەجرۆبەیەک بوو. ئێستاش ئەو بابەتەی کە نووسرابوو بەشێکی لە سەر ئەو بنەمایەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ڕاگرتنی حکوومەتەکەی خۆی پێویستی بەوەیە بە ڕووی دەرەوەدا بکرێتەوە، ئەو گەمارۆیانەی کە لە سەر ئێران دانراون، لە پێوەندی لەگەڵ پیتاندنی ئۆرانیۆم و ئەو پرۆسەیەی کە دەستی پێکردووە، هەروا درێژەی هەیە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە گەمارۆوەکان گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەست بە مەترسی دەکا کە ئەگەر هەروا درێژەی هەبێ، ئیدی توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نامێنێ، کەوابوو دەبێ ئەو حکوومەتە بپارێزێ و پاراستنی ئەو حکوومەتەی بە پێچەوانەی دروشمەکانی خامنەیی، لە واقیعدا سازانێکی ڕەزیلانەیە لەگەڵ ڕۆژئاوا تاکوو ئەوان گەمارۆکان تا حەدێ لە سەری شل بکەنەوە بۆ ئەوەی کە بتوانێ داهاتی ئەو نەوتەی کە دەیفرۆشێ بەدەستی بێنێ. کەوابوو سرووشتیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەری پاراستنی حکوومەتەکەیدا ئیمتیاز بدا بە ڕۆژئاوا. بەڵام لایەنەکەی دیکەی کە سازان لەگەڵ خەڵکی ئێرانە و کرانەوە بە ڕووی خەڵکی ئێرانە، ئەوە دروست بە پێچەوانەی هەدەفەکەی کۆماری ئیسلامییە، بەو مانایە کە خەڵکی ئێران چونکە کۆماری ئیسلامییان ناسیوە، چونکە لێی نارازین هەرکات فەزایەکی موناسیب هاتبێتە پێشێ، بەهانەیەکیان کەوتبێتە دەست، دژی ڕێژیم هاتوونەتە سەر شەقامەکان و دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان داوە. بۆیە هەر پاشەکشەیەکی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی دیمۆکراسی و ئازادی بەتایبەت مافی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد بە گومانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێتە هۆی ڕووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامی. بۆیە گوتمان کە ئەگەر بە ڕووی دونیادا دەکرێتەوە بە پێچەوانە وەزعییەتەکە لە نێوخۆی وڵاتدا توندوتیژتر دەکاتەوە و ئێستا ئێمە بەداخەوە ئەو ئاسارە دەبینین.



سەرچاوە
Serchawe

**تیشک**: هۆی چییە ئەو وەزعییەتە ئەمنیەتییە خراپە نەک تەنیا لە کوردستاندا، بەڵکوو بەگشتی لە ئێراندا درووستی کردووە؟

**مستەفا هیجری**: ئەساسەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ترس و لەرزەی کە لە خەڵکی ئێران هەیەتی، چونکە ئەوان بۆ خۆیان لەگەڵ هەموو ئەو ئیدیعایانە کە دەکەن بە پێچەوانە زۆر باش دەزانن کە خەڵکی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نین. درزێکی یەکجار زۆر گەورە لە نێوان خەڵکی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتووتە پێشێ کە رۆژ بە رۆژ ئەو درزە گەورەتر دەبێت، بۆیە ئەگەر خەڵک کەمترین دەرفەت بەدەست بێنن لە جەهەتی رووخانی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا هەوڵ دەدەن و لەو پێوەندییەدا دەوری نەتەوەکانی ئێران کە هەموو سنوورەکانی ئێرانی پێکهێناوە دەورێکی زۆر گرینگی دەبێ. کۆماری ئیسلامی لەوە نیگەرانە کە ئەو وەزعییەتە لە ئێران بێتە پێشێ بۆیە پێش بە هەموو کۆڕوکۆبوونەوەیەک دەگرێ، پێش لە هەموو داخوازییەکی ئازادیخوازانە دەگرێ، زیندانیی درێژخایەن دەبڕێتەوە و بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک دیتمان کە ئەو شەپوولەی ئیعدامەکانی وەڕێخستووە لە لایەکەوە لە بەلوچەکان لە عەرەبەکان و بە تایبەتی ئەخیرەن لە نێو تێکۆشەرانی سیاسیی کورد خەڵکەکە ئێعدام دەکا و بۆ ئەوەی خەڵک چاوترسێن بکات. پ: کاک مستەفا، پێم خۆشە باس لەوە بکەین کە سەفەری رووحانی بۆ نیویۆرک و قسەکردنی تەلەفونی لەگەڵ ئۆباما، دیداری زەریف لەگەڵ جان کێری و بەگشتی ئەو موزاکراتەی ٥+١ کە زۆرتریشی خایاند ئاکامەکەی بە کوێ دەگات و چی لێدەکەوێتەوە؟ و: وەکوو عەرزم کردی وەلی فەقیە تەنها کەسێکە کە بڕیار دەدات لە بارەی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی وڵات ئەو ئوسولەن دەبێ گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە ئیدی لەوە زیاتر ناتوانن مقاومت بکەن و وەزعییەتەکەیان لە باری ئابوورییەوە گەیشتووتە نوقتەیەک ئیدی بۆیان ئیدارە ناکرێ بۆیە لەوێدا وەلی فەقیە ئەو بڕیارەی داوە کە دەبێ بەرەورووی دونیا بکرێتەوە. بە بۆچوونی من خامنەیی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ ئەو کرانەوەیە ببێ بە ئیمتیاز دان بە غەرب و تەسلیم بوون لە بەرامبەر داخوازییەکانیاندا، ئەوە نەتیجەکەی لەو دانیشتنانەی کە لە ژنێڤ پێکهاتوو سەرەتاکەی لە نیویۆرک بوو، ئێستا کە ئاخرین دانیشتنیان لە ژنێڤ بەڕێوەیە هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە بتوانن بە تەوافق بگەن من لەگەڵ ئەوەیکە پێم وابێت هێشتا ماوەیەتی بەڵام لە نەتیجەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو ئاکامە دەگات کە دەبێ تەسلیمی رۆژئاوا بێت بۆ ئەوەیکە خەتەری رووخانەکەی لە باری ئابوورییەوە لە سەر خۆی لابەرێت. بە نەزەری من نەتیجەکەی دەبێتە ئەوە کە غەرب لە بەرامبەر ئیمتیازێکی زۆردا کە وەریدەگرێ ئیمتیازێکی کەم بە کۆماری ئیسلامی دەدات و ئەوان تەسلیمی داخوازەکانی رۆژئاوا دەبن لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی پیتاندنی ئۆرانیۆم.

**تیشک**: ئەوان ئەدەبیاتێک بە کار دێنن کە "ناوی نەرمشی قارەمانانە"یە کەلە نەهایەتدا وەکوو جەنابت دەفەرمووی رەنگە ئەم حاڵەتە بێتە پێشێ. کاک مستەفا دەمهەوێ پرسیارەکەم پەیوەندی بدەم بە کوردستانەوە لە پێوەندی لەگەڵ مافی گەلی کورددا ئێوە وتووێژێکتان کردووە لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلی تورک باستان لەوە کردووە کە ئێمە ئامادەین بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەین، بەڵام کۆمەڵێک مەرجتان داناوە. سەرەتا ئەو باسە چۆن هاتووتە گۆڕێ ئایا هیچ ئیشارەیەک هەیە هیچ سیگناڵێک هەیە یا هیچ وتووێژێک لە نێوان ئێوە و کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا لە ئارادا بووە؟

**مستەفا هیجری**: لە پێش دا پێمخۆشە ئەوە شی بکەمەوە کە هیچ وتووێژێک و هیچ چرا سەوزێک لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە ئێمە نیشان نەدراوە کە ئامادە بن موزاکرە بکەن. لەو باوەڕەشدا نیین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە موقعییەتی ئێستادا واردی ئەو پرۆسەیە بێت، چوونکە پێش هەموو شتێک باوەڕی بەو مافانەی کە ئێمە داوای دەکەین، نییە و لە لایەکی دیکەشەوە فەزا ئەمنییەتیەکەی زۆر لەوە توونددوتیژترە کە ئێستا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا باسی مافی نەتەوە بکرێ، وەختێک کە بە بچووکترین بەهانە تێکۆشەرانی سیاسی بەتایبەتی کورد دەگرن لە زیندانی دەکەن، زیندانیی درێژخایەنیان بۆ دەبڕنەوە و ئیعدامیان دەکەن یا لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بەو شێوە ڕەفتار دەکەن یا ئێستاش لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەو کێشەیە کە سەرپۆشی ژنان کە دەبێ چەندە موی بشارێتەوە و نەیشارێتەوە لە فەزایەکی وادا ئوسولەن چاوەڕوانی موزاکرە بۆ وتووێژ ئینتزارێکی عەبەسە، بەڵام ئێمە وەکوو کەسانی سیاسی لە بەرامبەر پرسیاری ڕۆژنامەنیگاراندا قەرار دەگرین ئەوان پرسیار دەکەن کە ئێمە ئامادەین بۆ وتووێژ یا ئامادە نین؟ ئەوەی کە من لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا داومەتەوە ئەوەیە کە ئێمە وەکوو پرنسیپێکی گشتی کە لە حیزبی دێموکراتدا هەیە هەر وەختێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە بێت لەسەر مافی نەتەوەی کورد بەڵام بە میانجیگەری دەوڵەتێکی سێهەم، ئامادەین وتووێژ بکەین. ئەوە بە مانای ئەوە نیە کە وتووێژێک لە ئارادایە یان کۆماری ئیسلامیی ئێران چرای سەوزی بۆ ئەو مەسەلەیە نیشان دابێت. فەقەت وەڵامی پرسیارێک بوو بۆ خەبەرنگارێک کە لەو پێوەندییەدا پرسیاری کردبوو.

**تیشک**: ئێوە لە ماوەی ڕابڕدوودا لەم چەند مانگەدا حەرەکەتێکی دیپلۆماسیی نوێتان دەست پێکردووە، دەوڵەتی توورکیاتان کردووەتە ئامانج. ئەوەندەی من بە هەڵە تێنەگەیشتبێتم، بەشداریتان کرد لە یادی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا و لەوەش زۆر گرینگتر لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بوون کە من دوواتر ئەم پرسیارە دێنمە ئاراوە، لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی گەلی کورد لە هەر ٤ پارچەی کوردستان و لەسەر ئەم دیپلۆماسییە دەمهەوێ قسەم بۆ بکەن، چۆنە ئێوە حەرەکەتێکی ئاواتان دەست پێکردووە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین کە دەبێ لەگەڵ وڵاتانی شوێندانەری جیهان بەتایبەتی ناوچەکە، پێوەندی بەرقەرار بکەین، پێوەندییەکی سالمی سیاسی لەسەر ئیحترامی بەرامبەر، ئێمە لەو پێوەندییەدا لەگەڵ توورکیا لە هەوڵدا بووین، ئەوە بوو کە باستان کرد کە ئێمە لە ساڵیادی دامەزرانی دەوڵەتی تووركیادا کە دەعوەت کرابووین بەشداریمان کرد و بێجگە لەوە ئەو دەعوەتەی کە لە واقیعدا موئەسسەیەکی نەک حکومەتی بەڵکوو موئەسسەیەکی تەحقیقاتی و لێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلەی کورد پێکیان هێنابوو لەوێ دەعوەت کرابووین و نوێنەری ئێمە لەوێ بەشدار بوو و لەوێ وتاریان خوێندەوە و بەرنامە و ویست و داخوازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕاگەیاند.

**تیشک**: لەسەر ئەم کۆنگرەیە دەمهەوێ زیاتر قسە بکەین، بۆ یەکەمجارە لە ئەنکارا سەرەڕای ئەو زەخت و زۆریانەی کە پێشتر لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە ئێمە شاهیدی بووین، بەڵام هەست بە کرانەوەیەکی سیاسی دەکرێت. لە ئەنکارا دەوڵەتی تورکیە کۆنگرەیەک ڕێک دەخا و لەو کۆنگرەیەدا سەرانی ئەحزاب یان لانیکەم نوێنەرانی حیزبە سیاسیەکانی هەر ٤ پارچەی کوردستان باسی دەستەبەر کردنی مافەکانییان دەکەن و باسی میکانیزمی گەیشتن بەو مافانە دەکرێت، ئێوە وەک حیزبی دێموکرات، هەر وەک فەرمووت لەوێ نوێنەرتان هەبوو. دەسکەوتەکان چی بوون؟ باسەکان چی بوون؟ بە چ ئاکامێک گەیشتن؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: ئەوە بۆ خۆی مەسەلەیەکی گرینگە کە لە تورکیەدا وشەی کورد قەدەغە کرابوو و کەس نەیدەوێرا باسی مەسەلەی کورد بکات، ئێستا گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە لە ئانکارا شارەزایانی ٤ پارچەی کوردستان کۆ دەکەنەوە بۆ ئەوەی باس لە مەسەلەی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە ناوچەکەدا بکەن، ئەوە نیشان دەدا کە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی سیاسییە و هەنگاو دەنێت بۆ پێشەوە بەرەو چارەسەر کردنی کێشەکانی خۆی. جگە لەوە دەیهەوێ ببێتە ئاڵاهەڵگری چارەسەری کیشەی کورد لە ناوچەکەدا. تەبیعەتەن ئێمە لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا بەشداری دەکەین و پێشوازیی لێدەکەین چونکە پێمان وایە کە لە هەر وڵاتێکدا بەتایبەتی وڵاتەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کە فەزای کاری دیپلۆماسی و دیموکراتیک ئامادە دەبێت، ئێمەی کورد دەبێ تێیدا بەشدار بین و لەو رێگایەدا تێکۆشانی خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین. بێجگە لەوانە ئێمە بە حوکمی ئەوی کە وەکوو کوردستانی ئێران سنوورێکی دوور و درێژمان هەیە لەگەڵ تورکیا و بەشێکی زۆر لەگەڵی کورد یان بڵێین گەورەترین بەشی گەلی کورد لە تورکیادا نیشتەجێیە، ئێمە هەم بە پێی واقێعی ئەمر و هەم بە پێی بارودۆخی سیاسی پێویست دەکات کە ئەو پێوەندییە توند و تۆڵ بکەین و بتوانین پێوەندییەکی باشمان هەبێت، هەم لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی کە بتوانین ئێمەش بەرنامەکانی خۆمان لەگەڵ ئەوان باس بکەین و هەم لەگەڵ خەڵکی کورد لە تورکیادا کە هاونیشتمانان و هاوزمانانی ئێمەن.

**تیشک**: هەر لەو پێوەندییەدا کاک مستەفا کە فەرمووت خەڵکی باکووری کوردستان هاوزمان و هاونیشتمانی ئێمەن، پێم خۆشە پرسیارێک تەرح بکەم. سەفەری کاک مەسعود لە حەوتووی رابردوودا بۆ دیاربەکر چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ چ ئاڵوگۆڕێک هاتە گۆڕێ؟

**مستەفا هیجری**: لە راستیدا ئەوەش بۆخۆی یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی کرانەوەی دەوڵەتی تورکیا بە رووی کێشەیەکە کە دەیان ساڵە لەگەڵی بەرەورووە کە ئەویش کێشەی کوردە، ئەگەر لە بیرمان بێت لە ساڵەکانی سەرەتای دامەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر حکومەتی تورکیا ئامادە نەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو حکومەت بناسێت. تەنانەت ئامادە نەبوو سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم بناسێت، بەڵکوو وەک سەرۆکی عەشیرەت باسی دەکرد. بەڵام ئاڵوگۆڕی سیاسی و پێشکەوتنە سیاسییەکان کارێکی وایان کردووە کە دەوڵەتی تورکیا لەو راستییە تێبگات و لەو پێوەندییەدا هەنگاو هەڵ بگرێت، ئەو سەفەرەی کە بەڕێز کاک مەسعوود بۆ تورکیای کرد، یەکێک لە دەسکەوتە هەرە بەنرخەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی تورکیا بوو کە بۆ ئەو سەفەرە کردی، لەو سەفەرەدا زۆر تابۆ شکا. لە پێش هەمووشتێکدا ئەو کۆبوونەوەیە لە ئامەد گیرا کە ناوەندێکی کوردستانی باکوورە، بێجگە لەوە ئەو وشانەی کە لەوێ بە کار هاتن وەکوو ئەوەی کە لە باسەکانی بەرێز کاک مەسعوددا هاندانی خەڵکی تورک و کورد بۆ ئاشتی بۆ تەواو بوونی خوێنرشتن، کوژرانی رۆڵەکانی کورد و تورک و پێداگری لەسەر چارەسەری ئاشتیيانە و ئەو پێشوازیەی لە کاک مەسعوود کرا، خاڵێکی یەکجار زۆر بەهێز بوو. لە لایەکەوە نیشانیدا کە خەڵکی کورد لەو بەشەی کوردستاندا رێگا چارەی ئاشتیخوازانەیان دەوێت و پێشوازی لە کاک مەسعوود دەکەن بە دەلیلی ئەوەی کە ئاڵاهەڵگری ئاشتی و پێکەوە ژیانی دوو گەلی کورد و تورکە لەو وڵاتەدا و لە پێوەندییەدا هەوڵ دەدات، هەروەها حکومەتی تورکیا و ئەردۆغانیش زۆر قسەی نوێیان کرد لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورددا. نێوی کوردیان بە ئاشکرا هێنا و باسی ئەوەیان کردووە کە مەسەلەی کورد ئیدی وەکوو مەسەلەی کورد باس دەکەن نەک وەکوو پێشوو کە بە وشەی تەحقیرئامیز باسی مەسەلەی کوردیان دەکرد.

باسی لەوەی کرد کە دەرکی زیندانەکان دەکەنەوە ئەوە نیشان دەدا کە ئەو سەفەرە بۆ خۆی بە مەعنای دەستپێکی پێشکەوتنی دیکەشە لەو مەنتەقەدا. لەو بوارەوە من بەگشتی پێموابێ سەفەرێکی زۆر سەرکەوتوو بوو و زۆر بە قازانجی گەلی کورد بەگشتی و تەبیعەتەن بۆ هاوسنووری و پێکەوە گرێدانی رەوابتی نیزیک و دۆستانەی بەینی هەرێمی کوردستان و تورکیە بێ.

**تیشک**: لەم ماوەی رابردوودا حکوومەتێکی کاتیی لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی سووریە راگەیەندراوە لە لایەن پارتی یەکیەتی دێموکرات و هەموو لایەک بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە لەسەر ئەم وەزعە و بەتایبەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە لێدوانی داوە، ئەم لێدوانە زۆریش بە خراب تەفسیری لێکراوە ئێوە ئەساسەن دامەزراندنی ئەو حکوومەتە کاتییە لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی سووریەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن، بە سەرەنجدان بەو حاشییەی کە لە دەوروبەری هەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو واقعییەتەی کە ئەورۆ لە کوردستانی سووریە تێدەپەڕێ واقعییەتێکە کە ئەگەر لە مانگەکانی سەرەتادا بڕێک نادیار بوو، بۆ خەڵک ناڕوون بوو، ئێستا ئیدی بە تەواوی روون بۆتەوە. ئەویش بەو مەعنایەیە کە حکوومەتی سووریە لە واقعدا لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی هەر لە کوردستانی سووریە هەن بەڵام لەوێ فەعال نین دەسەڵاتی ئەوێی سپاردووە بە هێزێکی کوردی کە لەوێدا دەسەڵاتی خۆی بەکار دێنێ، بوونی هەر نەوعە حکوومەت و دەسەڵاتی خۆجێیی بۆ کورد لە کوردستانی سووریە وەکوو هەموو بەشەکانی دیکە دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە. دەبێ هەموو لایەنێک پشتیوانی لێ بکات، بەڵام بە مەرجێک کە ئەوە دەسکەوتی کورد بێ نەک حکوومەتی لایەنێک بێ کە بە زۆری چەک سەپاندبێتی، گەلی کورد زیاتر لە سەد ساڵە خەبات دەکا بۆ ئازادی و رزگاری لە چنگ زۆرداری و دیکتاتۆری و پاوانخوازی. ئەوە بە مەعنای ئەوە نیە کە کورد خەبات دەکا بۆ ئەوەی کە لە پاوانخوازیی تورک و عەرەب و فارس رزگاری بێ، بەڵام پاوانخوازیی کورد قبوڵ بکا، بەتایبەت ئێستا ئەو سەردەمەش نەماوە. بۆیە من پێموابێ کە ئەو حکوومەتی خۆجێیی یا هەر شتێکی ناوی لەسەر بنێن، کاتێک دەتوانین ئەوەڵەن بڵێین حکوومەت یا دەسەڵاتی کوردی سووریە کە کوردی سووریە تێیدا بەشدار بێ و بتوانن هەموو بە ئازادی و بە مافی یەکسان بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە ئێستا ئێمە لەو شوێنە دەیبینین بەپێچەوانەیە، بەشێکی زۆر لەوانەی کە جیابیرن لەلایەن ئەو دەسەڵاتەی کە لەوێ پێکهاتووە لە ژێر زەخت و زۆردان، ئازادیی فەعالییەت و تێکۆشانیان نیە، ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەوانی رێکخراوەکانی کوردی سووریە تیرۆر کراون، ئەوانە بۆ خۆی لە ژێر گوماندان. سەردەمێک ئەو شایعەیان بڵاو کردەوە کە کۆمەڵکوژی کراوە لە لایەن گرووهەکانی ئەلنوسرە و باقی گرووپە رادیکاڵەکان، بەڵام دەرکەوت وانەبووە. بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم ئێستاش ئەوە بە دروست دەزانم کە هەموو کورد لەوێ پێکەوە بتوانن هەر نوعە دەسەڵاتێکی کە بە پێویستی دەزانن دابمەزرێنن. ئێستا فورسەتێکی باشە و هیوادارم ئەوە بە یەکگرتوویی پێک بێت و لایەنێک بە تەنێ نەیهەوێ بە قازانج و بەرژەوەندیی خۆی کە بە بۆچوونی من بەرژەوەندیی خۆشی لانیکەم لە درێژخایەندا لەو شێوە رەفتارەدا نیە بیهەوێ ئەو فورسەتە باشەی کە لەوێ هاتۆتە پێشێ بقۆزێتەوە. لەو پێوەندییەدا من مواققی نەزەراتی بەڕێز کاک مەسعوودم کە لەسەر مەسەلەی کوردستانی سووریەدا رایگەیاندووە چ لە پێوەندی لەگەڵ یارمەتیدانی ئینسانی کە تاکوو ئێستا چ وەکوو کوردی کوردستانی عێراق کردوویانە چ وەکوو حکوومەتی هەرێم کردوویانە و ئێستاش ئەو یارمەتییانە هەروا بەردەوامن و هەروەها ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی کە کراوە بۆ ئەوەی کە کوردەکانی سووریە بە شێوەی یەکدەست و یەکگرتوو بتوانن بڕیار بدەن نەک یەک لایەن بە تاقی تەنێ بۆ خۆی بڕیار بدا و بڕیارەکەی بە سەر لایەنەکانی دیکەدا بسەپێنێ.

**تیشک**: کاک مستەفا دوا پرسیارم بۆ بەرچاوڕوونی بینەرانمان ئەویش باسێکی زۆر هەستیارە کە رەنگە بۆ کۆمەڵگای کوردستانی ئێران بە گرینگی تەعقیبی بکەن. کاک خالیدی عەزیزی لە وتووێژێکدا باسێک دەکات کە گەڵاڵەیەک دراوە بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ئەساسی یەکگرتنەوەیە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا پێمخۆشە رای گشتیی کوردستان زیاتر ئاگادار بکەنەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، ئەوەی کە واقعییەت بێ لە ماوەی ساڵێک لەوەپێش یا بڵێین پێش کۆنگرەی ئەخیری حیزب بڕیارێکی کە لە کۆنگرەدا دراوە ئێمە بە پێی ئەو بڕیارە پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو رەفیقانەمان تازە کردۆتەوە. لە زۆر خاڵدا ئێمە پێکەوە دانیشتن و مەشوەرەتمان هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە مەربووت بە ئێرانن، مەربووت بە کوردستانن و ئەو رەوشە درێژە دەدەین بەڵام سرووشتییە کە ئەوە کۆتایی مەسەلەکە نیە و بڕیارەکە ئەوەیە کە لە نەهایەتدا عادی بوونەوەی ئەو پێوەندییانە بگاتە یەکبوونەوە، پێش ئەو گەڵاڵەیەی کە کاک خالید عەزیزی باسی دەکا، ئێمە گەڵاڵەیەکمان پێشکەش کردوون کە ئەو گەڵاڵەیە لە کاتی خۆیدا وەختێک تەسویب کراوە کە هەمووماں لەسەری موتەفیق بووین بۆ یەکگرتنەوە دوای ئەو جودابوونەوەی کە پێشتر هێنایانە پێشێ ئێمە ئەو گەڵاڵەیەمان پێشکەش کردووە، لەسەر ئەو گەڵاڵەیە قسە بکەین و لەو چوارچێوەیەدا بتوانین رێگاحەل ببینینەوە بۆ یەکبوونەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوان بێ ئەوەی کە جوابێکی ئەو گەڵاڵەیە بدەنەوە یا ئامادە بن موناقشەی لەسەر بکەن، ئەو گەڵاڵەیەیان رەت کردۆتەوە و گەڵاڵەیەکی دیکەی خۆیان داوە، ئەو گەڵاڵەیە بەدەستی ئێمە گەیشتووە، بەڵام جیاوازیی زۆرە لە نێوان ئەو دوو گەڵاڵەیەدا. تەبیعەتەن ئێمەش دەبێ ئەو گەڵاڵەیەی کە ئەوان داویانە موتالعەی بکەین و لە کاتی پێویستدا لە کومیتەی ناوەندیدا بێتە بەرباس، بەڵام بۆ ئێمە موهیمە کە ئێمە وەڵامی ئەو رەفیقانەمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو گەڵاڵەیەی کە پێشتر ئێمە داومانە لەسەری قسە بکرێ و ئەگەر خاڵێکی وای تێدا هەیە کە جێگای موناقشەیە پێمان بڵێن و ئەگەر پێویست بوو دەبێ ئاڵوگۆڕی تێدا پێک بێنین، تەبیعەتەن ئەوانە جێگای موناقشەن، بەڵام ئەوەی کە ئەو گەڵاڵەیە رەت بێتەوە و گەڵاڵەیەکی دیکە بێتە جێگای ئەو بڕێک لە باری سیاسییەوە وردبینیی زیاتری دەوێ، بەڵام بە هەرحاڵ ئێمە دەمانهەوێ هەروا ئەو پرۆسە درێژە بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - رێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٣

---



سەرچاوە
Serchawe

# ساڵی: ٢٠١٤ و ٢٠١٥

---

## دیکتاتۆریی حکوومەتەکان لە ناوەند هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەی کوردانە...



### وتووێژی دویچەوله رادیۆ ئاڵمان

لە سەرەتای ئەو وتووێژە هیجری لە وەڵامی پرسیاری بەڕێوەبردنی راپرسی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەڵێت: لە روانگەی ئێمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کورد و باقی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ناوچەکە لە هەر لایەکدا بن مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان هەیە، لە بارەی ئەوەوە کە خەڵکی کوردی عێراق راپرسی بەڕێوە ببەن و لە راپرسیدا هەڵوێستی خۆیان دەرببڕن، ئێمە پاڵپشتیی هەڵوێستی ئەوان کە ویستی و داخوازیی ئەوانە دەکەین، ئێستا ئەگەر دوای ئەو راپرسییە سەربەخۆیی رادەگەیەنن یان نا؟ ئەمە پرسێکە پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە و ئێمە لەو پێوەندییەدا دەستێوەردان ناکەین.

سکرتێری گشتیی حیزب سەبارەت بە نیگەرانیی ئێرانییەکان لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق و هاندانی کوردەکانی ئێران بۆ ئەوەی کە ئەو هەرێمە بکەنە سەرمەشق بۆ خۆیان وتی:

من پێم وایە هەر هەنگاوێک کە بەرەو دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن نەتەوە ستەم لێکراوەکانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵبگیریەت، ڕێژیمی ئێران نیگەران دەکات، چونکە کۆماری ئیسلامی هیچ بڕوایەکی بەو مافە نییە و وروژاندنی پرسی سەربەخۆیی کوردستان ڕێژیمی ئێران تووشی ترس و وەحشەت کردووە و خۆی بە هەموو لایەکدا دەکوتێ هەتا پێش لەو هەوڵەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بگرێت.

**هیجری وتیشی:** ڕێژیمی ئێران نیگەرانی ئەوەیە کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران کە حەشیمەت و هەرێمەکەشیان لە کوردستانی عێراق زیاترە، هانیان بدات هەوڵ بۆ دروستکردن و ڕەخساندنی وەها دۆخێک لەو هەرێمی خۆیاندا بدەن. هەڵبەت ئەمە کاریگەریی خۆی لەسەر کوردی کوردستانی ئێران و هەموو بەشەکانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە و تەنانەت کاریگەریشی لەسەر نەتەوەکانی دیکەی وەکوو بەلووچ و عەرەب و ئازەری لە ئێراندا هەیە.

**مستەفا هیجری لە وەڵامی پرسیاری کاریگەریی ئەو ڕەوتە کە لە عێراقدا دەستی پێ کردووە، لەسەر کوردەکانی ئێران وتی:**

من پێم وایە تێکڕای حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە تەنیا سەرکوت و پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان بووەتە ئامرازی دەستیان، هۆکاری سەرەکیی هاندانی نەتەوەکان بۆ بەرەو لای جیابوونەوەیانە، سەرەڕای ئەوەی کە پێیان باشە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین بمێیننەوە و هاوتەریب لەگەڵ تێکڕای نەتەوەکان لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا بەشداری بکەن و مافی یەکسانیان هەبێ، هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنێتەوە و لە جیاتیی ئەمانە لە وەڵامدا سەرکوت دەکرێن و بە جیاییخواز و دەست و پێوەندیی ئیسراییل و ئەمریکا و دوژمنانی دیکەی خۆیان تۆمەتبار دەکرێن، کاتێک هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنیتەوە، بە ناچاری بەریانی(گرایش) جیابوونەوە و جیاییخوازی زیاتر دەبێت. ئەمەش کاردانەوەی خەڵکە لەهەمبەر هەوڵەکانی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان. بە پێچەوانەوە لەو وڵاتانەی کە بەپێی یاسای دێموکراتیک مافی تێکڕای نەتەوەکان یەکسانە وەها ویستێک بە دی ناکرێت.

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کاریگەریی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لەسەر کوردستانی ئێران وتی:**

کاریگەرییەکەی ئەوەیە کە ورەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانیش وەکوو ئەوان بەرز دەکاتەوە و ئەو باوەڕە لە نێویاندا دروست دەکا لە سەرەنجام خەڵک دەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بەپێچەوانەی ویستی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و لە ڕاستیدا ئەگەر سەربەخۆیی ڕابگەیەنن دەکرێ سەرمەشقێک بن بۆ کوردەکانی ئێران و کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان.

**هیجری وتیشی:** پێکهاتینی حکوومەتێکی کورد لە دراوسێیی کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەتوانێ پێگەیەکی جوغرافیایی کەلە ئەگەری گوشاردا لە بەشەدا بمیننەوە.

سەبارەت بە پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی وتی: ئێمە ئێستا پێوەندییەکی باشمان هەم لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەم لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی ئەو هەرێمەدا هەیە و لە ئەگەری سەربەخۆیی



سەرچاوە Serchawe

ئێمە هەروا هەوڵ دەدەین پێوەندییەکی دۆستانەمان لەگەڵیان هەبێت و بەرگری لە مافەکانیان کە مافی دیاریکردنی چارەنووسە بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## هەرێمی کوردستان ئێستا بووەتە ناوەندێکی سیاسی ناوچەیی و جیهانی...



### وتووێژی گۆڤاری لڤین ژمارە (٣٧٦)

هیجری: هەتا سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە عێراق، سووریە، فەلستین و لوبنان ڕەچاو بکرێ، ئارامی لە ناوچەدا سەقامگیر نابێ

**گۆڤاری لڤین**: مەسەلەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردی لە باشوری کوردستان و ڕۆژئاوا بۆتە جێگای باس وخواستی هێزەکان، هۆکاری ئەمە چییە؟ ئایا بارودۆخێکی لەبار بۆئەو بابەتە خولقاوە؟

**مستەفا هیجری**: هەلومەرجی سیاسی لە باشوور و خۆرئاوای کوردستان دوو پرسی بە تەواوی لێک جیاوازن و پێویستە هەرکام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییانەوە شرۆڤە بکرێن:

* باشووری کوردستان ساڵانێکی زۆرە کە بە گوێرەی یاسای عێراق حکوومەتێکی ـ نیمچە سەربەخۆی هەیە ـ ئەو حکوومەتە سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای لەو ماوەیەدا ڕۆژبەرۆژ هەنگاوی بەرەوپێش ناوە. هەرچەند ئەو هەنگاوانە زۆر بە لەسەرەخۆیی بووە و تا ئێستاش کێشە و کەموکۆڕیی زۆری تێدا بەدی دەکرێ. لەو ماوەیەدا حکوومەتی هەرێم و حکوومەتە ناوچەیییەکان (پارێزگاکان) لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک بەڕێوەچوون و تا گەیشتووەتە ئێستا کە حکوومەتی بنکەفراوان پێک هاتووە و نوێنەرانی زۆربەی زۆری خەڵک ئەو حکوومەتانە بەڕێوە دەبن، بە کورتی لەو ماوەدا کوردستانی باشوور لە پرۆسەی تاقیکردنەوەیەکی دێموکراسیدا بووە.

* لەو ماوەیەدا کورد هەوڵی زۆری داوە بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا لەژێر چەتری حکوومەتێکی دێموکراتیک کە مافی یەکسانی پێکهاتەکانی عێراق بە کردەوە بپارێزێ و پابەندی یاسا بێ، بەڵام حکوومەتی ناوەندی بە پێچەوانەوە رۆژبەرۆژ تێکۆشاوە بۆ ئەوەی ئەو مافانەی گەلی کورد پێشێل بکا کە تەنانەت لە یاسای بنچینەییدا پەسند کراوە، تا لەم دواییانەدا کار گەیشتە بڕینی بوودجەی کوردستان و سازکردنی گیروگرفتی گەورە بۆ حکوومەتی هەرێم و لە راستیدا بەغدا بە کردەوە کوردستانی لە عێراق جیا کردووەتەوە.

* لە هەمانکاتدا کوردستان نەوتی خۆی هەناردە دەکا بە نەوتی کەرکووکیشەوە، ئەم هەناردە کردنە هەرچەند لە ئێستادا کێشەی زۆری لەسەرە، بەڵام بەو حاڵەشەوە دووره دیمەنی سەربەخۆیی ئابووری ئەو بەشە نیشان دەدا.

* هەرێمی کوردستان ئێستا بووەتە ناوەندێکی سیاسی ناوچەیی و جیهانی، ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کونسوولگەرییەکانی خۆیان لێ دامەزراندووە و بەرپرسە سیاسییە پلەبەرزەکانی ئەو وڵاتانە بەردەوام سەردانی سەرۆک و حکوومەتی هەرێم دەکەن، ئەوانە و زۆر خاڵی دیکە لەسەر یەک شوێندانەر بوونە بۆ ئەوەی مەسەلەی سەربەخۆیی ئەو بەشە بووەتە جێگای باس و خواستی هەموو لایەک.

* کوردستانی خۆرئاواش دەیتوانی زەمینەی ئەرێنی سیاسیی زۆری تێدا پێک بێ، بەڵام بە داخەوە لەوێدا ئەو رەوتە نەچووەتە پێش، ئەو بەشە لە خاکی کوردستان تا ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتێکی تاکرەهەندی دایە، نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان لە بەڕێوەبەری ئەو بەشەدا بەشدار نین و تەنانەت هیچ بەڕێوەبەرێک بە ناوی بەڕێوەبەری کورد و کوردستانی لە ئارادا نییە و بەگشتی هیچ زەمینەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ سەربەخۆیی و تەنانەت لەوە کەمتر بۆ ئۆتۆنۆمیش نەهاتووەتە ئاراوە، بۆیە ئەگەر لەو بەشەدا رەوتی رووداوەکان هەر وەک رابردوو بچێتە پێش، چارەنووسی خەڵکی ئەو بەشە تەم و مژاویی بە دیار دەکەوێ.

**گۆڤاری لڤین**: بەڵام داعش هەرچی بێت بە شێوەیەکی جیدی شەڕی لەگەڵ حکومەتی هەرێم نییە، رووی داعش لە دەوڵەتی شیعەیە؟

**مستەفا هیجری**: داعش شەڕی لەگەڵ هەموو لایەک و هەموو ناوچەیە بە شیعە و سوننە و کوردەوە، بەڵام ئەولەویەتەکەی شەڕی شیعەیە لە عێراق و سووریەدا و ئەگەر بتوانێ بە تەواوی بەسەر حکوومەتی شیعە لە عێراقدا زاڵ بێ شەڕی کوردیش بە شێوەی جیدیتر دەست پێ دەکا.

**گۆڤاری لڤین**: ئەگەر ئێستا کە دەوڵەتی ناوەندی لاوازە و بە شەڕی داعشەوە خەریکە، فرسەتێکی لەبار نییە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەو فرسەتە کەی دەبێ؟

**مستەفا هیجری**: ئێستا فرسەتێکی لەبارە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەگەر بێت:

* لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەموو بە بێ دوودڵی یەکدەنگ بوایەن لەسەر راگەیاندنی سەربەخۆیی و پشتگرتنی، من بەش بەحاڵی خۆم ئەو یەکدەنگییە نابینم.

* خەڵکی کوردستان لە باری سیاسی و سایکۆلۆژییەوە ئامادەیی هەبێ کە کەموکوڕی و کێشە ئابووری و زەختەکانی دوژمنانی سەربەخۆیی کوردستان بۆ کورت ماوە تەحەمولی بکا وەک ئەوەی سالانی نەوەدەکان دوای پاشەکشەی هێزەکانی سەددام حسەین و گەمارۆی ئابووری کوردستان دیتمان، چونکە ناکرێ خەڵک سەربەخۆیی رابگەیەنێ و تووشی هیچ کەموکوڕیش نەبێ.

* بێجگە لەوانە رێگایەکی کراوە بە رووی دنیادا هەبێ.

**گۆڤاری لڤین**: کەس نییە موخالفی دەوڵەتی کوردی بێت، بەڵام کەسیش نییە بە جیددیی و بەڕەسمی کاری بۆ بکات و رایگەیەنێت؟

**مستەفا هیجری**: بە بۆچوونی من رانەگەیاندنی بە رەسمی و بە جیددی دەوڵەتی کوردی دەگەڕێتەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو ئەو نیگەرانییانەی لەو پێوەندییەدا دێنە ئاراوە و رێگرن لەسەر راگەیاندنی سەربەخۆیی، بۆیە زۆر پێویستە هەموو لایەک (بە حکوومەت و خەڵکەوە) تێبکۆشن بۆ رەواندنەوەی ئەو نیگەرانی و کۆسپانە.

**گۆڤاری لڤین**: پرسیارێکی سادە ئەوەیە، راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی کارێکی لە ئیمکان هاتووە یان نا، وە بۆچی؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان ئەگەر کار بکرێ بۆ رەواندنەوەی نیگەرانییەکان ( کە کۆسپو نیگەرانی گەورە نین) بە یەکریزی خەڵک و حکوومەت کارێکی لە ئیمکان هاتووە.

**گۆڤاری لڤین**: تێڕوانینی وڵاتانی ناوچەکە چییە، بە بۆچوونی تۆ، گوایا تورکیاش لەگەڵیەتی، ئێران دژایەتی و عێراق نیگەرانە و سوریە بۆخۆی گیرۆدەیە؟

مستەفا هیجری: وا هەڵکەوتووە هەر کام لە وڵاتانی دراوسێی حکوومەتی هەرێم دەسەڵاتداری بەشێک لە کوردستانی دابەش کراون، بۆ ئەوەی حوکمی دیکتاتۆرانەی خۆیان بەسەر کوردستانی بەشی خۆیان لە دەست نەدەن و وەک بۆ خۆیان دەڵێن وڵاتەکەیان دابەش نەبێ هەموویان دژی سەربەخۆیی باشووری کوردستانن.

**گۆڤاری لڤین**: لە نێوان پارتی و یەکیەتی لە هەرێمی کوردستان دەوترێت جیاوازی راوبۆچوون هەیە سەبارەت بەدەوڵەتی کوردی کە گوایا پارتی حەماسەتی زیاتری هەیە و یەکیەتی دەڵێت کەس لە ئێمە دڵسۆزتر نییە، بۆ ئەو مەسەلەیە؟

**مستەفا هیجری**: جیاوازیی راوبۆچوون لە نێوان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان، لە پێوندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا زۆر گرنگە هیوادارم لەو مەسەلە چارەنووس سازەدا هەر دوولا بە یەکدەنگی تەواو بگەن.

**گۆڤاری لڤین**: هەڵوێستی ئێوە وەکو لایەنی رۆژهەلات چییە لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد بە مافی بێئەملا و ئەولای کورد دەزانێ و ئێمە ٧٠ ساڵە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە لە کوردستانی خۆرهەڵات خەبات دەکەین و قوربانی دەدەین، ئاواتمانە دەوڵەتی کوردی پێک بێ، ئێمە بۆ ئیرادەی یەکگرتووی خوشک و براکانمان لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی رێز دادەنێین و پشتیوانی لێ دەکەین.

**گۆڤاری لڤین**: لەگەڵ ئەم باسە دەوڵەتی ئێسرائیل بەرەسمی رایگەیاند کە پشتیوانی لە دەوڵەتی کورد دەکات\"\" ئەمە چۆن دەخوێندرێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: بە بۆچوونی من دەوڵەتی ئیسراییل لەو راگەیاندنەدا راستگۆیە چونکە، پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی لە باشووردا، دەوڵەتێکی دێموکراتیک دەبێ و یارمەتیدەر دەبێ بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دێموکراتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە بە قازانجی ئیسرائیلە و زۆر هۆی دیکە.

**گۆڤاری لڤین**: سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کەبە گەرمی باسی لێ دەکرێت دەڵێن چی؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر بریاری کۆتایی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدرێ پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا ریفراندۆم بکرێ و بۆچوونی خەڵک لەو پێوەندییەدا وەرگیرێ، چونکە ئەو مەسەلەیە پێوەندیی بە خواستی هەموو تاکەکانی دانیشتووی کوردستانەوە هەیە، بۆیە من پێم وایە ریفراندۆمێک بۆ ئەو مەبەستە کارێکی دێموکراتیک و ئەرکێکی حکوومەتە.

**گۆڤاری لڤین**: خەڵکی دەڵێن حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت ئاو و کەرەبا و بەنزین دابین بکات چۆن دەتوانێت دەوڵەت رابگەیەنێت؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، ئەوە یەکێک لە نیگەرانییەکانە کەلە پرسیارەکانی پێشوودا هێمام پێ کرد، خەڵکێک کە داوای سەربەخۆیی دەکا، پێویستە ئامادەیی هەبێ بۆ نەبوونی بەنزین، کارەبا و زۆر شتی دیکە چونکە هەم سەربەخۆیی و هەم بوونی هەموو شتێک پێکەوە لە ئێستادا نەگونجاون، شەهید دوکتور قاسملوو فەرموویەتی : گەلێک ئازادی بوێ دەبێ ئامادە بێ نرخەکەیشی بدا... من هیوادارم کە دانیشتوانی باشووری کوردستان بەو ئامادەیییەوە داوای سەربەخۆیی بکەن.

**گۆڤاری لڤین**: کۆنگرەیی نەتەوەیی زۆر کەس وەکوو لایەنی گرینگ سەیری دەکەن بۆ ئەم هەلومەرجە، واتا دەتوانێت رۆڵی گەورەی هەبێت لە پشتیوانیی دەوڵەتی کوردی، ئەگەر وایە بۆ زیندووی ناکەنەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: تا کاتێک گیانی خۆبەزلزانی و هێژمونیخوازی لە نێوان لایەنە کوردییەکاندا هەبێ، ناکرێ چاوەڕوانی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی‌یەک بین کەلە خزمەت دۆزی کورد بە گشتی لە هەموو بەشەکانیدا بێ.

**گۆڤاری لڤین**: ئایا چانسی پێکەوەژیان لەگەڵ عێراق نەماوە، بۆیە باس لە ریفراندۆم و دەوڵەت دەکرێ، یان داعش ئەم باسەی هێناوەتە پێشەوە؟

**مستەفا هیجری**: چانسی پێکەوەژیان لەگەڵ عێراقدا ماوەیەکە نەماوە، هاتنە کایەی داعش بەم شێوەیە لە مەیدانی سیاسی عێراقدا یارمەتیدەری ئەو چانسە بووە.

**گۆڤاری لڤین**: سەرلەنوێ عێراق، رووداوگەلێکی نەخوازراوی بەخۆیەوە بینی (پەلامارەکانی داعش) سیناریۆکانی پشتی چین، ئامانجەکانی کامانەن، کێ ئەم یارییە مەترسیدارانە دەجوڵێنێت؟

**مستەفا هیجری**: پەلامارەکانی داعش شتێکی تازە نین لە عێراقدا، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەڵەی بەرنامە سیاسییەکانی حکوومەتی بەغدا کە ئاکامەکەی ناڕەزایەتی خەڵکی عێراقی بە کورد، سوننە و تەنانەت شیعەوە رۆژبەرۆژ زیاتر کرد تا کار گەیشتە ئەو جێگایەی داعش لەم ناڕەزایەتییانە کەڵکی وەرگرت و توانیی پشتیوانیی هێندێک لایەنی سووننە بۆ لای خۆیان رابکێشێ و هێرشەکانی خۆی بەربڵاوتر بکا، هەر وەک چۆن کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو هەڵەکارییانە بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو جومگەکانی حکوومەتی بەغدادا سەپاندووە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە.

**گۆڤاری لڤین**: پەلاماردانی موسڵ لەلایەن داعشەوە چەندە مەترسییە بۆ سەر مالیکی و حکوومەتی عێراق، هێندەش مەترسییە بۆسەر ئێران و بلۆکی پان شیعیزم، کەواتە ئێران و مالیکی لەبەرامبەردا چی دەکەن؟ یان دەبێت چی بکەن؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، پەلامارەکانی داعش و بەهێزبوونی لە عێراقدا مەترسییە بۆ هەموو لایەک، بەڵام سیاسەتی مالیکی کە درێژەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە ناوچەدا و لە عێراقیشدا، لە مێژ ساڵە شکستی تەواوی هێناوە، چونکە ئەو سیاسەتە ( کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە) چارەسەری هەموو گرفتەکان بە ناوخۆی ئێرانیشەوە لە سەرکوت، پیلانگێری، تەفرەقە و هێژمونیخوازی دەزانێ، نەک دۆزینەوەی ڕێگاچارەی دێموکراتیک و ئاشتیخوازانە، لەسەر بنەمای عەداڵەتو یەکسانی. کێشەی فەلستین، لوبنان، سووریە، عێراق و نێوخۆی ئێران نموونەی زیندووی ئەو راستییەن کە ئێستا لەبەرچاوی ئێمە و جیهان دایە، بۆیە من لەو باوەڕە دام تا ئەو کاتەی ئەم سیاسەتە رەچاو بکرێ نابێ چاوەڕوانی ئاشتی، ئارامی و تەبایی لە ناوچەدا بین.

**تێبینی**:



سەرچاوە Serchawe

١ ـ ئەم وتووێژە لە گۆڤاری ڤین لە ژمارە ٢٧٦ لە ڕێکەوتی ١٠ - ٨ - ٢٠١٤ی زایینی لە هەرێمی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

٢ ـ ئەم وتووێژە لە پێش هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بۆسەر هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٤

--------------------------------------------

## ڕێژیمی ئێران شەڕی داعشی بەرەو کوردستان هێنا...



**بڵاڤۆکی نا بۆ ئیعدام، سەر بە کۆمیتەی نێونەتەوەیی دژی ئیعدام**

**نا بۆ ئیعدام**: بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بڵاو بوونەتەوە، داعش لەلایەن ئەمریکاوە بۆ دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزراوە. ڕوانگەی ئێوە لەم پێوەندییەدا چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێت کە ئەمریکا دەیهەوێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە دابەش بکاتەوە، گرووپێکی تاوانباری وەک داعش ناتوانێ ئامرازێک بێت بۆ ئەو مەبەستەی کە بەستێنی ئەم دابەشکردنە بە دڵخوازی ئەمریکا ئامادە بکات، بە تایبەتی کە دوژمنی ئاشتی هەڵنەگری داعش، ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا و شیعەکانن. داعش هەروەک ڕایگەیاندووە و بە کردەوەش هەنگاوی شوێندانەری هەڵگرتووە، لە هەوڵی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی ـ بەپێی پێناسەی خۆیان لە ئیسلام ـ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە و لەم پێوەندییەشدا تا ئێستا توانیویە ناوچەیەکی بەربڵاوی پێکهاتوو لە چەندین پارێزگای سوننەنشینی عێراق بلکێنێت بە هێندێک ناوچەی سووریەوە و هەنووکەش بە مەبەستی بەرفراوانکردنی سنوورەکانی خەلافەتی خۆی لە عێراق و سووریە دەستی داوەتە شەڕ و لە لوبنانیش بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک کردەوەی ئەنجام داوە. ئەم شێوازە لە داگیرکردنی وڵاتان و پێکهێنانی خەلافەتی ئیسلامیی ڕادیکاڵ کە دوژمنی ئەمریکایە، ناتوانێ هاوئاراستەی ئامانجەکانی ئەمریکا بە مەبەستی دووبارە دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت.

**نـا بـۆ نیعـدام**: ئەمریکـا هێرشـە ئاسـمانییەکانی دژ بە داعـش لە عێراقـدا دەسـت پـێ کـردووە. پێکهێنـانی ئەم بـارودۆخە چ بەرژەوەندییەکی بۆ ئەمریکا بە دواوەیە؟ دیوی پشتەوەی ئەم رووداوانە چییە؟

**مستەفا هیجری**: هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا کاریگەرییەکی زۆریان لە رزگارکردنی ئەو دەڤەرانەدا هەبووە کە لە دوای پاشەکشەی پێشمەرگەکانی کوردستان کەوتبووە ژێر دەستی داعش و ئەمە دەتوانێ بۆ ئەمریکا لانیکەم ئەم بەرژەوەندییانەی تێدا بێت:

ـ لە کاتی پاشەکشەی سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراق دوابەدوای رووخانی رێژیمی سەدام حسێن، ئەمریکا پێی خۆشبوو کە ژمارەیەک لە هێزە سەربازییەکانی خۆی لە عێراقدا بهێڵێتەوە، بەڵام حکوومەتی عێراق لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا رێگەی بە ئەمریکاییەکان نەدا، بەڵام ئێستا حکوومەتی عێراق لە رووی پێویستییەوە ئەم ئامادەبوونەی بە شێوەیەک قبووڵ کردووە.

ـ داعش هەوڵی دا هەڕەشە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی شێوازی بەڕێوەبردنی حکوومەت و پەرەسەندنی ئازادییەوە خەریکە بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە حکوومەتێکی دێموکراتیک کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ رۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا هاوئاراستەیە، بەم پێیە ئەمریکا بەم یارمەتییە سەربازییانە یەکێک لەحکوومەتەکانی دۆستی خۆی لە مەترسیی رووخان رزگار کردووە.

- ئەمریکا لە ناوچەی خودموختاری کوردستان خاوەنی کونسوولخانە و ناوەندەکانی بازرگانی و... بوو کە بە ئەنجامدانی ئەو کردەوانە، ئەوانەی لە مەترسیی داعش رزگار کرد و بە بۆچوونی من گرینگتر لەوانە ئەوەیە کە بۆ جارێکی دیکە هێز و توانای سیاسی و سەربازیی خۆی لە پاراستنی دۆستانی و رۆڵی شوێندانەری خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە کردەوە سەلماند.

**نا بۆ نیعدام**: لە روانگەی ئێوەوە ئەمە دووپاتبوونەوەی مێژوو نیە؟ هەر ئەوەی کە ساڵی ٥٧ لە خەڵکی ئێران قەوما، سێ دەیە پێشتر داعشیان بە سەر ئێراندا زاڵ کرد و ئەمڕۆ دەیانهەوێ هەمان سیناریۆ لە سووریە و عێراق دووبارە بکەنەوە؟

**مستەفا هیجری**: بە بۆچوونی من کاتی ئەوە هاتووە کە ئێرانییەکان خۆیان لە دەستی وەهمی پیلان کە دەیان ساڵە بۆتە بەشێک لە فەرهەنگی ئەم خەڵکە، رزگار بکەن و هەر دیاردە و رووداوێکی نەخوازراو نەخەنە ئەستۆی ئەمریکا و...، تەنیا بۆ ئەوەی کە بسەلمێنن خۆیان هیچ هەڵەیەکیان نەکردووە و بەم شێوەیە بە تێگەیشتوویی و بیرمەندیی خۆیانەوە شانازی بکەن. ئەگەر پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ داعشێک بە سەر ئێراندا زاڵ بوو، ئەوە خودی ئێرانییەکان بوون کە هەموو بەستێنە هزری و سەربازییەکانیان بۆی ئامادە کرد، ئێرانییەکان بوون کە وێنەی خومەینیان لە مانگدا دەدیتەوە و لە ئاکامدا هەنووکە نزیک بە ٣٦ ساڵە کە باجی ئەم هەڵەیە دەدەن و هێشتا روون نیە کە تا چ ساتێک دەبێ ئەم باجە بدەن و پاش تێپەڕینی سێ دەیەش هێشتا رووناکبیران و سیاسەتمەدارانی ناڕازی لەم رێژیمە بە هیچ کوێیەک نەگەیشتوون و هەر کامەیان بۆ لۆمەکردنی ئەم رێژیمە قارەمانێکن، بەڵام بە کردەوە نەیانتوانیوە هیچ رێکخستنێک پێک بهێنن.



سەرچاوە Serchawe

سەیری عێراق بکەن، دوابەدوای رووخانی سەدام، خەڵکی کورد توانیان سەرەڕای هەموو لەمپەرەکانی سەر رێگەیان، لە نێو وڵاتێکی خاپووورکراودا دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی خۆجێیی دابمەزرێنن و بچنە نێو پرۆسەی دێموکراسییەوە و لە عێراقێکدا کە بۆتە دۆزەخی خەڵکەکەی، نان و کار و ئازادی دابین بکەن، لە کاتێکدا کە ناوچەکانی دیکەی عێراق لە نێو ئاگری بیرتەسکی و نەزانکاری و دەمارگرژیی تائیفی و ئایینیدا دەسووتێن، لە ئەنجامدا داعشەکانی ئێران و عێراق بەستێنێکی لەباریان بۆ گەشە و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان بۆ دەرەخسێت. بەم پێیە باشتر وایە کە بە خۆماندا بچینەوە و بزانین کە ئەوەی هەمانە، بە باش و خراپەوە، بەرهەمی هزر و تێگەیشتنی خۆمانە نەک کەسانی دیکە.

**نا بۆ ئیعدام**: دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە عێراق و سووریە چۆنن و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم بارودۆخە چییە؟

**مستەفا هیجری**: لە ریزی ئاڵوگۆڕەکانی عێراقدا دەتوانین ئاماژە بە بابەتی داعش بکەین کە ئەگەرچی هێزەکانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بە لە خۆبردوویی ڕۆژانەوە ئەم بەڵایە لە وڵاتی خۆیان دوور دەخەنەوە، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا بەرگرییەکی ئەوتۆ لە بەرانبەر خۆیاندا نابینن، هەربۆیە خەریکە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەرفراوانتر دەکەن، لە سوپای عێراقدا هەستی نیشتمانپەروەری بۆ بەرگری لە نیشتمان، گەیشتۆتە کەمترین ئاستی خۆی و پێرسۆنێلی سوپا هەر کامەیان سەر بە گرووپێک، ئایینزایەک و خێڵێکن و خاوەنی نەزمی سوپایەکی یەکگرتوو و تەکووزمەند نین، هەربۆیە لەو باوەڕەدام کە ئاژاوەی داعش بەم زووانە لە عێراقدا کۆتایی نایەت، هەر چەند کە ئێستا هەمووان چاویان بڕیوەتە حکوومەتی داهاتوو کە بڕیارە بەڕێز عیبادی، سەرۆک وەزیرانی نوێ پێکی بهێنێت کە چۆنیەتییەکەی ناڕوونە و هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نیە کە لەم ئیمامزادەیەش موعجیزەیەک ڕوو بدات، بە تایبەتی لە بیرمان نەچێت کە دەستڕۆیشتوویی یەکلاییکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراقدا گەورەترین کۆسپی سەر رێگای سەقامگیری و جێگیربوون و هێمنی لەم وڵاتەدایە، چوونکە بەرژەوندییەکانی ئەم رێژیمە لە رێگەی نانەوەی شەڕی نێوخۆیی و نائەمنی و دووبەرەکییەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی وڵاتانی دراوسێدا دابین دەبێت و ئەگەر رۆژێک لە عێراقدا یەکگرتوویی و هێمنی پێک بێت، کۆماری ئیسلامی دەبێ لەو وڵاتە بچێتە دەرەوە. لە سووریەش کە بارودۆخەکە نالەبارترە و هەنووکە داعش لە پێشڕەویدایە.

**نا بۆ ئیعدام**: دوابەدوای هێرشی داعش بۆ عێراق و داگیرکرانی مووسڵ و هەروەها پاشەکشەی سوپای عێراق لە شاری مووسڵ و کەرکووک، پێشمەرگەکانی کوردستان توانیان کەرکووک بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و سنوورەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. ئەم پێشهاتانە بوون بە هۆی ئەوەی کە باسی سەربەخۆیی کوردستان لە نێو هێزەکانی مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا بێتە ئاراوە. تا چ رادەیەک هەلومەرج بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەبارە؟ خەڵک چ ئاڵترناتیڤێکیان بۆ ژیانی باشتر هەیە؟ هەڵوێستی ئێوە لەم پێوەندییەدا چیە؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: نزیک بە بیست ساڵ لە پێکهێنانی هەرێمی کوردستان تێپەڕ دەبێت، ئەم حکوومەتە بەردەوام هەوڵی داوە بە سەرنجدان بە یاسای بنەڕەتیی وڵات، کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، بەڵام لە تەواوی ئەم ماوەیەدا حکوومەتی بەغدا لە هەوڵی کارشکێنی، نانەوەی ئاستەنگ و بەربەست بۆ ئەم حکوومەتەدا بووە. لە دوایین هەوڵی لەم چەشنەدا، بوودجەی یاسایی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە سەرەتای ساڵی زایینیەوە بڕیوە و بەم شێوەیە کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زۆری بۆ کوردستان پێک هێناوە.

ئەوەندەی من ئاگادار بم، هەنووکەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر مافە یاساییەکانی ڕەچاو بکرێن و دەوڵەتی بەغدا سیاسەتی دوورکەوتنەوە بەرانبەر بە کوردستان بەڕێوە نەبات، وەک چۆن لەگەڵ عەرەبە سوننەکان هەڵسوکەوتی کردووە، ئەوان بە دوای مانەوە لە چوارچێوەی عێراق و هاوکاری لەگەڵ بەغدادان. ئەگەر کوردەکان خوازیاری سەربەخۆیین، ئەوە ڕێگایەکە کە بەغدا لە ماوەی دوو دەیەدا خستوویەتییە بەردەمیان. هەربۆیە من پێم وایە ئەگەر وا بڕواتە پێش، کوردەکان پێداگریی زیاتر لەسەر سەربەخۆیی خۆیان دەکەنەوە، ئەوەی کە ئەم داخوازە چۆن دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، باسێکی تێر و تەسەل هەڵ دەگرێت.

**نا بۆ ئیعدام**: دوابەدوای داگیرکرانی مووسڵ لە لایەن داعشەوە بەرەی شەڕ روو لە بەغدا بوو، بەڵام هەروەک ئاگادارن داعش بەرەی خۆی گۆڕی و هێرشەکانی بەرەو کوردستان دەست پێ کرد و زۆرترین هێرشی بۆ سەر شەنگال و مەخموور کرد و کوشتوبڕێکی بێبەزەییانەی لەو دەڤەرانە بەڕێوە برد. هۆکاری ئەم گۆڕینی هەڵوێستە چی بوو؟

**مستەفا هیجری**: گۆڕینی هەڵوێستی داعش و گۆڕینی ڕێڕەوی هێرشەکانی بەرەو کوردستان کێشەی زۆری بۆ حکوومەتی هەرێم و هەموو خەڵکی کوردستان نایەوە، بەڵام لە بەرانبەردا کوردەکان توانیان لەو بارودۆخەی کە هاتبووە پێش، کەڵکی باش وەربگرن. لە لایەکەوە سەرنج و پاڵپشتیی جیهان بە تایبەتی ڕۆژئاوایان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و لەم پێوەندییەدا توانیان چەکوچۆڵێکی پێشکەوتووی زۆر وەربگرن و بابەتی کورد و خۆڕاگرییەکەی لە بەرانبەر داعشدا بکەنە مانشێتی هەواڵەکانی جیهان، لەلایەکی دیکەوە یەکگرتوویەکی بێوێنە لە نێو نەتەوەی کورد لە سەرانسەری جیهان و لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا پێک هات، بە جۆرێک کە هێزە چەکدارەکانی کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بە حەز و تامەزرۆییەکی زۆرەوە شانبەشانی پێشمەرگەکانی کوردستانی عێراق لە بەرەکانی شەڕ دژ بە داعشدا بەشدارییان کرد.

بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ هێرشەکانی داعش بۆ کوردستان بە بۆچوونی من، کۆماری ئیسلامی ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا، چوونکە کۆماری ئیسلامی بەپێی زانیارییە باوەڕپێکراوەکان، سەدان کەس لە دەستوپێوەندییەکانی خۆی لە نێو هێزەکانی داعشدا جێگیر کردووە. ئەم دەستوپێوەندییانە لە گۆڕینی ڕێڕەوی هێرشی داعشدا بەرەو کوردستان شوێندانەر بوون، ئامانجی ڕێژیم لەم کارە تەمێکردنی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم بە تایبەتی بارزانی بوو کە وەکوو سەرۆکی هەرێم زیاتر لە هەموو کەسێک پرسی سەربەخۆیی کوردستانی دەهێنایە گۆڕێ و بەرجەستەی دەکردەوە و لەلایەکی دیکەوە ئەو پێوەندییە باشەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیە و ڕۆژئاوا پێکی هێناوە، هیچکامیان لە ڕاستای دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێراندا نین، بە تایبەتی ئەم ڕێژیمە لە سەربەخۆیی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانی عێراق زۆر تۆقیبوو و هەمووومان دەزانین کە دەسەڵاتدارانی رێژیمی ئێران هەر کامەیان بە جۆرێک دژایەتیی خۆیان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان راگەیاندووە و یەکێک لە جێگرەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند کە ئەگەر هەرێمی کوردستان درێژە بەو رەوتە بدات، پەشیمان دەبێتەوە کە ئەوە بۆ خۆی هەڕەشەیەکی ئاشکرا بوو.

**نا بۆ ئیعدام**: لە کوردستانی سووریە داعش هێرشێکی بەربڵاوی دەست پێ کردووە و لە شاری کووبانی زۆرترین تێکهەڵچوون لە نێوان داعش و خەڵکدا هەبووە. هاوکات، ئەو تێکهەڵچوونە لە شنگالیش هەبووە و خەڵکێکی زۆر لەو دەڤەرانە لە سێدارە دراون یان لە کاتی هەڵاتندا بە هۆی برسێتی و تینوێتی گیانیان لە دەست داوە. چ پێوەندییەک لە نێوان هێرشی داعش بۆ سەر شنگال و کووبانی هەبووە و بە باوەڕی ئێوە ئایا ئەم بابەتە سیناریۆیەکی لە پشتە؟

**مستەفا هیجری**: بۆ داعش گرینگ ئەوەیە کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی پێکەوە بلکێنێت و بەم شێوەیە سنوورە هەنووکەییەکان پووچەڵ بکاتەوە تاکوو بەم شێوەیە لە رەوتی هاتوچۆ و گواستنەوەی هێزەکانی خۆیاندا بتوانن بەبێ هیچ کۆسپ و بەربەستێک چالاکی بکەن، داگیرکردنی مووسڵ لە عێراق ئەو ئامانجەی داعشی دەستەبەر کرد. شەڕی داعش لە کووبانی لە خاکی کوردستانی سووریە و شەنگال بەشێک لەم ئیستراتژییە سەربازییە و لە پێناوی بەرینترکردنی رێگاکانی پێوەندی لەگەڵ کوردستانی سووریەدایە. بەشێکی دیکەی پرسی هێرش بۆ سەر شنگال و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی عێراق وەک ئاماژەمان پێ کرد، دەبێ لە ڕاستای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا ببینین.

**نا بۆ ئیعدام**: هەروەک ئاگادارن، هێزە ئیسلامییەکانی ناسراو بە داعش، ژنانی ئێزەدی و مەسیحییان وەکوو دەستکەوتی شەڕ لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ فرۆشتن. هەڵوێستی ئێوە لەم پێوەندییەدا چییە؟

**مستەفا هیجری**: شێوازی هەڵسوکەوتی درندانەی هێزەکانی داعش لەگەڵ ناموسڵمانەکان، بە تایبەتی ژنان و منداڵان لە ڕوانگەی ئێمەوە مەحکوومە و ئێمە لەم پێوەندییەدا بە دەرکردنی بەیاننامەی فەرمیی دەفتەری سیاسیی حیزب شەرمەزارمان کردووە.

**نا بۆ ئیعدام**: بۆ رزگاربوون لە دەستی هێزە ئیسلامییەکان و بە تایبەتی داعش، خەڵک دەبێ چ بکەن؟ گەلۆ ئەم لایەنانە بە هۆی هێرش و پێکدادانە سەربازییەکانەوە لە نێو دەچن یان دەبێ کردەوەی دیکە ئەنجام بدرێت؟

**مستەفا هیجری**: هێرشە سەربازییەکان دژ بە هێزەکانی داعش و لاوازکردنیان لەم رێگەیەوە پێویستە، بەڵام بەس نیە، بەڵکوو دەبێ لە تەنیشت ئەم هێرشانەدا دەسەڵاتە خەڵکتەوەر و دێموکراتیکەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێک بهێنرێن تاکوو هێزی داعش و هەر هێزێکی دژی گەلیی دیکە نەتوانێ لە کەشی خولقاو بە هۆی ناڕازیبوونی خەڵک و سەرکوتیان لە لایەن دەسەڵاتە سەرەڕۆکانەوە کەڵکاژۆ وەربگرێت، وەک چۆن لە سەرەتادا خەڵکی سوننە مەزهەبی عێراق پێشوازییان لە هاتنی هێزەکانی داعش دەکرد بە هیوای ئەوەی کە لە ستەمی حکوومەتی دیکتاتۆریی مالکی کە سوننەکانی پەراوێز خستبوو، رزگاریان بێت. بە کردەوەش دەبینین کە داعش و



سەرچاوە
Serchawe

تاقمە تیرۆریستی و دژی گەلییەکانی دیکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو شوێنانەدا کە سەقامگیری و هێمنی و ئازادی نیە، دەسەڵات پەیدا دەکەن.

خەڵک ئەگەر ئازاد بن و لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتەکەیاندا بەشدار بکرێن تاکوو وڵات ببێتە موڵکی هەموو تاکەکانی خەڵک و خەڵکیش خۆیان بە خاوەنی وڵات بزانن نەک هەر بەستێنێک بۆ داعشەکان پێک نایەت، بەڵکوو تەواوی خەڵک لە وڵات وەک ماڵی خۆیان بەرگری دەکەن.

**نا بۆ ئیعدام**: ئەرکی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بەرانبەر دۆخێکدا کە لە عێراق و سووریە هاتۆتە پێش، دەبێ چ بێت و لەم پێوەندییەدا چ بکات؟

**مستەفا هیجری**: ئەرکی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە تایبەتی ڕۆژئاوا بە باوەڕی من ئەوەیە کە لە ئەگەری ناسەقامگیریدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ناوەندی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە تاقمانەن، هەتا زووترە یارمەتیی هێزە دێموکراتەکان بدەن تاکوو پێش بەهێزبوونی ئەم تاقمانە بتوانن لە نێویان ببەن. ئەگەر لە سووریە ڕۆژئاوا لە کاتی خۆیدا کردەوەی خۆی نواندبا، نە بەشار ئەسەد دەیتوانی بە تاقی تەنیا ئەسپی خۆی لە گۆڕەپانەکەدا تاو بدات و درێژە بە کوشتو بڕ و کاولکاری بدات و نە هێزەکانی وەک داعش، کۆماری ئیسلامی و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە دەیانتوانی لەم وڵاتەدا بەهێز ببن و بمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## سەبارەت بە دۆخی هەنووکەیی کوردستان...




**حەفتەنامەی باس**

**باس**: تێڕوانینی ئێوە لەسەر ئەو بارودۆخەی کە هەیە لە ناوچەکە پێتان وایە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان بێت؟

**مستەفا هیجری**: دەکرێ بە چەند شێوەیەک لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە بەشێکیان بە ئەرێنی و جێگەی هیوایە بەتایبەتی ئەوە کە دەرکەوت کاتێک داعش هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەڵکی باشی لێ وەرگرت بە وەرگرتنی پشتیوانیی سیاسی و نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی، کورد بووەوە بابەتێکی جیهانی و ڕۆژڤ و ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی ئەورووپایی و ڕۆژئاوایی یەکگرتووبوون لە بەرامبەر بە هاوکاریکردنی باشووری کوردستان، لەلایەکی دیکەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەرگرتنی چەکی پێشکەوتوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی ئەرێنی ئەوەیە کە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان تەبایی نییە، هەموو لایەکیش دەزانین کە لە دۆخێکی وەهادا یەکگرتوویی نەبێت هەرێمی کوردستان ناتوانێ لە بەرانبەر بەو تەحەدا گەورەیەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بەرگە بگرێت، لە بەر ئەوە یەکگرتوویی بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر نەکراوە، لە باری سیاسییەوە لەگەڵ ئێران هەماهەنگی نییە، ئێران پێی وایە، بوونی ئەو حکوومەتە کوردیە لە بەرژەوەندیی ئەودا نییە، هەوڵدەدات کێشەی بۆ دروست بکات، لێرەشدا کەڵک لە نەبوونی یەکگوتاری ناوخۆیی وەردەگرێت.



سەرچاوە
Serchawe

**باس**: مەبەستت یەکگوتاری حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستانە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ یەکگرتوویی و یەکگوتاری حیزبەکان دواجار یەکگرتوویی جەماوەری و ڕای گشتیی ناوخۆیی لێ دەکەوێتەوە و ئەوەش کاریگەری ئەرێنییەکە زیاتر دەکات، بەڵام بەداخەوە تا دێت حیزبەکانی باشووری کوردستان لە بری نزیکبوونەوە لە یەکتری، دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری زیاتر دەبێ، ئەوەش لایەنێکی نەرێنیی گرنگە کە ناحەزانی کورد دەتوانن کەڵکی زۆری لێ وەربگرن.

**باس**: ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەبینرێ دابەشبوونی حیزبەکانە بەسەر میحوەربەندیە جیهانییەکان، پارتی و گۆڕان روو لە رۆژئاوا و یەکیەتیی رووی لە ئێرانە، ئایا تا چەند میحوەربەندیی جیهانی، کاریگەری لەسەر پارتەکانی رۆژهەڵاتیش هەبووە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی تا ئێستا دەبینرێ حیزبەکانی رۆژهەڵات دابەشی سەر دوو بەرە نەبوون، بەرنامە و پێڕەوەکانیان زیاتر نەتەوەییە، رەنگە لە چۆنیەتیی گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان جیاوازی هەبێت، هەبێت داوای سەربەخۆیی هەیە فیدراڵیزمی دەوێت، بەڵام هەموویان روو لەو میحوەرە نەتەوەییەن، رەنگە لە ساڵانی رابردوودا ئینشیقاق هەبووبێت ئەوەی لە کۆمەڵەو دێموکرات رووی دا، بەڵام ئێستا بەهۆی دۆخە هەستیارەکە هەموو لایەک لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش و پرسی نەتەوەیی یەکرێزی و تەبایی دەبینرێ.

**باس**: تاچەند لەم قۆناغەی کە وتوتان هەستیارە، پرۆژەی ئەرێنیتان هەیە، یان بە دیوێکی دیکە سەرکردایەتی کورد لە باشوور راوێژی پێ کردون بۆ ئەوەی دۆخەکە لە قازانجی کورد بە گشتی بکەوێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: لە راستیدا سەرکردایەتی باشوور هیچ مەشورەتێکیان بە ئێمە نەکردووە، بەڵام ئێمە لە پێوەندیەکانمان لەگەڵ حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستان پێوەندیی دۆستانەمان هەیە بەتایبەتی لەگەڵ پارتی و گۆڕان و یەکیەتیی، لە هەرشوێنێکیش لەگەڵیان دانیشتبین قسەمان کردووە و هەوڵمان داوە لە یەکتریان نزیک بکەینەوە.

**باس**: دەستپێشخەریتان هەبووە؟

**مستەفا هیجری**: دەستپێشخەری نا، بەڵام قسەی جیدی و پێویستمان کردووە.

**باس**: ئەی سەبارەت بە قەبارەی بەشداریتان لەم شەڕەی داعش، باس لەوە کرا کە پێشمەرگەکانی ئێوە لەبەرەی شەڕن و دواتریش گوترا کە بە داوای لایەنێکی دیاریکراوی سیاسیی کوردستان کشابنەوە، دەکرێت بزانین ئەوە چۆن بووە؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: ئێمە هەمیشە هەڵوێستمان روون بووە و بە حکوومەتی هەرێممان وتووە ئەگەر پێویستتان بە هاوکاریی ئێمە بێت ئەوە لە هەر دۆخێکی شەڕدا ئامادەین، بەڵام بە مەرجێک ئێوە رازی بن، چونکە هەمیشە ویستوومانە هێزێکی یارمەتیدەربین لە باشووری کوردستان نە وەکوو تەداخولگەر، ئەوەبوو لە کاتی شەڕەکانی داعش داوامان لێ کرا ئێمەش هێزەکانمان نارده بەرەی شەڕ، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت داوای کشانەوەیان لێکردین.

**باس**: کێ داوای کرد؟

**مستەفا هیجری**: ئەو لایەنەی کە داوای کردبوو هێزەکانمان رەوانە بکەین هەر ئەو لایەنەش داوای کرد کە هێزەکانمان بگێڕینەوە، بەشێوەی ڕەسمی ئاگەدارنین بۆ ئەو کارە کرا، بەڵام بەشێوەی ناڕەسمی وێدەچێ لەسەر داوای ئێران بووە کە ئێمە بکشێینەوە.

**باس**: بۆچی ناڵێن ئەو لایەنە کێ بووە؟

**مستەفا هیجری**: چوونکە پێویست ناکات ئەو لایەنە لە حکوومەتی هەرێمە و ئێمەش هەر دوو داواکەمان لێی قبووڵ کردووە، هەر وەکوو وتمان کە دەمانەوێ هێزێکی یارمەتیدەربین لە ناوچەکە نەوەکو تەداخول بکەین، لەو چوارچێوەیەدا ئەوەشمان بە ئاسایی زانیوە.

**باس**: پێشمەرگەکانی ئێوە چوونە چ بەرەیەک، لە بەرەی جەلەولابوون یان لە مەخموور؟ لە جەلەولا پاسداری ئێرانیان بینی؟

**مستەفا هیجری**: پێشمەرگەکانمان لە میحوەری مەخموور و گوێر بوون، بەڵام هێزی ئێران زۆرە لە بەرەکانی شەڕ کە بە ئامانج و هەدەفی خۆی هاتووە، جگە لە پسپۆڕانی تایبەت کە یارمەتیی سوپای عێراق دەدەن، هێزی شەڕکەریشیان هەیە لە ناوچەکە.

**باس**: ئەی خوێندنەوەتان بۆ هێزەکانی YPG چۆنە لە باشووری کوردستان، لەکاتێکدا کۆبانێ و رۆژئاوا لەو دۆخەدایە؟

**مستەفا هیجری**: حزووری ئەوان ئەگەر لە باشووری کوردستان لەسەر داوای حکوومەتی باشووری کوردستان بوو بێت ئەوە ئەرکێکی نیشتمانیان جێبەجێ کردووە، بەڵام ئەگەر بۆ خۆیان هاتبن ئەوە ئێمە پێمان باش نییە و بە دروستی نازانین، بە تەداخولکردنی دەزانین، چوونکە ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین هیچ هێزێکی پارچەیەکی کوردستان بە بێ داواکردن تەداخولی ئەوەی دیکە بکات و ناکۆکیی سیاسی لێ بکەوێتەوە.

**باس**: ئێستا باس لەوە دەکرێت کە داعش بەهەموو دیوە خراپەکانیەوە، بەڵام دوا بزماری لە تابووتی ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆ داوە، کە ئەوەش بە قازانجی گەلی کوردوە، ئێوە پێتان وایە دەبێت کورد هەر بەوشێوەی ئێستا کە شەڕ لەگەڵ داعش دەکات بەردەوام بێت یان ڕێگەی دیکەش هەیە؟

**مستەفا هیجری**: بە گشتی لەو باوەڕەدا نیم کە کورد هەر شەڕ بکات.

**باس**: واتە ئێوە دانوستان لەگەڵ داعش بە ئاسایی دەزانن؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ بەستراوەتەوە بەوەی دانوستانەکە تیایدا چی تەعقیب دەکرێت، ئەگەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ داعش وتووێژ بکات تاکوو شەڕەکە لە خۆی دووربخاتەوە بۆ خراپە؟، لە هەموو گفتووگۆیەکدا گرنگ ئەوەیە کە تۆ چ سیاسەتێک تەعقیب دەکەی، ئامانج گرنگە لە دانوستاندا.

**باس**: ئەگەر بڕۆینە باسێکی دیکە و ڕەنگە بشگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتەی پێشوومان، تاچەند نەخۆش کەوتنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەو وڵاتە دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: پێم وانیە نەخۆشکەوتنەکەی تەئسیری هەبێت، هێندەی ئاگەدار بین چارەسەر کراوە، هەر چۆن خومەینی مرد خامنەییش دەمرێ، ئەوەی لەو حکوومەتەدا هەیە سیستمەکە بەهاتن و ڕۆشتنی سەرکردەیەک گۆڕانکاری بەرەو دێموکراسی و ئازادییەکان نایەتە کایەوە، چونکە ئەو سیستمە دژ بە بەهاو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە، کەوا بێت هەڵەیە ئەگەر پێم وابێت بە مردنی خامنەیی گۆڕانکاری لێ بکەوێتەوە، ڕەنگە کەسەکان تا سنوورێک کاریگەرییان هەبێت کە دەگۆڕێن بەڵام بەوشێوەیە نابێت کە سیستەم بگۆڕێ.

**باس**: ئەی بۆ لە تورکیا ئەردۆغان زۆر شتی گۆڕیوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی لە تورکیا هەیە دێموکراسیەتێکە ئەگەرچی تێبینی و لاوازی هەیە، بەڵام مادام هەیە ڕێگە هەیە بۆ گۆڕانگارییەکان، بەڵام کە سیستەمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی کە هیچ بنەمایەکی دێموکراسی نییە، کەسەکان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە.

**باس**: کەوا بێت هەر ئەوە هۆکاری ئەوەیە کە ئێوە ئامادەی دانوستان نین لەگەڵ ئەو سیستەمە؟ ئایا هیچ دەستپێشخەری هەبووە لە لای ئێوە، یان ئەوان؟

**مستەفا هیجری**: سەردەمێک لە دوای تەواوبوونی شەڕی عێراق و ئێران، کۆماری ئیسلامیی ئێران داوای دانوستانی لێکردین بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئاشتی چارەسەری کێشەی کورد بکرێت، ئەوە بوو دوکتور قاسملوو لەگەڵ وەفدێکی ئێرانی لە ڤییەنا دانیشت و تیرۆر کرا، لە بەر ئەوە ئێمە هیچ دەستپێشخەریەکمان بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەو سیستەمە نەکردووە، چونکە لەو باوەڕەداین کە لەو کۆمارەدا مافی کورد جێبەجێ ناکرێت و ئازادی و دێموکراسی دەستەبەر نابێت.

**باس**: ئەی کەوا بێت ئێوە چاوەڕێی چین ؟ لە کاتێکدا دۆخی شەڕیشتان نییە

**مستەفا هیجری**: ئەگەر بە قووڵی بڕۆینە ناو خەباتی گەلی کورد لە مێژوودا تاکوو ئێستا، کورد لە مێژوودا قەت نەیتوانیوە حکوومەتی ناوەندی بگۆڕێت، بەڵکوو ئامادەکاری کردووە بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەت، هەر وەکوو ئەوەی کە پارتی و یەکیەتیی دوای خەباتێکی زۆر بەڵام توانیان لە دەرفەتی دوای رووخانی سەدام کەڵک وەرگرن و دواتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێک بهێنن.

**باس**: کەوا بێت بۆ دەرفەت ئامادەکاریتان کردووە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، چاوەڕوانی دەرفەتین و ئامادەکاریی تەواومان کردووە و لە بواری پێشمەرگایەتیدا کاری تەواومان کردووە.

**باس**: پێشتر باستان لەوە کرد کە لە ناو حیزبەکانی رۆژهەڵاتدا تا سنوورێکی باش یەکگوتاری بوونی هەیە، بەتایبەتیش لەسەر پرسە نەتەوەییەکە، لەو چوارچێوەیەدا تاچەند پژاک لە ناو ئەو بەرە یەکگرتووە دایە؟

**مستەفا هیجری**: پژاک حیزبێکی سەربەخۆ نییە و بەشێکە لە p.k.k، حیزبێکی کوردستانی باشووریش نییە، بەڵکوو حیزبێکی شوێنێکی دیکەی کوردستانە، لەو دانیشتن و هاوبەشیانەی حیزبەکانی رۆژهەڵات شوێنێک بۆ پەژاک نییە.

**باس**: واتە بوونی پژاک لە بەرژەوەندیی رۆژهەڵات نییە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە پێمان وایە هەر حیزبێک لە چوارچێوەی ئەو بەشەدا کە پێکهاتووە دەتوانێ قازانج بگەیەنێ، ئێمە وەکوو حیزبێکی رۆژهەڵات نابێت پێمان وابێت لە حیزبەکانی باشووری کوردستان یان هەر پارچەیەکی کوردستان دڵسۆزترین، کەوا بێت دەبێت ئیجازە بدەین خەڵکی ئەو شوێنانە خۆیان بڕیاربدەن، ئەگەر داوای یارمەتییان کرد، ئەوە دەبێت ئێمە هاوکاریان بین نە وەکوو تەداخولی کاروباری سیاسییان بکەین، هاوکاری و یارمەتی بە ئەرکی سەرشانمان دەزانین.

**باس**: ئەی سەبارەت بە ئێران بۆچی هێندە رژدە لەسەر ئەوەی کە دەیەوێ داعش لە خۆی دوور بخاتەوە، لە بەر ئەوە نایەوێ ئەو دەرفەتە بدات کە ئێوە چاوەڕوانی دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئێران نایەوێ داعش لە ناو بچێت بەڵام دەشیهەوێ رایبگرێت، دەیەوێ داعش هەبێت کە هەرکاتێک پێویست بوو سوودیان لێ وەربگرێت، چونکە داعش سەربەخۆ نییە و ئەجێندای ئێران و عێراق و لەوانەشە تورکیاشی تیا بێت، هەمیشە ئێران دەیەوێ کێشە و شەڕ لە ناوچەکەدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێ داعش سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت، لەو چوارچێوەیەشدا رێگری لە دەرفەتەکانی کورد دەکات و بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیاو سیستەمەکەی دەپارێزێ.

**باس**: باستان لەوە کرد کە هەمیشە ئێران دەیەوێ شەڕ لە ناوچەکەدا هەبێت، پێتان وایە ئێران دەستی هەبوو بێت لە دروستکردنی داعشیش؟

**مستەفا هیجری**: لەو باوەڕەدا نیم کە ئێران داعشی دروست کردبێت، بەڵام زۆر زیرەکانە دەستی خستووەتە ناو داعش لە رێگەی عەوامیلێک لە عێراق و سووریا کە دەتوانێ کاریگەری هەبێت لەسەر ئاراستەکانی شەڕی داعش، بۆ نمونە کاتێک داعش دوای ئەوەی مووسڵی بە دەستەوە گرت، لە رووی ئەو هەموو ئیمکانیاتە کە بەدەستی هێنابوو بڕوات بۆ بەغدا، بەڵام یەک دەفعە بەرەو کوردستان هات، چونکە ئەوانە عوامیلی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەتیان پێداوە، کە دەیەوێ هەرێمی کوردستان سزا بدات کە باسی سەربەخۆیی دەکرد، بە ئاشکرا یاریدەدەری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران ئەمیر عەبدوڵاهی ئەو سیاسەتەی کە حکوومەتی هەرێم گرتوویەتیە پێش ئەگەر بەردەوام بێت پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام دواتر هات بۆ سیاسەتکردن وای دەرخست کە خەمی کوردستانیەتی و هێزی نارد بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش.

**باس**: واتە بە روونی ئاراستەی گۆڕینی شەڕی داعش بەرە و هەرێمی کوردستان ئێران بووە؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان کاریگەری لە هەموو لایەنەکانی دیکە زیاتر بووە.

**باس**: ئەی لەم دۆخەدا تاچەند کۆنگرەی نەتەوەیی گرنگە بۆ یەکگوتاری کورد لە ناوچەکە؟

**مستەفا هیجری**: بەداخەوە ئەوە دەبوو زوو بوایە، بەڵام ئێستا لەگەڵ دوورکەوتنەوەی لایەنەکان وای نابینم بکرێت، ئەگەرچی ئاواتی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرە بەڵام لە راستیدا پێوەندیی لایەنەکان لە ئاستی کۆنگرەی نەتەوەیی نییە، و ئێستا لەسەر دانانی پارێزگارێک لە سلێمانی رێک ناکەون ئیتر چۆن دەتوانن لەسەر پرسێکی واگەورە رێک بکەون.

**باس**: ئەی پێشتر هەوڵێکی زۆر هەبوو، بەڵام گوترا pkk دەیەوێ نیوەی ئەندامانی کۆنگرە سەر بە ئەو بن، ئەوە لەو کات هۆکار نەبوو بۆ دواخستنی کۆنگرە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، یەکەم هۆکار زیادەخوازییەکانی pkk بوو، کە وە درەنگی خست و دواتریش داعش دروست بوو پێوەندیی پارتی و pkk بەرەو خراپتربوون چوو، ئەوانە بوون بە هۆکاری ئەو کات نەکرێت.

**باس:** ئەی تا چەند لەگەڵ ئەوەدان لەم دۆخەدا کورد لە باشوور ریفراندۆم بکات و دەوڵەت رابگەیەنێ؟

**مستەفا هیجری:** ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئیمکانی راگەیاندنی دەوڵەت هەیە، بەڵام پێش هەموو شتێک ئیرادەی یەکگرتوویی خەڵکی باشووری کوردستان گرنگە، کە ئێستا ئەو ئیرادەیە نییە، جگە لەوەش سەربەخۆیی دەرهاویشتەی زۆر نێگەتیڤی دەبێت بۆ ماوەی کورت خایەن، گەمارۆی دەکەوێتە سەر و کێشەی بۆ دروست دەبێت، ئەو خەڵکەی کە لە کوردستان دەژین دەبێت ئەو تەحەمولەیان هەبێت، کە ئێستا نابینرێ، لەبەر ئەوە ئەو دۆخەی ئێستا هەیە لەبار نییە بۆ سەربەخۆیی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## ئێران هێزەکانی خۆی دەنێرێت بۆ شەڕی پێشمەرگە لە کەرکوک...



### وتووێژی ڕۆژنامەی دەستوور(ژمارە ٨٤)

**دەستوور:** بەڕێزتان بەگشتی گۆڕانکارییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەدوای دەستبەسەرداگرتنی هەندێک ناوچە لەلایەن داعشەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری:** گۆڕانگارییەکانی عێراق دوای دەسبەسەرداگرتنی موسڵو چەند شوێنێکی دیکە لە عێراق بە بۆچوونی من بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بەڕێوەبەرنی حکوومەتی عێراق کە بەڕێوەبەریەکی سەقەتە، ناسیاسیو نا قانوونی بووە. ئەو حکوومەتە لەسەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتەوە تا ئێستا نەیتوانیوە متمانەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە کە لە چەند نەتەوەی جیاوازی ئایینیو تایفی پێکهاتووە بەدەست بهێنێت، بەشێوەیەک کە هەمووی ئەو نەتەوانە عێراق بە وڵاتی خۆیان بزانن‌و لە ژێر چەتری یاسایەکی دێموکراتیکدا هەموو لایەک بە مافی یەکسانەوە پێکەوە بژین‌و وڵاتەکەیان بەرەو پێش بەرن ناڕەزایی بوونی پێکهاتە جیاوازەکان لەو حکوومەتە بە درێژایی ساڵانی رابوردوو و دەستەوەستانی حکوومەت لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئەم کێشانە فەزایەکی سیاسی گونجاوی پێکهێنا بۆ ئەوەی داعش، پاشماوەکانی ئەفسەرو ئەمنەکانی بەعس، عەشیرەتە سوننییەکان لە پەنای خەڵکی ناڕازیدا ریزەکانی

خۆیان یەکگرتوو بکەنو بتوانن بەشێک لە ناوچەکانی عێراق کە لە باری سیاسیو جوغرافیەوە گرنگن داگیر بکەنو بیبەستنەوە بەو ناوچانە لە سووریە کە لەژێر کونترۆڵی داعشدایە.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لێرەدا پێویستە هیمای بۆ بکەین ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی بەهێزی ناوچەش لەم فەزایە کەڵکیان وەرگرتو بە مەبەستی مسوگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستیان خستە ناو عێراقو هەرکام لە پێکهاتەکانیش وەک سوننەو شیعە بۆ بەهێز بوونی خۆیان و شکست پێهێنانی لایەنی دژ بەخۆیان پاڵی وەیەکێک لەو هێزانە داو دەتوانین بڵێن تا ئاستێک بوونەتە کارتی کایەی دەستی ئەو هێزانەو لە ئاکامدا شەڕە ناوخۆیییەکەی عێراق بوو شەڕی پراکسی proxy (شەڕی نیابەتی) کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەکو بەرەی بەشێک لەو وڵاتانی دەوڵەمەندی عەرەبی بەسەرۆکایەتی سعوودی لەلایەکی دیکە.
ئەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکە پێمان دەڵێن کە پێدەچێ ئەم ئاڵۆزیو ئاژاوەیە درێژخایەن و خویناوی بێ، گۆڕینی سەرۆک وەزیرانیش لەوپەڕێ خۆیدا دەتوانی تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ئارامییەکی ڕێژەیی پێک بێنێ، بە کورتی دووڕە دیمەنی پێکەوە هەڵکردنی ئەم پێکهاتە فرە جیاوازییانە کە هێندێکیان دوژمنایەتی مێژوویییان لەگەڵ یەکتر هەیە جێگای هیواداری نیە.

ئەو گۆڕانکارییانە دەتوانی بۆ کورد ببێتە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ئەوەی بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەربگریو مسیری چارەنووسی خۆی دیاری بکا بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندی خۆیدا بێ، بە مەرجێک هێزە سیاسییەکانی کورد یەکریز بنو دوژمنانی گەلی کوردو لەسەرووی هەموویان کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانێ جیایی لە نێوانیاندا سازبکاو ئەو دەرفەتەیان لە کیس بدا.

**دەستوور**: پێتان وایە گۆڕانکارییەکی بەرفراوانی ناوچەیی بەڕێوەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر ئەم لێکدانەوەی لەسەرەوە باس کرا لێکدانەوەیەکی دروست بێ ئاکامەکەی دەبێتە گۆڕانکاری لە ناوچە بەتایبەت لە پانتایی عێراقدا. بەرفراوان بوون یان بەرتەسک بوونی ئەو گۆڕانکارییانەش بەشێکی بەستراوەتەوە بە وەزعی داهاتووی سووریەو دەوڵەتەکانی ناوچە کە ڕەوتی کایەکەیان بەدەستەوەیە.

**دەستوور**: پێتان وایە دوایین گۆڕانکارییەکانی عێراق لە درێژماوەدا لە قازانجی کورد کۆتایی پێ بێت بەتایبەتی داوی ئەوەی کورد کەرکوکی گرتەوە؟

**مستەفا هیجری**: من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر کورد بە یەکگرتوویی و هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەی ورد بچێتە نێو کایەکەوە دەتوانی زۆرترین قازانج لەو وەزعە بکا، تەنانەت بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقیشدا. بەڕاستی هەلێکی نایابە کە بۆ کوردی باشوور هەڵکەوتوە و ئەگەر لە کایەکەدا هەڵە بکاو لە کیسی بدا لە بەرانبەر مێژوودا بەرپرسیار دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

**دەستوور**: ئێوە چۆن دەڕواننە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان؟ پێتان وایە کاتی ئەوە هاتووە هەرێمی کوردستان دوای ڕاپرسی سەربەخۆیی ڕاگەیەنێت؟

**مستەفا هیجری**: بۆ سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی سەرەکی ئابووریەکی بەهێزە کە کوردستان بە بوونی یەدەکێکی بەرفراوانی نەوت ئەو فاکتەرەی لەبەردەستدایە، کە ئەو فاکتەرە دەتوانی فاکتەرە سیاسیەکەشی بۆ دەستەبەر بکا ئەگەر بێتوو خەڵک بۆ ماوەیەک قەناعەت بکەنو بەرگەی زەختو زۆرەکانی دوژمنانی سەربەخۆیی کوردستان بگرنو پشتی حکوومەتەکەیان بگرن.

فاکتەری گرنگی دیکەش بێجگە لە قسەوباسەکانی ئاشکرا کە لەسەر ڕاگەیانە گشتیەکان دەکرین، چۆنیەتی ساتوسەودای حکوومەتی هەرێم لەگەڵ وڵاتەکانی ناوچەو ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکایە کە تا چەند لەو ڕاستایەدا یارمەتیدەری دەبن، ڕێگای بەڕووی دنیادا بۆ دەکەنەوە  لە کۆتاییدا ئەو سەربەخۆییە بەڕەسمی دەناسن. ئەو بەشەش بۆ من ئاشکرا نیە، بۆیە ناتوانم پێشبینی بکەم کە سەربەخۆیی رادەگەیەنن یان نا.

**دەستوور**: ئێران بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ دژایەتی خۆی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە، هەڵویستی حیزبی دێموکرات لەبارەی کاردانەوەکانی ئێران چییە؟ پێتان وایە ئێران بۆ ئاوا خێرا و بە توندی هەڵویستی گرت؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە ئێران لە پێش هەموانداو بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ هەرێم ڕاگەیاندوە بۆ ئێمە شتێکی تازە نیەو لامان سەیر نیە. کۆماری ئیسلامی دژی مافە نەتەوایەتیەکانی کوردە لە هەموو بەشەکاندا. کۆماری ئیسلامی بەدیدێکی ئەمنیەتی سەیری ئەم پرسە دەکاو دەزانی بەشێوەیەکی گشتی وەزعی ئێرانو عێراق لەو خاڵەدا وەک یەک وایە چوونکە لە ئێرانیشدا هەموو نەتەوەکانو بە تایبەت کورد لەو ڕێژیمە بێزارن بۆیە سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان یان هەرکام لە بەشەکانی دیکە دەتوانێ هاندەرێک بێ بۆ نەتەوەی کورد لە ئێرانیش بۆ ئەوەی ئەوانیش بچنە ناو ئەو پرۆسەیەو بەم شێوەیە ئێران دابەش بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مافی کورد دەزانێو خەباتی دەیان ساڵەشی لەو پ͏ناوەدا بوە. بۆیە ئێمە پشتی حکوومەتی هەرێمو خوشکو براکانمان لە باشوور دەگرین لە حاڵەتێکدا کە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیەننو، لەو پێناوەدا چیمان بۆ بکرێ دەیکەین.

**دەستوور**: بە بڕوای ئێوە کاردانەوەکانی ئێران بە شێوەی کردەیی (عملی) لەبارەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: ئێران دەتوانێ سنوورەکانی بەڕووی هەرێمدا دابخا، هەروەک ساڵانی ڕابووردوو بەهانەیەک ساز بکا بۆ تۆپبارانکردنی ناوچە سنووریەکان، لەنێوخۆی کوردستاندا بە هۆی هێندێک بە کرێگیراوی خۆی تەقینەوە بکا، کاری تیرۆریستی بکا، کێشەو دووبەرەکی لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا پێک بێنێو  هێندێک کاری دیکە.



سەرچاوە
Serchawe

**دەستوور**: پێتان وایە ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ئەگەری دابەشبونی عێراق، دەستێوەردانی بەرفراوانی سەربازی بکات؟

**مستەفا هیجری**: ئێران نەک بەشێوەی ئاشکرا، بەڵکوو لەژێر فەرماندەهی سوپای عێراقداو بە ناوی سوپای عێراق بە مەبستی دەست بەسەردا گرتنەوەی ئەو بەشەی کە بە ناوچە ناکۆکەکان ناسراوە بە تایبەت کەرکووک کە ئیستا لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە، هێزەکانی خۆی بنێرێ بۆ شەڕی پێشمەرگە بنێرێتە ئەو بەشانە.

**دەستوور**: کاریگەری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە سەر پارچەکانی تر و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: کاریگەری ئەرێنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەت خۆرهەڵاتی کوردستان زۆر بەهێز دەبێ. هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی لەوە تۆقیوەو لە ئێستاوە کەوتوەتە هەڕەشەکردن.

**دەستوور**: لەدوای سەربەخۆیی کوردستان، چارەنوسی پارتەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی (حدکا)، چۆن دەبێت، پێتان وایە دەوڵەتی کوردی لێرە چۆن مامەڵەتان لەگەڵدا بکات؟

**مستەفا هیجری**: من هیچ هۆیەک نابینم کە مامەڵەی کوردستانی سەربەخۆ لەگەڵ حیزبەکانی خۆرهەڵات کە لەو بەشە نیشتەجێن لەگەڵ ئێستا فەرق بکا، بەڵکوو دەتوانێ باشتر بێ.

**دەستوور**: ئایا لەدوای سەربەخۆی هەرێمی کوردستان، حیزبی دێموکرات بە هەمان شێوازی پێش سەربەخۆی درێژە بە خەبات و چالاکی سیاسی و ڕاگەیاندن دەدەن، یان چاوەڕوانی دیکەتان لە دەوڵەتی سەربەخۆی باشوری کوردستان دەبێ؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە خەباتو چالاکی خۆمان بەگوێرەی توانا درێژە دەدەینو تا ئەو کاتەی بەشی ئاشکرای حیزبەکەمان لە باشوور نیشتەجێیە تێدەکۆشین نەبینە کۆسپ، بەڵکوو یارمەتیدەری ئەو حکوومەتە دەبینو بە دەرکی هەلومەرجی سیاسی ئەو حکوومەتەش چاوەروانیمان لێی دەبێ.

**دەستوور**: بۆچی حیزبی دێموکرات هەڵوێستێکی ئاشکرای نەبووە لەبارەی هێرشەکانی داعش بەتایبەتی هێرشەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ سەر هەرێمی کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان؟

**مستەفا هیجری**: داعش وەکوو القاعیدەو باقی گرووپە رادیکاڵە ئیسلامیەکان ساڵانێکە خەریکی کوشتار وێران کردننو ڕۆژانە لە



سەرچاوە Serchawe

ناوچەو شوێنە جیاجیاکانی دنیا جینایەت دەخولقێنن، لە خۆرئاواش یەکەم جار نیە کە هێرش دەکەنە سەر ناوچەیەکی کوردنشینی وەکوو کوبانی، بۆیە بە پێویستمان نەزانیوە کە هەڵوێست دەرببڕین.

- ئەم وتووێژە لە ژمارەی ٨٤ی ڕۆژنامەی دەستوور لە ڕێکەوتی ٢٣ - ٧ - ٢٠١٤ی زایینی بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - ڕیکەوتی: ٢٧ی جوولای ٢٠١٤

-------------------------------------------------------

## یەکڕیزی خەڵکو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان بەگشتی بەمەبەستی ئیرادەی پێکهێنانی ئەو سەربەخۆیە.


دەوڵەتی کوردی،، خولیای لەمێژینەی گەلی کورد

مستەفا هیجری:
یەکڕیزی خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەگشتی بە مەبەستی ئیرادەی پێکهێنانی ئەو سەربەخۆییە زۆر گرنگە

### وتووێژی ڕۆژنامەی خەبات

**خەبات**: کوردستان لە دوای شەڕێکی نێوان عوسمانی‌یەکانو سەفەوی‌یەکان کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەمان سنووری ئێستای ئێرانو تورکیە دەکەن، کراوە بە دوو بەش لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، کراوەتە چوار بەش، ئایا هۆکاری سەرەکی ئەم دابەشکاری‌یەی دووهەم کە بەسەرکردایەتی وڵاتانی زلهێزی جیهانی بەڕێوە چوو، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی وڵاتانی زلهێزی براوەی شەڕ سنووری دەسەڵاتداری وڵاتانی دۆڕاوی شەڕیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد، لە ئاکامی ئەو دابەشکردنەدا بەشێک لە خاکی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوری عوسمانیدا بوو لە نێوان دوو وڵاتی تازە بنیاتنراوی سووریەو عیراقدا دابەش کرایەوە، بەشێکی هەر لەژێر دەسەڵاتی وڵاتی تورکیەدا

مایەوە کە لەسەر وێرانەکانی دەوڵەتی عوسمانی بینا کرا بوو، و بەشێکیشی لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تاراندا مایەوە بەم چەشنە کوردستان بوو بە چواربەش.

**خەبات**: کورد نەتەوەیەکی دەیان میلیونیيە خاکێک فراوانو بە پیتیشی هەیە، هەمیشە دەوترێ کە وڵاتانی زلهێز ئەو نەتەوانە دەکەن بە خاوەنی وڵاتی خۆیان کە دەتوانن بە جۆرێک لە جۆرەکان قازانجیان لێ بکەن، بۆچی لە کاتێکدا کوردستان سامانیشی زۆرە، وڵاتان لەسەر نەکۆڵی کردن لە مافە بنەڕەتیيەکانی کورد بەردەوامن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوە راستە کە کوردستان خاکێکی فراوانو حەشیمەتێکی زۆری هەیەو زۆریش بە پیتە، بەڵام لە هەمانکاتدا لە بیرمان نەچی کە ئەو وڵاتانەی کوردیشیان بەسەردا دابەش کراوە وڵاتی بە پیتن بەرژەوەندیيەکانیان بۆ زلهێزەکانی جیهان لە بەرژەوەندی کوردستان زیاترە، بۆیە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی بچووک ( کوردستان) نایانەوێ بەرژەوەندیيە گەورەکانیان (وڵاتە گەورەکان) لە کیس بچێ. بێجگە لەوە مەسەلەی ئەمنی و تێکدانی سنووری ئەو وڵاتانەو کۆمەڵێک فاکتەری دیکەش لە بڕیاردانی زلهێزەکاندا هەیە کە لەبەرچاوە دەگیرێ، کە یەکێک لەو فاکتەرانە رەخساندنی مەجالی گونجاوی سیاسیيە کە بە هۆی ئاڵوگۆڕەکان بۆ نەتەوەیەکی دابەشکراو یان ژێردەستەی وڵاتێکی بەهێزتر دەرخسێ وەک نموونەیەکی باش لەو پێوەندیيەدا دەتوانین ئەرمنستانو ئازەربایجان ناو بەرین. کاتێک لە کۆتایی شەڕی سارد وڵاتی سوویەت شکستی خواردو حکوومەتەکەی تێکچوو، دەرفەتێکی باش بوو بۆ زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە خاکی خۆیان هەبووو تا ئەو کات لە ژێر دەسەڵاتی سوویەتدا دەژیان، جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، وڵاتانی رۆژئاواش بە تایبەت ئەمریکا کە ئەو دابەش بوونەیان لە بەرژەوەندی خۆیان دەزانی ئەو وڵاتانەیان بە رەسمی ناسی، بەڵام تا ئێستا هەلو مەرجێکی سیاسی لەم چەشنە بۆ کورد هەڵنەکەوتووە.

**خەبات**: خەباتی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی خەباتی لێکدابڕاو بووە، ئەگەر پێوەندیيەکیش هەبوو بێت، زیاتر تەشریفاتی بووە، هەرچەند هێندێک جار دوو پارچەی کوردستان بە یەکەوە خەبات دەکەن، بۆ نموونە لە ئێستادا بەشێک لە هێزەکانی باکوورو رۆژئاوای کوردستان بە یەکەوە خەبات دەکەن، یان لە رابردوودا رۆژهەڵاتو باشووری کوردستان بە یەکەوە خەباتیان کردووە ... ئایا خەبات کردنی کورد بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا بۆ ئەم واقیعە گونجاوە؟ ئایا ئەم لێکدابڕاوییەی خەباتی کورد هۆکارە نەبووە بۆ دواکەوتنی بەدینەهاتنی خەونی دەوڵەتی کوردی؟

**مستەفا هیجری**: وەک ئاماژەتان پێ کرد چەند جارێک وابوە کە کوردەکانی دوو بەش بە شێوەی پچڕپچڕ یارمەتی سەربازی یەکتریان داوە لە دژی یەکیک لە حکوومەتە داگیرکەرەکان، بەڵام ئەو یارمەتیيانە زۆر بەرتەسکو کاتی بوونەو شوێندانەری بەرچاویان لە گۆڕینی پارسەنگی هێز پێک نەهێناوە.

یەکگرتنی هێزی کورد لە هەرچوارپارچەداو تەنانەت لە دوو پارچەشدا، دەبێتە هۆی یەکگرتنی دەوڵەتەکان بۆ سەرکوتی خەباتێکی یەکگرتووی ئەوتۆ، ئەو نموونانەشمان لە مێژوویی خەباتی کورددا دیوە، بۆیە دەڵێم خەباتی یەکگرتووی کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە دژی چوار دەوڵەتی بەهێز کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە نەگونجاوە.

**خەبات**: بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی کوردستان لە کاتی ئێستاداو هەڵسەنگاندنی لایەنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌یەکان لە باشووری کوردستان، راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە ئێستادا تا چەند لە واقیعەوە نزیکەو وەک زەروورەتێک ئەبێ چاوی لێ بکرێت؟

**مستەفا هیجری**: من لەو باوەڕەدام لە هەلومەرجی وەک  ئیستادا کە بەکردەوە دەتوانین بڵێین حکوومەتێک بەواتای راستەقینەی خۆی لە عێراقدا نیەو چاوەروانیش ناکرێ بەم زووانە عێراق رووی ئارامیو سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێو، کوردیش دەسەڵاتی بەسەر هەموو خاکی خویدا هەیەو خاوەنی نەوتێکی زۆریشە کە ئەوە بۆخۆی لەباری داراییو سیاسی‌یەوە فاکتەرێکی گرنگە بۆ بنیاتنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام بێجگە لەوانە  بۆ راگەیاندی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور چەند فاکتەری دیکەش زۆر گرنگنو پێویستە لەبەر چاو بگیرێ:

**یەکەم**، یەکریزی خەڵکو رێکخراوە سیاسی‌یەکان بەگشتی بەمەبەستی ئیرادەی پێکهێنانی ئەو سەربەخۆیە.

**دووهەم**، ئامادەیی خەڵک بۆ تەحەمولی ئەو زەختو کێشانەی کە نەیارانی سەربەخۆیی کوردستان بۆی دەخولقێنن، بە تایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران، وەک بەستنی سنوورەکانیان بە رووی کوردستانو پێکهێنانی کەمو کوڕی لە هەموو بارێکەوەو باقی پیلانەکان لانیکەم لە کورتخایەندا وەک شەهید د. قاسملوو فەرموویەتی، گەلێک ئازادی بوێ دەبێ ئامادە بێ نرخەکەشی بدا.

**سێهەم**، ئامادە بوونی وڵاتێکی دراوسێ . وەک تورکیە . کە حکوومەتەکە بەڕەسمی بناسێو رێگایان بەرەو وڵاتانی دنیادا بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا  -  ڕیکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## ساڵی: ٢٠١٥

----------------------------------------

## چاوەڕێی دەرفەتێکین بۆ گەڕانەوەمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**هەڤپەیڤین: ناسر پیرۆتی**

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەراورد بە جارانی پێشوو کە لەبارەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنەکەی دیموکرات پرسیارم لێکردووە، ئەمجارە زۆر گەشبین دیاربوو. ئەو هیوادارە لەسەردەمی سکرتێریی خۆیدا ئەو ناکۆکییە نێوخۆییەی حیزبی دیموکرات کۆتایی بێت و دەشڵێت وڵاتانی ئەورووپاییش داوایان لێکردوون ریزەکانی حیزبی دیموکرات یەکبخەنەوە.

**رووداو**: هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو لایەنەکەی دیموکرات بەکوێ گەیشتوون؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە پێشنیازمان کردووە بنەما و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە دوایین کۆنگرەی پێش جیابوونەوە بوو، راپۆرتی کۆنگرەش کە بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی بەشدار پەسندکرا، بکرێنە بناغەی دەستپێکردنی وتووێژەکانی نێوانمان و ئێستاش لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پرسە دانوستاندنەکان درێژەیان هەیە و بڕیاریشە لە داهاتوودا دەفتەری سیاسی هەردوو لایەن بە بەشداری سکرتێرەکان کۆببنەوە.

**رووداو**: لەسەردەمی سکرتێریی ئێوەدا جیابوونەوەکە روویدا، هیوایەکتان هەیە کە هەر لە سەردەمی سکرتێریی خۆتاندا یەکگرتنەوە رووبدات؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئەو هیوایە هەیە و بێگومان وەک چۆن ئەو دابڕانە خەڵکی بێزار کرد، بۆ منیش وەکو بەرپرسێک لە هەمووان زیاتر بەوە نارەحەت بووم و یەکگرتنەوەیەک کە لەسەر بنەمای دروست بنیات بنرێ و زەمینەی ئەوە پێکبێنێ کە جیابوونەوەیەکی دیکە بەو فۆرمە نەیەتە ئاراوە، ئارەزووی منە و هەر ئەوە دەتوانێ برینی جیابوونەوە سارێژ بکاتەوە.

**رووداو**: مەترسی ئەوەتان هەیە کە حکومەتی ئێران کۆسپ بخاتە بەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوە؟

**مستەفا هیجری**: کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیارێکی بەهێزی ئێمەیە، بۆیە هەمیشە لەدانیشتنەکاندا لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا و هەروەها لە دانیشتن لەگەڵ ئەندامانی رێبەری حیزبی خۆشماندا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئێمە تاوەکو دوایین قۆناغی وتووێژەکان کە بە ئەنجامێکی کۆتایی دەگەین، باشتر وایە وردەکارییەکان لە راگەیاندندا باس نەکەین. یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە من ئاگادارم کۆماری ئیسلامی زۆر بە جیدی بەدواداچوون دەکات بۆئەوەی بزانێ بابەتی یەکگرتنەوە بەکوێ دەگات. ئەگەر رژێمی ئێران بۆی بکرێ کە بەداخەوە ئیمکاناتیشی زۆرە، هەوڵدەدا کێشە بخاتە نێو پرۆسەی دانوستانەکە. مەبەست لەوەی کە نامانەوێ ئەو شتانە بڵاوبنەوە، ئەوە نییە کە شتی نهێنیمان هەبێ و بمانەوێ لە خەڵکی بشارینەوە. ئێمە لەبەر ویستی خەڵک و بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەگرینەوە، بەڵام هاوکات کە خەڵک دۆستمانە و پێی خۆشە یەکگرتوو بین، کۆماری ئیسلامیش نەیاری ئێمەیە و کەڵک لەو باسکردنانە وەردەگرێت.

**رووداو**: حیزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ سەرگرتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئێوە هیچ هەوڵێک دەدەن؟

**مستەفا هیجری**: هەروەکو لەسەرەتای جیابوونەوەکە بەڕێز مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەوڵیاندا یەکبگرینەوە، کە بەداخەوە جیبەجێ نەبوو، ئێستاش ئەو حیزب و لایەنانەی یەکڕیزیی کوردیان دەوێ، هەمیشە داوایانکردووە و هانمان دەدەن یەکبگرینەوە، بەڵام بۆخۆشمان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ یەکبگرینەوە.

**ڕووداو**: خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ماوەیەک لەمەوبەر کە سەردانی ئەمریکای کردبوو، بە (ڕووداو)ی گوت کە حکومەتی واشنتن داوای لێکردوون حیزبی دیموکرات یەکبگرێتەوە، ئەمریکا یان وڵاتانی دیکە داوایەکی بەو شێوەیان لە ئێوەش کردووە؟

**مستەفا هیجری**: تا ئێستا ئەمریکا داوایەکی لەو شێوەیەی لە نوێنەری ئێمە نەکردووە، بەڵام هەندێک وڵاتی ئەورووپایی کە پەیوەندیمان پێیانەوە هەیە، ئەو داوایەیان لێکردووین.

**ڕووداو**: دوای جیابوونەوە، هەندێک جیاوازی سیاسیش لەنێوان دوو لایەنەکەی دیموکرات بەدی دەکرێ، ئەوە دوای یەکگرتنەوە بۆتان نابێتە کێشە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر ڕۆژێک یەکبگرینەوە کە هیوادارم وابێ، لەسەر بابەتە جیاوازەکان قسە دەکەین و لەنێوخۆماندا دەیانخەینە بەرباس و بیروڕایان لەسەر ئاڵوگۆڕ دەکەین. گرینگ ئەوەیە بزانین دوای ٣٥ ساڵ، حکومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو لایەنەکان ڕوون بووەتەوە کە ئەو حکومەتە مافی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نە بۆ گرینگە و نە دەیەوێ لەگەڵیان ڕێکبکەوێ.

دوای دەستبەکاربوونی حەسەن ڕۆحانیش وەکو سەرۆک کۆمار و سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک بەڵێنیشی دان، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێک ڕووینەداوە. ئەوان وەکو نەتەوە بە فەرمی دان بە کورددا نانێن و هیچ نیشانەیەک لەگۆڕێدا نییە بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لەرێگەیەکی ئاشتیانەوە چارەسەر بێت. تەنانەت ئەو گوتوبێژانەش کە کاک خالید عەزیزی باسی کردوون، دواتر وەزیری ئیتلاعاتی ئێران ڕایگەیاند کە لەچوارچێوەیەکی ئەمنیدا بوونە.

**ڕووداو**: ئێران کە دەیگوت حیزبەکانی دیموکرات و کۆمەڵە هەڵوەشاونەتەوە، هۆی چی بوو باسی دانوستاندنیان لەگەڵ ئەو حیزبانە هێنایەوە گۆڕێ؟

**مستەفا هیجری**: هۆکاری زۆرن. یەک لەوان ئەوەیە کە دەیانەوێ کێشە لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا دروست بکەن. کۆماری ئیسلامی بیری لەوە کردووەتەوە کە ئەگەر لەگەڵ لایەنێک قسە بکات، بەوە کێشە و ناکۆکی دەخاتە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. لەلایەکی دیکەشەوە ڕەنگە ئەوان بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئەو جوڵانەوە مەدەنییەی ئێستا پێکهاتووە، بێ کاریگەری بکەن.

**ڕووداو**: ئێوە لەبارەی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئێران هیچ ناکۆکییەکتان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پەیدا بووە؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: لەگەڵ ئەوەی کە تاوەکو ئێستا چەندین دانیشتنمان لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو هەبووە، بەڵام هیچکات باسی ئەو بابەتەمان نەکردووە کە بۆ وتووێژتان کردووە یان لەوێدا باسی چیتان کردووە.

**رووداو**: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێشنیازی بە ئێوە و چەند حیزبێکی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە کە پێکەوە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی تایبەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان ببەستن، بەباشی دەزانن ئەو کۆنگرەیە ببەسترێ؟

**مستەفا هیجری**: یەکگرتنی کورد بە پێویست دەزانین بەتایبەت لەسەردەمی ئێستادا. وەکو ئەوکات بۆ کۆنگرەی نەتەوەییش هەوڵی زۆرماندا سەربگرێ ، بۆ کۆنگرەی خۆرهەڵاتی کوردستانیش ئەو بۆچوونەمان هەیە. بەڵام ویست و ئارەزوو و پێویستی لەگەڵ واقیع جیاوازە کە ئێمە وەکو حیزبێکی سیاسی دەبێ ئەو جیاوازییانە ببینین. گرینگ ئەوەیە بزانین ئەو پرۆژە و بۆچوونانە تاوەکو چەند دەرفەتی جێبەجێکردنیان هەیە و ئێمە چەندمان هەوڵ بۆ داوە. هەروەک بینیمان کۆنگرەی نەتەوەیی بەهۆی ئەوەی کە بەستێنی بۆ نەڕەخسابوو، سەری نەگرت. کۆنگرەی رۆژهەڵاتیش هەر بەو جۆرەیە. جیابوونەوەکانی نێو کۆمەڵە و جیابوونەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆسپێک بوونە لەبەردەم نزیکبوونەوەی ئەو حیزبانە و هێشتاش نەمانتوانیوە ئەو کۆسپە هەڵبگرین.
ماوەیەک هەوڵماندا بەرەیەک پێکبێنین، بەڵام تێیدا سەرنەکەوتین لەبەر ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە جیابوونەوەکان پێکیانهێناوە. پێموایە پێش باسکردنی کۆنگرەیەکی لەوجۆرە پێویستە ئەو حیزبانەی لێک جیابوونەتەوە هەوڵبدەین ئەگەر یەکیشنەگرنەوە، لانیکەم بکرێ لێکنزیک بنەوە و پێکەوە کار بکەن. راستییەکەی لەباری سیاسییەوە بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی هێزەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی ئێران، کۆنگرەی خۆرهەڵات لە ئێستادا بە شتێکی عەمەلی نازانم.

**رووداو**: هەست دەکرێ پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە؟

**مستەفا هیجری**: پەیوەندی ئێمە لەگەڵ پەکەکە پەیوەندییەکی باش بووە و کێشەی تێدا نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی کە بەهاری رابردوو لەگەڵ بەڕێز جەمیل بایک لە قەندیل کۆبوومەوە، پەیوەندییەکان گەرموگوڕتر بوونە و تاوەکو ئێستا چەندینجار وەفدی پەکەکە سەردانی ئێمەی کردووە و لەبارەی پرسەکانی رۆژ و تایبەت بە کورد ئاڵوگۆڕی بیروڕامان کردووە.

**رووداو**: لەو دواییانەدا وەفدێکی پەکەکە سەردانی کردوون و باسی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەگەڵ کردوون، وەڵامتان چی بوو؟

**مستەفا هیجری**: لەدوایین دیداردا باسی زیندووکردنەوە و کارکردن بۆ کۆنگرەی نەتەوەییان کرد. ئێمەش لەگەڵ ئەوە هاوڕاین، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە بەستێنی جێبەجێکردنی هەیە یان نا. لە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەی نەتەوەییش لە سەلاحەدین باسمکرد کە گەورەترین بەڵا و گەورەترین کۆسپ کە دەتوانێ ئەو کۆنگرەیە بێ ئاکام بکات، پرسی هەژموونخوازییە و بەداخەوە دیتمان کە وابوو، تاوەکو ئێستاش هەروایە. تا ئەو کاتەی حیزبێک بیەوێ رێوشوێن بۆ حیزبێکی دیکە دیاری بکا، یان بەشێکی کوردستان بیەوێ

ڕێوشوێن بۆ بەشێکی دیکەی کوردستان دیاری بکات، ئەو جۆرە هەوڵانە سەرناگرن. ئێمە دەمانەوێ کۆنگرەی نەتەوەیی لە خزمەتی نەتەوەی کورددا بێت و هەموو بە مافی یەکسان لەو کۆنگرەدا بەشدار بن و کۆنگرەکە بە یەکسانی ئاوڕ لە هەموو بەشەکانی کوردستان بداتەوە. لە ڕەوشی ئێستای سیاسی کوردستاندا ئەوە نابینم و وەڵامەکان بۆ پەکەکەش ئەوە بووە و هیواداریین کە ئەو بەستێنە برەخسێت. ئەگەر لایەنێک بیەوێ ئەو کۆنگرە پێکبێ و بیخاتە خزمەت ئامانجەکانی خۆی، من دەڵێم سەرکەوتوو نابێ، ئەگەر سەرکەوتووش بێ نابێتە کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە کۆنگرەی حیزبێک.

**ڕووداو**: دروشمی کۆنگرەی ١٤ تان کە زیاتر لە شەش ساڵ لەمەوبەر بەسترا، بە جەماوەریکردنی خەبات بوو، توانیوتانە ئەو دروشمە بێننەدی؟

**مستەفا هیجری**: بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەوشە ئەمنییەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە و ئەو گوشارەی کە لەسەر تێکۆشەرانی کورد لەوێ هەیە، تا رادەیەک خەبات بووەتە جەماوەری. ئێستا دەبینین کە چەندین ریکخراوی مەدەنی و NGO پێکهاتوون و خەڵک لە هەر دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی کەڵک وەردەگرێ. هەر لەو ڕۆژانەدا لەهەندێک شار خەڵک بۆ پشتیوانی لەزیندانیانی سیاسی مانگرتووی ورمێ دوکان و بازاڕەکانیان داخست.

**ڕووداو**: بەڵام دەگوترێ ئێوە پەیوەندییەکی باشتان لەگەڵ چالاکڤانانی مەدەنی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە؟

**مستەفا هیجری**: لەپێشدا دەبێ پێناسەیەکی چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی بکەین. بە بۆچوونی ئێمە چالاکڤانانی سیاسی کورد لەنێوخۆ ئەو کەسانەن کە لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی خواست و داخوازییەکانی کورد بێننەگۆڕێ و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن. ئێمەش پشتیوانییان لێدەکەین و دەمانەوێ بەهێزیان بکەین و پێمانوایە کە تێکۆشانی چالاکڤانانی مەدەنی لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات، نەک هەر لەگەڵ حیزبەکان ناتەبا نییە بەڵکو تەواوکەری یەکترین، بەڵام ئەو پشتیوانییە بە ئاشکرا نییە، چونکە دەکەونە ژێرگوشاری ناوەندە ئەمنییەکان. جگە لەوانەش، هەندێک خەڵک بەناوی چالاکی سیاسی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا سەرهەڵدەدەن کە دەیانەوێ رواڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران برازێننەوە و رواڵەتی دیموکراتیکی پێبدەن و بۆ قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان، پروپاگەندە بۆ ڕێژیم دەکەن کە ئێمە ئەوان بە چالاکڤانی سیاسی نازانین.

**ڕووداو**: عەلی یونسی، یاریدەدەری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری پێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینییەکان لەماوەی رابردوودا لەگەڵ ژمارەیەک چالاکڤانی سیاسی کورد کۆبووەتەوە، ئەو دانیشتنانە چ ئاکامێکیان دەبێ؟

**مستەفا هیجری**: لەوەتای ڕۆحانی هاتووەتە سەرکار و یونسی ئەو پۆستەی وەرگرتووە، دوو دانیشتن کراوە: یەکیان لەگەڵ ئەو لایەنەی پێی دەڵێن بەرەی یەکگرتووی کورد و یەکێکی دیکەش لەگەڵ ژمارەیەک هەڵکەوتە و چالاکڤانی مەهاباد بووە. ئێستا کە جموجۆڵی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات زەقتر بووەتەوە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بڵێ کە سەرقاڵی گوتوبێژە بۆ چارەسەری پرسی کورد.

لەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەڕێوەدەچێ و دەیانەوێ بەڵێنەکانیان لەبیر خەڵک ببەنەوە و پێیان بڵێن هێشتا کار لەسەر بەڵێنەکانیان دەکەن و دەیانەوێ خەڵک رابکێشن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان و ئەو دانیشتنانە لەچوارچێوەی بازارگەرمی بۆ هەڵبژاردن دەبینم. پێموانییە بەڵێنەکانی رۆحانیش جێبەجێ بکرێن، چونکە تاوەکو ئێستا چەندینجار بەڵێن بەخەڵک دراوە لانیکەمی داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام هەمیشە رەوشی کورد خراپتر بووە.

**رووداو**: هیچ پلانێکتان هەیە بۆ کاریگەری دانان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی ئێران؟

**مستەفا هیجری**: لە دانیشتنەکانی دوایی دەفتەری سیاسیدا باسمان لەوە کردووە کە بەدواداچوون بۆ رەوتی هەڵبژاردنەکە بکەین، بەڵام هێشتا دیار نییە کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنە دەکەین.

**رووداو**: پێتان باشە دووبارە فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران پێکبێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ پێمان باشە لە پەرلەمان یان هەر شوێنێکی دیکە کە دەنگی دەبیسترێ، دەنگی کورد بێتە ئارا و ستەمەکانی سەر کورد باسی لێبکرێت.

**رووداو**: بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات، ئێستا بەرەوپێش دەچێ یان بەرەو پاش؟

**مستەفا هیجری**: سەرەڕای هەموو زەخت و زۆرێک کە لەسەریەتی، لە هەموو کات زیاتر بەرەو پێش دەچێ و نابێ زۆر رواڵەتەکان لەبەر چاو بگیرێن. گرینگ ئەوەیە کە لەژێرەوە خەڵک ئامادەیی هەیە بۆ نارەزایی دەربڕین و لە هەموو مەجالێک بۆ ئەو مەبەستە کەڵک وەردەگرێ.

**رووداو**: دابەزینی بەهای نەوت چ کاریگەری لەسەر داهاتووی ئێران دەبێ؟

**مستەفا هیجری**: رەوشی ئابووریی ئێران رۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێ. رێژەی بێکاری زیاتر بەرزبووەتەوە.

نرخی نان کە پێداویستی سەرەکی رۆژانەی خەڵکە نزیکەی ٤٠ لەسەد بەرزبووەتەوە. راوێژکاری بەرزی رێبەر خامنەیی دانی بەوەدا ناوە کە ئابووریی ئێران بە رادەیەک خراپە تەنانەت ئەگەر گەمارۆکانیش لەسەری لابچن، هێشتا بەهۆی دابەزینی بەهای نەوت لە دۆخێکی خراپدا دەمێنێتەوە. جگە لەوانەش ئێستا کە بەپێی پلان نرخی نەوت دابەزیوە، کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لەجاران ترسی لێ نیشتووە. رێژەی هەناردەی نەوتی ئێرانیش رۆژ بە رۆژ بەهۆی خراپبوونی چاڵە نەوتییەکان و نەبوونی تەکنیکی سەردەمیانەی بەرهەمهێنانی نەوت، کەمتر دەبێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەو بڕە پارەیەی کە لە فرۆشی نەوت دەبێ وەریبگرێ، بەدەستی ناگات و لەجێگەی پارە وڵاتانی وەکو هیند، رووسیە و چین کەلوپەل و کاڵای پێدەدەن. ئەوانەش بوونەتە هۆکارێک بۆ کەمبوونەوەی زیاتری داهاتی ئێران کە بە لەبەرچاوگرتنی تێچووەکانی ئەو رێژیمە بەتایبەت ئەو خەرجانەی کە کۆماری ئیسلامی لەچوارچێوەی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی دەیکات، وەکو دابینکردنی تێچووی شەڕی سووریا، پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنان و حەماسی فەلەستین و چەندین گرووپی دیکە، فشاری زۆر خراوەتە سەر ئابووریی ئێران.

**رووداو**: ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی ئەو کێشە ئابووریانەوە ناڕەزایەتی جەماوەری سەرهەڵبدات؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئەو ئەگەرە لەئارادایە. راستە کۆمەڵێک کەس کە لە ترۆپکی دەسەڵاتدان و ئەو وڵاتە بەهەموو شتێکەوە بە هی خۆیان دەزانن و گەندەڵی دەکەن و خەڵک دەکوژن، بەڵام خەڵکی ئێران وەکو خەڵکی کۆریای باکوور نین کە رێژیم توانیبێتی لە قاڵبیان بدا. خەڵک نارازین و لەگەڵ زیادبوونی ناڕەزاییەکان نابێ پێمان وابێ کە خەڵک هەروا قبوڵی دەکات، پێموایە دەگاتە خاڵێک کە وەختێک ژیانی بۆ نامێنیتەوە، ئامادەیە خۆشی بەکوشت بدات بۆ ئەوەی کە رزگاری بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ١٣ی جانێویری ٢٠١٥

## ئێمە لە مێژە بۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەوڵمان داوە...



### وتووێژی تایبەتی تیشک تیڤی

کوردستان میدیا: تیشک تیڤی، لە بەرنامەیەکی تایبەتدا وتووێژێکی سەبارەت بە دۆخی هەنووکەیی ناوچەکە و هەروەها پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات

بە پێی راپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم دوایانەدا لە وتووێژێک لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی تیشک، ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزبیان لە پێوەندی لەگەڵ پرس و باس و وەرچەرخانە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان شی کردەوە.

**تیشک**: جەنابت لەو ماوەیەدا بابەتێکت نووسیوە لە ژێر ناوی «سەرکەوتن یا ژێرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە دەوری نوێی وتووێژەکاندا» دیتمان کە لە دوایین دیداری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، واتە گرووپی ١+٥ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەمەڕ پرسی ناوکی، تەوافوقێک لە نێوانیاندا کرا و ماوەی دانووستانەکان بۆ ٧ مانگی دیکەش درێژ کرایەوە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو تەوافوقە؟

**مستەفا هیجری**: هەر وەکوو لە وتارەکەدا ئاماژەم پێکردووە، لەو باوەڕەدام کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وەزعییەتێکدایە کە ناچار دەبێت مل راکێشێت بۆ ویست و داخوازییەکانی ڕۆژئاوا لە پێوەندی لەگەڵ دەستبەردار بوون لە پیتاندنی ئۆرانیۆم بەو مەرجانەی کە ڕۆژئاوا دەیهەوێت و ئەوەش لە هەندێک لەو تەوافوقاتانەی کە تاکوو ئێستا لە ژێنێف کراوە، ئاسەوارەکەی دەرکەوتووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕازی بوو دەست هەڵگرێ لە پیتاندنی ئۆرانیۆمی زیاتر لە ٥%، ئەو ڕادە لە ئۆرانیۆمی ٢٠% کە ئامادەی کردبوو، ئەوەی تەبدیل کردووەتەوە بە شتی دیکە، ئیجازەی داوە کە بازڕەسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی هەر کات بیهەوێت سەردانی سایتە ناوکییەکانی ئێران بکات، زۆر مەرجی دیکەی بە تەواوی قبوول کردووە، بەڵام شتێکی زۆر تەبیعییە کە لە مەودای مانگەکانی داهاتوودا کە دیاریکراوە و تاکوو مانگی پووشپەڕە، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات کە هەندێک ئیمتیازی زیاتر بەدەست بێنێت، بەڵام لە نەهایەتدا کۆماری ئیسلامی مەجبوورە مل دانەوێنێ، بۆ ئەوەی کە بتوانێت ئەو گەمارۆیانەی کە لەسەری بارگرانییەکی زۆرە و وەزعی ئابوورییەکەی بە تەواوی تێکداوە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و هەر ئێستاش دوای نووسینی ئەو وتارە، هێندێک ئاسەواری گەمارۆی سەر ئێران و هەروەها دابەزینی نرخی نەوت کە ئەویش بە پێی بەرنامە و هەدەفمەندانە لە لایەن ئامریکا و هاوپەیمانانی ئامریکاوە بەڕێوەدەچێت تەئسیراتی زیاتری داناوە لەسەر وەزعییەتی خراپی ئێران چ لە سەتحی نێوخۆ و چ لە سەتحی نێونەتەوەییدا، بۆ نموونە هەر لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی ئێران ئیعلامییان کرد کە نرخی نان دەبەنە سەرێ و حدوودی ٤٠% ئەو نرخەیان بردە سەرێ. نان یەکێک لە خواردنە ئەساسییەکانە بە تایبەتی لە نێو بنەماڵە هەژارەکاندا، ئێستا ئەو بنەماڵانەی بە تایبەت خێزاندارن، تەنانەت بۆ تەئمینی نانی ماڵەوەشیان موشکیلەیان دەبێ. ئەو ڕۆژانە حکوومەت ئیعلامی کردووە نرخی بێکاری بووەتەوە ٢ ڕەقەمی، پێشتر وایان ڕاگەیاندبوو کە بووەتە ١ ڕەقەمی، بەڵام ئێستا بووەتەوە ٢ ڕەقەمی، یانی نرخی بێکاری چووەتەوە سەرێ، موشکیلاتی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئابووریدا و دابەزینی نرخی نەوت ئەوەندە زۆر بووە کە ئیدی کۆماری ئیسلامی ئالتێرناتیڤی دیکەی نیە کە بتوانێ درێژە بدات بەو وەزعییەتەی کە ئێستا هەیەتی «حەداد عادڵ» دەڵێ نرخی نەوت ئەوەندە دابەزیوە کە تەنانەت ئەگەر گەمارۆکانیشمان لەسەر لا بچێ ئابووری ئێمە زۆر شکەنەندەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەر پێشتر فەقەت گەمارۆی ئابووری لەسەر بوو ئێستا گەمارۆی نەفتیش جارێکی دیکە کەوتووەتەوە سەری، ئەویش بەو مەعنایەی کە ئەو نەوتەی کە دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر بیفرۆشێت کە هەرچەند ناتوانێت پووڵەکەی بە دۆلار وەربگرێتەوە، بەڵام ئێستا لەو پێوەندییەشدا دەبینین کە نرخەکەی یەکجار زۆر دابەزیوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بودجەی خۆی لەسەر ٧٢$ بۆ قیمەتی هەر بەرمیلێک نەوت دیاری کردووە، ئێستا قیمەتی نەوت دوێنێ شەو ڕاگەیندرا کە دەوری ٥٢$ و خوردەیەکە، ئەو هەمووو کەسریی

بودجە و ئەو هەزینە و مەسرەفەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەتحی مەنتەقەدا بە نیسبەتی یارمەتیدان بە حکوومەتە تیرۆریستەکان و شەڕی سووریە، حیزبوڵڵا و ئەوانە مەسرەفی ئەکات، ناتوانێت لە عوهدەی دەربێ ئەگەر گەمارۆکانی لەسەر بێ.

تەبیعەتەن ئەو وەزعییەتەیە کە حەسەن ڕوحانیشی هێناپە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیدا هەوڵ بدات، بەڵام توندڕەوەکان کە دژی ئەو شێوە وتووێژەن، بەو نەتیجە گەیشتوون کە ئەوەی تاکوو ئێستا کراوە ئیمتیاز دانە بە ئامریکا و ئێران دەستکەوتێکی نەبووە بۆیە ئیعترازییان هەیە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بێجگە لەوەی کە ئەو ڕێگایەی ئیدامە بدات ڕێگایەکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە بە بۆچوونی من بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە خودی ڕێبەری ڕێژیم گەیشتووە بەو قەناعەتەی کە هیچ دەرەتانێکی نەماوە دەبێ کارێک بکات ئەو گەمارۆیانە هەڵگیرێت، بۆیە ئەویش لە واقێعدا بە نەوعێک موافقەتی خۆی ئیعلام دەکات لەگەڵ درێژ بوونەوەی وتووێژەکان.

مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە لە سەتحی نێونەتەوەییشدا تەئسیری داناوە، ئەویش لە ڕابیتە لەگەڵ مەسەلەی درێژەدانی شەڕی سوورییەدایە، دەبینین کە شەڕی سووریە بووەتە زەلکاوێک بۆ کۆماری ئیسلامیی ئیران کە دەبێ هەر لێی خەرج بکات و تاکوو ئێستاش هیچی دەست نەکەوتووە و دەبێ هەر وا درێژەی پێ بدات. بەڵام بەو ئابوورییە تێکرووخاوەی مەسەلەکە دەگاتە نووقتەیەک کە ئیدی ناتوانێت درێژەی بدا، بۆیە دەبینین کە لەو ئاخرانەدا سەفەری لاریجانی سەرۆکی مەجلیس بۆ لوبنان، بۆ دەمیشق و بۆ بەغدا لە واقێعدا بە نەوعێک ئیتمینان دانە بە هاوپەیمانەکانی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەوەی کە لە ژێر گەمارۆی ئابووریدایە و نرخی نەوت دابەزیوە، بەڵام ئەو ئیدامە دەدا بە یارمەتییەکانی خۆی، بەشار ئەسەد بە ئاشکرا نیگەرانی خۆی لەو مەسەلەیە دەربڕیوە و حزبوڵڵاش نیگەرانە، ئەو نیگەرانییانە کۆماری ئیسلامی گەیاندووەتە نوقتەیەک کە دەبێ بۆ ئەو شەڕەش کە داهاتی ئێران هەڵدەلووشێت فیکریک بکەن، ئێستاش لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا هەندێک جم و جۆڵ لە ئارادایە ئەو جم و جۆڵانە یەکێکیان ئەو سەفەرەی لاریجانیە کە بێگومان لەسەر مەسەلەی درێژەدانی شەڕ لەگەڵ ئەو لایەنانە قسەی کردووە، لە لایەکی دیکەوە قسەی پووتین لە ڕووسیەیە کە ئێستا خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتدا دابنیشن بۆ ئەوەی باس بکەن بۆ کۆتایی هینان بەو شەڕە لە ڕێگای وتووێژەوە، بێگومان ئەو قسەکردنەی پووتین ئۆکەی ئێرانیشی تێدایە، دیارە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا پووتینیش یا با بڵێین حکوومەتی ڕووسیە کە دوای ئێران یەکێک لە یارمەتیدەرانی گەورەی بەشار ئەسەد بوو، ئەوانیش هەر لە ژێر گەمارۆکان و دابەزینی نرخی نەوتدا ئیقتسادەکەیان بە تەواوی خەریکە وێران دەبێت. لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا نرخی ڕوبلی ڕووسیە نزیکەی ٤٠% دابەزیوە و ئێستاش هەر لە دابەزینەدای، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو گەمارۆیە تەئسیراتەکەی خۆی زیاتر نیشان ئەدا و فشار لەسەر ئێران زیاتر دەبێ. هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ڕۆژنامەیەکی میسری بە نێوی «بوابە الاهرام» خەبەرێکی بڵاو کردۆتەوە و باس لە تەوافوق لەسەر گەڵاڵەیەک دەکات لە بەینی ئامریکا و ڕووسیەدا بۆ ئەوەی کۆتایی بێنن بە شەڕی سووریە. خەبەرەکە باس لەوە دەکا کە لە گەڵاڵەکەدا تەکلیفی بەشار ئەسەد و حکومەتی ئایەندە و هەروەها ئەو کەسایەتییانەی کە لە ئاستی نێونجی و سەرەوەدا لە حکومەت بەشدار دەبن بە وردەکارییەوە دیاری کراون. هەرچەند ئەو خەبەرە لەلایەن سەرچاوەی دیکەوە تەئید نەکراوە، بەڵام کە تۆ هەمووی ئەو جم وجۆڵانە دێنی لە تەنیشتی یەکی دادەنێی، بە بۆچوونی من نەتیجەکەی ئەوەیە کە ئەو گەمارۆیانە لەسەر ئێران و ڕووسیە کە یارمەتیدەری ئەسڵیی بەشار

ئەسەدن تەئسیراتی خۆی داناوە و دەیانەوێ بە جۆرێک خۆیان لەو مەسەلەیە ڕزگار بکەن. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەوە تەئسیری گەمارۆکان هەر لە نێوخۆی ئێراندا نیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ تەئسیراتەکەی زیاتر دەردەکەوێ، بەڵکوو لە سەتحی نێونەتەوەییشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران مەجبور دەکا کە چاو بە سیاسەتەکانی خۆیدا بکێشێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ئەگەر ببێتە کۆماری ئیسلامییەک کە یارمەتی بەشار ئەسەد نەکا، یارمەتی حیزبوڵڵا نەکا، یارمەتییەکانی بۆ حەماس کەم بکاتەوە یا ببیڕێ، لە واقیعدا دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی ماهییەتەکەی دەگۆڕێ، دەبێتە شتێکی دیکە، بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەو سیاسەتانە و ئەو دەستێوەردانانە لە مەنتەقەدا درێژە بدا مەجبوورە و دەبێ دەست لە پیتاندنی یورانیۆم بەو جۆرەی بۆ خۆی دیهەوێ، هەڵبگرێ.

**تیشک**: مادام کە گەمارۆکان ئەوەندە تەئسیریان هەبووە و جەنابیشت فەرمووت کە دەبوو چەند شەرتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی قبووڵ بکا، بۆچی ئامادە نیە کە ڕێکەوتنی یەکجارەکی واژۆ بکات و کۆتایی بەو مەسەلەیە بێنێ؟ یان ئەوەی کە کات دەکوژێ بە قازانجی خۆی؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین هۆیەکەی دەگەڕێتەوە لە لایەکەوە بۆ نێوخۆی وڵات، لە نێوخۆی وڵاتدا ئێمە مەجموعەیەک توندڕەومان هەیە کە خودی خامنەیی لەسەرەوەی هەموویانەوەیە، بەردەوام تاکوو ئێستا باسیان لەوە کردووە کە ئێمە سەردەکەوین و ئەو گەمارۆیانە ناتوانن هیچ تەئسیر لەسەر ئێمە دابنێن، درووشمە بریقەدارەکانی ئەو هەشت ساڵەی ئەحمەدی نژاد و قسەکانی خودی ڕەهبەر لەو پێوەندییەدا، ئەوەندەیان لەسەر ئەو مەسەلانە باس کردووە و بە خەڵکیان وتووە بۆیە ئەو تەسلیم بوونە دەبێ وردە وردە دەرخواردی خەڵکەکە بدەنەوە بۆ ئەوەی کە بتوانن تەوجیهی بکەن. ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە شتێکی تەبیعییە لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لایەنی زەعیفی ئەو وتووێژەیە بەڵام دیسان هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی کە بتوانێ دەسکەوتێکی زیاتر بەدەست بێنێ، مەسەلەن بتوانێ ٥+١ ڕازی بکات کە گەمارۆکانی زۆر زووتر لەسەر لابچێ چونکە ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە حەتتا ئەگەر بە تەوافوقی نەهاییش بگەن ئەو گەمارۆیانە چەند ساڵ دەکێشێ تاکوو وردە وردە هەڵبگیرێنەوە.

**تیشک**: قەراری کۆتایی مانگی پووشپەڕی داهاتووە. لە نێوخۆی ئامریکا کۆماریخوازەکان تەقریبەن کۆنگرێس و سێنای ئامریکایان بەدەستەوەیە و ڕەنگە فشارێکی زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن لەو پێوەندییەدا، هەر وەکوو جەنابیشت فەرمووت نرخی نەوت دابەزینی یەکجار زۆری بە خۆیەوە بینیوە لەولایەشەوە دەبینین کە تەحریمەکان تا ڕادەیەک هەر بە قوەتی خۆیان باقین پێشبینی ئێوە بۆ ئەو وتووێژانە لە داهاتوودا چیە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی کارتێکی ئەوەندە بەهێزی لەدەستدا ماوە کە بتوانێ سەرکەوتن لەو وتووێژانەدا بەدەست بێنێ؟

**مستەفا هیجری**: کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ کارتێکی بەهێزی نیە کە بتوانێ بیکاتە پشتیوانی سەرکەوتنی خۆی. وەکوو ئیشارەم پێکرد دۆستی هەرە بەهێز و جێی متمانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەپێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا ڕووسیە بوو کە ئێستا ڕووسیە بۆ خۆی تووشی گرفتارییەکی یەکجار زۆر گەورەی ئابوورییە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو گرفتانەی لێ گەورەتر دەبێتەوە، بێجگە لەوە لە

نێوخۆی ئێران وەزعییەتی ئابووری کە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ ژیانی خەڵک زیاتر تێک دەچێ، بێکاری زیاتر دەبێ، ئیعترازاتی خەڵک زیاتر دەبێ، ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەش کۆماری ئیسلامیی ئێران نیگەرانە لەوەی کە ئیدی نەتوانێ بەو ئابوورییە وێرانەی کە هەیەتی یارمەتیدەر بێ بۆ هاوپەیمانە تیرۆریستەکانی لە مەنتەقەدا و نفوزی خۆی بەو شێوەیە لە مەنتەقەدا بەرینتر بکاتەوە و ئەوانە هەموو مەسائیلێکن کە نەک هەر لە ڕاستای وەزعی موسبەتی ئێراندا نیە، بەڵکوو هەموویان بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەچێتە پێشێ و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو هۆیانە زیاتر و بەهێزتر دەبن. مەسەلەن هەر یەکێک لەو شتانەی کە ئێستا دەبێ ئیشارەی پێ بکەین و مەسەلەیەکی موهیممە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە ئێستا باسی لەوەیە کە ئەو ڕادە لە یورانیۆمەی کە پیتاندوویەتی بینێرێت بۆ ڕووسیە. ئەوە پێشنەهادێک بوو کە لە زەمانی ئەحمەدی نژاددا گرووپی ١+٥ کردی بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا ئیعتمادسازی بکات، کە بە توندی ئەو مەسەلەیان ڕەت کردەوە، بەڵام ئێستا باس لەوە دەکرێ کە ئەو یۆرانیۆمە بچێتە ئەوێ، خەبەرەکە لەلایەن ڕۆژنامەی ئاسۆشیێتدپریس بڵاو بۆتەوە کە مەعمولەن ئەو ڕۆژنامانە لە سەرچاوەی جێگای متمانەوە خەبەر وەردەگرن. کۆماری ئیسلامیی ئێران زاهیرەن ئەوەی ڕەت کردۆتەوە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە چ لە سەتحی نێونەتەوەییدا و چ لە سەتحی نێوخۆی ئێراندا کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ بەرگێکی بەرەنگەی بەدەستەوە نیە کە بتوانێ فشار بێنێ بۆ ١+٥ چونکە ئەوە کۆماری ئیسلامیە کە ئیحتیاجی بە ١+٥ە، ئەوان شتێکیان نیە لەدەستی بدەن مەسەلەن تەواوی ئیمتیازێکی کە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی توانیویەتی بەدەستی بێنێ ئەوەیە کە لە نزیکەی ١٠٠ میلیارد دۆلار سەرمایەی ئێران کە ئی خۆیەتی و دەستی بەسەردا گیراوە موافقەتیان کردووە مانگانە ٥٠٠ میلیۆن دۆلاری تەحویل بدەنەوە یا هێندێک گەمارۆی زۆر چووکەیان لەسەر قەتەعاتی هەواپەیمای موسافرەتی هەڵگرتووە کە ئەوانە تەئسیرێک لەسەر وەزعی ئابووری ئێران دانانێت.

**تیشک**: فەرمووتان کە بەرەبەرە زەمینە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی کە پاشەکشە بکەن ئەگەر هاتوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مل بۆ داخوازییەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ڕابکێشێ و تەسلیم بێت، ئایا ئەوە مونجەر بە کرانەوەی سیاسی لە نێوخۆی ئێرانیشدا دەبێ یا داخرانی زیاتر و سەرکوت و زەبروزەنگی زیاتر، یان ئەگەر هاتوو ڕێک نەکەون وێنای چی دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: من پێش ئەوەی کە دانیشتنەکانی ژنێف دەست پێبکا ئەوەدەمیش وتارێکم نووسی لەوێشدا باسم لەوە کردووە، ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم کە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەی مەبەستییەتی سیاسەتی جیهانی و جیهان بینییەکەیەتی، برسیبوونی خەڵکی ئێران تەئسیرێکی لەسەر ناکا، بۆیە پێ بە پێی ئەوەی کە دەیهەوێ نفووزی خۆی لە مەنتەقەدا بەرین بکاتەوە، بە قەولی خۆی ئیدئۆلۆژی خۆی و ئینقلابی خۆیان سادر بکەن بۆ دەرەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا چوونکە وەزعی خەڵکی ئێران سەختتر دەبێ، ئیعترازات زیاتر دەبێ و ئیعترازاتی زیاتر یانی سەرکوتی زیاتر. هەر وەکوو دیتمان ڕوحانی کە هات وادەیەکی زۆری بە خەڵک دا باسی لەوە کرد کە لە وتووێژەکاندا سەر دەکەون و وەزعی ئەمنییەتی سووکتر دەبێ لەسەر خەڵکی ئێران، بەڵام بەپێی هەموو سەرچاوەکانی دونیا و ئامارەکانی خودی ئێرانیش دەرکەوت لە کۆماری ئیسلامیدا لەو ماوەیەدا ئەگەرچی بەرەوڕووی ڕۆژئاوا کراوەتەوە لە مەسەلەی ئەتۆمیدا ئیمتیاز دەدا، بەڵام ئیعدامەکان لە ئێران زیاتر بووە، دەستبەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان زیاتر بووە و لە داهاتوودا بە بۆچوونی من کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندیەدا سەختگیری و توند و تیژیەکەی بەرانبەر بە خەڵکی ئێران



سەرچاوە
Serchawe

زیاتر دەبێت چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەڵکی ئێران دەترسێ و دەزانێت کە خەڵکی ئێران لە کەمترین فرسەت کە بە دستی بێنن لە دژی ئەو حکوومەتە ڕادەپەڕن بۆیەش ئێستە دەبینین کۆماری ئیسلامی لە دژی هەموو جووڵانەوەیەک، لە دژی هەموو حەرەکەتێک، لە دژی هەموو بۆچوون و قسەیەک کە جیاوازی چووکەی هەبێت لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بێ ڕۆحمانە بەرخۆرد دەکات و ڕۆحم بە هیچ کەسێکیش ناکات تەنانەت بە ئەو کەسانەی کە وفاداری خۆیان بوونە و لەگەڵ ئەوان لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کۆماری ئیسلامی بەشداربوونە.

**تیشک**: سەبارەت بە مەسەلەیٔ ناوکی کە پێ دەچێ زیاتر مەبەستی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی شەخسی حەسەن ڕوحانی ئەوە بێ، ئێستا مەسەلەیەکی دیکەی هێناوەتە بەرباس کە ئەویش (ڕێفراندۆم)ە بۆ ئەسڵی ٥٩ی یاسایی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەڵێت: بۆ هەندێک مەسەلەی گرینگی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان فەرهنگی دەکرێ ڕجووع نەکەین بە مەجلیس و دەتوانین ڕێفراندۆمی بۆ بکەین، بەر لەوەی بێمە سەر مەنتق یا ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامی کە چەندە هەڵگری ئەوویە کە پەنا بۆ ڕای گشتی خەڵک ببات یا خود ئەسڵەن چەندە بۆی گرینگە، پێم خۆشە بزانم ئەوە بە چە مەبەستێکە؟ زیاتر ئایا بۆ مەبەستێکی سیاسییە، لێدانە لە ڕێبەر؟ یاخود ئەوە شەڕی زەرنگەریە لە نێوان باندەکانی ڕێژیمدا یان نەخێر بۆ خۆش گوزەرانییە، بۆ بژێوی ژیانی خەڵکیە، بۆ خزمەت کردنی زیاتر، ئایا بە چ مەبەستێکە کە زیاتر ئەوەیان هێناوەتە بەر باس؟

**مستەفا هیجری**: وەکوو ئاگادارن حەسەن رۆحانی و وزیری کاروباری دەرەوە کە لە جەریانی وتووێژەکاندا بەشدار بوون، بەردەوام لە ژێر فشاری تۆندڕەوەکاندان، هەر دوێنێ و پێرێ بوو کە وەزیری کاروباری دەرەوە جارێکی دیکە بانگ کرایەوە پارلەمان بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری نوێنەران بداتەوە کە ئەوانەی ئیعترازیان هەیە و دەڵێن کۆماری ئیسلامی دەسکەوتی نەبووە لەو وتووێژانەدا و لایەنی ڕۆژئاوایی سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەدا ڕوحانی و دەوڵەتەکەی یەکجار زۆر لە ژێر فشاردان لە لایەن تۆندڕەوەکانەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەوان باش دەزانن کە خەڵکی ئێران بەو وتووێژانە ڕازین و پێیان خۆشە کە کۆمای ئیسلامیی ئێران بە قیمەتی دەست هەڵگرتن لە پیتاندنی ئۆرانیوم و دەست بەردار بوون لەو پرۆژیە ئاڵوگۆڕێکی تێدا بێتە پێشێ، کە ئابووری ئێران وەزعی باشتر بێت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا حەسەن ڕوحانی دەزانێ کە ئەگەر بێت و ڕێفراندۆمێک بکرێت خەڵک پشتیوانی لێ دەکات ئەوە لایەنێکی مەسەلەکەیە، بۆیە ئەوەی هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام لایەنی دیکەی مەسەلەکە ئەوویە کە بە زۆر هۆکار لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئیمکانی نییە کە ئیزنی ڕێفراندۆم بۆ ئەو مەسەلانە بدەن،لەگەڵ ئیدئۆلۆژیەکەی نایەتەوە، سێ چوار خاڵ لەو پێوەندیدا پێم خۆشە ئیشارە پێ بکەم یەکێکیان ئەوویە کە ڕێفراندوم ڕاستە ئەسڵێکی قانوونی ئەساسیە بەڵام لەوێدا دەبێت دوو سێهەمی نوێنەرانی مەجلیس دەنگ بدەن کە بابەتێک بێتە ڕێفراندۆم، باشە مەجلیس ئێستا دەبینین کە ئەکسەریەتی تۆندڕۆەکانن و قەت دەنگ بە شتێکی ئاوا نادەن، دوای ئەوان دەبێت ببرێتە (شورای تەشخیسی مسڵەحەتی نیزام تاکوو بزانن ئایا ئەوە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام یەک دەگرێتەوە یاخود دەگونجێت یا نا؟ لەوێ ڕەتی دەکەنەوە، بۆچی ڕەتی دەکەنەوە؟ هۆکارەکەی زۆر ڕوونە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوویکە گرینگی پێ دەدرێت و حیسابی بۆ دەکەن، نەک دەنگی خەڵکە بەڵکوو دەنگی وەلی فەقیهە کە نوێنەری ئیمامی زەمانە و دەسەڵات بەدەستەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر جار ئەمەیان دووپات کردۆتەوە کە خەڵک شایستەی دەنگدان نین، خەڵک دەبێت تەبەعییەت بکەن لە وەلی فەقیە کەوابوو لەو مەسەلەیەشدا ناتوانن ئەو

ڕێفراندۆمە جێبەجێ بکەن و بێجگە لە هەمووی ئەوانە ئەگەر ئەو ڕێفراندۆمە جێبەجێ بکرێت لە ڕاستیدا دەبێت ڕێگا بکاتەوە بۆ ڕێفراندۆمی دیکە، ڕێفراندۆمی دیکە چییە؟ مەسەلەن لە مێژ ساڵە ئازادیخوازانی ئێران و ئەحزابی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و خەڵک داوا دەکەن دەڵێن دوای سی و چەن ساڵ لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی با جارێکیش ڕێفراندۆم بکرێت بزانین خەڵک دەنگ دەدات بەو حکوومەتە یاخود نا، بەڵام قەت کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگا بەو مەسەلەیە نادات، یانی بەگشتی ڕێفراندۆم کە بریتیە لە موراجعە کردن بە دەنگی خەڵک لە سیستمگەلێکی دێموکراتیکدا دێتە پێشێ کە لەوێدا نوێنەرانی مەجلێس نوێنەرانی ویست و داخوازی خەڵکن، حکوومەت لە سەر ویست و داخوازی خەڵک بەرنامە دادەڕێژیت و قانوون لە سەر بەرژەوەندی خەڵک پەسەند دەکرێت، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە هەڵبژاردنەکان و نوێنەرانی مەجلیس بە قەوڵی خویان دەڵێن هەمووی مۆهەندێسی دەکرێت و دیاری دەکرێن و دەچنە مەجلیس لە ڕاستیدا نوێنەرانی حکوومەتن و نوێنەرانی ڕێژیمن، نەک نوێنەارنی خەڵک، بۆیە نە لە مەجلێس ئەو مەسەلەیە پەسەند دەکرێت و نە ئیمکانی ئەوە هەیە شورای تەشخیسی مسڵەحتی نیزام ئەو کارە بکات و نە خودی وەلی فەقیە ڕەزایەت دەدات بەوە چوونکە ئەگەر ئەو کارە بکەن دەسەڵاتەکەی وەلی فەقیە وەردەگرنەوە و دەیدەن بە خەڵک.

**تیشک**: باشە ئەگەر وایە ئەو پاڕادۆکسە لە سیاسەتی ڕۆحانیدا چییە؟ بۆ خۆی ئێشارەی پێی کردووە کە دەڵێت: هەموو شتێک لە سەر ئۆکەی ڕێبەری واتا شەخسی خامنەیی بووە و هیچ شتێک بە بێ ئەو نەکراوە و ئەو پەسەندی کردووە بۆ وتووێژ یان بۆ زۆر شتی دیکە ساختاری گشتی ڕێژیم و تەنانەت سیاسەتی گشتی ڕێژیم و سیاسەتی کەلانی ڕێژیم هەر وەلی فەقیە بۆ خۆی دیاری دەکات، ئەگەر وایە ئەو پاڕادۆکسە چییە لە سیاسەتی ڕوحانی کە لە لایەک هەم دەیەوێت لێی بدات و لە لایەکی دیکەشەوە تەعریف و تەمجید لە خامنەیی دەکات و دەڵێت کە ئۆکەی ئەوی لە سەرە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ ئەوە ڕاستە خۆ تبیعەتەن دەبێت ئەو مەسەلە گرینگانەی کە پێوەندی بە سیاسەتی نێونەتەوەیی یان نێوخویی ئێرانەوە هەیە لە لایەن خودی خامنەییەوە پەسەند بکرێت.

لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیوم و وتووێژی ١+٥ خامنەیی لە ڕاستیدا هەتاکوو ئێستا دوولایەنە کایەی کردووە، لە لایەکەوە بەردەوام دەڵێت من متمانەم بەو لایەنانە نییە ئەوانە درۆمان لەگەڵدا دەکەن ئەوانە ناسازێن و لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێت: باشە بەردەوام بن، لەو دوولایەنە حەرەکەت کردنەدا ناکرێت هەموو ڕۆژێک دیفاع لە ڕوحانی بکات، بۆیە تۆندڕەووەکان فشاری بۆ دێنن ئەویش لە بەرانبەری ئەو فشارانەدا عەکسولعەمەل نیشان دەدەات یانی لە ڕاستیدا ئەو قسەی ڕوحانی عەکسولعەمەلێکە لە بەرانبەر ئەو فشارەی کە تۆندڕەووەکان هێناویانە. وەزیری خارجە بانگ دەکەن بۆ پرسیار کردن هەموو ڕۆژێک، ئەویش دەیەوێت ئەو عەکسولعەمەلە نیشان بدات، دەنا بە ڕای من ڕوحانی لە هەموو خەڵک باشتر دەزانێت کە لەو سیستمەدا ئیمکانی ڕێفراندۆمێکی ئازاد بە هیچ شێوەیەک جێبەجێ نابێت.



سەرچاوە
Serchawe

**تیشک**: بابەتێکی دیکە کە پێوەندی بە کوردستان و ڕۆژهەڵات و ئەحزابی سیاسی ئەو پارچەیە لە کوردستانەوە هەیە دەوروژێنین، ماوێکە دەبینین چەمک یا گۆفتمانێک لە نێو هەندێک لە ئەحزابی کوردستاندا سەری هەڵداوە بە نێو ڕۆژهەڵات مێحوەری یا کۆنگرەی ڕۆژهەڵات، سەرەتا پێم خۆشە لە ڕۆژهەڵات مێحوەرییەوە دەست پێبکەم، ئایا ڕای حیزبی دێموکرات لەو پێوەندیەدا چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر ڕای حیزبی دێموکراتت دەوێ، ڕای حیزبی دێموکرات زۆر ڕوونە، ئێمە وەک حیزب نێومان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، تاکوو ئێستا لەسەر ئەو سیاسەتەین یەعنی هەموو کار و تێکۆشان و فەعالیەتی ئێمە پێوەندی هەیە بە خۆرهەڵاتی کوردستان. ئەوە سیاسەتی ئێمە بووە لە سەرەتاوە و تاکوو ئێستاش درێژی هەیە و ئێستاش پێمان وایە دەبێت هەموو کار و تێکۆشانی ئێمە پێوەندی هەبێت بە کوردستانی ئێرانەوە، بەڵام تەبیعەتەن ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە لە بەشەکانیتری کوردستاندا ڕوو دەدەن بێ تەفاوت بین، ئێمە وەکوو هێزێکی نەتەوەیی لە هەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕێکدا کە لە بەشەکانی جۆراوجۆری کوردستان دێتە پێشێ نەزەر و بۆچوونی خۆمان دەدەین و قسەی خۆمان دەکەین و هەڵوێستی سیاسی خۆمان دەردەبڕین، بەڵام نزیکەی هەشت ساڵ لەمەوپێش ئەو هاوڕێیانەی کە لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە، ئەوان وشەی ئێرانیان لە نێوی حیزبەکەیان کەم کردەوە و ئارمی حیزبەکەیان کرد بە چوار کێو لە جیاتی کێوێک بە نیشانەی ئەوەیکە ویستیان وا نیشان بدەن کە ئەوان نەتەوەییترن و کار و تێکۆشانیان لە چوارچێوەی هەموو بەشەکانی کوردستاندایە، بەڵام ئێستا بە هەر هۆکارێک وا دیارە گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو سیاسەتە سیاسەتێکی سەرکەوتوو نەبووە گەڕاونەتەوە بۆ ئەو ئەسڵەی سەرەتا کە کار و تێکۆشان لە چوارچێوەی کوردستانی ئێراندایە، ئێمە ئەو هەڵوێستە بە هەڵوێستێکی باش دەزانین و پێشوازی لێ دەکەین. پێمان وایە کە بە نەتیجەیەکی دروست گەیشتوون، بەڵام تەنیا شتێک کە لێرەدا دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە ئەو گۆڕینی سیاسەتە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەدا لەگەڵ عێنوانی حیزبەکەیان کە کوردستانە بە مەعنای هەموو بەشەکانی و ئەو ئارمەی حیزبەیان کە چوار کێو بە واتای چوار بەشی کوردستانە برێک لەگەڵ ئەوە ناتەبایە ئێستە ئەوە خۆیان چۆنی جێبەجێ دەکەن یان چۆنی توجیە دەکەن مەسەلەیەکە پێوەندی بەوانەوە هەیە، بەڵام بە گشتی ئەو ئاڵوگۆڕەمان لە سیاسەتی ئەواندا پێ شتێکی باشە.

**تیشک**: لە هەمانکاتدا لایەنێکی دیکەیش باس لە ڕۆژهەڵات تەوەری یان کۆنگرەی ڕۆژهەڵات دەکا. مەبەست لە کۆنگرەی ڕۆژهەڵات چییە؟ یان خوێندنەوەتان بۆ ئەو تەوەرە چییە؟ ئێوە چۆن لێی دەڕوانن و چۆن پێشوازی لێدەکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەو مەوزووعە لە لایەن هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە مەترەح بووە، دیارە ئێمە ماوەیەک لەوە پێش کە میوانی ئەوان بووین لەوێ باسەکەی هاتە گۆڕێ، نەزەری خۆمان بە کورتی لەوێ باس کرد بە دوای ئەوەدا نامەیەکیان نارد بۆ ئێمە و داوایان کرد کە ئێمە نەزەری خۆمان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا دەربڕین و ئامادە کاریی بکەین بۆ ئەوەیکە بە هەموومانەوە بتوانین کۆنگرەی ڕۆژهەڵات پێک بێنین. ئێمە لە نامەیەکیشدا وەڵامان داونەتەوە، وەڵامی ئێمە ئەوە بووە کە تەبیعەتەن هەر نەوع یەکگرتنێک شتێکی پیرۆزە و دەبێ کاری بۆ بکرێ و بۆ خۆیشیان دەزانن کە ئێمە ماوەیەکی زۆر بوو حەوڵمان داوە بۆ ئەوەیکە بەرەیێک لە نێو ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی پێک بێ، بەڵام هێندێک گیروگرفتی تەشکیلاتی و سیاسی لە واقێعدا بوونەتە کۆسپ و تەگەرە لە سەر ئەو ڕێگایەدا، یەکێک لەو کۆسپ و تەگەرانە ئەوەیە کە ئینشعاباتێک لە نێو

هاوڕێیانی کۆمەڵەدا هاتووەتە پێش لەو ماوەیەدا، ئینشعابێک لە نێو حیزبی دێموکراتدا هاتووەتە پێش، ئەوانە گیروگرفت بوونە کە لەسەر ڕێگای یەکگرتنەوە، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە پێش ئەوەی باس لە کۆنگرەیەکی ئاوا بکرێت، پێویستە هەوڵ بدەین کە مەسەلەی ئەو جیابوونەوانە، ئەو گیروگرفتانە کە ئەو جیابوونەوانە پێکی هێناوە و جاری وایە لایەنەکان نایانهەوێ پێکەوە دابنیشن، ئەوانە چارەسەر بکەین، لە حاڵێکدا، ئەو گیروگرفتانە لە ئارادا بێ بە بۆچوونی ئێمە پێکهێنانی کۆنگرەیەکی ئاوا، ئەگەرچی وەکوو ئیدە، وەکوو فیکر شتێکی باشە، بەڵام لە عەمەلدا لانیکەم لە ئێستادا ئێمە بە مومکێنی نابینین.

**تیشک**: فەرمووتان کە پەرتەوازەیی لە نێو لایەنەکان یان ئەو ئینشعاباتەی کە لە نێوان ئەحزابەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتدا پێکهاتووە، لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانی جیابووەوە لە حیزبی دێموکراتدا ئێستا دەبینین کە لە ڕاگەیاندنەکان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەوام باس لە یەکگرتنی حیزب و پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی واحید دەکرێ، لەو پێوەندیەدا، پێمخۆشە نەزەری جنابتان و هەڵوێستی ڕەسمیی حیزبی دێموکرات بزانین کە ئایا ئەو شتە بە کوێ گەیشتووە؟

**مستەفا هیجری**: زۆرجار باسمان کردووە و ئێستاش ئەوە دووپات دەکەمەوە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەزەر و بۆچوونێکی کۆنگرەمان هەیە کە هەوڵ بدەین بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان کە لە حیزبی دێموکرات جودا بوونەوە، کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیش هەتا ئێستا تەئیدیان و تەئکیدیان لە سەر ئەو بڕیارە کردووەتەوە، ئێمەیش وەک حیزبێکی دێموکرات پابەندین بەو بڕیارانەی کە ئۆرگانەکانی سەرەوە بۆ ئێمە داویانە، لەو پێوەندیەدا لە مێژە خەریکی وتووێژ و دانوستانین لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان و ئەوەیش هەروا درێژە پێ دەدەین، ئێمە ئێستا لە بەرنامەماندا هەیە کە لە ماوەیەکی نیزیکدا کۆبوونەوەی دوو دەفتەری سیاسی هەر دوو لا بگرین و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا جارێکی دیکە دانیشتن بکەین بە حوزووری بەڕێز کاک خالید عەزیزی و خۆم بۆ ئەوەیکە لەوێدا جارێکی دیکە ئەو مەسەلانەی کە تاکوو ئێستا باسمان کردووە و ئەو کۆسپانەی کە لە سەر ڕێگان، ئەوانە تاوتوێ بکەین، هێندێک لە ڕابتە لەگەڵ ئەو مەسەلەدا چووینەتە پێشێ، حەرەکەتەکە ئێدامە دەدەین، بەڵام ئەوە مەسەلەیەک نییە کە بە پەلەپەل و بە کەمپێن و ئەوانە جێبەجێ بێ، تەبیعەتەن ئەوانەی لە کەمپێنەکەدا بەشدارن، هەر کەسێک بێ، یەکگرتوویی، بەهێزبوونی حیزبی دێموکراتی پێخۆشە، ئێمەیش هەروەکوو ئەو خەڵکە ئەوەمان پێخۆشە، چوونکە بەرپرسایەتیمان لە سەر شانە، زیاتریش هەوڵ دەدەین، بەڵام ڕەنگە هێندێک وردەکاری هەبێ کە هەموو خەڵکەکە لێی نەزانن، بەڵام ئێمە لە لایەن خۆمانەوە ئیرادەمان ئەوەیە کە ئەو مەسەلەیە بەرینە پێشێ و چارەسەری بکەین، هیواداریشین کە بە نەتیجەیەک بگات کە هەموو خەڵکەکەمان پێ دڵخۆش بن.

**تیشک**: ئەو ئیرادەیە چەندە بەهێزە لە لایەنی بەرانبەرەوە یان ئەسڵەن هیچ هەواڵێکی دڵخۆشکەر بۆ ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، دڵسۆزان و لایەنگرانی یەکگرتوویی حیزبی دێموکرات هەیە؟، چ خەبەرێکی خۆش یان هەواڵێکی خۆشت هەیە لەو پێوەندیەدا؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەیکە لە لایەن ئەو هاوڕێیانەوە دەتوانم باسی بکەم، تاکوو ئێستا بە بۆچوونی من ئەوانیش لەو باوەڕەدان کە دەبێ هەنگاو هەڵگرن بۆ ئەو مەسەلەیە و تەبیعەتەن ئەو مەسەلەیە پێویستی بە ئیرادە و گوزەشتی هەردووک لا هەیە و ئوسوولەن جەوهەری وتووێژ بریتییە لە ئەوەیکە هەر کەسە بتوانێ لە ویست و داخوازییەکانی خۆی بڕێک دابەزێ تاکوو بە نەتیجە بگەن دەنا ئەگەر هەر لایەنێک قەرار بێ فەقەت لە سەر ویست و داخوازییەکانی خۆی پێ دابگرێ بێگومان هیچ وتووێژێک بە ئاکام ناگات، ئێمەیش بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە وارێدی ئەو وتووێژە بووین و پێمان وایە کە ئەگەر لە سەر مەسەلە مەبدەئییەکان بە تەوافۆق بگەین کە من هیوادارم بە تەوافۆق بگەین، باقی وردەکارییەکانی دیکە دەتوانین ڕێگاحەلی مەنتقییان بۆ ببینینەوە.

**تیشک**: پرسیارێکی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد بە گشتی مەترەحی دەکەم، ئەویش پێوەندی بە باشووری کوردستانەوە هەیە، ماوەیەکە لە هێندێک لە ڕاگەیاندنەکانی کوردی و تەنانەت ئەوانەی دیکەیشدا دەبیسین باس لە ئایندەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان واتە باشووری کوردستان دەکەن کە بە کانتۆن بکرێ، کە ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستاندا هەیە، لێرەیشدا ئەو تەرحە پیادە بکرێ، تەنانەت بە ئاشکرا باس لە شەنگال و تا ڕادەیەک کەرکووک، سلێمانی و قەندیل و ئەوانە دەکرێ، هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا چییە؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕاستیدا هەڵوێستی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی حیزبی دێموکرات و فەعالیەت و تێکۆشانی ئێمە لە ئەو بەشەی کوردستان کە بۆ خۆمان لەوێین و خەڵکی ئێمە لەوێیە، بە مانای ئەوەیکە ئێمە لەو باوەڕەداین کە خەڵکی هەر بەشێک لە کوردستان، ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر بەشێک لە کوردستان، ئەرکیانە، وەزیفەیانە لە پێوەندی لەگەڵ چوارچێوەی ئەو بەشەی کە تێیدا دەژین، کار و تێکوشان و فەعالیەتی خۆیان درێژە بدەن بۆ ئەوەیکە بتوانن خەڵک لە ژێر باری زوڵم و زۆر و ستەم ڕزگاری بێ، ئێمە ئەو سیاسەتە بە دروست دەزانین و پێمان وایە کە هەر بەشێک لە کوردستان، دەبێ بۆ ڕزگاری خۆی تێبکۆشێ، لە عەینی حاڵدا ئێمە وەکوو ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆن لە هەر بەشێکدا چوونکە باوەڕمان وایە کوردستان یەک وڵاتە، کورد یەک نەتەوەیە، ئەگەر لە سەر ویست و داخوازی هەر بەشێک، داوایەک کرا بۆ یارمەتیدان، ئامادە بین یارمەتی بدەین. ئەو یارمەتیدانە بە مانای دخاڵەت نییە، بە مانای یارمەتیدانە لە سەر داخوازی خەڵک، لە سەر داخوازی حیزبە سیاسییەکان کە لە هەر بەشێکی کوردستان نیشتەجێن، بۆیە ئێمە پێمان وایە کە ئێمە وەزیفەمانە، هەموومان، لە هەموو بەشەکاندا، هەوڵبدەین یارمەتیدەری یەکتربین نەک موداخلە بکەین لە کاروباری یەکتریدا، من پێم وایە ئەو سیاسەتەیە کە دەتوانێ خزمەت بە دۆزی نەتەوەی کورد بکا لە هەموو بەشەکاندا و لە نەتیجەدا بە هەموو کورد. بۆیە ئەو خەبەرەی کە بڵاو بوویەوە هیوادارم کە سیاسەتێکی گشتی حیزبێک نەبێ، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، من ئەوە بە زەرەری کورد دەزانم، نەک هەر لە کوردستانی باشوور بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا کە وای لێ بێ بەشێک، لایەنێک، لە بەشێکی کوردستاندا بیهەوێ بڕیار بدات بۆ چارەنووسی بەشەکانی دیکەی کوردستان. من ئەوە نە لە باری سیاسییەوە، نە لە باری واقعییەوە بە دروستی نازانم، ئیجازە بدەین با هەر بەشەی کوردستان بۆ خۆی فەعالیەتی خۆی بکا، بە تایبەتی موقعیەتی ئێستای حکوومەتی هەرێم و کوردستانی باشوور دەبێ هەموو لە بەرچاوی بگرین کە لە موقعیەتێکی زۆر حەساس دایە، ئێستا لەگەڵ دوژمنێکی وەکوو داعش لە شەڕ دان، گیروگرفت و موشکلاتی ئابووریان هەیە، ئێمە هەمووومان دەبێ سەعی بکەین

کە نەک هەر گیروگرفتیان بۆ زیاد نەکەین بەڵکوو ئەگەر شتێکمان لە دەست دێ، لە ڕێگای یارمەتیدان و کەم کردنەوەی کۆسپەکانیان تێبکۆشین.

هیوادارم کە ئەو گیروگرفت و موشکلاتەی کە لە نێو حیزب و لایەنەکانی کوردی لە هەموو بەشەکاندا جار جار دەبینرێ، کە بۆ خۆی تەئسیراتی زۆر مەنفی داناوە لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی کارەکان لە هەموو بەشەکاندا و لە نەتیجە لە سەرانسەری کوردستاندا، لەو مەوقعیەتە حەساسەدا کە هەموومان تێیدا گرفتارین و هەر لایەنەی بە جۆرێک لەگەڵ گیروگرفتی نێوخۆیی بەشەکەی خۆیدا ڕووبەڕوویە، بتوانین هەموومان بە هەستێکی نیشتمان پەرەوەری و نەتەوەییەوە یارمەتیدەری یەکتر بین، کۆمەک بە یەکتری بکەین کە لە واقێعدا کۆمەک کردنە بە خۆمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٥

---------------------------------------------------

## یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و هەروەها بارودۆخی ناوچەکە...



ئاژانسی ئانادۆڵۆ

مستەفا هیجری: بۆ یەکگرتنەوە لەسەر خاڵە سیاسییەکانی کۆنگرەی ١٣ وەک بنەمای دانیشتنەکان ڕێک کەوتووین

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، مستەفا هیجری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو لەبارەی پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت:

دەمانەوێت بە وردی بچینە کارەکەوە و نامانەوێت دوای یەکگرتنەوە جیابوونەوەی دیکە دروست ببێتەوە.

مستەفا هیجری لەو بارەیەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی:

ئەوەی لەبارەی یەکگرتنەوەوە باسی لێوەدەکرێت شتێکی تازە نییە، درێژەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەیە کە نزیکەی دوو ساڵە دەستمان پێکردووە، دوای ئەوەی لە دوایین کۆنگرەماندا یەکێک لە ڕاسپاردەکان بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە، ئیدی هەوڵەکانمان چڕتر کردەوە و لێژنەیەکمان پێکهێنا و لەگەڵ هاوڕێیان چەند جارێک دانیشتووین تا ئاستی سکرتێری هەردوولا.

دواتر ئاماژەی بەوەدا کە: ڕەنگە ئەم هەفتەیە دانیشتنێکی دیکە لە نێوان هەردوو دەفتەری سیاسی بە ئامادەبوونی هەر دوو سکرتێر بەڕێوەبچێت بۆ ئەوەی چوارچێوەی کارەکە و وردەکارییەکانی بەگشتی باس بکەین و دواتر لێژنەکانمان درێژەی پێبدەن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی قسەکانیدا لەبارەی ئەو پرسەوە دەڵێت هەردوو لایەن ڕێک کەوتوون کە خاڵە سیاسییەکانی پەسەندکراوی دوایین کۆنگرەی حزبەکەیان پێش ئەو جیابوونەوەیە بکەنە بنەما لە وتووێژەکانیان و لەو پێناوەشدا لەسەر ناوی حیزب و ئارمەکەیان و چەند شتێکی دیکەش ڕێک کەوتوون.

لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ دیاریکردنی کات بۆ یەکگرتنەوەکە، مستەفا هیجری دەڵێت:

پێشبینی کردنی کات زەحمەتە.

ئەو هێمای بۆ ئەوەش کرد کە ئێران بەو یەکگرتنەوەیەی ئەوان قەڵسە و پێیان خۆش نابێت، لەوبارەیەوە دەشڵێت:

ئەسڵەن خودی جیابوونەوەکە ئەگەر ڕاستەوخۆش نەبێت بە ناڕاستەوخۆ دەستی ئێرانی تێدابوو، کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک بۆ حیزبی دیموکرات کە حزبێکی سەرەکییە لە ڕۆژهەڵات، یەکگرتوویی کوردی لە هەموو بەشەکاندا پێ ناخۆشە و هەموو کار و تێکۆشانی لە هەموو بەشەکان بۆ جودایی و بەگژ یەکدا کردنی کوردە.



سەرچاوە
Serchawe

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری کە حزبەکەی یەکێکە لە کۆنترین حیزبەکانی کوردی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لەو هەڤپەیڤینەییدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو باس لە بوونی هەواڵگریی ئێران لە هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت ئەوان زانیاریی تەواوییان لەبەردەستە کە ئێران مۆڵگەی سیخوڕیی زۆری لە هەرێم هەیە و دەڵێت:

ئێران لە رێگەی هەردوو کونسولخانەکەی لە هەولێر و سلێمانی و زۆر شوێنی دیکەی نهێنیی بوونی هەواڵگریی هەیە، بوونی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شوێنێک بۆ هەواڵ وەرگرتن نییە، بەڵکو بۆ تێکدانە، چوونکە ئێران لە رێگەی باڵیۆزخانەکانییەوە دەیەوێت بزانێت چۆن دەتوانێت جیاوازیی بخاتە نێو حزبەکان و یاری بکات بۆ بەرژەوەندیی خۆی.

لەبارەی شەڕی داعشیشەوە دەڵێت: پێش شەش مانگ لەمەوبەر نزیکەی پێنج هەزار لە ئەندامانی سوپای قودس پەڕیونەتەوە بۆ کوردستانی عێراق، ئەوە جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەران و پسپۆڕان کە کار بۆ مەشقپێکردنی سوپای عێراق دەکەن، دەشڵێت بەشی زۆری ئەوانە بە ناوی پاراستنی مەزارگەکانی شیعەکان لە کەربەلا و نەجەف و سامەڕا هاتوون، بە رای ئەو ئەو هێزانە لە ناوچە جێ ناکۆکیەکانی جەلەولا و سەعدییە و چەند ناوچەیەکی دیکەش جێگیر کراون.

مستەفا هیجری لە درێژەی قسەکانیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو لە بارەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی بۆ سەر مەخموور و گوێڕ و نزیکبوونەوەیان لە هەولێر بۆ یەکەم جار پێش چەند مانگێک لەمەوبەر دەڵێت: ئێران داعشی لە هەولێر نزیک کردەوە بۆ تەمبێ کردنی کورد کە ماوەیەک بوو باسی سەربەخۆییان دەکرد، دەشڵێت:

هاتنی داعش بۆ هەولێر و نزیکبوونەوەیان لە مەخمور و گوێر لەلایەن ئێرانەوە بەرنامەڕێژیی بۆ کرابوو، ئێران ویستی ئەوان بێنە ئێرە و کورد تەمبێ بکات، چونکە لەو ماوەیە و پێشتریش کورد زۆر باسی ریفراندۆم و سەربەخۆییان دەکرد و کۆماری ئیسلامی ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو ویستی کورد سزا بدات.
باس لەوەش دەکات پاش پێکانی ئەو ئامانجەی ئێران و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمیش وایان بڵاوکردەوە کە ئێران یەکەم وڵات بوو یارمەتیی هەرێمی دا لە شەڕی دژ بە داعش.

مستەفا هیجری بۆ ئەو قسانەی کە دەیانکات زوو زوو دەیگوت بەپێی زانیارییەکانییان، ئەو گوتیشی:

زانیارییەکانمان باس لەوە دەکەن ئێران مەشق بە پەنابەری ئەفغانی دەکات و دواتر دەینانێرێتە نێو ریزەکانی داعش.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری لە درێژەی هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو لەبارەی هۆکاری کشانەوەی هێزەکانییان لە شەڕی دژ بە داعش پاش بەشداربوونێکی کورت دەڵێت:

ئێمە وەکوو حیزبی دیموکرات ئێستا هیچ هێزێکمان لەشەڕی دژ بە داعش لە باشووری کوردستان بەشدار نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەرەتای هێرشەکانی داعش بۆ سەر گوێڕ و مەخمور و نزیکبوونەوەیان لە هەولێر ئامادەیی خۆمان بۆ ناردنی هێز بۆ شەڕەکە دەربڕی و بەرپرسانی هەرێم داوایان لێکردین و بەدەمیانەوە چووین، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت داوای کشانەوەیان لێکردین و کشاینەوە.

لەمەڕ هۆکاری ئەو کشانەوەیەش مستەفا هیجری دەڵێت:

ئێران پێی خۆش نییە هێزەکانی حزبە کوردییەکان دەربکەون و رەنگە ئەو کشانەوەیەش هەر لەسەر داوای ئێران بووبێت.

مستەفا هیجری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئێستادا بە گونجاو نازانێت و هەلومەرجی سیاسی و ناوچەیی بە لەبار بۆ ئەو کردیەیە نابینێت و دەڵێت:

دوای روخانی رژێمی پاشایەتی و خۆ راگەیاندنی بە ئاشکرای حزبی دیموکرات خەباتی چەکداریمان وەکوو شێوەیەکی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران زانی نەک وەکوو ئامانج و یەکلاکەرەوە، بۆیە خەباتی چەکداریی خوێناویمان لە گەڵدا بردە پێشەوە، ئێستاش ئەگەر بوار هەبێت دیسان دەکرێت خەباتی چەکداری وەکو یەکێک لە شێوەکان کەڵک لێ وەربگرین، ئەگەر هەلومەرجە سیاسی و ناوچەیی رێگە بدات رەنگە وەکوو شێوەیەک لە شێوەیەکان کەڵکی لێ وەربگرین، بەڵام ئێستا ئەو هەلومەرجە بۆ ئێمە لەبار نییە، ناتوانیین لێرە دابنیشین و بچین لە ئێران خەباتی چەکداری بکەین.

هیجری لەبارەی پرسی کۆنگرەی نەتەوەییشەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو دەڵێت بەرژەوەندیی حزبایەتی هۆکاری دواخستنییەتی، لەو رووەوە گوتی:

لەکاتێکدا هێزی کورد هەمووی پارچە پارچەیە و هەمووی لە بیری پێکهێنانی بەرژەوەندی و قازانجی خۆیەتی نەک بەرژەوەندیی نەتەوەیی، ئەوا کۆنگرەی نەتەوەی نابەسترێت، کۆنگرەی نەتەوەی دەبێت لەسەر بنەمای قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی پێکبێت، ئێستا بۆ بەرژەوەندیی حزبی و گرووپ و دەستەیە، تا ئەو کاتەی ئەو رەوتە بەردەوام بێت پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی سەرناگرێت، ئەگەر سەریش بگرێت لە بەرژەوەندیی یەک دوو لایەن دەبێت، پێشتریش هەر بەو هۆیەوە کۆنگرەکە سەری نەگرت، بۆیە گەشبین نیم لەبەستنی لەبەر بەرژەوەندیی حزبی.

هیجری، پارتی و یەکەکە بەتایبەت ئەمەی دوای بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەیانەوێت هێژموونیی خۆیان بەسەر کۆنگرەی نەتەوەییەوە دەربکەوێت، دەشڵێت:

هەر لایەنێک بیەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بخاتە ژێر هەژموونی خۆی ئەوا سەرناگرێت.

لە کۆتایی قسەکانیدا سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری سەرکەوتنی کۆبانیی لە دژی داعش بە گرنگ هەڵسەنگاند و گوتی بە سەرکەوتنی خۆیانی دەزانن و هیوای ئەوەشی خواست ئەو سەرکەوتنە سەرەتایەک بێت بۆ شکست پێهێنانی داعش لە هەموو خاکی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی فێبریوێری ٢٠١٥

----------------------------------------

## دووکەرتبوونی حیزب لەسەر کورسی و بەرژەوەندیی کەسی بوو...



**هێمن عەبدوڵڵا**

## مستەفا هیجری، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
## ئارەزووم نییە وەکو سکرتێری حیزب بمێنمەوە

**رووداو**: لەو رۆژەی دیموکراتەکان لە یەکدی جیابوونەتەوە، زۆر پێداگیری دەکرێ یەک بگرنەوە، بۆچی؟

**مستەفا هیجری**: مەسەلەی یەکگرتنەوە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر بووەتە رۆژەڤی خەڵک، چونکە خەڵک رابردوویەکی تاڵی هەیە لەگەڵ جیابوونەوەکان. ئەوەش کاریگەرییەکی خراپی هەبووە لەسەر سایکۆلۆژییەتی خەڵک، هیوای خەڵکی رووخاندووە، جیابوونەوەکان ئومێدیان نەداوە بە خەڵک. خەڵک یەکریزی دەوێت.

ئێمە وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێمانوایە یەکگرتنەوە بەهێزترمان دەکات، بۆیە لە دوایین کۆنگرەدا بڕیارمان دا هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئوسوڵی یەک بگرینەوە. دەبێت یەکگرتنەوەکە لەسەر بنەمایەک بێت کە دووبارە جیابوونەوەی لێ شین نەبێتەوە.

**رووداو**: بەڵام ئەندامانی دیموکرات دەڵێن ئەگەر یەکیش بگرنەوە، هیچ گرەنتییەک نییە کە جارێکی دیکە جیانەبنەوە، چ گرەنتییەک هەیە یەکبگرنەوە و جارێکی دیکە لێکجیابوونەوە روونەدات؟

**مستەفا هیجری**: جیابوونەوە لەهەر حیزبێکدا شتێکی سروشتییە، بەڵام ئەوەی گرنگە هۆیەکانی ئەو جیابوونەوەیە. ئێمەش نیگەرانین لەوەی کە جیابوونەوەی دیکە ببێت، ئەو جیابوونەوانە نیگەرانییەکی لەلای خەڵک دروست کردووە کە دووبارە روونەداتەوە، بۆیە من مەسەلەکە بە دوو شێوە دەبینم، یەکەم: هیچ گرەنتییەک نییە کە دووبارە جیابوونەوە نەبێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە دووبارە لەسەر هۆیەکانی ئەو جیابوونەوەیەی دوایی، جیابوونەوە روونەداتەوە، چونکە ئەو هۆکارانەی بووە هۆی ئەوەی ئەو هاوڕێیانەمان لە ئێمە جیاببنەوە، هیچ بنەمایەکی تەشکیلاتی و سیاسی نەبوو.

**رووداو**: کێشەی کورسیتان هەبوو؟

**مستەفا هیجری**: من وای دەبینم کە مەسەلەکە قازانج و بەرژەوەندی گرووپی و بەشێکیشی تاکە کەسی بوو.

**رووداو**: کە دەڵێن کێشەکە کێشەی کورسی بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رابردووەی هەتانە، بۆ نموونە تۆ جێگری سکرتێری گشتی بووی کە شەرەفکەندی تیرۆرکرا، دوای تۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەبێتە سکرتێری حیزب، بەڵام جیانابیتەوە. پێتانوایە عەبدوڵڵا حەسەن زادە، دوای ئەوەی سکرتێر نامێنێت، یان ئەوانەی هاوبیری ئەون رۆڵیان هەبووە لە کێشەی کورسی؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: بێگومان کێشە هەبووە، چونکە لە کۆنگرەی ١٠ تاوەکو ١٣ ئەو گرووپەی لە حیزب جیابوونەوە زۆربەیان لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بوون، دەسەڵاتەکان زۆربەی لە دەستی ئەواندا بوو، ئێمە کە گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆن بووین لە نێو حیزب و کەمینە بووین، زۆر شتمان قبوڵ کردووە، بەڵام قەت بیرمان لە جیابوونەوە نەکردووەتەوە. لە کۆنگرەی 13شدا ئەگەر ئەو هاوڕێیانەمان جارێکی دیکە لەلایەن کۆنگرەوە بەشێوەیەک دەنگ درابا کە ئەوان لە زۆرینەدا مابان، ئەو جیابوونەوەیە رووی نەدەدا.

**ڕووداو**: ئێوە پێشتر بە لایەنی بەرامبەرتان دەگوت هاوڕێیانی پێشوو، ئێستا وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەن، یان وەکو هاوڕێیانی پێشوو؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر ئێستاش هەر هاوڕێیانی پێشوومانن، بە نەزەری ئێمە ئەوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نین، چونکە ئەوان لەو حیزبە جیابوونەتەوە.

**ڕووداو**: لە کۆنگرەی ١٠ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دەگەڕێتەوە نێو حیزب، بەڵام وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. بۆچی ئەوە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان قبوڵ ناکەن؟

**مستەفا هیجری**: کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا مادام هەموو شتێک چارەسەر بووە و یەکدەگرینەوە، ئەگەر بەو نێوەش بگەڕێنەوە نێو حیزب کێشە نییە. ئەگەر لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی ئێستاشمان گەیشتینە ئەنجامێک کە لەسەر ناو یەکی بکەوێت، ئەوا بابەتەکە دەبەینەوە کۆمیتەی ناوەندی، ڕەنگە کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەوە رازی بێت بەو نێوە بن، بەڵام ئێستا هەر بە هاوڕێیانی پێشوو دەیانناسین.

**ڕووداو**: گفتوگۆکانتان گەیشتوونەتە چ قۆناغێک، گەیشتووەتە ئەوەی گەشبین بن، یان هێشتا سەرەتایە و زووە قسەی لەسەر بکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی تاوەکو ئێستا کردوومانە، وتووێژمان لەسەر خاڵە تەشکیلاتی و سیاسییەکانی کۆنگرەی ١٣ بێت، چونکە لەو کۆنگرەیە هەموو پێکەوە بووین، ڕاپۆرتی سیاسی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی پەسەندکراوە، پەیڕە و و پرۆگرامی ناوخۆ پەسەندکراوە، هەتا دەگاتە هەڵبژاردن هەموو ئەوانەمان قبوڵ کردووە، کەواتە لەو خاڵەدا کە بەجێیانهێشتووە دەستپێبکەینەوە. ئەوان تاوەکو ئێستا ئەوەیان قبوڵ کردووە. ئێستا هەندێک خاڵ ماون کە جێگەی نیگەرانین، لەوانەش ئەوان کە دێنەوە نێو حیزب وەزعی ڕێبەران و کادرانیان چی لێ دێت. ئێمەش هەندێک شتمان ماوە دەبێت باسیان بکەین، لەوانە دەبێت ئێمە فۆرمۆلێک ببینینەوە کە جیابوونەوە لەسەر مەسەلەی قازانج و بەرژەوەندیی گرووپی و تاکەکەسی لە حیزبدا وەکو شتێکی قەبیح بناسرێت.

قسەی ئێمە ئەوەیە کە دەبێت پێش کۆنگرە یەک حیزب هەبێت، دەبێت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرە بگرێت، بەپێی ئەو تەوافوقاتەی کە ئێستا لە ئارادایە، ئەوانیش بەشداری کۆنگرە دەبن.



سەرچاوە Serchawe

**ڕووداو**: گریمان یەکگرتنەوەکە سەری گرت، بەڵام نرخی ئەوە بوو کە مستەفا هیجری واز لە سکرتێری حیزب بهێنێ لە کۆنگرەدا، رازی دەبن؟

**مستەفا هیجری**: هیچ ئارەزوویەکم نییە وەکو سکرتێری حیزب بمێنمەوە.

**ڕووداو**: لە وتووێژەکاندا لایەنی سێیەم هەیە؟

**مستەفا هیجری**: هیچ کەسمان لە نێواندا نییە.

**ڕووداو**: دەگوترێت پارتی و یەکێتی تەدەخولی زۆر دەکەن بۆ ئەوەی ئەو دوو لایەنە یەک نەگرنەوە، رۆڵی ئەوان لە نزیککردنەوەی ئێوەدا چی بووە؟

**مستەفا هیجری**: لەسەرەتای جیابوونەوە کاک مەسعود بارزانی خودی خۆی و هەروەها سەرکردایەتی یەکێتی بانگهێشتی هەردوولامانیان کرد، قسەیان لەگەڵ کردین بۆ ئەوەی کە یەک بگرینەوە، بەڵام بەداخەوە سەری نەگرت. ئەوەندەی من بینیومە ئەوان هاندەر بوونە بۆ یەکگرتنەوەمان.

**ڕووداو**: هەردوولاتان روئیای جیاوازتان هەبووە بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مەسەلەی هەڵبژاردن ئێوە لەگەڵ بایکۆت بوون، بەڵام لەلایەنەکەی دیکە لەگەڵ هەڵبژاردن بوون، هەروەها لە مەسەلەی دانوستاندن لەگەڵ ئێران حیزبی دیموکراتی کوردستان نەرمیی زیاتر نیشان دەدا، ئەو خاڵانە گفتوگۆیان لەسەر کراوە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغە. ئێمە بڕوامان وایە کێشەکانمان لەگەڵ ئێران دەبێت لە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر ببێ، بەڵام هەر کاتێک ئێمە ئامادەبووین بۆ گفتوگۆکردن، کۆماری ئیسلامی ئێران وەکو تەڵەیەک کەڵکی لێوەرگرتووە، بۆیە ئێمە باوەڕمان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەماوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبریوێری ٢٠١٥

---------------------------------------

## لە بارەی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دوایی‌یانەی مەهاباد و کوردستان...



## وتووێژی رۆژنامەی بیڵدی ئاڵمانی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری

لە کاتێکدا ئەمریکا هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەسەر بەرنامەی ناوکیی ئێران چڕ کردووەتەوە، شەپۆلێکی ناڕەزایەتی، باکووری رۆژئاوای ئێران (رۆژهەڵاتی کوردستان) گرتەوە.

گەلی کورد، سێیەمین نەتەوەی گەورەی ئێران، سەرەتای مانگی مەی رژانە سەر شەقامەکان و لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە سەرکوت کران.

لە ئێراق و بەشێکی سووریە، کورد رۆلێکی گرینگیان هەیە، بە تایبەت لە شەڕ دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی وەک قارەمان دەرکەوتوون. ئایا کوردەکانی ئێرانیش دەتوانن ببنە هێزێک کە ئێران حیسابیان بۆ بکات؟

لە بێرلین چاومان بە مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوت. هیجری باسی خراپیی رەوشی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی کرد و هوشداری دا کە رێککەوتن لەسەر بەرنامەی ناوکی لەگەڵ ئێران، دەتوانێ رێژیم لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا زیاتر بەهێز بکات و دەستی بۆ سەرکوتی ئۆپۆزسیۆن کراوەتر بکات.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن پۆلیسەوە ئێسکۆرت دەکرێت. رێژیمی ئێران مەترسیی بۆسەر ژیانی دروست کردووە. ساڵی ١٩٩٢ تیمێکی تێرۆریستیی سەربە ئێران لە رێستورانێکی بێرلین چوار کوردیان کوشت. یەکێک لەوان سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات بوو.

ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانە لە شاری مەهاباد دەستیان پێ کرد. هۆکاری ئەم ناڕەزایەتییانە، گیان لە دەستدانی کچێکی کورد بوو کە لە نهۆمی چواری هۆتێلێکدا خوی فڕە دابووە خوارێ.

دەگوترا کەسێکی سەربە رێژیم هەوڵی دەستدرێژی کردنی بۆسەر ئەو کچە داوە. ئەو کچە کە لەو هۆتێلە کارمەند بوو، هیچ رێگایەکی دیکەی بۆ دەربازبوون، نەبوو.

فەریناز خوسرەوانی، ٢٥ ساڵە، بە خۆخستنەخوارەوە، کۆتایی بە ژیانی هات. هەر پاش ئەم رووداوە بە هەزاران کەس رژانە سەر شەقامەکان و دەستیان بە دەربڕینی ناڕەزایەتی کرد. هیجری دەڵێ، هێزەکانی رێژیم بە توندی خەڵکی ناڕازییان سەرکوت کرد.

رێژیم بە زووترین کات هەوڵی کۆنترۆڵی هێڵەکانی ئینترنێت و تەلەفوونی دا، تاکوو ئەم ناڕەزایەتییانە دەنگدانەوەیان نەبێت و نەگەنە شارەکانی دیکە. زیاتر لە سەد کەس لەسەر ئەم ناڕەزایەتییانە دەستبەسەر کراون و نزیکەی ٣٥ کەس بریندار بوون. مستەفا

هیجری دەڵێ، ئەم جۆرە ناڕەزایەتییانە شتێکی نوێ نین و کورد لە کوردستانی ئێران لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن تاکوو دژ بە ڕێژیم ناڕەزایەتیی خویان دەربڕن.

کوردی ئێران هیوادارە وڵاتانی ڕۆژئاوایی پشتگیریی بکەن. کورد لە ئێران لە ژێر گۆشار دایە و دەچەوسێتەوە و ئەمەش هۆکاری هەبوونی ناڕەزایەتیی زۆرە لەلایەن خەڵکەوە وەک ئەوەی لە مەهاباد رووی دا.

هیجری دەڵێ؛ دڵنیام ئەم جۆرە ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانانە نەک کەم نابنەوە بەڵکوو زیاتر دەبن. هەتا ڕێژیم زیاتر سەرکوت بکات، خەڵکیش زیاتر هان دەدرێن ناڕەزایەتی دەربڕن.

هیجری بە لە نێوچوونی ڕێژیم خوشبینە و دەڵێ: وەک هەموو ڕێژیمە تۆتالیتێرەکانی دیکەی دنیا، ئەم ڕێژیمەش ڕۆژێک کۆتایی بە دەسەڵاتی دێت.

نیوەی خەڵکی ئێران فارس نین و سەر بە نەتەوەکانی دیکەن. لەوانە نەتەوەی کورد کە لانیکەم هەشت میلیۆن حەشیمەتیەتی. کورد سێیەمین نەتەوەی ئێرانن و لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران، عێراق و تورکیە نیشتەجێن. کوردەکان بە زیاتر لە چل میلیۆن حەشیمەت، گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دنیان.

بەڵام ئەوە تەنیا کورد نیە کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەچەوسێتەوە. هەڵاواردن و چەوسانەوە بەلووچ، ئازەری وعەرەب و تورکمەنەکانیش بە شێوەی جۆراوجۆر دەگرێتەوە. یاسا و ڕێساکان بۆ کەمایەتییە ئێتنیکییەکانی ئێران لە زۆر بواری فەرهەنگی و هەروەها زمانی زگماکیدا زۆر توندن. هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بە توندی بەرپەرچ دەدرێتەوە و هەرچەشنە ناڕەزایەتییەک سەرکوت دەکرێت.
بارودۆخی ئێران بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە ترسناکە. هەرچەشنە ئازادییەک سەرکوت دەکرێت. تاکەکان ناتوانن بیروڕای خۆیان ئازادانە دەربڕن. کەمایەتییە ئێتنیکییەکان بە توندی سەرکوت دەکرێن. هەر بۆیەش لە زۆربەی ئەو هەرێمانەی کەمایەتییە ئێتنیکییەکانی لێ دەژین، ناڕەزایەتییەکان زیاترن. سیاسەتمەداری کورد،

مستەفا هیجری دەڵێ: ویست و ئیرادە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم لای کەمە نەتەوەکان زۆر زیاترە. ئەو دژی ڕێککەوتنێکە لەگەڵ ئێران کە ببێتە هۆی بە هێزبوونی ڕێژیم. هەر ڕێککەوتنێک ڕێژیم بە هێز بکات، شانسی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا کەم دەکاتەوە.

هیجری دەڵێ: ڕێژیم دەیهەوێت ئەم ڕێککەوتنە بە ئامانج بگات تاکوو گەمارۆ ئابوورییەکانی لەسەر نەمێنن. ئابووریی ئێران لە دۆخێکی زۆر خراب دایە و زەمینگیر بووە. بەڵام ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا، دەبێتە هۆی بە هێزبوونی ڕێژیم بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی لە ناوچەدا و پشتگیرییەکانی بۆ ئەسەد و حیزبوڵڵا و میلیشیاکانی دیکەی ناوچکە زیاتر دەکات. هەروەها دەبێتە هۆی

مانەوەی ڕێژیم و خەڵکی ئێران لە گەیشتن بە ئازادی، چەند هەنگاوێک دوورتر دەخاتەوە.هیجری هەروەها دەڵێ، بارودۆخی خراپی ئێستای مافی مرۆڤ زیاتر بەرەو خراپی دەچێت.

هیجری دەڵێ: ئایدیۆلۆژیی ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک لە سیاسەتەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. سیاسەتی ڕێژیم دروستکردنی قەیرانی جۆراوجۆر و پەرەپێدانی نائارمی لە ناوچەکەدا و هەروەها سەرکوتی کەمایەتییەکان و هەموو ئەوانەی ڕەخنەگری ڕێژیمن و وەک ڕێژیم بیر ناکەنەوە. ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێژیم نەک هەر نابێتە هۆکاری گۆڕانی ئەم سیاسەتانەی، بەڵکوو ڕێژیم بە هێزتر لە ئێستا درێژە بە سیاسەتەکانی دەدات.

لە کاتێکدا کە ڕێژیم لە تاران بیر لە پەرەپێدانی دەسەڵات لە ناوچەکەدا دەکاتەوە، ناڕەزایەتییەکانی مەهاباد نیشاندەری ئەوەن کە ڕێژیم سەقامگیرییەکی سیاسیی ئەوتۆی لە نێوخۆدا نییە. لە نێو خەڵکی ئێراندا ڕق و قینی زۆر بەرانبەر بە ڕێژیم هەیە و هەر بۆیەش هەر چەشنە ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپێشاندانێک دەتوانێ زەبر لە ڕێژیم بدات. بە وتەی لێکۆڵەری سیاسی جاناتان سپەیر، بە هۆی بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ڕێژیم لە هەموو ناوچەدا، هێزێکی کەمتر لە نێو ئێراندا بۆ سەرکوتکردن ماوەتەوە.

هەر لەم بارەوە عەلی ئالفۆنە پسپۆڕ لە بواری ئێراندا دەڵێ: سەرهەڵدانەکان بە مەبەستی جیابوونەوە لە ئێران و شەڕی ئێران و عێراق و بە کارهێنانی تیرۆر توانیی دەسەڵاتی ڕێژیم لە ئێراندا زیاتر بکات. لە ترسی ئەوەی بارودۆخی ئێرانیش وەک سووریەی لێ بێت و شەڕی نێوخۆیی ئێران بگرێتەوە، خەڵک دژ بە ڕێژیم هەڵناستن، هەرچەند زۆرایەتیی خەڵک ڕێژیمی ئێرانی ناوێت. بە وتەی ناوبراو، کێشەکانی ئەو هەرێمانەی کە کەمایەتییە ئێتنیکییەکانی لێ دەژین، زیاتر کێشەی ئابوورین. ئەو دەڵێ: سیاسەتی ئێران زیاتر تەمەرکوزی لە سەر تارانە. پارەی نەوتی ئێران زیاتر لەوێ خەرج دەکرێت. لەوێ هەموان ئیمکاناتی باشی پەروەردەیان بۆ دابین کراوە و لە بواری کار و هەروەها خزمەتی تەندروستیدا تاران زۆر لە پێشەوەیە. لە کاتێکدا ناوچەکانی دوورەدەست ئیمکاناتیان زۆر کەمترە. هەر چەشنە دەربڕینی ناڕەزایەتییەک لە هەرێمەکانی کەمایەتییە ئێتنیکییەکاندا لەلایەن ڕێژیمەوە هەوڵدان بۆ جیابوونەوە لە ئێران و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەژمار دەکرێت. لە جێگای ئەوەی بارودۆخی ئابووری ئەو هەرێمانە باش بکەن، بە هەر بیانوویەک سەرکوتیان دەکەن. ئەمەش دەبێتە هەرچی زیاتر دروست بوونی مەودا لە نێوان ناوەند و ناوچەکانی دوور لە ناوەند و کێشەی نێوان نەتەوەکان زیاتر دەکات.

مستەفا هیجری دەڵێ: تا دێت ناڕەزایەتیی خەڵک لە ڕێژیم پەرە دەستێنێت. خەڵک دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ناوچەن. دەستێوەردانەکانی ڕێژیم لە عێراق، سووریە، غەزە و لوبنان و یەمەن، دڵخوازی خەڵکی ئێران نین. خەڵک دەبینێت کە بە ملیۆن پارەی ئەو وڵاتە دەنێردرێت بو وڵاتانی دەوروبەر، لە کاتێکدا باری ئابووریی خەڵکی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت.

هیجری ئاواتی بە دێموکراسی بوونی ناوچەکەیە و هیوادارە بۆ ئەم رەوتە دەوڵەتی ئاڵمان یاریدەر بێت. ئەو دەڵێ: "ئێمەی کورد سەلماندوومانە کە دەتوانین پارتنێرێکی باش بین بو وڵاتانی رۆژئاوایی. لە عێراقدا هاوئاهەنگیی زۆر باش لە نێوان کورد و دەوڵەتی ئاڵماندا هەیە. ئەمە دەتوانێت لە داهاتوودا لەگەڵ کوردی ئێرانیش هەبێت".

پێشمەرگەکانی کوردی ئێرانیش لەشەڕ دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی رۆلی خۆیان گێڕاوە.

کوردستانی ئێران دوای تورکیە، دووهەمین بەشی گەورەی کوردستانە و لە ئێستادا کوردی ئەو بەشە لە ژێر زیاترین چەوسانەوە دایە. هیجری دەڵێ: ئێمە پێویستمان بە پشتگیرییە و بە هیواین وڵاتانی رۆژئاوا و لەوانە ئاڵمان، پشتگیریمان بکەن. ئێمە هیواداریین کە دەوڵەتی ئاڵمان بزووتنەوەی دێموکراسیخواز لە ئێراندا و هەروەها پشتگیری لە خەباتی رەوای کورد لەو وڵاتدا بکات. ئاڵمان وڵاتێکی گەورەیە و لە ئاستی نێونەتەوەییدا قورسایی خۆی هەیە. هیواداری لە ناوچەکەی ئێمەشدا بۆ بەرەوپێشبردنی رەوتی دێموکراسی رۆلی بەرچاو ببینێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ٣١ی مای ٢٠١٥

-------------------------------------------

**لە پێوەندی لەگەڵ کتێبی نسکۆ و دابڕان...**



## وتووێژی تایبەتی کوردستان میدیا

**ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە پێوەندی لەگەڵ کتێبی نسکۆ و دابڕان، لەگەڵ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نووسەری ئەم کتێبە پێک هێنا.**

**کوردستان میدیا**: **کتێبێکی ئێوە لەم دواییانەدا بە ناوی نسکۆو دابڕان بڵاوکرایەوە و دەنگو باسێکی بەرفراوانی لە نێو خوێنەراندا هێناوەتە پێش‌و هەرکەسەو هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر بڵاو کردنەوەو نێوەرۆکی ئەو کتێبە هەیە، چۆن بوو کە لەم کاتەدا ئەم کتێبەتان بڵاو کردەوە؟**

**مستەفا هیجری**: وەک ئاگادارن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە نێزیک بە ٩ ساڵ لەوەپێش(١٣٨٥ی هەتاوی) لە حیزب جیابوونەوە زیاتر لە ساڵێکە لە ووتوێژداین، بە مەبەستی یەکگرتنەوەی دووبارە، ئەگەر ئەو وتووێژانە بە ئامانج بگەن ـ کە هیوادارم وابێ. دیارە دوای یەکگرتنەوە بە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لەو بابەتانەی کە لە ناوەرۆکی کتێبەکەدا هاتوون سەبارەت بە جیابوونەوەکانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی نێزیک بە سێ‌دەیەی ئەم دواییانەدا باش نەدەبوو ئەو کتێبە بڵاو بکرێتەوە چوونکە لێکدانەوەکانی من لەسەر هۆ و کاراکتێرەکانی جیابوونەوەکان لەگەڵ لێکدانەوەکانی ئەوان کە لەو پێوەندییەدا . تا ئێستا ـ بڵاویان کردووەتەوە بە تەواوی لەگەڵ یەکتر ناتەبان‌و لەوانەیە بووبا بە هۆی کێشەیەکی نوێ‌لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. بەم چەشنە نووسینەکانی ئەوان لەسەر هۆی جیابوونەوەکان کە زۆرتر چەواشەکاری لە مێژووی سی ساڵەی حیزبە و لە راستای شەرعیەتدان بە جیابوونەوەیەکن کە هەرکام لە کاتی خۆیدا زەربە و زیانی زۆریان لە پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان داو، زۆر بابەتی گرینگی دیکە لەو ماوەیەدا، بۆ گەلی کورد و تەنانەت زۆرێک لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات هەروەک زۆر لایەنی مێژوویی کورد هەروا بە شاراوەیی دەمانەوە. بە پێی بڵاوکراوەکانی لایەنە جیابووەکان حیزبی دێموکرات بە هۆکاری ئەم دابڕانانە تۆمەتبار کراوە. بۆیە بە پێویستم زانی، پێش یەکگرتنەوە ئەو کتێبە بگا بەدەستی خەڵک، بۆ ئەوەی داوەری ئەوان لە رووی سەرچاوەیەکی یەک لایەنەی جیابووەکان نەبێ.

رەنگبێ ئەگەر کەسانێکی دیکە لە حیزبی دێموکرات زەحمەتیان کیشاباو لە وڵامی بڵاوکراوەکانی هاوڕێیانی جیابووەو ئەو تاوانبارکردنە ناعادڵانەی یەک لایەنەیەی ئەوان نووسیبایان یان ئەگەر ئەو هاوڕێیانە پێشتر بەم شێوەیە بە نووسینەکانیان، ئەو بەشە لە مێژووی حیزبیان چەواشە نەکردبایەو لە جیاتی داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان، لەو کردەوە پڕ زەرەرو زیانەیان بۆ جووڵانەوەی کورد، هەموو تاوانی جیابوونەوەکانیان نەختستبایە سەر ملی حیزبی دێموکرات، من ئەو کتێبە یان لانیکەم ئەو بەشانەی کە پێوەندییان بە جیابوونەوەکانە نەمنووسیبان.

**کوردستان میدیا**: بەڵام ئایا نەدەکرا نووسینەکانتان لەو بەشە لە کتێبەکە بە شێوەیەک بووایە کە نەبێتە هۆی دڵنیگەرانی ئەو هاوڕێیانە کە ئێستا لەگەڵیان لە وتووێژدان بە مەبەستی یەکگرتنەوە؟

**مستەفا هیجری**: من لەو باوەڕەدام کە لە نووسینەوەی مێژودا پێویستە راستییەکان بخرێنە بەرچاوی خوێنەر بۆ ئەوەی خەڵک لە راستییەکانی مێژووی خۆیان ئاگادار بن، بە بێلەبەرچاوگرتنی دڵخۆش کردن یان رەنجاندنی کەس یان کەسانێک. منیش لە نووسینی ئەو کتێبە تەنیا مەبەستم ئاشکرا کردنی وردەکارییەکانی ئەم چەند رووداوەی حیزبی دێموکرات بووە، کە بۆ خۆم لە نێویاندا بوومو لێیان ئاگادارم. پێموایە خەڵک مافی خۆیەتی لە راستی رووداوەکانی مێژوویی خۆی ئاگادار بێ، ئەوانەی لە رابردوودا بۆ پێخۆشبوونی کەسانێک یان بەدژی کەسانێکی دیکە مێژووی نەتەوەیی خۆیان چەواشە کردووەو راستییەکانیان لە خەڵک شاردووەتەوە نەک هەر خزمەتیان بە خەڵک نەکردووە، بەڵکوو مافیان زەوت کردوون، بەداخەوە مێژوو پڕە لەو ماف زەوت کردنانە لە لایەن هێندێ لە مێژوونووسانەوە.

دیارە لێرە قسەم لەسەر ئەوە نیە کە لەبەر بەرژەوەندی نیشتمانی ـ نەک بەرژەوندی کەس یان گرووپێک ـ هێندێک زانیاری بۆ ماوەیەک ئاشکرا ناکرێن، بەڵام پێویستە لە کاتی خۆیدا ئەو زانیاریانە بە دروستی بدرێن بە خەڵک. بە تایبەت بۆ منیش گرنگ بوو کە تا چەند کەس لەوانەی پێشتر لانیکەم مێژووی دوو جیابوونەوەی ساڵەکانی ١٣٦٧و ١٣٨٥ یان چەواشە کردووە لە ژیاندا ماون کتێبی نسکۆو دابڕان ببینن و ئەگەر هەڵەیەکی تێدا کراوە بۆچوونی خۆیانی لەسەر بنووسن. من لە ئێستاوە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بە نووسینەکانیان هەڵەکانی ئەو کتێبە راست بکەنەوە، یان بۆ منی بنێرن تا لە چاپەکانی دیکەدا کەڵکیان لێوەربگرم و کتێبەکە دەوڵەمەندتر بکەم.

**کوردستان میدیا**: لەو باوەڕەدانین کە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە نیگەرانییان لە بەرەوپێشچوونی رەوتی یەکگرتنەوەی حیزب لەگەڵ لایەنی جیابووە بۆ بێتە پێش؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر مەبەستی هاوڕێیانی پێشوومان کە لە دوو جیابوونەوەی دواییدا بەشدار بوون، بەدوای بەهانەدا گەڕان بۆ دواخستنی وتووێژەکان نەبێ، بە بڕوای من خوێندنەوەی ئەو کتێبە نەک هەر نابێ‌ببێتە هۆی ئەو نیگەرانییە، بەڵکوو بە پێچەوانە دوای خوێندنەوی نسکۆو دابڕان باشتر لە هۆیەکانی جیابوونەوەکان شارەزا دەبنو، بە شارەزاییو چاوەکراوەییەوە قسە لەسەر یەکگرتنەوە دەکەن، ئەو پرسە زۆر گرینگە کە ئەگەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خەڵکی کورد بەگشتیو نەسڵەکانی داهاتووش کە نووسینەکانی کەسایەتییەکانی ئەو لایەنەیان خوێندوەتەوە کە لەو نووسینانەدا هەموو خەتاکانی جیابوونەوەکانیان خستووەتە سەر حیزبو خۆیان بێ‌هەڵەو خەتا نیشانداوە، بزانن راستییەکان شتێکی دیکەن. سەرەڕای ئەوە ئێمە کتێبی ئەزموونی خەبات کە وڵامی پرسیارەکانە کە لە عەبدوڵڵا حەسەنزادە کراوە لە خۆ دەگری‌خوێندمانەوە، بەڵام بەو حاڵەش هەر ئامادەبووین بۆ بەرەوپێشبردنی رەوتی وتووێژەکان.

**کوردستان میدیا**: هاوڕێیانی پێشوومان زۆر ڕەخنەیان لەوە گرتووە کە لەو بەشەی کتێبەکەدا کە تەرخان کراوە بە جیابوونەوەی دوایی (ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی) بێڕێزیتان بە هێندێک کەسایەتی ئەو لایەنە کردووە، ئایا ئەو ڕەخنەیە لە جێی خۆی دایە؟

**مستەفا هیجری**: مەبەستی من لە نووسینی ئەو کتێبە بێڕێزی کردن بە هیچ کەس نەبووە، بەڵکوو وەک لە وڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی پێشووی ئێوەدا و هەروەها سەرەتای کتێبەکەدا نووسیومە، دانی هێندێک زانیاری لەسەرچەند ڕووداوی مێژوویی بیستو هەشت ساڵی ئەم دواییانەی حیزب بووە کە پێویستە خەڵک لێی ئاگادار بن و ڕاست کردنەوەی هێندێک چەواشەکاری کە کەسانێک پێشتر لە نووسینەکانی خۆیاندا لەو پێوەندییەدا کرد بوویان. ئەوەی بۆ خۆشم بیستوومەتەوە وابزانم ئەو ڕەخنەیە زۆرتر لە بەکارهێنانی وشەی سەرشۆڕییە کە بۆ کاراکتێری سەرەکی جیابوونەوەکەی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی لە کتێبەکەدا هاتووە، ڕاستییەکەی من ناوەڕۆکی ئەو تەعبیرەم هەر لە قسەکانی ئەو کاراکتێرە نەتیجە وەرگرتووە، ئەو کەسایەتییە هەروەک لەو بەشەی نسکۆ و دابڕاندا هاتووە، لە کۆبوونەوەیەکدا کە دوای یەکگرتنەوەی ساڵی ١٣٧٥ پێکهات باس لەوە دەکا ئێستا کە یەکگرتنەوەکە بە ئامانج گەیشتووە هەموومان سەربەرزین دیارە مەبەست زۆرتر سەربەرزی خۆیەتی کە لە ڕاستیدا بەوشێوەو مەبەستەی لە کتێبەکەدا هاتووە، هەوڵێکی زۆری بۆ یەکگرتنەوەدا ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتو ئەو هاوڕێیانەی کە بەدوای کۆنگرەی هەشت جیابوونەوە و ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ یان لەسەر خۆیان دانا، سەربەرزییە، هەمان کاراکتێر دوای کۆنگرەی سێزدەی حیزب، نەک لەبەر کێشەی سیاسی، بەڵکوو تەنیا لەبەر بەرژەوەندی تاقمی خۆی، وەک بۆخۆی دەڵی حیزب لەت دەکا و ئەو کارەساتە پێک دێنی سەرشۆڕی نیە، چ ناوێکی دیکەی دەتوانی لەسەر دابنێی؟

**کوردستان میدیا**: پرسیارێکی دیکە کە ڕەنگە پرسیاری هێندێک لە خوێنەرانی کتێبی نسکۆ ودابڕانیش بێ ئەوەیە، ئایا دەتوانین بڵێین ناوەڕۆکی ئەو کتێبە ڕای ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە یان تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕای بەڕێزتانە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو کتێبە لەسەر ئەرکی خۆم چاپکراوە و دەربڕی ڕای خۆمە و لەبەرانبەر هەموویدا بەرپرسم، جا ڕەنگە لە نێو ڕێبەرایەتی حیزبیشدا وەک هەموو خوێنەرانی بەڕێزی دیکەی کتێبەکە، کەسانێک لەسەر هێندێک خاڵ یان بابەت تێبینی خۆیان هەبێ، ئەوە مافی خۆیانە.

**کوردستان میدیا**: بەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبی نسکۆ و دابڕان کاک خالید عەزیزی لە وتووێژێکدا لەگەڵ کەناڵی تەلەویزیونی کورد کاناڵ لەسەر زۆر بابەت سەبارەت بە پرۆسەی وتووێژی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنی خۆیان و بەتایبەت ڕەخنەیان لە بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە گرتووە ئێوە ئەو وتووێژەتان بیستووە؟ ئەگەر بیستووتانە بۆچوونتان لەسەری چیە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، هەم وتووێژەکەم گوێ لێ گرتووەو هەم خوێندوومەتەوە، لەسەر قسەکانی کاک خالید تێبینی زۆرم هەیە، بەڵام جارێ تەنیا لەسەر چەند خاڵێک لەو وتووێژە قسە دەکەم کە پێموایە بۆ کوێگرانی ئەو وتووێژە ڕوونکردنەوەیەکەو، ئەگەر پێویست بوو باقییەکەی لە کاتێکی دیکەدا قسەیان لەسەر دەکەم:



سەرچاوە
Serchawe

**یەکەم؛** لە دانیشتنی پێکەوەی دوو دەفتەری سیاسیدا کۆمەڵێک بابەت باس کراونو ئەوەش راستە کە لەلایەن ئێمەوە گوترا کە بڕیاردان لەسەر بەشێک لەو خاڵانەی باسی کردوون لە سەلاحیەتی کۆمیتەی ناوەندیدایە، بۆیە ئێمە ئەو خاڵانە دەخەینە بەرچاوی پلنیۆم و لە ئاکامەکەی ئاگادارتان دەکەینەوە. بەڵام نە لەو کۆبوونەوەیەو نە لە دانیشتنی دوو بە دوومان لەگەڵ کاک خالید لەلایەن ئێمەوە بە هیچ جۆرێک نەگوتراوە کە ئێمە ئەو پێشنیارە دەبەینە پلنیۆم کە بڵێین دێموکراتەکان، چوونکە ئەو بابەتە لانی کەم تا ئێستا لە حیزبی دێموکراتدا وەرناگیرێ، لە حاڵێکدا کاک خالید لە وتووێژەکەدا وادەنوێنێ کە لەو دوو دانیشتنەدا ئەو خاڵە تەوافوقی لەسەر کراوەو دەڵێ:

بەڵام بەداخەوە کاتێک ئەوان ماوەیەک پێش ئێستا پلینۆمیان گرت، ئێمە هەر چاوەڕوان بووین و چاوەڕوانیمان دەکرد وڵامێکی باش بێتە دەرێ، یەکەم هەر قسەی جاران بوو، هاوڕێیانی پێشوو دەتگوت لەو کۆبوونەوەیەدا نە من لەگەڵ کاک مستەفا دانیشتووم و نە هیچم گوتووەو نە هیچ تەوافوقێکمان هەبووەو نە دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتووین.

لە حاڵێکدا ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەر دوولا و کاک خالیدیش باش لە بیریانە دوای باسێکی زۆر لە کۆبوونەوەی هەر دوو دەفتەری سیاسیدا، یەک لە هاوڕێیانی هەیئەتی ئەوان ئەو پێشنیارەی هێنا ئاراوە، من زۆر بە روونی وڵامم داوە کە ئەگەر لە وتوێژەکانماندا لەسەر هەموو خاڵەکان رێککەوتین پێم وانیە کۆمیتەی ناوەندی ئێمە لەسەر ئەو داوایەو لە بەیانیەی یەکگرتنەوەدا ئەو کارە گەورەیە لەسەر خاڵێکی وا پەک بخا. لەحاڵێکدا کاک خالید هەر لەو وتووێژەداو زۆر جاری دیکەش باس لەوە دەکا کە: لە حاڵێکدا ئێمە هەرگیز لە هیچ شوێنێک داوامان لەو هاوڕێیانە نەکردووە کە ئێوە ئێمە بەرەسمی بناسن.

**دووهەم؛** لە وڵامی پرسیارێکی دیکەی کوردکاناڵ کاک خالید باس لە نامەیەک دەکا بۆ ئێمەیان ناردوە و دوو پێشنیاریان هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام لەلایەن ئێمەوە هێچ وڵامێکیان پێ نەگەیشتوتەوە، بۆیە کاک خالید گلەیی دەکا. ئەو گلەییە بەجێییەو پێویست بوو ئێمە زووتر وڵامیان لێ بگێڕینەوە، بەڵام ئەم وڵام نەدانەوە بە هۆی کەمترخەمی، فەراموش کردن یان هەر هۆیەکی دیکە بێ وەدوا کەوت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٥

## لە ئەگەری ڕێکەوتنی ناوکی، دەستی ڕێژیمی ئێران بۆ نانەوەی کێشە و ئاژاوە ئاوەڵاتر دەبێت...



### دیمانەی؛ ڕۆژنامەی ئاوێنە

**وتوویژێکی لەبارەی ڕێکەوتنی لۆزان، دۆخی هەنووکەیی ناوچەکە و بەتایبەتی کوردستان و کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیداری دیکە.**

**ئاوێنە: مەسەلەی گرنگی ئەمڕۆ ڕێکەوتنی لۆزانی نێوان ئێران و ڕۆژئاوایە، بەبڕوای تۆ ئەم ڕێکەوتنە ئێران و ناوچەکەش بەرەو چ ئایندەیەک دەبات؟**

**مستەفا هیجری**: ناتوانین ئەوەی هاتوەتە دەست پێبڵێین ڕێکەوتن، بەڵام وەکو تەوافوقێکی گشتییە بڕیار وایە تاکو مانگی تەموزی داهاتو هەمو لایەنەکان لەسەر خاڵەکانی ئەو بەیاننامەیە کە لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران محەمەد جەواد زەریف و سەرۆکی سیاسەتی یەکیەتی ئەورووپا خوێندراوە ئەوکاتە دەبێتە ڕێکەوتنێک، کە خۆیان پێیدەڵێن ڕێکەوتنی کۆتایی و ئیمزا بکرێت. ئەگەر ئەوە بێتەدی بێگومان ئەوا دەتوانێت ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕ هەم لە ئێران و هەم لە ناوچەکەش، بە بۆچونی ئێمە ئەو تەوافوقە ئەگەر جێبەجێ بکرێت لابردنی ناوە بەناوەی گەمارۆکانە لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران، هەلومەرجی خەڵک لە ناوخۆی ئێران کە لەگەڵ قەیرانێکی گەورەی ئابوری ڕوبەڕوی بۆتەوە، وردە وردە ببوژێتەوە کار و کاسپی بۆ خەڵک پەیدا بێت، ئەوەش بۆ خەڵکی ئێران دەستکەوتێکە، هەر بۆیە دوای ئەوەی ئەو بەیاننامەیە ڕاگەیەندرا، خەڵکی شارەکان لە تاران و هەندێک شاری دیکەش ڕژانە سەر شەقامەکان، بە تایبەت لاوەکان دەستیان کرد بە خۆشی بەو ئامانجەی بەوە بگەن کە گەمارۆکان لابچن ئەوانیش لە ڕووی ئابورییەوە کاریان دەستبکەوێت بۆ ئەوەی ژیانیان باشتر بێت، بەڵام لایەنێکی تری ئەو مەسەلە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە داهاتێکی زیاتر کە چاوەڕوان دەکرێت لە فرۆشی نەوت و لاچونی گەمارۆکان دەستی کەوێت دەستی پڕتر دەبێت بۆ ئەوەی لەناوچەکە دەستێوەردانی زیاتر بکات، یارمەتی زیاتری هاوپەیمانانی خۆی لە ناوچەدا وەکو حزبوڵای لوبنان و سوریا و ئێستاش حووسیەکانی یەمەن و گرووپە تیرۆرستەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات، بەو شێوەیە کێشە و ئاژاوەی زیاتر لە ناوچەکە بنێتەوە، بەڵام لە ڕووی بوژانەوەی ئابورییەوە پێمان وانیە ئەو بووژانەوەیە ئەوەندە بەرین نابێت کە ئابوریی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاستبکاتەوە و زۆر بەرەو پێشی بەرێت ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نرخی نەوت لە دونیادا دابەزیوەن کۆماری ئیسلامیش ٤٠% داهاتەکەی لە هەناردەکردنی نەوتە، ئەگەر ئەو نەوتەی ئەویش بێتە بازار بڕێکیتریش دادەبەزێت، جگە لەوە کۆماری ئیسلامی ماوەیەکی زۆری دەوێت چاڵە نەوتیەکانی نۆژەن بکاتەوە ئەو کەرەستانەی دەمێکە لە کار کەوتون دەبێت چاک بکرێنەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابووریی وڵات لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا وەک باقی سیاسەتەکانی سەقەتە، لە دەورانی ئەحمەدی نەژاد بەرمیلی نەوت لە ١٠٠ دولار زیاتری دەکرد، نەوتێکی یەکجار زۆریان فرۆشت، بەڵام ئابوریی خەڵکەکە هەر خراپ بو.

**ئاوێنە: ئایا دوای هەڵوێستی پاکستان بەرامبەر بە یەمەن کە لە بەرژەوەندی ئێران بو، دوای سەردانی ئەردۆغانیش بۆ تاران، ئەم ڕێکەوتنە هەژمونی ئێران بە سەر ناوچەکەدا زیاتر ناکات؟**



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: ئەگەر ئەو تەوافوقە لە مانگی تەموز ئیمزا بکرێت هەژمونەکەی زیاتر دەکات چوونکە وەک ئاماژەم پێدا دەستی پڕتر دەبێت لە بواری ئابورییەوە، هەروەها کۆماری ئیسلامیش زۆر هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی هەژمونی خۆیی زیاتر بکات، لەبەر ئەوەی لە یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا یەکێک لە ئامانجە هەرە گرینگەکانیان هەناردە کردنی شۆڕشی خۆیانە، ئەوەی هەتاکوو ئێستا کردویەتی شۆڕشی بۆ عێراق، سوریا، یەمەن، لوبنان و زۆربەی شوێنەکان هەناردە کردووە، بەهێز بوونی ئابوریی ئێران دەستی والآتر دەکات کە دەرئەنجامەکەی کێشە و ئاژاوەی زیاتر لەو ناوچە دایە.

**ئاوێنە**: ئەگەر ئەم ڕێکەوتنە سەر بگرێت، کاریگەرییەکانی لە سەر ڕۆژهەلاتی کوردستان و هێزە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی وەک ئێوە چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: لەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کاریگەری هەیە کە ڕەنگە خەڵکەکە لەرووی ئابوورییەوە هەندێک ببوژێتەوە، ڕۆژهەلاتی کوردستان کە ئێستا لە ژێر گەمارۆییەکی ئابوریی سەختدایە بێکاری زۆرە و داهات کەمە، بۆیە خەڵکی ئەو ناوچەیە تۆزێک لە رووی ئابووری دەبوژێنەوە هەروەها لە دەرئەنجامدا هەم لە ناوخۆی کوردستاندا و لە هەموو ئێراندا کاتێک پێویستییەکانی خەڵک لە بواری ئابوورییەوە دابین بو، ئەوسا بیر لە مەسەلەی پێویستی دووهەمی ژیانی دەکەنەوە کە ئازادییە، هەر چەندە خەڵکی کوردستان تاکوو ئێستاش لەگەڵ ئەوەی لە ژێر زەبروزەنگ بونە بەلام لە هەموو کاتێکدا ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی نیشانداوە، بەلام لە هەمان کاتدا ئێمە چاوەڕێ دەکەین ئەو ناڕەزایەتیە زیاتر بێت ئەوەش بەقازانجی خەڵک تەواو دەبێت.

**ئاوێنە**: ئەوەندەی ئێوە چاودێرن هەست دەکەن هەژمونی ئێران بە سەر هەرێمی کوردستاندا لە سایەی شەڕی داعشدا زیاتر و گەورەتر بووە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵی دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش شەڕی داعشیش لە سەرانسەری عێراق و کوردستانیشدا نفوزی خۆی هەبوو و دەستێوەردانی دەکرد، بەلام بێگومان دوای شەڕی داعش ئێران دەسەلاتەکەی زیاتر بووە.

**ئاوێنە**: سیاسەتی حیزبەکانی هەرێم بەرامبەر بە هەژمونی ئێران بە سەر عێراق و ناوچەکەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری**: ئەو پەیوەندیانەی کە حیزبەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەنێکی لاوازەوەیە ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ناوخۆی حیزبە سیاسییەکان یەکگرتویی نییە دژایەتی یەکتری دەکەن زۆر جاری وا هەیە لە جیاتی بیرکردنەوە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم زۆرتر دژایەتی یەکتر دەکەن، ئەوەش فەزایەکی گونجاوتری خوڵقاندووە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بتوانێت نفوزی خۆی لە ناو کوردستانی عێراق زیاتر بکات کە ئاکامەکەی هەم بە زەرەری خەڵکی کورد هەم بە زەرەری خودی حیزبەکان دەشکێتەوە.

**ئاوێنە**: ئایا سیاسەتی یەکیەتی و پارتی بەرامبەر بەئێران، زەختی لە سەر کوردی ڕۆژهەڵات و هێزە سیاسییەکانی وەک ئێوە پێک نەهێناوە؟

**مستەفا هیجری**: تاکوو ئێستا ئێمە بۆ خۆمان وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو زەرەرەمان هەست پێنەکردووە، ئێمە لە کوردستانی عێراق لە چالاکییەکانمان بەردەوام بوین، پێشمەرگەمان هەبووە و کار و چالاکی دیکەشمان بەڕێوەبردووە، هەر بۆیەش بەربەستێک بۆ ئێمەدروستنەبووە، ئەوەش دەزانین کۆماری ئیسلامیی ئێران هەندێکجار گوشاری بۆ حیزبەکانی هەرێم هێناوە بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بخەنە سەر ئێمە بەربەست دروست بکەن لەسەر کار و چالاکییەکانمان، بەڵام ئێمە هەستی پێناکەین لەو پێوەندییەدا زەختمان لەسەر بێ.

**ئاوێنە**: هەستتان نەکردووە کە دەستێوەردانی ئێران و ستایشکردنی بەردەوامی قاسمی سلێمانی مەترسی لە سەر ئێوە دروستکردووە لە هەرێمی کوردستاندا؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان، ئێمە هەمیشە مەترسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانمان لە سەرە ئەوەندەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆرتر بێت مەترسی بۆ ئێمە زیاترە، هەمووماڵ لە بیرمانە کە چەند ساڵ لەمەوپێش لەشکرێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران هات ئەم کەمپەیان تۆپباران کرد، ئێستا دەسەڵاتی ئێران زیاتر بۆ جموجۆڵ و هاتوچۆکانی لە هەرێم زیادی کردووە بۆیە مەترسییەکانی سەر ئێمەش زیادی کردووە.

**ئاوێنە**: ئایا ئێستا وەک حیزبی دێموکرات لە بەرەکانی شەڕی دژ بە داعشدا بەشدارن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە ساڵی ڕابردوو کاتێک داعش هێرشی کرد بۆ گوێر و مەخموور بە حکوومەتی هەرێمان ڕاگەیاند ئامادەین بەرگری بکەین بچینە بەرەکانی شەڕ دژی داعش، لەپێشدا ڕەزامەندیان نیشاندا ئێمە چەند سەد پێشمەرگەیەکمان ئامادە کردو ناردمان بۆ بەرەکانی شەڕ لەو ناوچەیە، بەڵام بەداخەوە دوای ٢٤ کاتژمێر ئێمەیان ئاگادار کردەوە و وتیان پێویست ناکات و پێیان ڕاگەیاندین هێزەکانتان بگەڕێننەوە! ئێستاش ڕایدەگەیەنین هەر کاتێک ئەوان داخوازمان لێبکەن هێزەکانمان ئامادەن یارمەتی خوشک و براکانیان بدەن لە بەرەکانی شەڕ و شانبەشانی ئەوان دژی داعش بجەنگین.

**ئاوێنە**: بۆچی بەئێوەیان ڕاگەیاند هێزەکانتان بگەڕێننەوە؟

**مستەفا هیجری**: پێموایە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوای لێکردن کە هێزەکانی ئێمە بەشدار نەبن، لەبەر ئەوەی بەشداری هێزەکانی ئێمە لە بەرەکانی شەڕدا بە بۆچوونی کۆماری ئیسلامی دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنگدانەوەی زۆرتری هەبێت لە دونیادا و لە ناوچەکەدا، هەروەها دەبێتە جۆرێک لە ڕاهێنانی شەڕی پێشمەرگەکانی ئێمە لایەنی کەم

ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕی دژی ئێران بەشدار نەبوون لەو شەڕە راهێنان دەکەن، هەر بۆیە ئێران بەوە نارەحەت بوو بەوەی ئێمە ئەو دەستکەوتە سیاسییە بەدەست بهێنین، هەربۆیەش گوشاری هێنا بۆ ئەوەی هێزەکانی ئێمە بەشدار نەبن، وەکوو هەمووان دەزانین کاتێک باسی پێشمەرگە دەکرێت لە دونیادا قارەمانییەکەی و نیشتیمانپەروەرییەکەی دەنگی داوەتەوە.

**ئاوێنە**: ئایا پێتان وایە کە هێزەکانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی کوردستان کەمتەرخەم بون؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، پێموایە کە حکوومەتی هەرێم و هێزە سەرەکییەکانی هەرێم دەرهەق بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەمتەرخەم بون، پێشمواية بەو جۆرەی پێویستە یارمەتییان نەکردووە، کورد هەر چەند دابەش کراوین بەدەستی زۆرداری، بەڵام هەموومان یەک نەتەوەین، لایەنی کەم قوڵایی ستراتیژیەتی کوردستانی عێراق دەتوانێت بێتە قوڵایی ستراتیژیەتی پارچەکانی دیکە و پێویستە یارمەتی بکرێن، بەڵام بەداخەوە لەو پەیوەندییەدا چ وەک حکوومەتی هەرێم چ وەکوو هێزە سەرەکییەکانی هەرێم وەکوو پێویست یارمەیتان نەکردین.

**ئاوێنە**: بەپێی چاودێریی و ئەزمونی خۆتان پێتان وایە کە دروستکردنی حەشدی شەعبی هاوشێوەی سوپای پاسداران و بەسیج بۆ ئایندەی کوردستان و عێراقیش جێی مەترسییە؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان، ئێمە پێمان وایە کە دروستکردنی حەشدی شەعبی و پەروەردە کردنیان چەک پێدانیان و بەرێوەبردنیان لەلایەن فەرماندەکانی عەسکەری ئێرانەوە بۆ داهاتووی هەم عێراق هەم کوردستان زەرەر و زیانی هەیە ،ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر لەباری سیاسییەوە بەڵکوو لەباری عەسکەریشەوە دەستێوەردانەکانیان لە داهاتوودا زیاد دەکات، هەروەها حەشدی شەعبیش هەروەکو بیستومانە ئەو شوێنانەی شەڕیان لێکردوە، بەڵام بۆ خۆشیان بوونە مایەی کوشتار و وێران کردن، ئەوەش پیلانێکە ئێران بۆ عێراق جێبەجێی دەکات.

**ئاوێنە**: مەسەلەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بە کوێگەیشت، باس لەوە دەکرێت کە ئۆجەلان رەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ئەوەی بارزانی سەرۆکایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی بکات؟

**مستەفا هیجری**: لە راستیدا لەگەڵ ئەوەی ئێمە بانگێشت کرابوین بۆ کۆبوونەوەیەک کە دەوری دوو ساڵ لەوە پێش بۆ رێکخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی پێک هات نوێنەری ئێمەش لە کاروباری بەرەوپێبردنی پێک هێنانی کاری کۆنگرەکە بەشدار بوو هەر ئەو کاتە دەمانزانی ئەو کۆنگرەیە سەر ناگرێت بە دەلیلی ئەوەی کە پەیوەندی نێوان هێزەکانی کورد زۆر تەندروست نەبوو، هەر بۆیە کۆنگرەکە سەری نەگرت، ئێستاش هەر بە هۆی ئەو کێشە و دوبەرەکییەی هێزەکانی کورد بەگشتی و بەتایبەتی پەکەکە و پارتی لەلایەک و ئەو کێشەو ناخۆشییەی نێوان پارتی و یەکیەتی تاکوو ئێستا چارەسەر نەکراوە، هەربۆیە پێمان وایە هەوڵدان بۆ بەستنی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

کۆنگرەیە لە ئێستادا بێسودە، لە حاڵەتێکی واشدا ئەگەر ببەسترێت دەبێتە کۆنگرەی حیزبێک کە ئەوەش سودێکی بۆ کورد نابێت، هەروەها دەبێتە کەرەسەیەک بۆ حیزبێک کە ئامانجەکانی خۆی بەرەو پێشبەرێت.

**ناوێنە**: بەڕێزتان وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات و کەسایەتییەکی خاوەن ئەزمون تا چەند لەگەڵ ئەوەدان گۆڕانکاریی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمدا بکرێت یا خود بە پێچەوانەوە مانەوەی بارزانی لەو پۆستەدا بە پێویست دەزانن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە بە بێ ئەوەی لەو پەیوەندییە موافق بین یان موخالیف پێمان وایە کە دەبێت دەستوری حکوومەتی هەرێمی کوردستان چ ڕێگایەک دەدات ئەوە هەڵبژێرن واتا ڕێگای یاسایی بێت، بەڵام گومانیشی تێدا نیە لە هەلومەرجی ئێستادا هەرێمی کوردستان روبەرووی کۆمەڵێک کێشەوگرفت بۆتەوە لەلایەک لەگەڵ بەغدا تاکوو ئێستا نەیتوانیوە کێشەی ئەو گەمارۆ ئابوورییە لەسەری داناوە هەلیبگرێت لەلایەکی ترەوە توشی شەڕی داعش بووە لەلایەکی ترەوە ئەو کێشەی لە نێوان هێزە سیاسییەکان هەیە کێشەی دیاریکردنی سەرۆکی هەرێمیش بێتە کێشەکی دیکە ئەوەش بە قازانجی کورد نازانین، هەر بۆیە پێمان وایە دەبێت بە ڕێگایەکی یاسایی و بە سازانێکی هەمە لایەنە بتوانن ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەن، ئەو کاتە کێبەپێی ئەو یاسایە دەبێتە سەرۆکی هەرێم ئێمە پیرۆزبایی لێدەکەین هەر لە ئێستاشەوە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠١٥

---------------------------------------------------

## ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران و کورد بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتوون



## وتویژی گۆڤاری سڤیل

مستەفا هیجری: پێموایە ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران بە گشتی و ڕیفۆرمخوازەکانی کوردی ئێرانیش بەتایبەتی بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتوون

کوردستان میدیا: گۆڤاری سڤیل لەگەڵ مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژێکی سەبارەت بە کتێبی نسکۆ و دابڕان لە نووسینی مستەفا هیجری و ڕێکەوتنی نێوان ڕێژیمی ئێران و گرووپی ١+٥پێک هێناوە.

**سڤیل**: دەوترێت زەرەرمەندی یەکەم لەرێکەوتنی نێوان ئێران و گروپی ١+٥ هێزەئۆپۆزسیۆنەکانی ئێرانن، بەحیزبەکوردییەکانیشەوە. تا چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدای؟

**مستەفا هیجری**: ئەو ڕێکەوتنەبەزەرەری خەڵکی ئێران تەواو نابێت، کەخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێکن لەخەڵکی ئێران، چونکەلە ڕووی ئابوورییەوەبەرێک دەبووژێنەوە، ڕەنگەدەرفەتی کاری زیاتر بڕەخسێت، بەڵام نەک بەو شێوەیەی ئێستا خەڵکی ئێران چاوەڕوانی دەکات، چونکەئاستی چاوەڕوانی خەڵک زۆر بەرز بووەتەوەو ڕاستیەکانیش شتێکی دیکەن. بەڵام لەلایەکیترەوە، پێمانوایەکۆماری ئیسلامیی ئێران ئێستا لەڕووی ئابوورییەوەلەدۆخێکی ئێجگار شپرزەدایە، هەر لەبەر ئەو هۆیەشەئامادەبووەگفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا بکات، ئامریکایەک کەساڵەهایەبەشەیتانی گەورەناوی دەبات و لەرێبەرەوەتا دەسەڵاتدارانی خوارەوەرایانگەیاندبوو کەئەوان قەت لەگەڵ ئامریکا گفتوگۆ ناکەن، کەچی ئێستا وتووێژیان کرد و ملیشیان بۆ مەرجەکانی ئامریکا و خۆرئاوا کەچ کرد. جا کەئەوان گەمارۆی ئابووریان لەسەر نەمێنێت، بێگومان دەستیان لە ئێستا پڕتر دەبێت، لە ئاکامیشدا تواناى دەستێوەردان لەکاروباری وڵاتانی دەرەوەو گوشارهێنان بۆ نەیارانی خۆیان لەدەرەوەوزیاتر دەبێت و دەستیان ئاوەڵاتر دەبێت، کەئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانیش بەشێکن لەدژبەرانی کۆماری ئیسلامی و ئێستا لە باشووریکوردستان نیشتەجێن. دیارەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی هەرچی لەدەستی هاتووەهەر کردویەتی، بەڵام ئێستا دەستی ئاوەڵاتر دەبێت.

**سڤیل**: پێتوایەئێران دەسبەرداری دروشم و خەونی لەمێژینەی بێت، کەبەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمەو ساڵەهایەخەڵکی وڵاتەکەی بەهۆیەوەگرفتار کردووە؟ واتەبەرای تۆ ئێران راستگۆیەلەرێکەوتنەکەو پێیەوەپابەند دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: کۆماری ئیسلامیی ئێران تەحەمولی ئەو هەموو زەرەرەی کرد، کەبەسەدان ملیارد دۆلار زیان بەر ئابوورییەکەی کەوت و خەڵکی ئێرانی تووشی بێکاری و هەژاری کرد و لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی پەراوێز کەوت، لەپێناوی ئەوەدابوو چەکی ئەتۆمی

بەدەست بهێنێت و ڕێژیمەکەی پێ بپارێزێت، بەڵام ئەو بەرنامەیەقەیرانی ئابووریی بەدوای خۆیدا هێنا. ئێستا ئەگەر مل ڕانەکێشێ و ئەرکەکانی خۆی لەو ڕێکەوتنەجێبەجێ نەکات، گەمارۆکانی لەسەر هەڵناگیرێ، واتەئەوکات لەلایەنی ئابوورییەوەکێشەی بۆ دروست دەبێت و ناتوانێت وڵاتەکەبەڕێوەببات. بۆیەدیسان هەر بە ئامانجی پاراستنی ڕێژیمەکەی مل بۆ ڕێکەوتنەکەرادەکێشێت، نەک بەدڵخوازی خۆی ئەمەبکات.

**سقیل**: بەڵام ئەوەی ئێران لەو ڕێکەوتنەدەستیکەوتووە، ١٠ ساڵ لەمەوبەر دەیتوانی بەدەستی بهێنێت، بێ ئەوەی خەڵکی ئێران تووشی ئەو هەموو نەهامەتیەبکات. ئەمەئەوەناگەیەنێت، کەئێران لە ڕووی مەعنەوی و سیاسییەوەلایەنی دۆڕاوی ئەو ڕێکەوتنەیە؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان ئێران دۆڕاوی ئەسڵی ئەو ڕێکەوتنەیە. من لەوتارێکدا نووسیومەئەو ڕێکەوتنەمانای گەڕانەوەی ئێرانەبۆ خاڵی سفر، واتەئەو ڕۆژەی کەهێشتا دەستی نەکردبوو بەپیتاندنی ئۆرانیۆم و گەمارۆی نەخرابووەسەر. ئێستا دوای ئەو هەموو خەسارەت و دروشمدانە، تازەگەڕاوەتەوەئەو خاڵەی کەدەستپێیکردبوو. واتەئێران زەرەری زۆری کرد، بەڵام ڕۆژئاوا هیچی لەدەست نەداوە، بەڵکو دەستکەوتێکی گەورەی هەبوو و بەئامانجی خۆی گەیشت، ئەویش ئەوەبوو کەکۆماری ئیسلامیی دەستی بەچەکی ئەتۆمی ڕانەگات، خۆ ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەوەی درێژەپێبدابایە، ئەوا قسەلەپەلامار و هێرشی سەربازیش دەکرا بۆ سەر ئەو وڵاتە، بەڵام ئێستا ڕۆژئاوا تەنیا بەوتووێژ و بێ ئەوەی هیچ تێچوویەکی هەبێت، کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا هێنا و مەرجەکانی خۆی بەسەردا سەپاند. بۆیەلەو ڕێکەوتنەدا یەک دۆڕاو هەیە، ئەویش کۆماری ئیسلامیە.

**سقیل**: ئەی کاریگەری ئەم ڕێکەوتنەبەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەرێمی کوردستان چۆن دەبینی؟ پێتوایەئەو هێژمۆن و نفوزەی ئێران لەهەرێمدا هەیەتی، دوای ئەو ڕێکەوتنەزیاتریش بێت و سێبەری ئێران لەسەر هەرێم قورستر بێت؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامانجی ئەوەیەهێژمۆنی خۆی زیاتر بکات. دەیەوێت لەگەڵ عێراق بەگشتی و لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش بەجۆرێک سیاسەت بکات، کەبەدڵخوازی خۆی بێت. دوای ئەو ڕێکەوتنەش دەسەڵاتی زیاتری دەبێت، چونکەباشتر دەتوانێهاوکاریی هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەو ئەو گرووپانەش بکات، کەسەر بەخۆیەتی. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا ڕۆژئاوا کەبەرژەوەندی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرە، ڕێگەبەئێران دەدات بەدڵی خۆی دەست وەربداتەئەم وڵات و ئەو وڵات؟ چونکەئێستا دەبینین هەندێک بەرگری بەرامبەر بەهەوڵەکانی ئێران لەناوچەکەدا دروست بووە، بۆ نموونەحوسییەکانی سەر بەئێران، کەلە یەمەن دەستیان پێکرد، پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد، ڕووبەڕووی دژکردەوەی ئاوا توندوتیژی عەرەبەکان و هەڵوێستی توندی وڵاتانی ڕۆژئاواش ببنەوە. بۆیەڕەنگەوڵاتانی ڕۆژئاوا ئێران ناچار بکەن جۆرێک لە هاوسەنگی ڕابگرێت و وەک ئێستا مەیدانی بۆ ئاوەڵا نەکەن.

**سقیل**: تۆ وەک سەرکردەی حیزبێکی کاریگەری کوردی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ بیستنی هەواڵی ئەو ڕێکەوتنە، هیچ جۆرەنائومێدی یان نیگەرانیەک داینەگرتی، لەبارەی ئایندەی خەباتی سیاسی و چەکداریتان لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: هیچ نیگەرانیەک داینەگرتم و بۆشم شتێکی تازەنەبوو، چونکەبەپێی لێکدانەوەکان و هەندێک زانیاری کەخۆم هەمبوو، پێش دەستپێکردنی وتووێژەکانی ژنێف، ساڵ و نیوێک لەمەوبەر من وتارێکم نوسیبوو و ئاماژەم بەوەداوە، کەلەبەر کۆمەڵێک هۆکار، کەلەوێدا باسم کردبوون، لەو وتووێژانەدا کۆماری ئیسلامی بەچۆک دادێ و تەسلیمی مەرجەکانی رۆژئاوا دەبێت. پێشبینی ئەو رێکەوتنەم کردبوو. ئێستاش کەزۆر کەس گومانی لەوەهەیەتا مانگی شەش بەرێکەوتنی کۆتایی دەگەن یا خود نا، پێموایەبەرێکەوتنی کۆتاییش دەگەن، پێشبینی دەکەم ئێران بەتەواوەتی پابەندی رێکەوتنەکەبێت، جگەلەوەش هیچ رێگا چارەیەکی دیکەی نیە. ئەمەش نەک لەبەر خاتری خەڵکی ئێران، چونکەخەڵکی ئێران لەو رێکەوتنەشتێکی ئەوتۆیان دەست ناکەوێت، بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆیەکۆماری ئیسلامیە، کەبەپێی ئیدیۆلۆژی و یاسای بنچینەییەکەی بتوانێت شۆڕش هەناردەی دەرەوەبکات، چونکەلە ئێستادا کۆماری ئیسلامی دەبێ شەڕیسووریا بەڕێوە ببات، هاوکاریی حیزبووڵڵای لوبنان بدات، دەبێ هاوکاریی حوسییەکان بکات و کەرەستەو توانای جەنگیان بۆ دابین بکات، کەهەموویان رەشوڕووت و بێداهات و ماڵوێرانن، هەروەها زۆر گرووپی تیرۆریستی دیکەلەناوچەکە، دەبێت یارمەتیان بدات، ئەگەر پارەی نەبێت، ناتوانێت ببێتەکۆماری ئیسلامی، بۆیەمەجبوورەسەردانەوێنێت و بەچۆکدا بێت.

**سڤیل**: هەڵوێستی حیزبەکانی باشووری کوردستان، بەرامبەر بەهەوڵەکانی ئێران بۆ سەپاندنی هێژمۆنی خۆی لەهەرێمدا بەتایبەت چۆن دەبینی؟ پێتوایەلەئاستی پێویستدا بوونەلەوەستانەوەبەرامبەر بەهێژمۆنی ئێران، یا خود تا رادەیەک خۆیان بەدەستەوەداوە؟

**مستەفا هیجری**: پێم وایێت ئێستا هەموو شتێک ئاشکرایەو شتی شاراوەنەماوەتەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران لەهەموو عێراقدا نفوزێکی ئێجگار زۆر بەربڵاوی هەیە، بەکوردستانی باشووریشەوە، لە باشووریش دەستێوەردان دەکات و کێشەسازدەکات، بەردەوام خەریکی ئاژاوەنانەوەیە. گومانم لەوەدا نیە، زۆربەی ئەو کێشەو دووبەرەکی و دژایەتیەی لەنێو هێزەسەرەکیەکانی باشووردا هەیە، دەستی ئێرانی تێدا هەیە، هێندەشی بتوانێت درێژەبەم ئاژاوانەدەدات.

**سڤیل**: ئێوەکەلەناوچەی جێنفووزی یەکێتین، نزیکی ئەو هێزەلەئێران هیچ جۆرەگوشارێکی بۆ سەر ئێوەدروستکردووە، یا خود سنووری ئازادیی جموجۆڵی لێ بەرتەسک کردبنەوە؟

**مستەفا هیجری**: تائێستا لەجموجۆڵی کاروباری سیاسیماندا ئازاد بووینە، تەلەڤزیۆن و دەزگای راگەیاندنمان هەبووە، بەشی ئاشکرای حیزبمان بەرێبەرایەتیەوەلێرەوەسەفەری دەرەوەدەکەین، لەگەڵ هەر شوێن و جێگایەک مەبەستمان بێت، چاوپێکەوتن پێکدێنین. تا ئێستا هیچ گرفتێک لەسەر رێگای ئێمە دروست نەکراوە.

**سڤیل**: بەڵام رەخنەیەک کەزیاتر هەر لەنوسەران و رۆشنبیرانی خۆتانەوەدەگیرێت، ئەوەیەکەحیزبەکوردیەکانی رۆژهەڵات لێرەلەباشووردا رۆڵی پاشکۆیەتی حیزبەسەرەکییەکانی باشووریان پێڕەوا بینراوە، بۆ نمونەلەمەسەلەی بەشداریکردنتان لە شەڕی داعش؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەبەڵگەی پاشکۆیەتی ئێمەبۆ لایەنێک نیە، بەڵکو بەڵگەیەلەسەر ئەوەی کەئێمەوەک حیزبێکی سیاسی بەدروستی رەفتار دەکەین. سیاسەتی ئێمەلەگەڵ یەکەکە، یان لایەنەکانی دیکەجیاوازی هەیە. پێمانوایەحیزبەکانی باشوور و رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاوا، هەموویان دەبێت لەچوارچێوەی ئەو بەشەدا کەهەن، کار و چالاکی خۆیان ئەنجام بدەن، لە پێناو ئازادی و مافی خۆیان خەبات بکەن. وەزیفەی ئێمەئەوەیەیارمەتی بەرەوپێشچوونی خەبات لەهەموو بەشەکاندا بدەین، پشتیوانیان بکەین، بەڵام ئەو پشتیوانییەئەو کاتەیەکەخۆیان داوا بکەن، چونکەلەو باوەڕە داین، کەخۆیان داوا نەکەن و سەرەڕۆیانەبچین لەبەرەیەکی شەڕ یان لەهەر کارێکی دیکەدا بەشداریی بکەین، ئەوا دەستێوەردانە، کاتێک داوامان لێکرا پێشمەرگەکان بنێرینەبەرەکانی شەڕ، وەک ئەرکێکی نەتەوایەتی ئەوەمان جێبەجێ کرد. پاشانیش پێمان راگەیاندوون، هەرکاتێک ئەوان داوامان لێبکەن، هێزەکانی ئێمەئامادەن.

کاتێکیش سوپاسیان کردین و گوتیان پێویستمان بەئێوەنیەو بکشێنەوە، ئێمەکشاوینەتەوە. بۆیەئەوەبەهیچ جۆرێک بەمانای پاشکۆبوون نیە، دەبێ هەموو کورد رێز بۆ یاسا و سنووری هەرێم دابنێت.

**سەقیل**: کەواتەمادام هەڵوێستی ئێوەرێزگرتن بێت لەیاسا و سەروەری هەرێم، ئەوەی هێزێکی دیکەبێ پرسی هەرێم دەیکات، بۆ نموونەئەوەی یەکەکەلەناوچەی شنگال دەیکات، پێشێلکردنی ئەم سەروەرییەو یاسای هەرێمە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر بێ‌رەزامەندی و داخوازی حکومەتی هەرێم بیهەوێت موداخەلەبکات، بەڵێ ئەوەلەژێر پێنانی سەروەری ئەو بەشەیەلەنیشتیمان.

**سەقیل**: یەکێکی دیکەلەو رەخنانەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگیرێت، ئەوەیەتا ئێستا کەیسی ئەو ٢٥٠ کادرەتان، کەلە ساڵانی نەوەدەکان بە دەستی کۆماری ئیسلامی تێرۆرکراون، لە دادگایەکی هەرێم، یان لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا نەتانکردۆتەکەیسێک و دژی ئێران نەتانجوڵاندووە؟

**مستەفا هیجری**: زۆربەی ئەو رووداوانەی هاتنەپێشێ، کاتێک بوو کەهێشتا حکومەتی هەرێم پێک نەهاتبوو، لەماوەی نێوان پاشەکشەی هێزەکانی سەدام حوسێن تا پێکهاتنی حکومەتی هەرێم بوو، لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر کادر و پێشمەرگەی ئێمەو رێکخراوەسیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی تێرۆرکران. ئەوکات حکومەتێک نەبوو بەدوای ئەمەوەبێت، هێزەسیاسییەکانیش رەنگ بێت بەهۆی ئەو دژبەریەی لەگەڵ یەکتر هەیانە، بەتایبەت پارتی و یەکیەتی، نەیانویستبێت یان نەیانتوانیبێت بەو جۆرەی پێویستەبەو ئەرکەهەڵبستن و بەدوای ئەو تێرۆریستانەدا بگەڕێن و بیانبیننەوەو سزایان بدەن. چونکەتێرۆریستان هەموویان مەعلومن، کەلەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە رێک دەخرێن و ئێمەش جگەلە کۆماری ئیسلامیی ئێران کەس و لایەنی دیکەبەدوژمنی خۆمان نازانین. لەبارەی ئەو پێشمەرگەو کادرەتێرۆرکراوانەشەوە، دەبێت بەڵگەکان بەجۆرێک بن کەقابیلی قبوڵکردن لەدادگادا بن، ئێمەئەو بەڵگانەمان لەبەردەستدا نین. راستەخۆمان بەشێکی زۆری ئەو تێرۆریستانەدەناسین،

بەڵام بەڵگەی یاساییمان لەبەردەستدا نیە، تا بیاندەین بەدادگا، لایەنی دیکەش حاشا دەکات، بۆیەرەنگەئەوەلەدادگایەکی نێودەوڵەتیدا نەکرێت.

**سڤیل**: بەڵام خۆ هەرنەبێت لەراگەیاندندا دەنگدانەوەی دەبێت، کەدۆسیەی تێرۆرکردنی سەدان کەس دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران جوڵێندراوە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمەلەکۆڕ و کۆبوونەوەنێودەوڵەتیەکاندا و لەگەڵ ئەو وڵاتانەی رۆژئاوادا کەپەیوەندیمان هەیە، هەمیشەباسی ئەوەمان کردووەو ورژواندومانە، بەڵام تا ئێستا وەک کەیسێکی یاسایی بەهیچ دادگایەکمان نەداوە.

**سڤیل**: هیچ کام لەو تێرۆریستانەی باسیان دەکەی، کەژمارەیەکی زۆریان لێدەناسن، لەهەرێمی کوردستاندا ماون و دەژین، کە ئازادانە بسوڕێنەوەو لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵ نەکرابێت؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ هەن.

**سڤیل**: هەیانەلەپێگەی دەسەڵاتدا بێت، یان لەسەرکردایەتی حیزبەکاندا بێت؟

**مستەفا هیجری**: تاکوتەرا لەپێگەی دەسەڵاتیشدا هەن.

**سڤیل**: تا ئێستاش ئەو مەترسی تێرۆرکارییەلەسەر ئێوەو کادرەکانتان هەر ماوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو مەترسییەقەت لەسەر ئێمەنەڕەویوەتەوە، بەڵام کەتائێستا تێرۆری دیکەجێبەجێ نەکراون، دوو هۆکاری هەیە، یەکەمیان: بۆ خۆمان لەهاتوچۆ و هەڵسوکەوتماندا زۆر وریاترین. دووەمیان: کۆماری ئیسلامیش لەو هەلومەرجەکەلەدونیادا پەراوێزخراوە، توشی گرفتی سیاسی گەورەبووە، رەنگە تا ئێستا بەپێویستی نەزانیبێت، کەدرێژەبەتێرۆرکاریەکانی بدات. بەڵام هەرگیز لەوەنەوەستاوە، کەجاسوس بنێرێتەناومانەوە، کێشەمان بۆ دروست بکات و زانیاری کۆبکاتەوە. رەنگەلەکاتێکی دیکەکەلە رووی سیاسییەوەبۆ خۆیان لەباری بزانن، کاری تێرۆریش دەست پێبکەنەوە.

**سڤیل**: رێفۆرمخوازانی کورد لەئێران چۆن دەبینی؟ دواجار هەڵوێستی ئەوان دەچێتەخانەی بەرگری لەرێژیمی ئیسلامی یان بەرگری لە مافی کورد؟

**مستەفا هیجری**: پێموایەڕیفۆرمخوازەکانی ئێران بەگشتی و ڕیفۆرمخوازەکانی کوردی ئێرانیش بەتایبەتی بەدوای کلاوی بابردوو کەوتوون. ئەوەی ئێستا زۆر روونە، ڕیفۆرم یەکێکەلەتایبەتمەندییەکانی حکومەتێکی دێموکراتیک، لەوێدا ڕیفۆرم دێتە پێشێ، ئەوڕۆ کەموکوڕیەکی هەیە، خەڵک فشار دێنێت، بەخۆیدا دەچێتەوەو دەزانێت کەهەڵەیەکی کردووە، هەڵەکەی ڕاست دەکاتەوەو هەنگاو بەهەنگاو دەچێتە پێشەوە، ئەمەڕیفۆرمە. بەڵام لەوڵاتێکدا کەیاساکەی بە ئاسمانی دەزانێت، پێی وایەکامڵترین یاسایەلە جیهاندا و سەرچاوەکەی لەشەریعەتی ئیسلامی و ویلایەتی فەقیهەوەوەرگرتووە، لەو وڵاتەدا چۆن دەتوانرێت ڕیفۆرم بکرێت؟ وەک دەبینین لەماوەی ٣٦ ساڵی رابردوودا لەڕێژیمیئیسلامیی ئێراندا گەر ئاڵوگۆڕێک کرابێت، ئاڵوگۆڕ بەرە و دواوەبووەو ڕۆژ بە ڕۆژیش توندوتیژتر بووە. بۆ نموونەلەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێن دەدەن، وەک چۆن لە دوایین هەڵبژاردندا حەسەن ڕۆحانی هات بەڵێنی زۆری بەکورد و غەیری کورد دا، بەڵام بەپێی ئامارەکانی جیهان و هی خۆشیان، ژمارەی لە سێدارەدانەکان لەو ماوەیەدا لەهی سەردەمی ئەحمەدینەژاد زیاترە. ئەو ڕێژیمەلە واقعدا پێی وایەهەموو شتێک دەزانێت، وەلی فەقیهـخۆی بەنوێنەری ئیمامی زەمان دادەنێت و بەستراوەتەوەبەئاسمانەوە، تۆ چۆن دەتوانی قسەلەقسەی کەسێکی ئاوادا بکەی، یان شتێکی پێبڵێی لەهی ئەو باشتر بێت؟!! بۆیەئەو جۆرەسیستەمانەڕیفۆرم هەڵناگرن.

**سڤیل**: کەناڵی ئاسمانی تیشکتان بۆچی داخست؟ لەبەر نەبوونی توانای دارایی بوو، یان نەبوونی کادیریراگەیاندنکاری پێویست بوو؟

**مستەفا هیجری**: داخرانی تیشک بەهۆی کێشەی داراییەوەبوو، لەبەر نەبوونی تێچووی کەناڵەکەبوو. تا کاتێکیش متمانەمان نەبێت کەبتوانین بەشێوەیەکی باشتر بەردەوامی پێبدەین، رەنگەئەو کەناڵەدەست بەکار نەکاتەوە. ئەزموونی پێشووتر کەموکوڕی و هەڵەی تێدابووە، بەڵام ئەو جارەئەزموونمان زیاتر دەبێت. لە بەرانبەر ئەوەدا هەوڵ دەدەین ئەو ڕاگەیاندنانەی دیکەمان کەهەمانە، وەک ماڵپەڕی حیزب، بەهێزتری بکەین.

**سڤیل**: ئەنجامی کاری ئەو لێژنەیەی پێک هێنرابوو بۆ لێکۆڵینەوەلەڕووداوی هەڵکوتانەسەر کەمپەکەتان لەلایەن پۆلیس و ئاسایشی کۆیەوەچی بەسەر هات؟

**مستەفا هیجری**: ئێمەش هەر چاوەڕوانی ئەنجامین کەپێمان بڵێنەوە. چونکەئەوکاتەی برادەرانی لێژنەکەهاتنەلای ئێمە، باسیان لەوەکرد کەلێکۆڵینەوەدەکەن و تاوانبارەکان سزا دەدەن، بەڵام گوتیان ماوەیەکی پێدەچێت تا لێکۆڵینەوەکەمان بەئەنجام دەگات. تائێستا هیچ ئەنجامێکیان بەئێمەنەداوەتەوە.

**سڤیل**: هیچ ئومێدێکت بەو لێژنەیە هەیەئەنجامێکی هەبێت، یان وەک هەر لێژنەیەکیترەکەبۆ لەبیربردنەوەی کێشەکان پێک دەهێنرێن؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕاستیدا ئێمەتا ئێستاش هیوادارین کەئەمەبەو جۆرەنەبێت و ئومێدمان بەرنەداوە.



سەرچاوە
Serchawe

**سڤیل**: لە خوێندنەوەی کتێبی نسکۆ و دابڕانـدا تێبینـی ئەوە دەکرێت، زۆر بە حەزەرەوە نووسراوە، لە چەندین شوێن باسی رووداوی جیاواز دەکەی و ئاماژە بەناوی بکەرەکان نادەی و دەنوسی ناوەکەیان لای من پارێزراوە. تۆ بۆ مێژوو دەنووسی، ئەم حەزەرە بۆچی؟

**مستەفا هیجری**: ئەو حەزەرە لەبەر ئەوەیە، ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان کە جیابوونەتەوە، لە وتـووێژ دایـن، چونکە دەمانهەوێت بە شێوەیەکی باش یەک بگرینەوە، بۆیە نەمویست نووسینەکە بەجۆرێک بێت، کە ببێتە کۆسپ لە بەردەم ئەو وتـووێژانە. هەرچەنـدە ئێستا ئەوان بەو نووسینەش زۆر نـاڕەحەتن. ویستومە ئەو فەزایەی کە زۆر تێکۆشـاوین تـاکو ئـارام بـووەتەوە، جـارێکی دیکە تێـک نەچێتەوە و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵیاندا هەمانە، بەردەوام بێت، تاکو بتوانین وتووێژەکانمان درێژە پێبدەین.

**سڤیل**: حیـزبە کوردیەکـان بە گشتی حیزبـی سەرکردەن، هەمیشـەش دواب‌ڕیـاری یەکلاکەرەوە تێیانـدا لای سەرکردەی حیزبەکـان بـووە. بێگومان د. قاسملوو و حیزبی دێموکراتیش لەوە بەدەر نین. بەڵام ئەوەی تۆ لە کتێبەکەدا باسی دەکەی، کە د. قاسملوو بێ پـرس و راوێـژی دەفـتەری سیاسـی دوو خـولی دانوسـتانی لەگەڵ ئێـران ئەنجامـداوە، کە دواجـار بە تێرۆرکردنـی خـۆی کۆتـایی دێـت، ئەوە ناگەیەنێت، کە د. قاسملوو سەرکردەیەکی تاکڕەو بووە و لە بڕیارە گرینگەکانیشدا بۆ دەفتەری سیاسی نەگەڕاوەتەوە؟

**مسـتەفا هیجـری**: پێموایە ئەگەر سکرتێر یـان کەسـایەتی یەکەمـی حیزبـی هەڵەیەکـی کـرد، نابێت ئەوە تەعمیم بکـرێ، چـونکە هەموومان مرۆڤین و لەکارەکانمانـدا توشی هەڵە و لێکدانەوەی هەڵە دەبـین و رەنگە هەنگـاوی هەڵەش بنێین، بەڵام ئەوە مانـای وا نیە هەمـوو هەنگاوەکانمـان هەڵەن. جیـاوازیەکەی د. قاسملوو لەوەدابـوو، کە ئەو بەگشتی مرۆڤێکی دێمـوکرات بـوو، لەگەڵ کـۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بابەتەکانی خۆی دەخستە روو، بەڵام لەبەر هەندێک هۆ کە لەکتێبەکەدا ئاماژەم پێکردووە، د. قاسملوو هاندرا بۆ ئەوەی بچێت لەم وتووێژەدا بەشدار بێت. ئەو نیەتێکی پاکی هەبوو، بەشێوەیەکی لـۆژیکی و سیاسی بیـری دەکـردەوە. بیـری لەوە دەکردەوە رێژێمی ئیسلامیی ئێران کە هەشت ساڵ لەگەڵ عێراقدا لەجەنگدا بووە و خەسارەتێکی گیانی و مـاڵی زۆری لێکەوتـووە، ئێستاش کەوتوونەتە وتووێژ و کێشەکەیان چارەسەر کردووە، کە وابوو لێرە بەدواوە ئێران پێویستی بە ئـاوەدانکردنەوە هەیە، بـۆیە ئەویش گەر بە لۆژیکی بیر بکـاتەوە، دەبێت بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ نەیارەکـانی خـۆی و لەگەڵیـان بسـازێت و کێشـە نەهێڵێتەوە. لە کتێبەکەدا ئامـاژەم بە بەڵگەی دیکەش کـردووە، رێژێمـی ئیسلامی پیلانێکی وای داڕشـتبوو و وای نیشـاندابوو، گەر د. قـاسملوو خـۆی بەشدار نەبێت، وتوێژەکە درێژەی نابێت. د. قاسملووش چونکە هەر لە سەرەتـاوە تـا ئەو کاتەش کە شەهید بـوو، هەمیشـە لەو بـاوەڕە دابـوو، کە کێشـەی ئێمە و رێژێمـی ئیسلامیی ئێران بەچەک چارەسـەر نابێت، بەڵکو دەبێت لەرێگـای وتووێژەوە بێت. ئەو پێیوابـوو هەلومەرجێک هەڵکەوتووە و دەبێ لەدەستی نەدات، هەرچەندە رەنگە ئەو رەخنەیەی بێتەوەسەر کە باستکرد.

**سڤیل**: کەواتە تۆ ئەمانە بە بەڵگەی تاکڕەوبوونی د. قاسملوو هەژمار ناکەیت؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر، بەهیچ جۆرێک لە باسکردنی ئەو بابەتەدا مەبەستم ئەوە نەبووە، کە بڵێم د. قاسملوو کەسێکی تاکڕەو بووە.

**سڤیل**: بەشی زۆری کتێبەکەت تەرخانکراوە بۆ وڵامدانەوەی کتێبەکەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئەزموونی خەبات؛ بە ڕاشکاوانە پێمان بڵێ، گەر ئەزموونی خەبات نەنووسرابایە، تۆ نسکۆ و دابڕانت دەنووسی؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر، ئەگەر ئەزموونی خەبات نەنووسرابایە، ئەو کتێبەم نەدەنووسی. کاک جەلیل گادانی لەکاتی جیابوونەوەیاندا لەسەر هۆی جیابوونەوەکە نووسی، من وڵامم نەدایەوە. بەڵام ئەوەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ئەزموونی خەباتدا باسی کردووە، چەواشەکاری مێژووی حیزبی دێموکراتە، کە ئەوە بەکارێکی زۆر خراپ دەزانم، ئێمەی حیزبە سیاسییەکان لە جیاتی ئەوەی زانیاری دروست بە خەڵکەکەمان بدەین، چەواشەی بکەین. تەنانەت ئەگەر کەسێکی دیکەش لە هاوڕێیانی ئێمە وڵامی دابایەوە، ڕەنگ بوو من وڵامم نەدابایەوە، بەڵام لەبەر ئەو هۆکارانە بەئەرکی خۆمم زانی، ئەندام و لایەنگرانی حیزب و خەڵکی کورد بەگشتی یەکلایەنە قەزاوەت نەکەن. سبەی ئێوە وەک ڕۆژنامەنووس، یان توێژەرێک ئەگەر بەدوای ڕاستییەکاندا بچێت، تەنیا قسەی یەک لایەنی لەبەردەستدا نەبێت. بۆیە پێم باش بوو، ئەو زانیاریانەی من ئاگاداریان بووم بیاننووسم و لەبەردەستی خەڵکدا هەبن، ئەوکات خەڵک قەزاوەتی خۆی بکات.

**سڤیل**: لەشوێنێکی کتێبەکە باس لەوە دەکەی، دوای کۆنگرەی ١٣ و بەر لەوەی برادەرانتان جیا ببنەوە، پێشنیاری ئەوەتان کردبوو، کە لەوحێکی ڕێزلێنان بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە بنووسن. بەڵام دوای ئەوەی ئەو مەرجی دانا کە خۆی لەناوڕۆکەکەیدا بنوسێت یەکڕیزی حیزبی پاراستووە و درێژەی بە ڕێبازی ڕێبەرانی شەهید داوە، ئێوە ڕازی نەبوون و لەوحەکەتان نەنوسی. تۆ لەبەر ئەوەی پێت وابوو ئەو یەکڕیزی حیزبی نەپاراستووە و پێڕەوی ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدی نەکردووە، بۆیە بەوە ڕازی نەبووی؟

**مستەفا هیجری**: لەکتێبەکەدا ئاماژەم پێداوە، لەواقیعدا ئەوەم لە هیچ سەرکردەیەکی دیکە نەبیستووە، کە لەوحی ڕێزلێنانی بۆ بنوسرێت، بڵێت دەبێ بەخۆم بینووسم، ئەمە وەک پرەنسیپ؛ جگە لەوەش کاتێک هەیئەتەکەی دەفتەری سیاسی لەلای ئەو هاتنەوە و دانیشتین، ئەوکات هێشتا پێکەوە بووین، کاک حەسەنی ڕەستگار و کاک مستەفای مەولوودی، کە ئێستا لەگەڵ هاوڕێیانی جیابووەوەن و ئەوکات هەردووکیان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون، لەسەر بابەتەکە قسەمان کرد. کاک حەسەنی ڕەستگار ئەوەندە لەمەرجەکەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە نارەحەت بوو، داوای کرد وازی لێبێنین. ئەوە بوو ئیدی لێی گەڕاین.

**سڤیل**: ئەی ئێستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەشایانی ئەو لەوحی ڕێزلێنانە دەبینی؟

**مستەفا هیجری**: بەر لەجیابوونەوە ئەگەر ئەوە سەری گرتبایە، ئامادەبووم خۆم لەوحی ڕێزلێنانی بۆ بنوسم، بۆ ئەو خزمەتانەی لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا کرد بووی، هەرچەندە کێشە و جیاوازی بیروبۆچوونیشمان هەبوو. بەڵام لەو باوەڕەدام، نەک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە هەر حیزبێکی نەتەوەییدا کاتێک سەرکردەیەک دەبێتە هۆی دابڕان و دووبەرەکی، بێ هیچ

جیاوازییەکی فیکری و سیاسی، تەنیا لەبەر بەژەوەندی گرووهی، پێموایە کەسایەتیەکی ئاوا نەک تەنها بۆ ڕێزلێنان نابێت، بەڵکو دەبێت بکەوێتە بەر لۆمەی خەڵک. من زیاتر لە سی ساڵ لە تەمەنی گەنجیەتی خۆم لەو حیزبەدا بەسەربردووە، گرفت و مەترسی زۆرم قەبووڵ کردووە، هەموو ئەوانە نابنە پاساو بۆ ئەوەی کارێک بکەم ئەو حیزبە لەت ببێت. ئێمە پێویستمان بەیەکریزی هەیە، نەک جیابوونەوە. ئەمە ئەو کێشەیە بوو کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە دروستی کرد و هەشت ساڵە چەندەی دەکەین بۆمان وەک خۆی لێنایەتەوە.

**سێڤیل**: لەباسی هۆکارەکانی جیابوونەوەی هاوڕێیانتان لەدوای کۆنگرەی ١٣، باسی هۆکارێک دەکەی، وەک کارەکتەرێکی سەرەکی نائاشکرا وەسفی دەکەی، بۆچی بە ڕاشکاوانە نەت گوتووە و وا بە نائاشکرایی هێشتووەتەوە؟

**مستەفا هیجری**: بەڕاستی تاکو ئێستاش بۆ من نائاشکرایە، لەو بارەوە فاکتێکی قابیلی قەبووڵم بە دەستەوە نیە، ئاسار و شەواهیدەکان نیشانی دەدەن، کە کەسێک یان لایەنێک لەپشتی ئەو جیابوونەوەیە بووە، بەو بەڵگانەی لەکتێبەکەدا باسم کردووە، بەڵام لەلام ڕوون نەبوو تا بەدیاریکراوی بڵێم فڵانە کەس یان لایەن بووە، پێم خۆش نەبووە شتێک بڵێم، کە گومانم لەسەری هەبووە. لەو کتێبەدا هەوڵمداوە، هەرچی بەخۆم شاهێدی بوومە و دیومە، بە دروستی بیخەمە بەرچاوی خەڵک.

**سێڤیل**: ئێستا کە نێوانتان لەگەڵ برادەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان باشە و وتووێژ لە نێوانتاندا هەیە بۆ یەکگرتنەوەتان، پێت وانیە کاتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکە کاتێکی خراپ بوو و زیان بەم هەوڵانەتان بۆ یەکگرتنەوەتان دەگەیەنێت؟

**مستەفا هیجری**: ئەو برادەرانە ئەو ڕەخنەیەیان لەمن گرتووە، ڕەنگە خەڵکی دیکەش ڕەخنە بگرێت، ڕێزم هەیە بۆ ڕەخنەکانی خەڵک. ئەمە کتێبێکە خەڵک حەقی خۆیەتی بیروبۆچوونی خۆی لەسەر بڵێت. من بیرم کردەوە، ڕاستە ئێمە لە وتووێژ داین و مەبەستمان یەکگرتنەوەیە، بەڵام ئێستا کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئەو شتانەی لە ئەزموونی خەباتدا نووسیوە، ئەگەر بڕیار بێت وەڵامی بدەمەوە، دەبێ کەی وەڵامی بدەمەوە؟ خۆ ئەگەر یەکمان گرتەوە، ئەوکات هەر ناتوانم باسی بکەم، چونکە دووبارە کێشە لە نێوانماندا دروست دەبێتەوە، ڕەنگە دووبارە بیێتەوە هۆی دوودەستەیی و لە یەکتر دڕدۆنگبوون و دروستبوونەوەی ناخۆشی، کەوابوو باشتر وایە بەر لە یەکگرتنەوە ئەو ڕاستیانە بخەمە بەرچاوی خەڵک، تاکو خەڵک بە چاوکراوەیی بیبینێت. هەرچەندە پێشبینی ئەوەشم دەکرد، کە ئەوان پێشوازی لێ ناکەن، بەڵام بەهەرحاڵ مادام هەر بڕیارم داوە کە بینووسم، پێموابوو ئێستا باشترە لەوەی دوای یەکگرتنەوە بینووسم.

**سێڤیل**: لەکتێبەکە باس لەوە دەکەی، لە کۆنگرەی ١٣ عەبدوڵڵا حەسەنزادە بابا عەلی پێشنیار دەکات بۆ سکرتێری حیزب، چونکە وای دانابوو ئەو کەسایەتییەکی لاوازە و هەر خۆی لەپشت پەردەوە سکرتێری ڕاستەقینە دەبێت. ئێستا کە خالیدی عەزیزی سکرتێری (ح.د.ک)ە، پێتوایە هێشتا لەپشت پەردەوە سکرتێری ڕاستەقینە عەبدوڵڵا حەسەنزادە بێت، بۆیە هەنگاوەکانی یەکگرتنەوە وا لەسەرخۆن؟

**مستەفا هیجری**: هێندەی من زانیاریم هەبێت، کە رەنگە زانیاریەکانیشم تەواو نەبن، عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئێستاش کارەکتەرێکی کارایە لەناو حیزبەکەیدا، بەڵام وەک سەرەتا نەماوە، چونکە بەرەبەرە بەشێکی زۆری خەڵکەکەی ئەوانیش ئێستا هەستیان بەوە کردوە، کە ئەو جیابوونەوەیە هەنگاوێکی دروست نەبووە و خزمەتی بەوان و بەجوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵات نەکردووە، بۆیە ئەو دەسەڵاتەی سەرەتای نەماوە.

**سڤیل**: لەکتێبەکەدا باس لەوە دەکەی، لەکۆنگرەی دەیەمدا تۆ دژی گەڕانەوەی برادەرانی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بووی بۆ ناو حیزب، چونکە متمانەت پێیان نەبوو. ئەی باشە ئێستا هەمان گرووپ، دوای ئەوەی ئینشیقاقێکی دیکەشان لە حیزبدا ئەنجامدا، هیچ متمانەیەکت پێیان ماوە بگەڕێنەوە ناو حیزب و لە ئایندەدا دووبەرەکی دروست نەبێتەوە؟ چونکە تۆ نووسیوتە کە بەر لە ٢٠ ساڵ تۆ ئەوانت بە باشی ناسیبوو و متمانەت پێیان نەبوو؟

**مستەفا هیجری**: لەکاری سیاسیدا متمانە زۆر شەرت نیە، پیاو هەوڵ دەدات متمانە پەیدا بکات، بەڵام دەبێ متمانە لەمیانەی کردەوە و هەڵوسکەوتدا بێتە پێشێ. ئەوەی بۆچوونی من و حیزبەکەمانە و وای لێکردووین هەنگاو بنێین بۆ یەکگرتنەوە، یەکەم، زەرورەتی سیاسی ئەمڕۆی ناوچەکە و ئێرانە، کە ئەوە دەخوازێت حیزبەکانی رۆژهەڵات لەجیاتی دابڕان و ئینشیعاب، رەوتی یەکگرتنەوە بگرنەبەر، دەبێ ئێمەش ئەو کارە بکەین، چونکە ئاڵوگۆڕەکان زۆر خێران، ئەگەر ئێمە یەکگرتوو و بەهێز نەبین، ناتوانین لە ئاڵوگۆڕەکانیشدا جێ پەنجەمان دیار بێت. دووەم، پێمولیە بەشێکی زۆر لەو هاوڕێیانەی کە جیابوونەتەوە، گەیشتوونەتە ئەو راستیەی، کە کارەکەیان کارێکی هەڵە بووە، رەنگە ئێمەش لەو بارەیەوە هەندێک هەڵەمان هەبووبێت. زۆرتر هیوام بەوەیە کە بەهەڵەکانی خۆمانمان زانیوە، لە یەکگرتنەوەماندا جارێکی دیکە هەنگاوی هەڵە نەگرینەبەر و بۆ قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەس و گرووهی حیزب لەت نەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی بیروبۆچووون و لێکدانەوە هەمیشە هەر دەبێت.

**سڤیل**: ئەو برادەرانەتان کە دوای کۆنگرەی ١٣ بەر لەوەی جیا ببنەوە، چەندین مەرجی قورسیان هەبوو بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن و جیا نەبنەوە، تۆ ئەوکات لەبەر بەرژەوەندی حیزب زۆر لەو مەرجانەت قەبووڵ بووە، خۆ مەرجەکانی ئێستای برادەرانی (ح.د.ک) لە مەرجەکانی ئەوکات کەمتر و سوکترە، بۆچی هەنگاوەکان بۆ یەکگرتنەوە وا بەهێواشی بەرێوە دەچن؟

**مستەفا هیجری**: من تەنیا لەلایەنی خۆمەوە قسە دەکەم، لەلای ئێمەوە هۆکارەکەی ئەو نیگەرانیانەیە کە ئێمە لەیەکگرتنەوەدا هەمانە. چونکە پێشتر یەکگرتنەوە روویداوە و دواتر شکستی هێنا، ئەزموونێکی شکستخواردوو بوو. هەموو نیگەرانیەکەمان ئەوەیە کە بەر لە یەکگرتنەوە قسە لەهەموو ئەو گیروگرفتانە بکەین کە هەمانن و هەمووی چارەسەر بکەین و هیچ گرفتێکمان نەمێنێت. ئەوانیش بۆ خۆیان نیگەرانیان هەیە. زیاتر ئەو وردەکاریانەن، کە کاتی خایاندووە.

**سڤیل**: وردەکاریەکانە کە تائێستا بۆتە کێشە، یاخود مەسەلەی ناوە؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: نەخێر مەسەلەی ناو نیە، ئەوان لەدانیشتنی دوو دەفتەری سیاسیدا قەبووڵیان کردووە، کە یەکگرتنەوە ئەگەر ببێت، لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێت، هەروەها بەو ئارمەی حیزبمان هەیەتی. بەڵام لەهەموو وتووێژێکدا وردەکاریەکان چارەسەرکردنیان زەحمەتترە و کاتی زۆر دەگرێ.

**سڤیل**: لە حیزبی کوردیدا، کە وەک باسمان کرد حیزبی سەرکردەن، سەرکردەکان یان بەمردنی خۆیان یان بە تیرۆرکردن لە سەرکردایەتیکردنی حیزبەکانیان دوورکەوتوونەتەوە. لێرە لە باشوور زۆربەی خەڵک باوەڕیان بەوە هێناوە، کە یەکگرتووی ئیسلامی یەکەم حیزبی کوردی بووە، ئەمینداری گشتیەکەی لە کۆنگرەیەکی ئازاددا دەسبەرداری پۆستەکەی بووە، خۆشیان هەر لافی ئەوە لێدەدەن. بەڵام کەم کەس بەوە دەزانێت، کە تۆ یەکەم سکرتێری حیزبێکی کوردی بوویت، بەر لە ٢٠ ساڵ و لە کۆنگرەی دەیەمی حیزبدا بۆ بەرژەوەندی حیزبەکەت دەسبەرداری پۆستەکەت بوویت و تا سێ کۆنگرە وەک جێگری سکرتێر، یان ئەندامێکی ئاسایی دەفتەری سیاسی بەردەوام بوویت، تا دواتر وەک سکرتێر هەڵبژێردرایتەوە. تۆ بۆ ئەمە چ قسەیەکت هەیە؟

**مستەفا هیجری**: منیش هەر وای دەبینم، خۆ ئەوە هەمووی ئاشکرایە و خەڵک دەزانێت، بەڵام مەرج نیە هەموو شتێک بۆ خۆم بیڵێم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠١٥

-------------------------------------------------

**حیزبی دێموکرات هیچ دەستێوەردانێکی لە ناڕەزایەتییەکانی مەهابادا نەکردووە...**



## ماڵپەڕی دۆیچەوله (Deutsche Welle)

کوردستان میدیا: پاش لێدوانە لێک ناتەباکانی بەرپرسانی ڕژێمی ئێران لەبارەی ڕووداوەکانی مەهاباد و کوردستان، ڕێبەرانی حیزبە کوردییەکان دەستێوەردانی خۆیان لەو ڕووداوانە وەدرۆ خستەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی کوردستان میدیا، دوای مەرگی گوماناویی فەریناز خوسرەوانی کارمەندی هۆتێل تارای شاری مەهاباد و لێداونە لێک ناتەبا و ناکۆکەکانی بەرپرسانی ڕژێمی ئێران لەمەڕ دەستێوەردانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، ماڵپەڕی دۆیچەوله ( Deutsche Welle) لەگەڵ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژێکی پێک هێناوە.

**دەقی ئەم وتووێژە بەم چەشنە:**

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ لێدوانەکانی بەرپرسانی ئێران سەربارەت بە دەستێوەردانەکانی حیزبی دێموکرات لەو خۆپیشاندانەدا دەڵێت:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نارەزایەتییەکانی خەڵکی مەهابادا هیچ رۆڵێکی نەبووە و دەستێوەردانی نەکردووە.

هیجری لەو وتووێژ لەگەڵ دۆیچەولەدا جەخت دەکاتەوە، حیزبە کوردییەکان لەو ڕووداوە ئاگادار نەبوون و دوای ئەوەیکە خەڵک دژی ئەو کارەساتە مرۆییە نارەزایەتییان دەربری، حیزبە سیاسییە کوردەکان پشتیوانییان لەو خۆپیشاندانە کرد، بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێدوان و وتەکانی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران رەت دەکاتەوە و رایدەگەیێنێت کە ئەو ڕووداوانە بە هۆی دەستدرێژی بە مافی خەڵک دێنە ئاراوە، نە بەهۆی هەڵخراندن و دەستێوەردانی حیزبە سیاسییەکان.

هەروەها سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رەتی ئەو لێدوانانەی بەرپرسانی ڕژێمی ئێراندا وتی:

ئەوەیکە خەڵک دروشمی سیاسییان نەداوە و نیسبەت بەو کردەوە دزێوەی دەستوپێوەندییەکانی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران نارەزایەتییان دەربڕیوە، ئەوە خۆی دەرخەری ئەوەیە کە حیزبە کوردییەکان هیچ دەستێوەردانێکیان نەکردووە و ئەگەر حیزبە سیاسییەکان



سەرچاوە Serchawe

دەستێواردانیان کردبایە، خەڵک دروشمی ئەو حیزبانەیان دەوتەوە و ڕووداوەکەیان سیاسی دەکرد و ئەوەش لە حاڵێک دایە ئەو ڕووداوە پێوەندی بە مەسەلەی سیاسییەوە نەبووە.

هیجری لە درێژەدا سەرەڕای داوکاری لە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕووداوە، جەخت دەکاتەوە کە کوردستان لە دۆخێکی ئاڵۆز دایە و خەڵک لەو ڕووداوە زۆر نارازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١٥

---------------------------------------------------

**هێرشی پ‌ک‌ک بۆسەر ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات...**



## وتووێژی "رۆژنامەی کەیهانی لەندەن"

مستەفا هیجری: هەڵسوکەوتی پکک لە پاسدارانی ئێران دەچێ

کوردستان میدیا: رۆژنامەی کەیهانی لەندەن لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی پکک بۆسەر ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، وتووێژێکی لەگەڵ مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حدکا ئەنجام داوە.

بە پێی راپۆرتی کوردستان میدیا، ئەحمەد رەئفەت رۆژنامەنووسی فارس ئەو وتووێژەی ئەنجام و لە قاڵبی چەند پرسیاردا هەوڵی روونکردنەوەی رووداوەکەی کێلەشینی لە زاری مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبەوە داوە.

هیجری لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەنووسدا سەبارەت بەوەی کە چ شتێک لە قەندیل رووی داوە، دەڵێ: سیاسەتی پکک سیاسەتێکی پاوانخوازانەیە کە خۆی بە خاوەنی هەموو کوردستان دەزانێ و پێی وایە کە تێکڕای چالاکییە سیاسی و نیزامییەکانی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لەژێر چاودێریی خۆیدا بێ. لە کاتێکدا کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ویستوویانە بچنەوە ناوچە پێشیان پێ گرتوون و وتوویانە کە دەبێ رێبەریی پکک ئیزنی هاتوچۆتان پێ بدا. پێشمەرگەی حیزبیش لە وەڵامدا وتوویانە ئێمە بۆ رۆیشتنەوە بۆ خاکی خۆمان ئیزن لە کەس وەرناگرین.

هیجری لە درێژەدا وتوویەتی: پێشمەرگەکانی حیزب نزیک بە ١٠ هەتا ١٥ رۆژ ویستوویانە لە رێگەی دانووستانەوە ئەو مەسەلە چارەسەر بکەن، بەڵام بە داخەوە ئەوان لەسەر داواکەی خۆیان سوور بوون و لە ئەنجامدا پێشمەرگەکان کراونەتە نیشانەی تەقەی هێزەکانی پکک.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وەڵامی پرسیاری ئیدیعای پکک لەمەڕ مانەوەی حیزب لە چیای قەندیل و نەرۆیشتنەوە بۆ خاکی ئێران، وێڕای ئاماژە بە ساختە بوونی تێکڕای تۆمەتەکانی پکک دەڵێت: بۆ پاساوهێنانەوەی کردەوەی نەشیاویان ئەو شتانە دێننە گۆڕێ. لە هەر حاڵدا پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەر ئامانجێک کە بیهەوێ بچێتەوە خاکی کوردستانی ئێران، خاکی خۆیانە و لەم بارەوە خۆمان بڕیار دەدەین کە بمانهەوێ جووڵەیەک ئەنجام بدەین. هێزەکانی


سەرچاوە
Serchawe

پکک سنووروانانی ئێران نین کە کۆنترۆڵ و ئەمنیەتی سنوورەکانی ئێرانیان لە ئەستۆدا بێت هەتا وێنای ئەوە بکەن کە ئامانجی پێشمەرگەی حیزب بۆ ڕۆیشتنەوە چییە.

هیجری وتیشی: بە داخەوە ئەوانە کە وەکوو پاسداران و سنووروانەکانی ئێران هەڵسوکەوت دەکەن و لەلایەن ئێرانەوە بەهێز دەکرێن، مەسەلەیەکە. چونکە خەڵکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان گوشاریان خستووەتە سەریان و ئەو کردەوەی پکک‌یان مەحکووم کردووە، لەمەڕ پاساوی کردەوە ناشایەستەیان ئەو تۆمەتانە دەدەنە پاڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات.

کەیهانی لەندەن لە بارەی سیاسیەتی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر مەسەلەی پکک دەپرسێت، هیجری لە وەڵامدا وێڕای ئاماژە بە چارەسەری ئەو پرسە لە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتییەوە، دەڵێ: ئێمە داوامان لە پارلمانی کوردستانی عێراق کردووە کە لەم پێوەندییەدا نێوبژیوانی بکات و داوامان لە دۆستانی هاوبەشمان لەگەڵ پکک کردووە هەتا لە ڕێگەی ئاشتییەوە ئەو مەسەلە چارەسەر بکەین.

مستەفا هیجری لە درێژەدا دەڵێ: ئێمە هیواداریین ئەم هەوڵانە بگەنە ئەنجام و بە هیچ شێوەیەک درێژەدان بەم بارگرژییە ویستی ئێمە نییە. تەنانەت لە چەندین حاڵەتدا ئێمە گەریلاکانی پەکەکەمان دەستگیر و ئازاد کردووە، ئەمەش نیشانەی نیازپاکیی ئێمەیە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەوەشی باس کردووە: پێشمەرگە ڕایگەیاندووە ئێمە نامانهەوێ شەڕ لەگەڵ ئێوە بکەین و تەنیا دەمانهەوێ بەشێوەی ئاشتیخوازانە ئەو مەسەلە چارەسەر بکەین و چیدیکە شەڕ لە نێوان هێزە کوردییەکاندا دروست نەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی جووونی ٢٠١٥

--------------------------------------------------

**دانوستاندنە ناوەکییەکان و بارودۆخی سیاسیی ئێران...**



## هەڤپەیڤین ی تایبەت لەگەڵ رووداو،

**لێکدانەوە و روانگەکانی حیزبی دێموکراتی لەبارەی دۆخی هەنووکەیی رۆژهەڵاتی ناڤین، دانوستاندنە ناوەکییەکان و بارودۆخی سیاسیی ئێران پاش هاتنەسەرکاری رۆحانی دەخاتە بەر باس.**

**رووداو**: سەفەری ئێوە بۆ واشینگتۆن سەفەرێکی فەرمییە؟ ئامانج لەم سەفەرە چییە؟

**مستەفا هیجری**: من لەسەر بڕیاری خۆم سەفەرم کردووە بۆ ئامریکا و پێشتریش ئەم کارەم کردووە، ئەمجارە بە هۆکاری دۆخی تایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شەڕی داعش و دانوستانە ناوەکییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا لەگەڵ رێژیمی ئێران هاتوومەتە ئامریکا و مەبەستم لەم سەفەرە و ئەم خولە چالاکییە دیپلۆماتیکییە ئەوەیە کە خاڵە نێگەتیڤەکانی ئەو رێکەوتنە بۆ کوردەکان بە ئامریکاییەکان رابگەیەنم.

**رووداو**: لەگەڵ ئەندامانی کونگرەی ئامریکا و سێناتۆرەکانی ئەو وڵاتە لەبارەی چییەوە قسەتان کرد؟!

**مستەفا هیجری**: من بەوانم راگەیاند کە رێکەوتن لەگەڵ رێژیمی ئێران بە مەرجی پێشگرتن لە دروستکردنی چەکی ناوەکی لەلایەن ئەو رێژیمەوە، رێکەوتنێکی خراپ نییە و بۆ دابینبوونی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە باش دەبێت. بەڵام خاڵی نێگەتیڤی رێکەوتنی ناوەکی، وەک لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان بۆ ئێمە زۆر گرینگە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە رێژیمی ئێران داهاتێکی زۆری دەست بکەوێت و دەبێتە هۆی بە هێزبوونی ئەم وڵاتە لە ناوچەدا. رێژیمی ئێران بە لابردنی گەرامرۆ ئابوورییەکانی ئامریکا دەستی ئاوەڵاتر دەبێت و بە هاوپەیمانەکانی وەک رێژیمی بەشار ئەسەد، حیزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن یارمەتییەکی زۆرتر دەکات. هۆکارێکی دیکە داعشە. ئوباما وتوویەتی، ئێران و ئامریکا خاڵی هاوبەشییان هەیە، بەڵام ئێران لەگەڵ داعش شەڕ ناکات، رێژیمی ئێران بۆ بەکارهێنانی داعش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی، دەیهەوێت ئەو گرووپە تیرۆریستییە بەهێز بکات. من بە پێی کۆمەڵێک زانیاری باوەڕپێکراوە کە لە ناوخۆی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەدەستی ئێمە گەیشتوون، باس لە بەهێزکردنی داعش لەلایەن رێژیمی ئێرانەوە دەکەم. رووخانی موسڵ و رۆمادیٚ دوو شتن کە سەلمێنەری بەهێزکردن و پشتیوانیی رێژیمی ئیسلامی لە گرووپی داعشن.

**رووداو**: ئێوە دڵنیان کە داگیرکردنی موسڵ و ڕۆمادیٚ پلانی ڕێژیمی ئێران بووە؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەر دەستدان پلانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ داگیرکردنی ڕۆمادیٚ و مووسڵ لەلایەن گرووپی تیرۆریستیی داعشەوە جێبەجێ کراوە. ئەگەر بە درۆشمەکانی گرووپی داعش سەرنجتان دابێت، دژی شیعەن. بەڵام هێرش ناکاتە سەر ناوچە شیعەنشینەکان. کاتێک کە داعش مووسڵی داگیر کرد هەموو چاوەڕوانی ئەوە بوون کە داعش هێرش بکاتە سەر بەغداد بەڵام گرووپی داعش ڕووی شەڕەکەی لە سنوورەکانی کوردستان کرد، چونکە ڕێژیمی ئێران ئەمەی دەویست. ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت شارستانیەت، شوناس، هونەر و فەرهەنگی عێراق لە ناو ببات. جگە لەوە ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت عێراق بکات بە ئێرانێکی دیکە، ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت دڵنیا بێت کە عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو دایە، ڕێژیمی ئێران لەلایەکەوە هێرشەکانی گرووپی داعش بۆ سنوورەکانی کوردستان رادەکێشێت و لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێت، هاتووین یارمەتیتان بدەین. بەداخەوە ڕۆژئاوا ئاگاداری سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکەدا نییە و دەمانهەوێت ئەو زانیارییانە بە دنیای ڕۆژئاوا رابگەیەنین.

**رووداو**: ئێوە دەڵێن ئامانجەکانی ڕێژیمی ئێران لە دەستێوەردان لە عێراق تەنیا سیاسی و نیزامی نین و بە لەناو بردنی فەرهەنگ و شارستانیەتی عێراق، هەدەفی فەرهەنگیشی هەیە؟

**مستەفا هیجری**: بە دڵنیاییەوە؛ ئامانجەکانی ڕێژیمی ئێران درێژ خایەنن، دەیهەوێت لە داهاتوودا کاریگەر و نفووزی لە عێراقدا بمێنێت و ئەمە بە لەناوبردنی فەرهەنگ و شارستانیەتی عێراق روو دەدادت. ئەم سیاسەتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تەنیا لە عێراق نییە و لە سووریە و یەمەن و هەر شوێنێکی دیکەیش کە بتوانێت، جێبەجێ دەکرێت.

**رووداو**: ڕێکەوتنی ناوەکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر پرسی نەتەوەیی کورد دادەنێت؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە ئەم مەترسییەمان بینیوە و بە بەرپرسانی ئامریکاییمان ڕاگەیاندووە کە ڕێکەوتنی ناوەکی دەتوانێت پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بخاتە پەراوێزەوە. نیگەرانی ئەوەین کە ئامریکا پاش ڕێکەوتن چیدیکە سەرنج نەداتە توندوتیژییەکانی ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتە. ئێران بە پێی گەمارۆ ئابوورییەکان ناتوانێت چەک بفرۆشێت بەڵام لەو ماوەیەدا لانیکەم ١٠ ملیارد دولار چەکوچۆڵی بە عێراق فرۆشتووە. چەکدارکردن و پڕچەککردنی گرووپەکان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پرسێکی دیکەیە کە ئامریکا لەبەر دانوستانە ناوەکییەکان لەبەرچاوی نەگرتووە. لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ خەڵک نییە و هەموو داهاتەکە بۆ وەدیهاتنی ئامانجە سیاسییەکانی ڕێژیم لە ناوچەکە تەرخان دەکرێت.

**رووداو**: هەڵوێستی ئامریکا لەبارەی ڕووداوەکەی مەهابادەوە جێگای ڕەزامەندی بوو؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: ئامریکا هیچ هەڵوێستێکی لەبارەی ناڕەزایەتییەکانی مەهابادەوە نەبوو. سەدان کورد ئێستا لە زینداننن و خراونەتە ژێر ئەشکەنجە. ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت ئەو بەندکراوانە بە توندی سزا بدات تاکوو بەو شێوەیە خەڵک بترسێنێت.

**ڕووداو**: کاناڵێکی پەیوەندی بۆ وتوویژ و دانوستاندنتان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بۆ گەییشتن بە ڕێکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە لەسەر دۆزی کورد هەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران هیچ پەیوەندییەکمان نییە و پێم وانییە ڕێژیمی ئێران هەنگاوێک بۆ نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکان هەڵبگرێت. ڕێژیمی ئێران باوەڕی بە مافی کەمینە ئایینییەکان و کوردەکان نییە. ئێمە بەو ڕاستییە گەیشتووین کە دانوستان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بێهوودەیە. هۆکارەکەشی ئەوە نییە کە ئێمە باوەڕمان بە دانوستان نییە بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران باوەڕی بە وتوویژ و دیالۆگ نییە. دوکتور قاسملوومان کاتێک لە دەستدا کە دەمانهەویست لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لە ڤییەن دانوستان بکەین و دوکتور قاسملوویان شەهید کرد.

**ڕووداو**: بارودۆخی کۆمەڵایەتی - سیاسیی کوردەکان لە کاتی هاتنە سەرکاری ڕۆحانییەوە باشتر بووە؟

**مستەفا هیجری**: پێویستە لێرەدا بڵێم کە مەسەلەی گۆڕینی کاربەدەستان لە ئێران رواڵەتییە. کەسانێک کە ئێران هەڵدەبژێردرێن یەک ئایدیۆلۆژییان هەیە. بەڵێنەکانیان بۆ کاتی هەڵبژاردن و هێنانی خەڵک بۆ سەر سندۆقەکانی دەنگدانە بەڵام هیچ کام لە بەڵێنییەکانیان ناچنە بواری جێبەجێکرانەوە.

**ڕووداو**: دەتانهەوێت خەباتی چەکداری بە دژی ڕێژیمی ئێران دەست پێ بکەنەوە؟

**مستەفا هیجری**: دەمانهەوێت تێکۆشانی خۆمان لە ڕێگەی پێشمەرگەکانمانەوە پەرە پێبدەین. ئێمە نامانەوێت بە شێوەی ڕاستەوخۆلەگەل ئێران شەڕ بکەین بەڵام دەمانەوێت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە خاکی ئێران بوونیان هەبێت و لەگەڵ خەڵکی کوردستان پەیوەندییان هەبێت. بەڵام ئەگەر ڕێژیمی ئێران هێرش بکاتە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، سروشتییە کە ئەمانیش لە خۆیان بەرگری بکەن.

**ڕووداو**: خەباتی چەکداریی ئێوە، بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی دیپلۆماتیکی بە دواوە نابێت؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەری هەیە کە ڕێژیمی ئێران حکوومەتی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر گوشارەوە. ئێمە لە مێژە کە خەباتی چەکداریی خۆمان بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان ڕاگرتووە. بەڵام ناتوانین بۆ هەمیشە وابین و خەباتی چەکداری وەلابنێین. پێم وایە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کۆمەڵێک کێشە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات بەڵام

ئەگەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هاودەنگ بن دەتوانن لە دروستبوونی هەر چەشنە کێشەیەک بۆ حکوومەتی هەرێم لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە پێشگیری بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی جوونی ٢٠١٥

---------------------------------------------------

پێشبینییەکەمان وەدیهات و لاوازبوونی ئێران دەرکەوت...



سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژی "ئاژانسی ئانادۆڵو"

کوردستان میدیا: سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەکەیەکدا لەگەڵ ئاژانسی ئەنادۆلو باسی لەرێککەوتنەکەی نێوان رێژیمی ئێران و وڵاتانی رۆژئاوایی کردووە و ئاماژەی بە ملدانی رێژیمی ئێران بەو رێککەوتنە کردووە.

دەقی تەواوی وتووێژەکە بەم چەشنەیە:

مستەفا هیجری دەڵێت: هێزیان بردووەتە سەر سنوور و ویستوویانە بەشێک لە پێشمەرگەکانیان بچنەوە بۆ رۆژهەلات و لەوێ لەگەڵ خەڵکدا پەیوەندییان هەبێت و جەختیشی لەوە کردەوە بارودۆخی وڵاتی ئەوان لەگەڵ تورکیە جیاوازە. هیجری پێی وایە لە هەر وڵاتێک هەلی گونجاو هەبێ بۆ سیاسەت کردن ئەوە بەکارهێنانی چەک گونجاو نییە و لە تورکیە ئەو دەرفەتە بۆ کورد رەخساوە کە خەباتی مەدەنی بکات.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو باس لەوە دەکات کە لە سەردانەکەیدا بۆ ئامریکا، ئەوان پێیان راگەیاندوون کە بەپێی بارودۆخی هەر وڵاتیک یارمەتی کوردەکانی ئەو وڵاتە دەدەن. ئەو گوتی لە بەرنامەشمان دایە کە پەیوەندیمان هەبێ لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیەش دەڵێ ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەی خۆمان چاوەڕوانیین هێشتا بەرقەرار نەبووە.

لەبارەی رێکەوتنی چەند رۆژی رابردووی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەک کە لە ڤییەنا لەسەر پرسی پرۆگرامی ناوەکیی ئێران ئیمزا کرا مستەفا هیجری دەڵێت: پرسی گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی پیتاندانی ئۆرانیۆم لە نێوان ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەک ماوەیەکی زۆرە دەستی پێکردبوو، بۆ ئەوان ئەنجامەکەی لە سەرەتاوە دەرکەوتبوو.
هیجری لەو رووەوە دەڵێت: من پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوو کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەر ئەوەی لەباری ئابوورییەوە تووشی گیر و گرفتێکی یەکجار زۆر گەورە بووەتەوە، بۆیە ناچارە هەموو مەرجەکانی رۆژئاوا قبوڵ بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێت گەمارۆکان لەسەر خۆی لابەرێت، لەو ماوەیەشدا کە زیاتر لە سالێکی خایاند و چەندین جار درێژکرایەوە لەگەڵ برگە جۆراوجۆرەکانی ئێران هەوڵی دا دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا مەرجەکانی رۆژئاوای قبوڵ کرد، تەسلیم بوو بەوەی کە گەمارۆکان لەسەر خۆی لابەرێت و بتوانێت بارودۆخی ئابووری خۆی ساغ بکاتەوە، ئەو پرۆسەیە کە ئەنجامەکەی بووە هۆی ئەوەی گەمارۆکان بەسەر خەڵکی

ئێران بسەپێنرێت و خەڵکەکەی تووشی گێر و گرفتێکی زۆر ببێتەوە لە بێکاری و بێ بەرنامەیی و راوەستانی هەزاران پرۆژەی خزمەتگوزاری لەناو ئێراندا هەموو ئەوانە ئەنجامی ئەو بەرزە فڕییانەی ئێران بوون بەوەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بکات بۆ ئەوەی دەستی بە چەکی ئەتۆمی رابگات.

هیجری زیاتریش دەڵێت: وڵاتانی رۆژئاوا بە هاوپشتی لەگەڵ بەشی زۆری وڵاتانی دنیا پێشیان بە ئێران گرت و ناچاریان کرد بێتە سەر مێزی گفتوگۆ و ئەمیش بە قەناعەت و دڵخوازی خۆی نەهاتە سەر مێزی گفتوگۆ، ئەوەشی روویدا لە رێکەوتن لەسەر ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕی پێیەتی، بەڵکوو پێیوایە دەبێت چەکی ئەتۆمی هەبێت و لە هەر دەرفەتێکدا بۆی هەڵبکەوێت ئەو بەرنامەیە درێژە پێدەدات، واتە ئەو مەسەلەیە لەرووی قەناعەت و باوەڕەوە نەبووە.

دەشڵێت: دوو فاکتەری دیکەش لە پاڵ ئەوانی ترەوە هەن کە وایکردووە ئێران هەوڵی دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆم بدات، هیجری لەو رووەوە بۆ ئانادۆڵو دەڵێت کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو دوژمنی گەورەی و هەمیین بۆ خۆی دروستی کردوون، یەکەمیان کۆمەڵەی هێزەکانی سوننیین کە دەوروبەری ئێرانییان گرتووە و ئێران بە دوژمنی خۆی دەزانێت، دووهەمیان خۆرئاوا بەگشتی و بەتایبەت ئامریکا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوباوەڕە دایە کە دەیانەوێ بیروخێنن، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوتە ئەوەی بۆ پارێزگاری لەخۆی و حکوومەتەکەی چەکی ئەتۆمی بەدەستەوە بێت، ئەوەتا بینییمان لە دە پازدە ساڵی رابردوودا بە تەحەمولی هەموو گەمارۆکان و پەراوێز کەوتنی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەی گشتی ناوچەکە، زیانێکی زۆر گەورە بۆ خۆی و خەڵکەکەی بەدی هێنا، بەڵام لەکۆتاییدا ئێران تەسلیم بوو و بەناچاری ئەو رێککەوتنەی ئیمزا کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەگشتیش پێی وایە: کە ئەو رێکەوتنە کە ئەگەر بەپێی ئەو بەڵێنانەی ئێران داویەتی و بەپێی ئەو مەرجانەی کە رۆژئاوا بۆیان داناوە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆم رانەگات ئەوا بۆخۆی و سەقامگیری ناوچەکە و دونیا باشە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕی بەو مەسەلەیە نییە و بە پێویستی دەزانێت چەکی ئەتۆمی بەدەست بێنێ، بەڵێنەکانی جێی ئیعتیبار نییە، هەروەک لە رابردوودا بەڵێنی دا و جێبەجێی نەکرد.

هاوکات لە روویەکی دیکەوە پێی وایە ئێران لە رێگەی ئەو رێکەوتنەوە پارەی زیاتری وەدەست دێت و کاولکاری زیاتر دەقەومێنێت، ئەو دەڵێت:

لەلایەکی دیکەوە لاچوونی گەمارۆکان دەبنە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار کە پارەی خۆیەتی و لە بانکەکانی دنیایە ئازاد بێت و نەوت دەفرۆشێت و لەرووی ئابوورییەوە دەستی پڕ دەبێت و دەست پڕ بوونیشی واتە یارمەتی زیاتری هاوپەیمانانی خۆی وەکو رژێمی بەشار ئەسەد و شیعەکان لە عێراق و حیزبوڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن دەدات، بەگشتی گرووپەکانی تیرۆریستی لە ناوچەکە ئێران بەهێز دەکات و ئەوەش دەکاتە شەڕ و ئاوارەیی و کوشتاری زیاتر کە ئێران ئەمە لە قازانجی خۆیدا دەبینێت، بۆیە لەمەودوا شەڕ و ئاژاوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شەڕ و کوشتار و وێرانی زیاتر دەبێت و ئەوە هۆکارێکە لە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بە یارمەتیدانی ئابووری زیاتر بە هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا.



سەرچاوە
Serchawe

**لە وەڵامی ئەوەی ئەو ڕەشبینییەی ئەوان لەسەر ڕێکەوتنەکە کە سەرۆکی ئامریکا و ئێران و چەندین وڵاتی دیکەش بە پۆزەتیڤییان زانی، مستەفا هیجری دەڵێت:**
ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەزموونی زیاتر لە سی ساڵەی ڕابردوودا ئەزموونێکی سەرکەوتووی دابا لەوەی دەیەوێ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نزیک بێت و لەگەڵ خەڵکی نێوخۆی ئێران و دراوسێکان تەعامول بکات ئەوا ئەوان دەیانگوت ئەو ڕێککەوتنە بە قازانجی خەڵکی ئێران تەواو دەبێت، بەڵام ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیانە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییەیە کە پێیان دەڵێت.

**مستەفا هیجری لەو ڕووەوە ڕایدەگەیەنێت:**
پاش شەڕی هەشت ساڵەی ئێران لەگەڵ عێراق و پەسەند کردنی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرپرسانی ئەو وڵاتە دەستیان کرد بەکوشتاری زیندانییانی سیاسی لە نێوخۆی ئێراندا، زەبر و زەنگ بۆ سەر خەڵک زیاتر بوو، لەو کاتەشەوە دەبینین ئەگەر ئاڵوگۆڕ کرابێت بەرەو دواوە و بەستراوی و توندوتیژییە، بەتایبەت لە باری ئایدۆلۆژییەوە هەرچی پرنسیپەکانی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندی کردووە کۆماری ئیسلامیی ئێران دژیەتی، ئەوەی ئێران باوەڕی پێیەتی دژی مافەکانی مرۆڤە، ئەو ئامادە نییە تەعامول لەگەڵ دنیای دەرەوە بکات تەنانەت ئامادە نییە ئەوانەی لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکار و وەفادار بوون کەمترین بۆچوونی جیاوازیان هەبێت، ئایەتوڵا مونتەزری نموونەی ئەوانە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێحورمەتییان پێدەکات تەنها لەبەر کەمترین جیاوازی بیروبۆچوونە، بۆیە کۆماری ئیسلامی بەرەو کرانەوە و دیموکراسی و تەعامول لەگەڵ دنیا و دراوسێیەکان هەنگاو نانێت، چونکە سیاسەت و بیروباوەڕ و دەستووریشی ئەوە بە ئێمە نالێت.

**لە تەوەرەیێکی دیکەی هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجی باسی سەردانەکەی ئەمدواییەی دەکات بۆ ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و دەڵێت:**
سەفەرەکە لە کاتی بەرەو پێشچوونی ڕێکەوتنەکەی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەک بوو، لەگەڵ ئامریکا و ئەڵمانەکان باسی ئەوەمان کرد کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ڕێکەوتنەکە چی لێ دێت، بۆ ئێمە گرنگە دنیا لەبارەی لەژێر پێنانی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت مافەکانی گەلی کورد تەماشا کار نەبێت، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسەری، بەدڵی خۆی یارمەتیدەری هاوپەیمانانی خۆی دەبێ بۆ دووبەرەکی و شەڕی زیاتر لە ناوچەکەدا.
**هیجری دەشڵێت:** لە نێو ئەمریکاییەکان زیاتر لە کۆماری خوازەکان و بەشێکی دیموکراتەکان لەبارەی ئەو ڕێککەوتنەوە زۆر بەد بینین و پێیان وایە ئیمتیازی زیاتر بە کۆماری ئیسلامی ئێران دراوە و دەبوو مەرجی زیاتر بەسەر ئێران سەپانرابا، لەلایەکی دیکەوە باوەڕیان بە ئێران نییە و پێیان وایە لە هەر دەرفەتێکدا ئەو پرۆسەیەی پیتاندنی یۆرانیۆم درێژە پێدەدا، هەندێکیان باسیان لەوەدەکرد پاش تەواوبونی حکوومەتی دێموکراتەکان کە ئۆباما سەرۆکایەتی دەکات، دەبێت ئەو ڕێکەوتنە نەمێنێت.



سەرچاوە
Serchawe

سەبارەت بە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەلای ئامریکا و ئەڵمانییەکانەوە، مستەفا هیجری هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئەوان بە روونی باسیان لەوەکرد کە پێویستە کورد لەو پارچەیە یارمەتی زیاتر بدرێت، ئەو روونی دەکاتەوە ئەوان گوتیان دەبێت لەهەموو بەشەکان یارمەتی کورد بدرێت بەڵام بەپێی شوێن و جوڵانەوە و چۆنییەتی رەفتاری رژێمەکەی دەبێ ئەو یارمەتییە بدرێت و لەوێدا کوردی ئێرانیش پێیان وابوو دەبێت زیاتر یارمەتی بدرێت.

دەشڵێت: ئەوان تا ئێستا یارمەتی تایبەتییان نەداون، بەڵام داوایان کرد لە رەوشیان زیاتر ئاگادار بن و زیاتر پشتگیرییان بکەن لەرووی سیاسییەوە، گوتیشی دیارە کوردی ئێران لەرووی سیاسییەوە دەبێت زیاتر هەوڵ بدەین و زیاتر دنیا شارەزاتر بێت لەوەی بەسەر کورد دێت.

سەبارەت بە پەیوەندیی حیزبەکەیان بە وڵاتانی عەرەبییەوە مستەفا هیجری گوتی:

تا ئێستا هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان ئێمە و وڵاتانی عەرەبی نییە، هەرچەندە پێمان وایە وەکو حیزبێکی سیاسی کە خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەبەین پێویستە لەگەڵ هەموو وڵاتانی دنیا بەتایبەت وڵاتانی ناوچەکە پەیوەندییمان هەبێت کە لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخەکەن و کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ئێران و خەڵکەکەی هەیە، بەتایبەت عەرەبەکان، بەڵام ئەوان پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ نەبەستووین، ئێستاش پێمان وایە پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستت دەبێت هەبێت، لە بەرنامەماندا هەیە پەیوەندییمان هەبێت.

هەرچی دەربارەی پەیوەندییەکانییانەوەیە لەگەڵ تورکیا گوتی:

لەگەڵ تورکیە ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەی خۆمان چاوەڕوانیین هێشتا بەرقەرار نەبووە، بەڵام دەستمان پێکردووە لە هەندێ کەناڵەوە چووینەتە پێشەوە و هیوادارین زیاتر بچینە پێشەوە و پەرەی پێبدەین.

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری لە درێژەی قسەکانیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو هێما بۆ ئەوە دەکات:

کە ئەوان هێزیان بردووەتە سەر سنوورەکان لەگەڵ ئێران و دەڵێت ئێمە وەکو سیاسەتی گشتی لەسەرەتاوە پاش رووخانی رژێمی شا لە ئێران خەباتێکی چەکداری چەندین ساڵەمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبووە لەو دەمەوە تا ئێستا خەباتی چەکداریمان وەکو بەشێک لە خەبات رەتنەکردووەتەوە و هەمیشە باسمان لەوەکردەوە خەباتی چەکداری دەبێت رێبەرایەتی حیزب بریاری لەسەر بدات کە قازانجە وەکو خەبات، بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و بارودۆخی نێو کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو ستەمەی لەسەر کوردی ئێراندا کردوویەتی هەوڵمان داوە پێشمەرگەکان نزیک بکەینەوە و بیانبەینە سنوورەکان و ئەگەر گونجاو بوو بەشێوەیەک بیاننێرینەوە بۆ رۆژهەڵات بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵک لە پەیوەندیدابن، بۆیە دەستمان پێکردووە.



سەرچاوە
Serchawe

لەبارەی خەباتی چەکداریشەوە هیجری ڕەتی دەکاتەوە وازیان لێ هێنابێت، ئەو بۆ ئانادۆڵو دەڵێت:

چەک وەکو ڕزگاریدەری کورد لەخەباتەکانمدا نازایین لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا، بەڵام چەک دەتوانێت وەکو بەشێک لە خەبات بێ دەتوانێ شوێندانەری هەبێت، ئێستا ئەو ڕۆڵە دەبینین لە کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە خزمەتی سیاسەتی حزب بچێتە پێشەوە.

هیجری لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە لە کاتێکدا لە تورکیە هەوڵی چەکدانان دەکرێ بۆ پەکەکە کەچی ئەوان تازە بە تازە چەک وەکوو گوشارێک بەکار دێنن گوتی:

ئەمە بۆ تورکیە جیاوازە و لەوێ بواری خەباتی مەدەنی هەیە و کورد بە هەڵبژاردن دەتوانن نوێنەری خۆیان ببەنە پەرلمان، هەدەپە بەشێکی زۆری شارەوانییەکانی کوردنشینی بەدەست هێنا و ژمارەیەکی زۆری کورسی لە پەرلمان وەدەست هێنا، بۆیە لە هەر جێگە یان شوێنێکی کوردستان ئیمکاناتی خەباتی مەدەنی هەبێت نابێت خەباتی چەکداری بکات، بەڵام لە بەشێک کە خەباتی مەدەنی مەجالی نییە دەکرێت سوود لە خەباتی چەکداری وەربگرین، ئەگەر وەکو تورکیە بین ئەوا ڕەنگە بڕیارێکی ترمان دابایە.

هیجری دەربارەی ئامادەییان بۆ دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێت:
ئێمە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشنیاری وتوێژمان کردووە، ئەو کاتە بوو کە دەستەی نوێنەرایەتی کورد لە کوردستان بە هاوکاری حیزبی دێموکراتی ئێران و هەندێک لە هێزە سیاسییەکانی دیکە کە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی ئێراندا بوون، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو کاتە دەریخست باوەڕی بە دیالۆگ نییە و دەیەوێ هێزەکانی کۆ بکاتەوە، دوای ئەوەی هێزەکانی کۆ کردەوە هێرشی کردە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئێمەدوای ئەوەش هەوڵمان داوە لە ڕێگەی دیالۆگەوە کێشەکانمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران چارەسەر بکەین، ئەوە بوو بینیمان د.شەهید قاسملوو و شەهید کاک عەبدوڵا قادری ئازەر لەسەر داوەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەسەر مێزی گفتوگۆ شەهید کران کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر یادمان کردووە.

دەشڵێت: کێشە ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕی بە مافی نەتەوەکان و مافی کورد و ئازادی و دێموکراسییەت نییە، خۆزگە باوەڕی ببایە تا بمانتوانیبا کێشەکان چارەسەر بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێک هەست بکەین کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ کێشەی کورد لە کوردستانی ئێراندا لەڕێگەی باس و گفتوگۆوە چارەسەر بکات، ئێمە ئامادەدەبین بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوومان.

لە بارەی بوونی هەوڵی نێوەندگیریش بۆ دانیشتن هیجری گوتی:
لە ساڵانی ڕابردوو لەوبارەیەوە هەوڵ دراوە دۆستانی ئەورووپاییمان کە دۆستی ئێمە و کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون ویستیان ئەو دانیشتانە هەبێت سەرەتا کۆماری ئیسلامیی ئێران پێیان باش بوو، دوایی کە زانییان جیدی بووین ئەوان پەشیمان بوونەوە، بەڵام لەم سەردەمە نوێیەدا داوامان نەکردووە، چونکە ئێران بۆ وتوێژ و دیالۆگ جیددی نییە.

**دەربارەی هەوڵەکانی یەکگرتنی هەردوو حیزبی دێموکراتیش مستەفا هیجری گوتی:**

**ئەگەری دەستپێکردنەوەی وتوێژەکان هەیە و لەلایەن خۆمانەوە خوازیاری وتوێژین، لایەنی بەرامبەر هەرچەند رایاننەگەیاندووە وتوێژ ناکەن، بەڵام ئیدی هەر دوادەکەوێت، بۆیە هەوڵ دەدەین و قبوڵی بکەن دووبارە دابنیشینەوە لەسەر گفتوگۆکان، ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەین ئۆرگانی زۆر سەرەوەتری ئێمەیە وەکو کۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە، پێمان وایە ئێستا کاتی ئەوەیە لەم بارودۆخە کە ناوچەکە لە گۆڕاندایە و ئێران پاش ڕێککەوتنەکە شتی نوێ دەبێت یەکبگرینەوە بۆ ئەوەی هێزێکی یەکگرتووتر بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بین.**

**. روونکردنەوەیەک لە پێوەندی لەگەڵ ئەم وتووێژە:**

**ئەم وتووێژە وەکوو دەقی تەواوی خۆی لە ئاژانسی ئانادۆڵو لە کوردستان میدیا دابەزیوە، بەڵام بە هۆی تێنەگەیشتنی زاراوەیی، لە چەند شوێنێک وشەکان لە باری مانایی خۆیەوە بە درووستی دانەبەزیوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠١٥**

--------------------------------------------------

**پاش سەردانە دیپلۆماسییەکەی بۆ وڵاتانی ئورووپایی...**





سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژی ڕۆژنامەی "کوردستان"

### لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێز کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی سەفەرێکی دیپلۆماتیک و بەپێی مەئموورییەتێک کە دەفتەری سیاسیی حیزب پێی ڕاسپاردبوو سەردانی چەند وڵاتی ئۆرووپایی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کردووە. بۆ زانیاری زیاتر لەم پێوەندییە و هەروەها تاوتوێ کردنی هەندێ پرس و باسی گرینگ کە لە ماوەی چەند مانگیی دواییدا لە ناوچەکە و ئێران و کوردستان و حیزبی دێموکرات ڕوویان داوە، ڕۆژنامەی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێزیان پێک هێناوە کە دەقی وتووێژەکە لەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا پێشکەش بە خوێنەرانی کوردستان دەکرێ.

کوردستان: وێڕای ڕێز و سڵاو بۆ بەڕێزتان و بەخێرهاتنەوەتان لەو سەفەرە دیپلۆماتیکەی کە بۆ دەرەوەی وڵات بووتانە. هەروەک لە نزیکەوە ئاگادارن لە چەند مانگی دوواییدا و بە تایبەت دوو حەتووی ڕابردوو کۆمەڵێک ڕووداو و پێشهات هاتوونەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەک لە شێوەکان هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە تووشی گۆڕان دەکەن بۆ تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە و هەروەها ئەو سەفەرە دیپلۆماتیکەی کە بۆ دەرەوەی کوردستان بووتانە چەن پرسیارێک ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین، هیوادارین بە وەڵامەکانتان ڕۆژنامەکەمان دەوڵەمەند بفەرموون.

**کوردستان**: بەڕێز کاک مستەفا لە ڕۆژانی دوواییدا لە سەفەرێکی دیپلۆماتیک لە دەرەوەی وڵات گەڕانەتەوە بۆ کوردستان، وێڕای بەخێرهاتنەوەتان ئەگەر بفەرموون مەبەستان لە سازدانی وەها سەفەرێکی دیپلۆماتیک چ بووە؟

**مستەفا هیجری**: وەک ئاگادارن وتووێژەکانی نێوان گرووپی ١+٥ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕیار بوو لە مانگی ژووەن بە دوای تەوافوقی گشتی بە ئیمزای لایەنەکان بگا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە ئێمە هەر لە سەرەتاوە لەو باوەڕەدا بووین کە ئەو تەوافوقە دێتە دی و ئاسەوارەکانی دوای تەوافوقەکە گرینگی خۆیان هەیە لەسەر وەزعی ناوچە و ئێران، لە لایەکی دیکەوە شەڕ و ئاژاوەکانی ناوچە، دەوری کۆماری ئیسلامی لە هەلایسان و درێژەکێشانی شەڕ و ئاڵۆزییەکان، دەوری داعش و یارمەتیدانی کۆماری ئیسلامی بەو هێزە و هەندێک خاڵی دیکە، پێویستی ئەم سەفەرە و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ هەندێک دامودەزگاکانی ئەمریکایی و ئاڵمانی هێنایە ئاراوە.



سەرچاوە
Serchawe

**کوردستان**: لە سەفەری ئەمساڵتاندا وێڕای چەند وڵاتی ئۆرووپایی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاتان کردووە، ئەوەی کە لەم سەفەرەتاندا بەرچاوە بوو، پێشوازیی گەرمی لایەنە پێوەندیدارەکان بوو لە ئامریکا، بەڕێزتان هۆکاری ئەم پێشوازییە گەرم و گۆڕە لە چیدا دەبینن؟

**مستەفا هیجری**: تەوافوقی گشتی نێوان گرووپی وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ ئێران لە کۆنگرە و دامودەزگاکانی ئەمریکادا مشت و مڕێکی زۆر توندی پێک هێنابوو، بەتایبەت جیاوازی بۆچوون لە نێوان کۆمارییەکان و دێموکراتەکانی کۆنگرە لەسەر ئەم بابەتە ببوو بە تەوەری سەرەکی باس و موناقیشەکانی ئەم دوو لایەنە بە شێوەیەک کە کۆماریخوازەکان زۆر بە جیددی دژی ئیمزاکردنی ئەو تەوافوقنامەیە بوون و دێموکراتەکان زۆرتر لایەنگر، لەم پێوەندییەدا بۆ هەردوو لا گرینگ بوو کە ڕای حیزبی دێموکرات لە زمانی سکرتێری ئەو حیزبەوە ببیسن، بۆیە ئەوەندەی کە کاتم هەبوو، نوێنەرانی هەردووک لا بە وردی گوێیان لە ڕاوبۆچوونەکانم گرت و سرنجەکانی خۆیان دەخستە بەرباس و ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی کەسانێک کە خوازیاری بیستنی بیروڕای من دەبوون زۆرتر دەبوو، ئەوە یەک لە هۆیەکانی پێشوازی گەرمی ئەو کەس و لایەنانە بوون.

**کوردستان**: سەفەری ئێوە هاوکات بوو لەگەڵ گەرمەی وتووێژەکانی گرووپی ٥+١ لەگەڵ هەیئەتی دانووستانکاری ئێرانی لەسەر پرسی ناوەکی ئێران. چۆن بوو کە لەگەڵ ئەوەشدا پێشوازی باش لە ئێوە کرا لەو چاو پێکەوتنانەدا؟

**مستەفا هیجری**: لە چاوپێکەوتنەکاندا و لە بۆچوونی لایەنەکاندا بۆم دەرکەوت کە زۆرێک لەو لایەنانە بە چاوێکی گوماناوی سەیری تەوافوقنامە دەکەن چوونکە لە ئێران بە گومانن و پێیان وانیە کە ئێران لەگەڵیان ڕاست دەکا و ئەو خاڵانە لە تەوافووقەکە کە ئێران ئیمزای کردوە بە تەواوی جێبەجێیان دەکا، بە تایبەت کە ئەوان هەموو باش لە بیریانە کە لە ڕابردوودا جارێکی دیکەش ئێران لەو پێوەندییەدا تەوافوقی لەگەڵ کردوون بەڵام دوای ماوەیەک دەرکەوت کە بە پێچەوانەی تەوافووقنامەکە، ئێران بە دوور لە چاوی پشکێنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی هێندێک چالاکی گوماناوی لە بواری پیتاندنی یۆرانیۆم دەست پێکردووە، کە ئەوە بوو بە هۆی ناکۆکییەکی گەورە لە نێوان ئێران و خۆرئاوا تا گەیشتە بریاری گەماروکان بۆ سزادانی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە ئەو لایەنانە بە تایبەت نوێنەرانی کۆماریخوازەکانی کونگرەی ئامریکا بە تەوافوقەکانی ناڕازی بوون چوونکە پێیان وابوو بەو تەوافووقنامە کە بە گوێرەی پێویست ڕێگر نابێ کە ئێران لە داهاتوودا و لە کاتێکی گونجاودا، بە تایبەت دوای هەڵگیرانی گەمارۆکان لەسەری، جارێکی دیکە بە پێچەوانەی خاڵەکانی تەوافووقنامەکە دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بکا. ئەوە بوو کە بە باشی ئامادەیی خۆیان دەردەبڕی کە لەگەڵ من چاوپێکەوتن پێک بێنن و گوێ لە بۆچوونەکانم بگرن.

**کوردستان**: ڕوانگەی وڵاتانی بیانی و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەهەمبەر پرسی کورد لەچاو چەن ساڵی ڕابردوو کە ئێوە سەردانی ئەو وڵاتەتان کردبوو چ جیاوازییەکی بووە؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: هەرچەند مێژ ساڵە ئەمریکایی و ئۆروپاییەکان کورد دەناسن، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی یەک دوو ساڵی ڕابردوو لە ناوچە، بە تایبەت شەڕی کورد دژ بە داعش وەک شەڕ دژی تیرور، ڕێگا پێدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاوارەکانی شەڕی نێوخۆیی عێراق و سووریە، تۆلێرانسی کوردەکان لە هەمبەر ئایینە جیاوازەکان بە تایبەت مەسیحییەکان کە لە دەست قەڵاچۆی هێزە ڕادیکاڵە موسڵمانەکان پەنایان بۆ کوردستان هێناوە و بە حورمەت پەنادراون، و زۆر تایبەتمەندی دیکە بوون بە هۆی ئەوەی کە لە ئێستادا کورد وەکوو نەتەوەیەکی پێشکەوتنخواز کە باوەڕی بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە باشتر لە ڕابردوو بناسرێ و سەرنجی خۆرئاوا زیاتر بەلای خۆیدا ڕا بکێشێ.

**کوردستان**: وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تا چەند گەشبین بوون بەم سەفەرە؟

**مستەفا هیجری**: پێش سەفەرەکەم ئەو بۆچوونە هەبوو کە ڕەنگە ئەو وڵاتانە لە بەر ئەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە وتوویژێکی چڕ دان و زۆر بویان گرینگە کە لەگەڵ ئەم ڕێژیمە لەسەر پرسی پیتاندنی یۆرانیۆم بە تەوافوق بگەن، بەو جۆرەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامادە نەبن پێشوازی لە سکرتێری حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی جیددی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم بکەن، بەڵام ڕاستییەکان جۆرێکی دیکە بوون بە باشی پێشوازیان لە ئامادەبوون و چاوپێکەوتنی من کرد و بە وردی گوێبیستی ڕاو و بۆچوونی من بوون، بۆیە پێم وایە سەفەرەکە لە کاتێکی گونجاودا بوو.

**کوردستان**: لە ناوەندەکانی بڕیارداندا و وڵاتانی ئۆرووپایی تا چەندە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەور و ڕۆڵی هەیە؟

**مستەفا هیجری**: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ناوەندەکانی بڕیاردان لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە دەموو دەزگایی کردنی ئەو ناوەندانەیە، بەو واتایەی کە پێش لە بڕیاردان لەسەر پرسە گرینگەکان، بێجگە لەوەی کە ژوورە فیکرییەکان (Think tank) دوای وردبوونەوە و لێکدانەوەی هەمەلایەنەیەی پرسەکان، گوێ لە کەسایەتی و حیزب و لایەنەکانی دیکەش کە دەیانناسن دەگرن، قازانج و زەرەری بڕیارەکە و ... لێک دەدەنەوە. لەو ڕاستایەدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی ڕاستوێژ کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژی و هەڵگری بیر و بۆچوون و پرنسیبە ناسراوەکانی سەردەمە، قسەو بۆچوونەکانی سەرنجی دەدرێتێ و بە گرینگ وەردەگیرێ.

**کوردستان**: لە ئەگەری ڕوودانی هەر چەشنە پێشهاتێکی سیاسی و سەربازیدا پێتان وایە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پشتیوانی لە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: لام وایە چاوەڕوانی ئەوەی کە وڵاتانی خۆرئاوایی لە هەر چەشنە ڕووداوێکی سیاسی و سەربازیدا پشتیوانی نەتەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان یان هەر شوێنێکی دیکەش بکەن چاوەڕوانییەکی لەجێی خۆیدا نییە، چوونکە ئەو وڵاتانە لە هەموو ڕووداوەکاندا لە پێشدا لایەنی قازانج و زەرەری خۆیان هەڵدەسەنگێنن و بە دوای ئەودا کۆمەڵێک تێبینی و لێکدانەوەی خۆیان

هەیە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن یارمەتیدەر، دژ و یا بێلایەن بن، بەو پێیە پێویستە بۆ ڕاکێشانی سرنج و یارمەتییەکانی هەندەران بۆلای خۆمان، هێز و توانا جۆراوجۆرەکانی خۆمان بخەینە گەڕ، سیاسەت و چۆنیەتی خەبات و هەڵسوکەوتمان لە هێڵێکی درووستدا بەرینە پێش و ببینە هێز لە گۆڕەپانی خەبات بە دژی کۆنەپەرەستی، دواکەوتوویی و دیکتاتۆریدا، کاتێک لەو چوارچێوەدا، بووین بە هێزێکی شوێندانەر ئەمریکا و لایەنی دیکەش پشتیوانیمان دەکەن.

**کوردستان**: بەڕێز کاک مستەفا، وێڕای دەسخۆشی، جارێکی دیکە بەخێرهاتنەوەتان دەکەین و هیواداریین بەردەوام سەرکەوتوو و تەندروست بن.

ئەم وتووێژە لە ژمارەی ٦٥٧ی ڕۆژنامەی کوردستان ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوولای ٢٠١٥

---------------------------------------------------

# ساڵی: ٢٠١٦ - ٢٠١٧ و ٢٠١٨

-----------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## سەبارەت بارودۆخی ناوچەکە و دۆخی گەلی کورد



### وتووێژی ماڵپەڕی خەندان

**خەندان**: خوێندنەوەی ئێوە بۆ دۆخی ناوچەکە چییە؟

مستەفا هیجری: بارودۆخەکە لەباری سیاسییەوە زۆر ئاڵۆزە و سەر لێدەرکردنی بڕێک زەحمەتە، ئاڵوگۆڕەکان زۆر خێرا ڕوو دەدەن، خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە ئەوەی بڕیار لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دەدات خەڵکی ناوچەکە نین، بەڵکو خەڵکانی دیکەن و هەریەکە و بەرژەوەندییەکان بەرە و لای خۆیان ڕادەکێشن، لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکانیش جیاوازن، بۆیە خاڵی هاوبەش و ڕێککەوتنیان زۆر کەمە.

بۆیە دۆخەکە لە ناوچەکەدا بەو شێوەی لێهاتووە کە لە سووریەدا ڕۆژانە خەڵک دەکوژرێن و ئاوارە دەبن، لە عێراق بێ دەوڵەتی دەبینرێت و لە زۆر لاوە دەستیان تێوەرداوە، بڕیاردەرەکان زیاتر عێراقی نین. کوردستانی عێراقیش دوور نییە لەم ئاڵۆزیانە، زیاتر لە یەک میلیۆن ئاوارە ڕووی تێکردووە، قەیرانێکی ئابووری توند، بەرۆکی گرتووە، بەداخەوە و لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە کە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان ناتەبایی هەیە، ئەوەش لە پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەکان دەبینرێت ئەوەیە کە هەر حیزبە و تەنها لە بیر و خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆی دایە، بۆیە ناتوانن چارەسەری کێشەکان بکەن، کاریگەری خراپی ئەو دۆخەش زیاتر دەکەوێتە سەرشانی خەڵک و، ئەوەش خەڵکی بێ هیوا کردووە لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر کۆچ دەکەن لە بەر ئەوەی هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەر نابینن. دەسەڵاتداران ئاسۆی چارەسەر نادەنە خەڵک و لە نێوان حیزبەکاندا شەڕە پرۆژە هەیە و کەسیان پرۆژەی ئەویتر ناخوێننەوە.

**خەندان**: پەیوەندیدار بەم دۆخە ئێران چۆن سیاسەتەکەی ئاڕاستە دەکات؟



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا هیجری**: لەوەتەی ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران هاتووەتە سەر حوکم ناوچەکە تووشی ئاڵۆزی زۆر بووە، چونکە ئەو ڕێژێمە لە فیکری پێکهێنانی ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی شیعە دایە لە ناوچەکە، خۆی بە ڕێبەری مسوڵمانانی جیهان دەزانێت .ئەمە وایکردووە کە دەستێوەردانی تەواو بکات بەتایبەت لە عێراقدا، تا ئەو ڕادەیەی کە دەسەڵاتی تەواوی هەیە و دەتوانێت سپا دروست بکات وەکوو حەشدی شەعبی، هەر خۆی پارە و چەکیان دەداتێ و پەروەردەیان دەکات. بەهەمان شێوە لە لوبنان و سووریە کە ئەو هەموو کارەساتەی تێیدا ڕوو دەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشی زۆری بەردەکەوێ چونکە پێداگرە لە سەر مانەوەی بەشار ئەسەد؛ هەروەها ئەو ڕووداوانەی ئێستا لە تورکیە ڕوو دەدات بەشێکی پەیوەندی بە دەستێوەردانەکانی ئێرانەوە هەیە.

**خەندان**: مەبەستت لەوە چییە کە ئێران دەستی لە ئاڵۆزییەکانی نێو تورکیە هەیە، ئایا مەبەستت لەو ئاڵۆزیانەیە کە لە باکووری کوردستاندا هەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی لە باکووری کوردستان و بۆ حکوومەتی ئێستای تورکیە ساز دەکرێت بەشێکی دەستی ئێرانی تێدایە ئەوە ڕوونە کە حکوومەتی تورکیە هەڵگری بیروباوەڕی ئیسلامی سوننەیە و ئێرانیش خۆی بە ڕێبەری شیعەکانی جیهان دەزانێت، لە لایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی تورکیە هێزێکی گەورەی ناوچەکەیە بۆیە ئێران بەمە قەڵسە و دەیەوێت کێشەی بۆ دروست بکات بۆ ئەوەی کاتی نەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، لەبەر ئەوەی بەهەر شێوەیەک ئێران بتوانێت دەستێوەردان دەکات.

**خەندان**: بەشێکی ئەو دەستێوەردانە فراوانەی ئێران پەیوەندی بەوەوە نییە کە ڕووسیەش بە هێزی سەربازی بەشداری شەڕی سووریە دەکات و ئاڵۆزییەکان هێندەی تر زیاتر بوون؟

**مستەفا هیجری**: ڕووسیە پێشتر بنکەی سەربازی لە کەنارئاواکانی دەریای سپی و سنوورەکانی سووریە هەبووە، بەڵام ئێران ڕووسیەی زیاتر هاندا بۆ ئەوەی جدیتر بەشداری بکات و بێتە پێشەوە ئەویش بۆ دوو مەبەست:

**یەکەمیان** ئەوەیە کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریە زۆر چوونە پێشەوە و زۆر ناوچەیان کۆنترۆڵ کرد بەڕادەیەک مەترسی کەوتە سەر مانەوەی ڕێژێمەکەی ئەسەد و لە کەوتن نزیک بووە، ئەمە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکو قومارێکی گەورە بوو کە دەیدۆڕاند، ئەمە وایکرد ڕووسیە لە لایەک لەبەر بەرژەوەندییەکانی و نزیکی لە ئێران و هەروەها لەبەر نیشاندانی هێزی خۆی بەتایبەت دوای قوڵتربوونەوەی کێشەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا لە سەر نیوەدوورگەی کریمە، بۆیە بەو شێوەیە هاتە پێشەوە. بەتایبەت بەشێکیشی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ڕووسیە بەهۆی ئاوارەکانی سووریە دەیەوێت کێشە بۆ ئورووپا دروست بکات.
**دووەمیان** ئەوەیە کە بەرژەوەندی ئێران و ڕووسیە لەوەدایە ئەسەد بمێنێتەوە، بە مانەوەی ئەسەدیش چارەسەری کێشەکانی سووریە زۆر بەزەحمەتە، دۆخەکە بەجۆرێکە هەر لایەنە و هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دەدات، لە هەرێمی کوردستان ئەزموونێک هەیە، لە باکوور ئاڵۆزییەکان چووەتە ناو شارەکان و لە ڕۆژئاواش کانتۆنەکان دورستبوون.

**خەندان**: ئێوە وەکو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتەمای چین و ستراتیژتان چییە؟

**مستەفا هیجری**: سیاسەتی ئێمە بەرانبەر ڕێژێمی ئێران دوای تێپەڕبوونی ٣٧ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو ڕێژێمەدا هەمان سیاسەت و هەڵوێستە و دووپاتی دەکەینەوە کە تا وەکو ڕێژێمی ئیسلامیی ئێران لەسەر حوکم بێت نە مافی کورد و نە مافی گەلانی‌تری ئێران دابین ناکرێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر ڕازی نییە بە پێدانەوەی مافی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو بە دابین‌بوونی مافی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش نارازییە و کێشەیان بۆ ساز دەکات. هەروەک دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران ڕازی نین گوێ لە پێشنیازی وەفادارترین کەسانی بەشداربوو لە دامەزراندنی ئەم ڕێژیمە گوێ لێ بگرن کەسایەتیەکانی وەکو مونتەزیری و مەهدی کەڕوبی و هاشمی ڕەفسەنجانی و حوسێن مووسەوی.

بەڕای ئێمە تەنیا چارەسەر ئەوەیە کە ئەو ڕێژێمە بڕوخێ هەڵبەت مەبەستم ئەوە نییە بەتەنیا ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین، بەڵکو پێویستە هێز و لایەنە سیاسییە ئازادیخوازەکانی ئێران یەکگرتووبن و پێکەوە هەوڵی لە سەر کار لابردنی ئەو ڕێژێمە بدەن. بۆ نموونە حەسەن ڕوحانی لەسەر وەختەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بەڵێنیدا کە سنووری ئازادییەکان فراوانتر بکات، بەڵام ئێستا ئامارەکان وادەردەخەن بە بەراورد لەگەڵ پێش ڕوحانی لە ئێستادا خەڵک زیاتر لە سێدارە دراون. ڕێژێمی ئێستای ئێران زیاتر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە خەڵکی ئێران دەترسێت، چونکە دڵنیان ئەگەر خەڵک ئازاد بن ئەوا ئەم ڕێژێمەیان ناوێ و لە ناوی دەبەن.

**خەندان**: ئەوەتان گوت کە بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان پێویستە، پێشتر باس لە دروستکردنی بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرا، لەم ڕووەوە هەنگاوەکان بەکوێ گەیشتن؟

**مستەفا هیجری**: بەڵێ، ئێمە یەکەمین حیزب بووین کە چەند ساڵ پێش ئێستا هەوڵی زۆرمان داوە کە بەرەیەک پێک بهێنن، بەڵام بە هۆی ئەو کێشانەی لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە نەتوانرا ئەو کارەبکەین. کێشەی نێوان حیزبەکان و جیابوونەوە و دوورکەوتنەوەی حیزبەکان لە یەکتر وایان کرد کە ئەو کارە بە ئاکام نەگا.
هەوڵی تری لە بابەتی یەکگرتوویی هەیە، ئێستا ئێمە لە هەوڵداین لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە یەکبگرینەوە، لە سەر بابەتە پەیوەندیدارەکانی ئێران و کوردستان گفتوگۆ دەکەین، دەمانهەوێت پەیوەندییەکان تەواو ئاسایی بکەینەوە، چونکە ئەو یەکگرتنەوەیە دەتوانێت کاریگەری باشی هەبێت و هەنگاوەکان خێراتر بکات. هەروەک ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پەیوەندی نووسراو لە نێوانمان هەیە، بەڵام ئەوە بەس نییە و پێویستە کاری هاوبەشی زیاتر بکەین.
**خەندان**: باس لە کاریگەری نەرێنی و ڕێگری یەکیەتیی و پارتی دەکرێت سەبارەت بە یەکگرتنەوەی ئێوە، ئایا هەست بەشتێکی لەو جۆرە دەکەن؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: نەخێر ئەوە ڕاست نییە، بەڵکو ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەوان هانمان دەدەن بۆ یەکگرتنەوە، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لە سەر ئاستی باڵا یەکیەتی و پارتی هەوڵیان دا لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە، بەڵام کێشەکان لای خۆمانە و ئەو خراپە هەرچی شتێکی خراپ کە ڕوودەدات بیخەینە ئەستۆی ئەوانیتر، بەڵکو ئەوە پەیوەندی بە ئیرادەی خۆمانە هەیە و دەتوانین یەکبگرینەوە. من لە هیچ حزبێکی کوردی و کوردێکی نیشتیمانپەرورم نەبیستووە کە پێی خۆش نەبێت ئێمە یەکبگرینەوە.

**خەندان**: بەربەستە گەورەکانی بەردەم یەکگرتووەتان چین وا بەو شێوە هاندەدرێن و هێشتاش یەکناگرنەوە؟

**مستەفا هیجری**: هەمان ئەو گرفتانەن کە بوون بە هۆی جیابوونەوەی زۆربەی حیزبەکانی ئەو ناوچەیە. زۆربەمان باسی دێموکراسی دەکەین، بەڵام ئەمە هەر بە شکلیە، هەر بۆیە ئەو هەموو جیا بوونەوانە ڕوو دەدەن. کاتێک کە دێموکراسیەت نەچەسپا بێ، کۆنگرەیەک دەگرێت و هەندێک لە بەشداربووانی کۆنگرەکە ئاکامەکەی لە بەرژەوەندییان نابێت و لەئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەواندا نابێ، ئیدی جیابوونەوە ڕوودەدات، کەمجار وابووە جیابوونەوەکان لەسەر بنەمای جیاوازی قوڵی فیکری و پرۆژە بوو بێت. دوو جیابوونەوەی پێشتری حیزبی دێموکراتیش هەر لە سەر بنەمای فیکری نەبوون، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە لایەنێک پێی وابووە کە دەسەڵاتی هەبووە و پێویستە بەردەوام بێت لە دەسەڵاتداریتی کردن. ئەم جیابوونەوەش هەر لەسەر هەمان شتە.

**خەندان**: ئێوە ئەمە ناو دەنێت یەکگرتنەوە یان گەڕانەوەی ئەو باڵە بۆ نێو حیزبی دێموکرات؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە ناوی دەنێین یەکگرتنەوەی ئەو بەشەی جیابوونەوە، لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**خەندان**: پەیوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی وەکو ئامریکا و ئورووپا چۆنە و لەچی ئاستێک دایە؟

**مستەفا هیجری**: پەیوەندی لە نێوان ئێمە و ئەو لایەنانەدا هەیە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران نابینرێت، کاتێک کە ئەوە نییە وڵاتانی وەکو ئامریکا و ئوورووپا نایەن خۆیان ڕاستەوخۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بروخێنن با حکوومەتەکە زۆریش دیکتاتۆر بێت. خۆ ئەگەر جوڵانەوەیەکی چالاک دروست بوو ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەوانیش سەرەڕای بوونی پەیوەندیان لەگەڵ ئێران، هاوکاری دەکەن.

**خەندان**: پێتوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو جۆرە بزووتنەوە چالاکە دروست ببێت؟

**مستەفا هیجری**: نازانرێت لە داهاتوویەکی نزیک دروست دەبێت یان نا، بەڵام وەکو شتێکی ئوسوڵی لە داهاتوودا حەتمەن ئەوە ڕوو دەدات، خەڵکی زیاتر بێزار دەبێت، نەوەی نوێ ئەو شێوە ژیانەی ناوێت و ئازادی دەوێت، دژی جیاوازییەکانی ژن و پیاو و نەتەوەکان

دەبنەوە، خەڵکیش بۆ هەمیشە تەحەمولی ئەو بارودۆخە ناکەن، ئەوەش سەلمێنراوە کە مۆدیلی حوکمی دیکتاتۆری بەسەرچووە و دەبێت زوو یان درەنگ لەناوبچن.

**خەندان**: سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدرای چی بڕیارێکتان داوە؟

**مستەفا هیجری**: ماوەی ساڵێک زیاترە ئێمە لەسەر ئەو مەسەلەیە کاردەکەین، مەفرەزەکانمان ناردەوە سنوور و ناردمانننەوە ڕۆژهەڵات و چالاکی خۆیان دەکەن و وردە وردە ئەو کارە پێش دەخەین. دەمانهەوێت بزووتنەوەی چەکداری بە لەبەرچاوگرتنی هەل و مەرجی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات و کوردستانی عێراق و بەگشتی بە شێوەیەک کە لەگەڵ دنیای ئێستا بێتەوەرە ڕێک بخەین.

**خەندان**: لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هیچ ڕێگرییەکتان لێ دەکرێت؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە وەکو هێزێکی سیاسی دەبێت هەندێک یاسای دراوسێتی و پەیوەندیدار بەدۆخەکەوە لەبەرچاو بگرین، بۆ نموونە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەرچاو بگرین، ڕەنگە ئەوان ئەوەیان پێخۆش نەبێت کە ئێمە لێرە بارەگامان هەبێت و ئەو شێوە خەباتەیش بەڕێوە بەرین، بەڵام لە سەر ئێمەیە کە شێوازێکی تازە بدۆزینەوە کە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا گونجاو بێ.

**خەندان**: دوای ئەو کێشەیەی لەگەڵ پەکەکە هەتان بوو ئێستا پەیوەندیتان چۆنە؟

**مستەفا هیجری**: بەداخەوە ئەوکاتە پەکەکە شەڕی پێ فرۆشتین، دوای ئەوە دانیشتین و پەیوەندییەکانمان ئاسایی بوونەوە.

**خەندان**: پێشتر ئێوە و تازەش باڵی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات بەندی ماوەی سکرتێری تەنیا بۆ دوو خول دەبێت لابرا، ئەمە بۆچی؟

**مستەفا هیجری**: کاتێک ئێمە ئەو بەندەمان لابرد پێمان وابوو حیزبێکی شۆڕشگێڕ خۆی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێت و پێویست بەوە ناکات بەندێکی وەها لە نێو پەیڕەو و پرۆگرامدا هەبێت، بەتایبەتی لە حیزبی دێموکراتدا ئەو بڕیارە هەیە کە کۆمیتەی ناوەندی هەرکات بیهەوێت و بەپێویستی بزانێت دەتوانێت سکرتێری گشتی بگۆڕێت، چونکە دیاریکردنی سکرتێر لە لایەن کۆنگرەوە نییە، بەڵکو کۆمیتەی ناوەندی ئەو کارە دەکات. ئێمە ئەوکاتە لە سەر ئەو بنەمایە ئەو کارەمان کرد، بەڵام ئەوان پێیانوابوو کە ئەوە هەنگاوێکی نادیموکراتیکە، کەچی تازە ئەوانیش ئەو بەندەیان لابردووە و هەستیان بەو ڕاستییە کردووە. بەس بۆ دەستکەوتنی ئەو وەڵامە باشترە لەگەڵ خۆیان قسە بکەن.

**خەندان**: دوای بەستنی کۆنگرەکەیان سەردانت کردوون بۆ پیرۆزبایی؟

**مستەفا هیجری**: سەردانم نەکردوون، بەڵام بە تەلەفون قسەمان لەگەڵ کاک خالید عەزیزی کرد و پیرۆزباییم لێکردن. بڕیارە دوای ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانیان دانیشتەکان بۆ یەکگرتنەوە دەستپێبکەینەوە.

**خەندان**: ئامادەی دەستبەرداری پۆستەکەت ببیت ئەگەر ڕێگر بێت لە یەکگرتنەوە؟

**مستەفا هیجری**: نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستا و نە لە داهاتووش پۆستەکەی من نەبووە و نابێتە ڕێگر لە بەردەم هیچ شتێک کە خزمەت بە حیزبی دێموکرات و بەرژەوەندی گشتی بکات، کۆمیتەی ناوەندی بە بەرژەوەندی حیزبی زانیوە من سکرتێر بووم و هەرکاتێکیش بە بەرژەوەندی زانی من نەبم، ئەوا هیچ بۆم گرنگ نییە و وازی لێ دەهێنم.

**خەندان**: سەرچاوەی دارایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوێوەیە؟

**مستەفا هیجری**: لەناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات کەسانی نیشتیمانپەروەر و ڕێکخستنەکانی خۆمان هاوکاریمان دەکەن، پێش قەیرانی دارایی هەرێم، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕێک هاوکاری دەکردین، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە و کاریگریشی لەسەر ئێمە دروست کردوە.

**خەندان**: باس لە هاوکاریکردنی وڵاتانی کەنداو دەکرێت بۆ ئێوە و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات؟

**مستەفا هیجری**: تائێستا هیچ جۆرە هاوکارییەکانی لەو شێوە و لەو وڵاتانەوە بەئێمە نەگەیشتووە، لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی کەنداو دژی ئێرانن، بەڵام لە ئێران دەترسن و ناوێرن کۆمەک بە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران بکەن.

**خەندان**: پەیوەندی سیاسیش لە نێوانتان هەیە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر هیچ پەیوەندیمان نییە، لەگەڵیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠١٦

## ئەو هەڵبژاردنە لەبەر ئەوەیکە ئازاد و دێموکراتیک نیە...



تەلەڤیزیۆنی تیشک وتوویژ: سەلام ئیسماعیلپوور

مستەفا هیجری: ئەو هەڵبژاردنە لەبەر ئەوەیکە ئازاد و دێموکراتیک نیە هیچ پەیامێکی بۆ حیزبی دێموکرات نیە

هەروەک ئاگادارن ڕۆژی هەینی، ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاوی، شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرانی دوو مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و خوبرەگانی ڕێبەری لە ئێراندا بەڕێوە چوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو لایەنانە بوو کە ئەو هەڵبژاردنانەی بایکۆت کرد و داوای لە خەڵکی کوردستان و ئێرانیش کرد نەڕۆنە سەر سەندووقی دەنگدان و ئەو کارەی بە جۆرێک ڕەواییدان بە کۆماری ئیسلامی و یارمەتیدانی بۆ دەربازبوون لە قەیران لەقەڵەم دا. لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا تەلەڤیزیۆنی تیشک وتوێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە کە دەقی ئەو وتووێژە بەم چەشنە بڵاو دەکرێتەوە:

**تیشک تی ڤی**: نەیارانی هەڵوێستی حیزبی دێموکرات دەڵێن؛ بایکۆت هەڵوێستێکی سواو و نیشانەی پاسیڤبوونە و هیچ سوودێکی تا ئێستا نەبووە و بۆتە هۆی چۆڵکردنی مەیدان بۆ باڵی پاوانخوازی ڕێژیم. بۆچوونی ئێوە لەو پێوەندییەدا چیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەو ئیستدلالە یان ئیستدلالی ئەو بەشە لە خەڵک لە حاڵەتێکدا دروست دەبێت کە لە ئێراندا هەڵبژاردنێکی ئازاد هەبێت، خەڵک بە دڵی خۆی بتوانێت خۆی کاندید بکات بۆ هەرکام لە دامودەزگاکان کە بە هەڵبژاردن جێبەجێ دەبن، یا خۆی کاندید نەکات و بێت بەشداری بکات یان بەشداری نەکات، بێ ئەوەی کە لەژێر مەترسی یان هەڕەشەی لایەنێکدا بێت، بەڵام دەبینین لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وا نیە، هەڵبژاردنێکی ئازاد وجوودی نیە، وانیە کە ئەگەر خەڵک هاتوو بەشداری کرد دەتوانن نوێنەرانی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن. چوونکە ئەو نوێنەرانە، لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە لەپێشدا نیگەهبان هەڵبژاردنە، یەعنی ڕێژیمی جمهوریی ئیسلامی لە مەرحەلەی ئەوەڵدا، ئەوانە وەک نوێنەری خۆی و جێگای باوەڕی خۆی دەستنیشان دەکات، دواتر بە خەڵک ئیجازە دەدەن کە لەبەینی ئەو نوێنەرانەدا کە لە ڕاستیدا هەڵبژێردراوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، کەسێک یان کەسانێک

هەڵبژێرن کە لە ئەساسدا فەرقێکی ئەوتۆیان بۆ حکوومەت نییە، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەبینین کە بەشداری کردن یان بەشداری نەکردنی خەڵک کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. ئەگەر ئیستدلالەکە ئەوەیە کە ئەو شێوە هەڵوێستە شێوەیەکی کۆن و تیکرارییە، لە واقعدا مەیدان ئاواڵە دەکات بۆ لایەنی پاوانخواز یان ئوسوولگەرا. ئەو ئوسوولگەرایانە بە بێ هەڵبژاردن هەموو جومگەکانی دەسەڵاتیان لە بەردەستدایە. لە ڕاستیدا هەڵبژاردن، یان ئەوەی کە ناویان ناوە هەڵبژاردن، زۆرتر بانگهێشتنی خەڵکە بۆ ئەوەی کە بڕۆنە سەر سەندووقی دەنگدان و لەسەر سەندووقەکانی دەنگدانەوە ڕێژیم ئێعلام بکات کە خەڵک موشارکەتی کردووە، کە خەڵک متمانەی پێی هەیە و مەشروعییەت بدەن بە ڕێژیم، هەر وەکوو خامنەیی بۆ خۆشی لە قسەکانیدا لە پێوەندی لەگەڵ بەشداریی خەڵکدا، ئەو مەسەلەیەی بە ڕاشکاوی ڕاگەیاندووە کە بەشداریی خەڵک ئێعتبار دەدات بە جمهوریی ئیسلامی، جمهوریی ئیسلامی بەردەوام دەکات، قەوام و دەوامی پێ دەبەخشێ، بۆیە خەڵکەکە دەعوەت دەکەن، بۆ ئەوەی کە نیشان بدەن خەڵک بەشداریی کردووە.

**تیشک تی ڤی**: ئێوە دەڵێن بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا ڕەواییدان بە کۆماری ئیسلامی و چاوپۆشیکردن لە زوڵم و جنایەتەکانی ئەو ڕێژیمەیە. بەڵام بۆچوونێکیش هەیە کە دەڵێ کۆماری ئیسلامی بۆ وەرگرتنی ڕەوایی پێویستی بە خەڵک نیە و ئەگەریش قسەی ئێوە دروست بێت، کۆماری ئیسلامی بەهۆی بەشداریی ڕابردووی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەوایی دێموکراتیکی وەرگرتووە. لێکدانەوەتان لەو پێوەندییەدا چیە؟

**مستەفا هیجری**: من سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی و هەڵبژاردن وای دەبینم کە کۆماری ئیسلامی دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان لایەنە ئایینییەکەیەتی کە حکوومەت بەڕێوە دەبات، دەسەڵاتی هەیە و هەموو ئیختیاراتێک لە دەستی ئەو بەشە دایە کە لە سەرووی ئەو بەشەدا، وەلی فەقیهـ قەراری گرتووە، بەیتی ڕێبەریی و کەسانێک کە وابەستە بە بەیتی ڕێبەریین، کە سپای پاسداران و باسکی توووند و بەهێزی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە، بەشێکن لەو حکوومەتە کە دیارە ئایینییە و نەگۆڕە و لە سەر بیر و باوەڕی خۆی سوورە، بەڵام لایەنێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە بەرچاو دەگرین کە لایەنی ڕەسمیەتی بۆ دەرەوەیە، بە مەبنای ئەوەی کە نیشان بدات لە دەرەوە کە حکوومەتێکی ئەورۆییە، لەو حکوومەتەدا هەڵبژاردنی شووڕای ئیسلامی، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و شارستانی هەیە، ئەوە شکڵێکی ڕواڵەتی بۆ فریو دانی خەڵکە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەو هەڵبژاردنانەدا، هەمووی لە ڕۆژی ئەوەڵەوە تاکوو کۆتایی مۆهەندیسی کراوە. کێ دەبێت هەڵبژێردرێت، هەڵگرانی چ نوعێک فکر بن بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە دەسەڵاتدا و ڕەی بدرێن، کە ئەوە فەقەت شکڵێکی ڕواڵەتیی بەخۆیەوە گرتووە. بۆیە لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نیە کە خەڵکێکی زۆر هاتووە بەشداریی کردووە یان بەشداریی نەکردووە، دیارە وا نیە کە خەڵک هەمیشە زۆر بەشداریی کردووە لە هەڵبژاردنەکاندا، جاری وایە خەڵک زۆر بەشداریی کردووە، جاری واشە کەم بەشداریی کردووە، بەڵام هەڵبژاردنی خەڵک زۆر و کەم تەئسیرێکی لە چارەنووسی هەڵبژاردن دانەناوە. هەر وەکوو بینیمان لە ساڵی ٨٨دا، لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماردا، زۆرینەی دەنگەکان هی مووسەوی و کەڕووبی بوون، بەڵام ئەحمەدی نژاد بۆی دەرکەوتوو و دەنگی زۆرینەیان بۆ ئەو دەرخست، کە وابوو تەئسیرێکی ئەوتۆی نیە. لە لایەکی دیکەوە، کە خەڵک دێ بەشداریی دەکات، وەکک لە وەڵامی پرسیاری ئەوەڵدا عەرزتانم کرد، خەڵکەکە ئازاد نییە، لەژێر هەڕەشە دایە ئەنواعی هەڕەشەیان لەسەرە، هەڕەشەی ئەوەی کە ئەگەر بەشداری نەکەن کاریان نادەنێ یان یارانەکەیان دەبڕن، یان ئەگەر بەشداری نەکەن،



سەرچاوە Serchawe

لە فلانە شتدا بێبەشیان دەکەن و بە ئەنواع و ئەقسامی ئەو شتانە دەیانترسێنن بۆ ئەوەی بیانهێننە سەر سەندووقی دەنگدان. بۆیە ئەوانەی کە دێنە سەر سەندووق و دەنگ دەدەن وا نیە کە کەسانێک بن کە بە مەیل و ئیرادەی خۆیان و تەشخیسی خۆیان بێنە سەر سەندووقەکانی دەنگ و ئازادانە دەنگیان بە کاندیدی خۆیان دابێت. کە وابوو ئەو خەڵکە کە بەو شکڵە دێت، ئەوە ناتوانێت مەشرووعیەتی پێ بدات، لە لایەکی دیکەشەوە دەبینین کە کێیە ڕایدەگەیەنێت ئەوەندە دەرسەد خەڵک بەشداریی کردووە!، هەر لایەنی حکوومەتە، یەعنی حکوومەت لە واقعدا بۆ خۆی ئەیبڕێت و ئەیدوورێت و بۆ خۆشی ڕایدەگەیەنێت. کەسیش نیە، نە چاودێرێکی بێلایەن هەیە، نە چاودێرێک هەیە لە لایەن سازمانی میللەلەوە هاتبێت چاوەدێری بکات و تەییدی بکات کە ئەوەندە خەڵک بەشداریی کردووە، بۆ خۆیان چیان پێ خۆش بوو، لە سەندووقەکانی دەنگدان دەری دێنن، چیان پێ خۆش بوو ڕایدەگەیەنن، بۆیە ئەو جۆرە ڕاگەیاندنانە ئەو جۆرە بەشداری کردنانە کە ڕێژیم ئێعلامی دەکات، لە هیچ بارێکەوە جێگای متمانە و باوەڕ نیە.

**تیشک تی ڤی**: هەڵوێستێکی دیکەش هەیە کە دەڵێ ئێمە نە بەشداری دەکەین و نە داوای بایکۆتیش لە خەڵک دەکەین، با خەڵک خۆیان بڕیار بدەن. خاڵی لاوازی ئەو هەڵوێستە لە چیدا دەبینن؟

**مستەفا هیجری**: دیارە ئەوەی کە خەڵک بۆ خۆی، بە ئیرادەی خۆی، بەپێی پێویستی خۆی دەبێت دەنگ بدات، لەوەدا هیچ گومانێک نیە، چوونکە دەنگ هی تاکە کەسە، تاکەکەس چۆن دەنگ دەدات یان دەنگ نادات، لە سیستمێکی ئازادا بۆ خۆی دەزانێت، بەڵام حیزبێکی سیاسی کە هەڵگری بیر و بۆچوونێکی سیاسییە، بەرنامەی هەیە و هەڵوێستی سیاسی هەیە، ناکرێت لە ڕووداوە گرینگە سیاسییەکاندا کە لە وڵاتدا دێتە پێشێ، بێلایەن بێت، ناکرێت حیزبێکی کە ئێحساسی مەسئوولییەت دەکات بە نسبەتی ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات، نێو کۆمەڵگا بە چاک و بە خراپ، لە ڕووداوێکی وەکوو هەڵبژاردندا خەمساردی بنوێنێ، بڵێ خەڵک چ دەکات با بیکات، بۆیە پێم وایە دەبێت حیزبێکی سیاسی نەزەری خۆی بڵێ، ئیستداڵ بکات بۆ نەزەری خۆی، بۆ ئەوەی کە نەزەری خۆی بچێتە پێشێ، جا ئێستا خەڵک چەند بە دوای ئەو دەنگەوە دێ، بە دوای ئەو قسانەوە دێ و تەئییدی نەزەری ئەو حیزبە دەکات، ئەوە نەزەرێکی دیکەیە، بەڵام من پێم وابێت حیزبێکی سیاسی دەبێت لەو ڕووداوە سیاسییانەدا هەڵویستی زۆر ڕوونی هەبێت بۆ خەڵک، تەنانەت بۆ لایەنگرانی خۆی، بۆ ئەوەی کە بزانن تەکلیفیان چیە، سەبارەت بەو ڕووداوە چۆن قسە بکەن چۆن هەڵوێست بگرن و چۆن هەنگاو بنێن.

**تیشک تی ڤی**: نەیارانی بایکۆت دەڵێن لە هێندێک لە ئۆرگانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەرەتانێک بۆ شوێندانانی هەرچەند کەم، لە سەر دەسەڵات هەیە و خەڵک نابێ ئەو دەرەتانەش لە کیس بدات. وەڵامی ئێوە بۆ ئەو بۆچوونە چیە؟

**مستەفا هیجری**: من ئارەزووم دەکرد وا بوایە، یەعنی لە دامو دەزگاکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پشکێک بۆ دەسەڵاتی خەڵک هەبوایە، خەڵک تەئسیری شوێندانەری هەبوایە، بەڵام ئەوەی کە تاکوو ئێستا لە ماوەی نزیک بە چەند ساڵی ڕابردوودا دیومانە و لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و سەرۆک کۆمارییشدا دەبینین کە

هەمـوو شـتێک دیـاری کـراوە، یەعنـی خەڵـک دەور و نەقشـەکەی فەقەت ئەوەیە کە وەکـوو ڕەشـایی نیشـانی بـدەن، بـێن لە سـەر سەندووقەکانی دەنگدان دەنگ بدەن.

هەرچەنـد دەنگەکانیـان تەئسـیری نیـە. بـێجگە لەوە دەسـەڵاتێکیان نیـە، ئـێمە لەو داموودەزگایـانەی کۆمـاری ئیسـلامی کە گۆیـا بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن، وەکوو مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، تـاکوو ئێسـتا دەبینین کە ئەوانە نەیـانتوانیوە شتێک بکەن لە خزمەتی خەڵکەکەدا، چوونکە ئوسوولەن ئەوانە نوێنەری خەڵک نین، نوێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. بەڵـێ لە پێوەنـدی لەگەڵ پاراستنی کۆمـاری ئیسلامی، بەهێزکردنـی کۆمـاری ئیسـلامی، ئەوەی لە دەسـتیان بێـت کردوویـانە، بەڵام بـۆ خـزمەت کـردن بە خەڵـک هیچیـان نەکردووە. باشترین نموونەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، مەجلیسی شەشم بوو کە ئیسڵاحتەڵەبەکان ئەکسـەرییەت بـوون، ئەو مەجلیسە پێشتر بە دانی وەعدەیەک بە خەڵک کە قانوونی ئینتخابات ئیسڵاح دەکـات، خەڵـک دەنگیـان پـێ دا و هـاتنە سەر، بەڵام کە هـاتنە مەجلیس و ئەو مەوزوعەیان مەترەح کرد، بە ئیشارەیەکی خامنەیی وەلیی فەقیهـ، ئەو مەوزوعە وەکو حووکمی حکوومەتی ڕاگەیەنـدرا و بێدەنگەیان لێ کرد، یەعنی تەئسیریان نیە، ئەگەر هەیانبێت، سرووشتییە و دەبێ خەڵک بەشداری بکات.

**تیشک تی ڤی**: لە پەیامی ئێوەدا دەوترێت کە گۆڕینی سەرۆککۆمار یـان نـوێنەرانی مەجلیس نـاتوانێ کـاریگەریی لە سەر سیاسەتی ڕێژیم دابنێت. بەڵام نەیارانی بۆچوونی ئێوە ئاماژە بە جیاوازییەکانی سیاسەتی ڕێـژیم لە سـەردەمی ئەحمەدی نژاد و ڕووحـانی، یـان جیاوازیی مەجلیسی شەشەم لەگەڵ ئێستا دەکەن. چ وەڵامێکتان بۆ ئەو بۆچوونە هەیە؟

**مستەفا هیجری**: خـودی مەجلیسـی شەشـم لەگەڵ ئەوەی کە کەموکـوڕی زۆر بـوو، خـاڵی موسبەتیشـی هەبـوو، هەر لەبەر ئەوەشە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە جەریانی مەجلیسی شەشم تەجـرووبەی وەرگرتـووە و ئەو پەڕی دیقەتـی خـۆی دەکـات کە لەوە بەدوا ئیجـازە نەدا کە مەجلیسێک بە شێوەی مەجلیسی شەشم کە ئیسڵاحتەڵەبان زۆرینەیان پێکیان هێنا پێک بـێ، بـۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ چاوەدێرییەکـان توندوتیژتر دەبن بەسەر کاندیدەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامییەوە، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێـران ئیجـازە نـادات جارێکی دیکە ئەو مەجلیسـە دووبـارە بێتەوە. لە پێوەنـدی لەگەڵ مەسـەلەی سـەرۆککۆماریدا، لەویشدا مەسـەلەکە وانیە کە خەڵـکەکە وای دەبینـێ کە هەموو شتێک تەئسیری دەنگی خەڵک بـوو ڕووحـانی هەڵبـژێردراوە یـان تەئسـیری دەنگـی خەڵـک بـوو کە ئەحمەدی نـژاد هەڵبژێـردرا. ئەوانە هەموویـان ئامـادە کرابـوون، هەمووـمان دەزانـین و دوایە مەعلووم بوو کە هێشتا ساڵێک لە سـەرۆککۆماریی ئەحمەدی نـژاد مـابوو کە وەلی فەقیهـ بە وەسیلەی نـوێنەری خـۆی لەگەڵ ئامریکـا لە عەممـان لە وتـووێژدا بـوو بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی ئەتـۆمی و بـۆ درێژەدانـی ئەو پـرۆژەیە کە گەمارۆکـان نەفەسـی ئـابووریی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانیـان تەنـگ کردبـوو، دەبـوا کەسـێک بـوایە وەکـوو ڕووحانی، ببێتە سەرۆککۆمـار، بـۆ ئەوەی بتوانێـت ئەو پـرۆژەیە ئیـدامە بـدات، لە نەتـیجەدا ئەوە سـازماندهی کـرا و ئەو هـاتە سـەر کار، هەر وەکوو چۆن پێشتر بۆ ئەحمەدی نژاد ئامادە کـاری کـرا و هـاتە سـەر کـار. لە هەر دەورانێکـدا بەپێـی سیاسـەتی نێوخـۆ و سیاسەتی دەرەوە، چێهـرەیەک لە کەسـایەتییەکانی ڕێـژیم و حکوومەت پێویستە، لە بـاری شێوەی بەیـان، چۆنیەتـی تەعـامووڵ کـردن لەگەڵ دەرەوە، چۆنیەتی تەعـامووڵ کردن لەگەڵ نێوخۆی وڵات، پێویستیان بەو کەسانە هەیە، دایـان دەنێن، کارەکانیان پـێ جێبەجـێ دەکەن و دوایەش وەلا دەنـرێن. بـۆیە ئەگەر دیقەتتـان کردبێـت لە نێـو تەواوی سـەرۆککۆمارەکانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، کە لە

سەرەتاوە تاکوو ئێستا بوونە، هەموویان بە بەدنێوی، بە فشار و بە ئیهانەت و بێحورمەتی وەلانراون، لە بەنیسەدرەوە بیگرە تا ئەحمەدی نژاد، لە خاتەمییەوە، لە ڕەفسەنجانییەوە و ئێستاش نەوبەتی ڕووحانییە، بزانین ڕووحانی دوای تەواو بوونی دەورەکەی، ئەو چی بە سەر دێ؟ یەعنی ئەوانە لە واقعدا ئەگەر حسابەکە لە سەر ئەوەبێت کە بە دەنگی خەڵک هاتبێتنە سەر، هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئەوە نیشانەی نەناسینی کۆماری ئیسلامییە. واقعیەتەکەی ئەوەیە کە ئەوانە مۆرەگەلێکن کە ئەو ڕێژیمە لە هەر دەورانێکدا ئحتیاجی بە شکڵێک لەوانە هەیە، کە دەیانهێنێتە سەرکار و دوایەش وەلایان دەنێت. کە وابوو مەسەلەکە وا نیە کە سەرۆک کۆمار بە دەنگی خەڵک هەڵدەبژێردرێت، ئەوە فەقەت شکڵێکی ڕواڵەتییە وەکو باقی هەڵبژاردنەکان، چەند مۆرەی ڕێژیمن کە بۆ خۆی دایاندەنێت و لە نێو ئەو مۆرانەدا زەمینە فەراهەم دەکەن بۆ ئەوەی کە یەکێکیان دەنگ بێنێتەوە.

**تیشک تی ڤی**: یەکێک لە ڕەخنە سەرەکییەکانی ئێوە ئەوەیە کە لە ئێراندا هەڵبژاردن تەنیا بۆ دامەزراوە بێدەسەڵاتەکان دەکرێت. بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەوترێت لە ئەگەری مردنی خامنەیی‌دا، مەجلیسی خوبرەگانی داهاتوو، مەجلسێکی گرینگ بۆ هەڵبژاردنی وەلی فەقیهـ و دیاریکردنی ڕێڕەوی سیاسیی داهاتووی وڵات دەبێت. بە باوەڕی ئێوە هەڵبژاردنی کەسی یەکەمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ ببێتە هۆی وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی چاک یان خراپ لە سیاسەتی ڕێژیمدا؟

**مستەفا هیجری**: دیارە ئەو تەجروبەیە کە ئێستا ئێمە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمانە، دوو وەلی فەقیهـ هەبووە، یەکیان خومەینی بوو ئەوی دیکەش خامنەیی. تاکوو ئێستا تەجروبەکە پێمان دەڵێ کاتێک کە وەلی فەقیهـ دیاری کرا، ئاڵوگۆڕی پێ ناکرێت هەتاکوو دەمرێت. ئێستا باسەکە لەسەر ئەوەیە کە خامنەیی نەخۆشە و ئیحتماڵی مردنی هەیە، بۆیە مەجلیسی خوبرەگانی داهاتوو دەبێت کەسێک لە جێگای ئەو هەڵبژێرێت، ئەوە وەختێکە کە خامنەیی لە ئارادا یان لە ژیاندا نەمابێت، بەڵام کاتێک مەجلیسی خوبرگان وەلی فەقیهێکی دیکە هەڵدەبژێرێت، ئەو وەلی فەقیهە کێیە؟ ئایا ئەو وەلی فەقیهە بەڕاستی هەڵبژاردەی خەڵکە؟ خودی مەجلیسی خوبرگان، ئەوان لەواقعدا نوێنەرانێکن کە دیاری کراون، وەک مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، وەکوو سەرۆککۆمار کە هەڵدەبژێردرێن، ئەوانیش هندێ نەفەراتن کە ڕێژیم بۆخۆی دیاریی کردوون، لەنێو ئەوانەدا ئیجازە دەدات خەڵک نەفەرات هەڵبژێرن. کە فەرقێکی ئۆتۆیان نیە، هەموویان لە باری بیر و باوەڕەوە، لە باری ئایینەوە، لە باری هەوڵدان بۆ بەردەوامیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، هەموویان لە یەک چوارچێوەدا دەژین، فکر و بۆچونیان لە باری ئیدئۆلۆژییەوە بە جیاوازییەکی زۆر زۆر کەم، هەر وەک یەک وایە. کەوابوو هەڵبژاردنی وەلی فەقیهـ، هەر کەسێک بێت هیچ فەرقێک لە باری ئاسایش و ئەمنییەت و ئازادی، دێموکراسی و کار پەیدا کردن بۆ خەڵکی ئێران، فەرقێک ناکات، بۆیە ئەوەی کە ئێستا کۆماری ئیسلامی بۆ تەبلیغاتی خۆیان، بۆ ئەوەی خەڵک بکێشنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان، وا نیشان دەدەن کە ئەمجارە هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیسی خوبرگان زۆر گرینگە چوونکە ئەوانە وەلی فەقیهـ هەڵدەبژێرن، فەقەت تەبلیغاتێکە بۆ هەڵبژاردن، وەلی فەقیهی ئاییندە چ فەرقێک دەکات لەگەڵ وەلی فەقیهی ئێستا، هەرکامێکیان بن لەو مۆرانەن کە دیاریی دەکەن، فەرقێک ناکات، کە وابوو لە خۆڕا ئەو تەبلیغاتە ساز بووە تەنها بۆ ئەوەی کە خەڵک بکێشنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان، دەنا شتێک لە ئەسڵی ماهییەتی کارەکە ناگۆڕێت، ڕێژیم هەر ئەو ڕێژیمەیە، وەلی فەقیهیش بەپێی ئەو قانوونە کە دیاری کراوە، هەر ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە ئێستا خامنەیی هەیەتی.

**تیشک تی ڤی**: یەکێک لەو لایەنانە کە ئێستا بۆ مەجلیسی خوبرەگان بە تایبەتی لە لایەن ئیسلاحخوازانەوە پشتگیریی لێ دەکرێت، لیستی ڕەفسەنجانیە کە کەسانێک وەکوو موحەممەدیی ڕەیشەهری یەکێک لە بڕیاردەرانی کوشتارەکانی دەیەی ٦٠ و دوڕڕیی نەجەفئابادی وەزیری ئیتلاعاتی سەردەمی قەتڵە زەنجیرەییەکان لە تاران و عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی سەردەمی تێرۆرەکانی دەرەوەی وڵات لە خووزستان ناویان لەو لیستەدا هەیە و دەڵێن دەنگ بدەن بە ئەمانە با جەننەتی دەنگ نەهێنێتەوە. ئێوە پێتان وایە ڕێبەرێک کە ئەو لایەنە هەڵیبژێرێت چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕێبەرێک هەیە کە کەسانی وەک جەننەتی هەڵیبژێرن؟

**مستەفا هیجری**: خەڵکی ئێران نابێت لە بیری بچێت کە هەموو ئەو مۆرانە، پێکەوە سیستمی ئەو حکوومەتە پێک دێنن، لە حکوومەتێکدا ئەوەی کە تەئسیرگوزارە سیستمە، نەک فەردێک بەتەنیا.

دیارە بێجگە لەوەی کە ئەوە وەکوو گشتی وایە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا فەرقی بەینی ڕەفسەنجانی، ڕەیشەهری و مۆرەکانی دیکە نیە، چوونکە ئەوانە لە گشتییەتی خۆیاندا، پارێزەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. دیقەت بکەین لێرەدا مافی مرۆڤ و ئازادی و دێموکراسی و شتی وا هەر وجوودی نیە، ئەوەی کە ئەوانە باسی لێ دەکەن، باسی پاراستنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەڵام جیاوازییەکە تەنها لەوە دایە کە بۆ نموونە کەسیکی وەکوو ڕەفسەنجانی، دەکەوێتە پەراوێزەوە، دەیهەوێت خۆی نیشان بدات، هێزی خۆی نیشان بدات، هەندێک قسە و باس دێنێتە ئاراوە کە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی کە دووبارە دەسەڵاتی زیاتر بەچەنگەوە بگرێت، دەنا ڕەفسەنجانی هەر ئەو ڕەفسەنجانییەیە کە کاتێک کە سەرۆک کۆمار بوو، دەستووری تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سەر میزی موزاکرە داوە و ئەوە تەنها دەستووری تیرۆر نەبووە، بەڵکوو بە دەیان دەستووری دیکەش لەو شێوە تێرۆرە لە کاتی سەرکۆماری ئەودا لە نێوخۆی ئێراندا و لە دەرەوەی ئێراندا سادر کراوە. ئەو هیچ فەرقێکی نیە لەگەڵ ڕەیشەهرییەک یان لەگەڵ کەسێکی دیکە کە خەڵکی کوشتووە، ئەوەی کە ئەوانە هەیانە کێبڕکێیە لە سەر دوو شت، یەکەم ئەوە کە دەستیان بە قودرەتی زیاتر بگات بۆ ئەوەی کە بەشی خۆیان زیاتر بپچڕن لەو حکوومەتە، لە دەسەڵاتەکە بە قازانجی خۆیان زیاتر کەڵک وەربگرن، هەر وەکوو تا ئێستا هەموویان ئەو کارەیان کردووە، دووهەم ئەوەی کە بتوانن لە باری مەرجەعییەتەوە، لە باری دەسەڵاتی ئایینیەوە خۆیان بەرز بکەنەوە، هەموویان لەو بارەوە لە کێبڕکێ دان. ڕقابەتێک کە ئێستا لە بەینی جناحە جیاوازەکانی ئوسوولگەرا بۆ مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری یان مەجلیسی شووڕای ئیسلامی هەیە، فەقەت لەو ڕاستایە دایە، بۆیە ئەوە نابێت خەڵک ئەوەی لە بیر بچێت پێیان وابێت کە ئەوان ئەگەر ڕقابەتێکیان هەیە، ڕقابەتەکە لە سەر مافی خەڵکە، لە سەر ئازادییە، لە سەر ئەوەیە کە چۆن خەڵک ژیانێکی باشتریان هەبێت. دەلیلی موحکەم بۆ ئەو مەسەلە ئەوەیە کە لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تاکوو ئێستا، کە چاو لێ دەکەین، وەزعی ژیانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە، نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان، بێکاری و بێزاری خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەگرتندا بووە. ئەوانە لەگەڵ ئەوە کە ڕەنگە لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا هەندێک وەعدە و وەعید بدەن، هەروەک ڕووحانی لەو کاتەدا وەعدەیەکی زۆری دا بە خەڵک و لەوانە بە خەڵکی کووردی دا، بەڵام بە عەمەڵ هیچ کامێک لەمانە ئەو کارانە ناکەن، چوونکە ئوسوولەن ئەو دەسەڵاتانەیان نیە، تەنانەت ئەگەر بیانهەوێت بیکەن، ئێستا سەیر کەن قسەکانی ڕووحانی لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفت و موشکلاتی نێوخۆی ئێران، لە پێوەندی لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe

پێوەندییەکانی دەرەوە، وەکوو هاواری ڕۆژنامەنووسێکە، ئەویش وەکوو ڕۆژنامەنووسێک، وەکوو خەڵکێکی دیکە هەر هاوار دەکات، چون دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نیە. بۆیە ئەو مەسەلەمان نابێت لە بیر بچێت و بکەوینە داوی تەبلیغاتی ڕەنگاوڕەنگی جمهووری ئیسلامی، یان عەواملی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆی ئێراندا کە بە شکڵی جۆراوجۆر دەیانهەوێت خەڵکەکە بەسیج بکەن بۆ ئەوەی کە بێنە سەر سەندووقەکانی دەنگدان.

**تیشک تی ڤی**: بەشداریکردن یان بایکۆتی هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە، چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوایی ڕێژیم لە کۆمەڵگای جیهانیدا یان پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە و بەتایبەتی ڕۆژئاوا دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: من پێم وایە ئەگەر خەڵک کەمتر بەشداری بکات تەئسیری هەیە، چوونکە ئێستا وڵاتانی ڕۆژئاوا هەست بەو مەسەلە دەکەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە هەڵبژاردنەکاندا و لە ڕاگەیاندنی نەتیجەی هەڵبژاردنەکاندا سادق نیە، چوونکە ئەگەر سداقەتی بوایە و بیویستبایە ئەو هەڵبژاردنە لایەنێکی شەرعی و ڕەسمیی نێونەتەوەیی بە خۆیەوە بگرێت، لە چاوەدێرانی سیاسیی دەرەوەی وڵات دەعوەتی دەکرد بێن و ئەوانیش شاهێدی بدەن کە ئەو هەڵبژاردنە بە شێوەی ئازاد و دێموکراتیک و لە چوارچێوەی ئوسوول و پرەنسیپەکانی هەڵبژاردن بەو جۆرەی کە لە شکڵی نێونەتەوەییدا تەعریف دەکرێت بەڕێوە دەچێت، بەڵام مادام کە کۆماری ئێسلامی ئەوە ناکات، هەڵبژاردنەکان لە نەزەری دەرەوەدا ئێعتبار و ئەهەمییەتێکی ئەوتۆیان نیە، بۆیە سیاسەتەکەشیان بە نیسبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نایەت. ئەوەی کە لە سیاسەتی دەرەوەدا ئاڵوگۆڕێکی بەسەرا بێت، بە نیسبەتی سیاسەتێکە کە لە نێوخۆی ئێراندا بەڕێوە دەچێت و ئەو سیاسەتە لە نێوخۆی ئێراندا، لە دەسەڵاتی وەلی فەقیهـ دایە. وەکوو ئەوەی دەبینین کە لە مەسەلەی بەرجامدا سیاسەتەکە دەگۆڕێت، بەڵام هەموومان دەزانین کە بەرجام نە نەتیجەی تێکۆشانی ڕەئیس جمهوور، بەڵکوو سیاسەتی وەلی فەقیهـ بوو کە دەبوو بەم شێوە بووبایە.

**تیشک تی ڤی**: یەکێکی دیکە لە پاساوەکانی لایەنگرانی بەشداری، بە تایبەتی بۆ هەڵبژاردنی مەجلیس لەو دەڤەرانەی کوردستاندا کە نەتەوەی دیکەشیان تێدا دەژی، ئەوەیە کە ئەم هەڵبژاردنە جۆرە ڕێفراندۆمێک بۆ نیشاندانی سەنگ و قورسایی حەشیمەتی کورد لەو دەڤەرانەیە، یان ئەوەیکە پێیان وایە بۆ نموونە ئەگەر کوردێکی خراپیش ببێتە نوێنەری مەجلیس باشتر لەوەیە غەیرە کوردێک بچێتە نێو دەسەڵات و غەدر لە کوردی ناوچەکە بکات. تا چەند ئەم بۆچوونە بە دروست دەزانن؟

**مستەفا هیجری**: بەداخەوە ئەوەش یەکێکە لەو وەسیلانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو هەڵبژاردنەکانیدا کەڵکی لێ وەردەگرێت و لە تەعەسووباتی نەتەوەیی و جارجار ئایینییش لە بەینی ئایینە جیاوازەکان کەڵک وەردەگرێت بۆ ئەوەی کە خەڵکەکە بەو عینوانە بکێشێتە سەر سەندووقەکانی دەنگدان و زۆر جاریش بەداخەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە ئەگەر باس لە حەشیمەتی کورد و هێزی کورد دەکرێت، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کەس دەزانێت کە حەشیمەتی کورد و هێزی کورد لە هەر ناوچەیەک چەندە، یان باقی نەتەوەکانی دیکە، چوونکە ڕاستە لە ئامارگیرییەکاندا کە چەندساڵ جارێک لە ئێران دەکرێت نەتیجەکەی لە باری ژمارەی نەتەوەکانەوە ڕاناگەیەندرێت، بەڵام خودی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەی دەزانێت و ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ئامارانەیان هەیە. کەوابوو لە باری حەشیمەتەوە کورد لە ناوچەیەکدا چەندە، هیچ تەئسیرێکی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران نیە. لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە کاتێک ئێمە باس لە نوێنەر دەکەین، نوێنەرێک کە دەیهەوێت بچێتە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، نوێنەرێک کە دەیهەوێت بچێتە شووڕای شار یان شووڕای ئۆستان یان هەر شوێنێکی دیکە، ئەو نوێنەرە دەبێ هەڵگری بۆچوون و ویست و داخوازی خەڵکەکەی بێت، ئەوە دەتوانێت ببێتە نوێنەر و لەو شوێنەدا کە بۆی هەڵدەبژێردرێت، بتوانێت ئەو دەنگەی خەڵک مونعەکس بکاتەوە، پێداگری لە سەر بکا بۆ ئەوەی کە مافی خەڵکەکە وەربگرێت، بەڵام ئایا ئەو نوێنەرانەی کە ئێستا هەن، کورد بێت یان تورک، مەسیحی بێت یان موسڵمان، ئایا دەتوانن ئەو کارە بکەن؟! خۆ ئێمە هەموومان دەبینین کە لە ماوەی ئەو چەندین دەورە هەڵبژاردنەدا هیچکام لەو نوێنەرانە نەیانتوانیوە دفاع لە مافی خەڵک بکەن و مافی خەڵک وەربگرن، نەتیجەکەیشی ئەوەیە کە تاکوو ئێستا، مەسەلەن لە چوار ئۆستانی کوردستان بە پێی ئامارێک کە خودی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڵاوی کردووەتەوە، ڕادەی بێکاری لە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ زیاترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران. بودجەیەک کە تەرخان دەکرێت بۆ عومران و ئاوەدانی ئەو بەشانە، لە هەموو بەشەکانی دیکە بەنسبەت کەمترە، خەسارە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو تەڵاق، وەکوو ئعتیاد بە مادە سڕکەرەکان لە هەموو بەشەکانی دیکە زیاترە، باشە ئەگەر واقعەن ئەو نوێنەرانە کە هەڵبژێردراون ئەگەر نوێنەری خەڵک بوون، چیان کردووە بۆ کەم کردنەوەی ئەو هەموو ئازارەی ئەو خەڵکە؟ کە وابوو ئەوە کە ئێمە خۆمانی پێوە فریو بدەین کە ئەوە چوونکە کوردە دەنگی پێ بدەین یان نەخێر کەسێکی دیکە تورکە دەنگی پێ نەدەین. یان ئەو کەسە ئایینی جیاوازە دەنگی پێ نەدەین، ئەوە لە واقعدا نەوعێک من دەتوانم بڵێم وێڕای ڕێزم بۆ نەزەری خەڵک، نەوعێک خۆ فریو دانە، دەنا هیچ جیاوازییەکی نیە. پێم وابێت کەسێک کە نوێنەری واقعی خەڵک بێت پێویست ناکات بیر لەوە بکەینەوە لە چ نەتەوەیەکە، چ ئایینێکی هەیە، چ بیر و بۆچوونێکی سیاسیی هەیە، کاتێک نوێنەری واقعی خەڵک بێت و بتوانێت دەرد و ئازارەکانی خەڵک مونعەکس بکات و پێداگریی بکات لە سەر مافی خەڵک، ئەوە نوێنەری خەڵکە هەر کەسێک بێت. بۆیە پێم وابێت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا خەڵکی ئێمە دەبێت زۆر وریاتر بن، بەتایبەتی ناڵێم هەموو، بەڵام تاکوو ئێستا ژمارەیەک لە نوێنەرانی کوردمان دیوە لەو شوێنانە بۆ ئەوەی کە نیشان بدەن موخلیسی ئەو ڕێژیمەن، بۆ ئەوەی کە نیشان بدەن بیروباوەڕی تەواویان بەو ڕێژیمە هەیە، نەک هەر دفاعیان لە خەڵکەکەیان نەکردووە، بەڵکوو دەنگی پێچەوانەیشیان داوە، دەنگی پێچەوانەی بەرژەوەندیی خەڵکیان داوە.

**تیشک تی ڤی**: لە هەر دوو حاڵەتی بەشداریکردن یان تەحریمی هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە لە کوردستاندا، پێتان وایە پەیامی ئەو هەڵوێستە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا چی دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: لەو هەلومەرجەدا کە لە ئێراندا هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک نیە، ئێمە پێمان وایە نەتیجەکەی هەرشتێک بێت هیچ پەیامێک بە حیزبی دێموکرات نادات. دیارە ئەگەر شەرایتەکە بەو جۆرە بوایە کە خەڵک بە ئازادی دەنگی دابا، ئەودەم دەمانتوانی مەقتەعێک هەڵسەنگێنین کە خەڵکێک کە بە قسەی حیزبی دێموکراتیان کردووە بە دەنگدان یان دەنگ نەدان، یان بە قسەی حیزبێکی دیکەیان کردووە، ئەوە بکەین بە معیارێک بۆ پەیامی خەڵک بۆ ئەو حیزبە، بەڵام لە ئێستادا ئێمە وەک پەیام وەری ناگرین. ئێمە نەزەری خۆمان و بۆچوونی خۆمان بە خەڵکەکە ڕادەگەیەنین، تەنانەت ڕەنگە لە هەڵوێستی سیاسیدا، لە سەردەمانێکدا خەڵک موتەوەجهی ئەو ڕیزەکارییانە نەبێت کە حیزبێکی سیاسی موتەوەجهی دەبێت، بەڵام لە داهاتوودا دەزانێت کە ئەو هەڵوێستە

چەند ڕاست بووە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا بۆ خۆمان لە باری ئەو تەجروبەوە دەوڵەمەندین، مەسەلەن لەبیرتان بێت لە کاتێک کە ڕێفراندۆم بۆ جمهوریی ئیسلامیی ئێران کرا، لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات یەکێک یان دەتوانم بڵێم ئەوەڵین حزب بوو ڕایگەیاند کە؛ لەبەر ئەوەی ئەو حکوومەتە هیچ کام لە ویست و داخوازییەکانی خەڵک دابین ناکات، بۆیە حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکات و داوا لە خەڵکیش دەکات کە ڕێفراندووم بایکوت بکەن. دیارە ئەوەدەمیش هەندێک خەڵک هەر بەشدارییان کرد، بەڵام دوایی مێژوو دەریخست کە لەکاتی خۆیدا حیزبی دێموکرات هەڵوێستەکەی دروست بوو. مەبەستم ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسی لە سەردەمێکدا هەڵوێستێک بنوێنێ کە نەتەیجەکەی لە دوایی‌دا دەرکەوێت، کە ڕاستی و ناڕاستیی دوایی دەردەکەوێت. هەر چەند ئەو هەڵبژاردنە کە عەرزم کردن بە بۆچوونی من بۆ حیزبی دێموکرات هیچ پەیامێکی نیە، چوونکە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئێمە، خەباتی چەکداریمان ڕەت نەکردووەتەوە...



### وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی باسنیوز

کوردستان میدیا: مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی باسنیوز ڕایگەیاند کە خەباتی چەکداریمان ڕەت نەکردووەتەوە، بەڵکو وەکوو شێوەیەک لە خەبات بەکاری دێنین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان لە ڕۆژهەڵات.

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو وتووێژەدا ڕایگەیاندووە؛ بڕیاری خەباتی چەکداریمان دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەداوە و لەبەر هەرێمی کوردستان ئەوە ناکەین و ڕێژیمی ئێران ئەوەندەی بۆی بکرێ دژایەتی سەربەخۆی کوردستان دەکات و ئاژاوە دەنێتەوە.

هیجری لەبارەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات دژی ڕێژیمی ئێران، لە لێدوانێکیدا بۆ (باسنیوز) باسی لەوە کرد؛ لە یەکەم ڕۆژەوە بڕیارمان دا خەباتی چەکداری ڕابگرین خەباتی چەکداریمان ڕەت نەکردووەتەوە، بەڵکو وەکوو شێوەیەک لە خەبات بەکاری دێنین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان لە ڕۆژهەڵات.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەروەها ئەوەشی خستووەتە ڕوو کە بەهۆی هەلومەرجی سیاسی لە لایەک و هاتنە پێشەوەی بارودۆخێکیتر لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەکات، بەشێوەیەکی جیددی خەباتی چەکداریمان ڕاگرتووە.

مستەفا هیجری،هەروەها ئاماژەی بەوە کرد؛ کە بەهۆی هەلومەرجی هەرێمی کوردستان و ئێران، ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بڕیاری داوە پێشمەرگە بنێرێتەوە نێوخۆی کوردستان، نەک بۆ شەڕ، بەڵکو بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵک و بەرەوپێشبردنی ئامانجە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات، لەو کاتەشدا ئەگەر ئێران هێرش نەکاتە سەر تیمەکانی پێشمەرگە، ئێمە نامانهەوێت شەڕی

چەکداریان لەگەڵ بکەین. بە پێچەوانەوە ئەگەر بیانخەنە ژێر گوشار و پەلاماریان بۆ بێن، بێگومان تیمەکانی پێشمەرگە بەرگری لە خۆیان دەکەن.

هیجری سەبارەت بە نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا باسی لەوە کرد؛ ئێستا بەشێوەیەکی گشتی لە نێو هێزە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕۆژهەڵات کێشە و جیاوازی بیروبۆچوون نییە لە بارەی پێوەندی لەگەڵ ئێران، بەڵکو لەبارەی مافەکانی نەتەوەی کوردەوە هاوڕاین و لە زۆر شتیشدا هاوکاری یەکترین.

هەروەها باسی لەوە کرد ئێمە وەکو بەرەیەکی یەکگرتوو نین، بەڵام هیچ کێشەیەک لەنێوانماندا نەماوە. ئێستەش لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هاوپەیمانیمان هەیە.

مستەفا هیجری باسی لەوەش کرد کە لەلایەکی دیکەشەوە ناکرێت هەموو بەرنامەکانمان ڕابگرین تا ئەو لایەنەی کە لە حیزبی دێموکرات جیابووەتەوە لەگەڵیان یەک بگرینەوە یان تا ئەو کاتەی بەرەیەک پێک بێت.

بەڵکو پێمان وایە کە دەبێت هەر کامێکمان بەپێی بەرنامەکانی خۆمان بچینە پێش لە دژی ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ بدەین بۆ لێک نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە لەئێمە جودابوونەتەوە و لەگەڵ لایەنەکانی تریش دەبێ هەردوو تێکۆشان بەیەکەوە بچێتە پێشەوە.

سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کوردستان لە داهاتوودا و دەستێوەردانی ئێران لەو مەسەلەیە، مستەفا هیجری باسی ئەوەی کرد؛

ڕژێمی ئێران دژی مافەکانی کوردە لە هەر بەشێکی کوردستان بێت، ئەوەندەی بۆی بکرێت دژایەتی دەکات و هەوڵ دەدات ئاژاوە بنێتەوە بۆ ئەوەی نەتوانن ئەو ئامانجە بگاتەجێ. بۆ ئەوەش ئێمە دژی هەموو بەرنامەیەکی ئێرانین کە بەپێی ئایدۆلۆژیای خۆی دژی ئازادی و ئاشتی و سەقامگیریە بەتایبەت دژایەتی کردنی مافەکانی کورد لە باشووردا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# ئێران دوژمنی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و وڵاتی ئیسرائیلە



## وتووێژی ڕۆژنامەی "ئورشەلیم پۆست"

کاتێک محەممەدڕەزا شای پەهلەوی لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران لە دەسەڵات وەلا نرا، حیزبی دێموکرات خوازیاری حکوومەتێکی دێموکراتیک بوو. بەڵام کۆمارێکی ئیسلامی لە تاران هاتە سەر کار. هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەڕوانێتە ٣٧ ساڵ خەبات دژ بە ئەم ڕێژیمە شیعەیە.

لە چەند مانگی ڕابردوو، حیزبی دێموکرات هێرشی دووبارەی لە سەر سپای پاسداران دەسپێکردووە و پێشمەرگەکان دەیان چەکداری ئێرانیان کوشتووە.

مستەفا هیجری لەم بارەیەوە دەڵێت: ساڵی ٢٠١٥ی زایینی، کاتێک بینیمان کە ڕێژیمی ئێران نایهەوێ مەسەلەی کورد چارەسەر بکات، بڕیارمان دا کە پێشمەرگەکانمان بنێرینەوە ئێران.

هیجری لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد: ئێران دەیزانی کە پێشمەرگەکانمان هاتوونەتەوە ناو خۆی وڵات، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەوان خەریکی دانوستان لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ (پەیماننامەی ناوەکی ئێران) بوون، ویستیان کە پیشان بدەن کە وڵات ئارامە و هەروەها ویستیان پیشان بدەن کە ئەوان هیچ جۆرە کێشەیەکیان (لە ناوخۆی وڵات) نیە.

ئێستا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئێران زۆرتر چالاک بوونە، لە ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٢، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی ئۆتریش و ئاڵمان تێرۆر کراون.

مانگی ڕابردوو ئێران هۆشداری دا کە کۆیە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆردوومان دەکات، ئەگەر حیزبی دێموکرات ئۆپراسیۆنەکانی ڕانەگرێت.

یەکەم قسەی مستەفا هیجری لە بارەی ئەوەی کە بۆچی ئێران دژایەتی ئێسرائیل دەکات گوتی: ئێمە دوژمنی هاوبەشمان هەیە، بەڵام وڵاتانی زۆر پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن.

ناوبراو باسی لەوە کرد ئێران مەترسییەکە بۆ ناوچە پشتیوانی لە حیزبوڵڵا و حەماس پیشان دەدات کە ئێسرائیل دوژمنی سەرەکی ئەم وڵاتەیە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەوە کرد: ئێران پارەیەکی زۆر خەرجی حیزبوڵلا و حەماس دەکات دژ بە ئیسرائیل، بە ڕای من ئیسرائیل پێویستە ئێران وەکوو دوژمنی سەرەکی خۆی ببینێ و هەوڵ بدات کە لاوازی بکات. حیزبوڵڵا و حەماس پارەیەکی زۆر وەردەگرن و ئەوانیش یارمەتی ئێران دەدەن بۆ دژایەتی ئیسرائیل، هەر بەو پێیەش ئیسرائیل پێویستە یارمەتی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن بدات تا دژ بە ئێران ڕاوەستن.

لە نێوان ئەو گروپە ئۆپۆزیسیۆنانە، ٦ میلیۆن کورد لە ئێران بوونیان هەیە کە مافی زۆریان لێ زەوت کراوە، هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوای لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کردووە کە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بایکۆت بکەن. پاش یەک دەیە خەبات (چەکداری) تا ساڵەکانی ١٩٨٠، کوردەکانی ئێران ٢٠ ساڵ بێ دەنگ لە ڕێژیمی ئایەتوڵلاکان ژیان. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ بەرەوپێش چوونێک لە ڕەفتاری ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە کوردەکان نابینێ.

هیجری ساڵی ٢٠٠٦ کاتێک کە دیار بوو ئامریکا سەبارەت بە مەسەلەی ناوکی لەگەڵ ئێران دانوستان دەکات هۆشداریدا کە لەگەڵ ئۆرووپاییەکان، پێویستە فوکوس بخرێتە سەر پشتیوانی مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی لەم وڵاتە.

مستەفا هیجری باسی لەوە کرد کە ڕێکەوتننامەی ناوەکی ساڵی ڕابردوو، دەسکەوتی ئابووری بۆ ڕێژیم هەبووە و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هێما بەوە دەکات کە ئەوان حکوومەتێکی دێموکراتی فێدراڵیان دەوێت و لەو پێوەندەییەدا باس لەوە دەکات: ئێمە بە شوێن دەوڵەتێکی دێموکرات داین. ئێمە دەمانهەوێ کە هەر نەتەوەیەک ئۆتۆنۆمی (دەسەڵاتی خۆجێی) خۆی هەبێت، هەروەها هەر نەتەوەیەک پێویستە نوێنەری خۆی لە دەسەڵاتی مەرکەزی هەبێت.

هیجری جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ هاوکاری دەکات کە گروپەکانی دیکە لە نەتەوەکانی ئازەری، عەرەب، بەلووچ و تورکمەنەکان لە خۆ دەگرێت و بە شوێن مافی خۆیان بن.



سەرچاوە
Serchawe

هەستێکی خیانەت لێرە بەدی دەکرێ کە کوردەکان بەرانبەر بە ئۆرووپا و ئامریکا هەیانە، بە هۆی ئەوەی ئەوان پشتیوانیان لە دێمۆکراسی و مافی نەتەوەکان نەکردووە.

هیجری بای لەوە کرد کە: تاجێرە ئۆرووپییەکان هەموو ڕۆژ دێن بۆ ئێران تا کاری ئابووری و ڕێکەوتنی ئابووری بەڕێوە بەرن و درێژە دەدات: بۆیە ڕێکەوتننامەی ناوەکی بۆ خەڵکی ناوچە خراپ بوو، تەنیا بۆ خودی ڕێژیمی ئیسلامی باش بوو. هیچ لایەنێکی دیکە جگە لەوان هیچ قازانجێکی پاش ئەم ڕێکەوتننامە نەبینی.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پرسیارێک دەخاتە ڕوو کە بەڕاستی بۆچی ڕۆژئاوا بە دێموکراسی گرینگی نادات و لەو بارەیەوە: سیاسەتی ئامریکا چاو لە ئەمڕۆ دەکات، بەڵام داهاتوو بۆی گرینگ نیە. بۆ وێنە، ئەوان پلانێکیان بۆ لەناو بردنی سەدام حوسێن هەبوو، بەڵام هیچ پلانێکیان بۆ پاش ئەو نەبوو.

هیجری نیگەرانیی خۆی لەوەی کە ئامریکا ڕەوایی و دۆستانی لە ناوچەدا لە ساڵانی ڕابردوو لە دەست دابێت، دەر دەبڕێتچوون لە جووڵانەوە لەگەڵ شەڕی ٥ ساڵەی سووریە شکستیان هێناوە و ئیجازەیان داوە بە تێرۆریستەکانی ئێرانی کە بڕۆنە ناو ئەو وڵاتە و پشتیوانی لە بەشار ئەسەدی دیکتاتۆر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی جووڵای ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## باس لە لایەنە جیاوازەکانی خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات...



وتووێژ لەگەل ئاسۆ ساڵح.

ڕۆژنامەوانی کوردی دانیشتووی وڵاتی سوێد.

مستەفا هیجری: حیزبی دێموکرات هیچ کات پێشوازی لە پێوەندییەک ناکات کە ڕەوتی دێموکراسیخوازی لە ئێران و ناوچەکەدا تووشی کێشە بکات

کوردستان میدیا: مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەل ئاسۆ ساڵح، ڕۆژنامەوانی کوردی دانیشتووی وڵاتی سوێد، باسی لە لایەنە جیاوازەکانی خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات کرد.

ئاسۆ ساڵح ڕۆژنامەوانی کورد لەو وتووێژەدا باس لەوە دەکات کە وشەی ڕاسان چەمکێکە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەو قۆناغە نوێیە لە خەباتی ئێستادا هەڵیبژاردووە و بە گشتی چالاکیی چەکداریی حیزبی دێموکراتە کە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١٥دا ئەو پرسەی دیسانەوە خستە ڕوو و پاشان بە شێوەیەکی جیدی هەوڵیان بۆ داوە.

مستەفا هیجری لە وڵامی پرسیارێکدا؛ کە چ ئاڵوگۆڕێک بووە هۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات دووبارە دەست بە خەباتی چەکدار بکات باس لەوە دەکات کە گرینگترین بابەت بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا دەگەڕێتەوە کە گۆیا ڕێککەوتنامەی گرووپی ١+٥ ئەو جۆرەی کە بە خەڵک تەڵقین کرابوو کە دوای بەرجام دۆخی ئابووری و بێکاری لە ئێراندا باشتر دەبێت، بەڵام بە پێچەوانە خراپتر بوو.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی ئێران لە بەشێکی دیکەی ئەو وتووێژەدا ڕایگەیاندووە؛ کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەو ئاکامە گەیشتن

کە لابردنی گەمارۆئابوورییەکان لە سەر ڕێژیمی ئێران، بۆ خزمەت بە خەڵکی خۆی نیە بەڵکوو بۆ یارمەتیدانی گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە و دەستێوەردانی ناوخۆیی لەو وڵاتانە دایە.

هیجری هەروەها باس لەوە دەکات؛ کە هۆکاری گرینگتر لە ڕێککەوتنی ناوکی بۆ دەسپێکردنەوەی چالاکیی چەکداری بۆ سەرکوت و دۆخی نالەباری خەڵکی کورد لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەگەڕیتەوە کە خەڵک داوایان لە حیزبی دێموکرات کرد بە شێوەیەکی جیددیتر یارمەتی خەڵک بکات و تا ئەوەیکە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دوای لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایانە بەو ئاکامە گەیشت تا لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی بەرنامەیەک پەسند بکات بۆ ئەوەیکە پێشمەرگە زیاتر لە نێو خۆی وڵات حزووری هەبێت.

مستەفا هیجری هەروەها باس لەوە دەکات؛ کە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دژکردەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی بەرەڕوو بووەتەوە بەڵام ناوبرا لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە کە حیزبی دێموکرات دەبێ هەوڵ بدات ئەو هێزانە بەو قەناعەتە بگەیێنێت کە خەباتی حیزبی دێموکرات دژی ئێران نیە و بەڵکوو بۆ ئازادیی ئێران و دابینکردنی بەرژەوەندی هەموو ئازادیخوازەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی جووڵای ٢٠١٦

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## دەوڵەتی ئۆتریش کەیسی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بخاتەوە گەڕ...



### وتووێژی ڕۆژنامەی دی پرێسەی ئۆتریش

**دی پرێسە: ئۆتریش هێشتا قەرزداری کوردستانی ئێرانە**

مستەفا هیجری، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێران هۆشداری بە ڕێژیمی تاران دەدات، هێرشەکانیان بو سەر پێشمەرگەکانی حیزبەکەی ڕاگرێت. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داواکارە کە دەوڵەتی ئۆتریش کەیسی تیرۆری دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بخاتەوە گەڕ و بڕیاردەرانی پشتی پەردەی ئەو تیرۆرە دەستنیشان بکات.

پێشمەرگەکان دەیانهەوێت ئامادە بن، تاکوو ئەگەر بارەگاکانیان کەوتە بە هێرش، بەرگری بکەن. لە چاڵێکدا چەکێکی قورسی دژە هەوایی ڕووسیان دامەزراندووە. ئەم چەکە قورسە چوارلوولە، لە پەنا کەمپەکەیاندا وادانراوە کە نەتەنیا بەرگیری دژی تەیارەی پێبکەن، بەڵکوو ئەگەرهێرشی زەمینیش کرایە سەر کەمپەکەیان دژ بە هێرشکەران بەکاری بێنن. لە هەموو شوێنەکان پێشمەرگەکان بە یونیفۆرمی خاکیەوە لە گەشتدان. ئەم ڕۆژانە پێشمەرگەکان زۆر ئاگاترن. هۆکاریشی ئەو تێکهەڵچوونانەیە کە لە نێوان ئەوان و هێزەکانی ڕێژیمی ئێراندا لە حەوتووەکانی ڕابردوودا ڕوویان داوە.

**دی پرێسە:** ئەو تیرۆرەی لە وییەن کرا، ئێستاشی لە گەڵ بێت تیرۆریستەکان سزا نەدراون لە چەند حەوتووی ڕابردوودا چەندین تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی ئێوە و هێزەکانی سپای پاسدارانی ئێران ڕوویان داوە. دەتوانین بڵێین شۆڕشێکی نوێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا لە ئارادایە؟

**مستەفا هیجری:** ئەمە شۆڕشێکی نوێ نیە بەڵکوو درێژەی هەمان شۆڕشە کە لە مێژ ساڵە دەستی پێکراوە. ئێمە ئەم شۆڕشەمان کاتێک دەست پێکرد، کە وتووێژەکانمان پاش شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا بو دابینکردنی مافەکانمان لە گەڵ ڕێژیمی ئێراندا سەرکەوتوو



سەرچاوە
Serchawe

نەبوون.ساڵانێک پاشتر خەباتی چەکداریمان ڕاگرت. بەڵام ئێستا دیسان کەڵک لەو جۆرە خەباتەش وەردەگرینەوە.

**دی پرێسە**: بەڵام بۆ ڕاست ئێستا؟ نێزیکەی بیست ساڵ نیسبەتەن ئارام بوو؟

**مستەفا هیجری**: کاتی خۆی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاگرتنی خەباتی چەکداری ئەوە بوو کە بیانوو نەدەینە ڕێژیمی تاران کاری تێکدەرانە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدات و دەستێوەردان بکات. بەڵام پێش ساڵێک بەو ئاکامە گەیشتین کە چیدیکە ئەو پێویستیە بەدی ناکرێت.

چوونکە ڕێژیمی ئێران ئێستا لە هەموو کات زیاتر لەم هەرێمەدا دەستێوەردان دەکات.

**دی پرێسە**: بە چ شێوەیێک دەستێوەردان دەکات؟

**مستەفا هیجری**: ڕێژیمی ئێران بە بیانووی شەڕی داعشەوە هەوڵ ئەدات باندۆری خوی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا زیاتر بکات. لە لاییێکی دیکەوە ئەگەر تاران مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراندا با، لە بیست ساڵی ڕابردوودا کاتی زۆری هەبوو بو ئەم کارە. بەڵام ئەوەی لە کاربەدەستانی تارانەوە بیستراوە تەنیا بەڵێنی پووچ بووە. لە بیست ساڵی ڕابردوودا گۆشار و زوڵم و زۆر بو سەر کوردستانی ڕۆژهەڵات زیاتر بووە و تا دێت ئەم سەرکوتە زیاتر پەرەی پێدەدرێت.

**دی پرێسە**: هەنگاوەکانی داهاتووی هێزەکانی پێشمەرگەی ئێوە چ دەبێت؟

**مستەفا هیجری**: بەشی زۆری هێزەکانی ئێمە لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات دان. پێشمەرگەکانمان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیرۆژهەڵاتداچالاکی سیاسی و ڕێکخستنی و تەبلیغی بەڕێوە دەبن. ئێمە هەر لە سەرەتاوە وتوومانهکە هێزەکانمان هێرش نابەنە سەر هێزەکانی ئێران. بەڵام ئەگەر هێرش بکرێتە سەرمان، لە خۆمان بەرگری دەکەین. ساڵی پاریش هێزەکانی پێشمەرگەی ئێمە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانیرۆژهەڵاتداحوزووریان هەبوو. پار ڕێژیم هەوڵی نەدا هێرش بکاتە سەریان. بەڵام ئەمساڵ هێزەکانی سپای پاسداران چەندین جار هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ئێمە. سرووشتیە کە هێزی پێشمەرگەی ئێمەش لە خۆی بەرگری بکات. هۆکاری تێکهەڵچوونەکان هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بوون. ئەگەر سپای پاسداران درێژە بە هێرشەکانی بو سەر هێزی پێشمەرگەی ئێمە بدات، مانای ڕاگەیاندنی فەرمی شەڕە دژ بە ئێمە و ئێمەش بە دڵنیایەوە دەچینە فازێکی نوێیەوە. ئەو دەم چیدی هێزی پێشمەرگە تەنیا بەرگری ناکات، بەڵکوو لە هێزەکانی ڕێژیم دەدات.

**دی پرێسە**: ترسی ئەوەتان نیە ژیانی خەڵکی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر ئەم شەڕە درێژە بکێشێت؟ هێزکانی سپای پاسدران دەتوانن تەنانەت لە گۆندەکانیش بدەن.

**مستەفا هیجری**: بە دڵنیایەوە مەترسی ئەوە هەیە کە خەڵکی سیڤیل زیانیان پێبگات. بەڵام یەک ڕاستی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پشت هێزی پێشمەرگەوە وەستاوە و وەسیەتی ئەوان ئەوەیە کە پێشمەرگە درێژە بە خەبات بدات. خەڵک چیدی تەحەمولی سەرکوتی ڕێژیمیان نەماوە.

**نیگەران نین لێرەش لە بارەگای سەرەکیی پارتەکەتان لە نێزیک کۆیە بکەونە بەر هێرشی هێزەکانی ئێران؟**

**مستەفا هیجری**: بەڵێ سرووشتیە. لە ڕابردووشدا ئەم بارەگایەمان کەوتووتە بەر هێرشی هێزەکانی ئێران. ساڵی ١٩٩٦ تەنانەت ئێران هێزی زەمینی هێنایە سەرمان. زیاد لە ٣٠٠ ئەندام و پێشمەرگەمان لەم هەرێمەدا شەهید بوون.

**دی پرێسە**: داواکاریە کۆنکریتەکانتان لە ڕێژیمی ئێران چیە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە بۆ سیستەمێکی فێدرالی و دێموکراتیک لە ئێراندا خەبات دەکەین تاکوو نەتەوە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە هەرکام بە شێوەی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکانی خۆیاندا، خۆ بەڕێوە بەرن. خەباتی ئێمە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کوردە لە وڵاتی ئێران دایە. ئێمە دەمانهەویت وەک نموونە زمانی کوردی ببێتە یەکێک لە زمانە فەرمیەکانی ئێران و ئێمە لە حکوومەتی ناوەندیدا شەریک بین.

**دی پرێسە: بەڵام تا چەندە چاوەڕوانی دەکرێت کە ڕێژیمی ئێران ئامادەی هاتنە پێشەوە بێت؟ ڕێژیم ناهێڵێت هیچ پارتێکی دیکەش کە بیرکرنەوەی لەگەڵ ڕێژیمدا یەکناگرێتەوە لەو وڵاتە کار بکات. ئەگەر حیزبێکی سێکۆلاری وەک حدکا لە کوردستاندا حکوومەتێکی ناوچەیی پێکبێنێت، هەموو ئەو سیستەمەی ڕێژیم دەکەوێتە مەترسیەوە.**

**مستەفا هیجری**: ئەمە ڕاستە. هاتنە ئارای ئەو داواکاریانەی ئێمە پێشمەرجی ئاڵووگۆڕی سەرەکیە لە ناو سیستەمی سیاسی ئێراندا. ئێمە نۆ پێش ساڵ کۆنگرەیەکمان لەژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەکانیو ئێرانی فێدراڵ پێکهێنا کە ١٥ حیزبی نەتەوەکانی کورد و بەلووچ و عەرەب و تورکمەن ئەندامی ئەو کۆنگرەیەن. ئێمە دەزانین کە داواکاریەکانمان لە ناو سیستەمی ئێستای ئێراندا جوابیان نابێت. بۆیە ئێمە خەباتی هاوبەش دەکەین بۆ ئەوەی ڕێژیمی ئێران بگۆڕین. ئەگەریش ڕێژیم لە ژێر گۆشاردا ئامادە بوو هەنگاوی ئەرێنی بنێت باسێکی دیکەیە.

**دی پرێسە: لە ئێستادا بەڵام هەست بەوە ناکرێت کە ئێران لەژێر گۆشاردا بێت. لە لایەکەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا گەییشتە ڕێککەوتن لە سەر قەیرانی بەرنامە ناوەکییەکەی. هێزەکانی سپای پاسداران لە عێراق بە پشتگیری هێزی ئاسمانی ئامریکا شەڕی داعش دەکەن. سەرۆک کۆماری ئێرانیش لە ڕۆژئاوادا وەک کەسێکی لیبراڵ و جێگای هیوا تەماشا دەکرێت.**

**مستەفا هیجری**: ڕاستە، بەڵام ئەمە هەر لە سەرەتاوە کێشەی سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە ئێران بووە. ڕۆژئاوا دەزانێت کە ڕێژیم لە سەر ئەساسی ئێدیولۆژییەک دامەزراوە کە دەیهەوێت شیعە بکاتە دەسەڵات لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانێکە هاوکاری دەکەن.

ئەم هاوکاریانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی مانەوەی ڕێژیمە. ڕێژیمی ئێران لە لایەکەوە دەڵێ لە تەنیشت وڵاتانی ڕۆژئاوادا دژ بە داعش شەڕ دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا هەموو هەوڵی پەرەپێدانی دەسەڵاتی خویەتی لە عێراق و سووریەدا.

**دی پریسە**: چ چاوەڕوانییەکتان لە ئۆتریش هەیە؟

**مستەفا هیجری**: لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨دا سکرتێری ئەودەمی حیزبی ئێمە، عەبدولڕەحمان قاسملوو لە وییەن لە لایەن تیمێکی تێرۆریستیی کۆماری ئێسلامیەوە کەوتە بەر هێرش و شەهید کرا. ئەو دەم حکوومەتی ئۆتریش مەجالی دا تێرۆریستەکان دەرباز بن و بەم جۆرە دژ بە عەدالەت وەستایەوە. لەوەدەمەوە ڕوونە کە ئۆتریش قەرزداری کوردستانی ئێرانە. ئێمە هیوادارین کە ئۆتریش تەنیا بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی وەبەرچاو نەگرێت و عەدالەت و دێموکراسی نەکاتە قوربانیی بەرژەوەندی ئابووری. لەوەش زیاتر ئێمە چاوەڕێین کە دەوڵەتی ئۆتریش سیاسەتی بەرانبەر ئێران بگۆڕێت و پشتگیری لە مافی مرۆڤ بکات لەو وڵاتەدا.

**دی پریسە**: تێرۆری قاسملوو ٢٧ ساڵ پێش ئەمە ڕووی داوە. هێشتا چاوەڕێی لێکۆڵینەوە و ڕوونبوونەوەن؟

**مستەفا هیجری**: کەیسی قاسملوو قەت بو ئێمە داناخرێت. دەوڵەتی ئۆتریش ئەو دەم پێشی بەوە گرت کە تێرۆریستەکان کە لە ئێرانەوە هاتبوون، ببرێنە بەر دەم مەحکەمە. دەسەڵاتی سیاسی ئۆتریش لە کاروباری دەزگای دادی ئەو وڵاتەدا دەستێوەردانی کرد و نەیهێشت کە ئەو کەیسەی تێرۆرە وەک تێرۆری مێکۆنۆس لە بێرلین ببرێتە بەر مەحکەمە و کۆماری ئێسلامیی ئێران وەک عاملی ئەو تێرۆرە مەحکووم بکرێت.

حکوومەتی ئۆتریش تەنانەت تێرۆریستەکانی تا فرۆکەخانە ئێسکۆرت کردن و بەرەو ئێرانی ناردنەوە. ئێمە هیوادارین کە حکوومەتی ئێستای ئۆتریش لەو بارەوە هاوکار بێت تاکوو ئەم کەیسە دیسان وەگەڕ بخرێتەوە. لێکۆڵینەوەکان دەبێ دیسان دەستپێبکەنەوە ونابێت چیدی وەک ئەو دەم دەزگای سیاسی دەستێوەردان بکات بو بەلارێدابردنی کارەکان. گرینگ ئەوەیە کە مەحکەمەییەکی بێ لایەن بۆ ئەم کەیسە پێک بێت.

**دی پریسە**: ئۆتریش و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا دەبێ چۆن پەیوندیەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا دابڕێژن؟ ئێران پارتنێرێکی گرینگی ئابووریە.کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان خۆشحاڵن کە گەمارۆکانی سەر ئێران پاش ڕێککەوتنە ناوکیەکیە لابراون.



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: پێش ماوەییێک ئێران دیسان سارۆخیکی تاقی کردەوە کە توانای هەڵگرتنی چەکی ناوکی هەیە. زۆربەی گەمارۆکان هێشتا لانەبراون. ئێمە چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە وڵاتانی رۆژئاوا ڕێژیمی ئێران بەوجۆرە ببینن کە هەیە! بو ئێمە هیچ جیاوازییێکی بنەڕەتی لە نێوان سەرۆک کۆمار روحانی بە ناو لیبراڵ و باڵی بناوژووخوازی ڕێژیمدا نیە.

لەگەڵ ئەوەش لە ئێراندا سەرۆک کۆمار لە سیاسەتدا قسەی کۆتایی ناکات. دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی خامنەیی دایە. وڵاتانی رۆژئاوایی هەموو کات هەوڵیان ئەوە بووە لە گەڵ ڕێژیم ڕێککەون و زۆر جار چاویان لە ئاست ڕاستیەکاندا نووقاندووە. لە جیاتی ئەوە دەتوانن پشتگیری هێزە دێموکراتی خوازەکان لە ئێراندا بکەن. رۆژئاوا دەتوانێت هاوکاری هێزە بەهەڵستکارەکانی ئێران بێت گۆڕانی ڕێژیم!

**دی پریسە**: بەڵام لە ئێستادا جەوی سیاسی ئامریکا و ئورووپا ئەوە نیە کە ڕیژیم بگۆڕن. هۆکاریشی دەگەڕێتەوە بو ئەزموونەکانی عێراق و لیبی. تەنانەت لە سووریە ئامریکا و ئورووپا چیدیکە خوازیاری ئەوە نین کە ڕێژیمی ئەسەد بە تەواوی لە دەسەڵات دوور بکەوێتەوە.

**مستەفا هیجری**: کێشە ڕووخانی ئەو ڕێژیمانە نیە. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە رۆژئاوا هیچ پلانێکی بو پاش ڕووخانی ئەو ڕێژیمانە نەبوو. ئەمە لە عێراق وابوو، لە لیبیش هەر بەو جۆرە و سووریەش کە دەبینین. ڕۆژئاوا ئەم بە ناو نێگەرانیە وەک بیانوویێک بەکار دێنێت بو ئەوەی دیسان وەک ڕابردوو لەگەل دیکتاتورەکانی ناوچەکە هاوکاری بکات و لێیان نێزیک بکەوێتەوە.بەڵام ئایا ئەم دیکتاتورانە تا ئەبەد لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە؟

**دی پریسە**: نێگەرانیان نێگەرانی بێ سوباتیە؟

**مستەفا هیجری**: چالاکیەکانی ئێمە لە حەوتووەکانی ڕابردوودا پێشانیان دا کە ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی با سوبات نیە، وەک ئەوەی رۆژئاواییەکان دەیبینن. ئێمە دەمانهەوێت بە دەستپێکردنەوەی چالاکیەکانمان پەیامێکیش ئاراستەی ئورووپا و ئامریکا بکەین: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێران بزووتنەوەیێکی زیندووە و بەردەوام لە هەوڵی هێنانە دی دێموکراسی و مافەکانی گەلی کورددا دەبێت. پاش ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێراندا، زۆر کەس لە رۆژئاوا پێیان وایە کە ئێران لە ئێستادا ولاتێکی باسوباتە، بە جۆرێک کە دەکرێت دیسان بێنە ئێرە و سەرمایەگوزاری بکەین. بەڵام ئەمە ڕاست نیە! لە ئێراندا بزووتنەوەیێکی بەهێزی دێموکراسیخواز هەیە و خەڵکی ئێران ئامادەیە دژ بە ڕێژیم هەستێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## ئێمە پۆتانسیێلی بەهاری کوردی لە ئێران دەبینین



### وتووێژی ماڵپەڕی "ئورشەلیم ئانلاین"

لە وتووێژێکی تایبەتی ئورشەلیم ئانلاین، لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ناوبراو باسی ئەو زوڵم و زۆرە دەکات کە کوردەکانی ئێران چێشتوویانە و ئاماژە بەو هەموو ستەمە کەڵەکە بووە دەکات، کە وای لە کوردەکانی کوردستانی ئێران کردووە، لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران شۆڕشێکی ئازادیخوازانە دەست پێبکەن. شۆڕشێک بۆ ڕووخاندنی و دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتی فیدراڵی، کە ڕێز لە مافی گشت نەتەوەکان و مافی مرۆڤ بگرێ.

لە وتووێژێکی تایبەتیدا، لەگەڵ ئورشەلیم ئانلاین، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەڵێت: "لە سەرەتای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، کوردەکانی ئەو وڵاتە لەو باوەڕەدا بوون کە؛ ئەو ڕێژیمە مافە سیاسییەکانی خەڵکی ئێران دابین ناکات، بۆیە لە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی چەشنی ڕێژیمدا بەشدارییان نەکرد. دواتر کوردەکان داوای وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتیان کرد، بۆ ئەوەی بە شێوەی ئاشتیخوازانە چارەسەری کێشەی کورد بکرێت، و ڕێژیم ئۆتۆنۆمی بۆ میللەتی کورد قبووڵ بکات. بەڵام بە پێچەوانەوە، ڕێژیم نەتەنیا داواکارییەکانی گەلی کوردی پەسەند نەکرد، بەڵکوو شەڕێکی نەخوازراوی بەسەر گەلی کورددا سەپاند. ئۆپۆزیسیونی کورد، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەستیان دایە شۆڕش بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد. سەرەڕای نەبوونی باڵانسی هێز لە نێوان هێزە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد و ڕێژیمی ئێران، و ئەو هەموو پاڵەپەستۆیە کە لەسەریان بووە و هەیە، گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو گەلە لە خەبات لەدژی ئەو ڕێژیمە بەردەوامن و کۆڵیان نەداوە و کۆڵ نادەن".

"ڕێژیمی ئێران شۆڕشی مێژوو خوڵقێنی گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بۆ سەر دەسەڵاتە شوومەکەی، بە مەترسی دەزانێ، و میللەتی کورد و ئازادیخوازانی ئەو گەلە بە دوژمنی سەرەکیی خۆی دەزانێت، و منداڵانی میللەتی کوردی لە نێعمەتی خوێندن بە زمانی

دایکیی خۆیان بێبەش کردووە. بەم جۆرە، سیاسەتی ئاپارتایدی بەسەر گەلی کورددا سەپاندووە. هەروەها ستەمێکی مەزهەبیی زاڵمانەشی بەسەر باوەڕمەندانی مەزهەبیی کورددا سەپاندووە. بۆ نموونە سوننی مەزهەبەکان کە ڕێژەیان لە تاران دەگاتە چەند میلیون کەس، مافی ئەوەیان نیە کە مزگەوتی خۆیان هەبێ و لەهەر چوار پارێزگاکەی کوردستان، یارمەتیی مادی نادرێت بە مزگەوتەکان".

"ڕێژەی بێکاری لە کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران، زیاترە. چالاکیی سیاسی و نەتەوەیی و داخوازەکانیان، بە نایاسایی دەژمێردرێ و چالاکوانانی سیاسیی کورد، دەبەستنەوە بە ئیسراییل و ئەمریکا، و بەم دوایانەش عەرەبستانی سعوودییەوە. چالاکوانی سیاسیی کورد زیندانی هەتاهەتای بۆ دەبڕدرێتەوە و بەشێکیشیان لەسێدارە دەدرێن، ئەو هەموو ستەمەی کە لەسەر گەلی کورد هەیە، وای لە کوردەکان کردووە کە لە بەرانبەر ڕێژیمدا ڕاوستن و دەست بدەنە شۆڕش".

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت: "ئەو هێز و توانایە لە گەلی کورد و شۆڕشگێڕانیدا دەبینێ، کە بەهاری کوردی مسۆگەر بکەن". هەروەها دەڵێت؛ "ئێمە لەو باوەڕەداین کە پرسی کورد بەگشتی لە ئێستادا، پرسێکی گرینگی سیاسییە لە ناوچەکەدا. ئەوان مافەکانی خۆیان دەناسن و خەباتی بۆ دەکەن، کورد هێزێکی شوێندانەرە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کوردی ئێرانیش وەکوو بەشێک لەو نەتەوەیە، داهاتووی باشتری لەپێشە، بەتایبەت کە کۆماری ئیسلامی، وەکوو سیستمێکی نامۆ لە دەسەڵاتداری لە ئێران، بەهۆی ناتەباییە نێوخۆییەکانی، گەندەڵ بوونی سەرتاپای ڕێژیمەکە، پەرەگرتنی ڕۆژبەڕۆژی زیاتری بێزاریی خەڵک و، قەیران خولقاندن و ئاژاوەگێڕی لەناوچە، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. ئێمە پێمان وایە کە هەموو وڵاتانی دێموکرات و ئازادیخواز، پێویستە یارمەتیی کوردەکانی ئێران بدەن لەخەبات دژی ڕێژیم، چوونکە ئەو خەباتە لە ڕاستای بەهێز کردنی بەرەی دێموکرات لە ناوچە و بەدژی کۆنەپەرەستترین ڕێژیمی سەردەمە کە دژایەتی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لەهەموو جیهاندا دەکات، یارمەتیی زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکان دەدا، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان دەکا. لاواز بوون یان نەمانی ئەو ڕێژیمە، ئاشتی و سەقامگیری لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەهێز دەکا."

هجری هەروەها دەڵێت: "ئێمە وەکوو کورد، بەگشتی هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ هیچ دەوڵەتێک نییە بە ئیسرائیلیشەوە، بێجگە لە حکوومەتی ئەو وڵاتانەی مافی کورد پێشێل دەکەن، لەو باوەڕەدام کەزۆربەی خەڵکی ئێرانیش هەر وا بیر دەکەنەوە. ئێمەی کورد بەرنامەی جیابوونەوە لە ئێرانمان نیە، بەڵکوو خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵە، کە لەودا، کورد و باقی نەتەوەکان، بەشێوەی ئۆتۆنۆمی حکوومەتی خۆجێیان هەبێ، و لە بەڕێوەبردنی ئێرانیشدا، بەگوێرەی یاسایەکی دێموکراتیک بەشدار بن". هیجری هەروەها دەڵێ کە؛ "کوردەکانی ئێران، بێزان "لە ئیدارە کردنی سیاسەتی ئامریکا لەسەردەمی سەرۆکایەتیی ئوباما‌دا، و زۆرتر بە هەوڵدان بۆ سازان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووە، بەتایبەت واژۆی گرووپی ١+٥، سەبارەت بە لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێران، بەسەرۆکایەتی ئامریکا، دەستی ئەو ڕێژیمەی ئاواڵەتر کرد بۆ سەرکوتی ئازادیخوازانی ئێرانی، بەکورد و باقی نەتەوەکانەوە. هەروەها لە یارمەتیدانی زیاتری ڕێژیم بە گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوچە و لەئاکامدا وێرانیی و کۆشتاری زیاتر لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر شوێنی دیکەی دنیا."

"مستەفا هیجری دەڵێت: "ئێمە پۆتانسییێلی ڕاپەڕین لەدژی ڕێژیم، لە هەموو ئێراندا و بەتایبەتی لە کوردستاندا دەبینین، بەڵام ئەو پۆتانسییێلە پێویستی بە بەهێزکردن و یارمەتیدان هەیە. کوردەکان ئەگەر پشتیوانی بکرێن، دەتوانن ببنە ناوەندی بەتوانای ئەو ڕاپەڕینە یان ئەو بەهارە بۆ هەموو ئێران". حیزبی دێموکرات زیاتر لە ٧٠ کیلۆمیتر لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کۆنترۆڵ کردووە، و دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵە، و لە لایەن زیاتر لە ٥٠ لە سەدی نەتەوەکانی ئێرانەوە، پشتیوانی لێ دەکرێت. حەشیمەتی گەلی کورد لە ئێران ١٠ میلیۆنە. "حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی زیاتر لە ٧٠ساڵ، ڕێبەرایەتی شۆڕشی گەلی کوردی کردووە و دەیکات. جووڵانەوەی کورد گەیشتۆتە قۆناغێکی تازە و ئێمە لە گشت بوارەکانی، کولتووری، مەدەنی و نیزامیدا، بۆ وەدست هێنانی سیستمێکی دێموکراتیی فیدراڵی لە کوردستانی ئێران چالاکین."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦

-----------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئەوەی کە حیزبی دێموکرات دەیکات بڕیاری خۆیەتی



**ماڵپەڕی ئاوێنە**

**ئاوێنە**: بەڕێزت زمانی عەرەبی دەزانی؟

**مستەفا هیجری**: بۆ خوێندنەوە دەیخوێنمەوە، بەڵام لە قسەکردندا زۆر خراپم، ڕاستە لە ئێران کاتی خوێندن عەرەبیمان دەخوێند، بەڵام قسەمان پێ نەدەکرد، بۆیە فێری قسەکردن نەبوین.

**ئاوێنە**: کە وایە کاتێک لەگەڵ وەفدی عەرەبستانی سعوودیە دانیشتوون، چۆن قسەت کردووە؟

**مستەفا هیجری**: من نە لەگەڵ وەفدی عەرەبستانی سعوودیە، نە لەگەڵ وەفدی هیچ وڵاتێکیتر دانەنیشتووم، ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا باس دەکرێت ساز کراوە، لە لایەن هەندێک کەس و لایەنەوە ئەو هەواڵانە ساز کراون، کە دەیانهەوێت بایەخی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و خەباتی کورد لە خۆرهەڵات کەم بکەنەوە و وەهای نیشان بدەن، کە کار و تێکۆشانەکانی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لەم یەک دوو ساڵەی ڕابردودا، کاریگەری لایەنێکی دیکەیە، کە ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر باس لە عەرەبستانی سعوودیە دەکات، پێش ئەو ڕووداوانەش هەمیشە کۆماری ئیسلامی باسی لەوە کردوە، کە ئێمە سەر بە ئامریکا و ئیسرائیلن، یان هەر لایەنێک کە بەخەیاڵ بە دوژمنی خۆی دەزانێت، ئێمە دەبەستێتەوە بەو دوژمنایەتییەوە، دەنا سەرجەم بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جا باش بێت یان خراپ، ئیرادەی خودی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و لە سەر ویست و داخوازی زۆربەی خەڵکی کوردە لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەڕێوە دەچێت، جا هەر لایەنێک پێی خۆش بوبێت، یان پێیناخۆش بوبێت، هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ئیرادە و بڕیاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەکردوە.

**ئاوێنە**: باس لە کۆبونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ عەرەبستانی سعوودیە و تورکیە و پارتی دەکرێت لە هەولێر،

تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کە دانیشتنەکانی ئێوە هاوکات بووە لەگەڵ هێرشی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ سەر پایەگەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران؟

**مستەفا هیجری**: ئەو قسانە سەرجەمیان دروستکراون، هەتا ئەو بەرنامەیەی کە ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوخۆی وڵات بەڕێوەی دەبات، بڕیارێک نییە کە ئێستا درابێت، بەڵکو لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ەوە ئەو بڕیارە دراوە، کە حیزبی دێموکرات پێشمەرگەکانی بنێرێتەوە بۆ ناوخۆی وڵات، دیارە بەشێکیان گەڕاونەتەوە، بڕیارەکەمان ئەوەبوە، کە ئەگەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرش نەکەنە سەر پێشمەرگەکان، پێشمەرگەکانیش هێرش ناکەنە سەریان، بۆ نموونە ساڵی پار تێکهەڵچوونێک ڕووی نەدا، ئەمساڵیش لە درێژەی ئەو بەرنامەیەدا، پێشمەرگەکان لە جەولەدا بوون، کۆماری ئیسلامی هێرشی کردوە، پێشمەرگەش بەرگری کردووە، سەرەنجام ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە ڕووی دا، پەیوەندی بەهیچ کەسێک نە لە کوردستانی عێراق، نە لە دەرەوەی کوردستانی عێراق نەبوە.

**ئاوێنە**: ئەگەر وایە، بۆچی ئێستا ئەو پرسیارانە دەوروژێنرێت، کە کۆبونەوەتان بوە لەگەڵ ئەو هێزانە، گوایە ئەو شەڕانە پەیوەندی هەیە بە ململانێکانی عەرەبستانی سعوودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەدا، لە هەمانکاتدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن عەرەبستانی سعوودیە و تورکیەوە، وەکو کارتێکی فشار لە سەر کۆماری ئیسلامی بەکار هاتووە؟

**مستەفا هیجری**: ڕەنگە بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستێوەردان هەیە لە لایەن وڵاتانی زلهێزی ناوچەکە و دەرەوە، هەمویان خەریکی جۆرێک لە شەڕی لە جیاتی شوێنیترن لە لایەن گرووپ و دەستە و حیزبەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ڕەنگە بۆچونەکە لەوەوە سەرچاو بگرێت، کە ئەو حەرەکەتەی حیزبی دێموکراتیش لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتێکی وەهادا بێت، بۆ نموونە عەرەبستانی سعوودی کە نێوانیان لەگەڵ ئێران ناخۆشە بەڕێوەی دەبات، وەک ئاماژەم پێدا، سەرجەمیان سازکراوە کە بنچینەکەی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دروستبووە، لە لایەن ئەوانەوە بڵاو بووەتەوە، ڕەنگە هەندێک هێزیش باوەڕیان بەوە کردبێت.

**ئاوێنە**: مەبەستت لەکام هێزانەیە؟

**مستەفا هیجری**: وەکو ئەو هێزانەی لە کوردستانی عێراق دابەش بوون، بەشێکیان خۆی بە نزیکی تورکیە دەزانێت، بەشێک خۆی بەنزیکی ئێران دەزانێت، لە ئەنجامدا ئەوانەی خۆیان بە نزیکی ئێران دەزانن، زۆرتر باوەڕیان بەو قسانە کردووە.

**ئاوێنە**: مەبەستت یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕانە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوانە و کۆمەڵێک کەس و لایەنیتریش، وەکوو یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسلامی، کە لە واقیعدا دەیانهەوێت بیخەنە پاڵ



سەرچاوە
Serchawe

پارتی، چونکە بۆ خۆیان لەگەڵ پارتی نارێکن و ناسازێن، بۆیە هەر یەکێکیان دەیهەوێت قسە ساز بکات لە دژی ئەویتر، لە هەمانکاتدا پێویستە ئەوە بڵێم ئەگەر پارتی، یان یەکیەتی، یان هەر هێزێکی کورد لەخەباتی بەشێکی کوردستاندا یارمەتی بدات، بە بۆچوونی من سەروەرییە، نەک خاڵێکی لاواز بێت، بەپێچەوانەوە ئەوە ئەرکی کوردە لە هەمو بەشەکاندا، هەر چەندە هەتا ئەم ساتە هیچ کام لەو هێزانە بە (یەکیەتی، پارتی... هتد)ەوە، هیچ یارمەتییەکی ئێمەیان نەداوە.

**ئاوێنە**: واتە ئەو سەروەرییەیان بۆ خۆیان تۆمار نەکردوە؟

**مستەفا هیجری**: بەداخەوە بە بۆچوونی من تۆماریان نەکردوە، ئێمە لە مێژوودا شاهیدی ئەو خاڵە بەرجەستانە بوین، بۆ نموونە ئەو کاتەی کە یەکیەتیی نیشتمانی وەکو هێزی پشتیوان یارمەتی حیزبی دێموکراتیدا لە دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامی، پێموایە ئەوە لە مێژووی جوڵانەوەی کورددا، وەکو خاڵێکی زۆر درەوشاوە دەمێنێتەوە، ئومێدەوار بوم ئەو خاڵانە زۆر بونایە، هیوام دەخواست پارتی و یەکیەتی و حکوومەتی هەرێم بە گشتی یارمەتیدەری حیزبی دێموکرات بونایە لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی تەنها دژی حیزبی دێموکرات و جوڵانەوەی کورد لە خۆرهەڵات نییە، بەڵکو دژی جوڵانەوەی کوردە لەهەمو جێگەیەکی دونیادا، دژی دێموکراسی و ئازادییە، لە بەرئەوە من بە شانازی دەزانم، کە هێزێکی کوردی لەو هەلومەرجەدا یارمەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدات لە خەباتەکەیدا. ئێمە جەولەیەکمان دەست پێکردووە لەگەڵ هێزەکانی باشوور، لەگەڵ چەند لایەن دانیشتنمان هەبوە، ئەو بابەتانەمان ڕوون کردووەتەوە، وەڵامی پرسیارەکانمان داوەتەوە، بڕیارە دانیشتن لەگەڵ چەند لایەنێکیتریش بکرێت، داوامان لە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور کردووە بۆ دانیشتن، لە کاتێکدا لەگەڵ زۆریان دانیشتنمان کردووە و لە داهاتوشدا بەردەوام دەبێت.

**ئاوێنە**: بۆچی چالاکییەکانی ئەم دەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەکانی کەوتە مانگی حوزەیرانەوە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کاتە چالاکییەکانتان زۆر چڕ کردەوە، بۆ چونێک هەیە کە ئەوە هاوکاتە لەگەڵ ئەو هێرشانەی، کە حەرەکەی عەدل لەناوچەی ئەهواز و بلوچستان بە پشتیوانیی پاکستان و عەرەبستانی سعوودیە کردویەتە سەر بارەگاکانی کۆماری ئیسلامی؟

**مستەفا هیجری**: ئەو حەرەکەتانەی کە لە ناوچەکانی بلوچستان و ئەهواز هەیە، حەرەکەتێکی زۆر ڕێکوپێک نییە، حەرەکەتی نهێنی و ژێربەژێر دەکرێتە سەر بنکەیەک، یان کەسێک لە کەسایەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تیرۆر دەکرێت، ئێمە لەگەڵ هەندێک لە ڕێکخراوەکانی بەلووچ لەکۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ هاوپەیمانین، بەڵام بەرنامەی عەسکەریمان لەگەڵ ئەوان هیچ هەماهەنگییەکی نەبووە، ئەوەی کە ڕووی داوە، بەو شێوەیەی کە تۆ ئاماژەت پێکرد، شتێکی بە ڕێکەوت بو.

**ئاوێنە**: گوایە ئێوە چەکتان لە پارتی دێموکراتی کوردستان وەرگرتوە، واتا پارتی حیزبی ئێوە دەجوڵێنێت، ئایا پارتی ئەوەندە ئیمکانی هەیە حیزبی دێموکرات بجوڵێنێت؟

**مستەفا هیجری**: من پێموایە ئەو کەسانەی، کە ئاگاداری مێژووی حیزبی دێموکراتن، باش دەزانن حیزبی دێموکرات ئەو هێزە نییە، کە لایەنێک بیجوڵێنێت، ڕەنگە ئێمە لەداهاتوودا لە درێژەی ئەو جوڵەیەدا هاوپەیمان پەیدا بکەین و یارمەتیشمان بدەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، حیزبی دێموکرات لایەنێک دەیجوڵێنێت و شەڕ یان ئاشتی پێ دەکات، ئەوەی کە حیزبی دێموکرات دەیکات بڕیاری خۆیەتی لە ڕوی لێکدانەوە، ڕەنگە ڕۆژێک هەڵە بکات، بەڵام بڕیاری خۆی بەڕێوە دەبات.

**ئاوێنە**: باشە بۆچی هێندە فۆکوس دەخرێتە سەر ئەو پەیوەندییەی ئێوە و پارتی دێموکراتی کوردستان، ئایا شتێکی ئاسایی نییە، ئەگەر پەیوەندیتان هەبێت، یان بۆچی هێندە گەورە دەکرێت؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان هەیە، بەهەمانشێوەی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی و گۆڕان هەمانە، بەڵام کێشەیەک کە لێرەدا هەیە، کێشەی نێوان ڕێکخراوەکانی کوردی باشوورە، کە تاوانەکەی دەکەوێتە سەر ئێمە و هەموو خەڵکی کورد هەتا بەو کوردانەی کە لەناوخۆی باشووری کوردستان و لەدەرەوەن، بۆیە ئەگەر لایەنێک ئەو گومانە دروست بکات، کە پارتی دێموکرات ئەو کارە دەکات، لایەنەکەی دیکە بەبێ ئەوەی زۆر بیر بکاتەوە، تۆمەتبار کردنەکە قبوڵ دەکات، بەپێچەوانەشی ڕاستە، واتا بە بۆچونی من لێکدانەوەی خەڵکی کورد لە باشوور، لە ڕوی واقیع و لێکدانەوە نییە، بەڵکو زیاتر لە ڕووی دەستەبەندی و گرووپ بەندییەکە، کە لەو ناوچەیەدا سازبووە، کە بووەتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی باشووری کوردستان، هەروەها کاریگەری نەرێنی خۆی لە سەر هێزەکانی دیکەی کورد لە بەشەکانی دیکەدا داناوە.

**ئاوێنە**: ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەست ناکات بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە بەشێک لە ململانێی نێوان هێزەکانی باشوور، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەو ململانێیە تێوە دەگلێنرێت؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە بەشێک لە هیچ لایەنێک نین، بەڵام ڕەنگە قسەیەک، بڕیارێک یان کردەوەیەکمان لە بەرژەوەندی لایەنێکدا بڕیاری لێ بدرێت، ئەوەش مانای ئەوە نییە، کە ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنەین، ئێمە لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات دەکەین بەپێی توانا و ئیمکاناتی خۆمان، ئایا ئەو خەباتەی کە ئێمە دەیکەین، لە بەرژەوەندی سیاسەتی پارتی، یان یەکیەتییە ئەوە بۆ ئێمە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ئێمە بەبڕیاری خۆمان کارەکانمان دەبەینە پێش.

**ئاوێنە**: کەواتە لەو شەڕانە چیتان بەدەستهێنا، جگە لەوەی شەهیدێکی زۆرتاندا و گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆرتان لێکرا؟

**مستەفا هیجری**: کاتێک هێزێک بڕیار دەدات بۆ خەبات، دەبێت ئامانجێکی زۆر بەرزی لەبەرچاو بێت و بۆ ئەو ئامانجانە هەوڵ بدات، لە ڕاستای گەیشتن بەو ئامانجانەدا، بێگومان هەندێک پێیان خۆشە، هەندێک پێیان ناخۆشە، هەندێک زەرەرمەند دەبن، هەندێک بەقازانجی دەزانن، بۆیە هەر کەسێک لەو ڕاستاییەدا بیر و بۆچونی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام بەبۆچونی من، لەو بڕیارەدا کە حیزبی دێموکرات ماوەی دوو ساڵە جێبەجێی دەکات، دەسکەوتی سیاسی زۆر گەورەی بەدەست هێناوە. لەلایەک خەڵکی کوردی لە

کوردستانی ئێران لەو نائومێدییە هێناوەتە دەرەوە، پێشوازییەکی زۆر گەرم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە، بەتایبەتی لەناو گەنجەکاندا، کە لەناوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، هەروەها بەهاتنیان بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی، یارمەتیدەرێکی زۆری حیزبی دێموکرات بوون، ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لەو پێشمەرگانەی کە پێشتر ڕۆیشتبوونە دەرەوە گەڕاونەتەوە و هاتونەتەوە ڕیزی پێشمەرگە، هەتا نەفەرێک لەوانەی کە گەڕابووەوە شەهید بو لە ناوچەی شنۆ، ئەوە هێز و گڕ و تینێکی زۆر بەرچاوی داوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەناوخۆ و لە دەرەوە خەڵکی ئومێدەوار کردووە.

لە لایەکی ترەوە پلانێکی کۆماری ئیسلامیمان پوچەڵ کردەوە، لەگەڵ ئەوەی ساڵەهایە باس لەوە دەکات، کە ئەوانە نەماون و هیچ کاریگەرییەکیان نییە لە ئێراندا، نیشانماندان کە حیزبی دێموکرات هێشتا هەر هێزە، بانگەشەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەدا، کە دەیهەوێت ئەوە نیشانبدان، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها ئاگر و ئاسنی لێ دەبارێت نائەمنە، ئێران بووەتە دورگەی ئارامش، دەعوەتی کۆمپانیا گەورە و زەبەلاحەکانی دەکرد، تاکو بێن و سەرمایەکانیان لە ئێراندا بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی ئابورییەکەی ببوژێتەوە، ئێمە ئەو پەیامەماندا بە دونیا دا، کە کۆماری ئیسلامی ئەو دورگە ئارامە نییە، بۆ سەرمایەگوزاری نابێت، ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری لەو وڵاتەدا نییە، بۆ وڵاتانی ناوچەکەمان ڕوون کردەوە، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو هێزە نییە، کە خۆی پێناسەی خۆی دەکات و کەس ناتوانێت لە سنورەکانی تێپەڕێت، کۆماری ئیسلامی ساڵەها بانگەواز دەکات کە سنورەکانی وەها قایم کردووە و بەکەرەستەی ئێلیکتریکی و پایەگا، کە چۆڵەکە ناتوانێت لێی تێپەڕێت، ئێمە نیشانماندا کە دەتوانین لە سنورەکانی تێپەڕین و دەتوانین بچین لە قوڵایی خاکی کوردستاندا، دژی هێزەکانی ڕژێم خەبات بکەین، هەتا فەرماندەی زۆر سەرووی سپای پاسداران لەو تێکهەڵچوونانەدا کوژرا، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامی سپای پاسداران کوژران، واتا ئێمە هەموو تەون و بەستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانمان پوچەڵ کردەوە، بە جۆرێک کە کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، بۆیە لە فەرماندەکانی هەرە سەرەوەی سپای پاسدارانەوە، هەتا وتارخوێنەکانی نوێژی هەینی، باسیان لەو مەسەلەیە کردووە، وەزیری بەرگری بانگ کرا بۆ پەرلەمان و دەستەکەی ئاشکرا کرا، ئەوانە دەستکەوتێکی زۆر گەورەن بۆ حیزبی دێموکرات و جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بێ گومان لەو پێناوەدا شەهیدیش دەبێت، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر ئەو شەهیدانەی نییە، بەڵکو بە هەزاران شەهیدیمان لە دەست داوە.

**ئاوێنە**: لە چالاکییەکانی ئەم دواییانەدا چەند شەهیدتان داوە؟

**مستەفا هیجری**: لەو چالاکییانەدا ٩ شەهیدمان داوە.

**ئاوێنە**: هەندێک سەرچاوەی ئەمنی باس لەوە دەکەن، کە ئێوە ٣٩ شەهیدتان داوە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر، ئەوە ڕاست نییە.

**ئاوێنە**: بەدوای ئەو چالاکییانەی کە کردوتانە، ژمارەی هاتنی هێزی گەنجان بۆ ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات زۆرتر و زیاتر بووە؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: زۆر زیاتر بووە، لە کاتێکدا ئەوە یەکێک لە ئامانجەکانمان بووە، لە هەمانکاتدا شارەکانی ناوخۆی وڵات، واتە تەشکیلاتی حیزب، سەرجەمیان ئامادەگیان دەربڕیوە، کە یارمەتیدەری پێشمەرگەن، هەر لەو تێکهەڵچوونانەش کە لە ناوچەکانی مەریوان، شنۆ و مهاباد هاتەپێش، بەشێکی سەرەکی کارەکانی ئێمە، ئەو ئەندامانە کردویانە، پێشمەرگە لە بەرزترین ئاستدا بو. جگە لەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەوە جوڵەیەکی گشتی خستووەتە ناو خەڵکی کوردستان، ئەگەر دیقەتتان دابێت، لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵدا کوژرانی کۆمەڵێک ئەندامانی بەرپرسی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاگر بەربوون لە هێندێک لە دام و دەزگاکان، کە ماوە ماوە ڕوودەدات، ئەوانە ورەیەکی تایبەتییان داوە بەخەڵک، کە خەڵک خەریکە بۆ خۆی جڵەوی خەباتەکە دەگرێتە دەست، حیزبی دێموکرات وەکو ڕێکخەری ئەو جوڵانەوەیە کار دەکات.

**ئاوێنە**: ئایا ئێوە بۆ ناردنەوەی تیمەکانی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی ئاسایش؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر، ئێمە لەگەڵ هیچ کەسێک هەماهەنگیمان نییە، بەو شوێنانەدا پێشمەرگە دەنێرینەوە، کە خەڵک بەشێوەیەکی نارەسمی هاتوچۆی پێدا دەکات و سنوورەکان تێدەپەڕێنێت.

**ئاوێنە**: گوایە مەبەستتان بووە لەو ڕێگایەوە سەرنجی ئامریکییەکان ڕابکێشن، بەو شێوەیەی کە ئێستا گوتت: کە ئێران ئەو مەملەکەتە نییە کە سەرمایەگوزاری تیدا بکرێت، شوێنێکی ئەمنی نییە، ڕێککەوتنی ٥+١ ناتوانێت بە قازانجی ئێران بچێتە پێش، کەواتە کاتێک دانیشتنتان هەبووە لەگەڵ ئامریکییەکان چیان پێ گوتون، یان لە سەر چی ڕێککەوتن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەمێژ ساڵەوە دانیشتنمان لەگەڵ ئامریکییەکان هەیە، هەتا لەگەڵ لایەنیتریش دانیشتنمان بووە، هیچ لایەنێک مخالەفەتی نەکردووە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە.

**ئاوێنە**: ئامریکاییەکان دەست خۆشیان لێکردن؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە چاوەڕوانی دەست خۆشی نین، بەڵام ئەوەی کە موخالەفەت ناکەن بۆ ئێمە گرینگە، زۆر شت بەستراوەتەوە بەدرێژەدانی ئەو حەرەکەتە.

**ئاوێنە**: چۆن هەست تکرد، کە موخالەفەت ناکەن؟

**مستەفا هیجری**: من لە نیبەتی ئەوان ئاگادار نیم، بەڵام پێم وایە نە ئامریکا، نە ئورووپا دۆستی ئێران نین، ڕەنگە لە هەندێک شوێندا، بۆ نمونە لە مەسەلەی پیتاندنی ئورانیۆمدا بڕیارێکیان ئیمزا کردووە، بۆ ئەوەی بەرگری بکەن لە کۆماری ئیسلامی، کە



سەرچاوە
Serchawe

نەتوانێت هێندە ئۆرانیۆمەکەی دەوڵەمەند بکات، کە بتوانێت چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە لەگەڵ ئێران هاوڕان، ئێستاش ئێران چەندین گەمارۆی لەسەرە لە لایەن ئامریکاوە، لەپەیوەند بەمەسەلەی یارمەتی تێرۆر و دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە، بۆیە دەڵێم "ئامریکا و ئوورووپا دۆستی ئێران نین.

**ئاوێنە**: بۆ پێتوایە دۆستی حیزبی دێموکرات و کورد بن؟

**مستەفا هیجری**: مەسەلەکە دۆستایەتی نییە، مەسەلە ئەوەیە، حیزبی دێموکرات لەگەڵ هێزێک ڕووبەڕوو خەباتێک دەکات کە دژی دیکتاتۆرییە، پەرە بە شەڕ و ئاژاوە دەدات لە ناوچەکەدا، کە ئەمە جگە لەوەی بە زەرەری خەڵکی ئێران و کوردی ئێرانە بەتایبەتی، بەزەرەری ئوروپا و ڕۆژئاواشە بەگشتی، حەرەکەتی ئێرە، حەرەکەتێکە کە لە بەرژەوەندی و قازانجی هەموو لایەنێک دایە، مەرج نییە پێکەوە دۆست بین، بەڵام دەتوانین لە سەر خاڵی هاوبەش کار بکەین، هەتا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، وەکو زۆرێک لە ئیتلاف و هاوپەیمان و بڕیاردەرەکانی تر.

**ئاوێنە**: ڕێککەوتنێک لە نێوان ئێوە و ئامریکادا هەیە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر، هەتا ئێستا ڕێککەوتنێکمان نەبەستووە.

**ئاوێنە**: بڕیارە بیبەستن؟

**مستەفا هیجری**: ماوەتەوە بۆ داهاتوو، من پێم وابێت درێژەدانی ئەو حەرەکەتە، دەتوانێت زۆر شتی تازە بێنێتە ئاراوە، کە ئێستا پێشبینی ناکرێت، بەڵام لە قازانجی خەباتی کوردە لە کوردستانی ئێراندا.

**ئاوێنە**: بەپێی ئەو قسانەی تۆ بێت، ئامریکاییەکان بەڵێنیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوە، کە جگە لەوەی موخالەفەتی ئەو کارانە ناکەن، بەڵکو پشتیوانی دەکەن، ئاشکراشە پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، زیاتر پشتیوانی عەسکەری و چەک و کەلوپەلی سەربازی و ئیمکاناتی ماددییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە ئێستا ئامریکاییەکان قوڵبوونەوە و چڕبوونەوەی لە سەر دەکەن، مەسەلەی شەڕ دژی داعشە، بەڵام من لەو باوەڕە دام، دوای تەواوبون و لاوازبوونی داعش، تا ئەو ئاستەی کاریگەری نەمێنێت، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە سیاسەتی دەوڵەتەکان، چ ڕۆژئاوا، چ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دێتە پێش، کە بە قازانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## بەگشتی خەباتی چەکداریی ئێمە بەرگری کردنە لە خۆمان تا هێرشکردن...



**وتویێژی ئاژانسی "ئانادۆڵو"**

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رایدەگەیەنێت کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ دەستپێشخەرییەکی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەواندا نەخستووەتە بەردەم و دەڵێت؛ "پێشمەرگەکانمان لە ئێران زیاتر لە حاڵەتی بەرگری دان تا هێرش" هیجری سەبارەت بە حەشدی شەعبیش لە عێراق لە پاش پسندکردنی یاساکەی لە پەرلەمانی ئەم وڵاتە دەڵێت "حەشدی شەعبی هاوشێوەی بەسیجی ئێرانە لە عێراق و مەترسیی بۆ سەر کورد دەبێت لە ئاییندەدا".

بەڕێز مستەفا هیجری تیشک دەخاتە سەر چەند پرسێکی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق، ئەو باس لەوە دەکات کە حەشدی شەعبی مەترسیی بۆ سەر کورد دەبێت لە ئاییندەدا.

لەوبارەیەوە هیجری سەبارەت بە حەشدی شەعبی دەڵێت؛ "ئێمە لەسەرەتاوە بە زانیارییەوە رامانگەیاندووە کە حەشدی شەعبی هێزێکی ئێرانییە و لەژێر پەروەردە و بە یارمەتی و دارایی چەکی ئێران پەروەردە دەکرێت، شتێکە وەکوو بەسیج کە لە ئێراندا هەیە، بۆیە ئەو بەشە لە سەرباز کە بەنێوی عێراقە زیاتر لە ژێر کۆنترۆڵ و فەرمانی ئێراندا دەبێت و دیارە کۆماری ئیسلامی ئێران لە هیچ شوێنێک هیچ شتێکی باشی بۆ کورد ناوێت".

سەبارەت بە بوونی مەترسی ئەو هێزە لەسەر کورد لە عێراقدا ناوبراو روونی دەکاتەوە؛ "ئێمە پێمان وایە لە ئاییندەدا ئەو هێزە مەترسی بۆ سەر کورد دەبێت، بەتەواوبوونی داعش کێشەی کورد کۆتایی نایەت، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام لە پیلاندایە و لە بیری ئەوەدایە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بخوڵقێنێت، بۆیە هەمیشە مەترسی حەشدی شەعبی هەیە". و "مەسەلەکە زیاتر سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و ئەم دەیەوێت ئەو لەشکرە لە دژی کێ و چۆن بەکاری بهێنێت، بۆیە هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت لەدژی کورد بەکاری بهێنێت".

مستەفا هیجری لە درێژەدا ئاماژە بە خەباتی چەکداریی لە ناو کۆماری ئیسلامی ئێران و باس لەوە دەکات کە ئەوان لە باری بەرگری کردندا دەبن نەک هێرش، لەوبارەیەوە روونی دەکاتەوە؛ "ئێمە لەسەرەتای پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە خەباتی چەکدارییمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران راگرت، لەبەر ئەوەی ئەوان بەهانەیان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگرت، ئێمەش

وەکو ئەرکێکی نیشتمانی پێمان وابوو یارمەتیدەری حکوومەتی هەرێم بین بۆ ئەوەی ئەو حکوومەتە پێکبێت. لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا چالاکی پێشمەرگەکانەمان لە نێو خۆی کوردستاندا راگرت". هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە: " پاش ئەو ٢٠ ساڵەی بەخۆشییەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەباری نێودەوڵەتی و یاساییەوە ناسراوە و لە یاسای حکوومەتی عێراقدا بەرەسمی ناسراوە، ئێمەش بە پێویستمان زانی خەباتی چەکدارییمان دووبارە بە هەر شێوەیەک بێت بۆمان بگونجێت دەست پێ بکەینەوە، بۆیە لەساڵی ٢٠١٥ رێبەرایەتی حزبمان بڕیاری دا کە پێشمەرگە جارێکی تر لە نێو خەڵکدا حزوور پەیدا بکات، لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا پێشمەرگەکانمان چوونەوە نێو خەڵک، بەڵام ئێمە پێشمەرگەکانمان راسپاردووە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران هێرش نەکات، پێشمەرگەکانمان هێرش نەکەن و لە نێو خەڵکدا بمێننەوە". لە درێژەدا ریگەیاند:" بەڵام لەو ساڵەدا چونکە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هێرشیان نەکرد، پێشمەرگەکانی ئێمەش هێرشیان نەکرد، بەڵام لەساڵی ٢٠١٦ هێزەکانی رژێم هێرشیان کرد و لە زۆر لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکان و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران پێکهات، حزووری پێشمەرگە هێشتا بەردەوامە و دەمانەوێت بەو شێوەیە درێژەی پێ بدەین".

مستەفا هیجری سەبارەت بە هێرشکردنی چەکدارەکانییان لەنێو کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو رایدەگەیەنێت؛ "ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران تەحەمول بکات پێشمەرگە لەنێو خەڵکدا هەبێت ئەوا نامانەوێت خەبات بێتە خەباتی چەکداری، بەڵام ئەگەر ئەوان هێرش بکەن، پێشمەرگە ناچارە بەرگریی بکات، بۆیە بەگشتی بزووتنەوەی چەکداری ئێمە بەرگری کردنە لە خۆمانە تا هێرشکردن".

دەربارەی بارودۆخی دوای داعش و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت هیجری بۆ ئانادۆڵو دەڵێت؛ "بارودۆخی پاش داعش، من لەو باوەڕەدام لە هەر کوێیەکی بەشەکانی کوردستان هەلومەرجێکی گونجاو لەباری سیاسییەوە بۆ کورد بێتە پێشەوە بۆخۆی بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری و شوێندانەریی لەسەر سەرجەم بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێت، بۆ نموونە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور کاریگەری لەسەر هەموو بەشەکانی کوردستان هەیە یەکێک لەوانە بەشی رۆژهەڵات، بۆیە ئەو ئاڵوگۆڕانەی دێتە پێشەوە هەموو لە بەرژەوەندیی کورد دەبێت، ئێمە هیواداریین ئاڵوگۆڕێک لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا بێتە پێشەوە بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە بۆ ئێمەش گونجاوتر بێت".

مستەفا هیجری رایگەیاند؛ کە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ دەستپێشخەرییەکی بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەوان نەبووە، باسی لە هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد و لەو رووەوە رایگەیاند "دوایین هەوڵەکان بۆ یەکخستنی هەردوو حزب دوای پێکهاتنی کۆنگرەی نوێی ئەو هاوڕێیانەی پێشوومان راگیراوە و بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی ئەو لایەنە دەستی لەکار کێشاوەتەوە و تاوەکو ئێستاش جێگرەوەیەکی رەسمی بۆ ئەو دیاری نەکراوە، ئێمە چاوەڕوانیین جێگرێکی نوێ دیاری بکرێت و دووبارە دانوستانەکانمان لەوبارەیەوە درێژە پێ بدەین، بەڵام بەگشتی پەیوەندییەکانمان لەگەڵیاندا پەیوەندییەکی دۆستانەیە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

----------------------------------------------

## ساڵی: ٢٠١٧

-----------------------------------------------

### باسی لە دوایین بارودۆخی حیزب، پرسی ڕاسان، کۆنگرەی شازدەیەم،



**وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی ئاوێنە،**

**باسی لە دوایین بارودۆخی حیزب، پرسی ڕاسان، کۆنگرەی شازدەیەم، پرسی یەکگرتنەوە و چەند بابەتێکی دیکە کرد.**

**ئا: م. ئازاد**

**ئاوێنە**: حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەکوێی ئەو ئاڵوگۆڕانەدایە کە لەناوچەکەدا ڕویانداوە، دوای ریفراندۆمو دوای پرۆسەی ڕاسانی خۆتان، دوای چوونەوەی هێزی پێشمەرگەتان، شەهیدبوونی کۆمەڵێک لەپێشمەرگەی ئێوە، پەیوەندیتان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی هاوپەیمانە نزیکەکەتان عەبدوڵڵای موهتەدیو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانو گرژیو ئاڵۆزییەکەتان لەگەڵ ئەو هاوپەیمانەی، کە چەند ساڵ پێش ئێستا کتێبێکی گەورەت لەسەر نوسی، بەنیازی گەورەتر بنوسی؟ لەهەمانکاتدا چ ئاڵوگۆڕێک بەسەر بیرو بۆچوونو تەشکیلەی حزبیدا هاتووە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەو باوەڕەداین، کاتێک دەتوانین لەهاوکێشە ناوخۆییەکانو هاوکێشە جیهانییەکانو هاوکێشەی ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکانی ئێراندا کاریگەریمان هەبێت، کە ڕۆژهەڵات ببێتە هێزێکی شوێندانەر، کە ئێستا لەچوارچێوەی ئەو دروشمەدا کاردەکەین، بۆئەوەی ڕۆژهەڵات ببێتە هێزێکی شوێندانەر، ئەو هێزی شوێندانەرە وەک باستکرد ڕاسانە. ڕاسان بزووتنەوەیەکە بۆ

گرێدانی خەباتی شارو شاخ، پێشمەرگە لەلایەک، خەباتی مەدەنیش لەشارەکاندا لەلایەکی دیکە، بەڵام چەقی خەبات شارەکانە، پێمانوایە دەبێت هێزی پێشمەرگە یارمەتیدەری خەباتی شار بێت، چونکە بەبێ خەباتی شار، خەباتی شاخ سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست ناهێنێت. ئێمە ئێستا لەباری کاری پێشمەرگایەتیو کاری تەشکیلاتیو ڕێکخستن، لەهەردوو لاوە کاردەکەین، بۆئەوەی ڕۆژهەڵات بەهێز بێتو شوێندانەری هەبێت، لەگەڵ ئەوەی کارەکە سەختو قورسەو گیروگرفتێکی زۆر لەسەر ڕێگایەتی، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە. ئاڵوگۆڕەکانی ئەمساڵ کە لەنەورۆزەوە دەستیان پێکردووە تا دەگات بەو بزووتنەوە نارەزاییەتیانەی کە لەڕۆژهەڵاتدا سەریانهەڵدا، وەکو ئەو پێشوازییەی کە لەڕیفراندۆمی باشووردا کردیان، لەئەو جموجوڵە زۆرەی لەکرماشان هاتە پێشو زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە لەو ماوەیەدا، ئەو نیشانانەن کە دەریدەخەن، خەباتی ئێمە بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕۆژهەڵات شوێندانەری خۆی هەبووە، ناشمەوێت بڵێم "ئەوە هەمووی کارو تێکۆشانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە"، بەڵام ڕۆڵی سەرەکیمان هەبووە لەو ئاڵوگۆڕانەدا، دەشمانەوێت درێژە بەخەباتەکەمان بدەین.

**ئاوێنە**: ئەجێنداو بەرنامەتان چییە بۆ ئەو درێژەپێدانە؟

**مستەفا هیجری**: دەمانەوێت:

١- جوڵەی پێشمەرگەکانمان بەردەوام بێت.
٢- ڕێکخستنی ناو شارەکانمان بەهێزتر بکەین، کە ماوەی دوو ساڵە خەریکبووینو کاریگەری هەبووە.

ئەم دوو خاڵە سەرەکیترین کارو بەرنامەی ئێمەیە، تەواوی شتەکانی لەدەوری ئەم دوو خاڵە دەخولێنەوە، بۆنمونە پەیوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سیاسیو ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران بەهێزتر بکەین، کە لەم ماوەیەدا هەوڵی جدیمان بۆ داوە. لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان کە ئاماژەت پێکرد، بەخۆشحاڵییەوە هیچ ئاڵۆزییەکمان نییە.

**ئاوێنە**: کام هاوڕێیانەتان؟

**مستەفا هیجری**: هاوڕێیانی پێشوو، مەبەستم مستەفا مەولودیو ئەوانیترە.

**ئاوێنە**: جگەلە لەهاوڕێیانی پێشوو، هیچ ناوێکی تریان نییە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە بەو ناوە دەیانناسینین، لەگەڵ خۆشیان هەر بەوشێوەیە قسەدەکەین.

**ئاوێنە**: ئەو شێوازی قسەکردنە دروستە؟

**مستەفا هیجری**: پێمان دروستە.

**ئاوێنە**: ئەی بۆ گلەیی لەپەکەکە دەکەیت، کاتێک خۆت بەمشێوەیە بیر دەکەیتەوە؟

**مستەفا هیجری**: لەوتووێژداین بۆئەوەی چارەسەری بکەین.

**ئاوێنە**: ئەی بۆ بەیانێکتان واژۆ کرد، بۆ بایکۆتکردنو ئیدانەکردنی هەڵبژاردنەکانی دەورەی پێشوو، ئامادەبوون بەیانێک واژۆ بکەن، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)، بۆ واتانکرد؟

**مستەفا هیجری**: هیچ شتێکمان پێکەوە واژۆ نەکردووە.

**ئاوێنە**: پێتخۆشە واژۆتان نەکردووە؟

**مستەفا هیجری**: پێمخۆشبوو بەجۆرێک بووایە، کە واژۆمان بکردایە، نەک بەوناوە، بۆنمونە ئەوان لەسەرەتاوە ناوێکیان بۆ خۆیان دیاریبکردایە، کە بمانتوانیایە پێکەوە هاوکاری بکەین، کە بەداخەوە ئەوەیان نەکرد.

**ئاوێنە**: پێموایە لەدوو ساڵی پێشوودا هەوڵێک هەبوو بۆ یەکگرتنەوە؟

**مستەفا هیجری**: راستە ئێستاش هەوڵ هەیە، لەماوەی دوو ساڵدا دانیشتمان هەبووە، ئێستاش هەیئەتمان پێکەوە دانیشتن دەکەن، بڕیاریشمانداوە دانیشتنەکان خێراتر بکەین، بۆئەوەی بتوانین بەئەنجام بگەینو یەکبگرینەوە.

**ئاوێنە**: وەک لەپێشتر باسمان کرد، کە ئەو هاوڕێیانەی کە لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جیابوونەوە، ئێوە بەهاوڕێیانی پێشوو ناویان دەبەن، هەروەها جیابوونەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیش لەکۆمەڵەی شۆڕشگێر لەساڵی ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧، ئەوان پێیانباشە کۆمەڵێک گۆڕانکاری تازە پێکبهێننو کار بکەن بەدروشمی رەوتو ریفۆرمو چاکسازی، کە بەهەمان دروشم جیابوونەتەوە، پێتوایە ئەوانە چۆنەتە باری جێبەجێکردنەوە، یان شکستیان هێناوە؟

**مستەفا هیجری**: هێندەی ئاگاداری بەرنامەی ئەوانین، ریفۆرمێک، یان شتێکی تازە، کە نەدەکرا لەحزبی دیموکراتی یەکگرتووی ئەوکاتدا پێکبێت، پێکیان هێنابێت نەماندیووە، نە لەناو ئەواندا بینیومانە، نە لەناو ئەوانەی لەکۆمەڵە جیابوونەتەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەروولامان بەو ئەنجامە گەیشتووین، کە دەبێت کاربکەینو هەوڵبدەین جارێکی دیکە یەکبگرینەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**ئاوێنە**: بەو پێیەی لەسەر ستراتیژو کۆمەڵێک هێڵی سەرەکی جیاوازییەکی بەرچاوتان نییە، یان بیرو باروەڕتان جیاوازی نییە، جیابوونەوەی کۆمەڵەو دیموکراتەکان، چ مانایەکی هەیە؟

**مستەفا هیجری**: من دەڵێم "هیچ مانایەکی نییە"، بەڵام ئەوە پرسیارێکە کە دەبێت ئەوان وەڵامی بدەنەوە، کە وەک باستکرد لەڕووی سیاسییەوە جیاوازییەکی بەرچاومان نییە.

**ئاوێنە**: دواکەوتن لەیەکگرتنەوەدا، بەهۆی ئێوەوە بووە، یان ئەوان کەمتەرخەمیان کردووە؟

**مستەفا هیجری**: مەسەلەکە کەمتەرخەمی نییە لەهیچ لایەکمان، بەڵکو پێموایە هەندێک ووردەکاری هەیە کە کات دەگرن‌و دەبێت لەسەر ئەو ووردەکارییانە بەرێککەوتن بگەین، بەڵام لەئێستادا هەردوولامان بەجددی کاردەکەین، بۆیە پێم خۆش نییە، هۆکاری دواکەوتن بۆ یەکگرتنەوە بخەمە سەر ئەوان، بەڵکو تەنها مەسەلە ئەو ووردەکارییانەیە کە باسمکرد، کە دەمانەوێت بەجۆرێک یەکبگرینەوە کە لەداهاتوودا زەمینەیەکی هاوشێوەی ئەم چەند ساڵە دروست نەبێتەوە.

**ئاوێنە**: هاوپەیمانی ئێوە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێر لەساڵی ٢٠١٣ تاوەکو ئێستا، تەنها بەچاوپێکەوتن‌و دەرکردنی بەیاننامە بووەو تەنها لەسەر کاغەزە، یان بەکردەوەش کارتان کردووە، لەلایەن ئێوە یان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕەوە هیچ هەنگاوێک نراوە؟

**مستەفا هیجری**: وەک هەوڵ‌و هەنگاو جگەلە بەیاننامەو هەڵوێست، شتێکی تایبەترمان نەبووە، لەدەرەوەی وڵات چەند چاوپێکەوتنێکمان هەبووە، لەساڵی رابردووشدا تیمێکی هاوبەشی پێشمەرگەمان چوونەوە بۆ ناوچەکە، کە ئەنجامێکی باشی هەبووە، تا ئێستا لەمەیدانی کاردا تەنها ئەمە هەبووە، جگە لەوانە شتی زیاترمان لەدەست نەهاتووە.

**ئاوێنە**: بۆچی هەردوولاتان، هەموو شتەکانی تر وەلانانێن‌و بەتەنها هەوڵ بۆ یەکگرتنەوە بدەن‌و تەنها ئامانجتان ئەوە بێت، کە لەناو یەک حیزبو لەژێر یەک ئاڵاو دروشمدا کاربکەن؟

**مستەفا هیجری**: یەکگرتنەوە پێویستی بەدوو لایەن هەیە، مەبەستم ئەوەیە تەنها یەک لایەن ناتوانێت یەکگرتنەوە سازبکات، ئەگەر بەتەنها یەک لایەن لێبوردنی هەبێتو هەردوولا نەتوانن لەسەر خاڵەکان رێکبکەون، یەکگرتنەوە سەخت دەبێت، وەک لەپێشتریش ئاماژەم پێدا، ئێستا هەوڵدەدەین‌و هیوادارم بەئەنجامێکی باش بگەین.

**ئاوێنە**: پێتوایە هاوڕێیانی پێشتووتان، یان حزبی دیموکراتی کوردستان، دوای جیابوونەوە هیچ ریفۆرمێکیان نەکردووە؟

**مستەفا هیجری**: شتێکم پێ شک نایەت بەناوی ریفۆرم.

**ئاوێنە**: هیچ ئاڵوگۆڕێک نابینیت، کە جیاواز بێت لەئێوە؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر شتێکی جیاواز نابینم، بەڵام کاتێک خالیدی عەزیزی سکرتێری هاوڕێیانی پێشوو بوو، هەوڵیدا لەگەڵ ئێران نزیک ببێتەوەو وتوویژ بکات.

**ئاوێنە**: ئەمە وەکو رەخنە دەڵێیت، یان بەکارێکی باشی دەزانی؟

**مستەفا هیجری**: تۆ باسی ریفۆرمو ئاڵوگۆڕت کرد، ئەگەر ئەمە بەریفۆڕمو ئاڵوگۆڕ دەزانی؟ ئەوە هەوڵیاندا، بەڵام لەدواییدا روون بۆوە، کە هیچ ئاکامێکی باشی نییە، جگەلەوە من هیچ ریفۆرمێکی تر نابینم.

**ئاوێنە**: بەڵام بونەتە ئەندامی (Tv si) یان داناوە، کۆنگرەیان بەستووە لەدوای جیابوونەوە حزبی دیموکراتی کوردستان، دەورەیەک(عەبدوڵلا حەسەن زادە) سکرتێر بووە، دەورەیەک (خالیدی عەزیزی) سکرتێر بووەو دوای ئەو (مستەفا مەولودی) سکرتێرە، (ئاسۆ حەسەن زادە) هاتووە، بەڵام تۆ هەر لەشوێنی خۆتی هەر سکرتێری، ئایا ئەمە ریفۆرم نییە"؟

**مستەفا هیجری**: ئەوە ریفۆرم نییە، ئێمەش کۆنگرەمان گرتووەو ئاڵوگۆڕ لەئەندامی رێبەرایەتییدا هەبووە، گەنجەکان زیاتر هاتوونەتە مەیدانی کار.

**ئاوێنە**: ئەی ئاڵوگۆڕ لەسکرتێرو مانەوەی خۆت؟

**مستەفا هیجری**: گۆڕانی سکرتێر بەوشێوەیە ئاسانە نابێت.

**ئاوێنە**: لەکۆنگرەی داهاتووشدا نیازت نییە وازبهێنیت؟

**مستەفا هیجری**: ئێستا باسی ناکەم و پێموایە هێشتا زووە.

**ئاوێنە**: قسەیەکی نیچە هەیە، کە دەڵێت "بۆئەوەی لەشتێک حاڵی ببیت، پێچەوانەکەی وەرگرە"، مەبەستم ئەوەیە، ئەو نایەوێت یەکگرتنەوە ببێت، بۆیە ئەو بۆچوونەش بەسەر تۆدا فەرز دەکات؟

**مستەفا هیجری**: رەنگە بەوشێوەیە بێت، خەریکە نێوانمان بەرەو باشبوون دەچێت، بۆیە تێکی مەدەوە (بەپێکەنینەوە).



سەرچاوە
Serchawe

**ئاوێنە**: لەچاوپێکەوتنێکی تردا وتت: دەیەوێت کوڕەکەی خۆی بهێنێتە پێشەوەو بیکاتە سکرتێر، بە(عەبدوڵڵا حەسەن زادە)شم وت: قسەکەی (مستەفا هیجری) ڕاست دەرچوو، بەڵام ئەو وتی: من دوورو نزیک ئاگام لێی نییە، هەتا (ئاسۆ حەسەن زادە) دەڵێت "بەباوکمم وت خۆم هەڵدەبژێرم، وتی: ئەوکارە مەکە"؟

**مستەفا هیجری**: پێموایە ئاسۆ حەسەن زادە وەکو گەنجێکی خوێندەوار شایستەگیو لێهاتوویی خۆی هەیە، بەمافی خۆی دەزانم بێتە پێشەوەو ببێتە سکرتێریش، بەڵام کێشە لەوەدا دەبینم، کە ئاسۆ حەسەن زادە لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی باوکیدا بێت، دەنا ئەگەر وەکو گەنجێکی سەربەخۆ کار بکاتو تێبکۆشێت، شایستەیەتی.

**ئاوێنە**: مەبەستت لەکام بۆچوونانەی باوکیەتی؟

**مستەفا هیجری**: وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە، لەبەر یەکگرتنەوەکە نامەوێت بچمە ناو ئەو ووردەکارییانەوە.

**ئاوێنە**: من بیستومە تۆ پێت ناخۆشبووە، (خالیدی عەزیزی) دەستی لەکارکێشاوەتەوە لەسکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان، ئەگەر ڕاستە، بۆچی پێت ناخۆشبوو؟

**مستەفا هیجری**: ڕاستە پێم ناخۆشبوو، چونکە پێموابوو (خالیدی عەزیزی) لەمەسەلەی یەکگرتنەوەدا جددیتر بوو، لەبەرئەوە پێم ناخۆشبوو، هەتا داوام لێکرد ئیدامە بدات، بەڵام نەیتوانی.

**ئاوێنە**: (خالیدی عەزیزی) وتی: من ئامادەم لەپێناو (مستەفا هیجری) واز لەسکرتێریش بهێنم، ڕەنگە لەبەرئەوە بوو بێت؟

**مستەفا هیجری**: نەخێر ئێستا لەسەر ئەوە کێشەمان نییە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتوین من سکرتێر بم، واتا لەم خاڵەدا ڕێککەوتووین.

**ئاوێنە**: ئەی بۆ لەسەر خاڵەکانی تر ڕێکناکەویت؟

**مستەفا هیجری**: مەبەستم ئەوەیە، مەسەلەی سکرتێری من هۆکار نییە، ئەگەر سکرتێری وەکو ئیمتیازێک دەدەن بەمن، من وەکو ئیمتیاز حسابی ناکەم، سوپاسیان دەکەم کە قبوڵیانە سکرتێر بم، دەمەوێت بڵێم "مەسەلە سکرتێری نییە، بەڵکو هەندێک مەسەلەی ووردن، کە ماونەتەوەو قسەیان لەسەر دەکەین"، دەنا ئێستا دوو خاڵیان قبوڵە، کە هیوادارم لێی پەشیمان نەبنەوە، یەکەم سکرتێری من قبوڵ بکەن، دووەم بێنەوە ژێر ناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

**ئاوێنە**: پێتوایە لەئاییندەی نزیکدا دەتوانن یەکبگرنەوە؟

**مستەفا هیجری**: هەموو هەوڵێک دەدەین، کە دووری نەخەینەوە، لەڕابردوودا درەنگ دادەنیشتین، بەڵام لەئێستادا کە حەمە نەزیف قادری بەرپرسی هەیئەتی ئێمەیە لەگەڵ ئەوان، داوام کردووە هەفتانە کۆبوونەوە بگرن، بۆئەوەی ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین.

**ئاوێنە**: تۆ کەس بەبەرپرسیارو بەربەستی یەکگرتنەوە دەبینین لەناو حزبی دیموکراتی کوردستاندا؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان هەیەو هەموو پێیان خۆش نییە یەکگرتنەوە ببێت، هەتا لەناو ئێمەشدا هەیە، کە ئارەزووی یەکگرتنەوە ناکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە، زۆرینەی رێبەرایەتیو بەدەنەی حزب لەهەردوولاو خەڵکی رۆژهەڵاتیش خوازیاری ئەوەن ئێمە یەکبگرینەوە، ئاساییە هەموو رازی نەبنو موخالف بن.

**ئاوێنە**: وتارێک نووسرابوو بەناوی (دوو مستەفاکە)، مەبەست لە(مستەفا هیجریو مستەفا مەولودی) بوو، کە بەڵکو حزبی دیموکرات لەسەر دەستی ئەم دوو مستەفایە یەکبگرنەوە، پێتوایە (مستەفا مەولودی) هێندە بۆچوونی باشی هەبێت، یان هێشتا بەگەڕانەوەی (خالیدی عەزیزی) گەشبین تری؟

**مستەفا هیجری**: پێموایە لەوبارەیەوە (مستەفا مەولودی)یش نیەتی باشی هەیەو هەوڵ بۆ یەکگرتنەوە دەدات.

**ئاوێنە**: بڕیاربوو لەزستانی رابردوودا کۆنگرەی ١٦ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بگیرێت، بەڵام دواکەوت، هۆکاری ئەو دواکەوتنە چییە، ئەو ئاڵوگۆڕەی دەکرێت چییە؟

**مستەفا هیجری**: راستە ساڵێک دواکەوتووە، بەڵام لەم زستانەدا کۆنگرە دەگرین، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی راسان، بۆ ئەو کارو تێکۆشانەی کە لەهاویندا هەمانبوو، بەهۆی ئەو کارانەی کە لەپێش کۆنگرەو دوای کۆنگرە دروست دەبێتو کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ لەرێبەرایەتیو حزبدا دەبێتو کاتێکی وەهامان بەدەستەوە ناهێڵێت، بۆیە بەقازانجی حزبمان زانی کارەکانمان بکەینو کۆنگرە بۆ ماوەی ساڵێک دوابخەین، ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو.

**ئاوێنە**: رێوڕەسمی کۆنگرە چۆن دەبێت؟ بیستومە دەتەوێت دەفتەری سیاسی نەهێڵێتو دەسەڵاتەکانی سکرتێر زیادبکەیت، ئەمانە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

**مستەفا هیجری**: لەڕاستییدا ئەوە دەگەڕێتەوە سەر بڕیاری کۆنگرە، من گەڵاڵەیەکم پێشکەشکردووە، کە لەوێدا کەمێک ئاڵوگۆڕم پێشنیارکردووە، بۆئەوەی حزب چالاکتر ببێتەوە، خەڵکی بەتوانا لەهەر جێگەیەک بێت، چ ئەندامی رێبەرایەتی بێت، یان نا، بتوانێت لەکارو تێکۆشاندا بەشدار بێت، خەڵکی حزبی وەکو ئەندامانی حزبی، چالاکی حزبی لەهەر جێگایەک هەبن، مەیدانیان بۆ

بکرێتەوەو کاربکەن، چونکە وەک پێشتر وتم: ئەگەر بمانەوێت ڕۆژهەڵات ببێتە هێزێکی شوێندانەر، بەتەنها بەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیەی کە هەمانە، کە ڕاستە کەم نین، بەڵام بەتەنها نابێتە هێزێکی شوێندانەر، بەڵکو دەبێت ڕێگاو دەروازەکان بکرێتەوەو خەڵکێکی زۆرتر بەشداربن‌و جوڵەیەک پێکبێت، بۆئەوەی ئەو ئامانجە بێتەدی. ئەوە گەڵاڵەیەکە کە پێشکەش بەکۆنگرە دەکرێت، ئەگەر کۆنگرە بڕیاریدا، لەچوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا، ئەو ئاڵوگۆڕانە پێکدەهێنین. جەوهەری ئاڵوگۆڕەکە ئەوەیە، کە ئێستا لەحزبی دیموکراتدا، هێزی سەرەکی کۆمیتەی ناوەندییە، کۆمیتەی ناوەندی یاسا دادەنێت، بەڕێوەی دەبات، بڕیار لەسەر کارەکانی خۆی دەکات، بۆیە پێموایە دەبێت ئەو توانایە دابەشبکرێتو لەیەک ناوەندا نەبێت، چەندین ناوەند بن، کە بتوانن پێکەوە کاربکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠١٧

------------------------------------------------

## ڕێکەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران، دەسەڵاتی ئێران لە نێوخۆ و ناوچەکەدا زیاتر دەکات...



### وتووێژێکی حەوتوونامەی Jungle Wor ی ئاڵمان

ڕۆژنامەنووس، جۆناتان وێکرلە ئەو وتووێژەی لە ڕێکەوتی ٧ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاوی پێکهێناوە

### ناڕەزایەتییەکان درێژەیان دەبێت

لە ماوەی پێشوودا لە چەند شاری کوردستانی ئێراندا خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و نائارامی هاتە ئاراوە. ڕێژیمی ئێران هەر پاش هاتنە سەر کاری، کوردستانی ئیرانی میلیتاریزە کردووە. مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەو حیزبەی ساڵی ١٩٤٦ زایینی دامەزراوە و لەلایەن خومەینییەوە بە حیزبی شەیتان ناودێر کرابوو. دوو لە ڕێبەرانی ئەو حیزبە لەلایەن دەزگای ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کراون. حەوتوونامەی Jungle Word لەگەڵ مستەفا هیجری سەبارەت بە بارودۆخی ئێران و ناوچەکە و هەروەها پێوەندیی نێوان حیزبە کوردییەکان وتووێژێکی پێک هێناوە.

**زوونگڵ ڤۆرد**: دەتوانن باسی ئەو ناڕەزایەتییانەی ئەم دواییەی کوردستانمان بۆ بکەن کە تەنانەت هێندێک میدیا وەک شۆڕش ناویان دەبرد؟

**مستەفا هیجری**: لە کوردستان و بە گشتی لە ئێراندا زۆر جار هۆکاری جۆراوجۆر وەک دەرفەت کەڵکیان لێوەر دەگیردرێت بۆ ئەوەی خەڵک دژایەتیی خۆی لەگەڵ ڕێژیم دەربڕێت. لەگەڵ بوونی سەرکوتی زۆر زیاتر لە ساڵانی دواییدا، زۆر جار شاهیدی دەربڕینی ناڕەزایەتیی بەرین بووین. لەم دواییانەدا کوژرانی کچێکی کارمەندی هۆتێلێک لە شاری مەهاباد کە دەگوترێ لەلایەن کەسێکی سەربە ڕێژیم هەوڵی دەستدرێژیکردن بۆ سەری دراوە، بوو بە هۆکاری دەربڕینی ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی ئەو شارە. ڕێژیمی ئێرانیش بە پێی ئەو ئەزموونەی کە هەیەتی، دەزانێ کە ئەم چەشنە ناڕەزایەتییانە زۆر زوو ڕەنگ و ڕووی سیاسی بە خۆیانەوە

دەگرن. هەر بۆیەش بە توندترین شێوە ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانە سەرکوت کران. لە میانەی ئەو سەرکوتکردنەدا تەقە لە خەڵکی ناڕازی کراوە و زۆر کەس بریندار بوون. هەروەها کۆمەڵێک لەو کەسانەی کە بەشداری ئەو خۆپیشاندانە بوون، دەستبەسەر کران.

**ژوونگڵ ڤۆرد**: بۆچی بارودۆخەکە وایە کە خەڵک بە دوای هۆکاردا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ناڕەزایەتیی خۆیان دژ بە ڕێژیم دەربڕن؟

**مستەفا هیجری**: ڕاستیی مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرکوت و توندوتیژەی کە دەرحەق بە کورد لە ئێراندا هەیە. خەڵک داوای مافە سیاسی و نەتەوەیییەکانی خۆی دەکات کە زەوت کراون. بۆیە وەک زۆر جار دەگۆترێت، ناڕەزایەتییەکان تەنیا لە بەر کێشەی ئابووری نین. خەڵک دژی نیزامەکەیە.

**ژوونگڵ ڤۆرد**: لە ئەساسدا ویستی خەڵک ئازادیە گشتیەکانە، یان زیاتر مافی نەتەوەیی کورد؟

**مستەفا هیجری**: لە وەهلەی یەکەمدا داخوازیی کورد مافە نەتەوەیییە زەوتکراوەکانیەتی. خەڵکی کورد داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکات. ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ڕێژیم بیانووی هەرچەشنە سەرکوتێکی هەبێت.

**ژوونگڵ ڤۆرد**: بەشداریی ژنان لە ناڕەزایەتییەکاندا چۆنە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە لەم ڕووداوەی پێشووی مەهابادا ژنێک ببووە قوربانی، تەنیا هۆکار نەبوو بۆ بەشداریی ژنان لەو چەشنە ناڕەزایەتییانەدا کە دێنە ئاراوە. ژنانی کورد لەم جۆرە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتیدا هەردەم بەشێک لەو خەڵکە بوون کە بەشداریی چالاکانەیان هەبووە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەمە لە نێو کورددا شتێکی نوێ نییە و ژنانی کورد هەردەم چالاکانە بەشدارییان کردووە.

**ژوونگڵ ڤۆرد**: بارودۆخەکە لە ئێستادا چۆنە؟

**مستەفا هیجری**: لە دوو حەوتووی ڕابردوودا هێزەکانی ڕێژیم هەوڵیان دا وەزعەکە کۆنترۆڵ بکەن. دیارە بۆ ئەو کارەش هێزێکی زۆری ڕێژیم جووڵەی پێ کراوە. ڕێژیم دەیویست ئەم ئائارامییە بە تەواوی سەرکوت بکات، تاکوو پەرە نەستێنێت. دیارە لە جارانی ڕابردووشدا ئەم شێوە سەرکوتە هەر بووە، بەڵام سەرهەڵدان هەر ڕووی داوە. بۆیە ئەگەر ڕوودانی سەرهەڵدان لە داهاتووی نزیکیشدا هەیە.

**ژوونگڵ ڤۆرد**: هەڵسوکەوتی گەلانی غەیری کوردی ئێران لەگەڵ ئەم جۆرە سەرهەڵدانانەی کوردستان چۆنە و چۆنی دەبینن؟

**مستەفا هیجری**: لە بەشەکانی دیکەی ئێران شتێکی ئەوتۆ رووی نەدا کە پێوەندیی بە ناڕەزایەتییەکانی مەهابادەوە هەبێت، بەڵام لە دەرەوەی ئێران و بە تایبەت لە ئورووپا هاوپێوەندی لەگەڵ گەلی کورد زۆر بوو، بە تایبەت لەلایەن عەرەبەکانی ئێرانەوە. هەروەها ئەو فارسانەی کە روانگەیان بۆ کورد وەک روانگەی ڕێژیم نییە.

**ژوونگلٚ ڤۆرد**: پێت وایە هۆکاری بە ئاکام نەگەیشتن و لاوازبوونی ئەو جۆرە ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارتە کوردییەکان لێکدابڕانی زۆریان پێوە دیارە، هەر وەک رۆژنامەنووس ئامبرین زەمان لەم ماوەی پێشوودا لە رۆژنامەی ئال مۆنیتۆر ئاماژەی پێدابوو؟

**مستەفا هیجری**: راستە کەلە نێوان پارتە کوردییەکاندا جیاوازیی بیروڕا هەیە. بەڵام ئەگەر هاتە سەر پرسگەلی نەتەوەیی بۆ نموونە پشتگیریی لەم چەشنە سەرهەڵدانانەی کوردستان، ئێدی ئەو جیاوازییانە وەلا دەنرێن و یەکدەنگین. کێشەکە ئەوەیە کە سەرهەڵدانی خەڵک لە ئێران بە جۆرێک سەرکوت دەکرێت، کە تەنانەت هێنانە بەرچاویشی زەحمەتە. بەشداری لە ناڕەزایەتی دەربڕینێک لە ئێراندا دەتوانێ ببێتە هۆی گیران و ئەشکەنجە و زیندانیی درێژخایەن. لێرە دایە کە زۆر جار ئەو دەنگە نارازییانە زوو کپ دەکرێنەوە. لە بەر ئەوەش زۆربەی جار بەشێکی کەم لە خەڵک ئامادەی ئەو جۆرە خۆپێشاندانانە دەبێت، کۆنترۆڵیشیان ئاسانترە.

**ژوونگلٚ ڤۆرد**: پێوەندیی حیزبی ئێوە لەگەڵ پژاک کەلە ماوەی پێشوودا رۆڵیان لە عێراق بینی و وەک بە هێزترین پارتی ئێران باسیان دەکرێت، چییە؟

**مستەفا هیجری**: پژاک بەشێکە لە پکک. ئەندامەکانی هەمان ئەندامی پەکەکەن. پژاک هێڵی سیاسیی خۆی نییە و لە باری سیاسی و تەنانەت ئابووریشەوە بەستراوەتەوە بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە. ئێمە پژاک وەک پارتێکی سەربەخۆ نابینین.

**ژوونگلٚ ڤۆرد**: قەیران و کێشەکانی ئێستای عێراق و سووریە چ کاریگەرییەکیان لەسەر ئێران هەیە؟ حیزبەکەی ئێوە لە کوێی ئەم قەیرانە دایە؟

**مستەفا هیجری**: کێشەکانی عێراق و سووریە لە راستیدا کێشەی ئێتنیکی و ئایینیی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانە و ڕێژیمی ئێرانیش هەموو هەوڵی پەرەپێدان بەم قەیرانانە و نەهێشتنی سوباتی سیاسی و بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانەیە. هەتا ئێستا ئەم سیاسەتەی ڕێژیم وڵامدەر بووە و هەوڵەکانی بوونەتە هۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا. بارەگای سەرەکیی حیزبی ئێمە لە باشووری کوردستانە. لەسەر داوای حکوومەتی هەرێم ئێمە پێشمەرگەمان بۆ بەرەکانی شەڕ بەرێ کردن. دواتریش هەر لەسەر داوای ئەوانە کشاندمانەوە. ئەگەر هەرکاتێکی دیکەش پێویستیان بە هاوکاری ئێمە بێت، ئامادەین.

**ژوونگڵ ڤۆرد**: بڕێک کات ئێران وەک پارتنێر بۆ شەڕی دژ بە داعش ناو دەبرێت؟!

**مستەفا هیجری**: ئێران نەک ناتوانێت وەک پارتنێر لە شەڕی دژ بە داعش تەماشا بکرێت، بەڵکوو بە پێچەوانەیە. هەر پاش ئەوەی گرووپێک لە ئەلقاعیدە جیا بوونەوە و داعشیان پێک هێنا، ئێران لەگەڵ سووریە وحیزبوڵڵا و ئەم گرووپە کەوتە هاوکاری. ئەم ڕێکخراوە پشتگیری تەواوی لێکرا. تەنانەت سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، نووری مالیکیش لەم پشتگیرییەدا بەشدار بوو. داگیرکرانی مووسڵ بۆ ئەمە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە. مووسڵ و دەوروبەری لە ڕاستیدا ڕادەستی داعش کران و پێویستی نەکرد داعش بە شەڕ مووسڵ بگرێت. سپای عێراق پاشەکشەی کرد و بە ئەنقەست هەموو کەرەستەکانیان لەوێ بە جێ هێشت. ئەم ڕادەستکردنەی مووسڵ، پلانێکی نێوان ڕێژیمی ئێران و مالیکی بوو. لە دوو مانگی ڕابردوودا دەرکەوت کە داعش لە باری کەرەستەی شەڕەوە لاواز بووە. هەر پاش ئەوە لە نزیک فەلووجە داعش هێرشێکی کرد کە سپای عێراق دیسان پاشەکشەی کرد و جارێکی دیکە هەموو کەرەستەکەیان بە جێهێشت بۆ داعش. بۆیە داعش دیسان چەکی پێویستی دەست کەوت، تاکوو بتوانێت درێژە بە کارەکانی بدات.

ئەمانە ناکرێت بە ڕێکەوت بن. هەتا ئێستا تەنیا ناوچە سوننەنشینەکان کەوتوونەتە بەر هێرشی داعش. تەنانەت هەوڵیشیان نەداوە هێرش بکەنە سەر ناوچە شیعەنشینەکان. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا توانیی پێشکەوتنی بەرچاو لە باری ئابووری و زۆر بواری دیکەدا بە دەست بێنێت، بەڵام ئەم پێشکەوتنە بەهۆی شەڕی داعش لە ئێستادا وەستاوە. لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی هەرێم زیاتر لە ساڵێک بوودجەی لەلایەن عێراقەوە بە تەواوی پێ نادرێت. زیاتر لە یەک میلیۆن و نیو ئاوارە لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە بەخێو دەکرێن. لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی ئێران بە هیچ جۆرێک نایهەوێت کوردستانێکی سەربەخۆ لە سنوورەکانیدا هەبێت. هەر بۆیەش کوردیان تووشی شەری داعش کرد. میلیشیای شیعە پێکهێنراون کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریی سەربازی و ماڵی دەکرێن. لێرەدا زیاتر مەبەستیان سوننەکانی عێراقە. وێرانی لە ناوچە سوننەکاندا لەوپەڕی خۆی دایە و ساڵانێکی زوری دەوێ هەتا ئاسەواری شەڕ لەو ناوچانە نەمێنێت و وەک خۆیان لێ بێتەوە. تکریت نموونەیەکی زیندووە بۆ ئەم باسە. پاش ئەو وێرانکارییەی لە تکریت رووی دا، خەڵکی ئەنبار نەیانویست ئەو میلیشیایەی سەربە ئێران بچێتە ناوچەکەیان، وتیان خۆیان بەرگری لە خۆیان دەکەن. لەوێش سپای عێراق پاشەکشەی پێ کرا و دواتریش حکوومەت ڕایگەیاند کە کێشەی ئەنباریش هەر لە ڕێگای میلیشیای شیعەوە چارەسەر دەکرێت. ئەمەش هەمان ئاکامی دەبێت وەک لە تکریت. ئامانجی ڕێژیمی ئێران مانەوەی هەرچی زیاتری داعشە لە ناوچەکەدا. لە ڕێگای داعشە ئێران دەتوانێت دوو لایەن کۆنترۆڵ بکات، کورد و سوننەکان.

**ژوونگڵ ڤۆرد**: باوەڕتان وایە کەلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەیەکی گەورە بە ناوی کێشەی سوننە - شیعە هەیە؟

هیجری: ئەم کێشەیە هەبووە و ئێستاش هەیە و دەشمێنێت. ڕێژیمی ئێران لەم قەیرانەدا ڕۆلی سەرەکی دەگێڕێت. لە لایەکەوە قەیران دەخوڵقێنێت، لەلایەکی دیکەوە ئامادەیی خۆی بو هاریکاری دەردەبڕێت.

**ژوونگڵ ڤۆرد**: دانووستان لەسەر بەرنامەی ناوکیی ئێران، چون هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری**: من پێم وایە رێککەوتن دەکرێت. ئێران پێویستی بەو رێککەوتنەکەیە تاکوو بە نەمانی گەمارۆکان، دیسان بتوانێت ئەو هێزە ئابوورییەی هەبێت کە بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا پێوسیتیەتی. پشتگیریی رێژیمی ئێران بۆ هاوپەیمانەکانی لە عێراق، سووریە، لوبنان و ئێستاش یەمەن خەرجی زۆرە. بەڵام دەبێ بڵێم کەلە بارەی وەستاندنی ئامانجەکانی رێژیم بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، ئەم رێژیمە جێگای باوەڕ نییە. رێژیم دەیهەوێت دەستی بە چەکی ناوکی رابگات. ئەگەر وەک تاکتیکیش ئەم هەوڵانەی کورتخایەن بوەستێنێت.

**ژوونگل ڤۆرد**: سیاسەتەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا دەتوانێت کاریگەری لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا هەبێت؟

**مستەفا هیجری**: هەتا ئێستا نەمانبینیوە کە وڵاتانی رۆژئاوایی لە بەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، یان سەرکوتی کەمایەتییەکان لە ئێراندا گەمارۆی کاریگەر بخاتە سەر ئەو رێژیمە. وەک داواکاری مەترەح دەکرێت، بەڵام رێژیم گوێ ناداتە ئەم داواکارییانە. رێژیم یاسای مافی مرۆڤی تایبەت بە خۆی هەیە و گوێ ناداتە یاسا نێونەتەوەیییەکانی مافی مرۆڤ. بەڵام ئەگەر گۆشاری راستەقینەی لەسەر بێت، دەتوانێت کاریگەریی هەبێت.

**ژوونگل ڤۆرد**: لە ماوەی حکوومەتی روحانیدا دۆخی مافی مرۆڤ باشتر بووە؟

**مستەفا هیجری**: روحانی ساڵانێکی زۆر چەندین پۆستی حکوومەتیی گرینگی بە دەستەوە بووە و سەبارەت بە پرسی کورد هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دیکەی ئێران نییە. لە هەمان کاتدا دەوڵەتەکان لە ئێراندا دەسەڵاتێکی راستیان نییە. سەرکۆمار هەڵدەبژێردێت، هەرچەند هەڵبژاردنەکانیش ئازادانە نین، بەڵام دەوڵەت و پارلمان لە ئێراندا کاریگەریی راستەقینەیان لەسەر دارشتنی سیاسەتی وڵاتدا نییە. لە راستیدا سیاسەتەکانی رێژیم لەلایەن عەلی خامنەیییەوە دیاری دەکرێن. کاربەدەستی جۆراوجۆر دێن و دەڕۆن، بەڵام سیاسەتەکان هەمان سیاسەتن کە خامنەیی دیاری کردوون. ئاڵوگۆڕ تەنیا کاتێک لە سیاسەتدا دێتە ئاراوە، کە رێبەری رێژیم بیهەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ۱ی مای ۲۰۱۸

---------------------------------------------------

## بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و لابردنی هەڵاواردن لەسەر خەڵکی کوردستان...




**ماڵپەڕی ئوورشەلیم ئانلاین (jerusalemonline)**

**ئوورشەلیم ئانلاین**: ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران دوای خۆپیشاندانەکان بە دژی ڕێژیمی ئێران چۆنە؟ دژبەرانی ڕێژیم لە کوردستان چاوەڕێی چی دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: ڕەوشی پێشلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە گشتی زۆر خراپە و کۆماری ئیسلامی هیچ مافێک بۆ شارۆمەندانی لەبەرچاو ناگرێت. ئەم ڕەوشە لە کوردستاندا زۆر خراپترە لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بو ئەوەی ڕێژیمی ئێران کوردەکان نە وەک هاووڵاتی بەڵکوو وەکوو خەیانەتکار و دژی شۆڕش چاو لێ دەکات و بەردەوام جموجۆڵەکانیان لەژێر چاوەدێری دەگرێ و بە هەموو بیانوویەک سەرکوتیان دەکات.

بەتایبەت دوای هەر سەرهەڵدانێکی نارەزایەتی وەکوو ئەوەی ئەم دواییانەی لە مەهاباد ڕوویدا. لەو ڕووداوەی مەهاباددا، کچێکی کوردی کارمەندی "هۆتێل تارا" لە دژکردەوەیەکدا بەرانبەر بە کردەوەیەکی نامرۆڤانەی فەرمانبەرێکی ڕێژیم کە هەوڵی دەستدرێژی کردنی دابوو، خۆی لە نهۆمی ٤ی هۆتێلەکە خستە خوارەوە و لە ئاکامدا گیانی لە دەست دا.

بەدوای ئەو ڕووداوەو دەربڕینی نارەزایەتی خەڵک لە شاری مەهاباد و هەروەهاخۆپێشاندانی نارەزایەتی لە چەند شار و شارۆچکەیەکی کوردستان، بێجگە لە هێزی ئێزامی و ئێنتیزامییە سەرکوتکەرەکانی ئەو شارانە، ڕێژیم ژمارەیەکی زۆری هێزی دیکەی لە شوێنەکانی دیکەوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک و چاوترسێنکردنیان هێنایە کوردستان و دەستی داوەتە قۆڵبەستکردنی خەڵکی ناڕازی و ناردنیان بو زیندانەکان. لەو پێوەندیەدا زیاتر لە سەد کەس تا ئێستا خراونەتە زیندان و کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجە و سووکایەتی پێکردنی هێزەکانی ڕێژیم. هەرچەشنە کۆبوونەوەیەکی خەڵک بەرگری لێدەکرێت و بە گشتی فەزای ئەمنییەتی کوردستان توندوتیژتر بووتەوە و خەڵک نیگەرانی چارەنووسی ئەو زیندانیانەن.

**نوورشەلیم ئانلاین**: ئەو هەڵاواردنەی کە کوردەکانی ئێران لەگەڵی بەرورووە دەبنەوە و وای لێ کردوون کە خۆپیشاندان بکەن بە دژی ڕێژیمی ئێران بۆ چە هۆکارێکی دەگەڕێنیەوە؟

**مستەفا هیجری**: گەلی کورد لە ئێراندا هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی بە هۆی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی پەراوێز خراون. لەکاتێکدا زیاتر لە نیوەی کوردی ئێران سوونە مەزهەبن. لە ڕاستیدا هۆی سەرەکی ئەو هەڵاواردنە دەگەڕێتەوە بۆ بەربەرەکانیی کورد لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی و خەبات کردنیان بو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکە پێشێلکراوەکانیان.

ئاکامی ئەو هەڵاواردنە بووەتە هۆی ئەوەیکە چوار پارێزگای کوردستانی ئێران لە باری خزمەتگوزاری و ئاوەدان کردنەوەوە کەمترین بوودجەیان بو دیاری دەکرێ، ڕادەی بێکاری تایبەت لەنێو لاوەکاندا لە ئاست شوێنەکانی دیکەی ئێران لە بەرزترین ئاستدایە.
پەروەردەی ڕێژیم بە شێوەی بەرنامەبۆدارێژراو لە قوتابخانەکاندا لەسەر تواندنەوەی کولتوور، زمان و مێژووی کورد چڕ بۆتەوە. کەمترین جیابیری و مافخوازی گەلی کورد وەک پیلان بۆ تێکدانی ئاسایشی وڵات و جوداییخوازی ئەژمار دەکرێت و چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەرورووی زیندانی درێژخایەن، ئەشکەنجە و تەنانەت ئێعدام دەبنەوە.

**نوورشەلیم ئانلاین**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چی دەکا بۆ خەبات کردن لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و بۆمان باس بکە کە ئێوە چۆن هاوکاری دەکەن لەگەڵ بەلووچەکان، ئازەریەکان، عەرەبەکان و هتد. پێتان وایە کە گروپی دیکە بێجگە لە کورد خۆپیشاندان بکەن بە دژی ڕێژیمی ئێران؟

**مستەفا هیجری**: حێزبی دێموکرات لە هەموو شێوەکانی خەباتی ڕەوا بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و لابردنی هەڵاواردن لەسەر خەڵکی کوردستان خەبات دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ دوازدە لایەنی دیکە لە نەتەوەبندەستەکانی ئێران و لەوانە تورکی ئازەربایجانی، بەلووچ، عەرەب و تورکمانەکانی ئێران، هاوپەیمانییەکمان لەژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ پێکهێناوە و پێکەوە هاوخەباتین.

ئامانجی ئەو هاوپەیمانییە پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتی فێدراڵ بە جۆرێک کە لە چوارچێوەی ئێراندا هەموو نەتەوەکان، حکوومەتی خۆجێی خۆیان بۆ بەڕێوبردنی هەرێمەکانیان پێک بێنن و لە هەمان کاتدا لە بەڕێوبردنی وڵاتیشدا لە سەر یاسایەکی بنچینەیی دێمکوکراتیک بەشدار بن.

**نوورشەلیم ئانلاین**: سیستەمی ئیدارەی ئۆباما چە کاریگەریەکی لەسەر کورد و کەمەنەتەوەی دیکە لە ئێران هەبووە، ڕای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**مستەفا هیجری**: مێژووی خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە ئێراندا لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا بەردەوام بووە و

نەبەستراوەتەوە بە کێشەی نێوان ولایەتەیەکگرتووەکانی ئامریکا، چ لە کاتی سەرۆکایەتی ئۆباما و چ پێش ئەویش باقی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئێراندا و ئەم خەباتە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی بەردەوام دەبێت. بەڵام سیاسەتی ئامریکا بە گشتی یارمەتیدەری خەباتی کورد و باقی ئازادیخوازانی ئێران نەبووە. بەتایبەت سیاسەتی ئیدارەی ئوباما و گرووپی ١+٥ لە پێوەندی لەگەڵ تەفاهۆمنامەی لۆزان و بەرنامەی لابردنی گەمارۆکانی سەر ڕێژیمی ئێران، دەستی لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکە، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاواڵاتر دەکات.

هەر ئەوەی کە ئێستا لە عێراق، لوبنان، سووریە و یەمەن دەیبینین. ئاکامی ئەم سیاسەتەش بریتیە لە نانەوەی شەڕ و بشێوی زیاتری نەتەوەیی و ئایینی لە ناوچەکەدا و سەرکوتی زیاتری بزووتنەوەئازادیخوازە نەتەوەییەکان و یەک لەوان بزووتنەوەی کورد.

**نوورشەلیم ئانلاین**: لەسەر هەلومەرجی عێراق باسی کردارە دژە مرۆییەکانی ئێران لەو وڵاتە چە قسەیەکت هەیە؟ ئایا کردارەکانی ئێران لە عێراق چ کاریگەریەکیان هەیە لەسەر کورد؟

**مستەفا هیجری**: عێراق هەلومەرجێکی زۆر دژوار و پڕ لە شەڕ و ئاژاوە تێدەپەڕێنی. شەڕی ئێتنیکی و ئایینی لەمێژەدەستی پێکردووە. کوردی ئەو بەشەکە توانیان دوای رووخانی سەدام حوسێن دەسەڵاتێکی خۆجێیی پێک بێنن، ئێستا لەگەڵ زۆر کێشەو لەوانە بڕینی بوودجەیان لەلایەن بەغدا، شەڕی داعش و نێزیک بە ١ میلیۆنو ٥٠٠ هەزاز ئاوارە بەرەورووە بوونەتەوە.
هاتنە پێشی ئەم بارودۆخە نالەبارە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ڕێژیمی ئێران کە لە ئێستادا لە عێراقدا دەسەڵاتی بە دەستە. کۆماری ئیسلامی عێراقێکی یەکگرتوو و سەقامگیری ناوێت و هەردەم تێدەکۆشێت بە سازکردنی دووبەرەکی و شەڕ و ئاژاوە سیاسەتەکانی خۆی لەو وڵاتەدا بەرێتە پێش. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی هیچ ئاسۆیەک لە سەقامگیری و ئاسایش لەو وڵاتەدا بەدی نەکرێت.

**نوورشەلیم ئانلاین**: کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەتوانێ چی بکا بۆ هاوکاریکردنی کوردەکانی ئێران لە خەباتەکەیان بە دژی ڕێژیمی ئێران؟

**مستەفا هیجری**: کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێویستە گەلی کورد لە ئێراندا لە بەرانبەر زۆڵموزۆرداری ڕێژیم بە تەنیا نەهێڵێتەوە. تاکوو بتوانن خەباتەکەیان چالاکتر دژی ڕێژیمی ئێران درێژە پێ بدەن. گۆشار خستنەسەر ئێران بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، لابرنی هەڵاواردن لەسەر کورد، نەهێشتنی فەزای توندوتیژی و ئەمنییەتیکردنی کوردستان، ڕوانینیان بۆ کورد وەک هاووڵاتی و نەوەک دوژمن و زۆر بابەتی دیکەلە ریزی ئەو یارمەتیانەن کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەتوانێ لە پێوەندی لەگەڵ گەلی کورد لە ئێراندا هەنگاویان بۆ هەڵبگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٨

## پرسی هاتنە دەرەوەی ئامریکا لە بەرجامی...



**دیمانەی لەگەڵ "تەلەفزیۆنی تیشکتیڤی**

**خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"؛ ڕێکەوتی ٢٥ی بانەمەڕ ڕێزدار مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ "تیشکتیڤی" وڵامی هەندێک پرسیاری پێوەندیدار بە پرسی هاتنە دەرەوەی ئامریکا لە بەرجامی دایەوە کە لەبەر گرینگی باسەکە، لێرەدا دەقاودەق دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست:**

**دیمانە: سابیر فەتاحی**

**تیشک تیڤی: هاتنەدەری ئامریکا لە بەرجام چ دەرئەنجامێکی دەبێت؟**

**مستەفا هیجری: بە بۆچوونی من ئاکامەکەی ئەوە دەبێ کە بەشێک لەو گەمارۆیانەی لەسەر ئێران نەمابوون بگەڕێنەوە؛ کە بریتییە لەو گەمارۆیانەی کە لە زەمانی ئۆبامادا لەسەر ئێرانیان فەرز کردبوو، چوونکە مەجمووعەیەکی دیکە گەمارۆ هەبوون، کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر دابوو و هێندێکیان وڵاتانی ئورووپایی بڕیاریان لەسەر دابوو. جارێ ئێستە ئەم دوو بەشە ناگەڕێنەوە، بەڵام ئەوانەی ئامریکا دایناوبوون دەگەڕێنەوە سەر ئێران و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دۆخی ئابووریی ئێران بەرەو خراپتربوون بچێ و کێشەکانی نێوخۆیی ڕێژیم بن و ئەو ڕەوتە درێژەی هەبێ هەتا ئەو کاتەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار بێ بێتەوە سەر مێزی وتووێژ بۆ سازان لەسەر ئەو ویست و داخوازییانەی کە حکوومەتی ئامریکا ئێستا هەیەتی.**

**تیشک تیڤی: باستان لە کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم کرد، لەو ڕاستایەدا لە یەک دوو ڕۆژی ڕابردوودا یەکێک لە سەرانی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێژیم وتوویەتی کە "خامنەیی لەسەر ویستی دەوڵەت بەرجامی قەبووڵ کردووە و ڕۆحانی هێڵە سوورەکانی بەزاندووە، بۆیە دەبێت ڕۆحانی داوای لێبوردن لە خامنەیی و خەڵک بکات" لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو کێشانەی باسمان کرد فۆرماڵیتەن**

یان نا کێشەکان جیدین؟

**مستەفا هیجری**: نا، کێشەکان جیددین، چونکە تاکوو ڕێژیم بەرەو لاوازی دەچێ خەڵکی ئێران بەو جۆرەی کە بە لانیکەم لە یەک ساڵی ڕابردوودا دەستیان پێ کردووە، بەربەرەکانێی خۆیان دژی ڕێژیمی ئێران درێژە دەدەن، هەتا ئەو کاتەی کە قەیرانەکان لە ئێراندا چارەسەر نەکرێن، کێشە نێوخۆییەکان زیاتر پەرە دەگرن، لەبەر ئەوەیکە ئەو ناتەباییانە بەرهەمی سیاسەتێکی غەڵەتە؛ ئەو سیاسەتە غەڵەتە ئێستا کەس حازر نییە قەبووڵی بکا و وەئەستۆی بگرێ، هەر کەس دەیخاتە ئەستۆی ئەوی دی. هەروەک دەیبینین ئەوجارەش وەک هەمیشە وەلی فەقیهـ خەتاکانی خستە ئەستۆی دەوڵەت و دەوڵەت دەیخاتەوە ئەستۆی وەلی فەقیهـ. کە لە هەموو شتێک ئاگادار بووە و لێرەدایە کە کێشەکان زیاتر دەبن.

**تیشک تیڤی**: بەدیلی ڕوونی ئامریکا بۆ بەرجام چییە؟ گەڕانەوەی دووبارەی گەمارۆکان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا هیجری**: ترامپ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەرجامی وەک یەکێک لە خراپترین قەراردادەکانی مێژووی ئامریکا ناو دەبرد و ئەوکات ڕایگەیاند کە لە بەرجام دێتەدەر و ئێستاش کە هەڵبژێردراوە بۆ سەرکۆماری، دەبێ ئەو دروشمە عەمەڵی بکات، ئەویش پێی وایە ڕێژیم بەو قەرارداده دەستی ئاوەڵاتر بووە لە پێوەندی لەگەڵ یارمەتیدانی زیاتری تێرۆریستەکان و دوای ماوەی دیاریکراو لە بەرجام، کە ئەگەر هەڵە نەکەم ١٥ ساڵە دووبارە دەستی ئاوەڵا دەبێ لە پیتاندنی ئۆرانیۆم؛ بەتایبەتی هێندێک بەڵگەی ڕوون لەو پێوەندییەدا لەو ماوەیەدا هاتوونەتە ئاراوە کە دەریدەخەن کۆماری ئیسلامی هەر بە فکری دەسپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی و پیتاندنی ئۆرانیۆم بووە و لەو ماوەیەدا درۆی کردووە لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی؛ لە لایەکی دیکەشەوە دەستێوەردانی لە وڵاتانی ناوچەکە، یەکێک لە ئامانجەکانی ئامریکا ئەوەیە دەستێوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە کەم بکاتەوە، ئەوە بوو کە دیتمان لە ڕاگەیاندنەکانیاندا نیشانیان دا ڕێژیم بۆ دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی عێراقدا بڕێکی یەکجار زۆر پووڵی ئامادە کردبوو کە لە سنووردا گیران. ئامریکا دەیهەوێ دەستی ڕێژیمی ئێران لەو کارانە کورت بکاتەوە و تا ئەو کاتەی کە ئەو ئامانجانەی دێتە دی، هەم گەمارۆکانی پێشوو وەگەڕ دەخرێن و هەم گەمارۆی تازە دەخاتە سەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.

**تیشک تیڤی**: باستان لە دەستێوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچەدا کرد و ئێستاش ئامریکا وا دەنوێنێت کە نایەوێت ڕاستەوخۆ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئێراندا بکا و بە سەرنجدان بە ئەزموونەکانی پێشوو لە وڵاتانی لیبی، کوبا، کۆرەی باکوور و یەک دوو وڵاتی دیکە کە گەمارۆکان تەمەنی دەسەڵاتدارانی درێژتر کردۆتەوە، ئایا چڕکردنەوەی گەمارۆکان دەبێتە هۆی دارمان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی؟

**مستەفا هیجری**: ئێستا باس لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نییە لە لایەن ئامریکاوە، بەڵام ویستی ئامریکا ئەوەیە کە هەر وەک باسمان کرد، ئێران بێنێتە سەر مێزی دانوستان بۆ ئەوەیکە ئەو خاڵانەی کە داخوازی ئامریکان، قەبووڵ بکات و تەجروبەی ڕابردووش



سەرچاوە
Serchawe

نیشانی داوە، کە هەر کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر فشاردا قەرار دەگرێ و حکوومەتەکەی لاواز دەبێ و بەرەو ڕووخان دەچێ، تەسلیم دەبێ. ئێمە لە مێژووی هاتنە سەرکاری ڕێژیمدا ئەو حاڵەتەمان چەند جار دیتووە. یەکەمیان لە شەڕی ئێران و عێراقدا، کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیم شەڕێکی ٨ ساڵە لە نێوان ئێران و عێراقدا ڕووی دا و ڕێژیم دوای دانی هەزینەیەکی زۆر و کوژران و بریندارێکی یەکجار زۆر لە گەنجە ئێرانییەکان، لە کۆتاییدا کە دیتی دەرەقەتی عێراق نایە، هاتە سەر مێزی دانوستان و وەک خۆیان گوتیان خومەینی جامی ژەهری خواردەوە. دووهەم قۆناغ کە دەیبینین وەکوو ئەزموونێک هەر قەراردادی بەرجام بوو، پێش ئەوەیکە بەرجام واژۆ بکرێت، سەرکۆمارەکانی ئێران بە تایبەت ئەحمەدی‌نژاد و بەرپرسانی باڵای سیاسیی و نیزامی دەیانگوت، کە ئەو گەمارۆیانەی کە ئامریکا خستوویەتە سەر ئێران، ڕۆڵیان نییە و تەنیا کوتە کاغەزێکی بێ ئەهەمیەتە، بەڵام کاتێک وەلی فەقیهـ زانی بەو دروشمانە چارەسەری نایە، بە نهێنێ و بێ ئەوەی سەرکۆمار بزانێ، نوێنەری خۆی نارد بۆ عەمان و لەگەڵ نوێنەری ئامریکا قسەی کرد و بناغەی بە چۆکداهاتن و قەراردادی بەرجامی ئەو کات باس کرد و لە کۆتاییدا دیتمان ملی ڕاکێشا بۆ ئەو خاڵانەی کە ئەو کات ئورووپا و ئامریکا دەیانەویست و خودی ئۆباما وەک سەرکۆماری ئامریکا پێی ڕازی بوو، ئەو دەمەیش قەبووڵی کرد و من گومانم نییە کە لە داهاتووشدا ئەگەر ئەو گەمارۆیانە ڕۆڵیان ئەوەندە زۆر بێ کە جارێکی دیکەش کۆماری ئیسلامی مەترسیی دارمانی یەکجاریی ئابوورییەکەی هەبێ، دووبارە دێتەوە سەر مێزی وتووێژ و قەبووڵی ئەوە دەکا و ئامریکا دەیەوێ لەو تەجروبەیە کەڵک وەربگرێت.

**تیشک تی‌ڤی**: ئایا چوونەدەری ئامریکا لە بەرجام ئەو ئاوانسە بە کۆماری ئیسلامی نادات کە هەژاری و نەداری و برسییەتی خەڵکی ئێران بخاتە سەر ئەستۆی ئەو گەمارۆیانە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەسەر ئێرانیدا سەپاندووە؟

**مستەفا هیجری**: کۆماری ئیسلامی لەوە کەڵک وەردەگرێت، بەڵام دوای بەرجام کە گەمارۆکان لەسەر ئێران نەمان، هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەت خەڵکی ئێران شاهیدی ئەو ڕاستییە بوونکە دوای لابردنی گەمارۆکانیش ڕێژەی بێکاری، نەخۆشی و دۆخی خراپی ئابووری و ژیان لە نێو خەڵکی ئێراندا زیاتر و خراپتر بووە؛ ئەوە شتێکە کە خودی بەرپرسانی ڕێژیمیش دانی پێدەنێن، بۆیە پێم وایە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیەوێ جارێکی دی بگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە تەبلیغاتانە، ئیدی کەس باوەڕی پێ ناکات.

**تیشک تی‌ڤی**: هەر لەو پێوەندییەدا ئایا کاری دژبەرانی ڕێژیم کە کار بۆ دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکەن، دژوارتر نابێتەوە؟

ئێمە پێمان وایە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان هەتا بەرەو زەعفی زیاتر برۆن، سەرکوت و زەبروزەنگ لەسەر خەڵک زیاتر دەکەن، چونکە ڕێگاحەلیان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و ڕازی کردنی خەڵک نییە و هەموو چارەسەرەکان لە سەرکوت و زەبروزەنگدا دەبیننەوە کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانیش یەکێک لەوانەیە، بۆیە ئێمە ئەو ئیحتماله دەدەین، کە پێ بەپێی ئەوەیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لاوازتر دەبێ، سەرکوت و زەبروزەنگ هەر بەو شکڵە دەبێ.

**تیشک تی‌ڤی**: دوای هاتنەدەری ئامریکا لە بەرجام، ئورووپا لە بەرجامدا دەمێنێتەوە یان ئەوانیش پشت لە ئێران دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: دەزانی ئێستا شەڕی بازرگانی و قازانج و بەرژەوەندییە، ئوروپاییەکان هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە بەرجام بمێنێتەوە، بەڵام لەسەر ئەو خاڵانەی کە ئامریکا داوایان دەکا و ئەوانیش لەسەری هاودەنگن کە کۆماری ئیسلامی دەبێت دەست لە زێدەخوازییەکانی خۆی لە دونیای دەرەوە هەڵبگرێت، یارمەتی تێرۆریستان کۆتایی پێ بێنێت و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا نەکات بە جیاواز لەگەڵی واریدی وتووێژ بن؛ ئەوانە هەموو بەستراونەتەوە بەوەیکە لە داهاتوودا ئێران چۆن وڵامی ئەوە دەداتەوە، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە ئێران لەئاکامدا ئەگەر بە داخوازی ئوروپاییەکانیش رازی نەبێت، ئوروپاییەکان بازرگانیی لەگەڵ ئامریکا ناگۆڕنەوە بە ئێران؛ بەو مانایە کە ئەوانیش لە دوای قازانج و بەرژەوەندی خۆیاندان و قازانج و معامەلە کردنی ئەوان لەگەڵ ئامریکا چەندین بەرانبەری ئێرانە، بۆیە ئەوە بە بۆچوونی من شتێکە کە جێگای گومان نییە، بەڵام لەو ماوەیەدا هەوڵ دەدەن کە هەم لە بەرجامدا بمێننەوە و هەمیش داخوازییەکانی ئامریکا لەسەر ئەو خاڵانە جێبەجێ بکەن کە کۆماری ئیسلامی بێننە سەر مێزی وتووێژ و پێی ئیمزا بکەن.

**تیشک تیڤی**: ئایا گەمارۆکان کاریگەری زیاتریان لەسەر خەڵک دەبێت یان لەسەر دەسەڵات؟

**مستەفا هیجری**: هەموومان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەناسین، تەجروبەیەک کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە و لە دوای بەرجامیش نیشانی دا، هەموو خەڵکی ئێران دڵیان بەوە خۆش بوو کە بە ئیمزاکردنی بەرجام، کار زۆرتر و داهاتی خەڵکیش زیاتر دەبێت، مەعیشەت باش دەبێت، ئەو فەزا توندوتیژ و ئەمنییەتییەی کە لەسەر خەڵک زاڵە، ئارامتر دەبێتەوە، ئەو پووڵەی کە بە دەستی دێنێ بۆ گوزەرانی خەڵک بەکاری دێنێ، بەڵام تەجروبە نیشانی داوە هەمووی ئەوانە بەپێچەوانە بوون، یانی هەر دوای هەڵگرتنی گەمارۆکان تا ئێستا، گرانی لە ئێراندا چەند بەرانبەر زیاد بووە، نموونەی زەق و بەرچاوی نرخی تمەنە کە لە بەرانبەر دۆلاردا لە ماوەی ٦ یان ٧ مانگی ڕابردوودا حدودی ٥٠ لەسەد زیاتر دابەزیوە و ئەو دابەزینە هەروا بەردەوامە و بێجگە لەوەش دیتمان ئەو پووڵانەی کۆماری ئیسلامی لە دوای بەرجام و لاچوونی گەمارۆکان دەستی کەوت، لە جیاتی ئەوەی بۆ پێداویستیەکان و رفاهی خەڵکی ئێران تەرخان بکرێت، بۆ پەرەپێدانی تێرۆریزم و دەستێوەردانی لە وڵاتانی ناوچە و بەهێزکردنی ماشینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەکار هات، بۆیە ئەمن لەو باوەڕەدام کە ئەو گەمارۆیە بۆ خەڵکەکە فەرقێکی ئەوتۆ ناکات، بەڵام لە باری ئابوورییەوە شوێندانەری زۆر لەسەر ڕێژیم دادەنێ.

**تیشک تیڤی**: دواهەڵوەستەی ئامریکا لەسەر ئێران دەتوانێت چ بێت؟

**مستەفا هیجری**: پێم وابێت ئامریکا دەیەوێت ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە ئەو کۆماری ئیسلامییەی ئێستا نەمێنێت! دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ نەکات، یارمەتی گرووپ و دەوڵەتە تێرۆریستییەکان نەدات، مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێران پێشێل نەکات، ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو خاڵانە قەبووڵ بکات، من پێم وایە ئامریکا هیچ هەوڵێک بۆ ڕووخانەکەی نادات، بەڵام ئێستا ئەو پرسیارە لە ئارادایە کە ئەگەر ئێرانیش لە بەرجام بێتە دەر و پیتاندنیش دەست پێ بکاتەوە، ئەو دەم چ روو دەدات کە زۆر گرینگە، من پێم وایە لەوەدا لێی قەبووڵ ناکەن نە ئامریکا و نە ئورووپا و دژکردەوەی زۆر توندیان



سەرچاوە
Serchawe

دەبێت؛ جا ئایا ئەو دژکردەوانە دەگەنە ئەو ئاستەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ یان نەڕووخێ، ئەوە بەستراوەتەوە بە داهاتوو کە دەبێ بزانین چۆن ئەو پرۆسەیە دەچێتە پێشەوە .

**تیشک تیڤی**: بەو پێیە ئایا لە ئێستادا سیاسەتی گۆڕینیش لە ئارادا نییە؟ ئەوەی کە بە ئاشکرا چ لە لایەن ئورووپا چ لە لایەن ئێرانەوە ڕادەگەیەندرێت سیاسەتی گۆڕان لە ئارادا نییە، گریمان کە سیاسەتی گۆڕین لە ئارادا بوو، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەتوانێت وەک ئاڵتێرناتیڤ حیساب لەسەر کام لایەن یان هێز بکات؟

**مستەفا هیجری**: ئەوە یەکێک لە پرسە زۆر گرینگەکانە کە هەم بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەم بۆ خەڵکیش زۆر مەترەحە کە دوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کێ دێتە سەرکار؟ ڕەنگە بەشێک لەوەیکە ڕۆژئاوا بە گشتی جارێ بیر لە گۆڕینی کۆماری ئیسلامی ناکاتەوە، نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکە کە دوای ڕێژیم بتوانێ ئێران بە شێوەیەکی دیکە ئیدارە بکا. ڕەنگە تا کاتی پێکهاتنی ئەم ئاڵتێرناتیڤە ئەو حاڵەتە لە نێو ئورووپا و ئامریکادا بمێنێتەوە، هەتا بەو جۆرەی عەرزم کردی لە نێو ئێرانییەکانیشدا بەشێکیان لانیکەم ئەوانەی لایەنگری کۆماری ئیسلامین و دژ بە ڕووخانی ڕێژیمن هەر بەو دەلیلەی دەڵێن کە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کێ بێ؟

**تیشک تیڤی**: کێشە و لەمپەڕەکانی بەردەم هاتنە ئارای ئاڵتێرناتیڤ چین لە ئێستادا؟ بۆچی ئۆپۆزیسیون کارێک ناکەن پێکەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زووم لە سەر لایەنێک نەکەن و هەموویان لە دەسەڵاتی داهاتوودا بەشدار بن؟

**مستەفا هیجری**: هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئۆپۆزسیونی سەرانسەری زۆر بێهێز، نایەکگرتوو و بە بیروبۆچوونی جیاوازەوەن، بۆیە ئەوانە نەیانتوانیوە لە ماوەی سی و چەند ساڵی ڕابردوودا کە تەمەنی ڕێژیمە بە بەرنامەیەکی سیاسیی ڕوون و دیاریکراو بگەن، بۆ ئەوەیکە هەم خەڵکی ئێران بزانن چ ئاڵتێرناتیڤێکیان دەوێت هەم دەرەوەی وڵات، جا دوایە بڕیار بدەن کە یارمەتی بکەن یان نا کە ئەوە یەکێک لە شانسەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لە واقیعدا بووەتە یەکێک لە هۆیەکان کە بتوانێ بمێنێتەوە و نەڕووخێ. ئەگەر باس لە ئۆپۆزسیونی کوردی ئێران بکەین، پێم وایە بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوو وەزعیان باشترە؛ لە باری لێک نزیکبوونەوە و هاوکاریدا و هەر وەکوو دەزانن ناوەندێکی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەم کۆتاییانەدا پێک هاتووە کە دیالۆگ و پرس و وتووێژ لەسەر پرسە جۆراجۆرەکان دەکەن، کە ئاکامی باشیشی تا ئێستا هەبووە.

**تیشک تیڤی**: ئایا ئەو ناوەندە هاوکارییە خاو نیە لە کارکردندا یان لە پراکتیکدا کارێکیان کردووە کە ئێمە ئاگاداریان نەبین؟ دانیشتنی بەردەوام چ قازانجێکی هەیە کاتێک لە کردەوەدا هیچ کارێک ناکرێت؟

**مستەفا هیجری**: لانیکەمی قازانجی ئەوەیە ئەگەر ڕێکخراوەکانی کوردی ئێران جیاوازیی بیروبۆچوونیان هەبێ، لە هەر بارێکەوە لە جیاتی ئەوەیکە وەکوو ڕابردوو بە شەڕ و کێشە لەگەڵ یەک چارەسەری بکەن، لە دانیشتنەکاندا قسەی لەسەر دەکەن، ڕەنگە ناوەندی هاوکاریی هەتا ئێستا نەیتوانیبێ بە شێوەی عەمەلی کارێکی بەرچاوی کردبێ، کە خەڵکی کورد لە خۆرهەڵاتیش چاوەڕوانیەتی، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

ئەو دەسکەوتە نابێ بەکەم بگرین، چونکە هەموو تەوافوقات و بەرنامەی عەمەلی و کاری سیاسی لەو دانیشتنانەدا دێتە پێشێ، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ ئۆپۆزسیونی کوردی ئێران تەنانەت ئەگەر بەهێزیش بێ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەتەنێ بۆی زۆر زەحمەت دەبێ.

**تیشک تیڤی**: ئایا ئۆپۆزسیونە سەرتاسەرییەکان لەو ڕاستایەدا هیچ داوایەکیان لە ئێوە وەک حدکا یان ئۆپۆزسیونی کورد هەبووە بۆ دوای دارمان یان گۆڕین؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لەگەڵ چەندین ئیئتلافی سەرانسەریی ئێران هاوپەیمانین یان ئەندامین لە ڕێکخراو و ئیئتلافەکاندا، لە زۆر خاڵدا پێکەوە هاوڕاین، بەڵام هێندێک لەو لایەنانەش هەن، کە دژی ویست و داخوازییەکانی ئێمەن، وەکوو دەزانن بەشێکیان کاتێک کە تۆ باسی مافی نەتەوەیی دەکەی خێرا باسی دابەشکردنی ئێران و ئەو جۆرە شتانە مەترەح دەکەن، تەقریبەن کەم و زۆر وەکوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین، بۆیە تاکوو ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە لەگەڵ هەموو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە تەوافوقێکی سیاسی بگەین، بەڵام لەوێشدا ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و ئۆپۆزسیۆنی دیکەی کورد لە خۆرهەڵات وەزعمان باشترە. ئێمە ئێستا زۆر ڕاحەت دەتوانین ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خۆمان لەگەڵ ئەوان باس بکەین و لەگەڵ هێندێکیان بە تەوافوق بگەین، بەڵام ڕەنگە ئێوەش لە بیرتان بێ، کە ساڵانێک لەوە پێش و لە سەرەتاکاندا ئەسڵەن بۆیان تەحەممول نەدەکرا کە باسی مافی نەتەوەیی بکەی، باسی فێدرالیزم بکەی، ئەوانەیان قەبووڵ نەبوو، بەڵام ئێستا بەشێکی زۆریان کە ئێمە لێیان نزیکین و لەگەڵیان لە ئیئتلافداین، ئەوانەیان قەبووڵ کردووە.

**تیشک تیڤی**: وەک دوایین پرسیار؛ کورد بەگشتی و حیزبی دێموکرات بەتایبەت لە خۆرهەڵات چۆن دەتوانێت ئەو هەلە کە بە هۆی گرژی و ئاڵۆزییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە و هەروەها کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم هاتووەتە ئاراوە، بە قازانجی کورد بقۆزنەوە؟

**مستەفا هیجری**: لێرەدا دەبێ ئیشارە بە دوو خاڵی زۆر گرینگ بکەم: یەکیان، ئێمە وەک ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی ئێران دەبێ واقیعییەتەکان لە بەرچاو بگرین، ئەو واقیعییەتانەی کە لە نێوخۆی ئێراندا هەیە، بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا پێک هاتووە. دووهەم: دۆخی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، چونکە ئێمەش وەک بەشێک لە ئێران لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەدوور نین، ئێمە ناکرێ وەدوای خەیاڵات و ئەوانە بکەوین و سیاسەتێک بەکار بێنین کە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و مەنتەقەدا هەیە غافڵ بین. جگەلەمەش ناتوانین تووشی بەرزەفڕی و خەیاڵات بین، ئێمە حیزبە کوردیەکانی ئۆپۆزسیونی ئێرانی وەکوو حیزبی سیاسی دەبێ لەگەڵ واقیعیات بەرەوروو بین، ئاوات و ئامانجی خەڵکی کورد بەتایبەت گەنجەکان جێگەی ڕێزە و دەتوانن ئارەزووی خۆیان هەبێ، بەڵام حیزبی سیاسی دەگەڵ واقیعیات تەرەفە؛ دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعییەتانە ئاڵقەی نزیکایەتی و ئیئتلاف لەگەڵ لایەنانەکانی خۆرهەڵات هەروا بەهێز بێت و هەنگاو بە هەنگاو بچینە پێش بۆ کاری زیاتر کە لە دەستمان دێت و ئیمکانی هەیە دەتوانین جێبەجێی بکەین و دەرفەتیش لەدەست نەدەین، چونکە ئەگەر ڕێکخراوی زیاتریش لەو

ناوەندی هاوکارییەدا بێ و بەرنامەی عەمەلی و بەکردەوەییش نەبێ و لەواقیعدا هەروا بمێنێتەوە و چاوەڕوانی ڕووداوەکان بێت، ناتوانین لە فورسەتەکان کەڵک وەربگرین بە قازانجی خەڵکەکەمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## دوکتور قاسملوو یەکێک بوو لە ڕووناکبیرە دەگمەنەکانی کورد...



### چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری "دیپلۆماتیک" سەر بە گرووپی گوڵنار

مستەفا هیجری: دوکتور قاسملوو یەکێک بوو لە ڕووناکبیرە دەگمەنەکانی کورد لە سەردەمی خۆیدا، کە باوەڕی بە فرەیی هەبوو، باوەڕی بە پێکەوەژیانی نەتەوەکان هەبوو

گۆڤاری "دیپلۆماتیک" سەر بە گرووپی گوڵنار چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ساز داوە کە لێرەدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەرانی خۆشەویست.

لەم دیدارەدا بەڕێزمستەفا هیجری سەبارەت بە ئەزموونی سیاسی خۆی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدوێت.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: کەی و لەکوێ لەدایک بوویت؟

**مستەفا هیجری**: ساڵی ١٩٤٥ی زایینی لە شاری نەغەدە لەدایکبووم، نەغەدە شارێکە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ناوچەیەکە لەوێدا کوردو تورک پێکەوە دەژین، هەر لەوێش خوێندنی سەرەتاییم تەواو کردووە، دواتر چوومەتە ورمێ بۆ درێژەدان بە خوێندن، ئەو دەمە ناوەندێک هەبوو پێمان دەگوت دانیشسەرای کەشاوەرزی، ئەوێم تەواو کرد. دوای ئەوە بووم بە مامۆستا ناردیانم بۆ سەقز، لە گوندێکی سەقز بۆ ماوەی سێ ساڵ مامۆستا بووم، پاشتر گەڕامەوە شارەکەی خۆم، لەوێ درێژەم بە کاری مامۆستایەتیەکەمدا، هەر لەوێش لە تاقیکردنەوەکانی دانیشگای تەورێز و تاران بەشداریم کرد، لە هەردووکیشیان وەرگیرام، بەڵام چووم لە تاران خوێندنەکەی خۆم درێژە پێدا، لە بواری ئەدەبیاتو زمانی فارسی بەکالۆریۆسم وەرگرت. پاشتر گەڕامەوە بۆ نەغەدە شاری خۆم، لەوێ لە قوتابخانەکانی ناوەندیو دواناوەندی وەک مامۆستا وانەم دەگوتەوە، کە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکردو منیش یەکێک لە چالاکەکانی خۆپیشاندانەکانی دژی شا بووم، هەم کاتێک کە مامۆستا بووم، هەم لەو کاتەی خۆپیشاندانو ناڕەزایی خەڵکەکە دەستی



سەرچاوە Serchawe

پێکرد، دواتر لە نەغەدە نەمتوانی بمێنمەوەو هاتمە مەهاباد، ساڵێکیش لە مەهاباد مامۆستا بووم، دوای ئەوەی کە حیزبی دیموکرات ئاشکرا بوو، لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا کە لە مەهاباد گیرا، واتە یەکەمین کۆنگرەی کە بە ئاشکرا گیرا، لەو کۆنگرەیەدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات هەڵبژێرام، ئیدی خەباتەکەمان بە دژی ڕێژیمی خومەینی دەستی پێکرد، ناچار بووم دەست لەکاری مامۆستایەتی هەڵگرم، وەک پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات ئیش و کارم دەکرد، دوای ساڵێک کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران مەهابادی گرتەوە، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی تردا کە بووبووینە حیزبی، شارمان بەجێ هێشت، لەو دەمەوە تا ئێستا لەگەڵ حیزبی دیموکرات کارو تێکۆشانمان هەبووە.

هەر لە کاتی بوونم بە حیزبی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرام، لەو کاتەوە تا ئێستا هەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووم، زۆربەی کاتەکان هەر ئەندامی دەفتەری سیاسیی بووم، ماوەیەک دوای شەهیدبوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی بووم بە سکرتێری حیزب بۆ ماوەی دوو ساڵ، لە کاتێکدا کە دوکتور شەرەفکەندی سکرتێری حیزب بوو، جێگری بووم، لەو کاتەوە کە نزیکەی ١٢ ساڵە سکرتێری حیزبم، بەڵام لە کۆنگرەی دواهەمیندا(کۆنگرەی١٦دا فوورییەی٢٠١٨دا) وشەی سکرتێر گۆڕدرا بۆ لێپرسراوی گشتی حیزب، تا ئێستاش بەو ناوە لە خزمەتی حیزبدام.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: بەر لە ئاشنا بوونت بە کاری سیاسیی، لە سەرەتای منداڵیتەوە هەستی نەتەوەییت چۆن بوو؟ کێ بوون ئەوانەی هەستی نەتەوەییتیان دەجووڵاند و کاریان لەسەرت کردبوو؟

**مستەفا هیجری**: لە شارێکدا دەژیام، تێکەڵەیەک بوو لە نەتەوەی تورکو کورد لە زەمانی شادا، خەڵکی کورد یەکجار زۆر لە ژێر ستەمدا بوو، جیاوازییەکی زۆر هەبوو لە نێوان ئێمەی کوردو تورکەکاندا، ڕێژیمی پەهلەوی هەموو دەسەڵاتەکەی دابوو بە تورکەکان، بۆیە ئێمە وەک کورد بەدەستی تورکەکان سەرکوت دەکراین، ئێمە دووجار چەوسێنراوینەتەوە، من کە منداڵ بووم ئەو چەوساندنەوەیەم دەدی، جیاوازییەکی زۆر هەبوو لە نێوان منداڵەکانی کوردو تورک لە خوێندنگا، باری ژیانی ئەو مامۆستایانەی کە کورد بوون لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی کە تورک بوون زۆریان جیاوازی هەبوو، جیاوازییەکە زۆر ئاشکرا بوو، ئەوە لە واقیعدا نەک هەر لە مێشکی مندا، بگرە لە مێشکی هەموو منداڵە کوردێکدا کاریگەرییەکی گەورەی دانابوو، بۆیە کاتێک کە وردە وردە گەورە دەبووین، زیاتر هەستمان پێدەکرد، هۆشیاری نەتەوەییمان زیاتر دەبوو، وە هەستی نەتەوایەتی من بێجگە لە بنەماڵەکەم، لەو ژینگەیەدا گەشەی کردو هەستم بە ستەم و جیاوازی کردووە بەرامبەر گەلەکەم، وە پێی ناڕەحەت بووم، هەمیشە نیگەران بووم، هەمیشە ئارەزووم بووە ڕۆژێک ئەو جیاوازییە نەمێنێ و هەموومان بتوانین وەکو یەک لە شوێنی ژیانی خۆماندا بژین.

کاتێک لە زانکۆش بووم لە تاران، لەگەڵ هاوبیرەکانی خۆم لەسەر مەسەلەی چۆنییەتی لابردنی ئەو ستەمە لەسەر خەڵکی خۆمان بیرمان دەکردەوە، قسەمان دەکرد، ئەو کاتە تێکۆشانی سیاسیی و نەتەوەیی، تێکۆشانێک کە دژی ستەمی ڕژێم بێت قەدەغەکراو بوو، بۆیە بە نهێنی کارمان دەکرد، دوای ئەوە کە ڕێژیمی شا ڕووخا، حیزبی دیموکرات و ئەندامانی بە ئاشکرا گەڕانەوە ناوچەکەو دەستیان کرد بە کارو چالاکییەکانیان، منیش بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆم، پێم وابوو کە بیروباوەڕی حیزبی دیموکرات وەکو حیزبێکی نەتەوەیی

تێدەکۆشێ بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی، لەگەڵ ڕوحییەتی من کە لەو ژینگەیەدا گەورە بووبووم یەکی دەگرتەوە، ئەگینا ئەو کاتە لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا زۆر حیزب سەریان هەڵدا لە ئێراندا، بەتایبەتی لە ناوچەی کوردستاندا، لە حیزبە چەپەکانەوە بیگرە (کەحیزبی توده زیاتر ئاڵا هەڵگریان بوو) تا حیزبە ئیسلامییەکان. بەڵام من چونکە زۆرتر نەتەوەییتر بیرم دەکردەوە، ئامانجی خۆم زیاتر لە حیزبی دیموکراتدا دەدییەوە، لە کۆنگرەی چواردا هەڵبژێردرام بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: دەگوترێت حیزبی دیموکرات بە ئاراستەو پشتیوانی سۆڤییەت دامەزراوە، لە کاتێکدا دیموکرات حیزبێکی ڕاستڕەو بووەو، سۆڤییەتیش ئایدیۆلۆژیای چەپی هەبووە، چۆن یەکێتی سۆڤییەت دیموکراتی دامەزراند؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕاستیدا بەپێی تێگەیشتنی من نە ئەوەیە حیزبی دیموکرات سۆڤییەت دایمەزراندوە، نە ئەوەشە کە لە پێکهاتنەکەیدا بوونی سۆڤییەتەکان لە ناوچەکەدا بێ کاریگەر بووبێت. بێگومان سۆڤییەت کاریگەری هەبووە بەسەر حیزبی دیموکراتەوە، بەتایبەت دوای دوو سەفەر کە گرووپگەلی کورد چوون بۆ سۆڤییەت، لە یەکێک لە سەفەرەکاندا پێشەوا بۆ خۆی ئامادەیی هەبوو، دوای ئەوەش گرووپێک لە خوێندەوارانی ئەو دەمی مهاباد نێردران بۆ سۆڤییەت، بۆ ئەوەی فێری کاری عەسکەری ببن، ئەوانە هەموویان کاریگەریان هەبوو، بەتایبەتی سۆڤییەتەکان لە ناوچەکەو لە مهاباددا پاڵپشتی پێکهاتنی حیزبی دیموکراتیان دەکرد، بەس نەک بڵێین سۆڤییەت ڕاستەوخۆ پێکیهێناوە، بەڵام بێ کاریگەریش نەبوون لە پێکهاتنیدا.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: دوکتور قاسملوو بەڕەحمەت بێ تاچەند باوەڕی بە فرەیی هەبوو، هەم لەناو کورددا، هەم لەناو حیزبەکەی خۆیدا؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەندەی کە دوکتور قاسملوو دەناسم و بەخۆشییەوە ئەو شانازییەم بۆ ماوەتەوە کە ماوەیەکی زۆر لەخزمەتیدا بووم و کارمان کردووە پێکەوە، یەکێک بوو لە ڕووناکبیرە دەگمەنەکانی کورد لە سەردەمی خۆیدا، کە باوەڕی بە فرەیی هەبوو، باوەڕی بە پێکەوەژیانی نەتەوەکان هەبوو، ناڕەحەت بوو بەوەی کە کوردو تورک لە ناوچەیەکدا دەژین، لەبری ئەوەی کە پێکەوە بسازێن و وڵاتەکەیان ئاوەدان بکەنەوە، لەفیکری تۆڵەکردنەوەدابن لە یەکتری، لەو بارەوە پێموایە لەناو ڕووناکبیرانی کورددا سەرتۆپ و سەرچڵ بوو، بەتەواوی پێیوابوو کە مرۆڤەکان هەموو مافی خۆیانە کە ئازاد بن و ئازاد بژین، بە ئازادی بیروباوەڕی خۆیان دەرببڕن، لە تەواوی ئەو ماوەیەی کە لە ژیاندا مابوو، دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دروشمی سەرەکی حیزبی دیموکرات بوو، دیموکراسی بۆ ئێران، مانا سیاسییەکەی ئەوە بوو کە ئێمە ئازادی و یەکسانیمان تەنها بۆ کورد ناوێ، بەڵکو بۆ تەواوی ئێرانمان دەوێ، دوکتور قاسملوو باوەڕی بەوە بوو کە ئەگەر هەموو نەتەوەکانی پێکهێنەری حەشیمەتی ئێران بە ئازادی نەگەن، کورد زۆر زەحمەتە بە تەنیا بتوانێ مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، بۆیە ئەوەندەی کە هەوڵی دەدا بۆ ڕزگاری کورد، ئەوەندەش هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی تەواوی نەتەوەکانی تری ئێرانیش پێکەوەژیان و هاوخەباتی لەنێوانیاندا هەبێ.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: پێت وانییە ئەوەی کە مافی کورد بەڕەسمی دەناسێنێت ئەورووپاو ئەمریکان، نەک ئێران، واتە ئێران تەنها

نوێنەرو کار ڕاپەڕێنەری ئەوانەو، ئەوە ئێران نییە کە نایەوێ کورد بە مافەکانی بگا، بەڵکو ئەوە ئەمریکاو ئەورووپان نایانەوێ کورد ئەو مافەی هەبێت؟

**مستەفا هیجری**: خۆزگە ئێمەی کوردیش دەگەیشتینە ئەو ئاستە لە بیرکردنەوە کە تاوانی هەموو کەم و کوورپییەکانی خۆمان نەدەخستە ئەستۆی ئەمریکا و ئەوروپا، بەڵکوو بەشی خۆشمان دادەنا. لە بەرەسمی ناسینی مافی کورد دا ئێمە بۆ خۆمان وەکوو کورد هەڵەی زۆرمان بووە لە نایەکریزی، پشتبەستن بە دوژمن، هەڵەی سیاسی و ... هۆی دووهەمی دەگەڕێتەوە سەر دەوری کاریگەری ئەو حکوومەتە دیکتاتۆریانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش بووە.

لەنێو ئەو حکوومەتانەش ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە هەمووان زیاتر ڕەگەزپەرەست و دژی کوردە، ئەو ڕژێمە تەنیا دژی مافی کورد لە ئێران نییە، بەڵکوو دژی مافی کورد لە هەموو بەشەکانە، لێرەدا ئەمریکا و ئەوروپا هیچ تاوانێکیان نیە. لانیکەم لە ماوەی ٤ - ٥ دەیەی ڕابردوودا کە کورد لە هەموو بەشەکانیدا خەباتی کردوە بۆ ئازادی و بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی، نەمان بیستووە کە یەکێک لەو دەوڵەتانە مافێکی کوردی بە ڕەسمی ناسیبێ و ئەمریکا و ئەوروپا دژایەتیان کرد بێ.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: لەنێو کوردی باشووردا دیاردەی جاشایەتی و نۆکەرایەتی بۆ بێگانە زۆر بەرچاوترە، تەنانەت بگرە بە گرووپ ناوی (جاشەکانی ٦٦)یان لێناون، وەک ئەوەی مەلا موستەفا ئەو ناوەی بڕی بەسەر باڵی مەکتەبی سیاسیی و خودی جەلال تاڵەبانیدا، هەروەها دەگوترێ لە حەوتسەد هەزار نێرینەی کورد، پێنجسەد هەزاریان بوونە جاش و نۆکەری سەدام، بوونی ئەو هەموو موستەشارو ئاغایانەی کە نۆکەریان بۆ سەدام دەکرد بەرچاوە، تەنانەت باس لەوە دەکرێ کورد هەمیشە لەناخەوە ئەم سیفەتەی تێدایە، وەک چۆن لە ڕابوردوودا میرنشینەکان هەر یەکەیان بوونەتە داردەستی (عوسمانلی و سەفەوی)یەکان، مەبەستمە بپرسم ئایا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەم دیاردەیە لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا لە ڕۆژهەڵاتیشدا ئەم دیاردەیە بەو زەقی و بەرچاوی و ڕێژە زۆرەوە بوونی هەبووە لە ڕابوردوو و ئێستادا؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕۆژهەڵاتیشدا جاشایەتی و خزمەت کردن بە دوژمن لە ڕێگای زەربە وەشاندن لە خەبات بۆ ئازادی کورد هەیە، بەڵام بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ باشوور، ئەو دیاردەیە زۆر لاوازترە.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: لە هەشتاکاندا و بەر لە تیرۆرکردنی، دوکتور قاسملوو یەکێک بوو لەو کەسانەی پەیوەندییەکی گەرم و گوڕو خۆشی لەگەڵ سەدام حسێندا هەبوو، تەنانەت یەکەم هەوڵدان بۆ دانووستانی نێوان کوردی باشوورو سەددام لەڕێگەی قاسملووەوە بووە، ئەم پەیوندیە لەسەر چ بنەمایەک بووە؟

**مستەفا هیجری**: دوکتور قاسملوو لەگەڵ سەدام حسێن پەیوەندی شەخسی نەبوو، پەیوەندی حیزبی بوو، کاتێک حکومەتی سەدام حسێن دژی ڕێژیمی خومەینی شەڕی دەکرد، حیزبی دیموکراتیش شەڕی دژی خومەینی هەبوو، شتێکی زۆر ئاساییە کە بەهۆی ئەو خاڵە

هاوبەشەوە پەیوەندییەکیش هەبێت، بەڵام ئامانجی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئامانجی ڕێژیمی سەدام حسێن بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێران جیاواز بوو، حیزبی دیموکرات دەیویست کە ڕێژیمی خومەینی بڕووخێت بۆ ئەوەی سیستەمێکی دیموکراتییەت بێتە سەر کار، ئەو کاتە درووشمەکەمان خودموختاری بوو.

بەڵام سەدام حسێن بۆ ئامانجێکی خۆی دژی ئێران دەجەنگا، بەبۆچوونی من ئەوە لە سیاسەتدا شتێکی زۆر ئاساییە، ئەو نزیکایەتییەی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ڕێژیمی عێراق لەلایەک، وە پەیوەندی نزیکی حیزبی دیموکرات لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بەهۆی ئەوەی کە د. قاسملوو هەوڵ بدا کێشەی کوردی باشوور لەگەڵ حکومەتی بەغدا بە وتووێژ چارەسەر بکرێ، بەغدا مافی کورد بسەلمێنێ، ئەو ئامانجە وایکرد کە دوکتور قاسملوو هەوڵ بدا و زەمینەی گفتوگۆ لای سەدام حسێن بسازێنێ.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: قسەیەک هەیە دەڵێ حیزبی دیموکرات هێندەی لەسەر کەلەپووری ڕابوردوو، وە مێژووی ڕابوردوو و باسکردن لە سکرتێرە تیرۆرکراوەکانی دەژی، هێندە لە خەمی ئایندەدا نییە، دەتانەوێ بە وێنەی (پێشەواو قاسملوو و شەرەفکەندی)یەوە سەرووەرییەکان بە خەڵک بفرۆشنەوە؟

**مستەفا هیجری**: من لەگەڵ ئەو بۆچوونەتاندا هاوڕا نیم، پێموایە وەکو کورد هەموومان قەرزداری خەباتی سەرکردەکانی ڕابوردووی خۆمانین، لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا، من پێموایە ئەگەر کورد ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی ئەو سەرکردانەی نەگرێت، لەڕاستیدا ڕێزی لە خەباتەکەی نەگرتووە، بۆیە حیزبی دیموکراتیش ڕێز لەو سەرکردانەی خۆی دەگرێ، وە گرنگییەکی زۆریان پێدەدا، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو شێوە خەباتەی کە لە سەردەمی پێشەوا، تەنانەت لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا هەبوو، ئێستا لە حیزبی دیموکراتدا بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە سەردەمی ژیانی دوکتور قاسملووداو تەواوی خەباتی ئەو بریتی بوو لە دیموکراسی بۆ ئێران و خود موختاری بۆ کوردستان، ئێستا لە کۆنگرەی ١٣وە(ژوویەی٢٠٠٤) درووشمی حیزبی دیموکرات گۆڕاوە بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دیموکراسی فیدراڵ.! بەتایبەتتر لە کۆنگرەی ١٦دا(فووریەی ٢٠١٨) ئێمە بە تەواوی سیستەمی حیزبیمان گۆڕی، پێکهاتەی حیزبی کە پێشتر لەسەری بووین، بە تەواوی گۆڕیومانە، ئەو پێکهاتەیەی کە ئێمە ئێستا کاری لەسەر دەکەین، ئەو پێکهاتەیە نییە کە لەسەردەمی دوکتور قاسملوو یا سەرکردەکانی ترماندا لەسەری بووین، بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیموکرات باوەڕمان بەوە هەیە وەک ئەوەی کە ڕێز لە ڕابوردوومان دەگرین، بەڵام لە ڕابوردوو ناژین، بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو جیهان کاری خۆمان درێژە پێدەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ بەرەو پێشچوونەکانی ناوچەدا گوزەر بکەین.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبەکانی باشوور چۆنە؟

**مستەفا هیجری**: جگە لە گرووپێکی ئیسلامییەکان، لەگەڵ ئەوانی تر پەیوەندییەکی دۆستانەمان هەیە، بزووتنەوەی ئیسلامیی لە ڕابوردوودا حەوت کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتیان تەسلیم بە ڕێژیمی ئێران کردەوە، کۆماری ئیسلامیی شەش کەس لەوانی لەسێدارەدا، یەکێکیان توانی هەڵبێت، تاکو ئێستاش ئەوان دانیان بەوتاوانەدا نەناوەو بەرپرسیارێتیان قبووڵ نەکردووە. بێگومانین

کە ئەوە لە ئەستۆی بزووتنەوەی ئیسلامیی و ڕێبەرانیدایە، لە باشووریش یاسا سەروەرێکی وا نییە تا لەڕێی یاساوە کێشەکەمان یەکلا بکەینەوە، لە ئێرانیشدا ئەوە حاڵی ئێمەیە، لەم ڕووداوەدا ئێمە بزووتنەوەی ئیسلامیی بە تاوانبار دەزانین، چونکە مەسەلەکە ئەوە نییە بڵێ پێشمەرگەیەک یا بەرپرسێک نەزانانە کردبێتی، بەڵکو لە لایەن ڕێبەرایەتی ئەو حیزبەوە، بەرنامەی بۆ داڕێژراوەو لەسەر ویستی کۆماری ئیسلامی جێبەجێ کراوە، ئەوانیش هەستاون بەو کارە قێزەونە، وە لەبەرامبەری ئەوەدا خەڵاتیش کراون.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: پێتوانییە ئێران زۆر لێزانانە دەتوانێ و توانیویەتی یاری و دوژمنایەتی بە حیزبە کوردییەکان بکا، بۆ نموونە کارە خراپەکەشیان پێدەکاو پاشتریش بەجۆرێک لە جۆرەکان ئابڕووی ئەو جاشایەتییەیان دەبا، پێت وانییە هەڵهاتنی کەسی حەوتەمی ئەو گرووپە پلان و یارییەکی ئێران بووبێ، بۆ ئەوەی هەواڵی ئەوە بداتەوە بە کورد کە حیزبێکی کوردی ئیسلامیی ئەو کارەی کردووە، واتە ئێران هەم شەش کەس لەسێدارە دەدا، هەمیش پەیوەندی و ئاڵۆزی و کێشە دەخاتە نێوان دیموکرات و بزووتنەوەی ئیسلامییەوە، واتە بە تیرێک دوو نیشانە دەپێکێت؟

**مستەفا هیجری**: بێگومان کۆماری ئیسلامی وەک دوژمنی گەلی کورد چی لەدەست بێ دژی ئەو نەتەوەیە کردوویەتی و دەیکا، هەر ئەو چاوەڕوانیەشی لێ دەکرێ، بەڵام ئەوەی ئازارمان دەدا ئەوەیە کە حیزبێکی کوردی کە خۆی بە ئیسلامیش دەزانێ بۆ دەبێ ببێتە بەکرێگیراوی دوژمنی نەتەوەکەی خۆی؟

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: تیرۆر کردنی کەسانێک وەک ئیسماعیل شەریفزادەو مەلا ئاوارەو سولێمانی موعینی بەدەستی مەلا موستەفا، چۆن لێکدەدەنەوە.؟! وە بۆچی ئێوە زیاتر لە پارتییەوە نزیکن؟ کە دەگوترێ پارتی ڕۆڵی لە تەفرەقەکانی ناو حیزبی دیموکرات هەبووە، هەروەها مەلا موستەفا لە کۆماری مهاباددا قازی موحەممەدی جێهێشت؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە مەلا موستەفا لە کۆماری کوردستان کردی، بە نیشتمانپەروەری دەزانم، پێموایە هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی خۆیدا بۆ خزمەتی کۆمار، بارزانییەکان سەرەکیترین هێزبوون کە بەرگریان کرد، بەڵام ئیدی کاتێک بەرەو کۆتایی دەچوو و هێزەکانی شا هاتبوونەوەو ناوچەکەیان دەگرت، ئەویش لەوێ دەرباز بوو، لە واقیعیشدا بە ترس و دزییەوە جێی نەهێشتووە، ئەوە شتێکی زۆر ئاشکرایە کە لەو کاتەدا چۆتە خزمەت پێشەواو بەویشی گوتووە ئەگەر دەتەوێ لەگەڵ ئێمەدا بێی، ئەوا ڕزگارت دەکەین، بەڵام پێشەوا بۆ خۆی ڕازی نەبووە بەوە، من هیچ کەم و کوڕییەک لەوبەشە لە کاری مەلا موستەفادا نابینم.. ئێستاش ئێمە دەبێ مێژوو وەکو مێژوو ببینین، وە ئەمری واقیعیش وەکوو هەیە ببینین.

پەیوەندی نێوان حیزبەکان و دەوڵەتانیش پرۆسەیەکی درێژخایەنەو پێویستە هەول بدرێ بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان و لێکنزیکبوونەوەو هاوکار کردن لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەییدا، بە تایبەت لە نێوان حیزبەکانی کوردی لە هەموو بەشەکاندا. خۆ ئەگەر ئەوە نەکرێ کەم لە دەوڵەتان و حیزبەکان دەتوانن بە یەکەوە هاوکاری و پێوەندی باشیان هەبێ چوونکە بە درێژایی مێژوو زۆرێک لەوانە لەگەڵ یەکتر ناڵێکی، نێوان ناخۆشی و تەنانەت شەڕیشیان بووە.



سەرچاوە
Serchawe

پارتیش وەکوو حیزبێکی لە مێژینەی کورد، سەرەڕای خەبات و قوربانیدانی زۆری لە پێناو دۆزی کورد، هەڵەیشی بووە دەرحەق بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تەنانەت حیزبەکانی دیکەش لە باشوورو، ئەو هەڵە گەورانەش کە دەرحەق بە حیزبی دێموکرات کردوویەتی لە مێژوودا تۆمار کراوە. خۆ ئەگەر ئەو راستییانە لەبەرچاو نەگرین دەبوایە لە باشوور لە ئێستادا هیچ حیزبێک لەگەڵ ئەوەی دیکە پێوەندێکی دۆستانە و هاوکارییان نەبوایە.

**گۆڤاری دیپلۆماتیک**: سەرهەڵدانی پژاک چ کاریگەرییەک لەسەر ڕەوتی سیاسیی ڕۆژهەڵات جێدەهێڵێت؟

**مستەفا هیجری**: پژاک یەکێک لەو حیزبانەیە کە لەوێ کارو تێکۆشانی هەیە، بەڵام بۆ خۆتان دەزانن پەکەکە وەک چۆن لە پارچەکانیتر بۆ ئەجێندای خۆی حیزبی پێکهێناوە، لە رۆژهەڵاتیش پژاکی پێکهێناوە، بەڵام ئەوانیش بەهۆی کارو تێکۆشانێکەوە کە هەیانە، سەرنجی هەندێ لە گەنجەکانیان ڕاکێشاوە بۆلای خۆیان، بەڵام ئەو نفووزەیان نییە کە بۆ خۆیان باسی دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨

--------------------------------------------------

## باس لە پەیوەندیی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات...



**سورکێو محەممەد**

**وتووێژی "پەرەگراف" لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبەکانی دیکە هەست بە بوونی مەترسی ڕوودانی شەڕی ناوخۆ دەکات لە ناو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەربۆیە لێپرسراوی گشتی ئەو حیزبە بە ئەرکی خۆیانی دەزانێت کاربۆ کۆکردنەوەی سەرجەم حیزبەکان بکەن لە ژێر چەترێکداو مەترسییەکانی فرەهێزیی بڕەوێننەوەو لەگەڵ هەموو حیزبەکان کاری بۆ بکەن.

مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتی حدکا، لەم چاوپێکەوتنەیدا لەگەڵ پەرەگراف باس لە پەیوەندیی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتو ئاڵوگۆڕ لە ئێرانو سیاسەتی ئەمەریکا دەکات.

لەبارەی مەترسی ڕوودانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، مستەفا هیجری دەڵێت؛ "ئەو مەترسییە هەیە، ڕەنگە زۆر بەهێز نەبێت، بەڵام ناتوانین حاشای لێبکەین. بەتایبەت ئێمە ئەزموونی ئەوەمان هەیە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دوای ئەوەی ڕژێمی شا ڕوخا، لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەوەمان بینیوە. بۆیە دەبێت لەگەڵ ئەو لایەنانە، لانیکەم ئەوانەی هێز چەکداریان هەیە بتوانین بە هەندێک خاڵی هاوبەش بگەین."

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن یەک هێزی چەکداری یەکگرتوو نین، هەر حیزبێک هێزی چەکداری هەبێت سەربەخۆیەتیو لەژێر فەرماندەیی حیزبەکەدایە، بەڵام ئێستا ٥ حیزب ناوەندێکی هاوبەشیان پێکهێناوەو کاری پێکەوەیی دەکەن بە ئامانجی یەکخستنی هێزەکانیان، حدکا یەکێک لەو حیزبانەیە.

مستەفا هیجری ئەوەی خستەڕوو؛ ئەو پرسە بووەتە بابەتی گفتوگۆ لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، پێیانوایە دەبێت لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی دەرەوەی ئەو ناوەندە کاربکەن بۆ گەیشتن بە خاڵی هاوبەش.

لە دەرەوەی ئەو ناوەندە پژاکو پارتی ئازادی کوردستان(پاک) خاوەنی هێزی چەکداری سەربەخۆیانن، یەکنەخستنو کۆنەکردنەوەی سەرجەم ئەو هێزانە لەژێر چەترێکدا مەترسییە بۆسەر داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

"بۆئەوەی لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا کە ئێمە چاوەڕوانین لە ئێران بێتە پێش، خەڵکەکەمان دووچاری کێشە نەبێت، ئەو خاڵانەی کە دەتوانێت لە داهاتوودا لە کوردستانی ئێران کێشەمان بۆ سازبکات دەبێت لە ئێستاوە ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزینەوە لەگەڵ ئەو لایەنانەی دیکەش کە ماونەتەوە" مستەفا هیجری وای وت.

هەرچەندە ئەو حیزبانەی ناوەندی هاوکاریی‌و حیزبەکانی دەرەوەی ئەو ناوەندە، هەمان ئامانجیان هەیە لە دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش‌و کۆکردنەوەی هێزەکانیان لەژێر چەترێکدا، بەڵام ئەوانو پژاک جیاوازو دوور لەیەکترنو هێشتا گفتوگۆ لە نێوانیاندا نییەو هەریەکەیان بەجیا خاوەنی پرۆژەو بەرنامەن.

لە وەڵامی ئەوەی زەمینەی کۆکردنەوەی ئەو هێزە جیاوازانە هەیە لەژێر چەترێکدا؟ مستەفا هیجری وتی؛ "جیاوازییان هەیە، بەڵام ئەوەی ئەرکی ئێمەیە دەبێت کاری بۆبکەین بۆئەوەی لانیکەم زۆربەی ئەوانە ئەگەر هەمووشیان نەکرێت، لەژێر چەترێکدا کۆبکرێنەوە."

لێپرسراوی گشتی حدکا باسی لەوەشکرد؛ ئەو ٥ لایەنەی لە ناوەندی هاوکاریدان مەترسی فرەهێزییان هەستپێکردووەو لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو ناوەندەیان پێکهێناوە، وتی"بەڵام ئەوە بەس نییەو دەبێت لایەنەکانی دیکەش بخوێنینەوەو لەگەڵ ئەوانیش کار بکەین."

دەربارەی کاتی دەستپێکردنی گفتوگۆو کاری هاوبەش لەگەڵ ئەو لایەنانەی دیکە، مستەفا هیجری ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەوکارە زووتر بکرێت باشترە بۆئەوەی ئەگەر ڕووداوێک ڕویدا ئامادەیی تەواویان هەبێت بەهەموو لایەکیانەوە، ناوەندی هاوکاریش لەسەر ئەو بۆچوونەیە.

هەروەها وتی؛ "ئێستا کاتمان هەیە دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام بە بۆچوونی من نابێت زۆریش پەلەی لێبکەین، بۆئەوەی هەموو لایەنەکانی فکری‌و کرداری هەرکام لەو هێزانەی لە ناوەندی هاوکاریدا پێکەوە هاوکاری دەکەین هەموویمان لێکدابێتەوە، چونکە جاریواهەیە بوونی هێزێک لە ڕێککەوتنێکدا لەباتی ئەوەی یارمەتیدەربێت کێشە دروستکەرە، بۆیە دەبێت ئەوانە بەباشی لێکبدەینەوە، ئێمە ئێستا کاتی پێویستمان لەبەردەستدا ماوە بۆئەو لێکدانەوەو پەلە نەکردنە."

ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو پژاک بانگی لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد بۆ پێکهێنانی بەرەی هاوبەش و یەکگرتوویی لە بوارەکانی؛ سەربازی، دیبلۆماسی و میدیایی و ڕایگەیاند، گەلی کورد لە ئەگەری هاتنە ئارای هەرجۆرە شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان لایەنە کوردییەکان لە داهاتوودا نیگەرانە.

**پەرەگراف پرسیاری ڕاگەیەندراوەکەی پژاکی لە مستەفا هیجری کرد کە چۆن لێی دەڕوانن و ئایا بووەتە بابەتی گفتوگۆ؟**

**لە وەڵامدا هیجری وتی؛** "لانیکەم بۆئێمە زۆر جێگای تێرامان نەبوو، چونکە جیهانبینی و بیروبۆچوونی پژاک کە لەژێر کاریگەری پەکەکەدایە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئێمە جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە، بەڵام ئەوەش لە داهاتوودا جێگای گفتوگۆیە ئەگەر بتوانین لەگەڵیان بگەین بە هەندێک خاڵی هاوبەش، هەرچەند ڕەنگە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام دەبێت هەوڵی بۆ بدەین."

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک باسلە یەکخستنی هێزی چەکدار دەکەن، دەڵێن نایانەوێت ئەزموونی "شەڕی براکوژی" ساڵانی نەوەدەکانی باشوری کوردستان دووبارە بکەنەوە.

باشوری کوردستان لە دوای ڕاپەڕین لە بەهاری ١٩٩١ و ڕزگاربوونی لە ڕژێمی بەعس، زنجیرەیەک شەڕی ناوخۆیی بەخۆیەوە بینی، بەجۆرێک تەواوی ئەو حیزبانەی هێزی چەکداریان هەبوو لە کاتە جیاوازەکانی ئەو دەیەیەدا کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ لایەنێک یان زیاتر لە لایەنێکی ناوخۆی هەرێم، خوێناویترینیان شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی بوو.

هەوڵی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆ کاری پێکەوەیی هاوکاتە لەگەڵ فراوانکردنی کارو چالاکییەکانیان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی خۆئامادەکردنیان بۆ ئەگەری گۆڕانکاریی لە ئێران، ئەوەش لەکاتێکدایە ئیدارەی نوێی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ بە توندی ڕووبەڕووی ئێران وەستاوەتەوەو لە هەنگاوە سەرەتاییەکانیدا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کشایەوەو ئێستاش دۆخی ئابوری ئێرانی ڕووبەڕووی کێشەی سەخت کردووەتەوەو گەمارۆکانی بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندووەتەوە، سەرەتای مانگی ١١ گەمارۆکان دەچنە قۆناغێکی توندتر.

**دەربارەی کاریگەریی و سوودی سیاسەتی نوێی ئەمەریکا بۆ خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، مستەفا هیجری دەڵێت؛** "ئێمە بەو ئەنجامە گەیشتووین کە ئێمەش و نەتەوەکانی دیکەش شتێکمان دەستدەکەوێت، بەو مانایە نییە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە دەڕوخێ و ئێمە دەچینەوەو دەبینە بەدیل، بەڵام بەو مانایە کە ئەمەریکا خەریکە ئێران لاواز دەکات لە هەموو بارێکەوە، ئەوەش خاڵێکی گرنگە بۆ ئێمە کە ئێران لاواز دەکرێت."

**هیجری پێیوایە؛** هەرچەند ئێران لاوازبێت بۆ ئەوان و نەتەوەکانی دیکەو ئازادیخوازانی ئێران بەسوودە، "چونکە پێمانوایە مەیدانێکی باشترمان دەستدەکەوێت بۆ درێژەدانی خەباتو بەدەستهێنانی مافەکانمان لە داهاتووی ئێراندا."

لەگەڵ توونـدبوونەوەی ململانێکـانی ئەمەریکـاو ئێـران، ستیڤن فەیگـن بەرپرسـی نوسینگەی کاروبـاری ئێـران لە وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریکـا وەک کونسـوڵی نـوێی وڵاتەکەی لە هەرێمـی کوردسـتان دەسـتبەکاربوو، مسـتەفا هیجـری ئەوە بە "شـتێکی سروشـتییو چاوەڕوانکراو" ناودەبات کە ئەمەریکا شارەزایەکی ئێران بکاتە کونسوڵ لە هەرێم.

**هیجری وتی؛** "سروشتییە وڵاتێکی وەک ئەمەریکا لەو کـاتەی گەمارۆکـان دەخاتەوەسەر ئێـران کەسێکی شـارەزا لەسەر ئێـران بنێرێتو وەک کونسوڵ دیاریبکات، ئەوە دروستەو چاوەڕوانییەکە هەموو کەس هەیەتی لە ئەمەریکا."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

----------------------------------------------

## دیمانەی تایبەتی تەلەفزیۆنی تیشک

## لەگەڵ بەڕێزمستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبەکەمان

### بەبۆنەی ٧٥ەمین ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات




خوێنەرانی هێژا؛ لە ماوەی ڕابردوودا و بەبۆنەی ٧٥ەمین سـاڵیادی دامەزرانـدنی حیزبـی دێموکراتەوە تەلەفزیـۆنی تیشک دیمـانەیەکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبەکەمان پێک هێنـا. بەهـۆی گرینگی باسەکە، دەقـاودەق ئەم وتـووێژ و دیمانەیە دەخرێتە بەر چاو و دیدی ئێوەی ئازیز:

**تەلەفزیۆنی تیشک:** ٧٥ ساڵ لەمەوپێش حیزبی دێموکرات دامەزرا. دامەزرانی حیزب لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و سەختی ژیان

لەبوارەکانی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییەوە بوو. چی وای کرد کە ڕێبەرانی ئەو کاتی کورد بڕیارێکی لەو چەشنە بدەن؟ چ خوێندنەوەیەک لە هزری ئەواندا بوو کە وەک قەڵەمبازێک، کۆمەڵەی ژ.ک بۆ حیزبی دێموکرات بگۆڕن؟

**مستەفا هیجری**: لە ڕاستیدا ژ.ک یەکێک لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی خەباتی کورد وەکوو حیزبایەتی بوو لە ڕۆژهەڵاتدا؛ بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا ئەودەمی تەجروبە کەم بوو، بێجگە لەوە لەو سەردەمەدا کە ژ.ک دامەزرا دەزگای داپڵۆسێنەری ڕێژیمی پەهلەوی لە کوردستاندا هەر مابوو و لەباری ئەمنیەتییەوە فەزایەکی توندوتیژ بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو، بۆیە حیزبێک کە لەو سەردەمەدا پێکهات لە واقێعدا هەماهەنگی هەبوو لەگەڵ وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەمی کوردستان. یانی حیزبێکی داخراو کە زۆر نهێنییە و بەرنامەکانی تایبەتن بۆ ئەو سەردەمە بۆ خەبات کردن بۆ مافی کورد. بەڵام بەو ئاڵوگۆڕانەی کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئاڵوگۆڕی هاوکێشە سیاسییەکان لە مەنتەقەدا و لە ئێرانیشدا هاتە پێشێ و دەزگای داپڵۆسێنەری ڕێژیمی پەهلەوی وەک جاران نەما و لە کوردستاندا فەزایەکی ئازاد پێکهات پێویست بوو ئەو حیزبە بگۆڕدرێ بەو حیزبەی کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەودەمی سازگار بێ؛ ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای ژ - ک بۆ هەلومەرجێکی تازە، بۆ سەردەمی تازە دامەزرا کە ئەو حیزبە بە سەرۆکایەتی شەهید پێشەوا قازی محەممەد دوای چەند مانگ کۆماری کوردستان و سپای کوردستانی پێکهێنا و هەر ئەو بەرنامە بەربڵاوانەی کە لە کۆماردا ڕاگەیەندرا ئەگەر حیزبی دێموکرات نەبا، ژ - ک لە پێکهاتەی و لە سیستمی کار و بەرنامەکانیدا نەدەگونجا. ئەوە بوو کە وەک زەروورەتێک ئاڵوگۆڕێک لە شێوەی کار و بەرنامەکانی ژ.ک پێکهات و بوو بە حیزبی دێموکرات کە توانای کار و بەرفراوانکردنەوەی تێکۆشانەکەی بۆ داخوازە نەتەوەییەکانی کورد لە باشووردا زیاتر کرد کە دەیتوانی پانتاییەکی زۆر گەورەتر لەو فەزایەی کە ژ - ک کاری لەسەر دەکرد بەدەست بێنێ کە بەداخەوە دیارە وەک ئاگادارین کۆمار چەندمانگێک زیاتر دەوامی نەکرد و تەمەنی زۆر کورت بوو، بۆیە بەو جۆرە کە پێویستە نەیتوانی بەرنامەکانی خۆی بەرفەراوانتر بکاتەوە، بەڵام حیزبی دێموکرات کارەکانی خۆی دوای کۆماریش هەر بەردەوام کرد.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: شەهید قاسملوو لە کتێبی ٤٠ ساڵ خەباتدا و کاتێک ئاوڕ لە ساتەوەختی دامەزرانی حیزب و دواتریش کۆماری کوردستان دەداتەوە باس لە لاوازییەکان دەکا و دوو هۆکاری سەرەکی بۆ تێکڕووخانی کۆمار دەهێنێتەوە کە بریتی بووە لە لاوازی دەروونی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و لاوازی سیاسی لە نێو حیزبی دێموکرات و هەروەها نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمەی سیاسی و درێژخایەن وەک ئامانجی دوارۆژ. پرسیارەکە ئەمەیە: حیزبێک کە خاوەنی ئەم دوو خاڵە نەبووە چۆن بڕیاری پێکهێنانی حکومەتی داوە؟

**مستەفا هیجری**: من پێم وایە کە لەو هەلومەرجەدا و لەو فەزا ئازادەدا کە پێکهات بۆ ئەوەی کورد زیاتر خوی بناسێنێت، و ئیرادەی خۆی بسەلمێنێ، ویست و داخوازییەکانی خۆی بەشێوەیەکی شەفاف و عەمەلی لە حکوومەتێکدا جێبەجێ بکات ئەوانە هێندێک ئامانجی بەرز بوون کە دەبوو کرابا. بە بۆچوونی من لەگەڵ ئەوەی منیش هاوڕام لەگەڵ بۆچوونەکانی شەهید دوکتور قاسملوو کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری لە کوردستاندا زۆر نەگونجاو بوو بۆ پێکهێنانی حکوومەت و دەسەڵاتێکی ئەوتۆ بەڵام دەرفەتێک بوو کە

ئەگەر لە دەس چووبا، کە بەداخەوە دیتمان زۆر زوو لە دەس چوو، ئیدی هەلێکی ئاوا پێک نەدەهاتەوە بۆیە بە بۆچوونی من حیزبی دێموکرات بەتایبەتی شەهید پێشەوا ئەو دەرفەتەی قۆستەوە بۆ ئەوەی حکوومەتەکە پێک بێنێ.

پێکهێنانی ئەو حکوومەتە لەگەڵ هەموو کەموو کورییەکانی کە هەیبوو لەو ماوەیەدا زۆر تایبەتمەندی بەرز لە ویست و داخوازی گەلی کورد کە پێشتر باسی لەسەر دەکرا و وەکوو داخواز مەترەح بوو، لەو ماوە کورتەدا بە شێوەی عەمەلی پیادە کرد و بە خەڵکی کورد لە لایەک،و بە دنیاشی نیشان دا کە کورد دەسەڵاتێکی هەبێ چۆن دەتوانێ دێموکراسی لەو ناوچەیەدا پیادە بکات،و ئەو بایەخانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئەرزشیان هەیە وەکوو ئەو دیاردانەی لە دێموکراسیدا دەیبینین وەکوو ئازادی بەیان وەکوو ئازادی چاپەمەنی،وەکوو ئازادی ژنان لەو سەردەمەدا کە شتی زۆر بەرز و بایەخدار بوون ئەوانە نیشان بدا بۆیە من لەگەڵ هەموو کەموکورییەکانی کۆمار و ئەو کەموکورییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی ئەو دەمی پێموایە کارێکی درووست کراوە. هەرچەند کۆمار شکستی خوارد بەڵام دەبینین کە کۆمار لەو ماوە کورتەدا زیهنییەتێکی لە فکر و ئیدەی خەڵکی کورددا پێکهێنا کە تاکوو ئێستاش دوای ٧٥ساڵ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا لەسەر بنچینەی ئەو ماوە کورتەدا دەچێتە پێشێ، و ئێستاش تێکۆشانەکە بۆ پێکهێنانی دووبارەی کۆماری کوردستانە لە ڕۆژهەڵاتدا بەڵام بە هەلومەرجی خۆیەوە. ئەوانە زۆر شتی مێژوویی بەکەڵکن کە لەو سەردەمەدا لە کۆماردا خۆیان گونجاندوو،و خەڵک لەوێدا ئەوانەی دیتەوە،

**تەلەفزیۆنی تیشک**: دوای ڕوخانی کۆمار، حیزبی دیموکرات تووشی جۆرێک لە سڕبوون هات. بەشی زۆری ئەندامەکانی یان ناچار بوون زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن یان گیران و لە زیندان خران. باسێکی گشتی فەزای ئەو کاتەمان بۆ بکەن. واتە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٥ تاکوو ساڵی ١٣٥٧:

**مستەفا هیجری**: پێش ئەوەی کە ئەو بڕگەیە باس بکەین پێم وابێ دەبێ بڕگەیەک لەوە کۆنتر باس بکەین، لە ڕووخانی کۆمارەوە تاکوو ساڵانی ٣٢ - ٣٣ی هەتاوی؛ لەو ماوەیەدا ئەو فەزای پۆلیسییەی کە لە دوای گەڕانەوەی ئەرتشی پەهلەوی بۆ داگیرکردنی کۆمار، و زاڵبوون بە سەر فەزای سیاسی کوردستان بۆ جارێکی دیکە ترس و وەحشەتێکی زۆر بەهێزی لە نێو خەڵکدا پێکهێنا. چونکە لەڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی ڕوخاندنی کۆمار و دەسبەسەرداگرتنەوەی مەهاباد زۆر بە ئاسانی جێبەجێ بوو، بەڵام حکوومەت هەر نیگەران بوو،ترسی لەوە هەبوو کە ڕاپەڕینێک لەلایەن خەڵکەوە بێتە پێشێ. بۆیە فەزایەکی زۆر توندی بەسەر خەڵکدا زاڵ کردبوو هەموو ئەوانەی کە گومانیان لێدەکرا لە ژێر چاوەدێریدا بوون. هەر کەسێک باسێکی لە مەسەلەی کۆمار کردبا، دیفاعی کردبا دەگیرا و دەخرایە زیندانەکان، بە تایبەتی ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە مەعموولەن لە فەزایەکی ئاوا کە دێتە پێشێ هێندێک ئینسانی نەفس نەزم پاڵ وە دەسەڵاتەوە دەدەن بۆ خۆشەویستکردنی خۆیان و دژی ئەو کەسانەی کە خەباتکارن، بیری نەتەوەییان هەیە دەکەونە گەڕان و ناساندنیان بە حکوومەت بۆ ئەوەی سەرکوت بکرێن، بۆیە لەو ماوەیەدا بێدەنگییەکی زۆر ناخۆش، ئەوویکە دەڵێن بێدەنگی قەبرستان، بەسەر فەزای سیاسی ڕۆژهەڵاتدا زاڵ بوو؛ بەڵام لە ساڵەکانی ٣٢-٣٣ کە شەهید دوکتور قاسملوو ڕاستەوخۆ لە حیزبی توودە دەگەڕێتەوە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، و خەباتە نهێنییەکە دەس پێدەکاتەوە ئەوە دەبێتە هۆی دووبارەدەسپێکردنەوەی کارەکانی حیزبی دێموکرات.

دیاره زۆر بەنهێنی ئەو هاوڕێیانەی کە هاتبوونە باشوور لەلایەن ئەوانیشەوە هێندێک چالاکی و تێکۆشان بەنهێنی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکردەوە و وردەوردە چووە پێشێ تاکوو دەگاتە ساڵەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران، کە دووباره بۆجارێکی دیکه فەزایەکی ئازاد لە ڕۆژهەڵات وەکوو هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران پێکهات و حیزبی دێموکرات دەستی بە چالاکی کردەوە. لێرەدا مەسەلەیەک کە زۆر گرینگە ئەوەیە کە ڕاستە لە ماوەیەکدا حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێک کە هەڵگری ویست و داخوازە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردە بێدەنگ کرا بەڵام خۆ ئەو فەزایە نەیتوانی ئەو ئاوات و خولیایەی لە دڵی خەڵکدا بوو لەنێو ببات. تازە کۆماری ساوای کوردستان ڕووخابوو ئەوانە هەموو لە زیهنی خەڵکدا هەبوو لەبەر چاویان بوو، ئەوە فەرامۆش نەکراوە یانی هەست و بیری نەتەوایەتی،ئارەزووی ڕزگاری و خەبات بۆ ڕزگاری لە دڵی خەڵکدا هەر هەبوو؛ لە دڵی تێکۆشەرانی حیزبیدا هەبوو؛ بۆماوەیەک بێدەنگ بوو و دواتر وردە وردە دووباره ئەوە دەستی پێکردەوە. من پێم وابێ ئەگەر ڕێژیمەکان کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و کوردستانیان داگیر کردووە تەنیا سەرنجێکی زۆر سەرەتایی بدەن بەو بڕگە مێژووییانەی کە لە کوردستان هاتووەتە پێشێ لە ڕۆژهەڵات لە بەشەکانی تر هەریەک بە شێوەیەکی دیکە، زۆر جێگەی لێفێربوونە کە وەکوو ئیشارەتان پێ کرد،حیزبی دێموکرات کە کۆمار دادەمەزرێنێت بەڵام دوای ڕوخاندنی سڕ و بێدەنگ دەبێ بۆ ماوەیەک. دوای ئەوە تێکۆشەرانی کۆمار و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەگیرێن و دەخرێنە زیندان بۆ ماوەی دوور و درێژ لە زینداندا دەمێننەوە یا ڕۆژهەڵات بەجێ دێڵن بەڵام ئەو فکرە، ئەو ویست و داخوازییە کە ویست و داخوازی خەڵکە، دەبینن کە هەر هەیە! بۆیە دووباره لە کەمترین فەزادا کە ئێمکانی هەناسەکێشان هەبێ بۆنموونە لە شۆڕشی ١٥٧دا، دووباره گیان دەگرێتەوە و زیندوو دەبێتەوە. ئەوە لە واقێعدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ویست وداخوازی نەتەوایەتی و ڕزگاری لە دەست ستەم و چەوسانەوە بە سەرکووت، ئێعدام، زیندان و ئەوانە کۆتایی پێ نایێت بەڵکوو تەنیا ڕێگای چارەسەری ئەو مەسەلەیە گوێگرتن لە ویست و داخوازی گەل و هێنانەدی داخوازییە ڕەواکانییەتی.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: ئێوە لە نوێترین وتارتاندا لەژێر ناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە لە ماڵپەڕی کوردستان میدیا و ڕۆژنامەی کوردستاندا بلاو کراوەتەوە، بەجۆرێک هەوڵ دەدەن دیسکۆرسی ڕاسان گرێ بدەنەوە بە خەباتی چەکدارانەی ٤٦ - ١٣٤٧. ئامانجتان لەم کاره چییە؟

**مستەفا هیجری**: پێش خەباتی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ و پێش دەسپێکردنەوەی ڕاسان دوای دەیان ساڵ دەبینین وەزعی خەبات تەقریبەن وەکوو یەکە. پێش لە ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ جۆرێک بێدەنگی و ئارامی بە سەر فەزای سیاسی کوردستاندا زاڵ بوو. ڕێژیمی پەهلەوی ڕایگەیاندبوو کە هیچ جووڵەیەک نییە و بە قەولی خۆیان دەیانوت ئێران جەزیرەی ئارامشە و هەموو کەس ڕازییە لەو حکوومەتە و دەنگێک نییە. لە فەزایەکی ئاوادا خەباتی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ ڕوودەدا! تەقەی تفەنگی پێشمەرگەکان لەو کاتەدا ئەو جەزیرەی ئارامشەی کە حکوومەتی شا ڕایدەگەیاند و شانازی پێوە دەکرد دەشڵەژێ، دەنگ دەداتەوە کە ئەو جەزیره ئارامە کە باسی دەکرد ئەوەندەش ئارام نییە،لێرەدا بێجگە لەوەیکە ڕێژیم ترسێکی زۆر لە دڵی دەنیشێ و زۆر نیگەرانە بەڵام لە عەینی حاڵدا هیوا و ئۆمید جارێکی دیکە لە دڵی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا،و بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا زیندوو دەبێتەوە. کە ئەوە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر ڕۆحیەی خەڵک. هەرچەند بەداخەوە ئەو تێکۆشەرانەی کە ئەو دەم خەباتیان دەسپێکرد شەهیدبوون بەڵام توانیان بۆماوەیەک ڕێژیم بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەن. حکوومەتی پەهلەوی بە هێزێکی یەکجار زۆری مەنتەقەیی،

مەنتەقەیی مەبەستم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران کاری کرد و هەوڵی دا تاکوو ئەوانە سەرکوت بکات و جارێکی دیکە تەقەی تفەنگی پێشمەرگە نەبێت.

ئەگەر سەرنجتان دابێت پێش لە ڕاسانیش فەزایەک کە لە کوردستاندا هاتە پێش کەم و زۆر، دیارە بە جیاوازییەوە چونکە سەردەمەکان جیاوازن، وەکوو یەک بوون. کۆماری ئیسلامی بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە ئەوانە بەقەولی خۆی زیددی ئینقلاب هەموویان لەنێو چوون، هیچیان نەماون، ئەوانە چوون کەمپنشین بوونە، و تەبلیغاتێکی ژەهرئاوی یەکجار زۆری لە ناو خەڵکدا دەکرد و خەڵکیش چونکە جووڵەیەکی ئەوتۆی نەدەدی، نائومیدی بەسەریاندا زاڵ ببوو،لەو نائومێدییەدا ڕێژیمی ئیسلامی هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەیکە هەرچی زیاتر خەڵک ڕاکێشێ بۆ ڕیزی پاسدار و بەسیج و بەگشتی خەڵک لە خزمەتی خۆیدا بن، ئەوە جۆرێک نائومێدی ساز کردبوو؛ تەنانەت لە ڕیزەکانی پێشمەرگەشدا! ئێمە هەموومان لە بیرمانە کە پێشمەرگەکانیش نائومێد بوون! مادام کە حەرەکەت و جوڵەیەک نییە زۆرتر ڕیزەکانی خەباتیان بەجێ دەهێشت ئەڕۆیشتن بە دوای ژیانی خۆیاندا. ڕاسان و دەسپێکردنەوەی ئەو خەباتە نوێیە درووست ئەو فەزای هیواو ئومێدەی لە نێو خەڵکی کورددا پێک هێنایەوە،ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوجارە حاڵی بوو کە نەخێر خەباتی کورد یان بە قەولی ئەوان زیددی ئینقلاب بێدەنگ نەبووە،تەسلیم نەبووە، کورد بە چۆکدا نەهاتووە،لەو خەباتەشدا کە دەستی پێکردووە بێگومان وەکوو هەموو حەرەکەتێکی چەکداری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، قوربانی زۆری دا کە زۆر پڕبایەخ بوون بەڵام بە بێ ئەو شەهیدانە، بە بێ ئەو قوربانیدانە، ئەو فەزایە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەدەهات .ئەمن لەو جەهەتەوە ئەو دوو فەزایە پێکەوە گرێ دەدەمەوە و پێم وایە وەکوو یەکە، زۆر گرینگە لێرەدا ئەوە بڵێین کە هەر کاتێک فەزاکە بێدەنگ دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێوەردەگرێ بۆیە دەبێ بە بۆچوونی من لە هەر قۆناغێکدا حەرکەتێک هەبێ کە هیوا بداتەوە بە خەڵکەکە خەبات بەرەوپێش بەرێ و بە پێی هەلومەرج و سەردەمەکە بتوانێ هەنگاو بەرەوپێش بنێ،ڕاسان ئەو هەنگاوە بەرزە بوو کە جارێکی دیکە فەزای سیاسی ڕۆژهەڵاتی گۆڕی. کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوجار کەوتە پیلان بۆ ئەوەی کە دووبارە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ سەرکوتیان بکات خەڵک بترسێنێت و تاکوو ئێستاش ڕێژیم خەریکی ئەو سازماندان و بەرنامەڕیزییەیە بۆ ئەوەی دەنگی ڕاسان جارێکی دیکە خەفە بکاتەوە،بەڵام من پێم وابێ ڕاسان زۆر لەوە بەربڵاوترە،فرەڕەهەندترە کە کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە بتوانێ ئەوە بێدەنگ بکاتەوە کە دیارە باسەکەی ئێرە نییە.

**تەلەفزیۆنی تیشک:** دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و دەسپێکی دووبارەی خەباتی ئاشکرای حیزب، کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر کوردستان بەڵام لەگەڵ خۆڕاگری قارەمانانەی گەلی کورد بەرەوڕوو بوویەوە و شکستی خوارد و عەمەلەن کوردستان کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە؛ بەڵام دوای خەستتربوونەوەی هێرش و پەلامارەکان حیزب شارەکانی بەجێ هێشت و ڕووی لە شاخەکان کرد. بۆچی حیزبی دێموکرات لە هێرشی ڕێژیمدا شارەکانی بەجێ هێشت و ئەو پاشەکشە گەورەیەی کرد؟ بۆچی وەکوو خەباتی ئیرلەندییەکان یان فلستینییەکان لە شاردا نەمایەوە؟

**مستەفا هیجری**: من پێم وابێ لەو حەرەکەتەشدا حیزبی دێموکرات درووستی عەمەڵ کرد؛ ڕەنگە ئەوەی جەنابت دەفەرمی وەکوو ئارەزوویەک،ئارەزووی هەموو خەڵک بێ،ئارەزووی حیزبی دێموکراتیش بێ بەڵام ئێمە نابێ لە بیرمان بچێ کە خەباتی کورد لە

ڕۆژهەڵاتدا لە دژی حکوومەتی تارانە. توانایی حکوومەتی تاران لەباری نیزامی،تیکنیکی و سیاسی لە کورد زیاترە بۆیە تۆ دەتوانی بۆماوەیەکی بڕێک زیاتر لە شارەکاندا بمێنییەوە بەڵام لە حاڵەتی وادا شارەکان جێی وێران بوونە بەڵام لە نەهایەتدا تۆ مەجبوور دەبی شارەکان بەجێ بهێڵی، حەرەکەتی ئازادیخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات لەباری چەکدارییەوە دەبێ پارتیزانی بێت. وەختێک هاوکێشەی نیزامی بەینی دوولایەن زۆرنابەرانبەرن لەوێدا شەڕی کلاسیک بە زەرەری لایەنی زەعیفتر دەشکێتەوە بۆیە دەبێ پەنا بباتە بەر شەڕی پارتیزانی، شەڕی جبهەیی لە قازانجیدا نییە. بۆیە حیزبی دێموکرات لەو کاتەشدا ئەو بڕیارەی دا کە لە شارەکان بێتەدەرێ بۆ ئەوەی هەم شارەکان وێران نەبن،هەم خەساری پێشمەرگەش لە نێو شارەکاندا زتاتر نەبێ. ئەودەم لە نێو شارەکاندا هەتا ڕێژیم بەخۆ هاتەوە و هێزەکانی کۆکردەوە زەعیف بوو. حیزبی دێموکرات و باقی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات، کوردستانیان کۆنترۆڵ دەکرد تەنانەت لە شەڕی سێ مانگەدا هێزەکانی ڕێژیمیان شکست دا، بەڵام کاتێک کۆماری ئیسلامی هات و هێزەکانی کۆکردەوە ئیدی بە هەموو توانایەوە گەڕایەوە. ئەگەر ئەوەی نەکردبا شارەکان وێران دەبوون بۆ وەبیرهێنانەوە پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە هەر لەو ماوەیەدا کە هێزەکانی حیزبی دێموکرات و باقی هێزەکانی ئەو دەمی گۆڕەپانی خەبات لە ڕۆژهەڵات لە مەهابادەوە و بەتایبەت لە سنە، ئەو تۆپباران و هێرشی فرۆکە کە بەسەر شارەکان کرا یەکجار زۆر گەورە بوو بەڵام لە نەهایەتدا هەر مەجبوور بوون شارەکان بەجێ بێڵن. جا هەرچەند زیاتر مابایەوە تەلەفاتەکە زیاتر دەبوو بۆیە من پێم وابێ کارێکی درووستیان کرد. شتێکی دیکە کە ئیشارەتان پێکرد مەسەلەی فلەستین لەگەڵ ئیرلەندییەکان بە تایبەت من مەسەلەی فلەستین باس دەکەم، فلستین لەباری قانوونی نێونەتەوەییەوە وڵاتێکی جیایە لە ئیسرائیل. ئیسرائیل لەو ماوەیەدا هێرشی کرد بۆسەر لوبنان دەورێک هێرشێکی بەربڵاوی نیزامی کرد، تەلەفاتێکی یەکجار زۆری دا، تەلافات و وێرانییەکی یەکجار زۆری پێکهێنا، چەندین جاریش هێرشی کردووەتە سەر فلەستین بەڵام چونکە ئەو وڵاتە لە نەزەر قانوونی نێونەتەوەییەوە بە ڕەسمی ناسراون وەکوو دەوڵەتێک ئیسرائیل نەیدەتوانی لەوێ بمێنێتەوە. مەجبور بوو دەبوا بکشایەوە بەڵام لە قانوونی نێونەتەوەییدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو باقی بەشەکانی دیکە بەشێکە لە خاکی ئێران بە خاکی خوێ دەزانی بۆیە لەوێ بنکەو بارەگای هەیە و تۆ ناتوانی لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو هەموو هێزەی لەوێ دەرکەی و لەوێ بمێنیتەوە.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: حیزبی دێموکرات کە هەر لە سەرەتاوە بە حیزبێکی کوردستانی ناسرابوو و بە فیکرێکی نەتەوایەتییەوە خەباتی دەکرد، بۆچی نەیتوانی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئەوکاتی کوردستان و بەتایبەت کۆمەڵە یەکگوتارییەک دروست بکات؟ کێشە لە کوێدا بوو؟

**مستەفا هیجری**: دیارە لە قۆناغێکدا کە کۆماری ئیسلامی لەسەرەتاوە هێشتا هێزکانی کۆنەکردەبوویەوە هەمووومان لەبیرمانە کە هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد پێکهات لەوێدا ئەو هێزانە بەشداربوون بۆ وتووێژکردن لەگەڵ ڕێژیم کە لەڕاستیدا ئەوە وتووێژ نەبوو بەڵکوو دەیانویست کات بەدەس بێنن بۆ ئەوەی کە هێزەکانیان کۆبکەنەوە کە دوایی هێرشیان کردەوە سەر کوردستان، بەڵام فەزای سیاسی ئەودەم لە ڕۆژهەڵاتدا و لە بەشێکی زۆری ئێراندا فەزای زاڵی چەپ بوو. چەپی مارکسیستی، حیزبی دێموکرات حیزبێکی نەتەوەیی بوو. بۆ مافی نەتەوەیی خەباتی دەکرد بەڵام هێزە چەپەکان، کۆمەڵە و هێندێک حیزبی دیکە ئەودەم لە کوردستان بوون، ئەوانە بیروبۆچوونی مارکسیستی توندڕەویان هەبوو و بۆ پێکهێنانی حکوومەتی کرێکاری لە ئێراندا خەباتیان دەکرد،و لەباری

ئیدیولۆژییەوە خەباتی نەتەوەی کە حیزبی دێموکرات بەڕێوەی دەبرد ئەوەیان لەگەڵ دژایەتی نەزەری خۆیان دەبینی. پێیان وابوو کە مەسەلەی نەتەوەیی دەبێتە هۆی ئەوە کە هێزی کرێکاری دنیا دابەش ببێ، زەعیف ببێ و نەتوانێ لە بەرانبەر ئیمپریالیزمەوە خوێ ڕاگرێ. بە قەولی ئەوان بورژوازی کە حیزبی دێموکراتیان وەک نوێنەری بورژوازی دەزانی لە دژی ئیدە و بۆچوونی خۆیان ئەبینی و ئەگەر نەڵێم زیاتر لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دەکرد و لەگەڵی مۆخالف بوون لانیکەم لەوە کەمتر نەبوو، بۆیە لەباری فیکرییەوە هیچ نیزیکایەتییەک لەنێوان حیزبی دێموکرات و ئەو هێزانە نەبوو. تەنانەت هەموومان دەزانین کە بەشێک لەو هێزە چەپانە کە درووشمی سەیر وسەمەرەیان ئەدا لە کوردستان وردە وردە کە ڕێژیم هات زاڵ بوویەوە ئەوجارە بوون بە عاملی کۆماری ئیسلامی، مەسەلەن لایەنگرانی حیزبی توودە و دواتریش لەژێر کاریگەری حیزبی توودەدا هێندێک لە ئەحزابی چەپ بوونە عاملی کۆماری ئیسلامی. بۆیە ئەودەمی تەوافۆقێک یان هاوپەیمانییەک لەنێوان هێزێکی نەتەوەخواز کە حیزبی دێموکرات بوو و باوەڕی بە هێزی نەتەوەیی و ڕزگاری کورد لە دەستی زوڵم و زۆرداری هەبوو، پێکهێنانی ئەو یەکگرتنە ئیمکانی نەبوو. دیارە ئێستا زۆربەی زۆری ئەوانە لە سەر ئەو فیکرە نەماون، دەنا حیزبی دێموکرات زۆری هەوڵ دا کە بتوانێ لانیکەم لە هێندێک شوێندا بتوانێ هەماهەنگی پێک بێنێ لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڵام لە عەمەلدا چونکە باوەڕ و ئێعتقادەکە بەوە نەبوو سەری نەگرت.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: یەکێک لە بڕگەکانی خەباتی حیزب، شەڕی نێوان حیزب و کۆمەڵە بوو! کە بەداخەوە بەهۆیەوە خەساری بەرچاو بە بزووتنەوەی کورد کەوت! چی وای کرد کە ئەم شەڕە ساز بێت؟ و دەبێ چی بکرێت کە لە داهاتوودا حاڵەتی لەو چەشنە ڕوو نەداتەوە؟

**مستەفا هیجری**: دیارە ڕەنگە لەو بوارەوە وەک حیزبی دێموکرات فیکری جیاواز هەبێ بەڵام ئەو تەجروبە تاڵە نیشانی دا کە تەفرەقە، جیاوازی و دووبەرەکی و چەندبەرەکی لەنێو هێزی کورددا دەتوانێ هۆکارێکی زۆر گەورە بێت بۆ شکستی کورد لە بەرانبەر دوژمنەکانیدا، و بەسووکنیشاندانی خەباتی کورد لەباری فیکرییەوە، لەباری کۆمەڵایەتییەوە کورد نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە بتوانێ یەکدەست بۆ مافەکانی خوێ خەبات بکات، ئەوە تەنیا دوژمنی کوردە کە کەڵکی لێوەردەگرێت. ئێمە ئەو تەجرووبە تاڵە نەک هەر لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەشدا تەجروبەمان کردووە. هەرکات کورد یەکگرتوو بێت لە هەر بەشێکدا سەرنجی دنیای بۆلای خوێ ڕاکێشاوە، حکوومەتەکان حیسابیان بۆ کردووە، بەڵام هەر کاتێک دژی یەک بوونە هەم لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بە جۆرێکی دیکە فیکریان لێ کردەوە، هەم ڕێژیمە داگیرکەرەکانیش لە واقێعدا کێشەی نێوخۆییان گەورە کردووەتەوە، دەستیان تێکێشاوە، گەورە بووەتەوە. ئەوە یەکێک لە تەجرووبە گەورەکانە بۆیە من پێم وابێ حیزبی دێموکرات لە سەر بنەمای ئەو تەجرووبەیە هەوڵی داوە کە لەگەڵ هەموو ئەو حیزبانەی کە لە مەیدانی خەباتدا بۆ ئازادی کوردستان خەبات دەکەن لە هەر ڕێگایەک یان هەر وەسیلەیەک کە بۆیان مووەکینە بتوانێ نزیک ببێتەوە، ئاکامی ئەوە دەبینین کە ئێستا ئێمە لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵە کە سەردەمێک وەکوو ئێوە ئیشارەتان پێکرد سەردەمێکی زۆر تاڵ وناخۆشمان هەبوو ئێستا پێکەوە هاوپەیمانین. ئەوە تەجروبەیەکە کە دەبێ حیسابی بۆ بکەین کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات حیسابمان بۆ کردووە؛ کە لەڕاستیدا لە ڕۆژهەڵات یان لە



سەرچاوە
Serchawe

بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتدا سەردەمی تاکحیزبی بەسەر چووە و دەبێ ئێمە بە هەموو بۆچوونە جیاوازەکان کە کەمیش نین لە نێوانماندا،بەڵام لەسەر خاڵە هاوبەشەکانمان بتوانین یەک بگرین لە دژی دوژمنی هاوبەش. ئەوە تەنیا ڕێگای چارەسەرە و ئێستا ئێمە لە هێزەکانی ڕۆژهەڵات بەو شێوەیە عەمەل دەکەین.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: با بێینە سەر باسی تێرۆر و شەهیدکرانی د.قاسملوو. ئێوە لە کتێبی نسکۆودابڕاندا باسێکی تێروتەسەلتان لە پێوەندی لەگەڵ کەیسی تێرۆری د.قاسملوو هێناوەتە گۆڕێ. لە شوێنێکیشدا وەک ڕەخنە باسی بەشداری کاک دوکتور لەو دانیشتنە دەکەن و دەڵێن د.قاسملوو دوای ئەو هەموو ئەزموونە مێژووییە چاوەڕوانی هەڵەیەکی لەو چەشنەی لێ نەدەکرا!

**مستەفا هیجری**: ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا هەر لە سەرەتاوە حیزبێک بووین ئاشتیخواز. لە زۆر بڕگەشدا کە هاتووەتە پێشێ هەوڵی ئەوەمان داوە کە لە ڕێگای وتووێژەوە کێشەی خۆمان لەگەڵ ڕێژیمی تاران چارەسەر بکەین، وەکوو ئیشارەشم پێکرد هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد یەکێک لەو خاڵانە بوو کە کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێشنیاری وتووێژی کرد لەگەڵ ئەوەی ئۆمێد زۆر کەم بوو کە مافەکانی کورد بە ڕەسمی بناسێ بەڵام حیزبی دێموکرات لەگەڵ باقی حیزبەکانی دیکە کە لەو دەمەیدا لە ڕۆژهەڵات لە خەباتدا بوون ئەو پێشنیارەیان قەبووڵ کرد کە چوونە نێو وتووێژەوە نەتیجەیەکی نەبوو؛ بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نەبوو کە چوونکە ئەو وتووێژە ئاکامی نەبوو ئیتر حیزبی دێموکرات پشت لە وتووێژ دەکات و وتووێژ بەجێ دێڵێ. بەڵکوو جارێکی دیکە کە پێشنیار دەکرێ بە دوکتور قاسملوو بۆ وتووێژ لە لایەنی جۆراوجۆرەوە. بەپێی ئەو سیاسەتە گەشتییە کە حیزبی دێموکرات هەیەتی دەچێتە نێو وتووێژەوە، بۆیە من پێم خۆشە لێرەدا ئەوە بڵێم ئەسڵی وتووێژ،قەبووڵکردنی وتووێژ،چ ئەو دەمی بۆ شەهید دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات،چ ئێستا چ لە داهاتوودا ئەسڵێکی پێشکەتووخوازانەیە و دەبێ پێشوازی لێ بکا. چونکە وتووێژ بۆ خۆی جۆرێک خەباتە،بەڵام ئەوەیکە جێگای داخە ئەوە بوو کە شەهید قاسملوو کە وتووێژەکە دەست پێدەکات حیزبی دێموکرات لێی ئاگادار نەبووە،دوایی کە دێتەوە گوزارش دەدا بە کۆمیتەی ناوەندی،لەوێدا کۆمیتەی ناوەندی درێژەدانی وتووێژەکە تەئید دەکات، بەڵام لەوێدا ڕادەگیەنێ کە دوکتور قاسملوو بۆ خۆی بەشدار نەبێ بەڵکوو هەیئەتێک بنێرن بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت بەڵام دواتر شەهید قاسملوو کە دێتەوە دەرێ جارێکی دیکە دووبارە ئامادە دەبێ لەگەڵ ڕێژیم وتووێژ بکاتەوە، کێشەکە لێرەدایە. بەداخەوە ئێستە شەهید دوکتور قاسملوو لێرەدا نەماوە کە لێی بپرسین بۆ ئەو کارەی کرد بەڵام لە هەر حاڵدا هەڵەیەک بوو کە خەسارێکی یەکجار زۆری بە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات گەیاند.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: دوای شەهیدبوونی د.قاسملوو جۆریک لە نائۆمێدی باڵی بەسەر هەموو حیزب و خەڵکی کوردستاندا کێشا؛ بەڵام خەبات ڕانەوەستا و ئیدامەی بە کاری خۆی دا. حیزبی دێموکرات چۆن توانی بەسەر ئەم کۆستەدا سەرکەوێ؟ یا ئەساسەن حیزب توانی دوای نەمانی د.قاسملوو ئەو نەخش و دەورە مێژووییەی خۆی بگێڕێتەوە؟

**مستەفا هیجری**: ئەگەر بە گشتی مێژووی کورد لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا مۆتالا بکەین لە واقێعدا ئەوەمان دێتە بەرچاو کە هەر کات لە هەر بەشێکی کوردستاندا خەبات بە هەر هۆکارێک کز بووبێ ،تووشی نسکۆ بووبێ بۆ ماوەیێک خەڵک شۆکەن،خەڵک نیگەرانن،



سەرچاوە
Serchawe

ڕێژیم یان دەسەڵاتەکان فەزای ترس پێکدێنن بەڵام وردە وردە ئەوە دووبارە گڕ دەگرێتەوە. مەسەلەن ئێمە لەو سەردەمەدا کە کۆمار دەڕووخێ لەو کاتەدا کە سمکۆ شەهید دەکرێ و لە هەموو بەشەکانی دیکەدا ئەو نارەحەتییە بەسەر خەڵکدا زاڵ دەبێ، بەڵام چونکە بیروباوەڕەکە و هەستی نەتەوەیی، هەوڵدان بۆ ڕزگاری،لە دەروونی تاک تاکی ئەو خەڵکەدا هەیە دووبارە ئەوە سەر هەڵدەداتەوە .بەتایبەتی پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە خاڵێکی گرینگ ئەوە بوو کە لەو سەردەمەدا حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەی هێندێک ئیشکالاتی لە نێو خۆیدا هەبوو دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو یەکگرتوویەکی کەموێنەی بەخۆوە گرت. دیارە دوکتور سەعیدیش کەسایەتییەکی بەرچاو بوو جێگای حۆرمەتی هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بوو کەسایەتییەکی زانا بوو. و ئەو ئینسیجامە و ئەو پشتی یەکگرتن وکاری پێکەوەکردنە توانی جارێکی دیکە هیوا و ئۆمێد بداتەوە بە کادر وپێشمەرگە بە ئەندامانی حیزبی لە نێوخۆی وڵات و دووبارە خەباتەکە بگەڕێنێتەوە سەر ڕاستەڕێی تێکۆشان و هەوڵدان بۆ ئەو خەتە ڕاستەقینەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: هێشتا کۆستی د.قاسملوو سارێژ نەببوو کە تێرۆری میکۆنۆس ڕووی دا. جیا لەوەیکە کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەم تێرۆرەوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕیسوا کرا، ئێوە وەک حیزب چۆن توانیتان بەسەر ئەم کارەساتەدا زاڵ بن؟

**مستەفا هیجری**: شەهیدبوونی دوکتور سادق کۆسپێکی گەورەتر بوو لە هی دوکتور قاسملوو لەو بارەوە کە ئێمە وەکوو ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر پرسیاری کادر و پێشمەرگە وکۆمەڵانی خەڵک قەرارمان گرتبوو کە چۆن دوکتور قاسملوو شەهید بووە دوای سێ ساڵ جارێکی دیکە ڕێبەری حیزب دەکەوێتە نێو داوی کۆماری ئیسلامی و شەهید دەبی. کۆستەکە زۆر گەورە بوو، بەڵام دیسان وەکوو ئەوەی عەزم کردن هاوکاری خەڵک،کادر و پێشمەرگە و ئینسجامی حیزب توانی خەباتەکە درێژە بدات و دووبارە کارێکی وابکات کە لەگەڵ هەموو قوورسایی ئەو کۆستەی کە لە حیزبی دێموکرات و خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات کەوت دووبارە خەباتەکە زیندوو ببێتەوە، دووبارە یەکگرتوویی،کاری بەکۆمەڵ،هاوفکری لەگەڵ یەکتر توانی ئەو بۆشاییە کەم بکاتەوە و کارەکان درێژە بدات؛ لە داهاتووشدا هەروا دەبێ چونکە بەداخەوە داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی،ئەوان تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات یا حیزبەکانی دیکەی خەباتکار تێرۆر بکەن، بیانکوژن و بە کوشتنی ئەوان ئیتر خەبات کۆتایی پێدێت،بەڵام ئەوە تەجروبەیەکە کە زۆر زووبەزوو تکرار دەبێتەوە. ڕاستەڕێی خەبات بۆ ڕزگاری هەر بەردەوامە تا ئەو کاتەی بە ئاواتەکانی خۆی دەگات.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: دوای شەهیدبوونی د.شەرەفکەندی حیزبی دێموکرات بڕیاری دا کە شاخەکانی قەندیل بەجێ بهێڵێت و عەمەلەن کەوتە نێو دۆخێکی سەختی دیکە و لە قووڵایی خاکی کوردستانی باشووردا نیشتەجێ بوو کە خۆیشتان لە وتارەکەتاندا ئیشارەتان بە زەرەرەکانی کردووە. بۆچی حیزبی دێموکرات لە قەندیل دابەزی و نسکۆی بە خەباتی ڕۆژهەڵات هێنا؟ نەدەکرا بنەماڵەکانتان دابەزێنن بەڵام سەنگەری پێشمەرگە هەر لە شاخ بێ؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا هیجری**: شێوەخەباتێک کە حیزبی دێموکرات لانیکەم لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکردووەتەوە پێشمەرگە لەگەڵ بنەماڵەکانیان بوونە؛ کاتێک شۆڕش لە شار بوو لە لای بنەماڵەیان بووە کە دێنە شاخیش هەر بەو شکڵەیە.

ئێستا بریا وانەبووایە ئەوە بەجۆرێکی دیکە بووبایە و پێشمەرگە توانیبای لە شاخ بمێنێتەوە، بەڵام بوونی ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵ لەگەڵ پێشمەرگە ئەو کۆسپەی درووست کرد کە حیزب نەتوانێ لە شاخ بمێنێتەوە. ئەوە لایەنێکی مەسەلەکەیە بەڵام لایەنی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە کە لە بنکەکانمان لە مەنتەقەیەکی قەندیل بووین،ئەوانە مۆڵک وماڵی خەڵکی کوردی باشوور بوون کە کۆچیان پێ کرابوو؛ بەڵام لەو ماوەیەدا ئەوانە وردە وردە دەیانویست بگەڕێنەوە سەر زەوییەکانی خۆیان. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێندێک لایەنی دیکە توانییان ئەو خەڵکە هان بدەن کە بێنە سەر حیزبی دێموکرات و حیزبی دێموکرات بە زۆر دەر بکەن .لێرە حیزبی دێموکرات لە دووڕییانێکدا قەراری گرت کە ئایا دەبێ لە بەرامبەر ئەو خەڵکە ڕابوەستێ؟ ئەگەر ڕابوەستێ تۆ لەگەڵ خەڵکی خۆت تووشی شەڕ دەبووی و بەتایبەتی لە وڵاتەکەی خۆیشتدا نیت. ئەوە ڕەنگە شوێنەوارێکی یەکجار زۆری بێت،ڕێگاکەی دیکە هاتنەوە بۆ قووڵایی خاکی باشوورە بەڵام بە تەحەمولی ئەو زەرەرانەی کە ئێوە ئیشارەتان پێکرد. یانی لەواقێعدا وایە تۆ زۆر جارێ لە بەرانبەر دوو ئاڵتێرناتیڤی سیاسی خۆت دەبینییەوە کە هیچیان بە دڵی تۆنییە بەڵام دەبێ بیر بکەیەوە کە کامەیان زەرەرەکەی کەمترە ئەوەی هەڵبژێری و حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا ئەوەی کرد.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: ئایا حیزبی دێموکرات ئێرانچییەتی دەکا؟ ئەگەر نایکا بۆچی لای هەندێ کەس و لایەن ئەو فیکرە دروست بووە؟

**مستەفا هیجری**: من پێم خۆشە لە سەر ئەو وشەیە ڕوونکردنەوەیەک بدەم؛ ئێمە ناومان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە! ڕەنگە حیزبێکی دیکە بێت ئەسڵەن ئێرانیان پێوە نەبێت. ئەو ناوە دیاری کراوە، لە ڕووی موتالاوە دیاری کراوە وەکوو ئەوە کە ئێمە ڕاستە کوردین بەڵام لەباری نێونەتەوەییەوە، بەشێکین لە خاکی ئێران. ئەوە بە خواستی خۆمان هەڵمانەبژاردووە بەڵام ئەوە هەیە بۆیە لەگەڵ ئەوەیکە خاکی ئێمە بەشێکە لە خاکی ئێران و بە ڕەسمی ناسراوە بەڵام ئێمە کوردین خەبات دەکەین بۆ مافی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا. کاتێک باسی فیدراڵیزم دەکەین و لە سەردەمێکدا باسی خودموختاریمان دەکرد خودی ناوەرۆکی ئەو وشانە بەمانای مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندایە و ئەوە بۆخۆی شکڵێکە لە شکڵەکانی دیاریکردنی چارەنووس. ڕەنگە یەکێک داوای سەربەخۆیی بکا کە ئێمە ڕێزی بۆ دادەنێین. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاکوو ئێستاش پێمان وایە شکڵی موومکین بۆخەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا ئەو فیدراڵیزمەیە کە داوای دەکەین کە کورد بتوانێ چارەنووسی خۆی لە مەنتەقەی خۆیدا بەدەس بێنێ، ئەوە بەو مانایە نییە کە کورد هەمیشە لە سەر ئەو باوەڕە دەمێنێتەوە بەڵام ئێستا لەباری نێونەتەوەییەوە،لەباری مەنتەقەییەوە، و لەباری ئێرانەوە ئێمە ئەوە بە موومکینتر دەزانین بۆیە ئەگەر پێمان بڵێن ئێرانچییەتی یان ئەوەی کە خۆمان بە بەشێک لە ئێران دەزانین من ئەوە نە بۆ ئەوان بە تاوان دەزانم نە بۆ حیزبی دێموکرات بە گووناحی دەبینم. ئەوە واقەعیەتێکە بەڵام لە مووقابلیدا ئێمە پێمانوایە ئەو کەسەی داوای سەربەخۆیی دەکات حەقی خۆیەتی بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە لە مەیدانی واقێعدا تۆ چیت پێئەکرێت؟ هاوکێشەکان چۆنن؟ دەنا ئەگەر وەکوو ئارەزوو بێت، پێموابێت تاک تاکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات باوەڕیان بە

سەربەخۆیی هەیە بەڵام ئێستا ئێمە ئەوە بە عەمەلی نازانین.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: لە حیزبی دێوکراتدا کێشەی بنەڕەتی چییە وا چەندین جار ئینشعابی تێدا ڕووی داوە؟ئایا کێشەی فکرە یان دەسەڵات؟

**مستەفا هیجری**: کێشەی فیکری یا کێشەی سیاسی تەنیا من یەک حاڵەت دەبینیم لەو ئینشعابانە ئەویش دوای کۆنگرەی چوار بوو کە ئەویش لەژێر نفووزی فیکری حیزبی توودەدا ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب کە لایەنگری ئەو فیکرەی حیزبی توودە بوون جودا بوونەوە. من پێم وابێ لەو سەردەمەدا ئەو جودابوونەوە حەتمی بوو وەک دەڵێن ئیجتناب ناپەزیر بوو. دووفیکری تەواو دژ لەگەڵ یەکتر؛ بەڵام باقییەکەی هەموو کێشەی دەسەڵاتە،دەسەڵات وای کردووە کە گرووپێک،دەستەیەک زۆر بێت یان کەم بێت بۆ ئەوەی لە بەشی خۆی ناڕازییە شتێک سازدەکات بۆ ئەوەی بتوانێ جودا ببێتەوە. بۆخۆی ببێتە گرووپێکی سەربەخۆ. ئەوە بە بۆچوونی من خراپ کەڵکوەرگرتن لە دێموکراسییە، دێموکراسی بەمانای دەنگی گشتی، کاتێک گرووپێک دەنگی گشتی بە زەرەری خۆی دەزانێت لەباتی ئەوەکە وەکوو دێموکراتێک پەیڕەوی لێ بکات و بە شێوەی دێموکراتیک لەنێو حیزبی دێموکراتدا خەباتی نێوخۆیی بکات ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرێت. کاتێک ئەوە وەکوو کەلێنێک دێتە گۆڕێ زۆر سرووشتییە کە دوژمنی وەک کۆماری ئیسلامی بتوانێ کەڵکی لێوەربگرێت بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە گەورە کاتەوە، یەک نەگرێتەوە. ئەوە بۆچوونی منە ئەگەر مێژووی ئەو ئینشعابانە چاو لێ بکەین بێجگە لەوەی عەرزم کردی دوای کۆنگرەی چوار باقییەکەی لەسەر ئەو مەسەلەیەیە.

دیارە ئەوە دەتوانم وەکوو ڕەخنەیەک لە حیزبی دێموکرات باسی بکەم کە پێم وابێ بەشێکی ئەساسی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات نەیتوانیوە پەروەردەیەکی وەها لە نێو ئەندامان و لایەنگران و کادروپێشمەرگەی خۆی پێک بێنێ کە لە دێموکراسی بەشێوەیەکی درووست کەڵک وەربگرن کە بە قازانجی گەل، بەقازانجی کۆمەڵ کەڵکی لێوەربگرن. لە نێو حیزبی خۆیاندا بمێننەوە، لەگەڵ ئەوەیکە لەو ئازادییانەی حیزبی دێموکرات وەکوو یاسا بۆی داناون بتوانن کەڵک وەربگرن و بەرنامەی خۆیان بەرنە پێشێ.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: ئێران و بەتایبەتی کوردستانی ئێران لە ئێستەدا بەرەورووی قۆناغێکی هەستیار بووەتەوە؛ بەچەشنیک کە ئیشارەکان باس لە ئەگەری ڕوخانی ڕێژیمی تاران دەکەن. وەک ناوەندی هاوکاری ئایا هیچ پلاتفۆرم یان پلانێکتان هەیە کە لەو چوارچێوەیەدا بتوانن ئیدارەی وەزعی کوردستان بکەن؟ و دوور بکەونەوە لە چەند سیاسەتی و چەند گوتاری؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لە ناوەندی هاوکاری باسی ئەوەمان کردووە بەڵام هێشتا بە بڕیاری نەهایی نەگەیشتووین. باسەکە ئەوەیە کە چی بکەین لە نەمانی هێزەکانی ڕێژیم و دەسەڵاتی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتدا هەتا ئەو مەرحەلەیە دەگاتە پێکهێنانی پارلمان و نوێنەرانی خەڵک بۆ دانانی یاسا و ئیدارەکردنی وڵات چ شتێک دەبێ بکەین؟ چ بەرنامەیەک بگرینە پێش بۆ ئەوەیکە کێشەی نێوخۆیی،نائەمنی، نەبوونی ئاسایش بۆخەڵکی کوردستان پێک نەیەت، بتوانین کوردستان ئارام ڕابگرین تاکوو دەیگەیەنین بە مەرحەلەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک کە خەڵک لەوێدا بەدەنگی خۆیان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و دەسەڵاتی ئیدارەکردنی

وڵات بدەنە دەستییەوە. لە سەر ئەوە بە شێوەی گشتی قسە کراوە بەڵام لە وردەکارییەکە تا ئێستا بە نەتیجە نەگیشتووین. هیوادارم بتوانین لەوەشدا بە ئاکام بگەین.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: حیزبی دێموکرات هەروەک پێشتریش ئیشارەی پێکرا ماوەی چەند ساڵە خەباتێکی نوێی بەناوی ڕاسان دەست پێکردووە کە بەشێک یان بەشێکی سەرەکی لەم فازە نوێیەی خەبات بریتییە لە خەباتی چەکدارانە؛ بەڵام لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ئێمە نەماندیت کە لەلایەن ئێوەوە هێرش بکرێتە سەر بنکە و بارەگاکانی ڕێژیم بەڵکوو زیاتر هەوڵی بەرگریکارانە دراوە و کاتێک کە دوژمن هێرشی کردبێتە سەر پێشمەرگەکان دەستتان کردۆتەوە! بۆچی؟ ئایا ڕاسان تەنیا هەوڵێکی بەرگریکارانەیە؟

**مستەفا هیجری**: ئەزانی ئێمە وەک زۆرجار باسمان کردووە ڕاسان خەباتێکی فرەڕەهەندە، لەباری کۆمەڵایەتییەوە کاری کردووە،لەباری جەزبی ڕۆشنبیران وخەڵکی ئێلیت لە ڕۆژهەڵات؛ جا چ ئەوانەی لە دەرەوەن یا لە نێوخۆی وڵاتدان، کاری کردووە؛ لەباری یارمەتیدان بۆ بووژانەوەی ژینگەپارێزی، لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ژنان کارێکی زۆری کردووە بەڵام لەپێوەندی لەگەڵ تێکۆشانی چەکداریدا پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بکەم کە لەوێدا شتێکی زۆر سرووشتییە کە بەگوێرەی مەوقعیەتی حیزب لەگەڵ ڕێژیم بەو شێوە دەچێتە پێش هەر جۆرە دەرفەتێک بێتە پێش حیزبی دێموکرات کەڵکی لێوەردەگرێت. لە مەوقعییەتی ئێستادا حیزبی دێموکرات پێشمەرگەی لە نێوخۆی وڵاتدا ئەگەر بێت خوازیاری ئەوە نین تووشی دەرگیری و شەڕ بن بەڵکوو ئەوەی زۆر موهیمە حزووری پێشمەرگەیە لە نێو خەڵکدا، خەڵک پێشمەرگە لە تەنیشتی خۆی ببینێت،ئێستا ئەو پێشمەرگەیە پێشمەرگەی شاخ بێت یان نەخێر پێشمەرگەی شار بێت. خەڵک ئەوە وەکوو پشتیوانێک ببینێ بە بۆچونی من حیزبی دێموکرات لەو بارەوە درووست عەمەلی کردووە،و دەبێ حیسابەکانی لەپێوەندی لەگەڵ خەباتی چەکداری زۆر دەقیق و وریایانە بێت کە دوچاری هەڵە نەبێت کە لێرە هەر هەڵەیەک بە گیانی خەڵکێکی زۆر تەواو دەبێ. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕوو لە لاوازییە بۆ ئێمە موهیم ئەوەیە کە لە نێو خەڵکدا حزوورمان هەبێت. ئەو حزووری فیزیکییە لە نێو خەڵکدا بۆخوێ هێز دەداتە خەڵکەکە بەو حیسابەی هەمووومان لەبەر چاومانە و زۆر چاوەدێری سیاسیش باوریان هەیە کە کۆماری ئیسلامی تازە ئەو ڕێژیمە نییە بتوانێ خۆی بگرێتەوە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازی زیاتر دەچێ و لێرەدا خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات دەرفەتی زۆر زیاتری بۆ دێتە پێش کە نابێ پەلە بکات.

**تەلەفزیۆنی تیشک**: دواوتەتان:

**مستەفا هیجری**: دواوتەم بۆ هاونیشتمانیانی خۆشەویستم، کادر و پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و هەموو تێکۆشەرانی خاک بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە وەکوو باسمان کرد ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕوو لە ڕووخانە. من ناڵێم ساڵێکی دیکە یا دووساڵی دیکە دەبێ؛ بەڵام ئەگەر سەردەمێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەڵکشاندا بوو ئێستا لە داکشاندایە. ئەو داکشانە نەک هەر لە نێوخۆی ئێران و لە ڕۆژهەڵات بەڵکوو لە مەنتەقەدا و لە دنیاشدا دەیبینین کە چۆن لە دنیادا کەوتووەتە پەراوێزەوە. لەژێر زەختی یەکجار زۆری دنیادایە و لە مەنتەقەشدا سەرمایەگوزاری زۆری کردبوو بۆ پێکهێنانی

مێلیشیا و نفووز لە ناو حکوومەتەکانی دیکەدا. ئێستا ئێمە دەیبینین ئەو تەزاهۆراتەی لە لووبنان هەیە درووشمەکانیان،ئەوانەی کە لە عێراق دیتمان لە باقی وڵاتەکانی دیکەی دراوسێ دەبینین کە کۆماری ئیسلامی بەرەو داکشان دەچێ و بە پێچەوانەوە خەباتی کورد لەگەڵ هەموو زەبروزەنگ و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە هەڵکشاندایە. ئەوانە هەموو ئۆمێد دەداتە ئێمە،ئێمە ئۆمێدمان بە ڕزگاری زۆر زیاترە لە ڕابردوو. هیوادارم خەڵکەکەمان لە یەکگرتوویی،لە پێناوی وەدەستهێنانی مافەکەی خۆیاندا خەبات بەدەستەوە بگرن هەر وەک لە ڕاساندا باسمان کردووە خەباتی خەڵک بە وەسیلەی خەڵکە ئێمەش لە خەڵک ئەو هێزە وەردەگرین پێموابێ دەتوانین زۆر نەکێشێ کە ئاوات و ئارەزووی هەموو خەڵک و شەهیدەکان و بنەماڵەکانیان بێتە دی و خەڵک لە دەست زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی بێتە دەرێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٨١ - ڕێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

----------------------------------------



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٠ی کوردی - ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## کورتەیەک لە ژیاننامە کاک مستەفا هیجری



**مستەفا هیجری**: ساڵی ١٩٤٥ی زایینی لە شاری نەغەدە لەدایکبووم، نەغەدە شارێکە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ناوچەیەکە لەوێدا کوردو تورک پێکەوە دەژین، هەر لەوێش خوێندنی سەرەتاییم تەواو کردووە، دواتر چوومەتە ورمێ بۆ درێژەدان بە خوێندن، ئەو دەمە ناوەندێک هەبوو پێمان دەگوت دانیشسەرای کەشاوەرزی، ئەوێم تەواو کرد. دوای ئەوە بووم بە مامۆستا ناردیانم بۆ سەقز، لە گوندێکی سەقز بۆ ماوەی سێ ساڵ مامۆستا بووم، پاشتر گەڕامەوە شارەکەی خۆم، لەوێ درێژەم بە کاری مامۆستایەتیەکەمدا، هەر لەوێش لە تاقیکردنەوەکانی دانیشگای تەورێز و تاران بەشداریم کرد، لە هەردووکیشیان وەرگیرام، بەڵام چووم لە تاران خوێندنەکەی خۆم درێژە پێدا، لە بواری ئەدەبیاتو زمانی فارسی بەکالۆریۆسم وەرگرت. پاشتر گەڕامەوە بۆ نەغەدە شاری خۆم، لەوێ لە قوتابخانەکانی ناوەندیو دواناوەندی وەک مامۆستا وانەم دەگوتەوە، کە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکردو منیش یەکێک لە چالاکەکانی خۆپیشاندانەکانی دژی شا بووم، هەم کاتێک کە مامۆستا بووم، هەم لەو کاتەی خۆپیشاندانو ناڕەزایی خەڵکەکە دەستی پێکرد، دواتر لە نەغەدە نەمتوانی بمێنمەوەو هاتمە مەهاباد، ساڵێکیش لە مەهاباد مامۆستا بووم، دوای ئەوەی کە حیزبی دیموکرات ئاشکرا بوو، لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا کە لە مەهاباد گیرا، واتە یەکەمین کۆنگرەی کە بە ئاشکرا گیرا، لەو کۆنگرەیەدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات هەڵبژێرام، ئیدی خەباتەکەمان بە دژی ڕێژیمی خومەینی دەستی پێکرد، ناچار بووم دەست لەکاری مامۆستایەتی هەڵگرم، وەک پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات ئیش و کارم دەکرد، دوای ساڵێک کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران مەهابادی گرتەوە، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی تردا کە بووبووینە حیزبی، شارمان بەجێ هێشت، لەو دەمەوە تا ئێستا لەگەڵ حیزبی دیموکرات کارو تێکۆشانمان هەبووە.

هەر لە کاتی بوونم بە حیزبی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرام، لەو کاتەوە تا ئێستا هەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووم، زۆربەی کاتەکان هەر ئەندامی دەفتەری سیاسیی بووم، ماوەیەک دوای شەهیدبوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی بووم بە سکرتێری حیزب بۆ ماوەی دوو ساڵ، لە کاتێکدا کە دوکتور شەرەفکەندی سکرتێری حیزب بوو، جێگری بووم، لەو کاتەوە کە نزیکەی ١٢ ساڵە سکرتێری حیزبم، بەڵام لە کۆنگرەی دواهەمیندا(کۆنگرەی ١٦دا فووریییەی ٢٠١٨دا) وشەی سکرتێر گۆڕدرا بۆ لێپرسراوی گشتی حیزب، تا ئێستاش بەو ناوە لە خزمەتی حیزبدام.

لە زمان خۆییەوە: گۆڤاری دیپلۆماتیک - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨